**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# ٧

١٩٩٣ ـ بەرگی حەوتەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٧

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکانی
١٩٩٣- بەرگی حەوتەم


چاپی یەکەم: ١٩٩٧

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێرست:

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٢ ــــــــ ل٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٣ ــــــــ ل٤٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٤ ــــــــ ل٩٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٦ ــــــــ ل١١٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٧ ــــــــ ل١٥١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) پێنج شەممە ڕێکەوتی ٩٩٣/٣/١٨ ــــــــ ل٢٠١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١١ ــــــــ ل٢٢١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١٢ ــــــــ ل٢٢٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١٤ ــــــــ ل٢٥٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١٨ ــــــــ ل٢٧٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/٢٠ ــــــــ ل٣٠٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/٢٥ ــــــــ ل٣٣٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٢) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٤ ــــــــ ل٣٤٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٥ ــــــــ ل٣٧١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٦ ــــــــ ل٣٩١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٩ ــــــــ ل٤١١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١١ ــــــــ ل٤٤١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٢ ــــــــ ل٥١٥



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠)

سێ شەممە رێکەوتی ٢/٣/١٩٩٣

١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٢

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣) خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی کوردستانی عێراق.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گفتوگۆی یاسای شارەوانییەکانمان دواخست،هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە لەلایەن وەزیری شارەوانییەکانەوە کەس ئامادەنەبوو، وابزانم هەڵەیەکی تەکنیکی بوو، دەبوایە برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران زووتر ئاگاداریان بکەنەوە!.

بەرنامەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی کوردستانی عێراق. خاڵی دووەمیش تازەبابەتە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادده سێ (٣) ئەڵێ: للبلدية بأعتبارها شخصية معنوية أن.

١- تتمتع بحقوقها، بموجب احكام القوانين النافذة.

٢- تستوفي الضرائب والرسوم والاجور وفقاً لاحكام القوانين النافذة.

٣- تمارس الصلاحيات التي تمكنها من القيام بالخدمات والوظائف، حسب احكام هذا القانون والقوانين الاخرى النافذة.

٤- تبرم العقود على اختلاف انواعها بمقتضى احكام هذا القانون.

٥- لها حق الخصومة في جميع الدعاوي التي تقيمها او التي تقام عليها

٦- تنفيذ كافة الانظمة والقرارات و التعليمات الصادرة عن مجلس وزراء الاقليم..
٧- تتمتع بذمة مالية مستقلة.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من بڕگە-٦- زیادە لەو ماددەیەدا، چونکە هەر فەرمانگەیەک پێویستە ئەو شتانە جێبەجێ بکات و پێویست ناکات ئەو ئاماژەی بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە(٦) ( تحصيل حاصله )، بەڵام زیانیشی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕیارەیە کە بڕگە (٦) نەمێنێت؟ کێ لەگەڵ مانەوەیەتی؟ کەواتە بەرەزامەندی زۆربەی ئەندامان بڕگە (٦) نامێنێت.

ئەدی کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٣) وەک خۆی بمێنێتەوە جگە لە بڕگە (٦)؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددەی چوارەم: تكون للبلدية:

١- مجلس لا يقل عدد اعضائه عن خمسة ولا يزيد على واحد وعشرين عضواً، من ضمنهم رئيس البلدية.
٢- خارطة و وصفة مصدقتان من قبل الوزير، تتضمنان اسم البلدية و حدودها بصورة مفصلة.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بلدیە دەزگایێکی خۆجێییە و خزمەتی ئەو شارە دەکات، لەوێدا ئەنجوومەنێک هەیە. ئەو ئەنجوومەنە بۆی نییە ئەندامانی لیژنەکان دەست نیشان بکات. ڕێگای ئەوان هەڵبژاردنە، من دەبینم ئەو قۆناغە زۆر دیموکراسییە کە لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوەیە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەبینم جاوازێکی زۆر لەنێوان رادەی بەرزو رادەی نزمی ئەندامانداا هەیە. لەوە باشترە کەوا نزیکی یەک بن. پێشنیارم ئەوەیە یان (٥) بمێنێ ،یان ببێتە (١١). یان (٥) کەسەکە ببێتە (١١) کەس، ئەوی تر (٢١) بێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک جەمیل دەڵێ ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی (مجلس بلدی) دیار نەکراوە، چۆن هەڵدەبژێردرێ، یان تعیین دەکرێ. ئەگەر سەبرێکمان لێ بگرن. لە ماددەکانی تردا هاتووە، بەڕێز کاک ئیبراهیم دەڵێ ژمارەی ئەندامانی نێوانیان زۆرە. لەڕاستیدا لە نێوان ناوچەیەک (ناحیە) و پایتەختی هەرێمدا دەبێت زۆر بێت. (ناحیە)ک ماقوول نییە لە (٥) کەس زیاتری بۆ دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە (٤) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ ماددە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الفصل الثاني- استحداث البلديات. المادة الخامسة. دەڵێ تستحدث البلدية في:

١- مركز المحافظة و القضاء والناحية مهما كان عدد نفوسها.

٢- القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثة الاف نسمة، بناءاً على اقتراح المدير العام للبلديات و موافقة الوزير.

٣- تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه. و للوزير الغائها بناءً على اقتراح المدير العام للبلديات.

٤- تقوم اقرب بلدية بتقديم الخدمات الى الاماكن التي لا تقتضى استحداث البلديات فيها.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددەی (٥)، خاڵی (٢) دەڵێ: القرى التى لا يقل عدد نفوسها عن (٣٠٠٠) نسمة بناء على...، لام وایە (٣٠٠٠) زۆرە کەم بکرێتەوە بۆ (٢٠٠٠) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت ئەو ژمارەیە،ساڵی ١٩٦٤ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان دانراوە (٣٠٠٠) کەس بووە. جا ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ئەوەی ئێستا کرد ژمارە دانیشتوان زیادی کردووە، کەچی کاتێک هاتینە سەر ئەوەی لە جیاتی (٣٠٠٠) بڵێین زیاد بکرێت بۆ (٥٠٠٠-٦٠٠٠)، هەر گەڕاینەوە سەر (٣٠٠٠)، چونکە ئێستا زۆربەی شوێنەکان چۆڵ کراون. دەنا بەلای وەزارەتەوە (٣٠٠) کەمە، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بێـجگە لەوەی بەڕێز وەزیری شـارەوانیـیـەكـان فـەرمـووی، تێـهـەڵچـوونەوەی (اسـتـئنافی) شارەوانییەكان تواناێكی ماددی زۆری دەوێت. لەڕووی فەرمانبەران و دەزگاكان و ئەوشتانە، ئێستاش ئێمە پێویستمانە تۆزێک كەمی بكەینەوە، وەک لای جەنابتان ئاشكرایە دەقێكیشمان داناوە بۆ چارەسەر كردنی ئەو دەقە، لە جێی ئەو بابەتەی ئەگەر بڕگە(٤)ی شارەوانی دەتوانێت خزمەتگوزاری بگەیەنێتە ئەو جێگایانەی كە دەست پێوەگرتنیان (تەقەشوفیان) تێدایە. زیاتر لەوەی بابەتی ژمارەو شتی وابكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیارێک هەیە كە خالی (٢) لە (٣٠٠٠)ەوە بكرێتە (٢٠٠٠)، كێ لەگەڵ ئەوەیە.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەكرا. واتە مادده (٥) وەک خۆی بێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادده (٥) وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز حـسـێـن عـەلی كـەمـال:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

مادده (٦) دەڵێ: لغرض استحداث بلدية، تقوم الوزارة بتهيئة خارطة و وصفة حدود للقصبة. ويعلن عن ذلك في الجريدة الرسمية ويعلق الاعلان لمدة (٣٠) يوماً في الاماكن العامة. يقبل خلالها الاعتراضات و الملاحظات من الدوائر والمواطنين وعلى ضوء الاعتراضات الواردة يقرر الوزير مايراه مناسباً، ويكون قراره خاضعاً للاعتراض لدى مجلس الوزراء خلال عشرة ايام من تاريخ صدوره ويكون قرار الوزير في حالة الاعتراض عليه خلال المدة المذكورة، و قرار مجلس الوزراء عند وقوع الاعتراض بهذا الشأن نهائياً.

**بەڕێز كـافـیـە سلێـمـان/ وەزیری شـارەوانی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە پێشنیار ئەكەین هەرچەندە خۆمان دامان ناوە، بەڵام بۆ پێداچوونەوە (لغرض استحداث البلدية)، (تقوم مديرية البلديات)، لە جیاتی (مديرية بلديات الوزارة)، بۆ ئەوەی دیار نەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە مادده(٦) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حـسـێـن عـەلی كـەمـال:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

مادده(٧) دەڵێ (تستحدث البلدية ببيان يصدره الوزير وينشر في الجريدة الرسمية)..

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٧) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەماڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

مادده (٨) دەڵێ (تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي، ومصادقة الوزير متضمناً الاسباب الموجبة للتعديل و موافقة الوزير).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئەگەر تۆزێک لەمە ورد ببینەوە. ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی ترەوە نییە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بابەتی بڕیاردانی تخووب بۆ مەسەلەی بەموڵک كردن وزەوی وزارو ئەو شتانە، پێم وایە بەشێكی وەزارەتی داد و تاپۆش دەگرێتەوە، هیچ شتێک نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تخووبی شارەوانییەكان هەموار (تعدیل)دەكرێت لەسەر بونیادی رەنگ ڕێژی بنەڕەتی (تصمیم اساسی) هەر لەماوەی (٢٥) ساڵ جارێک دووبارە رەنگڕێژی بنەڕەتی دەگۆڕێتەوە. كە رەنگ ڕێژی (تەصمیمی اساسی) ناوچەیەكی ناو سنووری شارەوانی لەسەر ئەو بنەمایە هەموار (تعدیل) دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وەكو فەرمووتان، هەندێ لایەنی تر هەنە پەیوەندیی یان بەوەوە هەیە، لەمەوبەر بڕیاری شارەوانی ئەدرا بە ئەنجوومەنی پارێزگا. لەبەر ئەوە ئەبێ پارێزگاش دەوری هەبێت لە گۆڕینی ئەو تخووبانەی كە دەگۆڕدرێن. بەرای من هەق وایە لایەنی تریشی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هێشتا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شارەوانی دیاری نەكراوە. دەسەڵاتی ئەو دیار نییە، بۆیە پێشنیار دەكەم لەلایەن وەزیرەوە بكرێت بە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

راستە هەر (٢٥) ساڵ جارێک سنووری شارەوانی دەگۆڕدرێت، ئەوەش پاشی لێكۆڵینەوە

لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی شارەوانی دەبێت، بەلام وابزانم پەیوەندی سنووری شارەوانی بەناو شارەکەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوللا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەنجوومەنی شارەوانی نوێنەری وەکو بەڕێوەبەری تۆمار کردنی خانووبەرە، نوێنەری وەزارەتەکانی پەیوەندی دار ئەگەر ڕەزامەندی نیشان بدرێت، هەموو وەزارەتەکانی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەنجـوومەنی شارەوانی وەک پەرلەمانێکی بچووکە، لەو میللەتە هەلدەبژێردرێت، نوێنەرایەتی ئەو شارە، ئەو ناوچەیە ئەو (ناحیە)یە دەکات. هەقی ئەوەی هەیە سنوورەکەی بگوازرێتەوە یان نەگوازرێتەوە ئەو سنوورەی دەشی گوازێتەوە مانای ئەوە نییە دەست بەسەر مولکی خەلکیدا دەگرێت، بە پێچەوانەوە قازانجی بە خەلک گەیاندووە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

بەلام یەک پرسیار هەیە، ئایا مەبەست لەئەنجوومەنی شارەوانی، ئەنجوومەنی شارەوانی پارێزگایە، یان قەزاو ناحیەش؟!

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەنجوومەنی شارەوانی بەنیسبەت ئەنجوومەنی ناحیەیە، بەنیسبەت قەزاش ئەنجوومەنی شارەوانی خۆیەتی. بەلام بابەتی فراوان کردنی شارەوانی کە بڕیار دەدرێت بۆ فراوان کردنی سنووری شارەوانی هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەنجوومەنی شارەوانی (ناحیە) کە بیەوێت سنووری شارەوانی خۆی بگۆڕێت، ئێمە لەگەل ئەوەین بە ڕەزامەندی وەزیر نەبێت، بەلکو لەسەر حسابی شارەوانییەکی جیرانی ئەوبێت، چونکە بڕیارەکە روونە. ئێمە لەکۆمەلگایەکی دیموکراتی دا دەژین، حیسابێکی تریش هەیە، جیا لەبەمولک کردن، واتا ئەو ئەنجوومەنی شارەوانییە، ناکرێ بیکەین بەئەنجوومەنی پارێزگا؟ سوپاس.

**بەڕێز فـرەنـسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

کاک شێروان هەندێ قسەی کرد وادەردەخا کە هەموو لایەک گەیشتوونەتە ئەو رایەی کە وازبێنن لە گفتوگۆکردن، بەلام کاک سیدحەسەن کە دەلێ هەلبژاردن دەکەن مەرج نییە، نوێنەری هەموو

وەزارەتێکی تێدا بێت، جا بۆمان روون بکەنەوە، ئایا بۆچوونەکەی کاک شێروان راستە؟ خۆ ئەگەر وابێت شتەکە کۆتایی پێ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموارکردنی (تعدیل)ی سنووری شارەوانی ئەوەیە: کەدێتیان لەشوێنێک ناوچەی نیشتەجێ کردن لەناو شار بەشی ناکات شوێنێکی تر دەست نیشان دەکەن ونەخشەی بۆ دادەنێن، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەنجومەنی شارەوانی دیارە بە هەڵبژاردنە، بەڵام لەبەشەکانی تردا هاتووە کە ئەنجومەنی شارەوانی بۆی هەیە راوێژ بکات و، سنووری شارەوانی کە ئەگۆردرێت ئیشێکی هونەرییە، کە ئەنجومەن لە خۆیەوە بریار بدات بڵێت لەوێ بێت و لێرە نەبێت، بۆ ئەوەی بچێتە بەردەمی ئەنجومەن لەوێ بریاری لەسەر بدرێت، دیارە پێویستی بە راوێژ (استشارە )هەیە، واتا پێویستی بە لێزان و شارەزا هەیە، هەتا لەلایەن هۆزەکانیشەوە بێت حسابی بۆ ئەکرێت، زەوی کێیە؟و دراوسێکەی کێیە؟ وسنووری شارەوانیش لەگەڵ سنووری رەنگ رێژی جیاوازە، سنووری شارەوانی لە خاڵێکدایە، بەڵام سنووری رەنگ رێژی (حدودی تەصمیم) لەوە بچووکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە (٩) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (١٠):

١- تصنف البلديات على اساس عدد النفوس وفق آخر احصاء رسمي عام وعلى الوجه الاتي:

أ- بلدية مركز عاصمة الاقليم من الصنف الخاص.

ب- بلديات مراكز المحافظات الاقليم من الصنف الممتاز.

ج- البلديات التي لا يقل عدد نفوسها عن خمسة وسبعين (٧٥) الفاً من الصنف الاول.

د- البلديات التي لا يقل عدد نفوسها عن خمسة عشر الفاً (١٥) من الصنف الثاني.

ه- البلديات التي لا يقل عدد نفوسها عن خمسة الأف (٥) من الصنف الثالث.

و- البلديات التي يقل عدد نفوسها عن خمسة الاف (٥) من الصنف الرابع.

٢- تعدل اصناف البلديات بعد صدور نتائج كل احصاء رسمي عام، ببيان يصدره الوزير وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو پێشنیارانە، (خاص و ممتاز)، (مجرد و تجریدین)، واتایان چییە؟.. سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەبارەی ئەوەی کەوا قەزایەکان پلە دووبن، دەمەوێ ئەوە بە برادەران بڵێین کەپلەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانە، خزمەتگوزاری بەگوێرەی دانیشتوانی دەبێت. بەگوێرەی ناوی شارێک نابێت، باوەڕیش ناکەم قەزا هەبێت لەو ژمارەیە کەمتر بێت. ئەگەر کەمتریش بێت ئەوا خزمەتگوزاریەکانیشی کەمتر پێویستە، بۆیە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان شارەوانی دیاری دەکرێت، لەپاشان ئەگەر هاتوو ژمارەی دانیشتوانی شارەوانییەک زیاد بوو یان کەم بوو هەتا خزمەتگوزاریەکەش بەو گوێرەیە پێشکەش بکرێت. لەبارەی پلەتایبەتیەکانیش هەمووی لەبارەی ئەو دەرمالانەیە کە بۆیان دیاری دەکرێت، سوپاس.
**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەربارەی پلەکان پشت بە سەرژمێری دەبەستێت. دیسان لە یاسایەکی تری شارەوانییەکان ئەوە روون دەبێتەوە ئەو تەرخانکردنەی کە دەکرێ بۆ هەر لایەک، یانیش دەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەوانی چییە بۆ ئەم شوێنە؟ ئەو پارەیەی بۆیان تەرخان دەکرێت لە شوێنی خۆیاندان؟ سوپاس.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەتا رادەیەک لەگەڵ رایەکەی شێخ موحسینم. چونکە ئەو نوێنەری (ئامێدیە) و رەنگە ئەوێ لەو شوێنانە بێ کە وەکو رەواندزن، بواری گەورەبوونیان نییە. سەرژمێریان زیادە، ئەوانەی زیادیش دەبن ناچارن شارەکە بەجێ بێڵن. رەواندزیش کاتی خۆی هەر لەبەر ئەوە گوازرایەوە چونکە شوێنی گەورەبوونی نەبوو، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەلای ئێمەوە ئەگەر قەزایەک ژمارەی دانیشتوانی لەو ژمارەیە کەمتر بێت، خزمەتگوزاریەکانی کەمتر دەبێت. هەر لەبەرئەوەش پێی ناوێ ئێمە قەزا دەستنیشان بکەین، با هەموو قەزایەک پلە دووبێت. هەموو ناحیەیەکیش پلە سێ بێت، زنجیرەی ئیشەکە دەگۆڕێت و لەبەر خاتری یەک شوێن نابێ قاعدە قانوونیەکە بگۆڕدرێت. بەلای منەوە ناحیەش هەر ئەوەندە خزمەتگوزاریەی پێویستە. چونکە ئەویش دەتوانێت لە خوارخۆی خزمەتگوزاری زیاد بکات و نفوسی زیاد بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئەگەر رازی بن بە وەڵامی لیژنەی یاساو وەزیری شارەوانییەکان بۆ ئەم پێشنیارە، یان وەکو پێشنیار بێنێتەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە مەسەلەیەکی (طوبوگرافیە)و (ئامێدی) و (ڕەواندز) لە رووی جیاوازییەوە دەتوانن فراوان بکرێن. خزمەتگوزاری یان بودجەکە بۆ شارەوانییەک دادەنرێ لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دەدانرێ. ئەگەر (١٠) هەزار کەس بێ، پێویستی بە یەک ملیۆن دینار بێت (١٥) هەزار کەس پێویستی بە ملیۆنێک و نیوە. پەیوەندی بەوە نییە کە قەزایەو غەدری لێ کراوە. نفوسەکەی ئەوەندیەو بە ئێمە زیاد ناکرێ، بەڵام پێم وایە بۆ مەسەلەی رەواندز و ئامێدی لە وەزارەتێکی تر بتوانین شێوەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بەستوونی (عمودی) زیاد بکەن. واتا دەبێ بیرێکی تری لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتیگیری لە پێشنیارەکەی کاک محسن دەکەم، چونکە شاری (ئامێدی) شارێکی مێژووییە، ئەگەر ئەو گۆڕینەش نەبێت لەپلەی جۆرەکەیدا من پێشنیار دەکەم ئەگەر وەزارەتی شارەوانی بتوانێت بەشێوەیەکی هەڵاوێردرا (استثنائی) بەنیسبەت ئامێدی و رەواندزەوە جۆرە حسابێکی تر بکات، سوپاس.

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەهۆی ئەو رەوشەی بەسەر کوردستان دا هاتووە، لەوەختی خۆیدا سنووری شارەوانی (ئامێدی) فراوان نەبووە، بەڵام لەبەر رەوشەکە ئێستا بەراورد نەکراوە، تا خەڵکی ناوچەکە هیچی تر کۆچ نەکەن بۆ مووسڵ و جێگاکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک بڵێی کاک محسن بۆخۆی چارەسازیەکەی دانا، لەئەنجوومەنی شارەوانی دەکرێ ئەو خەڵکانەی کە تخوبیان بەزاندووە هەمواری (تەعدیلی) سنوورەکەی خۆی بکات بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ئەو خەڵکانەی خانووەکانیان تخوبیان بەزاندووە ، ئەوانیش بکەونە ناو ئەو سنووری شارەوانییەوە هەر بەسروشتی سەرژمێری بەرزدەبێتەوە و سنوورەکەشی دەگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی ئەو شوێنانەش کە پێویست نەبووە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی تێدا بێت، تۆ دەبێت خزمەتگوزاری شارەوانیان پێ بگەیەنی، ئەویش بە کردنەوەی بەشێکی شارەوانی. ئیستا زۆر کۆمەڵگاشمان هەیە و ناشکرێن بە (ناحیە)، بەڵام نفوسەکەیان زۆرە پلەیەکی باشیشیان بەرئەکەوێت. بەڵام سیاسەتی حکوومەت ئەوەیە ئەوها بمێنێتەوە. دیارە بڕیاری دەوێت کە نامێنێتەوە و ناشبێت بێ خزمەتگوزاری بێت. ئەتوانین بەو شێوەیە خزمەتگوزاری پێ بگەیەندرێ، واتە بەڕێوەبەری شارەوانی تێدا نەبێت و خزمەتگوزاریشی هەبێت. وەکو شێوەیەکی کاتی تاکو چارەسەر ئەکرێت. پرسیارەکەی کاک (عوسمان)یش کە باسی (٣٠٠٠) نفووسەکەی کرد، ئەگەر بێتو (٣٠٠٠) کەسیشی تێدا بێت، پێویستی کرد خزمەتگوزاری پێ بدەن، بەڕێوەبەری شارەوانی تێدا نابێت، بەم شێوەیە بەڵام بەشێکی شارەوانی تێدا ئەبێت کە خزمەتگوزاری پێ دەگەیەنێ و چارەسەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چی گۆڕینێک لەسەر ئەو پێشنیارە نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە. بەپێی پێشنیاری کاک محسن دەبێت ئەو جێگایەی کەبواری فراوان بوونی نییە هەڵاوێردرێ، واتا (استثناء) بکرێت و بخرێتە جۆری دووەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک (محسن)ە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا. ئەوەش دەبێت لیژنەی یاسا زیادی بکات، ئێستا بێجگە لەو هەموارکردنەی (تعدیلە)ی کە لە مادده (١٠)دا کرا، کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەو هەموارکردنەدا (تعدیلە)پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەکەینە برگەیەکی نوێ لەو ماددەیە (تعتبر بلديات مراكز الاقضية التي عدد نفوسها تحت خمسة عشر الف نسمة من الصنف الثاني)، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لەهەموو یاسای دونیامان لادا، چونکە مەبدەئەکە هەمووی گۆڕا، پێم وایە بەدەست وەزارەتی شارەوانییە دەست نیشانی ئەوە بکا کە کام قەزا توانای ئەوەی نییە فراوان بێت. نەک ئێمە دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دڵنیام ڕەواندزو ئامێدی زۆر لە (١٥) هەزار کەس زیاترن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لە ناوەندی قەزاکانە نەک شوێنێکی تر. کە لە (١٥) هەزاریش کەمتر بوو هەر بیکەیت بە جۆری دوو.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانە ئەگەر بمانەوێ بە (استثناء)ی بیکەین یا بۆ شوێنێک یاسایەکی تایبەتی دەربچێت ئەوە شتێکی ترە. رەنگە شوێنی واهەبێت (١٢) مالّی لێ بێت بریارێکی بۆ ئەدەین کە ئاوەدانی بکەینەوە، بەپێی بەرنامەی تایبەتی. هەرچی خزمەتگوزاری هەیە بۆیان دەبەین بۆ ئەوەی خەڵکەکە بگەرێنەوە. بەلاّم ئەمە قانوونی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانە هەلاّوێردن (استثناء) نییە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە بریارمان داوەکە هەندێ جێگا هەلاّوێردرێ، بەلاّم ئەتوانین بەگشتی ئەو دەسەلاّتە بدەین بە ئەنجوومەنی شارەوانی. بە رەزامەندی وەزارەتی تایبەتمەند، ئەو جێگایەی کە بواری فراوان بوونی هەیە هەلاّوێردرێ، واتا (استثناء) بکرێت.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەکەوێتە سەر حسابی ژمارە، کە دێینە سەر حسابی ژمارە لە ماددەکانی تردا باس.دەکات بۆ نموونە شارەوانی لە جۆری ممتاز. بەپێی زیادی ژمارەکان ئەگۆرێت. شتی تایبەتی بۆ ئامێدی کراوە زۆر لەگەڵ ئەوەین دیوارەکانی نەرووخێن و چاک بکرێنەوە، بەلاّم مەسەلەی قانوون جیایە. مەسەلەی خزمەتگوزاری وهەلاّوێردن جیایە. بمانەوێ بە ستوونی (عمودی) فراوان بێت. دیارە ئەو کاتە ژمارەشی زیاد دەکات وبە ئۆتۆماتیکی خۆشی جۆرەکەی (صنفە)کەی ئەگۆرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرنگە ئەو هەلاّوێردنە رەچاو بکرێت لەو جێگایانەی بواری فراوان بوونیان نییە، بۆ ئەوەی لەرادەی خزمەتگوزاری کەم نەبێتەوە. بۆ مەسەلەی هەموار کردن، (تعدیل)یش با لیژنەی یاسا برگەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم شارێک بواری فراوان بوونی نەبێت جۆری دووی بدەینێ، واتا پێویستی بەیەک ئۆتۆمبیلی زبڵە، (٢) ئۆتۆمبیلی بۆ تەرخان بکەین دەبێت یەکێکیان لەگەراج رابگرین. (ئامێدی)ش شیاوی فراوان بوونە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی کاک (محسن)ی بەڕێز فەرمووی فراوان کراوە، بەڵام جێ بەجێ نەکراوە. ئێستا جەنابی وەزیری شارەوانییەکان لێرەیە، پێویستە ئەو فراوان بوونە جێبەجێ بکەن، ئەوکاتە گرفتەکە نامێنێ. دەگاتە (١٥) هەزارەکە و دەبیتە جۆری دوو، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر برگە(١) بەم شێوەیە بلێت: (يؤخذ بنظر الاعتبار مراكز المدن او القصبات التى يتعذر عليها التوسع).

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بۆ مەسەلەی ئەو (بابە)، شارەکان دەبێت گرنگی مێژوویی یان هەبێت، وەزارەت، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزارە، بێگومان ئەوێ جێگای هاوینە هەوارە، بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر بچن. بۆ ئەو شوێنانە چاودێری دروستی (رعایەی صحی) باشتری دەبێت. بۆ ئەوەی ئەوانەی سەردانی ئەوێ ئەکەن باشتر بن، سوپاس.

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

قەزا هەیە ئێستا قایاقمی بۆ چووە و لە (١٥) هەزاریش کەمترە. وەکو (چوارتا)، بەڵام ئەو رەوشە سیاسیەی کوردستان وای لێ کردووە کە کەم بێت، سوپاس.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

یەک خاڵی گرینگ با سەرنجی بدەین، شارەوانی وپلەو، جۆر پەیوەندی بە ئاوەدان کردنەوە هەیە پەیوەندی بە قەرەبوو (تعویض) نییە. بەڵکو پەیوەندی بە ئاوو کارەباوە هەیە، پەیوەندی بەخزمەتگوزاری شارەوانییەوە هەیە. چەندی خەڵک لێ بێت ئەوەندەی بۆ دەنێرێ، سوپاس.

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

مـادده (١١) دەڵێت ( يجوز توحيد بلديتين في بلدية واحدة في حالة توسع حدودهما واتصالهما بعضهما بناء على قرار من مجلسيهما و موافقة الوزير و ينفذ من تاريخ نشر القرار في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتی لەو بابەتە بکرێت، لە کاتێکدا پێویست بکات بۆ ئاسانکاری بەڕێوەبردنەکان وئاسانکاری خزمەتگوزارییەکان ئەگەر شارەوانییەک یان دوو یان زیاتر گەیشتنە قەناعەت وگرفتی یاساییمان بۆ دروست نەبێت، هەردوو شارەوانیش رای یەکگرتوویان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من (اقل الجمع اثنان)، ئەگەر دوو بێت بۆ سێ شارەوانیش ئاساییە یان زیاتریش، ئەگەر بەیەکەوە پەیوەست بن، چونکە ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیار دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (١١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث/ الغاء البلديات/ المادة (١٢): للوزير ان يلغي البلدية بناءً على اقتراح المدير العام للبلديات و تأييد اللجنة الاستشارية للمديرية العامة للبلديات في الحالات التالية:

١- زوال شروط احداثها.

٢- توحيدها ببلدية ثانية.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم: (زوال شروط احداثها)، (زوال)ەکە چۆن دەبێت، بۆی هەیە ئەو کاتە بیێت کە (بعث) خەریکی وێران کردنی کوردستان بێت. لە هەندێ شوێن لە ناوەوە وێران کرابێ. بەڵام لە بارێکی ئاساییدا ئەو هۆو مەرجانە. نامێنن جگە لەوەی کە دوو شارەوانی یەک بگرن وببن بەیەک.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ، شارەوانییەک (٣٠٠٠) کەسی تێدا بێت شارەوانی بۆ دادەندرێ. دێیەک چۆڵ بوو (١٠٠) کەسی لێ ماوە. ماقووڵە شارەوانی یەکی بۆ تەرخان بکرێت؟ بێگومان (زوال شروط احداثها) کەژمارەی دانیشتوانی کەمتر بێت لەوەی کە بکرێت بە شارەوانی. بۆیە (شروطی احداث) پێویستە. چونکە ئەو شارەوانییە بەو مەرجانە دەبێت. ئەگەر یەکێک لەو مەرجانە نەما شارەوانیەکە نامێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٥) له (استحداث البلديات) خاڵی سێ یەم دەڵێ: (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي عدد نفوسها).. لەگەڵ شی کردنەوەکەی سەرۆکی لیژنەی یاسا دا ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ١٠٠٪ لەگەڵ قسەکەی کاک فرەنسۆین، شتێکی زۆر سروشتییە، بۆ ئەوەی بەرپرس لەخراپترین حاڵدا دەستی نەبەستریێت، نەخوازەڵا ئەگەر شارەوانی ئەوە بکات، بێگومان بەشێوەی ئاسایی خەڵک بەرەو ئاوەدانکرنەوە دەچێت نەک چۆڵ کردن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٥) پێش یاساکە هەبووە، نەک ئێمە دروستمان کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە، مادده (١٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (١٣): تطبق في حالة الغاء البلدية فيما يخص بأعلان قرار الالغاء وطريقة الاعتراض عليه ماورد في المادة السادسة من هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادده (١٣) هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (١٤) دەڵێت: يتم الغاء البلدية ببيان يصدره الوزير وينشر في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٤) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (١٥): تصفى بناءاً على طلب الوزير اموال البلدية التي يقرر الغاءها، وتسلم اموالها المنقولة وعقاراتها و تنقل ديونها بعد التصفية و على وجه الاتي:

١- الى بلدية المركز: اذا كان الالغاء وفقاً للفقرة (١) من المادة (١٢) الثانية عشرة.

٢-الى البلدية الموحدة: اذا كان الالغاء وفقاً للفقرة (٢) من المادة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٥) چ تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع/ المادة (١٦): للبلدية في ممارسة اعمالها صلاحياتها: صلاحية تقرير ومراقبة ويتولاها المجلس وفقاً لأحكام هذا القانون و صلاحية تنفيذ يمارسها رئيس البلدية.

القسم الاول ـ صلاحية التقرير والمراقبة.

اولاً ـ تكوين المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر مادده (١٦)؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (١٧): ينتخب رئيس واعضاء المجلس من بين سكان منطقة البلدية بالأنتخاب الحر المباشر و بالأقتراع السري التام وفق نظام خاص، سوپاس.

**بەڕێز موحسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاران هەڵبژاردن بە دەست نیشان کردن(تعیین) بوو. سەرۆکی شارەوانی تازە هاتبۆ کایەوە. حەزدەکەم ئەوە لە لیژنەی یاسا بپرسم. سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من پاش وپێشە، ئەگەر تەماشای مادده/٢٣ بکەین باسی دانانی سەرۆکی شارەوانی ئەکات، بڕگە یەک و بڕگە دووی باسی ئەندامە هەڵبژاردراوەکان (الاعضاء المنتخبين) ئەکات. وابزانم تێکەڵاوی کردووە لەنێوان مەرجەکانی دانانی شارەوانی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەن. جا

پێشنیار ئەکەم برگەی (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە لە ماددەی (١٧)دا:
(ینتقل اعضاء المجلس )ببێ بە برگە یەک. برگەی(٢) (یشترك الاعضاء المنتخبین، ان یکون قد اکمل ثلاثین من عمره التي تتعین بأهلیة قانونیة کاملة)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (١٧) دەڵێ:( ینتخب رئیس واعضاء المجلس من بین سکان منطقة البلدیة بالأنتخاب الحر...) المادة(١٤) دەڵێ: ومن ضمنهم رئیس البلدیە. لێرەدا جۆرە هاودژیەک دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک برهان فەرمووی ئەو ماددەیە چەند مەرجێکی بۆ سەرۆکی شارەوانی داناوە چونکە مەرجەکان بۆ هەموو شارەوانییەکان دانراون. هیچ گرفتێک نییە کە ماددە (١٧)وەک خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (١٧) کێ لەگەڵ مانەوەیەتی؟ کێ لەگەڵی نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (١٨) دەڵێت:

یکون عدد اعضاء المجلس علی النحو التالي:

أ- بلدیة الصنف الخاص (١٧) عضواً.

ب- بلدیة الصنف الممتاز (١٣) عضواً.

ج- بلدیة الصنف الاول (١١) عضواً.

د- بلدیة الصنف الثاني (٩) عضواً.

هـ- بلدیة الصنف الثالث (٧) اعضاء.

و- بلدیة الصنف الرابع (٥) اعضاء.

٢- للوزیر بناء علی طلب المدیر العام زیادة عدد الاعضاء علی ان لا یتجاوز عن واحد وعشرین عضواً. وذلك قبل الشروع بالانتخابات بمدة لا تقل عن ثلاثین یوماً.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە هەردوو، هەڵبژاردنەکان پێکەوە دەکرێن؟ یاهی سەرۆک جیایە و هی ئەندامەکانیش جیایە؟ سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

لە مـاددەكـەدا هاتووە: (وفق نظام خـاص)، لەبەرئەوە لە پێـشـەوە چۆن هەڵبـژاردن دەكـرێت؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

مادده (١٨) كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حـسـێـن عـەلی كـەمـال:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

مـادده (١٩) دەڵێ «مدة العضوية في المجلس اربع سنوات تبدأ من تاريخ الاجتماع الاول». سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی ماوەی (٤) ساڵ زۆرە بۆ شارەوانی كەهی پەرلەمان سێ ساڵە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەكەم و داوا دەكەم ببێتە دوو ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

دەڵێت (٤) سـاڵ، یەكسـەر دوای هەڵبـژاردن جـا ئەو هەڵبـژاردنە دوای مـانگێكە، دوو مـانگە چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەنجـومـەنی شـارەوانی جیـاوازە لەگەڵ ئەنجـومـەنی پەرلەمـان. من نازانم لە كـام دەوڵەت وایە كە ئەنجـومـەنی شـارەوانی دوو سـاڵ نیـیـە؟ ئەوەی لەكـارەكەی رانەهاتووە ئەوە سـاڵێكی بە خۆڕایی دەڕوا. ئەنجوومەنی شارەوانی دەبێ لەكەسانی شارەزا پێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی كـاك عـەبدولخـالق فـەرمـووی دوو سـاڵەو كـاك رزگـاریش فـەرمـووی كـاتی كـۆبوونەوە دیار نەكـراوە، كـۆبوونەوەی یەكـەم بۆی هەیە بەپێڕەوی تایبەتی بێ.. لەوكـاتە هەڵبـژاردنەكە دەكرێ كە كـۆبوونـەوەی یەكـەم دەست پێ دەكـات، لە پاش هەڵبـژاردن شـتـێكی زۆر یاسـاییـە. بەڕێز كـاك سـەعدی فـەرمـووی ئەوەش لەناو پێڕەوەكەدا دوا بـخرێت، لەتواناداد نیـیـە دوابخـرێت، سـوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ماوەی ساڵەکە) لەیاساکەدا دابێت باشترە.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ماوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (٤) ساڵەو لەهەموو ولاتێکدا ڕۆژێک دادەنرێت بۆ هەڵبژاردن، بە رای من (٤) ساڵەکە ببێتە (٣) ساڵ، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە لە ڕۆژێکی دیاری کراودا بێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە: (٢) ساڵ بێت؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە (٤) ساڵ بێت؟.. بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ (٤) ساڵەکەن، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (١٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٠) دەڵێ «یكافأ الاعضاء من غير الموظفين بمبلغ (٣٠٠) دينار شهرياً من الصنف الخاص. وبمبلغ (٢٥٠) ديناراً شهرياً في الصنف الممتاز. و (١٥٠) ديناراً في الصنف الاول. و (١٠٠) ديناراً في الاصناف الاخرى».

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی شارەوانی شتێکی زۆر گرنگە. هەتا پسپۆرو شارەزای زۆری دەوێت پاداشت بۆ کارمەندان هەبێت بۆ ئەوەی هان بدرێن. نەک هەر بۆ خانەنشینی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی (متفرغ) نین. دەبوایە لە یاساکەدا هاتبا کە ئەوانە ڕۆژ هەیە دەچن، ڕۆژ هەیە ناچن بۆ دەوام. هەر کاتێک پێویست بوو بانگ دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهی یاساکەدا پاداشتی نادرێتێ، چونکە مووچەی خۆی لەفەرمانگەکەی وەردەگرێت. لەوانەیە ئەو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی، کاک سەید حەسەن زیاد لەپێویست گەورەی کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٢٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ قپەسەند کرا.

**بەڕێز حـــسـیـن عــەلی کــەمــال:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

مـادده (٢٢) دەڵێت ١- أ- يشترط في المرشح لرئاسة البلدية ان يكون قد اكمل الثلاثين من عمره وان يحمل شهادة جامعية اولية، لبلديات الصنف الممتاز والاول.

ب- شهادة الدبلوم او الاعدادية، او ما يعادلها، لبلديات الصنف الثاني والثالث.

ج- شهادة دراسة المتوسطة للبلدية من الصنف الرابع.

٢- يشـتـرط في الاعضـاء المنتـخـبين للمـجلس البلدي ان يكونوا قـد اكـملوا الثلاثـين من اعمارهم،متمتعين بالاهلية القانونية الكاملة.

٣- كما يشترط ان لا يكون محكوماً عليه في الجرائم المخلة بالشرف، او بالسجن في جريمة القتل العمد او السرقة. ولم يشارك في إحدى الجرائم التي خططت لها السلطة الدكتاتورية في كوردستان العراق.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

لە قانوونەکانی پێشەوەدا گرفتێک هەبوو لەسەر بڕوانامەی زانکۆ، باسمان کرد کەبڕوانامەی زانکۆ نەکرێت بەمەرج بۆ ئیش کردن. چونکە ئێمە خەڵکێکی زۆرمان لەلایەنە سیاسیـەکاندا هەبوو کە لەناو شۆڕشدا تەمەنێکی زۆریان بەسەر بردووە. بەهۆی شۆڕشەوە دابڕاون لە خوێندن. بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕوانامەیە نەکرێت بە مەرج بۆ دامەزراندنی سەرۆکی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز جــەمــیـل عــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

دەربارەی شارەوانییەکانی جۆری دووەم هەڵەی تێدا، شارەوانی قـەزایەکان چونکە ئەندازیاری خـۆیان هەیە، ئەگـەر بکرێت زۆر گـرنگە برادەرانی جـۆری دووەم بڕوانامـەی زانکۆیان هەبێت، بەلانی کەمـەوە دەبێ بڕوانامـەی دبلۆمـیان هەبێت، جـۆری چوارەم بڕوانامـەی ئامـادەیی هەبێت، ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیش بەلانی کەمەوە بڕوانامەی ناوەندیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز بـورهـان عــەلـی جــاف:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بۆ بڕوانامـەی زانکۆ بەگـشـتگیـری (شـامل) هاتووە، پێـشنیـار دەکـەم دەست نیـشـان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز فــرەنـســۆ تـۆمـــا□هـەریری:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

منیش لەگەڵ پێشنیـارەکـەی کـاک شەوکـەتم، بڕوانامـەم پێ گـرینگ نیـیـە، لەگەڵ ئـەوەم توانا و لێهاتوویی ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە بۆ سەرۆکی شارەوانی بڕوانامە دەست نیشان نەکرێت. کێ لەگەڵ ئەم رایەیە؟ کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێویست بە بڕوانامەی زانکۆ ناکات.. کە بڕوانامەشی پێویست نەکرد ئەوسا دەبێت شتێکی لە جیاتی دابنرێت.

**بەڕێز شەوکەتی حاجی مشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ناوەندی تەواو کرد بێت.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا هاتینە سەر ئەوەی کە دەبێت بۆ سەرۆکی شارەوانی لێهاتوویی دیاری بکرێت. باشە چۆن بزانرێت ئەو لێهاتووە یان لێهاتوو نییە، بەچ دەزانین؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی کاک فرەنسۆم، پێشمەرگەی وامان هەیە زۆر لێهاتووەو لە ناو شۆڕشدا قاڵ بۆتەوە، بەڵام خوێندەوارییەکەی ئەوەندەیە کەبەکەڵکی وەزیریش دێت، بەڵام بڕوانامەی زانکۆی نییە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێک بابەت هەنە، لە لانی سۆزەوە بۆی دەچین. وابزانم پێویستە کە تاقی کردنەوە لەسۆز وەرگرین. پێشمەرگە لەسەر هەموومانە ڕێزی لێ بنێین، پایەی تایبەتی هەیە، دەتوانین بڵێین سەرۆکی شارەوانی پایەیێکی سیاسی نییە. پایەیێکی هونەرییە. باشە بۆ لەڕوانگەی سۆزەوە بۆی بچین؟ سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر جار هەڵبژاردنی ئەنجوومەن لە وڵاتانی دەرەوە دەبێتە پێوەرێک (قیاسێک) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی. واتا بابەتێکی سیاسییە. هەرچەندە تۆ هەوڵ بدەی و بڵێی بابەتێکی هونەرییە، دێتە سەر مەسەلەی حزبەکان. لەگەڵ مەسەلەی بڕوانامەدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕوانامە پێویستە. بەڵام دەڵێین لێهاتوویی با پێوەر بێ بۆ سەرۆکی شارەوانی پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام بە هەڵبژاردن بێت پێویست دەکات ئێمە دەست نیشانی ئەو شتانەی بۆ بکەین، ئەو خەڵکە دەنگ دەدات وبەئارەزووی خۆیانە، دیاریان نەکرد دەرچووی زانکۆ بێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، ئەوەی ئێمە پێشنیارمان کردووە، پەیوەندی بەسۆزەوە نییە. بڕوام بەوە هەیە هەر کاتێک کە لە بارەگای مکتب سیاسی چوار پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت دەتوانێت لە باشترین خاوەن بڕوانامە ئیش وکاری سەرۆکایەتی شارەوانی بەڕێوەببات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتمان بۆ سەرۆکی شارەوانی بڕوانامەی زانکۆ پێویست نییە، دەنگمان لەسەرداوە. بەگشتی دەبێ بێینەوە سەر (أ ـ ب ـ ج )کە ئەوانەش بە بڕوانامەی ئامادەیی وناوەندی دیاری کراون. ئەگەر ئەم شێوەیە بگۆڕدرێت وسەرۆکی شارەوانی بەهەڵبژاردن بێت، حەق وایە شتێکی گشتیش دابنێین بۆ هەمووی.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اذا كان يشترط لرئيس البلدية قد اكمل (٣٠) سنة من عمره ومتمتع بالاهلية بكفاءة مشروطة، في هذه الحالة أ، ب، ج تنتهي، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام مەسەلە هەڵبژاردنە، بۆ ئێمە ئەو مافە لە میللەت وەربگرینەوە؟ بامیللەت خۆی بڕیار بدات، لێهاتووە یان لێهاتوو نییە. لەوانەیە لە لادێیەکدا کە(٣٠) ماڵ بن، یەکێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن نەخوێندەوار بێت!. سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بڕگەی (أ،ب،ج) هەڵوەشێتەوە و هەر بڵێین « يشترط في رئيس البلدية ان يكون قد اكمل الثلاثين من عمره وان يكون حائزا على شهادة دراسة المتوسطة على الاقل ». سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام من کۆک نیم لەسەر قسەکانی کاک فرەنسۆ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە بڕگە (٢.١) لێک بدەین لە ماددەی (٢٢) بڕگە (یەک) و (دوو)بێن بە « يشترط

في الاعــضــاء المنتخبين و رئيس البلدية ان يكونوا قد اكملوا الثلاثين من العمر، ومتمتعين بالاهلية القانونية». سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

دەیکەینە یەک بڕگە، یان دوو بڕگە. ئەوەی ژمارە یەک پێویست ناکات. بانزمترین رادده دیاری بکەین.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

بەیانی بڕیارێکی لەبەردەم دادەنرێت بۆ راستاندنی (مصادقه). سکرتێرەکەی شتێکی لەبەردەم دابنێ بلێ ئیمزای بکەو ئەویش نەزانێت، یەکسەر ئیمزای بکات. هەموو هەڵبژاردنێک دەبێت هەندێک مەرجی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

(يشترط في المرشح لرئاسة البلدية ان يكون قد اكمل الثلاثين من عمره. وان يكون حائزا على شهادة الدراسة المتوسطة على الاقل ومتمتعاً بالاهلية الكامل)ة. ماقوول نییە سەرۆکی شارەوانی نەخوێندەوار بێت، دەبێت بڕوانامەیەکی بۆ دیاری بکرێت.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیم:**

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئەگەر شتێ دابنێین و بیسەپێنین، ئەمە زۆر لێکردنە (تەعدایە) بۆ هەڵبژاردن ئەگەر هەڵبژاردن ئازاد بێت خەڵک ئارەزووی خۆیەتی کێ هەڵ دەبژێرێت، سوپاس.

**بەڕێز شـــەوکت حـــاجی مـــوشـــیـــر:**

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

دیارە سەرۆکی شارەوانی هەڵبژاردەی خەڵکە. چ لایەنی سیاسی، یان خەڵک هەڵی بژێرێت. یەکێک هەڵ دەبژێرن کە بەتوانا بێت، سوپاس.

**بەڕێز بەكـــر حـــاجی ســـەفـــر غـــولام:**

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئێمە رامان دا کەمەرج نییە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

دەبێ مەرج دابنێین، خوێندەوار بێت یان نەبێت. لیژنەی یاسا لەسەر ئەوەن دەرچووی خوێندنی ناوەندی بێت. ئێستا دوو پێشنیار هەیە. بەلانی کەمەوە دەرچووی ناوەندی بێت یان دواناوەندی. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە: (ان يكون متعلماً و يتمتع بالاهلية القانونية) کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا. خاڵی دووەمیش «ان يكون حائزاً على شهادة المتوسطة على الاقل» کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند

نەکرا.. کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. بڕگە(١) و(٢) لێک دەدرێن: (یکون قد اکمل الثلاثین من عمره). ئەوی تر لیژنەی یاسا دایدەڕێژێتەوە، خاڵی (٣)یەمیش ئەبێ بە (٢)، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی (٣) بمێنێتەوە، وەکو خۆی؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا بڕگە (٣) تەواو بوو. کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە (٢٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەو ڕێنومایییانە پەسەند کران.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٢٣) دەڵێ «لا یجوز الجمع بین عضویة المجلس البلدي وعضویة اي من المجالس المنتخبة قانوناً».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ تێبینی هەیە؟ ... کێ لەگەڵیەتی؟ کێ دژە؟... بە تێکرای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارمان دا بوو بڕگە(١) و (٢) لێک بدەین. مەبەستمان سەرۆکی شارەوانییە نەک ئەندامە هەڵبژێردراوەکان (الاعضاء المنتخبین)، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٢٤) دەڵێت:

«لا یجوز ان یکون الاقرباء حتی بالدرجة الرابعة عضواً في المجلس البلدي الواحد» ان نأخذ في اثنین او اکثر تتوفر فیهم هذه الصفة، اکثرهم اصواتاً. فاذا تساوت اصواتهم، للمجلس یختار احدهم لعضویة المجلس، ودعوة البقیة کأحتیاط لأشتغال القاعدة الشاغرة لأنعقاد الجلسة الاولی.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە گومان دەخاتە سەر گوند، هەیە (٣٠٠٠) کەسی تێدا دەژی، لەوانەیە (١٥٠٠) یان خزم بن و پلە چوارەمیش بن. کە دوور نییە ئەو کاتە هەموویان دەنگ بۆ یەک لیست بدەن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر دەنگمان لەسەر شتێکدا، ئەو ناوچەیەی پێی ئەوترێت شارەوانی ئەوەندە هەزار کەس

بێت، شاری وا هەیە ئەوەندە هەزار کەسە کە پێک هاتووە لە عەشیرەتێک، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقە زۆر ئاسایی نەهاتووە، چونکە ئەنجوومەنی شارەوانی شتێکی گرنگە، واتا بۆی هەیە پێنج هەتا شەش کەسی خزمی یەکتر رێک بکەوێ لە ئەنجوومەنی شارەوانی دەربچن. لەو ناوچەیە ژیان و ئیشوکاری ئەو خێزانە دابین دەکرێت. تەنیا ئەو بابەتە کە لێرەدا هاتووە شتێکی پێش وەخت (احترازیە) بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە نەبێ. لەمەسەلەی بەمولک کردن وتێپەڕاندن (تجاوز) ومۆڵەت پێدان، ئەنجوومەنی شارەوانی دەستی هەیە لە دروست کردنی هەموو ئەوانە، وای بۆ ناچم ئەو بابەتە دەست بەستنەوە بێ، ژمارەی دانیشتوانی قەزایەک کە (١٥٫٠٠٠) کەس بێت، هەموو ئامۆزابن، هەتا پلە چواریش بن، مانای وایە ئەوانە بۆ خۆیان هەر شارەوانیشیان ناوێت، چونکە خزمەتی یەکتر دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ (تعددی) دەگونجێ، باشە (٨) لیست بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی شەقلاوە دادەبەزێت، زۆریان ئامۆزاو برازای یەکن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشنیارە لە وەزارەتەوە هاتووە، هەندێک لە برادەران لەوانەیە پلەی خزمایەتی نەزانن، پلەی خزمایەتی واتا لەنێوان دوو کەسدا چەند ئالقەی پێک گەیشتن هەیە، کوڕو باب پلەیەکن، هیچ ئالقەیەک لەنێوانیاندا نییە، بەڵام پلە چوار دەکات ئامۆزا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر خاڵێک و برایەک و برازایەک و ئامۆزایەک و بابێک. کەوتنە لیستێکەوە چیان لێ بکەین؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵەکەو برازایەکەو مامەکە، هەموویان لادە. باب و کوڕە کەپلەیەکن، برایەکە پلە دووە، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر خێزانێک دابەش بن بەسەر چوار حزبدا. هەر یەکە لەلایەن حزبێکەوە دەنگی بۆ بدرێ و هەرچواریان بێنە ئەنجوومەنی شارەوانییەوە. وای لێ دێت ئەنجوومەنەکە دەبێتە هی تەنها یەک خێزان، واتا دوای چوار ساڵ حزبەکە چارەیەکی لێ ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ولاتانی تر دا سەرەک وەزیران هەیە ئەندامی پەرلەمانە، لە حزبێکە و مێردەکەی لە حزبێکی ترە. سەرەک وەزیرانی نەرویج ژنە، لە حزبی سۆشیال دیموکراتە، مێردەکەی لە حزبی پارێزگارانە. بەڵام ئێمە جیاوازیمان هەیە، بەرامبەری ئەوەش دەسەلاتێکی فرەلایەنمان هەیە. لێرەدا زۆر کەس بێ بەش دەکەین. با روون کردنەوەکە بەبڕواوە بێت.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیەی هاتووە، لەگەڵ راستی بارودۆخی ئێمە لە کوردستان دا ناگونجێت ئەمە کێشەیەکی یەکجار گەورەمان بۆ دروست دەکات. پێم وایە بەرزەفتییەک (ضوابطێک) هەبێت صیغەکەی هاودژ نەکات لەگەڵ بەرژەوندی گشتیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شارەوانی کە یاسایەک دەرئەکات ئازاد نییە، کۆمەڵێ دەسەلاتی تر هەیە دەبێت رەزامەندیان وەربگرێت. ئەگەر بۆی نەکرا ئەبێ لێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت تا هەموو بڕیارەکان تاوتوێ بکەین، کێ لەگەڵە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە هەڵبوەشێتەوە (الغا) بکرێت؟ کی دژە؟ بە زۆربەی دەنگ هەڵوەشایەوە (الغاء) کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٤) دەڵێت:

١- تجرى انتخابات تكميلية لسد الشواغر في المجلس في حالة عدم كفاية الاحتياط لسد هذه الشواغر.

٢- تكون مدة العضوية للاعضاء الجدد مكملة لمدة الاعضاء السابقين.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەمی، (تجرى انتخابات تكميلية لسد الشواغر)، دەبوایە دارشتنەکەی باشتر بوایە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیا/ سیر المجلس/ المادة (٢٥) دەڵێت:

١- ينعقد المجلس مرة واحدة في الاسبوع على الاقل وتكون جلساته علنية. ويجوز له عقد الاجتماعات الاستثنائية، بناء على طلب هيئة الاعضاء الحاضرين. كما يجوز عقد اجتماعات فوق العادة بدعوة رئيس البلدية او بناء على طلب اعضاء المجلس.

٢- يكون النصاب حاصلاً في جلسات المجلس اذا حضر اكثر من نصف الاعضاء.

٣- يتولى الرئيس رئاسة المجلس للانعقاد، وينوب عنه عند غيابه نائب الرئيس و عند غياب النائب ينوب عنه اكبر الاعضاء سنا.

٤- يبلغ الاعضاء بمنهاج الجلسة مع الدعوة الموجهة اليهم من رئيس المجلس او من يقوم مقامه. ويجوز للعضو ان يجرى اضافة مادة او اكثر من منهاج الجلسة. اثناء الجلسة على ان يوافق عليها اكثرية الاعضاء الحاضرين.

٥- للعضو في المجلس الحق في توجيه الاسئلة الى الرئيس و مناقشته في امور غير مدرجة في هذه الجلسة. وللرئيس ان يُجيب عليها في تلك الجلسة او ان يؤجل الاجابة عليها الى جلسة اخرى، من قبلها على ان لايجوز اتخاذ قرار حول اسئلة الاجتماع نفسه.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگە یەک، لەهێڵی سێ یەم (فوق العادة) هاتووە، هەڵاوێردراوە (استثنائیە)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ/حاڵەتی کۆبوونەوەیە. بۆی هەیە لەکۆبوونەوەیەکدا هەندێک کۆببنەوە کە ئەمە شتێکی هەڵاوێردراوە (استثنائی)یە کە ئەمە حاڵەتی یەکەمە. لە حاڵەتی دووەم، کە ئاساییە دەتوانن (استثناء)ی بکەن. سەرۆک داوایان لێ بکات، یاچارەکی (ربع)ی ئەندامەکان داوا بکەن کەکۆبوونەوەی هەڵاوێردراو(استثنائی) بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لایەنی داڕشتنەکەی مەبەستە (ینعقد المجلس مرة واحدة في الاسبوع على الاقل، وتكون جلساته علنية ويجوز له عقد الأجتماعات الأستثنائية).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەتی سێیەم (فوق العادة) لابەین وبڵێین (او بدعوة)، وابزانم تەواو دەردەچێت.واتا(فوق العادة)کە دووبارە ناکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەمەش پێڕەو نییە؟ بۆ بیکەین بە ماڵ بەسەر خۆمانەوە؟ پێویستە پێڕەو ئەو درێژە پێدانە باس بکات.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەرنجی ئەو یاسایەی پێشوو بدەین، لەوەزارەتەوە هاتووە گرفتەکە وانییە. وەدەڵێ: ينعقد المجلس مرة واحدة في الاسبوع وتكون جلساته علنية. يجوز ان ينعقد جلساته سرية. (استثنائى) نییە. ئەو بابەتە کە لە دواییدا هاتووە دەڵێت:( بدعوة من رئيس البلدية أو طلب ربع اعضاء المجلس). منیش لەگەڵ ئەوەم کە بە پێڕەو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بگوێزرێتەوە بۆ پێڕەو؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ ئەو ماددەیە پەسەند نەکراو گوێزرایەوە بۆ پێڕەو.

ماددە (٢٦) ئەویش پەیوەندی بەپێڕەوەوە هەیە. ماددە/ (٢٧)یش هەمان شت. کێ لەگەڵ ئەوەیە بگوێزرێنەوە بۆ پێڕەو؟ کێ لەگەڵ نییە؟ هەردووکی بە تێکڕای دەنگ گوێزانەوەیان بۆ پێڕەو پەسەند کرا.

دێینە سەر ماددە/ (٢٨) کە پەیوەندی بە خزمایەتی پلە (٤)ەوە هەیە. ئەگەر ئەمەش بخرێتە سەر پێڕەو. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ گواستنەوەی بۆ پێڕەو پەسەند کرا.

ماددە/ (٢٩ـ٣٠)ی کۆنە پێشنیارە بگۆڕدرێت بۆ پێڕەو .. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ گوێزرایەوە بۆ پێڕەو.

ماددە (٣١- ٣٢- ٣٣) ئەمانەش پێشنیاری لیژنەی یاسایە کە بگوێزرێنەوە بۆ پێڕەو. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ بۆ پێڕەو گوێزرایەوە.

ماددە/ ٣٤- ٣٥- ٣٦ پێشنیاری لیژنەی یاسایە. ئەم فەسلە هەمووی بۆ پێڕەو بگۆزرێنەوە، کێ لەگەڵ ئەمەیە؟ کێ دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ گوێزرایەوە بۆ پێڕەو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثا: وظائف المجلس مادده/ ٣٧:

أ- على المجلس ان يعلن بالطرق المتيسرة التصاميم الاساسية المعدة من قبل التخطيط العمراني لأطلاع المواطنين وذوي العلاقة، والدوائر وغيرها عليها، خلال مدة ستين يوماً من تاريخ الاعلان. وتقبل الاعتراضات والاقتراحات التي تقدم بشأنها خلال المدة المذكورة، الى المجلس.

ب- اما بالنسبة للتصاميم التفصيلية والمعدلة والافرازات، فتعلن لمدة ثلاثين يوماً. وبأتباع نفس

الطرق والواردة في الفقرة (أ) اعلاه.

٢- على المجلس دراسة الاعتراضات والمقترحات و المقدمة ان وجدت، وفي حالة رفضها أو قبولها يجب ان يعزز القرار با أسباب معقولة. وفي كل الاحوال يرفع المجلس هذه التصاميم مع الاعتراضات والاقتراحات المقبولة والمرفوضة الى مديرية التخطيط العمراني خلال اسبوع من انتهاء الاعلان لتعديل التصميم على ضوئها و اقراره.

٣- تكون التصاميم نافذة المفعول من تاريخ مصادقة الوزير عليها.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د. فائق فەرمووی لەکاکلّی پێڕەودایە، کە هەواڵەی دادگا دەکرێت، ئەگەر ئەو تاوانانە بکرێت بەو ناوەی کەسیفەتی ئەندامیەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم لەسەر رەنگرێژی (تصمیمی) بنەڕەتییە، کەرەنگرێژی بنەڕەتی شارەکە زۆری تێکچووە. بە حوکمی ئەوەی کە دەسەڵاتێک لێرە بوو بەئارەزووی خۆی کردووە، ئەگەر دەرفەتێکمان دۆزیەوە، وەزیری شارەوانی وابکات کە رەنگرێژی بنەڕەتی شارەکە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٣٨) دەڵێت:

١- للمجلس ان يطلب تعديل التصميم الاساسي او التفصيلي عند الضرورة، على ان تتبع في ذلك احكام المادة السابقة.

٢- على المجلس في حالة اكتساب تعديل التصميم الاساسي او التفصيلي الدرجة النهائية، ان يهيء قائمة بجميع الابنية المخالفة كلياً او جزئياً لمتطلبات التصميم الجديد المصدق وان يباشر باستملاكها حسب الامكانيات المتاحة لها خلال عشرين سنة من تاريخ تصديق التصميم.

٣- للمجلس ان يقرر بناءً على طلب من ذوي العلاقة منح اجازة احداث ابنية جديدة للسكن أو استعمال العقارات، خلافاً لمتطلبات تنفيذ التصميم الاساس او التصاميم التفصيلية لمدة

مؤقتة على ان لا تترتب اية التزامات مالية (تبعة مالية)عن المنشآت المقامة على اراضي البلدية، عند تنفيذ التصميم وتمام الاستملاك وبموجب تعليمات تصدرها الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددە/ ٣٩دەڵێت:

١- يقرر المجلس بالتنسيق مع الجهات ذات الاختصاص القيام بالوظائف و الخدمات التالية:

أ- تنظيف الشوارع والمحلات العامة ورفع الاوساخ والازبال.

ب- ردم المستنقعات والبرك ومحلات تجمع المياه الناتجة عن الرشح والمحلات المنخفضة وغير الصحية.

ج- انشاء وصيانة المراحيض والمباول العامة وأفران حرق القمامة.

د- تنظيف خزانات واحواض المياه القذرة وتأمين الوسائل لنقلها وصرفها بصورة لا تؤثر على راحة المواطنين واتلاف الفضلات او حرقها.

هـ- تسوية الشوارع وتبليطها.

و- رش وغسل الشوارع بالماء لمنع انبعاث الغبار منها .

ز- القبض على الحيوانات السائبة والتخلص من الضارة منها، بالتعاون مع الجهات ذات الاختصاص.

ح- تهيئة وتعيين اماكن لزرائب المواشي.

ط- انشاء المجازر الصحية، ومنع الذبح خارجها، وتأمين سلامة اللحوم من الناحية الصحية وخزنها ونقلها من المجازر الى الاسواق.

ك- تنظيم ومراقبة الموازين والمكاييل والمقاييس.

ل- تهئية وتعيين محلات وأسواق لبيع اللحوم والاسماك والخضروات بالجملة والمفرد.

م- تهيئة وتعيين محلات لخزن وبيع المحروقات.

ن- تهيئة وتعيين مواقع المقابر العصرية بضمنها اماكن لغسل الموتى وتكفينهم ونقل ودفن الموتى الفقراء.

ي- ترقيم الدور والشوارع والقطعات وتسميتها بالتعاون مع الجهات المختصة، الاخرى.

٢- على البلدية اعتماد المبالغ اللازمة للقيام بالواجبات المشار اليها في الفقرة السابقة، في ميزانيتها كل سنة.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرای من، لەوانی تر زیاتر پەیوەندی بە پێڕەوی ناوخۆوە هەیە، چ پەیوەندی بەیاساوە نییە، کوشتنی ئاژەڵی بەرەڵلا. ئەمە کەی پێویستە یاسای بۆ دابنرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد شـەریف تاهیـر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

برگە(ن) پێشنیاز دەکەم شارەوانی بەشێکی هەبێ (قسم تجهیز الموتى) واتا کەسێکی بێ خاوەن کەدەمرێ شارەوانی بیشارێتەوە وئەرکی ناشتنی بکێشێ، سوپاس.

**بەڕێز شـێخ ئەحـمـەد تاهیـر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەندێ خاڵ پەیوەندیان بە پێڕەوی ناوخۆوە هەیە هیچ یاسای ناوێت: رێک خستنی شەقامەکان وقیرتاوکردنی (تسويه الشوارع وتبليطها) ئەوە چ پەیوەندی بە یاساوە نییە. پەیوەندی بەپێڕەوی ناوخۆوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەوە ئامانجێتی، ئەنجومەن بۆی هەیە ئامانجی خۆی بەیاسایەک دیاری بکات.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوە ئامانجی وەزارەتە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ شێوەیەکی (تشكيلي)یە زیاتر کە ئامانجەکان بێنێتە دی. بەنیسبەت بەڕێز مەلا هادی، ئەوان لیژنەی خزمەتگوزارین دەبوایە پێشتر سەرنجیان لەسەر یاساکان هەبوایە. بەنیسبەت بەڕێز مەلا شەریف، دەفەرمووێ بەشێک (قسم) هەبوایە. بەش هەردەم لە پەیکەردا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کـافـیـە سلێـمـان/ وەزیری شـارەوانی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی ئاووئاوەڕۆکان (ماء و مجاري)یەوە. یاسایێکی تایبەتیمان هەیە، وەکو ئەمە دێتە بەردەمی پەرلەمان، ئەوەی کە لێرەشدا باسمان کردووە تایبەتە بە شارەوانی، بەڵام لێرەدا چەند سەرنجێکم هەیەدەربارەی ئەوە. لەبارەی برگەی (ز) وابزانم ئەوە ئەرکی بەیتاڵخانەیە (بيطريه). دیسان بەنیسبەت (تهيئة وتعيين زرائب المواشي) ئەویش پێویستە لەدەرەوەی سنووری شارەوانی بێت. لەوێش دەبێت بە ئیشی کشتوکاڵ. بەنیسبەت برگەی (ک) وابزانم ئیشی سانسوری داراییە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی بەڕێز وەزیری شارەوانیەکان فەرمووی: (تهيئة وتعيين من ضمن واجبات وزارة البلديات)

چونکە سامانی فرۆشتنی ئاژەڵ شارەوانی دیاری ئەکات. ئەبێ جێگایەکی دیاری کراویش بۆ ئەو ئاژەڵانە دروست بکات. دووەم (القبض على الحيوانات) لەئیشی شارەوانییە چونکە ئاژەڵێکی یەکجار زۆر بەناو شارەکاندا بڵاو وبەرەڵڵان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش پێشنیارێک هەیە کە بڕگەیەک بەم شێوەیە زیاد بکرێ: (مسألة ماء الشرب وانشاء مشاريع الماء للغرض المذكور فيها). ئەمە لە کرۆکی ئیشوکاری شارەوانییە. دووەم (انشاء المجاري). سێ یەم (تهيئة واعداد ساحات وقوف السيارات). ئەمە گرفتێکە لەکاکڵی کارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانییە. ئایا لیژنەی یاسا بەرهەڵستیان نییە؟.. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ هەرسێکی پەسەند کران. ماوە بڵێین: کێ لەگەڵ ئەوەیە سێ پێشنیارەکان بمێننەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ ... بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەگەڵ زیاد کردنی ئەم سێ پێشنیارە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٤٠) دەڵێت:

«للمجلس ان يقرر القيام بالوظائف والاعمال التالية في حالة تحقق المصلحة العامة وتوفر المبالغ اللازمة لهافي ميزانية البلدية:

١- فتح وتوسيع الشوارع بموجب الخرائط المصدقة لها، وتقاطعاتها ومنعطفاتها وتقسيماتها.

٢- تبليط الشوارع وتسويتها ورصفها وتشجيرها ورشها بالماء.

٣- تعيين كيفية اشغال ارصفة الشوارع وفضلاتها والعرصات الخالية العائدة للبلدية، وتنظيم كيفية فراولة الباعة المتجولين واصحاب الحوانيت المؤقتة (الأكشاك)، لمهنتهم بشكل لا يتعارض مع المصلحة العامة، بالتنسيق مع مديرية التخطيط العمراني.

٤- إنشاء الحدائق والمتنزهات العامة وتوسيعها وتصنيفها.

٥- تعين مواقع بالتنسيق مع الهيئة العامة للسياحة لأنشاء مدن الالعاب عصرية في المواقع المخصصة لها بموجب الخرائط المصدقة وتأجيرها الى القطاع الخاص او المختلط او الشركات العالمية بالأيجارة الطويلة.

٦- تنفيذ التصيم الاساسي والتصاميم التفصيلية المصدقة. وتنفيذ الشوارع والخدمات والأستعمالات الاخرى على ضوئها.

٧- انشاء القناطر والعنابر وصيانتها عدا التي تعود الى الجهات الأخرى.

٨- هدم المباني الآيلة للسقوط والنتوءات التي تعيق المرور.

٩- تحديد مواقع لبيع الدواجن والطيور والحيوانات الأليفة.

١٠- انشاء اسواق عامة في المواقع المخصصة لها بموجب الخرائط المصدقة.

١١- تعيين اسواق لبيع الاسماك واللحوم والمخضرات وكافة المنتوجات الحيوانية والزراعية ومنع بيع هذه المواد في غير الاماكن المعدة لها.
١٢- انشاء القاعات والمسابح والمسارح والسينمات والملاعب والفنادق ودور الاستراحة والتسلية والحمامات العامة و الگازينوهات والمتاحف والمطاعم. وتشجيع انشاء النوادي والمكتبات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٤٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٤١) دەڵێت:

للمجلس ان يقرر:

١- اجازة المحلات العامة وتفتيشها وامراقبتها والزام اصحابها بأتخاذ ما يلزم لتأمين راحة وسلامة روادها.
٢- ترحيل جميع الصناعات والحرف الملوثة الى الاماكن المخصصة لها في المناطق الصناعية و وضع الشروط اللازمة بالتنسيق مع الجهات الصحية لكيفية تشغيلها.
٣- ايقاف وهدم اي بناء بوشر به مخالفاً لأجازة البناء أو القانون أو الانظمة والتعليمات الصادرة بصددها.
٤- منع تشييد المباني التي تؤدي الى الاضرار بالآخرين او تشوه جمالية الشوارع و المنتزهات العامة. بجوارها.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ووشەی (ملوثه) زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الضارة بالبيئة) باشتر نییە؟

مادده (٤١) پاش ئەو هەموار کردنە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (٤٢) «للمجلس ان يقرر القيام بمشاريع سكنية وتوزيع الاراضي على المواطنين عن طريق افراز الاراضي داخل التصميم الاساسي وتوزيعها بموجب التعليمات».

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٤٢) وەکو خۆ بهێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مادده (٤٣) دەڵێت:

١- للمجلس وضع الضوابط التي من شأنها تسهيل تنفيذ وظائفه المنصوص عليها في هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبه.

٢- القيام بخدمات ذات صبغة تجارية او انتاجية التي تعود على المواطنين بالفائدة و على اموال البلدية. بالربح.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

چ تێبینیەک هەیە؟ مادده (٤٣) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مادده (٤٤) للوزارات المختصة ان تطلب من البلدية، القيام بصورة مؤقتة أو دائمة بأي عمل يمكن ان يكون القيام به من قبل البلدية اجدى وانفع للجمهور، على الا تتحمل البلدية اية نفقات.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مادده (٤٤)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مادده (٤٥) «على المجلس عند اقراره اي مشروع، ان يحدد الكلفة استنادا على الكشوفات والمواصفات بعد دراستها ومناقشتها، والتأكيد من توافر الاعتماد في الميزانية المصدقة».

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مادده (٤٥) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ لەدژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مادده (٤٦) دەڵێت:

١- تكون قرارات المجلس في استعمال وظائفه المنصوص عليها في هذا القانون والتي لا تتطلب صرف مبالغ من البلدية قابلة للأعتراض خلال خمسة عشرة يوماً من قبل الوزير، اعتبارا

من وصول القرار اليه. وله حق من توقيف تنفيذ هذه القرارات، لمدة لا تتجاوز خمسة عشرة يوماً لغرض دراستها وتقرير ما يلزم بشأنها.

٢- على المجلس ان يعيد النظر في القرارات التي وقع عليها الاعتراض، او التي تقرر توقيفها على ضوء الاعتراضات والبيانات التي اصدرتها الجهة المختصة. وتصبح قرارات المجلس في هذه الحالة غير قابلة للتنفيذ، ألا بعد مصادقة الجهة المعترضة عليها.

٣- ان قرارات المجلس التي لم يعترض عليها خلال مدة الاعتراض او مدة التوقيف، تعتبر نهائية وقابلة للتنفيذ.

٤- للوزير استثناء بعض القرارات الواردة في الفقرة (١) من الاعتراض او التوقيف، وذلك بتعليمات يصدرها لهذا الغرض.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده (٤٦)كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەدژە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادده (٤٧) دەڵێت:

١- تكون قرارات المجلس متعلقة بتقسيم العقارات الخاضعة لمصادقة الوزير او من يخوله، وله استثناء بعض المعاملات من هذه المصادقة في الحدود التي يقررها.

٢- تكون قرارات المجلس بصرف المبالغ المرصدة في ميزانية البلدية المصدقة بما في ذلك الدخول بالتعهدات والعقود الشراء خاضعة للمصادقة، وفقاً لما يلي:

أ- وزارة المالية ولاقتصاد للأقليم، لما يزيد عن (١) مليون دينار للمبالغ المخصصة ضمن الميزانية الاعتيادية.

ب- مجلس الوزراء بالنسبة لما يزيد عن (١) مليون دينار للمبالغ المخصصة ضمن خطة التنمية.

ج- الوزير للمبالغ التي لا تزيد عن (١) مليون دينار سواء على حساب الميزانية الاعتيادية او المخصصة ضمن خطة التنمية.

د- المجلس البلدي للمبالغ التي لا تزيد مبالغها بما مبين ازاء صنف كل واحد منها:

١- الصنف الخاص (١٥٠) الف دينار في كل حالة.
٢- الصنف الممتاز (١٢٠) الف دينار في كل حالة.
٣- الصنف الاول (١٠) الاف دينار في كل حالة.
٤- الصنف الثاني (٥) الاف دينار في كل حالة.
٥- الصنف الثالث (٣) الاف دينار في كل حالة.
٦- الصنف الرابع (١/٥٠٠) الف وخمس مئة دينار في كل حالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە؟ .. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٤٨) لا يجوز اتخاذ قرارات متعددة لصرف مبالغ متعددة من مشروع واحد، لتبرير تجاوزصلاحيات المصادقة على قرارات الصرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٤٩) «للمجلس وضع الاسس التي من شأنها تسهيل تنفيذ وظائفه المنصوص عليها في هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبه».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەدژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٥٠) / يطبق قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذ على اموال البلدية، مع مراعات مايلي:

١- يحل الوزير محل وزير المالية.

٢- يحل المجلس محل مجلس الادارة بالنسبة للأموال المنقولة.

٣- للبلدية بيع العقارات التي لا يمكن الاستفادة منها ببدل المثل للمالك المجاور. بأقتراح من المجلس البلدي وبموافقة الوزير.

٤- للبلدية بيع العقارات ببدل المثل، للجهات الخيرية والدينية، بموافقة الوزير.

٥- تستثنى عقارات البلدية عدا ما خصص منها لأغراض السكن، من قانون بيع وايجار الدولة النافذ.

٦- للبلدية بموافقة الوزير بيع العقارات التي آلت اليها عن طريق الشراء او الأستملاك للدوائر الرسمية والشبه الرسمية بالبدل الذي آل اليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک لەسەر برگە (٣) هەیە، دەڵێت: ئەگەر ئەم برگەیە دەمێنێت وەکو ماڵی دەوڵەت کە ملکەچی یاسای فرۆشتنی موڵکی دەوڵەتە، ئەو کاتە ئەیخەینە سەری.

**بەڕێزکاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەرجی تایبەتی لەشارەوانیدا هەیە: زەوی ئەگەر رووبەری لە (١٢٠)م کەمتر نەبوو، یاشێوە ئەندازەییەکەی نارێک بوو، پێی ناوترێ پارچەی سەربەخۆ (**قطعة مستقلة**). بۆی نییە سوودی لێ ببینێ و رایگەیەنێ (اعلان)ی بکات و بیفرۆشێ بە لەسەر زیاد کردن (مزایدە) لەبەرئەوە دەقرسێندرێ ودەفرۆشترێت، یان دەبێتە موڵکی هاوسێ (مجاور) بە هەڵاوێردنی (استثنا)کردنی و فرۆشتنی، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای رێگاوبان، راستە تایبەتە بۆ ئەو رێگایانەی دەرەوەی سنووری شارەوانی، بەڵام من باسی پێڕەوی رێگاو بیناکاری دەکەم. جێ بەجێ کردنەکە بە دەست شارەوانییە. لەو پێڕەوە باسی پاشماوە (فضلات) دەکات لەپارچە زەویەک کە (١٢٠) م٢ کەمتر بێت، مافی هاوسێ هەیە بۆ خۆی بیکرێت. بەڵام لێرە بەدەقێکی رەها (مطلق) هاتووە. (١٢٠) مەترەکە دیاری ناکات. دوور نییە (٦٠٠) م٢ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٥٠) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ... کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادده (٥١) «للبلدية بيع فوائد الفضاء الكائن فوق ارصفة الشوارع، لأغراض انشاء طابق آخر و اكثر و يسجل هذا الحق باسم المشتري، في دائرة التسجيل العقاري وفقاً لتعليمات يصدرها الوزير».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لە دژە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـاددة (٥٢) «لا يجوز للبلدية ان تتنازل عن اي مال، اوحق بأقل من قيمته الحقيقية عند التنازل».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە (٥٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٥٣) «لا يجوز القيام بأي بناء قبل إستحصال إجازة من البلدية أومن مديرية التخطيط العمراني، وحسب صلاحية كل منهما».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە؟ کێ لەدژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٥٤) دەڵێت:

١- تبدأ السنة المالية للبلدية في الاول من كانون الثاني وتنتهي في الواحد والثلاثين من كانون الاول. وعلى رئيس البلدية تقديم تخمينات الميزانية السنوية، قبل اليوم الاول من التشرين الاول من كل سنة، متضمنة مايلي:

أ- الواردات المخمنة.

ب- المصروفات المخمنة.

ج- الموجودات النقدية والاموال المنقولة.

د- السلف والامانات.

٢- لا يجوز مخالفة قواعد وأسس تنظيم الميزانية التي يصدرها الوزير.

٣- يناقش المجلس تخمينات الميزانييه، وبعد اقرارها تقدم الى الوزارة لأتخاذ ما يلزم بصددها حسب التعليمات المرعية.

٤- تقديم ميزانيات البلديات المقترحة من قبل المدير العام للتخطيط والمتابعة، الي الوزير للمصادقة عليها.

٥- إذا كانت البلدية مدينة الى خزينة الدولة تخضع ميزانتها لمصادقة وزير المالية و الاقتصاد للأقليم.
٦- اذا لم تصدق ميزانية البلدية السبب من الاسباب، قبل السنة الجديدة، يجري الصرف شهرياً بنسبة ١/١٢ من الاعتماد المصدق للسنة السابقة الى ان تتم المصادقة النهائية على الميزانية الجديدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر حسێبی ئەو بودجەیە بكەین لەگەڵ عێراق كە ٤/١ ئەكاتە چوار مانگ، واتا لە یەكی تشرینی یەكەم، لەجیاتی كانوونی دووەم. لیژنەی یاسا ئەڵێ: (٣) مانگ بوار بدرێت بە شارەوانی پێش بودجەی گشتی. كێ ئێستا لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، بەو هەموار كردن (تعدیل)ەشەوە؟ .. كێ دژە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.
بەمەش دانیشتنەكە كۆتایی هات و بەیانی سەعات ٩٫٣٠ دەست پێ ئەكەینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سكرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن** | **سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٣

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢١)

## چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٣/٣

***لەكاتژمێری (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێكەوتی ١٩٩٣/٣/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، وبەئامادە بوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكان.***

***٢- گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یانەسیبی ئاوەدان كردنەوەی هەرێمی كوردستان.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

هیوادارین ئەندامانی پەرلەمان جارێكی تر تووشی ئەو هەڵوێستەمان نەكەن، كە ناچار بین دانیشتن دوابخەین، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

مادة (٥٥):

١- المجلس يشرف على تنفيذ الميزانية المصدقة وهو الامر بالصرف وفق مواد وفصول هذه الميزانية وله ان يخول رئيس البلدية صلاحية الصرف بحدود معينة.

٢- لايجوز للمجلس اجراء المناقلة بين فصول ومواد الميزانية المصدقة خلال السنة المالية الا بموافقة الوزير.

٣- لايجوز اجراء مناقلة ن الاعتمادات المصدقة لتسديد الديون المترتبة على البلدية لوزارة المالية والاقتصاد او بضمنها الا بموافقة الوزير.

٤- يجري الصرف الذي خول به المجلس وفق الاصول المتبعة في قانون اصول المحاسبات العامة على ان يحل وزير البلديات والسياحة محل وزير المالية والاقتصاد وله اصدار التعليمات التي تنظم تنفيذ ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادده (٥٥) تێبینی لەسەر نییە، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
المادة (٥٦): يودع الحساب الختامي للميزانية المالية المنصرمة خلال شهر شباط الى وزارة المالية والاقتصاد للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم مێژووە (خلال شهر شباط) کەس تێبینی لەسەری هەیە؟.. وابزانم ئێمە ساڵی داراییمان گۆڕی، بەپێی ئەوە ئەبێ ئەمیش بگۆڕین.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
حسابی کۆتایی، ئەوەی تر پێشنیاری وەزارەتی داراییە کە پێویست بوو پێشکەشی بکات، بەڕای ئێمە دوو مانگ بەسە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵام دەبێ حسابی کۆتایی پێش دیاری کردنی بودجە بێ، بۆ ئەوەی بزانین چۆن بودجەی ساڵی ئەوەندە دیاری دەکەین و، چۆن دەکەوێتە دوایی ساڵ وبۆ نموونە دەبێ ئەمساڵ ئێمە دەست بەئامادە کردنی بودجەی ساڵی (١٩٩٤)بکەین، بەگوێرەی ئەوە دەبێ حسابی کۆتایی (١٩٩٣)یش لە (٩٤)دا بکەین.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
حسابی کۆتایی هەردەم پێش ساڵی دارایی (مالی) دەبێ چونکە ١١/٣١ حەقە دەستی پێ بکرێ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵە مادده (٥٦)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادة (٥٧):
١- يقيد ايراداً نهائيا لخزينة الاقليم الديون والأمانات التي لم يراجع اصحابها لقبضها خلال (٥) سنوات من تاريخ إنتهاء السنة المالية التي استلمت فيما عدا الملتزمين والمتعهدين ولوزير المالية والاقتصاد ان يأمر باعادة الديون الامانات التي لم يراجع اصحابها خلال المدة المذكورة اذا ثبت لديه بان عدم المراجعة كان بعذر مشروع وعلى كل حال لاتقبل

الرجوع الا بعد مرورعشر سنوات.

٢- تستثنى احكام هذا المادة الديون.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەبۆچوونی من (٥) ساڵ زۆر کەمە ببێ بە (١٠) ساڵ باشترە، (تعيد ارادا نهائيا لخزينة من جميع الديون والامانات ان لم يراجع اصحابها لقبضها خلال عشر سنوات من تاريخ انتهاء السنة المالية التي استلمت بها عن الامانات)، سوپاس.

**بەڕێز كـاكــەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو (٥) ساڵە وەکو دەگوترێ قاعدەیەکی جێگیرە بۆ هەموو فەرمانگەکانە ئەگەر دەستکاری بکەین حەز ناکەین جیاوازی لەنێوان فەرمانگەکاندا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێزد. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەبۆچوونی من یەکەم جار مادده بێ هەتا گفتوگۆی یاسای دەسەڵاتی دادوەری (قضائی) لەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز حـــەســـــەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوەی کە عوزرێکی ڕەوای هەیە سەردان (مراجعة) ناکات، دەبێ جیاوازی یەکی هەبێت لەگەڵ ئەوەی کە عوزری نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ڕستەیە (لاتقبل أية مراجعة بعد مرور عشر سنوات) کە داڕشتنەوەی دەوێ تاکو باشتر بگونجێ وشەی (ماعدا)یش بۆ داڕشتنەوە دەیهێڵینەوە. کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەی (٥٧)؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولكەریم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة ٥٨: يشرف الوزير على اعمال البلديات ومراقبة تنفيذ ميزانيتها وتدقيق حساباتها وله ان يوفد المفتشين والمدققين لهذا الغرض، وعلى المؤسسات البلدية ان تقدم التسهيلات اللازمة لهم، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مادە (٥٨) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

مادة ٥٩ : اذا اقتضت المصلحة العامة الغاء شارع قديم واحداث شارع جديد عوضاً عنه بموجب الخارطة المصدقة، جاز للمجلس التصرف بالشارع المذكور بيعاً وايجاراً وحسب الخارطة المصدقة، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لێرە کە جادەیەک یا کۆڵانێک تێک دەدرێ جادەی نوێی لێ دەکرێتەوە هەر چەندە بۆ بەرژەوەندیی گشتییە، بەڵام دەبی خاوەنی ئەو خانوانەی کە بەبەر جاددە دەکەون قەرەبو بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو ماددەیە چارەسەری ئەوە ناکات، ئەوەی کاک شێخ ئەحمەد باسی کرد ئەو شەقامەی کە دەکرێتەوە بەموڵک دەکرێ (استملاک) دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

کێ لەگەڵ ماددەی (٥٩)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة ٦٠ : على المجلس ان يقرر لغرض تنفيذ التصميم الاساس والتصاميم التفصيلية والقيام بالخدمات والمنافع العامة وما يقتضي من الاملاك المشيدة او المقسمة سابقا وفقاً للتصميم المصدق على ان لاتتجاوز على ربع المساحة العامة لكل ملك مجاناً وذلك اذا كان الملك ارضا وعند اعادة بنائه اذا كان ملكاً مشيداً وفي حالة ما اذا اقتضى اخذ أكثر من الربع فعلى المجلس ان يستملك مايزيد على الربع وفقاً لقانون الاستملاك النافذ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی (٦٠) کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

المادة (٦١): حل المجلس..

١- لمجلس الوزراء بناءً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه واذا كانت البلدية من الصنف الخاص و الممتاز اما بالنسبة للأصناف الاخرى فيقدم الاقتراح من قبل المدير العام للبلديات وموافقة الوزير.

٢- على الوزير ان يعلن الانتخابات في المنطقة التي يتقرر حل المجلس فيها بموجب الفقرة السابقة خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ حل المجلس لأنتخاب مجلس يحل محل المجلس

السابق وتكون مدة مكملاً له.

٣- تناط اعمال المجلس بلجنة يشكلها الوزير بناءً على اقتراح المدير العام للبلديات اعتبارا من حله حتى انتخاب المجلس الجديد ولايجوز لهذه اللجنة ان تتخذ اي قرار في معالجة اية قضية يقتضي الصرف عليها من صندوق البلدية ولم يسبق للمجلس ان اتخذ قراراً بها عدا المصاريف الدائمة الاعتيادة المرصدة في الميزانية المصدقة الا في حالات الضرورة بناءً على اقتراح المدير العام للبلديات وموافقة الوزير.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی یەکەم وبڕگەی سێ یەمدا (الصنف الممتاز) هاتووە (الصنف الخاص والممتاز)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەماددەی (٥٩) ئەلفێک زیادە (وحسب خارطة مصدقة) نەک (او حسب خارطة مصدقة)؟

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێ بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆی هەیە کە ئەنجومەنی شارەوانییەکان هەڵوەشێنێتەوە کاتێک نییە لەنێوان ئەو هەڵوەشاندنەوەیەدا دەبێ دیاری بکرێ بۆ هەڵبژاردنی تازە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برگە (٢) بخوێنینەوە وابزانم (بموجب الفقرة السابقة اعلا)ی تێدایە لەماوەی (١٥)رۆژدا کە هەڵبژاردن رادەگەیەندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

قسم /٢ صلاحيات التنفيذ:

اولاً- صلاحيات رئيس البلدية مادة ٦٢/ يمارس رئيس البلدية او من يخوله صلاحية التنفيذ التي تشمل الاختصاصات التالية:

١- ادارة شؤون البلدية والاشراف على اعمال الموظفين والاجراء.

٢- ادارة اموال البلدية وعقاراتها وصيانتها.

٣- ادارة واردات للبلدية وجباتها ومراقبة حساباتها.

٤- التوقيع على المخابرات والتي تصدر من البلدية.

٥- يمثل البلدية امام المحاكم والدوائر كافة وله ان يوكل غيره واذا تعارضت مع مصلحته مصلحة البلدية، يقوم نائب الرئيس مقامه في تمثيل مصالح البلدية ويمثل الرئيس او نائبه

بلديته في جميع المناسبات العامة.
٦- الصلاحيات الاخرى التي يخولها له المجلس وعليه أن :

أ- يقدم التقارير التالية الى المجلس وصورة منه الى الوزارة تتضمن خلاصة الاعمال التي انجزتها البلدية والمسائل التي عالجتها وكشفها بمدخولات البلدية ومصروفاتها وملاحظاتها ومقترحاتها حولها :

١- تقرير نصف سنوي ويقدم في نهاية حزيران.
٢- تقرير سنوي ويقدم في نهاية كانون الاول.
٣- تقرير نهائي يقدم خلال الشهر الاخير لدورة المجلس.
٤- تقرير حول مشاريع التنمية على حساب الخطة.

تقدم هذة المشاريع بموجب الضوابط التي يصدرها المجلس الوزراء .

ب ـ للمجلس ان يناقش التقارير المذكورة في الفقرة السابقة وله ان يتخذ القرارات اللازمة في المسائل التي تكون ضمن اختصاصاته.

جـ - للبلدية نشر التقارير الواردة في الفقرة (أ) على المواطنين بطرق الاعلان المختلفة بناءً على اقتراح المجلس وموافقة الوزير.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر پاش ئەوەی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی شارەوانی وئەندامەكانی دەخوێنینەوە ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شتەی كە بڕیاری لەسەردرا، بەداخەوە لەسەر پێشنیاری هەندێ لە برادەران بەشێوەیەكی سۆز ئامێز(عاطفی) ڕاستاندومانە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئێستاش لەو باوەڕەدام و دەڵێم ئیشی سەرۆكی شارەوانی لەئی پارێزگار گرانترە حەق نییە پارێزگار لێپرسراوی سەرۆكی شارەوانی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وتمان ئێمە هێشتا (قانونی محافظە)مان نەهاتۆتە پێش بۆئەوەی مەرجێكی بۆ دانێین، بەڵام گرنگ ئەوەیە گیروگرفت تەواو ،قسەی كاك نەژاد مەسەلەی بڕوانامەی زانكۆیە، ڕاستە بە مرۆێكی نەخوێندەوار ئەو شتانە ناكرێ، بەڵام مەرج نییە هەر دەرچووی زانكۆ بێت، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ .. كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولكەریم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادة ٦٣ : للبلديات ان تخاطب المحاكم والدوائر والمواطنين بما يتعلق بواجباتهم مباشرة على ان

ترسل نسخ من المكاتبات المهمة الى الوزارة.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە (المكاتبات المهمة) چییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تكون للبلدية عضوية نسبية)یە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە پرسیارێکی تر هەیە دەوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی چیە لەم کاتە، ئەگەر شارەوانی هەر سەر بەوەزارەت بێ؟

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتمان لەیاساکەدا نوسراوە (الوزارات) لەنووسراوە رەسمییەکانی وەزارەتدا بەتەنیا نانوسرێ، دەنوسرێ وەزارەتی شارەوانی (مدير بلديات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام شارەوانییەکان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانەوە نەبەستراونەتەوە، با فەرمانگەکان قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا بکەن، ئەوانیش لەگەڵ وەزارەتدا ئیشی خۆیان جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەر شوێنێک کەنووسراوە لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی تا وەزارەت ئیتر مەرج نییە بگاتە دیوانی وەزارەت و وەزیر، بەڕێوەبەرە گشتییەکان جێبەجێی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام فەرمانگەی خوارەوە قسە لەگەڵ فەرمانگەی سەرەوەی خۆی دەکات بۆ ئێمە دەستنیشانی نەکەین؟.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا بەهیچ جۆرێک شتێک راستەوخۆ ناگات هەتا بەو شوێنەدا تێ نەپەڕێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با دیاری نەکرێ بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر وشەی وەزارەت لابدەین بەڕێوەبەری شارەوانی لەقەزاکانیش هەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شارەوانی مافی ئەوەی هەبێ کە قسە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی بکات.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەموو فەرمانگەیەک پێڕەوی ڕێنومایی خۆی هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ هەموو فەرمانگەیەکدا، پێشنیار دەکەم کە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحمود فەندی دێرشەوێ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر شارەوانی (قەزاوناحیە) هەڵبژاردن بکات وەکو دەڵێن دەسەڵاتی شارەوانی (قەزا) بەهێزتر دەبێ لەبەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان. قسە کردن لەگەڵ وەزیر بێ نەک لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شارەوانی (ناحیە) نابێ یەکسەر (مخاطبە)ی وەزیر بکا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدواداچوونێکم لەسەر قسەی مامۆستا مەلامحمود هەیە، ئێمە وەزارەت وسەرۆکی شارەوانی و، ئەنجومەنی شارەوانیمان هەیە، بەڵام خۆ ئەوانە سەرپەرشتی ئیشی بەڕێوەبردن ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکی بچووکم هەیە لەسەر ئەوەی کاک برهان ووتی ئەم ماددەیە پێویست نی یە هەبێ، بەڵام پێویستە هەبێ، چونکە پەیوەندی کردن لەگەڵ هاووڵاتیان شتێکی ڕاست نییە، واتا فەرمانگەکان پەیوەندیان لەگەڵ ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المهمة) کێ دیاری دەکات چۆن دیاری دەکرێ؟ با بنوسرێ (مکاتبات عامة)، بەڵام بۆ بدرێ بەدیوان؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو قانوونەی کەدەردەچێ ڕێنومایی بۆدابنرێ لەو ڕێنومایییانە دیار دەخرێ کە نووسراوەکان دەچن بۆ وزارات یا ناچن ئەمە بۆ پێڕەوی لێ بگەڕێن باشترە، سوپاس.
**بەڕێز مەلا تەلحە سەعید قەرەنی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادده (٦٣) (للبلديات ان تخاطب المحاكم والدوائر والمواطنين فيما يتعلق بواجباتهم مباشرة) ئەوە سەربەخۆیە وپێی ناوێ بلێین: (ان ترسل نسخ من المكاتبات المهمة الى الوزارة)، سوپاس.
**بەڕێز مەلامحسن سالح عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وا دەزانم بەنیسبەت ئەوە ئەو نووسراوە گرینگانە بنێردرێن بۆ وەزارەت، سوپاس.
**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەربارەی (مخاطبات) پەیڕەوێکی تایبەتی هەیە ئەگەر بێتو شارەوانی (ناحیە) یەکسەر نووسراو بۆ وەزارەت بنێرێ، وەزارەت سزای شارەوانی دەدا، پێویستە ئەمە لەپێڕەوی ناوخۆ چاک بکرێ من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە هەر نەمێنێ چونکە پێڕەوی ناوخۆ چارەی ئەمە دەکا، سوپاس.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەهەموو ناحیەیەک بەڕێوەبەری شارەوانی هەیە، شتێکی سروشتییە کە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە پلە بەپلە دەبێ (تسلسل المراجع) واتا شارەوانی (سەرسنگ) بۆ بەڕێوەبەریەتی شارەوانی پارێزگای دەنێرێ، سوپاس.
**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێشنیار دەکەم وای لێ بێ (للبلديات ان تخاطب المحاكم والدوائر والمواطنين فيما يتعلق بواجباتهم مباشرة) ئەوەی تر زیادە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
با بە پێڕەو دیاری بکەین، ئەو پێشنیارەی کە کاک فەرەنسۆ کردی ڕاستەوخۆ پاش ئەرکەکانی دێت، ئەوەی تر زیادە لەپێڕەو دیاری بکرێ کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا لەگەڵ هەموار کردنەکە (تعديله)کە.
**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
المادة ٦٤ : ٢- وظائف اللجنة التنفيذية :

١- تكون للبلدية لجنة تنفيذية برئاسة رئيس البلدية مع عضوين.
٢- يجري تعيين اللجنة التنفيذية ببيان يصدره رئيس البلدية.
٣- تقوم اللجنة التنفيذية بدراسة قرارات مجلس البلدية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت بڕگە (١) دەڵێ (تكون للبلدية لجنة تنفيذية برئاسة رئيس البلدية مع عضوين من ضمنهما رئيس البلدية) یانی هیچمان نەكرد هەر سەرۆكی شارەوانی خۆی شتەكە دەكات، لەبەرئەوە شتێكی بەرزتر بێ، دەبێ ئەنجوومەنی شارەوانی دابنرێ لەنێوان ئەو كۆمەڵەی كە هەڵبژاردراون، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پرسیارم هەیە كە دووكەس دەست نیشان بكەن كە فەرمانبەری شارەوانی بن، یا لەدەرەوەی شارەوانی بن، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

خۆی بریكاری سەرۆكی شارەوانی سەرۆكی كاری ڕاپەڕاندنە، ئەگەر ئەو دوو پیاوە لەگەڵیشیدا بن هەر بۆخۆی ڕاپەڕێنەرە (منفذه)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە ئەو لیژنەی ڕاپەڕاندنە (تنفیذیە) سەرئێشە دروست كردنە بۆ سەرۆكی شارەوانی، چونكە یەكێ پارتی دادەنرێ ویەكێكی یەكێتی دادەنرێ وسەر لەسەرۆكی شارەوانی دەشوێنێ پێم وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەكەم لەبری دوو ئەندامی شارەوانی (عضوین بلدیة) بگوترێ (یبتها مجلس البلدیة) ودیارە ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیار دەراستێنێ، گەر ئەوان بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پشتگیری قسەكانی كاك فرەنسۆ دەكەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاک فرەنسۆ بەجێیە، چونکە ئیشی شارەوانی خزمەت کردنی خەڵکە، جا دوو حاڵەتمان هەیە، یا ئەوەی کاک فرەنسۆ وتی، یا سەرۆکی شارەوانی دوو کەس دادەنێ بەئارەزووی خۆی، کێ لەگەڵە برگە(١) لە ماددە(٦٤)هەڵوەشێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا کە هەڵوەشێتەوە، واتا (إلغا) بکرێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة ٦٤: للوزير ان يخول رئيس البلدية مايراه ضرورياً من الصلاحيات المقررة له بموجب القوانين المرعية لتسهيل اموره الادارية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة ٦٥: الفصل السادس/ مؤتمر البلديات:

١- يدعو المدير العام للبلديات رؤساء البلديات ومديرى البلديات وماتدعو الحاجة اليه من مهندسين ومحاسبين الى مؤتمر مركز المحافظة على ان يبلغ الاعضاء بموعد المؤتمر قبل ١٥ يوماً على الاقل.

٢- ينعقد المؤتمر برئاسة المدير العام للبلديات ويقوم بدراسة المشاكل الخاصة والعامة لكل بلدية وتقديم التوصيات اللازمة عن هذه المشاكل ورفع كفاءة البلديات وتنسيق اعمالها.

٣- على المؤتمر تهيئة المواضيع الهامة التي يجب طرحها في المؤتمر السنوي العام الذي ينعقد في اربيل.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم ئەوەیە ئەمە پێویستە بەپێی یاسا جێگیر بکرێ یاشارەوانی کۆنگرەیەک ببەستی بۆ چار کردنی گرفتەکانی خۆی، یا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەر دەربارەی مادە (یەک) نییە بەڵکو دەربارەی هەموو فەسڵەکانە. کۆنگرەی شارەوانییەکان وادەزانم بەپێڕەو بێ باشترە لەوەی لەناو یاساکەدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مێژووی تیا بوایە باشتر بوو، تاکو دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا پێویستە لەیاساو پێڕەودا بنووسرێ شارەوانی کۆنگرەکانی خۆی ببەستێ و، ئیشوکاری فەرمانگەکانی بەچاکی بەڕێوە ببات؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ شک کاک شێروان گوتی بەپێڕەو وبەڕێنومایی بێ وەزیر هەر کاتێ بەپێویستی زانی ئەم کۆنگرەیە ببەسترێ، بەشوێنێکی دیاری کراوە وەنەبەسترێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ کاک شێروان وکاک سەید حەسەنم، چونکە کۆنگرەکە دەڵێ راسپاردە، چ بڕیار وشتی وا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مادە ٦٥ فەسلی شەش بۆ پێڕەو بێ چۆن حەز دەکەن باوای لێ بکا. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟..
ماددەکانی(٦٥ ـ ٦٦) بمێنن. کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا ئەم دوو مادە نەمێنن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة ٦٥: تعتبر البلدية من السلطات العامة المؤسسة قانوناً ولها ان تطلب من كل فرد الاذعان لاوامراها المصادرة منها والمبلغة أو المعلنة بصورة منتظمة واطاعة موظفيها القائمين باعمالهم المخولين بالصلاحية ومن يخالف ذلك يعاقب وفق القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە، پێشنیاری سکرتێرە دەڵێ (االمزودين) بکرێ بە(المخولين بالسلطة) لێژنە با دایبڕێژێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

مادة ٦٦:

١- يعاقب شاغل العقاركامل الاهلية بالحبس لمدة لاتتجاوز(١٠) ايام او بغرامة لا تزيد عن مائة دنيار او كليهما اذا فتح مجرى للمياه القذرة أوالفائضة عن عقاره الى شارع او انشاء حوضاً لها في الشارع، وقرر رفع المجرى وردم الحوض من قبل شاغل الدار خلال (٣) ايام وبعكسه تقوم البلدية بذلك ويتحمل شاغل الدار كافة النفقات.

٢- يعاقب شاغل الدار كامل الاهلية بغرامة لاتتجاوز خمسين ديناراً اذا اثبت انه القيت من داره قاذورات او ازبال اومياه قذرة الى الشارع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ پێشنیاری هەیە لەسەر مادە «٦٥»؟ كە دەڵێ دیاری نەكراوە چ دادگایەک ئەو سزایە دەدات.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارمان كرد، نەمان وت دەسەڵاتی هەمەلایەنی دادوەری دادگای تایبەتی لەفەرمانگەكان هەبێت بەو ئیعتوبارەی فەرمانگەی شارستانی (ویلایەتی) تەواوی هەیە لەسەر هەموو مەسەلەكان، پێشكەشی دادگا سزا دەرەكان بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی دەربارەی برگەی(٢) من رازیم، بەڵام برگەی (١) زۆر سزاكەی كەمە لەبەر ئەوەی زەرەرە گشتییەكان دەگرێتەوە بۆی هەیە نەخۆشی بڵاوبكاتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم سزایەكەی بكرێتە مانگێک، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگە(٢) ئەوە با دەسەڵاتی بەڕێوەبەری شارەوانی بێت، چونكە بەڕێوەبەری شارەوانی ناتوانێ بۆ (٥٠) دینار هاتوچۆی دادگا بكات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەلایەن زۆر كردنی سزا، كە بكرێ بەمانگێک یا بە (٥٠٠) دینار سزا، وابزانم ئەوسزادانە تەنیا لەسەر ئاو دەرچوونە لەماڵانەوە بۆ دەرەوە ،میللەتەكەی ئێمە زۆربەی زۆری هەژارن لەوانەیە ئەو سزایە زۆر بێ، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبارەی تێبینییەكەی كاک سەعید فەرمووی كە بەڕێوەبەری شارەوانی دەسەڵاتی بدەینێ دەبێ دەسەڵاتی دادوەری سزادانی بدەینێ، نامانەوێ ئەمەش بكەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە زۆر لە وڵاتانی دیموكراتی، لەهەندێ بابەتی وادا یەكسەر سزای راستەوخۆ وەردەگیرێ، ئایا ناشێ شارەوانی ئێمەش دەسەڵاتێكی لەو بابەتەی پێ بدرێ؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو سزادانە دەست بەجێیە تەنیا لەلای پۆلیسی هاتوچۆ كردن هەیە، كە لەگەڵ هەر سەرپێچی

یەکدا ڕاستەوخۆ سزاکەی لێ وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاوەنەکەی دەتوانێ بچێتە دادگا، یاخود لەدادگا بانگ دەکرێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئەو دەسەڵاتەمان نەدا لەشتی تر زۆر ترساین، چونکە میللەتەکەمان میللەتێکی پاشکەوتەیە، ڕەنگە لایەنێک یەکێ بگرێ (٥٠) دینار سزای لێ بستێنێ، بۆ ئەوە نەختێک ئاوەڕۆی هاتۆتە دەرێ، لەڕاستیدا نەمانویست ئەو بوارەی بدەین، بەڵام کە چووە دادگا ئیشە کە باشتر بەیاسا دەڕوا، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکی ترم هەیە، ئەگەر بێتو سەرۆکی شارەوانی لەگەڵ سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن بێت، چونکە ئەوەی دوایی دەسەڵاتی زۆری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو ئەو دەسەڵاتە بدەینە سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن (وەحدەی اداری) یانی بەرپرسیەکەمان پارچە پارچە کرد، ئەو کەسەی کە سەرۆکی شارەوانییە، خۆی بەرپرسە لە ئیشەکە، بۆ سزایەکە بدات؟ وەکو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ چۆن خۆی ڕاستەوخۆ فەرمانەکە جێ بەجێ دەکات ئاوهاش دەسەڵاتەکە بدەین بە سەرۆکی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شارەوانی دادگایەکی تایبەت بەخۆی هەبێ، وەک ئەوەی کە وەزارەتی داد دەسەڵات بدات بە دادوەرێک کە دادگایێکی تایبەتی هەبێت بۆ سزادانی بۆ سەرپێچی کردن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت دەیڵێ ئەوە لە ئەمیندارێتی گشتی بەغدا کاری پێ دەکرێ، واتا دادوەری تایبەتیان بۆ دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەگەر دادگاکە بڕیاری لەسەر درا کام دادگا لەشارەوانی پێک بهێندرێ؟ لەدەرەوە لەگەڵ ئەوە هاودژ نەبێ، ئینجا ئەو دادگایە بەپێرەوێک پێک دەهێندرێ لەشارەوانی بڕیاری پێ دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادەی ٦٦/ە وەکو خۆی بێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل السابع احكام متفرقة مادة (٦٧):

١- تسجل باسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون او التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية او التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها وجميع اراضي وزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها والاراضي التي لاتثبت ملكيتها لاحد وعلى دوائر التسجيل العقاري تسجيل هذه الاملاك في سجلاتها باسم البلدية مباشرة دون رسوم.

٢- لايجوز افراز الاراضي الواقعة خارج حدود البلديات للاغراض السكنية والصناعية الا بموافقة الوزارة وكما يلي:

أ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الخاص بمسافة ١٠ كم.

ب- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الممتاز بمسافة ٧ كم.

جـ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الاول بمسافة ٥ كم.

د- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الثاني والثالث والرابع بمسافة ٣ كم.

٣- على التخطيط العمراني وضع ضوابط ومخصصات بالتنسيق مع البلدية توضع كيفية افراز هذه الاراضي.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە لەجەنابی وەزیری شارەوانییەکانی دەکەم. لە سلێمانی شەقامێکی بازنەیی هەیە کە خانوو وشتی لێ بکەن تا سلێمانی گەورە بێت (١٠) کم دەگرێتەوە کە ئەو زەویانە کە نزیکی گوێژەیە، ئەو دە کیلۆمەترە زۆرە، چونکە ئێستا خەڵکی سلێمانی دەیانەوێ بەرەو رووی شەقامەکە بڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا بۆ ئەوە با شارەوانی سلێمانی پێشنیار بکات بۆ وەزارەت کە ئەو دە کیلۆمەترە کەم بکرێتەوە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە ئەوەیە بۆ جەنابی وەزیر کە ئێستا ئەو دوو شەقامە بازنەییەکە بەدەوری سلێمانی داهاتووە ئەو دە کیلۆمەترە دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی کـاک کـەمال وتی بابەتی( ١٠ ) کم دەکەوێتە دەرەوەی تخـووبی شارەوانی وئەمـەش لێک جیاکردنەوە (ئیفراز کردنی) دەوێ ئینجا دابەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال ئـیـبـراهیم فـەرەج شـالّی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی پرسیارەکەی کـاکـەرەش ئەو زەوییانەی کە لەدەرەوەی تخـووبی شارەوانینە کە شەقامەکەی سلێمانی وەختی خۆی لەسەردەمی (بەعس) ئەگەر خەڵک زەوی هەبوو بێ بەحسابی ناو شار لەسەریان تاپۆ کراوە، هەندێک وەختی خۆی وەریان گرتووە هەندێکی تر نا، یا ڕەتی کردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی کـاک کـەمال فـەرمـووی (اراضي مـعـدة للسكن) بۆی نییـە بکەوێتـە دەرەوی سنووری شارەوانی زەوییەک وەسفی ئەوە بێ (معدة للسكن) ولەسەر تاپۆکە نوسرا بێ ئەوە (مخصصة للسكن) ناکرێ لەدەرەوەی تخووبی شارەوانی بێت، سوپاس.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لێـرە مـەبەست ئەوە نییـە دەکـەوێتـە ناوسنووری شـارەوانی یان نا، لێـرە هەمـووشـارەوانییـەک سنوورێکی چەسپـاوی نەگۆڕاوی هەیە دەسـەڵاتی هەیە بەپێ ی فـەسلی ئەو سنووره بگۆڕی، بەڵام ئەو ئێـسـتـا ئەو سنووره هەیە، مـاوەی( ١٠ ) کم لەدوای ئەو، ئەگـەر ویـسـتـرا جـیـای بکەنەوە (افرازی) بکەن دەبێ ڕەزامەندی وەزارەت وەبگرن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەگـەر ئەوەی جەنابت فـەرمـووت ناگونجێ لەگـەڵ ڕاست کردنەوەی بنەمـای شـاری سلێـمـانی، با لەوەزارەتەوە بۆ ئەم بابەتە داوا بکرێت.

**بەڕێز کـەمـال ئـیـبـراهیم فـەرەج شـالّی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو پرسیارەم لەسەر مەسەلەی زەمانی بەعسە،کە سنووریان دانا بۆ سلێمانی کە نابێ لەوە زیاتر فراوان بێ، لە دوو جادەکەوە ئێستاکە زەوی هەیە خەڵک دەیانەوێ خانووی لێ بکەن، ئەوە دەبێتە بەرهەڵست، سوپاس.

**بەڕێز کـافـیـە سلێـمـان/ وەزیری شـارەوانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لێرەدا ڕوون کردنەوەیەک دەکەم بۆ قسەی کاک کەمال، بەنسبەت ئەو( ١٠ ) کم کە لەدەرەوەی

سنووری شارەوانییە پەیوەندی نییە بەوە چونکە سنووری شارەوانی شتێکە وسنووری رەنگ رێژی (تصمیم) شتێکی ترە، سلێمانی سنووری شارەوانی تا (سەرچنار) بردەکا، بەڵام سنووری رەنگرێژی (تصمیم) تا ئەو رادەیە نارِوا یان نەکراوە، سوپاس.

**بەرێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو زەوییانەی کە کشتوکاڵین ولەدەرەوەی سنووری شارەوانین، دەڵێ ناکرێ بکرێتە خانوو، بەڵام ئەگەر هاتوو وەزیر رەزامەندی نیشان دا، سوپاس.

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو زەویانەی کە لەدەرەوەی سنووری شارەوانین، بەرای من پێویستیان بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیر نییە، هەندێ لەو زەویانە کشتوکاڵین یان ئی داراییین، لەبەر ئەوە رێ نادرێ، دیاری ناکرێ لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە یان لەشارەوانییەوە یان لەوەزارەت، سوپاس.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبرگە یەک هاتووە کەدەڵێ (تسجل باسم بلدیة جمیع اراضي وزارة المالیة)، بەڵام تاکو لیژنەیەک پێک نەیەت نابێت، سوپاس.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم برادەران مادەکەی هەندێ بەباشتر بخوێنینەوە (لایجوز افراز الاراضي الواقعة خارج حدود البلدیات للأغراض السکنیة أوالصناعیة الا بموافقة الوزارة) لێرە مەبەست چییە؟ مەبەست ئەوەیە زەوی یەک لەدوای سنووری شارەکە بێت یەکێ بچێ جیای بکاتەوە (افرازی) بکات وەزیری شارەوانی دەزانێ ئەم شوێنە جادەی دەکەوێ قوتابخانەی لێ دەبێ جێگەی گشتی لێ دەبێ هەر لەبەر ئەوەیە، خۆ ئەو زەویە نابێتە موڵکی وەزیری شارەوانی و هەرکەس ملکی خۆیەتی تەنیا افراز کردنەکە قەدەغە کرایە مەرج ئەوەیە وەزیر رەزامەندی هەبێ، چونکە وەزیر مەزەندەی فراوان بوونی داناوە بۆ شارەوانییەکەی خۆی بۆیە رەزامەندی وەزیری دەوێ، سوپاس.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی تێبینی یەکی مامۆستا مەلاهادی، کە دەڵێ شارەوانی زەوی یەکە بەناوی خۆی تۆمار بکات، ئێمە باسی ئەو زەویانە ناکەین کە لەناو سنووری شارەوانیدان، باسی ئەو زەویانەی دەکەین کە لەدەرەوی سنووری شارەوانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٦٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٦٨/ لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ٦٨/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٦٩/ للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسيهل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ٦٩/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٧٠/ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ٧٠/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٧١/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ٧١/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا یاسای شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کراو راستاندرا (تصديق)کرا، هیواداریین سەرکەوتووبن، خاڵی دووەم یاسای (یانصیب).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

مجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

القرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ بناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٩٣/٣/٣ اصدار القانون الاتي :

قانون رقم (٧) لسنة(١٩٩٣ ) قانون يانصيب كوردستان العراق.

المادة الاولى :

تشكل لجنة باسم لجنة يانصيب اعمار أقليم كوردستان العراق برئاسة وزير الاعمار والتنمية و وكيل الوزارة نائبا للرئيس وممثل عن وزارة المالية والأقتصاد والصحة والشؤون الاجتماعية والزراعة والري والتربية والصناعة والطاقة بدرجة لاتقل عن مدير عام.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی وەزارەتی دارایی ناوی تەواوی داراییی وئابوورییە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ چەند وەزارەتێک کە زۆر گرنگن پەیوەندی دارن بە ئاوەدان کردنەوە وپێ گەیاندن ئەوانیش وەزارەتی تەندروستی وکاروباری ئەشغال ونیشتەجێ کردنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بخرێتە سەر ئەشغال ونیشتەجێکردن.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم خۆشە بەبۆنەی تەواو بوونی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان زۆر سوپاسی ئێوەو هەموو ئەوانە بکەم کە پێوەی ماندوو بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی وەزیری شارەوانییەکان دەکەین بۆ ئەو هەوڵەی کە دای بۆ ئەوەی یاسای شارەوانییەکان بەو شێوەیە دەرچێت، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**بەڕێز مەلامەحمود فەندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایەی یانصیب لایەنی خراپی تێدا هەیە، کەجۆرێکە لە قومار، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەکانم مامۆستا مەلا مەحمود کردنی، ئێمە لەسەر دینی ئیسلامەتین، ئەو پارەیەی

لەرێگای یانەسیبەوە کۆ دەکرێتەوە حەرامە، کە کوردستانی پێ ئاوەدان دەکرێتەوە، حەق وایە ئێمەی موسڵمان پێی رازی نەبین، داوا دەکەم ئەمە هەموار بکرێ وهەوڵ بدیەن لەرێگایەکی ترەوە کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مامۆستایان هەمان رایان هەیە وهەموو داوای هەموار (تعدیلیان) کردن دەکەن وچ زیاد کردنی تر نەبێ لەسەر بابەتەکە ئەوا ئێمەش پشتگیری پێشنیارەکەی بەرێز محەمەد تاهیر دەکەین.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەوە دەکەم کەلیژنەیەک پێک بێ لە وەزیر و بریکارو جێگرەکەی وپێشنیاریش دەکەم وەزارەتی دارایی هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی وەزیری لەگەڵدا بێ، سوپاس.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماوەی هەڵبژاردن، حزبە کوردییەکان دروشمێکی پیرۆزیان هەڵگرت، ئەویش کەوا جوتیاری کورد لە سەرف کردنەوە بگەرێتەوە بۆ بەرهەم هێنان لەجیاتی ئەم هەموو خەڵکانە لەناو شاردا بەنزین بفرۆشن یان جگەرە و ئیشی خراپە بکەن پیرۆزترین ئیش ئەمەیە کەوا بگەرێنەوە بۆ سەر دێهاتەکانیان وبەرهەمیان هەبێ وسوود بەخش بن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان نایەوێ ئەو یاسایە هەبێ، بۆچوونی دووەمیش پشتگیری لەم یاسایە دەکا، لەبەر ئەوە با بیبرێنینەوە، دوایی دەگەرێینەوە بۆ گفتوگۆ کردن، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم یاسایە گفتوگۆ بکەین؟

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی زۆر باشت کرد بۆ ئەوانە بەلای کەمی ماوەی.. چارەگێک پشوو بدەین، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە مەلاکان قسە بکەن ،پێشنیارەکە هی شێخە با شێخیش رای خۆی بدا بابزانین چی لێ دەردەچێ. سوپاس.

**بەرێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا مەلاشەریف وتی زۆر روونە، بەلام مەسەلەیەک هەیە کە وەک کاک ئیبراهیم وتی ئەگەر چاوەرێ بکەین، حکومەتی کوردستان شتێک بدا بۆ ئاوەدان کردنەوە زەحمەتە، من

ئاسانترین پرۆژەم پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزارەت کردووە کە(٧٦) ملیۆن دینارە، ئەوەی کە پێشنیاری وەزارەت بێ کە ئێستا ئامادەی کردووە وحکومەتی کوردستان ناتوانێ ئەو(٧٦) ملیۆنە تەرخان بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمود فەندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەزانین کە کوردستان وێران بووە راستە، بێگومان خراپی بە خراپی نابێ چارە بکرێ لەلایەک ئاوەدانکاری بکەین ولەلایەکی تر ئەم کارە ببێتە هۆی شتێکی دوور لەڕەوشت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من رێزم هەیە بۆ بۆچوونی مامۆستایان، با بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوە نەکەن بەبیانوو، ئەوان مەیدانی تریان هەیە بۆ ململانێ چ لەرێگای دینییەوە وچ لەرێگای ترەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە نەک رێگرتن لەدەرباز بوونی ئەم جۆرە یاسایانە، ئێمە بابەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ وهەر یەکێک هەر پێشنیارێکی هەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لەقسەکانی پێشووت دەکەم وئەوەی دەخەمە سەر کە بەو صیغەی هاتووە صیغەیەکی دروستە خاوەندی پێشنیار سەرکردایەتی دەکا تەنها لەو وەزارەتەی کە خاوەنی ئیشی ئەشغال ونیشتەجێ کردنە ئەو پەیوەندی دارە وپەیوەندی بە ئاوەدان کردنەوە وبیناکردنەوە هەیە ئەگەر نوێنەری ئەوان وەک لە یاساکەدا هاتووە ئامادە بێ شتێکی دروستە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەو بەرنامەی کە خستومانەتەڕوو راستاندراوە، (تصدیق) کراوەو، لەسەری دەڕۆین چونکە بەرنامەی رۆژانەی ئێمەیە، دەنگی لەسەر دەدەین، ئەگەر زۆربە رەزامەندی لەسەر نیشان نەدەن رەفەز دەکرێت بەهەمان شێوە یاساکەشی رەفز دەکرێ ئەگەر رەزامەندی زۆرینەی لەسەر نەبوو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گومان نییە کە کوردستان پێویستی بەئاوەدانکاری هەیە بەگەلێ رێگە وقاعدەیەک هەیە کەدەڵێ(الضرورة تبیح المحذورات)، لێرەدا ئەوەی دەمەوێ بۆ بەڕێزتان روونی بکەمەوە مەسەلەی گومرگ نەهاتووە کە لەناو پەرلەمان وەک یاسایەک باسی بکرێ، هەر لەئێمەوە تا سەرانسەری خەڵکی کوردستان ئەتوانم بڵێم حەرام دەخۆین ئەوەی رۆژانە دەیکەین بە گەرووی خۆماندا حەرامە، گومانم لەوەدا نییە بەڵام مرۆ دەبێ بڕوای بە (حلال وحرام) بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رێزمان هەیە بۆ قسەی جەنابت راستە لەزۆر شت ئێمە گۆشتی خۆمان دەخۆین، بەڵام نەیخۆین چی

بکەین، بەوەندە توانایە دەبێ چی بکەین؟ نە بەڕێوەبردنەکانی ئێمە ئیش دەکەن نە ئەتوانین مووچە بدەین، نە ئەتوانین کۆی بکەینەوە، لێرە وەک وتت (الضرورات تبیح المحذورات) شتێکی زۆر راستە ئەمەش بێگومان هەمان قاعدە ئەگرێتەوە.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیرانیەکان خۆیان پێ لەهەمووکەسێ ئیسلام ترە، بۆیە خواردنەوەیان یاساغ کرد، بەڵام زۆر ماڵ بوون بەکارگەی شەراب دروست کردن، ناچار بیرەیان دروست کرد، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە یانەسیب بەشتێکی رەوا وەربگیردرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەبارەی ئەوە چی بکەین وەکو ئاوەدان کردنەوەی کوردستان من باسم لەسەر یانەسیب نییە وەکو جەنابتان باستان کرد لەهەموو جیهانی ئیسلامەتیدا هەیە، بەڵام پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە بیر لەوە کراوەتەوە، بازرگانانی شەڕ ئەوانەی کە لەبن پاڵی حکومەتی کوردستان وحزبەکانەوە دەوڵەمەند بوون دەبوایە دەستمان بەسەر سامانی هەندێکیان دابگرتایە، بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با دەست بکەین بەگفتوگۆ کردن لەسەر یاساکەمان وەکو هەر بەرنامەیەکی تر کە لە سەری رۆیشتووین، ئەگەر هەموار کردنێکیش (تعدیلێک) شتێک هەیە ئەوا بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ملکەچی زۆرینەین. مادە (١) پاش ئەو دوو هەموارەی (تعدیلەی) کردمان کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة /٢: تتمتع اللجنة بشخصية معنوية ولها اجراء جميع التصرفات القانونية لتحقيق اغراضها ويمثلها رئيسها امام المحاكم والجهات الرسمية.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشنیارەکە یەکەم جار کە ماددەکە دەخوێندرێتەوە پرسیار بکرێت ئەم مادەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێ یا نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم وەک مامۆستا مەلامحسن فەرمووی، ئێمە هەموومان موسڵمانین گومان لەموسڵمانی

من دا نییه هەرگیزکەسێ لەخۆم بەموسڵمانتر نازانم ئێمە جیاوازیەکی زۆر گەورە لە مانای مرۆی موسڵمان ومرۆی ئیسلامی دەکەین، جا من حەز دەکەم لەمەسەلەی ئیسلام بوون موسڵمان بوون بڕوامان بە خوا هەیە شهادە دێنین تا ئەو جێیەی دەتوانین شتەکانی جێ بەجێ بکەین وئەگەر نەتوانین ئەو کات خۆمان بەخەتابار دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٢/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة ٣/ تقوم اللجنة بتحديد واختيار نوع وشكل بطاقة اليانصيب وسعر بيعها وتنظيم السحبة وتاريخها وكيفية اجرائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٣/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة ٤/ للجنة حق استعارة الموظفين من وزارات الاقليم بموافقة مجلس الوزراء لأداء اعمالها وادارة شؤونها لمدة لاتقل عن سنتين قابلة للتجديد لمرة واحدة فقط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٤/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نی یە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة ٥/ تجتمع اللجنة مرة واحدة في الشهر على الاقل لاتخاذ القرارات اللازمة بشأن القضايا ذات العلاقة باليانصيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٥/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة ٦/ للجنة عقد اجتماع استثنائي بدعوة من الرئيس او بطلب من ثلاثة اعضاء يقدم الى الرئيس وعليه دعوة اللجنة الى الاجتماع خلال اسبوع واحد من تأريخ تسلم الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٦/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة ٧/ تنعقد اجتماعات اللجنة بحضور اكثر من نصف اعضائها وبضمنهم الرئيس او نائب الرئيس في حالة غيابه وتتخذ القرارات بموافقة اكثرية الحاضرين واذا تساوت الأصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٧/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٨/ على اللجنة ان ترسل القرارات الى مجلس الوزراء خلال مدة اسبوع من تأريخ الاجتماع التي اتخذ فية القرارات للموافقة عليها واذا لم يعترض المجلس عليها خلال (١٥) يوما من تأريخ ايداعها لديه تعتبر مصدقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٨/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٩/ تقوم اللجنة بوضع ميزانية خاصة بها تتضمن ايراداتها ومصروفاتها لسنة مالية كاملة تبدأ من(١) كانون الثاني وتنتهي في ٣١/ كانون الاول وتكون نافذة بعد مصادقة وزير المالية عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٩/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٠/ اذا حلت السنة المالية ولم تصدق ميزانيتها للجنة العمل بالميزانية السابقة بموافقة وزير المالية لحين تصديق الميزانية الجديدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ١٠/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١١/ تخضع حسابات اللجنة السنوية للتفتيش والتدقيق المالي وفقاً للقانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ١١/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٢/ على اللجنة ان تقدم الوزارة المالية خلال(٣) اشهر من تأريخ انتهاء كل سنة مالية تقرير مراقب الحسابات الذي تولى تدقيق الحسابات تلك السنة مشفوعة بتقرير سنوي عن اعمال اللجنة خلال السنة المالية نفسها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ١٢/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٣/ تودع المبالغ النقدية التي تعود الى اللجنة لدى احدى المصارف في لاقليم ويجري السحب منه بتوقيع رئيس اللجنة والموظف المسؤول عن حساباتها ولها ان تحتفظ في صندوقها بمبالغ نقدية لاتزيد عن (١٠) الاف دينار لتلافي مصروفاتها الانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە ١٣/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٤/ على وزارة المالية تقديم قروض معينة طويلة الاجل الى اللجنة دون فائدة قانونية للقيام بمهامها على ان تسدد باقساط سنوية حسب امكانيات اللجنة.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتادا یاساکەمان یاسای یانەسیبی ئاوەدان کردنەوەی کوردستانە، کوردستان توانای قەرز وەرگرتنی نییە، من دەڵێم ئەو بڕگەیە هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کێشەیەمان لەوەزارەتەوە بۆ هاتووە حەز دەکەم ئەو پرسیارەش هەر پێشکەش بەوان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە یەکەم جارە وەک تاقی کردنەوە یەک ئەم کارە دەکرێ بۆ ئاوەدان کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەدەڵێین (علی الوزارة المالية) یانی شتێکی بەخورتییە نەوتراوە (في حالة) ئەگەر هەبێ دووەمیش (قروض طويله الاجل) ئەوە نییە کە ئیشوکاری خۆی پێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(قروض طويله الاجل) پێناسێکی نییە دەتوانین (١٠) دینار قەرز بکەین بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەمەش پێناسێکی نییە بڵێین (القرض الطويل يجب ان يكون بملايين الدنانير) بەهیچ یاساو زانستێک بەندێکی مەرجییان نەهێناوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەرزەکە بۆ بەمەلایین بێ، چونکە مادەکانی خوارێی یاساکە وەرگیرایە ئەمە کە ووتراوە (بطاقات) نابێ لە ٥٠٪ کەمتر بفرۆشێ دەبێ هەمیشە لە ٥٠٪ زیاتر بێ ئەگەر قازانجی هەبێ ئەگەر نەیبێ لیژنەکە دایشکێنێ نابێ لە ٥٠٪ پارەی بلیت لە پاداشت کەمتر بێ هیچ قەرزیش ناکا وقەرزەکەش پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە ساڵی یەکەمە لیژنەکە لەم کارە سەر دەکەوێ یان سەرناکەوێ، بەڵام بۆ ساڵی دووەم پشت بەخۆی دەبەستێت پێویست ناکا وەزارەتی دارایی قەرزی پێ بدات، ووشەی (طويل الاجل) بەڕای من بکرێتە بۆ ماوەی ساڵێک وەک تاقی کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ووشەی (طويل الاجل )ناگۆڕێ چونکە کۆمەڵێک حساباتی لیژنەی لەسەر دانراوە، ئەگەر لیژنە توانای هەموو وەزارەتی دارایی لە ئەنجومەنی وەزیران داوا بکات پارەی بۆ بدەن، ئەم بابەتە هیچی ناگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(طويل الاجل) لەنێوان هەردوولادا هەیە نێوان ئەو لایەنەو وەزارەتی دارایی مانگێک بێ، ساڵێک بێ (١٠) ساڵ بێت، ئەمە پێک هاتنە لەنێوان ئەواندا جاری واهەیە ماوە دیاری دەکرێ، مادده ١٤/ کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆی.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٥/ تتكون ارادات اللجنة مما يأتي:

١- القروض التي تقدم لها من قبل الوزارة.
٢- ارادات اليانصيب التي تجريه مباشرة.
٣- فوائد الودائع والمبالغ النقدية التي تعود لها.
٤- مايتم خصمه من الرابح بالجائزة وفق هذا القانون.
٥- اية موارد اخري تقرر اللجنة قبولها بموافقة مجلس وزراء الاقليم.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی ئەوەم لەلایەن دەوڵەتەوە (منحە) بەو لیژنەیە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(منحة) نییە قەرزە سەرنج هەیە بۆ صیاغە(القروض التي تقدم) ئەوە پێشنیاری جەنابی سکرتێرە بڵێ (تقدم لها)، مادە ١٥/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.. وەکو خۆی..

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٦/ لايجوز ان تزيد مجموع المبالغ الجوائز لسنة مالية كاملة على(٥٠٪) من اثمان بطاقاتها المباعة خلال تلك السنة.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا باسی خەرج کردن دەکرێ ٥٠ ٪ی خەرج بکرێ و ٥٠ ٪ی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، هیچ نەما (لايجوز ان تزيد مجموع مبالغ الجوائز) لەگەڵ (مجموع مصاريف لسنة مالية كاملة) (٥٠ ٪) تێکڕای پاداشتەکان (جوائز) لەگەڵ (مجموعی مصاريف لايقل عن (٥٠ ٪) عن مصاريف) ئاوەدان کردنەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل ئەوە دوو سێ جارە وشەی (ابتزاز) بەکاردێنێ، حەق نییە وشەیەکی وا بەکار بێنێ لەناو پەرلەماندا..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم پێشنیارەکەم ئەوەیە (لايجوز ان تزيد مجموع مبالغ الجوائز ومجموع المصاريف لسنة مالية كاملة عن «٥٠٪»).

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقـشــبــەندیی:**
**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بەنسبەت ئێمە ئەو خەملاندنە بۆ پەرلەمان بەجێ دەهێڵین، سوپاس.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**
**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

مـەرج نیـیـە پاداشـتـەکـان (جـوائز) ببـێـتـە(٥٠٪) بـۆی هەیە لیـژنە بڕیار بدا (٣٠٪) بێ خـەرجـیـەکـەشی زۆر نی یە بەرامـبـەر ئەو بڕە ،خـەرجی بەڕێوەبردن زۆر کـەمـە(٥٠٪) رادەی بڵندیەتی، سوپاس.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

(لایجوز ان تزید مجموع المبالغ) لەوانەیە لیژنەکە کەمتری بکاتەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک جەمیلە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا.. مادام وایە ماددە (١٦) کێ لەگەڵە وەکوخۆی بێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆی...

**بەڕێز حـــســـــێن عـــەلی کـــــەمـــــال:**

المادة ١٧/ يخصص صافي ايراد اللجنة من اليانصيب ومواردها الاخرى لمشاريع تنمية واعمار كوردستان العراق وفق الاوليات والخطط المرسومة والمصدقة من قبل مجلس الوزراء، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

پێشنیـار دەکەم ووشەی (تنمیە) نەمێنێ تەنیا ووشەی (اعمار) هەبێ (تعـمـیـر )یا (اعـادة الاعمار)، سوپاس.

**بەڕێزمەئمون محەمەد نور بریفکانی/ وەزیری گەشتوگوزار:**
**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ناتوانین (تنمیـە) پەسـەند بکەین، چونکە تەواوکـەرە (مکمل)ە بۆی هەیە (اعـمـار) دوای ماوەیەکی کەم بەردەوام بێت ناوچەیەک ئاوەدان بکەینەوە بۆی هەیە بەردەوام پرۆژە دروست بکرێ ئەوە (تنمیە)یە سوپاس.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لەسەرەتای یاساکەدا دەڵێ ( قانون یانصیب اعمار أقلیم کوردستان).

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقـشــبــەندیی:**
**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

گرفت پەیدا نابێ (تنمیە) بەشێکە لە(اعمار) واعمار بەشێکە لە (تنمیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ١٧/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٨/ تحل اللجنة بقانون يعين فيه كيفية التصرف باموالها وموجوداتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ١٨/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٩/ تعفى جوائز اليانصيب من كافة الرسوم عند ايلولتها الى الرابح.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعفى الجوائز من كافه الرسوم، پاش وپێش بووە (عند ايلولتها الى الرابح) شتێکی سروشتییە کە پاداشت (جائزه) دەردەچێت کابرا دەچێت وەری دەگرێت کەوەری دەگرێ ڕەسم هەیە (رسم الطابع) وشتی تر لە هەمووی عەفوو دەکرێ ئەو پاداشتە تەنیا ئەوەی بۆ دانراوە کە هیچ ڕەسمێکی تری ناکەوێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ١٩/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٢٠/ تقوم اللجنة باستيفاء مبلغ (١٥٪) من مبلغ كل جائزة من الرابع قبل تسليمها اليه و تسجل وارداً للجنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٢٠/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٢١/ يحدد من قبل اللجنة مبلغ العمولة للجائزين على وكالة بيع بطاقات اليانصيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده ٢١/ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادة ٢٢/ لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده ٢٢/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة ٢٣/ لوزيری المالية والاقتصاد والاعمار والتنمية اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون كل حسب اختصاصه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده ٢٣/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الماده ٢٤/ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده ٢٤/ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة ٢٥/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده ٢٥/ کێ لەگەڵە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
بەمە یاسای یانەسیبی ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستان تەواو بوو، داوای سەرکەوتن دەکەین.
سوپاستان دەکەین، لەگەڵ ئەمەدا دانیشتنی ئەمڕۆشمان تەواو بوو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

## بەشی یەکەم
## وشەو ئەرکەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشەو زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢- وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.
٣- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی شارەوانی.
٤- دەزگای شارەوانی: گشت شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٥- شارەوانی: دەزگایەکی ناوخۆییەکە کەسایەتییەکی مەعنەویی هەیەو ئەرکی پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزاری یانەیە کە لەم یاسایەو هەر یاسایەکی تردا هەن بە هاووڵاتییان لە سنووری شارەوانییە دیاریکراوەکەدا.
٦ـ سەرۆکی شارەوانی: سەرۆکی فەرمانگەی شارەوانی.
٧ـ داهاتی شارەوانی: ئەو پارەو پوولەی بەپێی حوکمی یاسا مافی وەرگرتنی وەک باج دراوەتێ و قازانجی پرۆژەکانی و داهاتی ماڵە گوازراوو نەگوازراوەکانی کە دەچنە خەزینەکەیەوە.
٨ـ دام و دەزگا گشتییەکان: وەک خستەخانەو (مستوصف)و مەڵبەندی پۆلیس و قوتابخانەو کتێبخانەی گشتی و بەشەکانی شارەوانی و پرۆژەکانی و ئەوانی تر.
٩ـ شەقام: شەقام و جادە گشتی یە سەرەکی و لقییەکان و جادە تایبەتییەکان و شوستەو مەیدانەکان لەسنووری شارەوانییەکان دا.

**ماددەی دووەم:**

ئەرکی دەزگای شارەوانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتییە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی سنووردارادا.

**ماددەی سێیەم:**

شارەوانی بەو مانایەی خاوەنی کەسایەتی یەکی مەعنەوی یە ئەم مافانەی هەیە.

١ـ مافەکانی خۆی بەپێی حوکمی یاسا کارپێکراوەکان وەردەگرێ.
٢ـ باج (رەسم)و کرێ بەپێی حوکمی یاسا کارپێکراوەکان دەسێنێ.
٣ـ ئەو دەسەڵاتانەی بواری جێبەجێ کردنی خزمەتگوزاری و فەرمانەکانی بۆ دەرەخسێنێ بەپێی

حوکمی ئەم یاسایەو یاسا کارپێکراوەکانی تر بەکاریان دێنێ.
٤- بەپێی حوکمی ئەم یاسایە بەڵێننامە (عقد) بە هەموو جۆرەکانییەوە دەبەستێ.
٥- مافی دژکاری (الخصومە)ی لە گشت ئەو داوایانەدا (الدعاوی) هەیە کە دەیانکا لەسەری دەکرێن.
٦- خاوەنی ئەستۆیەکی دارایی سەربەخۆیە (ذمە مالیە مستقلە).

**ماددەی چوارەم:**

**شارەوانی ئەمانەی دەبن**

١- ئەنجوومەنێک کەژمارەی ئەندامانی لە پێنج ئەندام کەمتر نەبێ ولە بیست ویەک زیاتر نەبێ ولە گەڵیاندا سەرۆکی شارەوانی.
٢- نەخشەو وەسفێکی سەلمێنراو (مصدقتان) لەلایەن وەزیرەوە کە بەفراوانی ناوی شارەوانییەکەو سنوورەکانی تیایاندابن.

## بەشی دووەم
## دامەزراندنی شارەوانی

**ماددەی پێنجەم:**

شارەوانی لەم شوێنانەدا دادەمەزرێنرێ.
١- مەڵبەندی پارێزگاو قەزاو ناحیە، ژمارەی دانیشتوانیان هەرچەندێ بێ.
٢- ئەو گوندانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە سێ هەزار کەس کەمتر نین، لەسەر پێشنیازی بەرێوەبەری گشتی شارەوانی یەکان و پەسەندکردن لەلایەن وەزیرەوە.
٣- ئەو شارەوانی یانەی پێش کارکردن بەم یاسایە لەو گوندانەدا دامەزراوان کە ژمارەی دانیشتوانیان لەو رادەیەی سەرەوە کەمترنین دەمێننەوە. بەڵام وەزیر لەسەر پێشنیازی بەرێوەبەری گشتیی شارەوانی یەکان بۆی هەیە هەڵیان وەشێنێتەوە.
٤- نزیکترین شارەوانی لەو شوێنانەی پێویست بەدامەزراندنی شارەوانی تیایاندا ناکا، خزمەتگوزاری یان پێشکەش دەکا.

**ماددەی شەشەم:**

بەنیازی دامەزراندنی شارەوانی یەک وەزارەت نەخشەو وەسفی سنووری شارۆچکەکە ئامادە دەکاو لە رۆژنامەی رەسمی دا بلاوی دەکاتەوەو بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵدەواسرێ. لەو ماوەیەدا نارەزایی (اعتراض) وە تێبینیی فەرمانگەکان وهاووڵاتی یانی لەسەر وەردەگیرێن ولەبەر رۆشناییبیان، وەزیر ئەوەی بەباشی بزانێ بریاری لەسەر دەداو دەکرێ لە ماوەی دەرۆژدا لە رۆژی دەرچوونی بریارەکەیەوە لەلای ئەنجوومەنی وەزیران نارەزاییی لەسەر دەربرِدرێ.

بڕیاری وەزیر ئەگەر لەو ماوەیەدا نارەزاییی لەسەر دەرنەبردرا هەروەها بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر نارەزایی دەربردرا بوو لەم بارەیەوە بڕیاری کۆتایی دەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

شارەوانی بەبەیاننامەیەک دادمەزرێ کە وەزیر دەریدەکاو لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوە

**ماددەی هەشتەم:**

سنووری شارەوانی بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی و سەلماندن لەلایەن وەزیرەوە دەگۆردرێ کە دەبێ بڕیارەکە هۆی پێویستیی گۆرینەکەو پەسەند کردنی لەلایەن وەزیرەوە لەگەلدا بێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ناوچەی شارەوانی بەپێی رێنوێنییەکی ناوەندی کە لەلایەن بەرێوەبەرێتیی گشتیی شارەوانییەکان و بەرێوەبەرێتیی گشتیی نەخشە گیشانی ئاوەدانی یەوە دادەنرێ، دەکرێ بە چەند کەرتێکەوەو هەر کەرتێک یا زیاتر بەشێکی شارەوانی(قسم بلدی)ی تێدا دەبێ کە سەرپەرشتی ی کارەکانی شارەوانی، وخزمەتگوزارییەکانی وجێبەجێ کردنی فەرمانەکانی دەکا. هەروەها پێکهێنانی کەرتەکان هەلوەشاندنەوەو دانەپال یەکتریان و دیاریکردنی ناوو وسنووریان لە چوارچێوەی یەک ناوچەی شارەوانیدا بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی وپەسندکردن لەلایەن بەرێوەبەری گشتیی شارەوانی یەکانەوە دەبێ.

**ماددەی دەیەم:**

١- شارەوانیەکان لەسەر بینچینەی ژمارەی دانیشتوان بەپێی دواسەرژمێری گشتی بەم شێوەیە پۆلێن(تصنیف) دەکرێن.

أ - شارەوانی مەلبەندی پایتەختی هەرێم لەپۆلی تایبەتی دەبێ.

ب- شارەوانی مەلبەندەکانی پارێزگاکانی هەرێم لەپۆلی(مومتاز) دەبن.

ج- ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە حەفتاوپێنج هەزار کەمتر نییە لەپۆلی یەکەم دەبن.

د - ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە پازدە هەزار کەمتر نی یە لە پۆلی دووەم دەبن و وەزیر بۆی هەیە ئەو قەزایانەی لێ بەدەربکا کە شێوەیەکی مێژوویییان هەیەو شوێنە جوگرافییەکان بواری فراوانبونی ئاسۆی ی(أفقی) ناداتی.

هـ- ئەو شارەوانیانەی ژمارەی دانیشتووانیان لە پێنچ هەزار کەمتر نیی یە لە پۆلی سێ یەم دا دەبن.

و- ئەو شارەوانییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە پێنچ هەزار کەمترە لە پۆلی چوارەم دا دەبن.

٢- پۆلەکانی شارەوانیەکان دوای دەرچونی ئەنجامی هەر سەرژمێری یەکی گشتی رەسمی بە بەیاننامەیەک کە وەزیر دەریدەکاو لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوە، دەگۆردێن.

**ماددەی یازدەیەم:**

دەکرێ دوو شارەوانی لە حاڵەتی فراوانبونی سنووریان و بەیەک گەیشتنیان لەسەر بڕیاری هەردوو ئەنجوومەن وپەسندکردن لەلایەن وەزیرەوە ببنە یەک شارەوانی ولەڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیارەکەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

## بەشی سێیەم
## هەڵوەشاندنەوەی شارەوانییەکان(الغاء البلديات)

**ماددەی دوازدەیەم:**

وەزیر بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان و لایەنگیریی لیژنەی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانیەکان لەم حاڵەتانەدا شارەوانی هەڵدەوەشێنێتەوە.

١- نەمانی مەرجەکانی پێکهێنانی.
٢- یەکخستنی لەگەڵ شارەوانییەکیی تردا.

**ماددەی سیازدەیەم:**

لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی شارەوانیدا هێندەی پەیوەندی بەراگەیاندنی بڕیاری هەڵوەشاندەوە دەربڕینی نارەزایی لەسەری هەبێ ناوەڕۆکی ماددەی شازدەیەمی ئەم یاسایەی بەسەردا جێبە جێ دەکرێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

شارەوانی بە بەیاننامەیەک هەڵدەوەشێنرێتەوە کە وەزیر دەریدەکاو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**ماددەی پازدەیەم:**

ماڵ ومولکی ئەو شارەوانییەی هەڵدەوەشێندرێتەوە لەسەر داخوازی وەزیر پاکو(تصفيه) دەدرێ وماڵەگوازراوەکان و خانووبەرەکانی وقەرزەکانی بەم شێوەیەیان لێدەکرێ.

١- دەدرێن بەشارەوانی ی مەڵبەند/ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە بەپێی برگەی(١)ی ماددەی دوازدەیەم بوو.

٢- دەدرێن بەشارەوانییە یەکگرتووەکە/ ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە بەپێی برگە(٢)ی ئەو ماددەیە بوو.

## بەشی چوارەم
## دەسەلاتەکانی شارەوانی

ماددەی شازدەیەم:

شارەوانی لەبەجێهێنانی کارەکانیدا دوو دەسەلاتی هەیە:-

دەسەلاتی بریاردان وچاودێریکردن کە ئەنجوومەن بەپێی ئەم یاسایە لە ئەستوی دەکرێ و دەسەلاتی جێبەجێ کردن کە سەرۆکی شارەوانی بەجێی دێنی.

### لقی یەکەم: دەسەلاتی بریاردان وچاودێریکردنە

### یەکەم: پێکهێنانی ئەنجوومەن

**ماددەی حەڤدەیەم:**

سەرۆک وئەندامانی ئەنجوومەن بە هەلبژاردنێکی سەربەستی راستەوخۆ وبەدەنگدانی تەواو و نهێنی کە بەپێی پەیرەوێکی تایبەتی دەکرێ لە دانیشتووانی ناوچە شارەوانی یەکە هەلدەبژێردرێن.

**ماددەی هەژدەیەم:**

١- ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن بەم جۆرە دەبێ:

| | |
|---|---|
| أ- شارەوانی پۆلی تایبەتی | حەڤدە ئەندام |
| ب- شارەوانی پۆلی مومتاز | سیازدە ئەندام |
| ج- شارەوانی پۆلی یەکەم | یازدە ئەندام |
| د- شارەوانی پۆلی دووەم | نۆ ئەندام |
| هـ- شارەوانی پۆلی سێیەم | حەوت ئەندام |
| و- شارەوانی پۆلی چوارەم | پێنج ئەندام |

٢- وەزیر بۆی هەیە لەسەر داخوازیی بەرێوەبەری گشتی ی شارەوانییەکان پێش دەستکردن بە هەلبژاردن کە لە سێ رۆژ کەمتر نەبێ ژمارەی ئەندامان زیاد بکا بەمەرجێ لە بیست ویەک ئەندام تێپەڕ نەکا.

**ماددەی نوزدەیەم**

ماوەی ئەندامێتیی ئەنجوومەن(٤) چوار سالە کە لە رۆژی کۆبوونەوە وە دەست پێدەکا.

**ماددەی بیستەم:**

ئەو ئەندامانەی فەرمانبەرنین، لە پۆلی تایبەتی(٣٠٠) دینارو پۆلی مومتاز (٢٥٠)دینارو پۆلی یەکەم(١٥٠) دینارو پۆلەکانی تر(١٠٠) دینار خەلاتی مانگانەیان دەدرێتێ.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

ئەنجـومـەن لەیەکـەم کـۆبـوونـەوەیدا بە دەنگدانی نهـێنی یەکـێک لە ئەندامـە هەڵـبـژێردراوەکـانی بەجێگری سەرۆک هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی بیست ودووەم:**

١-دەبێ پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی ی شارەوانی سی ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و باوەڕنامەی دوا ناوەندی یا هاوسەنگەکەی(مایعادلها) هەبێ.

٢- دەبێ ئەندامە هەڵبژێردراوەکان سی ساڵی تەمەنیان تەواو کردبێ وئەهلییاتی یاسای تەواویان هەبێ.

٣- نابێ لەسەر تاوانێکی لەکەدارکەری شەرەف یا بەند کردن بەهۆی تاوانی کوشتنی ئەنقەست یا دزی کـردن حـوکم درابێ یا بەشـداری یەکێ لەو تاوانانەی کـردبێ کـە دەسـەلاتی دکـتـاتۆری لە کوردستاندا نەخشەی بۆ کێشاوە.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

نابی ئەندامـەتیی ئەنجـومـەنی شـارەوانی وهەرکام لەو ئەنجـوومـەنانەی بەپێ ی یاسـا هەڵدەبژدرێن پێکەوە بکرێن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

١- ئەگـەر ئـیـحـتـیـاتـەکـان بەشی پڕکـردنەوەی کـورسی یە چۆڵبـووەکـانی ئەنجـومـەنیـان نەکـرد، هەڵبژاردنی تەواوکەر بۆ پڕکردنەوەیان دەکرێ.

٢- ماوەی ئەندامەتی ئەندامە نوێیەکان تەواوکەری ماوەی ئەندامەکانی پێشو دەبێ.

**دووەم /فەرمانەکانی ئەنجوومەن**

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

١ـ أ) ئەنجـوومـەن دەبێ بەو رێ وشـوێنـانەی لەبەر دەسـتـیـدان ئەو سکێـچـە بنچـینەیی یانەی (التصامیم الاساسیه) کە لەلایەن نەخشە کێشانی ئاوەدانییەوە (التخطیط العمرانی) ئامادە کروان بۆ هاوولاتییـان وپەیوەندیداران وفـەرمـانگەکان ولایەنـانی تر بلاو بکاتەوە تا بۆ مـــاوەی شـــەست رۆژ لە رۆژی بلاوکـــردنەوەکـــەوە لێی ئاگــاداربن و ئەو نارەزایی وپێشنیـازانەش وەردەگیرێن کەلەو ماوەیەدا لەبارەیانەوە دەدرێن بە ئەنجوومەن.

ب- بەلام سەبارەت بە سکێـچە فراوانەکـان و گۆر دراوەکان وئیفرازەکان بۆ ماوەی( ٣٠) رۆژ رادەگەیەنرێن لەگەڵ رەچاو کردنی هەمان رێ و شوێنی برگە(أ)ی سەرەوەدا.

٢- ئەنجوومەن دەبێ لەو نارەزایی وپیشنیازانە ئەکەر هەبوون بکۆڵێتەوە و لە حاڵەتی رەتکردنەوە یا قـبـوولکـردنیـاندا، دەبێ بڕیارە کـە هۆی شـیـاوی لە پاڵدا بێ ولە هەمـوو حـاڵـەتێکیـشـدا ئەنجـوومەن دەبێ سکێچەکـان لەگەڵ نارەزایی و پیشنازە قبـووڵکراوو رەتکراوەکاندا لە ماوەی هەفـتـەیەک دا لە کـۆتایی هاتنی راگـەیاندنەکەوە بنێـرێ بۆ بەرێوەبەرێتی نەخـشـەکـێـشـانی

ئاوەدانی بۆ گۆرینی سکێچەکە لەبەر رۆشنایی یان یا بریار لەسەردانی.
٣- سکێچەکان لە رۆژی سەلماندنی یان لەلایەن وەزیرەوە بە کارپێکراو دادەنرین.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

١- ئەنجوومەن بۆی هەیە داوای گۆرینی سکێچی بنچینەیی وفراوان بکا لە کاتی پێویستدا بە مەرجێ حوکمەکانی ماددەی پێشووی بۆ رەچاو بکرێ.

٢- ئەنجوومەن دەبێ ئەگەر گورینی سکێچە بنچینەییەکە یا فراوانەکە بە پلەی کوتایی گەیشت بەگشت ئەو بینایانەی هەموو یا هەندێکی بیناکە بە پێچەوانەی پێویستی یەکانی سکێچە نوێ یە سەلمینراوەکان ئامادە بکاو لە ماوەی بیست سالدا لە رۆژی، سەلماندنی سکێچەکەوە دەست بکا بە مولک سەندیان(استملاکها).

٣- ئەنجوومەن بۆی هەیە لەسەر داخوازی ی پەیوەندیداران بۆ ماوەیەکی کاتی رێگەبدا بە پێچەوانەی پێویستیەکانی جێبە جێ کردنی سکێچی بنچینەییی یا سێکجە فراوانەکانەوە، خانووی نوی بۆ نیشتەجیبوون دروست بکری یا ئەو خانوو بەرانەی هەن بەکاربهێنرین بە مەرجێک هیچ ئیلتزامێکی دارایی(پابەندییەکی دارایی) لەکاتی جێبە جێ کردنی سکێچەکەو تەواو کردنی مولکسەندیەکە بەپێی رێنماییەک کەوەزارەت دەریدەکا سەبارەت بە خانوو بەرانەی کەدەکەونە ئەستۆی شارەوانی.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

١- ئەنجوومەن بەرێکخستن لەگەل لایەنە تایبەتکارەکاندا بریار لەبارەی ئەم فەرمان وخزمەتگوزارییانەوەدەدا:

أ - پاککردنەوەی شەقام وشوێنە گشتی یەکان وفرێدانی پیسی وزبل.
ب- برکردنەوەی زەلکاوو گوماوو شوێنی پەنگخواردنەوەی دزە ئاوو چال و چۆل وشوێنە ناتەندروستی یەکان.
ج- دروستکردنی ئاودەستخانەی گشتی وئاگردانی سووتاندنی زبل.
د - پاککردنەوەی ئاوبەست(خزان)و حەوزی ئاوی پیس ودابینکردنی رێ وشوێنی گواستنەوەو ئاوەروکردنی بەجۆرێک کەکار نەکاتە سەر حەوانەوەی هاوولاتی یان وفەوتاندنی پاشماوەکانیان یا سووتاندنیان.
هـ- چاککردنی شەقامەکان وقیرتاو کردنیان.
و- ئاورشینکردن وشوشتنی شەقامەکان بۆ ئەوەی تەپ وتۆزیان لێ هەلنەستێ.
ز- دەستگیر کردنی ئاژەلی بەرەلاو فەوتاندنی زیان بەخشەکانیان بەهاوکاری لەگەل لایەنە تایبەتکارەکاندا.
ح- ئامادە کردن ودیاریکردنی شوێنی تەویلە بۆ مەرو مالات.
ط- درووستکردنی قەسابخانەی درووست وبەرگرتن لە سەربرین لە دەرەوەیداو دابینکردنی

ساغلەمی ی گۆشت لە رووی تەندروستی وهەڵگرتنی وگواستنەوەیەوە بۆ بازار.

ی- ئاماده کردن ودیاریکردنی شوێن وبازار فرۆشتنی گۆشت وماسی وسەوزەبە کۆمەڵ وبەدانە.

ک- رێکخستن وچاودێری کردنی تەرازوو سەنگ وپێوانەکان(مقاییس).

ل- ئاماده کردن ودیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ گۆرستان ولە گەڵیدا شوێنی شوشتنی مردووان وکفنکردینان وگواستنەوەو ناشتنی مردووە هەژارەکان.

م- ئامادەکردن ودیاری کردنی شوێنی هەڵگرتن وفرۆشتنی سووتەمەنی.

ن- ژمـاره لێـدانی خـانوو وشـەقـام وکـەرتەکـان وناولێنانیـان بەهاوکـاری لەگـەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی‌تردا.

س- گـەیاندنی ئاوی خـواردنەوە بە هاوولاتی یان ودرووسـتکردنی پرۆژەی تایبـەتی بۆی وپاراستنیان.

ع- درووستکردنی پرۆژەی ئاوەڕۆو پاراستنیان.

ف- درووستکردنی مەیدانی راوەستانی ئۆتۆمبیل.

٢- شارەوانی دەبێ هەموو ساڵێک پارەی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی برگەی پێشوو لە بووجەکەیدا تەرخان بکا،

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە ئەم فەرمان وکارانە جێ بەجێ بکا لە حاڵێکدا کە بەرژەوەندیی گشتی بەدی بێنێ وپارەی پێویست لە بووجەی شارەوانیدا هەبێ:-

١- راکێشان وفراوانکردنی شەقام وفولکە وپێچ وبەشەکانی بەپێی نەخشە سەلمێنراوەکان.

٢- قـیرتاو کـردنی شەقـام وخۆشکردنیـان وشۆسـتە بۆ کـردنیـان و رواندنی دارودرەخت تیـایاندا وئاورشێنکردنیان.

٣- دەسنیـشانکردنی چۆنێتی بەکارهێنانی شۆستەی شەقامەکان و لاتەریکەکانیـان (فضلاتها) وئەو کـەلاوە (عـرصـه) چۆڵانەی مـوڵکی شـارەوانین ورێکخـسـتنی چۆنێـتی ی کـارکـردنی فرۆشیارە دەسگێرەکان و خاوەن دوکانە کاتییەکان(کوشک)بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا ناکۆک نەبێ، ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ بەرێوەبەرێتی ی نەخشەکێشانی ئاوەدانیدا.

٤- دروست کردنی پاخچەو سەیرانگای گشتی وفراونکردن وپۆلێنکردنیان.

٥- دیاری کردنی شوێن بۆ درووستکردنی شاری یاریی هاوچەرخ لەو شوێنانەدا کە بەپێی نەخشە سەلمێنراوەکان بۆیان تەرخان کراوە بە هاوکـاری لەگەڵ دەسـتەی گشـتی ی گـەشـتوگوزار وبە کرێدانیـان بە کەرتی تایبەتی وتێکەلاو یا کومپانیای جیهانی بەپێ ی بە کرێدانی درێژ خایەن (الاجازه الطویله).

٦- جێ بەجێ کـردنی سکێـچی بنچینەیی وسکێـچە فراوانە سەلمێـنراوەکان وجێ بەجێ کـردنی شەقام وخزمەتگوزاری وبەکارهێنانەکانی تر لە بەر رۆشنایی یان.

٧- درووستکردنی پردو عەمبار وپاراستنیان جگە لە وانەی سەربە لایەنەکانی ترن.
٨- رووخاندنی ئەو خانووبەرانەی روولە کەوتن وئەو قۆقزی یانەی رێگەی هاتووچۆ دەگرن.
٩- دیاریکردنی شوێنی فرۆشتنی پەلەوەر وباڵندەو ئاژەڵی ماڵی.
١٠- درووستکردنی بازاری گشتی لەو شوێنانەدا کەبەپێی نەخشە سەلمێنراوەکان تەرخان کراون.
١١- دیاریکردنی بازار بۆ فرۆشتنی ماسی وگۆشت وسەوزەو گشت بەهەرمە، ئاژەڵی وکشتوکاڵی یەکان وبەرگرتن لە فرۆشتنی ئەم شتانە لە شوێنی تردا.
١٢- درووستکردنی هۆڵ وحەوزی مەلەو شانۆو سینەماو یا ریگاو ئۆتێل وخانەی حەوانەوە ورابواردن وگەرماوو گازینۆ وئەنتیکەخانە وچێشتخانەو هاندانی درووستکردنی یانەو کتێبخانە.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە بڕیار لەسەر ئەمانە بدا:
١- ڕێ پێدانی(اجازە) شوێنە گشتی یەکان وپشکنین وچاودێری کردنیان و مەرج دانان لەسەر خاوەنەکانیان کەدەبێ پێویستیەکانی حەوانەوەو سەلامەتیی هاتوچۆکەرانیان دابین بکەن.
٢- گواستنەوەی گشت ئەو پیشەسازی وپیشانەی کە زیان بە ژینگە دەبەخشن بۆ ئەو شوینانەی لە ناوچەکانی پیشەسازیدا(المناطق الصناعیە) بۆیان تەرخان کراوە دانانی مەرجەکانی چۆنییەتی بەکارخستنیان بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە تەندروستی یەکاندا.
٣- ڕاگرتن وڕووخاندنی هەر بیینایەک کە بە پێچەوانەی ڕێ پێدانی بیناکردتەوە(اجازە البناء) یا یاسا یا ئەو پەیرەوو ڕێنمایی یانەی لەبەرەیانەوە دەرکراون، دەست بە بیناکردنیان کراوە.
٤- بەرگرتن لە دروستکردنی ئەو بینایانەی کە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنن یاجوانی شەقام وباخچە گشتی یەکانی تەنیشتیان دەشێوێنن.

**ماددەی سییەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە بڕیاربدا خانووی نیشتەجێ بوون دروست بکاو زەوی لەرێگەی(افراز)ی زەوی یەوە(افراز الاراضی) لە چوارچێوەی، سکێچی بنچینەیدا بە پێی ڕێنمایی تایبەتی بەسەرهاوولاتییاندا دابەش بکا.

**ماددەی سی و یەکەم:**

١- ئەنجوومەن بۆی هەیە پێوانە(ضوابط)ی لە بار بۆ ئاسانی جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی دابنێ کە لەم یاسایەو لە پەیرەوو ڕێنمایی یەکانییدا هەن.
٢- کردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کەشێوەیەکی بازرگانی یا بەرهەمهێنانیان هەیەو سوود بە هاوولاتیان دەگەیەنن وقازانجیش بەماڵ مولکی شارەوانی.

**ماددەی سی و دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆیان هەیە داوای کردنی هەرکارێک بەشێوەیەکی کاتی بێ یا

هەمیشەیی لە شارەوانی بکەن کەدەشێ کردن لەلایەن شارەوانییەوە باشتر وسوود بەخشتر بێ، بە مەرجێ شارەوانی هیچ مەسرەفێکی نەکەوێتە سەر.

**ماددەی سی وسێیەم:**

دەبێ ئەنجوومەن لەکاتی بڕیاردانیدا لەسەر هەر پرۆژەیەک بەپێی کەشف و سیفەتەکان و دوای لێکۆڵینەوە وگفتوگو لەسەر کردنی ودڵنیا بون لە بوونی(اعتماد) لە بووجە سەڵمێنراوەکەیدا، کولفەکەی دیاری بکا.

**ماددەی سی و چوارەم:**

١- ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانانەی لەم یاسایەدان دەیاندا وپێویستیان بە سەرفکردنی پارە لەلایەن شارەوانی یەوە نییە، دەشێ لەلایەن وەزیرەوە لەماوەی پازدە رۆژدا لەکاتی گەیشتنیانەوە بەدەستی، نارەزایی یان لەسەر دەربڕێ مافی ئەوەشی هەیە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو دەرکردنی بڕیاری پێویست لە بارەیانەوە بۆ ماوەی پازدە رۆژ جێ بەجێ کردنیان رابگرێ.

٢-ئەنجوومەن دەبێ لەبەر رۆشنایی ی ئەو نارەزایی وزانیاری یانەی لایەنی پەیوەندیدار دەربڕیبون، بەو بڕیارانەدا بچێتەوە کە نارەزایی یان لەسەر دەربڕدراوەو بڕیارەکانی ئەنجوومەن لەم حاڵەتەدا تا دوای سەلماندن لەلایەن ئەو لایەنەی نارەزایی ی لەسەر دەربڕیون بۆ جێبە جێ کردنی دەست نادەن.

٣- ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەن کە لەماوەی نارەزایی دەربڕین یا ماوەی راگرتندا نارەزایی یان لەسەر دەرنەبڕدراوە، بەکۆتایی ودەستدان بۆ جێبە جێ کردن دادەنرێن.

٤- وەزیر بۆی هەیە هەندێ لەو بڕیارانەی برگەی(١) بەپێی رێنمای یەک کەبۆ ئەم مەبەستە دەریدەکا لەنارەزایی وراگرتن بەدەربکا.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

١- بڕیارەکانی ئەنجوومەن سەبارەت بەبەش بەشکردنی(تقسیم) خانووبەرە، سەڵماندنی وەزیر یائەو کەسەی پێ دەوێ کە وەزیر کارەکەی پێ دەسپێری و بۆشی هەیە هەندێ لەو مامەلانە لە سنوورێکدا کە خۆی دیاریی دەکا لەم سەلماندنە بەدەربکا.

٢- بڕیارەکانی ئەنجوومەن بەسەر فکردنی ئەوپارەیەی بۆ بودجەی سەڵمێنراوی شارەوانی تەرخان کراوە ولە گەڵیدا بەشدار بوونی بەڵێنکاری (التعهد) و بەڵینامە(عقد)و کرین دەبێ بەم شێوەیەی لای خوارەوە بسەڵمێنرێ:

أ - وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێم بۆ زیاتر لە(١) ملیۆن دینار سەبارەت بە پارەی تەرخانکراو لە چوار چێوەی بودجەی ئاساییدا (الميزانيه الاعتياديه).

ب- ئەنجوومەنی وەزیران بۆ زیاتر لە (١) ملیۆن دینار سەبارەت بەپارەی تەرخانکراو لە چوار چێوەی ئەخشەی گەشە پێداندا.

ج- وەزیر بۆ ئەو پارەیەی لە (١) ملیۆن زیاتر نەبێ چ لە سەر حیسابی بودجەی ئاسایی بێ یائەوەی لە چوار چێوەی نەخشەی گەشەپێداندا تەرخان کراوە.

د- ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ ئەو پارەیەی زیاتر نەبێ لەوەی لە تەنیشت هەریەکێ لە پۆلەکاندا دیاری کراوە.

١- پۆلی تایبەتی(١٥٠/٠٠٠) سەدوپەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک.

٢- پۆلی مومتاز(١٢٠/٠٠٠) سەدو بیست هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک.

٣- پۆلی یەکەم(١٠/٠٠٠) دە هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک.

٤- پۆلی دووەم(٥/٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک.

٥- پۆلی سێیەم(٣/٠٠٠) سێ هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک.

٦- پۆلی چوارەم(١/٥٠٠) هەزارو پێج سەد دینار بۆ هەر حالەتێک،

**ماددەی سی وشەشەم:**

نابێ بڕیاری جیاجیا بۆ سەر فکردنی پارەی جیاجیا لە یەک پڕۆژەدا بدرێ بەبیانووی لادان لە دەسەلاتی سەلماندنی (مصادقە) بڕیارەکانی سەرفکردنەوە.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە بنچینەی لە بار بۆ ئاسانی ی جێ بەجێ کردنی ئەو فەرمانانەی دابنێ کە لەم یاسایەو پەیڕەوو ڕێنمایی یەکانیدا هەن.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی ماڵ وموڵکی دەوڵەتی کارپێکراو(قانون بیع وایجار اموال الدولە النافذ) بەسەرماڵ وموڵکی شارەوانیدا جێ بەجێ دەکرێ لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەمانەدا:

١- وەزیر جێگەی وەزیری دارایی دەگرێتەوە.

٢- ئەنجوومەن سەبارەت بە ماڵی گوازراوە جێگەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن (مجلس الادارە) دەگرێتەوە.

٣- شارەوانی بۆی هەیە لە سەر پێشنیازی ئەنجوومەنی شارەوانی وپەسند کردن لە لایەن وەزیرەوە، ئەو خانووبەرانەی سوودیان لێ نابینرێ بەهاونرخ (بدل المثل) بە موڵکداری دراوسێ یان بفروشێ.

٤- شارەوانی بۆی هەیە لە سەر پەسند کردن لە لایەن وەزیرەوە خانووبەرەی خۆی بەهاونرخ بەلایەنە خێر خوازو ئاینی یەکان بفرۆشێ.

٥- خانووبەرەی شارەوانی جگە لەوانەی بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان دەکرێن لە یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی ماڵ وموڵکی دەوڵەت بەدەردەکرێن.

٦- شارەوانی بۆی هەیە لە سەر پەسند کردنی وەزیر ئەو خانووبەرانەی لە ڕێگەی کڕین ویا موڵکسەندی یەوە(استملاک) بوونەتە موڵکی، هەر بەنرخەکەی خۆیان بیانفرۆشێ بەفەرمانگە

رەسمی ونیمچە رەسمی یەکان (شبه رسمیە).

**ماددەی سی و نۆیەم:**

شارەوانی بۆی هەیە بۆشایی ی سەروەی شوستەی شەقامەکان بۆ مەبەستی درووستکردنی قات(طابق)ێکی تر یا زیاتر بفرۆشێ وئەو مافەش بەپێ ی رێنمای یەک کە وەزیر دەریدەکا بەناوی کڕیارەکەوە لە فەرمانگەی تۆماری موڵکداریدا تۆمار دەکرێ.

**ماددەی چلەم:**

شارەوانی کاتێ دەیەوێ دەست لە هەر ماڵێ یا مافێک هەڵبگرێ نابێ بە کەمتر لە نرخە راستینەکەی دەسی لێ هەڵبگرێ.

**ماددەی چل و یەکەم:**

نابێ هیچ بینایەک بەبێ رێ پێدان لە لایەن شارەوانی یا بەرێوەبەرێتی ی نەخشەکێشانی ئاوەدانی یەوە هەریەکەیان لە سنووری دەسەلاتی خۆی دا دروست بکرێ.

**ماددەی چل و دووەم:**

١- ساڵی دارایی شارەوانی لە(١)ی کانوونی دووەمەوە دەست پێدەکاو لە(٣١)ی کانوونی یەکەمدا کۆتایی دێ وسەرۆکی شارەوانی دەبێ مەزەندە (تخمینات)ی بوودجەی ساڵانەی لە پێش رۆژی یەکەمی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێکدا پێشکەش بکا و ئەمانەی تێدابن:

أ - داهاتی مەزەندە کراو(الواردات المخمنە).

ب- مەسرەفی مەزەندە کراو(المصروفات المخمنە).

ج- ژێر دەست(موجودات)ی کاش ومالی گوازراوە.

د- سلفەو ئەمانەت.

٢- نابێ سەرپێچی لەو بنەماو بنچینانەی رێکخستن بکرێ کە وەزیر دایاندەنێ.

٣-ئەنجوومەن لە مەزەندەی بوودجە دەکۆڵێتەوە و دوای بریار لە سەردانی دەدرێ بەوەزارەت تا بەپێی رێنمایی یە کارپێکراوەکان هەرچی لە بارەیەوە پێویستە بیکا.

٤- ئەو بوودجانەی لە لایەن بەرێوەبەری گشتیی نەخشەکێشان وبەدوا داچوونەوە بۆ شارەوانی یەکان پێشنیاز کراون پێشکەش بەوەزیر دەکرێن بۆ سەڵماندنیان.

٥- ئەگەر شارەوانی قەرزاری خەزینەی دەوڵەت بوو بوودجەکەی لە لایەن وەزیری دارایی وئابووری ی هەرێمەوە دەسەڵمێنرێ.

٦- ئەگەر لە بەر هەر هۆیەک بوودجەی شارەوانی پێش ساڵی نوێ نەسەڵمێنرا، سەرفکردن بەرێژەی ١/١٢ی(اعتماد)ی سەڵمێنراوی ساڵی پێشوو دەبێ هەتا کاتی سەڵماندنی کۆتایی ی بووجەی نوێ.

**ماددەی چل وسێ یەم:**

١- ئەنجوومەن سەرپەرشتی ی جێ بەجێ کردنی بودجەی سەڵمێنراو دەکاو بەپێ ی ماددە و

بەشـەکـانی بودجـەکـە فـەرمـان بەسـەرفکردن دەدا وبۆیشـی هەیە دەسـەلاتی سـەرفکردن لە سنووریکی دیاریکراودا بەسەرۆکی شارەوانی بسپێرێ.

٢- ئەنجـوومـەن نابێ بریاری بەبێ وەزیر، گـواسـتنەوە لە نێـوان بەش ومـاددەکـانی بووجـە سەڵمێنراوەکەدا بکا.

٣- ئەنجـومـەن نابێ بەبێ بریاری وەزیر، گـواسـتنەوە لە(اعـتـمـاد)ی سەڵمـێنراوەوە بەمەبەسـتی دانەوەی ئەو قەرزانەی وەزارەتی دارایی وئابووری بکا کە کەوتوونەتە سەر شارەوانی.

٤- ئەو سەرفکردنەی بەئەنجومـەن سپێردراوە بەپێ ی ئەوبنە مایانە دەبێ کە لە یاسای ئـوسوولی ژمێـریاری ی گشـتیدا هەن(قـانون اصـول المحاسـبـات العـامـە) بە مـەرجێ وەزیری شـارەوانی وگەشتو گوزار جێگەی وەزیری دارایی وئابووری بگرێتەوە وبۆی هەیە رێنمایی بۆ رێکخستنی بەجێهێنانی ئەوکارە دەربکا.

**ماددەی چل و چوارەم:**

دوا حـسـاب(الحـسـاب الخـتـامی)ی بودجـەی سـاڵی دارایی بەسـەرچوو لە مـاوەی مـانگی شـوباتدا دەدرێ بەوەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێم.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

١- گشت ئەو قەرزو ئەمـانەتانەی خـاوەنەکـانیـان لەمـاوەی پێنج سـاڵدا لە رۆژی ئەو سـاڵە دارایی یەوەی تیـایدا وەرگـیـراون نەچون بە دەنگ وەرگـرتنەوەیـان، بە داهاتێکی بێ رەتکردنەوە بۆ خـەزینەی هەرێم دەنووسرێن، جگە لە ئەمـانەتەکـانی مـولتـەزیم و بەڵێن کـار(مـتـعـهـد). بەڵام وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە فـەرمـان بە گـێـراندنەوەی ئەو قـەرزو ئەمـانەتانە بدا کـە خاوەنەکانیان لەو ماوەیەدا لێیان نەپرسیونەتەوە، ئەگەر بۆی دەرکەوت کە نەپرسینەوەکە بەهۆی بەهانەیەکی دروستەوە بووەو هیچ پرسینەوەیەکیش دوای تێپەربوونی دە ساڵ وەرناگیرێ.

٢- ئەو قەرزانەی لەسـەر شارەوانین وبەندی سـەنەدو رێککەوتن نامەو یارمەتی دانن(مسـاعدات) لە حـوکـمی ئەم مـاددەیە بەدەر دەکـرێن ودەکـەونە ژێر رکـێـفی تێـپـەربوونی رۆژگـاری یاسـایی تایبەتیی خۆیانەوە (مرور الزمن القانونی الخاص).

**ماددەی چل و شەشەم:**

وەزیر سـەر پەرشـتـیی کارەکـانی شـارەوانی یەکـان وچاودێریی جێ بەجێ کـردنی بودجـەیان وپێدا چوونەوەی ژمـێـریاری یان دەکـاو بۆی هەیە پشـکنەرو وردکـار(مـدقق) بۆ ئەو مـەبەسـتـە بنێـرێ ودەزگاکانی شارەوانیش دەبێ هەرچی پێویستە بۆ ئاسانکردنی ئیشیان بۆیانی بکەن.

**ماددەی چل و حەوتەم:**

ئەگەر بەرژەوندیی گشـتی وەهای خواست کە شەقامێکی کۆن بەلاوە بنرێ ویەکێکی نۆیی بەپێی

نەخشـەی سەلّـمێنراو لە جێگەی رابکێشرێ، ئەنجوومەن بۆی هەیە ئەو شاقامە بەپێی نەخشە سەلّمێنراوکە بفرۆشێ یا بەکرێی بدا.

**ماددەی چل و هەشتەم:**

ئەنجـوومـەن دەبێ بۆ مـەبەسـتی جێبـە جێ کـردنی سکێـچی بنچـینەیی و سـیکێـچـە فـراوانەکـان وسازدانی خزمەتگوزاری و سوودە گشتی یەکان، بڕیاری دابڕینی بەشی پێویست بەپێی سـیکێچی سەلّمێنراو بدا لەو مولّکە بینا کراوانە یا ئەوانەی لەمەوەبەر دابەشکراون بەمەرجێک لە چواریەکی رووپێوی هەر مولّکێک زیاتر نەبێ کە ئەوە بە خۆڕایی دەبێ ئەگەر مولّکەکە زەوی بوو یا لەکاتی بیناکردنەوەیدا ئەگەر مولّکێکی بینا کراوبوو. بەلاّم لە حالّێکدا ئەگەر پێویستی کرد کە زیاتر لە چواریەکی وەربگیرێ، ئەوا ئەنجوومەن دەبێ لە رێگەی مولّکسەندییەو زیادەی چواریەکەکە بەپێی یاسای مولّکسەندی کارپێکراو وەربگرێ.

## سێیەم
## هەلّوەشاندنەوەی ئەنجوومەن

**ماددەی چل و نۆیەم:**

١- ئەنجـوومـەنی وەزیران بۆی هەیە لە سـەر پێـشنیـازی وەزیر، ئەنجـوومـەنی شـارەوانی هەلّوەشێنێتەوە ئەگەر ئەنجـوومەنەکە زۆربەی ئەندامانی لە دەست دا لە حالّێکدا کە لەپۆلی تایبەتی و مـومتـاز بێ، بەلاّم بۆ پۆلەکانی تر پێشنیـازەکـە لەلایەن بەڕێوەبەری گشـتی ی شارەوانییەکانەوە دەکرێ و بە پەسندکردنی لەلایەن وەزیرەوە.

٢- وەزیر دەبێ لە مـاوەی پازدە رۆژدا لە رۆژی هەلّوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەوە بڕیاری هەلّبژاردن لەو ناوچەیەدا بدا کە ئەنجوومەنەکەی بەپێی برگەی پێشوو هەلّوەشێنراوەتەوە بۆ هەلّبژاردنی ئەنجوومەنێک کە جێگەی ئەنجوومەنی پێشوو بگرێتەوە وماوەکەش تەواوکەری ئەو دەبێ.

٣- کـارەکانی ئەنجوومـەن لە رۆژی هەلّـوەشـاندنەوەیەوە هەتا هەلّبـژاردنی ئەنجـوومـەنی نوێ بە لیـژنەیەک دەسـپـێردرێ کـە وەزیر لە سـەر پێشنیـازی بەڕێوەبەری گشـتیی شـارەوانی یەکـان پێکیدێنێ و ئەم لیژنەیە نابێ هیچ بڕیارێک بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک بدا پێویستیی بەسـەرفکردن لە سنووقی شـارەوانی دەبێ و لەوەوبەر ئەنجـوومـەن بڕیاری بۆ نەدابێ، جگە لەو مەسرەفی هەمیشـەیی یە ئاسایی یانەی کە لە بووجە سەلّمێنراوەکەیدا هەن، تەنیـا لەحالّەتی پێویسـتـیدا نەبێ کـە ئەویش لە سـەر پێشنیـازی بەڕێوەبەری گشـتیی شـارەوانییـەکـان وبە پەسندکردن لەلایەن وەزیرەوە دەبێ.

## بەشی دووەم
## دەسەلاتی جێبە جێ کردن

یەکەم/ دەسەلاتەکانی سەرۆکی شارەوانی

**ماددەی پەنجایەم:**

سەرۆکی شارەوانی یا ئەو کەسەی دەسەلاتی خۆی دەداتێ دەسەلاتی جێبەجێ کردنی ئەم تایبەتکاری یانەی دەبێ:

١- بەرێوە بردنی کاروباری شارەوانی و سەرپەرشتی کردنی ئیش وکاری فەرمانبەران وکرێکاران.

٢- بەرێوە بردنی ماڵ وموڵکی شارەوانی وپاراستنیان.

٣- بەرێوە بردنی داهاتەکانی شارەوانی و وەرگرتنیان و چاودێر یکردنی حسابەکانی.

٤- ئیمزا کردنی ئەو نووسراوانەی لە شارەوانی یەوە دەردەچن.

٥- دەبێتە نوێنەری شارەوانی لە بەردەم دادگاکان وگشت فەرمانگەکاندا و بۆی هەیە کەسێکی تر بکاتە بریکاری خۆی وئەگەر بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی شارەوانیدا ناکۆک بوون، جێگری سەرۆک لە نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی یەکانی شارەوانیدا جێگەی دەگرێتەوە هەر وەکو سەرۆک یا جێگرەکەی لە هەموو بۆنە گشتی یەکاندا دەبنە نوێنەری شارەوانی یەکان.

٦- هەر دەسەلاتێکی تر کە ئەنجوومەن پێی دەسپێرێ و ئەویش دەبێ:

أ- ئەو راپۆرتانەی خوارەوە بدا بە ئەنجوومەن و وێنەیان بە وەزارەت و دەبێ پوختەی ئەو کارانەیان تێدابن کە شارەوانی بەدیی هێناون و ئەو مەسەلانەی چارەسەری کردوون وکەشفێکیش بە دەسکەوت ومەسرەفی شارەوانی وتێبینی وپێشنیازەکانی لە بارەیانەوە پێشکەش بکات:

١- راپۆرتێکی نیو ساڵی ولە کۆتایی ی حوزەیراندا دەدرێ.

٢- راپۆرتێکی ساڵانە و لە کۆتایی ی کانوونی یەکەمدا دەدرێ.

٣- راپۆرتێکی کۆتایی لە دوا مانگی خولی ئەنجوومەندا دەدرێ.

٤- راپۆرتێک لە بارەی ئەو پرۆژانەی گەشەپێدانەوە کە لەسەر حسابی نەخشەن.

أ - ئەم راپۆرتانە بەپێ ی ئەو پێوانانە دەدرێن کە ئەنجوومەنی وەزیران دایان دەنێن.

ب- ئەنجوومەن بۆی هەیە لەو راپۆرتانەی برگەی پێشوو بدوێ و بریاری پێویست سەبارەت بەو مەسەلانە بدا کە لە چوار چێوەی تایبەت کاری خۆیدان.

ج- شارەوانی بۆی هەیە لە سەر پێشنیازی ئەنجوومەن وپەسندکردنی لەلایەن وەزیرەوە ئەو راپۆرتانەی برگەی(١) بەرێ و شوێنی ئاگاداریی جۆراو جۆر بۆ هاوولاتییان بلاوبکاتەوە.

**ماددەی پەنجا و یەکەم:**

شارەوانی یەکان بۆیان هەیە سەبارەت بە ئەرکەکانی سەرشانیان راستەو خۆ رووی قسە بکەنە دادگاکان و فەرمانگەکان وهاوولاتییان.

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

وەزیر بۆی هەیە هەرچی یەک بە پێویست دەزانێ لەو دەسەلاتانەی خۆی کە یاسا رەچاوکراوەکان بۆی بریار داون، بۆ ئاسانکردنی کاروبار بە سەرۆکی شارەوانی یان بسپێرێ.

## بەشی شەشەم

**ماددەی پەنجاو سێیەم:**

شارەوانی بەیەکێ لە دەسەلاتە گشتییەکان دادەنرێ کە بەپێ ی یاسا دامەزراوە وبۆی هەیە داوا لە هەموو کەس بکا ملکەچی ئەو فەرمانانەبن کە دەریاندەکا وبەرێک وپێکی رادەگەیەنرێن و ئاشکرا دەکرێن و دەبێ ئەو فەرمانبەرانەی تاعەت بکرێن کە دەسەلاتی هەلسووراندنی کارەکانیان پێ سپێردراوە وئەوەی سەرپێچی بکا بەپێ ی یاسا کارپێکراوەکان سزادەدرێ.

**ماددەی پەنجاو چوارەم:**

١- نیشتەجێی خاوەن ئەهلی یەتی تەواوی (الاهلیە الکاملە) ئەو مولکەی ئاوەرۆیەکی ئاوی پیس یا لێرژاوی(فائضە) لێ دەخاتە سەر شەقام یا حەوزێکی لەسەر شەقام بۆ درووست دەکا بە ماوەیەک حەبس کردن کە لە دە رۆژ زیاتر نەبێ یا بە غەرامەیەک کە لە سەد دینار زیاتر نەبێ یا بە هەردووکیان سزا دەرێ و دادگا بریار دەدا کە لە ماوەی سی رۆژدا لە لایەن نیشتەجێ ی خانووکەوە ئاوەرۆکە هەلبگیرێ وحەوزە کە پر بکرێتەوە و بەپێچەوانەوە شارەوانی ئەو کارە دەکا ونیشتەجێ ی خانووکە مەسرەفەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

٢- نیشتەجێی خاوەن ئەهلییەتی تەواوی ئەو خانووەی پیسی وزبل و ئاوی پیس فرێ دەداتە سەر شەقام بە غەرامەیەک کە لە پەنجا دینار زیاتر نەبێ سزا دەدرێ.

## بەشی حەوتەم

## چەند حوکمێکی جۆراو جۆر

**ماددەی پەنجاو پێنجەم:**

١-گشت ئەو شەقامانەی دەکەونە سنووری شارەوانییەوە وبەکار هێنانیان بۆ سوودی گشتی وازی لێ هێنراوەو لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەدا هەن یا ئەوانەی داویی بەپێ ی یاسا رەچاو کراوەکان وەهایان لێدی یا ئەوانەی دوای گۆرینیان دەکەونە سنووری یەوەو هەموو زەوی وزارەکانی وەزارەتی دارایی کە دەکەونە سنووریەوەو ئەو زەویوزارانەی نابنە مۆلکی هیچ کەس، بەبێ بریتی(بدون عوض) بەناوی شارەوانی یەوە تۆمار دەکرێن

وفەرمانگەکانی تۆماری موڵکداری(التسجیل العقاری) دەبێ ئەو موڵکانە لە تۆمارەکانیاندا راستەو خۆ بەبێ رەسمدان بەناوی شارەوانی یەوە تۆمار بکەن.

٢- نابێ (افراز) لەو زەوی وزارانەدا کە دەکەونە سنووری شارەوانی یەکانەوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون وپیشەسازی بکرێ تەنیا بە بڕیاری وەزارەت نەبێ وبەم جۆرە:

أ - ئەو زەوی وزارانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی ی پۆلی تایبەتی یەوە بە ماوەی(١٠)دە کیلۆ مەتر.

ب- ئەو زەوی وزارانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی ی پۆلی مومتازەوە بە ماوەی(٧) حەوت کیلۆ مەتر.

ج- ئەو زەوی زارانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی ی پۆلی یەکەمەوە بە ماوەی(٥) پێنج کیلۆ مەتر.

د- ئەو زەوی وزارانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی ی پۆلی دووەم وسێیەم وچوارەمەوە بە ماوەی(٣) سێ کیلۆ مەتر.

٣- دەبێ نەخشەکێشانی ئاوەدانی بەرێکخستن لەگەڵ شارەوانی پێوانەو پارەی پێویست ئەو تۆ دابنێن کە چۆنێتی ی(افراز)ی ئەو زەوی وزارانە روون بکاتەوە.

**ماددەی پەنجاو شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنماییی پێویست بۆ ئاسانیی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای یانسیبی ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

لیژنەیەک پێکدەهێنرێ بە ناوی لیژنەی یانسیبی ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتیی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان وجێگری بریکاری وەزارەت ونوێنەری وەزارەتی دارایی وئابووری وتەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی وکشتوکاڵ وئاودێری وپەروەردە وپیشەسازی ووزەو ئەشغال ونیشەجێ کردن بە پلە یەک کە لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

لیژنەکە خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێ وبۆی هەیە هەموو چالاکییەکی قانوونی بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی بنوێنێ وسەرۆکەکەی لەبەردەمی دادگاکان ولایەنە رەسمییەکاندا دەبێتە نوێنەری.

**ماددەی سێیەم:**

لیژنەکە خۆی جۆرو شێوەی پلیتی یانسیبەکە ونرخی فرۆشتنی وڕێکخستنی راکێشانی ورۆژەکەی و چۆنێتی راکێشانەکە دیاری دەکا.

**ماددەی چوارەم:**

لیژنە دوای وەرگرتنی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران مافی خواستن(استعارە)ی فەرمانبەرانی لە وەزارەتەکانی هەرێم هەیە بەمەبەستی جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی بۆ ماوەیەک کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ ودەشێ بۆ یەک جار نوێ بکرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

لیژنە بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێک کۆدەبێتەوە بۆ دەرکردنی بڕیاری پێویست لە بارەی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە یانەسیبەکەوە هەیە.

**ماددەی شەشەم:**

لیژنە بۆی هەیە لەسەر داواکردنی سەرۆک یاسێ لە ئەندامان کە داواکەیان دەدرێ بە سەرۆک کۆبوونەوەیەکی بەدەرەکی (استثنائی) بکا وئەمیش دەبێ لە ماوەی یەک هەفتەدا لە رۆژی وەرگرتنی داواکەوە لیژنەکە بۆ کۆبوونەوە بانگ بکا.

**ماددەی حەوتەم:**

کۆبوونەوەکانی لیژنە بە ئامادە بوونی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ولەگەڵیاندا سەرۆک وئەگەر نا جێگرەکەی ساز دەبن وبڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان دەدرێن وئەگەر دەنگەکان وەک یەک بوون ئەو لایە زاڵ دەکرێ کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنە دەبێ لە ماوەی هەفتەیەکدا لە رۆژی کۆبوونەوەکەوە بڕیارەکانی بنێرێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران

وئەگەر ئەنجوومەن لە ماوەی پازدە رۆژدا نارەزاییی لەسەر دەرنەبڕین لە رۆژی سپاردنیانەوە بە ئەنجوومەن بەساڵمێندراو دادەنرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

لیژنە بووجەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دادەنێ کە داهات ومەسرەفی بۆ ماوەی ساڵێکی دارایی تەواو کە لە١/ کانوونی دووەمەوە دەست پێدەکاو لە ٣١/ کانوونی یەکەمدا کۆتایی دێ دیاری دەکا ولە دوای سەڵماندنییەوە لە لایەن وەزیری داراییەوە کاری پێدەکرێ.

**ماددەی دەیەم:**

ئەگەر ساڵی دارایی دواکەوت و بودجەکەی نەسەڵمێنرا بوو لیژنە بۆی هەیە تا کاتی سەڵماندنی بووجە نوێیەکە بە بڕیاری وەزیری دارایی کار بە بووجەی رابوردوو بکا.

**ماددەی یازدەیەم:**

حسابی ساڵانەی لیژنە دەکەوێتە ژێر رکێفی پشکنین وچاودێریی داراییەوە بەپێی یاسا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

لیژنە دەبێ لە ماوەی سێ مانگدا. لە رۆژی کۆتایی هاتنی هەر ساڵێکی داراییەوە راپۆرتی ئەو چاودێرە ژمێرییارییە بدا بە وەزارەتی دارایی کە بە حسابی ئەو ساڵەدا چۆتەوە لەگەڵ راپۆرتی ساڵانە لە بارەی کارەکانی لیژنەوە لەو ساڵە داراییەدا.

**ماددەی سیازدەیەم:**

پارەی کاشی لیژنە دەخرێتە یەکێک لە بانقەکانی هەرێمەوە وپارە لێراکێشانی بە ئیمزای سەرۆکی لیژنەو فەرمانبەری بەرپرسیار لە حسابی دەبێ ولیژنە بۆی هەیە هەندێک پارەکە لە دە هەزار دینار زیاتر نەبێ لە سنووقەکەیدا بۆ مەسرەفی دەم و دەست هەڵبگرێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

وەزارەتی دارایی دەبێ هەندێ قەرزی درێژ خایەن بە بێ سوودی یاسایی(الفائدە القانونیە) بدا بە لیژنە بۆ هەڵسووراندنی کاروباری بە مەرجێ بەپێی توانای لیژنە بە قیستی ساڵانە بیداتەوە.

**ماددەی پازدەیەم:**

داهاتەکانی لیژنە ئەمانە دەبن.

١- ئەو قەرزانەی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەیدرێتێ.

٢- داهاتی راستەوخۆی یانسیبەکە.

٣- سوودی سپێردراو(ودائع) وپارە کاشەکانی خۆی.

٤- ئەو پارەیەی بەپێی ئەم یاسایە لە قازانجی ئەو کەسە دەردەکرێ کە بلیتەکەی بۆ دەرچووە.

٥- هەر داهاتێکی تر کە لیژنە دوای بڕیار لە سەردانی ئەنجوومەنی وەزیران قبووڵی دەکا.

**ماددەی شازدەیەم:**

نابێ کۆی خەڵاتەکانی ساڵێکی دارایی تەواو(٥٠٪) لە سەدا پەنجای نرخی بلیتە فرواشراوەکانی ئەو ساڵە بێ.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

پوختەی داهاتی لیژنە لە یانسیبەکە وداهاتەکانی تری بەپێی، لە پێشتری(الاولویە) وپلان

ونەخشە سەلمێنراوەکان لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان وئاوەدان کردنەوەی کوردستانی عێراق تەرخان دەکرێ.
ماددەی هەژدەیەم: لیژنە بە یاسایەک هەڵدەوەشێتەوە کە چۆنێتیی پاکۆ دانی ماڵ ومولکی دیاری دەکا.

**ماددەی نوزدەیەم:**

ئەو خەلاتانەی یانسیبەکە کە دەدرێن بە پلیت بۆ دەرچووەکە لە گشت باجێک دەبەخشرێن.

**ماددەی بیستەم:**

لیژنە لە(١٥٪) لە سەدا پانزەی پارەی خەلاتی ئەو کەسەی پلیتەکەی بۆ دەرچووەگلدەداتەوە ووەک داهاتێک بۆ لیژنە تۆمار دەکرێ.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

لیژنە رێژەی کۆمیسیۆن(العمولە) بۆ ئەو کەسانە دیاری دەکا کە وەکالەتی فرۆشتنی بلیتی یانسیبەکەی دەدرێتی.

**ماددەی بیست ودووەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

وەزیری دارایی وئابووری وئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان بۆیان هەیە هەر یەکە بەپێی تایبەتکاریی خۆی رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی بیست وچوارەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەو بارودۆخەی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە و کاولکردنی ژێر خانی لەلایەن حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەتی رژێمی ئێستای بەغداوەو پێویستی بوونی پاڵپشتێکی دارایی بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەو جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی گەشە پێدان و لەبەر باری سەختی دارایی حکوومەتی هەرێم ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٢)

## یەک شەممە رێكەوتی ١٤/٣/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)
## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٤/٣/١٩٩٣

***لە کاتژمێر (١)ی سەرلەبەیانی رۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ١٤/٣/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن دەربارەی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی گوندی عەوێنە.***

***٢- گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو دەست درێژییەی کە فرۆکەکانی ئێران کردوویانەتە دەسەر سنووری هەرێمی کوردستان.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١- بەرنامەی ئەمرۆمان دەربارەی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی گوندی عەوێنە.

٢- دەربارەی ئەو دەست درێژیەی کە فرۆکەکانی ئێران لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان دوێنێ کردوویانە.

٣- تازە بابەت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەین وەفدێکی پەرلەمانی پێک بهێنرێت و بچن بۆ هەڵەبجە بۆ ئەوەی ساڵ ڕۆژی بۆمباباران کردنی هەڵەبجە یاد بکەنەوە.. سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم پشتگیریی کاک فرەنسۆ دەکەم. دووەم: بۆ مەسەلەی ئەو ناوچانەی سەر سنوور کە فرۆکەی ئێران بوردومانی کردوون، دیسان وەفدێکی پەرلەمان بچێت بۆ ئەوەی تەماشای وەزعی هاووڵاتیان بکات بزانن چیان لێ هاتووە لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو پێشنیارمان لەبەردەمدایە، واتا دوو خاڵی تر دەخەینە سەر بەرنامەکە.

١- دەست نیشان کردنی کاتێک بۆ سەرذانی هەڵەبجە.

٢- دەست نیشان کردنی وەفدێک بۆ سەردانی ئەو دێهاتانەی کە تۆپباران کراون و تووشی دوژمنکاریەکانی رژێمی ئێران هاتوون .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زیاد کردنێک بۆ پێشنیارەکەی کاک سەعدی ،لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەی (دیموکرات) کەوتۆتە بەر بۆمبارانی دوێنێ پێم وایە یەکجار تێک چووە.

پێشنیار دەکەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستەیەک لە دکتۆرو پسپۆران بنێرن بەڵکو پێویستیان پێ بێت، چونکە بۆمبارانەکە تەرکیزی کردۆتە سەر خەستەخانەکە بەتەواوی تێک چووە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاشان لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیران باسی ئەم بابەتە بکەن کە چ لەتوانادا هەیە بۆ ئەم پێشنیارە وەکو ئاگادارن لەرۆژی (١٢)ی مانگ دا دەستەی رژێمی بەغدا هێرشێکی نارەوایان بردە سەر گوندی عەوێنەی بێ تاوان، کە بووە مایەی شەهید بوونی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و ژن و خەڵکی بێ تاوان و هەروەها بریندار بوونی ژمارەیەکی تر، بۆیە لە دانیشتنی ئەمرۆ خاڵی یەکەم لەسەر ئەو بابەتە دەڕۆین و پێشەکی ئەگەر مۆڵەتم بدەن داواتان لێ دەکەین، دەقیقەیەک راوەستن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گوندی عوێنە و گشت شەهیدانی کوردو، کوردستان، بەم بۆنەیەوە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە دوێنێ بەیانێکمان بڵاوکردەوە بۆ خەڵکی کوردستان دەربارەی ئەم رووداوە دڵتەزێنە، ئێستاش بۆ زیاتر روون کردنەوە، ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی هەبێ دەربارەی ئەم رووداوە پاشانیش برادەران ئەگەر چیان هەبێ لەسەری دەدوێین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی کارەساتی دڵ تەزێنی (عەوێنە) ئەگەر رێگا بدەن بەڕێز وەزیری ناوخۆ راپۆرتێک لەم رووەوە پێشکەش بکات دوای ئەوە منیش چەند قسەیەکم هەیە.. سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو زانیاریانەی بە ئێمە گەیشتوون تاکو ئێستا دوژمن لە رۆژی (٣/١٢) لەکاتژمێری (٥ر١٠)ی سەرلەبەیانی دا بەهۆی دام ودەزگای عەسکەری، مخابراتی خۆی و جاش، کە بەجلی

مەدەنیەوە بەدەها کەس چەکداری لەوانە ئامادە کردبوو هێرشیان کردبووە سەر گوندی عەوێنەو شێخ شێروان، کە تاکو ئێستا هۆیەکەی لای ئێمە نەزانراوە، بۆیە تۆژینەوە بەردەوامە لەم کارە نامرۆڤایەتی یە، هەروەکو چۆن لە (ئەنفالە) بەدناوەکەیان رەفتاریان بەم شێوەیە بووە، ئەوەی کەوتووەتە بەردەستی دوژمن بەمندالٚ و ژن و ژمارەیەکی زۆریان لەو خەڵکە کوشتوون زۆریش بریندار بووینە بەپێی زانیاری ئێمە زۆریش لەوانە بارمتە کراون.

ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە هەندێک لەو جەنازانە گەیشتوونەتە ئێرە، (١٣) شەهیدمان هەیە، لە دوو مانگی یەوە تا (٧) ساڵی وئافرەتی تێدایە و لەگەڵ (١٠) بریندار، بەپێی ئەو زانیاریانەی کەپێمان گەیشت دوو تەرم بەناوی (خەتاب و جەمیل) لە مەرکەزی گوێر بوون، ژمارەی بریندار و کوژراو ئەوەی تاکو ئێستا بۆمان ئاشکرا بووە، تۆژینەوە بەردەوامە، هۆی ئەم کارەساتە لە ژێر تۆژینەوە دایە، هەر شتێکی تازەهات ئاگادارتان دەکەینەوە، بەراستی هەتاکو ئێستا هەر ئەوەندە زانیاریەمان پێگەیشتووە هەر درێژەیەکی ترمان زانی ئاراستەی بەڕێزتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە حکومەتی عێراق خەریکی دانانی پیلانێکی تازەیە دەیەوێ سیاسەتێکی تازە بگرێتە بەر ئەویش شەڕی ناوخۆو شەڕی نێوان کوردو عەرەب هەڵبگیرسێنێ کە ئەوە دیاردەیەکی زۆر خەتەرناکە، چونکە چەکەکانی تری کە بەکاری هێنا، بۆی نەچووە سەر، ئێستا خەریکی ئەو چەکەیە بۆیە دەبێ زۆر هۆشیارانە بتوانین بەرهەڵستی ئەو سیاسەتەی بکەین وەهەوڵی بدەین لەلایەکی تر لەگەڵ رکابەرانی (معارضە) عێراقی کە ئەوانیش بتوانن لەم رووەوە رۆڵی خۆیان بنوێنن، دەربارەی مەسەلەکە ئێستا وەزارەتی ناوخۆ هەروەها وەزارەتی داد ئەوە خەریکی لێکۆڵینەوەن، فایلێک ئامادە دەکەن دەربارەی ئەو بابەتە. و ئەوانەی کە ناویان دێ لەقەزیەکەدا لەتۆژینەوە داوایان دەکەین وئەگەر نەیەن ،مافی تەواو هەیە لە کوردستان بەدواداچوونی یاسایی ئەوانە بکرێت لە هەر شوێنێک بن، وەهەروەها نیازیش وەهایە ئەو فایلەی ئامادە دەکرێت بدرێ بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەویش با تۆمار بکرێ لەوتۆمارە پڕ لە تاوانەی رژێمی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کارەساتی گوندی عەوێنە لەگەڵ ویژدانی مرۆڤایەتی ناتەبایە بە تایبەتی سەربڕینی مندالی (٢) مانگی، بە بۆچوونی من ناتوانرێ بەوە لێک بدرێتەوە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان دوو دێیە، یان دوو جووتیار، با نەتەوەشیان جیاواز بێت وتەنها ئەوە بەسە بۆ ئەوەی رژێم بۆمان بسەلەمێنێ وەکو چەکێک بەکاری بهێنێ وەک جەنابی سەرەک وەزیران فەرمووی بۆ ئەوەی شەڕی رژێم لەگەڵ هەموو میللەتانی عێراقدا بکات بەشەڕی نێوان کوردو عەرەب وبەڕێز عوسمان حەسەن

دزەیی خۆی خەڵکی ئەم شوێنەیە هیواداریین کە خۆی بێت دەربارەی ئەو مەسەلەیە قسە بکات ئەو چەند گوندەی لەوێ هەنە چەندەها ساڵە لەگەڵ کوردن، ژن و ژن خوازیان لەگەڵ کورد کردووە، زمانی کوردی دەزانن، کوردیش زمانی ئەوان دەزانن باوەر ناکەم رق و کینە گەیشتووەتە ئەم رادەیە منداڵی (٢) مانگ و منداڵی (٢) ساڵە سەربڕێ، ئەگەر رژێم دەستی لەودوو بابەتەدا نەبێ، دەیەوێ نێوانی ئەو دوو میللەتە لەو ناوچەیەدا ژەهراوی بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سەرەخۆشی لەکەس وکاری ئەو شەهیدانە دەکەم داوای چاکبوونەوەی برینداراکان دەکەین. رۆژی (١٢)ی مانگ ئەو رووداوە لە گوندی عەوێنە روویدا کابرایەک هەیە ناوی (تەها مەحمود شحاذە)ە، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بەو تاوانە چونکە کە ئێمە برینداراکانمان دیت چەند شتێکمان لێ پرسین: چوونەتە سەر رێگای داوای تراکتۆریان لێکردووە دوای ئەوەی داوای پارەیان لێکردووە بەوەشەوە نەوەستاون کە ویستوویانە بیان کوژن، دوای ئەوە پەلاماریان داون بۆ ئەوەی چەکیان لێ بسەنن بەڵام بەر پرسی ئەو رووداوە (طە محمود)ە کە کۆمەڵێک لە چەکدارەکانی رژێمی هێناوە بە (١٥) ئۆتۆمبیل کە چوونەتە ناو کەپرەکان لە گوندەکە وئەو تاوانەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئاگادار بن هەر برادەرێک قسە دەکات بۆی هەیە تا (٤) دەقیقە قسە بکات.
کاک عوسمان خەڵکی ئەو ناوچەیەیە، ئەگەر شتێکمان بۆ باس بکات.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆم خەڵکی عەوێنەم بابەتی کارەساتی عەوێنە هی ئەمرۆ نییە، هەر دوێنێ شتێکی سەرپێی نەبوو، بەڵکو لە پاش راپەرینەکانی میللەتی کورد ورزگاربوونی ناوچەی هەرێمی کوردستان رووی دا، ناوی ئەو کابرایە(طە محەمەد شحاذە)یە نەک (طە محمود) وەک و کاک ئازاد ووتی خۆیان بە بنەچە خەڵکی (چادرۆکن) دێیەکە لەسەر سنووری ئەو دێیە تێکەڵاوانەیە، کە کوردو عەرەب تیایدا دادەنیشن نزیکەی (١٦-١٧) دێ لە کۆی (٥٨) دێ عەرەب تیایاندا دادەنیشن کەسەر بەناحیەی گوێرە، چەندین ساڵە بەیەکەوە ژیاوین تەبابووین وە نەبێ ژیانمان لەگەڵیان نائاسایی بوو بێ، ساڵی (١٩٨٥)یش رووداوێکی وەها رووی دا، بەکرێ گیراوانی رژێم (٨) قوتابی خەڵکی تەراشیان شەهید کرد کە عەرەب بوون و هاتووچۆی هەولێریان دەکرد. بۆ ئەوەی نێوان ئێمەو عەرەبەکانی ئەوێ تێک بچێت و ببێتە شەری کورد و عەرەب نەک شەری رژێم و کورد، هەروەها لەکاتی خۆیدا کە انفال و گوند تێکدان کرا، پێشمەرگە هێرشیان بردە سەر گوندی (مەچلوبە) ئەو

رقه هەر ما تا ئەو (٨-٩) رۆژەی دوایی کە (طه شحاذه) بەنهێنی کەمین دادەنێ لەنێوان گوندی (عەوێنه) و (سەید ئەمین ومەلا داود) بۆ ئەوەی خەڵکی بێ تاوانی ئەم ناوچەیەکە دەچن بۆ شەتڵ دانانەوە کەتووشیان بن وبیان کوژن، ڕووداوێک پێش ئەمە بووە لە نێوان گوندی عوێنەو سید امین (٥-٦) منداڵی خەڵکی (ابو جرده) ڕێیان لە (٣) کوردی (سەید ئەمین) گرت هەڕەشەیان لێ کردوون کە نابێ هاتووچۆی ئەم ناوچەیە بکەن، ووتویانە ئەم ناوچەیە هی ئێمەیە، ئەو دەغل و دانەی کە چاندراوە ئێمە خۆمان دەیدورینەوە، مەڕو ماڵاتی ئەو ناوچەیە هی خۆمانە. ڕووداوی دوێنێ خۆی کابرای گوندی عەوێنە (کوردەکە) چەکدار نەبووە (٣) عەرەب هاتوونەتە گژی داوای تراکتۆرو ئوتومبێلیان لێ کردووە، ئەویش (٨٠٠) دیناری لا بووە، گوتی یەتی: (٨٠٠) دینارەکەتان دەدەمێ وازم لێ بێنن، وازیان لێ نەهێناوە، کورەکە باوکەکەی بریندار کردووە لە ئەنجامدا چەکەکەیان لە عەرەبەکە ستاندووە.

لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ناوچەیەکی بێ لایەن(منطقەیەکی محرمه) دروست بێ لەنێوان ئێمەو ئەواندا، زنجیرە دێیەکە هەندێکی تەنیا کوردی تیادایە هەندێکی تەنیا عەرەبی تیادایە و هەندێکی کوردو عەرەبی بەیەکەوە تێدا دەژین.

گوندەکانی ئەوان ئێستا وەکو خۆی خەڵکی تیادایە گوندەکانی ئێمە چۆڵ کراون، هەر دێ یەک (٤٠) ماڵ دەبێت. خەڵکەکە هەموی خەریکی ژیانی خۆیانن و خەریکی شینایی و خەریکی دەغڵ و دانن ئەگەر نەتوانن بچنەوە شوێنی خۆیان هەموو ڕۆژێک (طه محەمەد شحاذه) بە خۆی و بە پیاوانی لەوێ بێ کارێکی خراپ دەکاتە سەر جوتیارانی گوێر، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ناوچەیەکی ئارام لەنێوان ئێمەو ئەواندا دروست ببێ، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو نوێنەری خەڵکی دهۆک سەرەخۆشی لەکەس وکاری شەهیدانی شێخ شێروان و عەوێنە دەکەین، وهیوای چاک بوونەوە دەخوازین بۆ بریندارەکان ئەم تاوانەی ڕژێم دژ بە خەڵکی عەوێنەو شێخ شێروان، یەکەم تاوان نییە، ئەمە ئاڵقەیەکە لەزنجیرە تاوانەکانی ڕژێم کەدەرهەقی میللەتی ئێمەی کردووە چ لە شۆڕشی ئەیلول چ هەنووکە چ لە هەڵەبجە ولە ئەنفال هەروەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ووتی، خەتەر ناکی ئەو شەرە لەوە دایە کە ڕژێم ئەمە وەکو سیاسەتێک بەکار دەهێنێ بۆ تێک دانی نێوان کوردو عەرەب بێگومان ئەمە لە بەرژەوەندی گەلی کوردو عەرەبدا نییە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان و حکوومەت و حزبەکانی ئێمە هەوڵێکی جدی بدەن ئەم سیاسەتە ریسوا بکەن، هەوڵ بدەن ئەم شەرە سەرنەگرێت. وەهەروەها پێشنیار دەکەم بیرخەرەوەیەک بنووسرێ لەسەر ترسناکی ئەو شەڕە وئاراستەی کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان (جامعة الدول العربیة) بکرێت تیایدا دیار بکرێت کەوا ئەوە ڕژێمی عێراق هەوڵدەدات شەڕی نێوان

کوردو عەرەب دەست پێ بکات، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ گومان کارەساتی عەوێنە کارەساتێکە وەکو ئەنفال کە (١٨٢) هەزار کەس انفال کراون هیچ جیاوازی یەک نییە، چونکە دەبینین خەڵکی هەمان چارەنووسیان هەبووە، بەرای من وەکو برادەران باسیان کرد مەبەست تێکدانی نێوان کوردو عەرەبە و بێگومن برایەتی کوردو عەرەب بەمە تێک ناچێ، چونکە حکومەتی عێراقی دوژمنی گەلی کوردو عەرەبە- عەرەب و کورد ئێستا بەیەکەوە بەربەرەکانی ئەو رژێمە دەکەن.

هەروەها خاڵێکی تر هەیە کە مەبەستی حکومەتی عێراقە، کە ئەویش خاڵی ئابووری یە چونکە ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، گەنم و جۆی (شەمامک و کەندیناوەو مورکییە) ئەگەر بێتو بەچاکی بچێنرێ و بدوورێتەوە بەشی هەموو کوردستان دەکات بۆیە حکومەتی بەعس دەیەوێ ئەو بەروبوومە بۆ خۆی ببات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە تاوانێکی زۆر دڕندایە و لەلایەن رژێمەوە کراوە وکارەساتێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمە. بەڵام لێرە کاک عوسمان گووتی ئەو تاوانبارە هاتووە تراکتۆر ببا، پاشان پارەی لێ ساندووە، یەک لەوان کوژراوە پاشان گەراینەوە هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکە من پرسیار دەکەم گوندی عەوێنە چەند دوورە لە هێڵی بەرگری پێشمەرگە؟ نازانم بۆ پێشمەرگە یارمەتی نەداوە؟ چونکە ماوەکە ٢-٣ سەعاتە، کە هێرش براوەتە سەر گوندەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاشان وەزیری بەڕێز وەڵامەکان بۆ برادەران ئامادە بکات؟.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رژێمی بەعس ئەمە یەکەم جاری نییەو دووا جاریشی نابێ، چونکە دیارە رژێمی بەعس چەند رقی لە میللەتی کوردە، بەڵام من پێم باشە هەرایەکی باش لەسەر ئەم مەسەلەیە بەرپا بکرێ، حەقە ئێمە بەرامبەر دەوڵەتە ئیسلامەتیەکانیش نارەزایی خۆمان دەربرین ویادداشت بدەینە (**un**)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستی دا برادەران زۆر قسەیان کرد دەربارەی ئەم بابەتە. پێش ماوەیەک من لەلای بەڕێز وەزیری (اوقاف) بووم مامۆستا مەلا محەمەد بەراستی گرنگیەکی زۆری بەو تاوانەدا کە خوتبەخوێنەکان

له رۆژی هەینی دا باسی ئەو تاوانە بکەن بۆ خەڵک، بۆ ئەوەی خەڵک بزانن. من پشتگیری ئەو هەنگاوەی مامۆستا مەلا محەمەد دەکەم نەک ئەو هەنگاوە بەتەنیا، بەڵکو لایەنی ڕاگەیاندن ئەو ئیشە بەخەستی بەرچاو بخات، من پێشنیار دەکەم نەک بەتەنیا لە هەولێر لەسەرانسەری کوردستان ڕۆژانی هەینی لە هەموو مزگەوتەکان ئەو باسە بکەن هەتا غەیری ئیسلامەکانیش لەپەرستگاکانی خۆیاندا باسی ئەو مەسەلەیە بکەن، کە ئەو تاوانە نەک تەنیا تاوانێکی سیاسی یە ئەمە تاوانێکە لەگەڵ مرۆڤایەتی کراوە، هەروەک خودا دەفەرمووێ (من قتل نفسا بغير نفس او فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعا) صدق الله العظيم. ئەمە کۆکوژییە (قەتلێکی جماعی) یە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مامۆستا چۆناو هەندێ بابەتەوە کە هەرگیز نەبووە لە ئیسلامدا شتی وا بڕیاری درا بێ خەڵکی بێ تاوان و منداڵ وا بکوژرێ ،لە دەقێکی ئیسلامەتیدا هاتووە دەڵێ (لا تقتل إمراءة ولا شيخا كبيرا ولا طفلا رضيعا ولا تهدموا بيتا ولا تقلعوا شجرة) بەراستی ئەمەیە پەیڕەوی ئیسلامەتی و ئەوەی تر مەسەلەیەکی سیاسی یە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من زۆربەی مامۆستا محەمەد شەریف کردنی، بەڵام من پێشنیارێکم هەیە کە لیژنەیەک دروست بکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە پاش ئەو کارەساتە مانەوە هەندێکیان بریندارن و هەندێکیان هیچ جێگایان نەماوە، چارەسەر بکرێن.

دوو: پێویستە لەسەر هەموو (ئیمام و خوتبە خوێنەکان)کە وەعز بدەن، وەزیری ئەوقاف ئەمە بەهەموو مزگەوتەکان ڕابگەیەنێ کە وتار(خطبه) بدرێ دەربارەی ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من ئەوەیە، ئایا کێ بەر پرسیارە لە پاراستنی هاوڵاتیان لە ناوچە سنووری یەکانی کوردستاندا؟ و ئایا ئەمانە بەرپرسیار دەبن؟ بەراستی دەبێ ئەمە ڕادەیەکی بۆ دابنرێت، تاوەکو ئەم هێرشە دووپات نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەمە تاوانێک و کارەساتێکی گەورە بوو، پێم وانی یە کە ئەمە هەروا بەسادەیی ڕووی داوە، مێژوو دیسان پاش (٣٠) ساڵ جارێکی تر لەدەشتی هەولێر خۆی دووپات دەکاتەوە. ساڵی

١٩٦٣ لەدەشتی قەراج خێڵی (طائی) هێرشیان بردە سەر هەردوو (تل الخیم)ی گەورەو گچکە، هەمان کارەساتیان دروست کرد، من پێم وایە ئەو کارەساتەی (١٢) ی مانگ روویدا پەیوەندی هەیە بەقسەکانی (طه جزراوی)یەوە ئەم قسانەی کە رۆژی (١١)ی ئادار کردی وەکو سەگ دەڕشایەوە، ئەم قسانەی ئەو، (طه شحاذه) جێبەجێی کرد سیاسەتی حکوومەتی ئەنجامدا، وڕژێم لێی بەرپرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو پرسیار رووبەڕووی وەزارەتی پێشمەرگە دەبنەوە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرسیارەی برادەران کردیان دەربارەی رد فعلی پێشمەرگە نییە بەرامبەر بەو کارەساتە، ئەوە پێی دەڵێن پلانی هێرش بەرامبەر «الهجوم المقابل».

یەکەم: عەوێنە لەدەرەوەی هێڵی بەرگری پێشمەرگەدایە، پێشمەرگە پلانێکی بەرگریکردنی هەیە، ئەو پلانەیان بەنووسراو پێ راگەیاندن، لەپاش ئەو دوو مانگە کە پێشمەرگە بەرەو یەک بوون دەچێ.

بەپێی بڕیاری پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر کراوە کە ئێمە وەزعی بەرگریمان هەیە. وکاتێک کوردستان دەکەوێتە خەتەرەوە پێشمەرگە لە هەموو جێگایەک بەر هەڵستی دەکا بەپێی ئەو پلانەی کە بۆی دانراوە، ئەم کارەساتە لەدەرەوەی ئەو پلانەدایە. ئەمە پەلاماردانێکی بەتەگبیرە وەکو هەموو برایان وتیان بە تایبەتی کاک فرەنسۆ من دوێنێ گوێم لە قسەکانی وەزیری ناوخۆ بوو کە ئەمە غارەیەکە رژێم کردوویەتی. لە کاتێکدا پێشمەرگە کاردانەوەی سەربەخۆی هەبێ دەبێ رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزارەتی پێشمەرگە وەربگیرێت، کاردانەوەکە نەگونجێ لەگەڵ ئامانجی دوورو نزیکی پلانەکە، ئینجا پەلاماری بەرامبەر لەبەرژەوەندی پێشمەرگە خۆجێیەکان نییە دەتوانن تەنیا بەرگری لە خەڵکەکە بکەن.

کارەساتەکەی تر هی ناوچەی قەرە هەنجیر، برادەرانی ئێمە خۆیان چووبوونە پشت هێڵەکانی دواوە. وئێمە پێمان ووتن ئەمە هەڵەیەو سەربازەکانیشمان ئیزن دان بە حورمەتەوە چوونە جێگای خۆیان، لەبەر ئەوە وەزعی ئێمە بەرگری کردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەو خۆتێکەڵکردنانەی(مداخلاتانەی) کە کردتان، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو خاڵە بێنن، لە نێوان ئەو قسانەی کە بەڕێزان پێشکەشیان کرد چەند خاڵێک هاتووە بە باشمان زانی وەکو بڕیارێک بەم شێوەیە پێشنیاری بکەین..

١- بیرخەرەوەیەکی نارەزایی بدرێ بە ئەمیینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی رووداوی دێی عەوێنە، هەروەها ئاماژە بدرێ بەو تاوانانەی کە کردوویانە لەم دواییەدا وێنەیەکیش بدرێ بەو لایەنانەی کە پەیوەندیان هەیە بە کێشەیەکی وەهاوە.
٢- لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بەپەلە لە وەزارەتی داد دروست بکرێ بۆ ئەوەی پێچراوەیەکی (مەلەفێکی) تایبەتی ئامادە بکرێت بۆ ئەم رووداوە.
٣- ئەم تاوانە لە مزگەوت و دێرو جێگای تر وبۆنە ئاینییەکاندا باس بکرێ.
٤- لە راگەیاندنی کوردستان هەوڵبدا بۆ ناوەوەو بۆ دەرەوە پیشانی رای ناوخۆو گشتی بدا، هەوڵ بدرێ بەزووترین کات بڵاوبێتەوە بە هەموو جیهاندا.
ئەم چوار خاڵە وەکو پێشنیارێکن، ئەگەر چی تر هەیە پێمان بڵێن.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
خاڵەکانی پێشنیارەکە هەموو بەجێن بەڵام لە راستی دا خاڵێک هەیە ئەویش لایەنی ئابووری یە، گرنگی ئەو ناوچەیە ئەوەیە کە دەغڵ و دانێکی باشی لێ دەڕوێ، ئەمە پێویستە حسابێکی بۆ بکەین و پیشانی دەرەوەشی بدەین لەو بیرخەرەوانە روونی بکەینەوە کە ئەمە جگە لەوەی پێ شێلکاریەکی ئاشکرای مافی مرۆڤەو تاوانێکی گەورەیە، دەیەوێ ئەم خێرەی لەو ناوچەیە هەیە لە کوردی بستێنێ، خاڵێکی تر هەیە کە ئەویش ئێمە دەبێ بە درێژایی هێڵی وێک کەوتن (خط التماس) خەڵکەکە هۆشیار بکەینەوە، پێشمەرگە وشیار بکەینەوەو ئاگاداریان بکەین، کە ئامادەبن بۆ رووداوی وەها، کەحسابی خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من پێشنیارم کرد ئەگەر وەزیری تایبەتمەند چاوێک بخشێنێ بە وەزعی ئەو کەسانەی کە لەپاش ئەو کارەساتە ماونەتەوە بەتایبەتی هەندێکیان لە خێزانەکانیان جودا بوونەتەوە یارمەتیان بدرێ بەشێک لە ئازاریان کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من یەک تێبینیم هەیە دەربارەی ئەو خاڵەی جەنابت وتت کە وەزارەتی داد پێی هەڵبستێ، بەراستی ئەمە تاوانێکی گەورەیە، وەزارەتی داد جێگای بڕوای هەموو لایەکە، بەڵام بەرای من ئەم بابەتە کە کوشتنی بەکۆمەڵە، بەرای من لیژنەیەک پێک بێت بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی بە توانا،

خەڵکەکە چاوەڕوانی ئەوەیە کە حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان چ بڕیار دەدات چونکە زۆر بە پەرۆشن بۆ کشتوکاڵ. ئەگەر لیژنەکە دروست بێ نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەی تیادا بێت لاریمان نییە کە بەسەرۆکایەتی قاضییەک بێ، من پێم باشترە لەوەی بەتەنیا وەزارەتی داد بیکات چونکە دەکەوێتە بەر بینەوبەی (ڕۆتینی) دادگاکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو بابەتە شێخ عەدنان باسی کرد کە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی کراوە ئێستا لای وەزیری دادە، پێشنیارەکە ئەوەیە کە لیژنەیەک پێک بهێنرێ، بۆ ئەوەی لەچۆنیەتی تاوانەکە بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم /سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک د.ڕۆژ گوتی ئەرکی وەزارەتی داد (تەوثیقی) تاوانەکەیە، دەکرێ دوو لیژنە هەبێ بۆ (تەوثیقی) تاوانەکە، وەزارەتی ناوخۆ ونوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی شێخ عدنان دەکەم، هەروەها پێشنیارێکم هەیە نوێنەرێک بروات بۆ کۆنگرەی (اسلامی )و بۆ (جامعەی عەرەبی) هەروەها بۆ کۆنگرەی رکەبەرەکانی عێراق، کە برایەتی کوردو عەرەب بپارێزن، لەباری ڕاگەیاندنیشەوە دژ بەرژێمی عێراق بقۆزترێتەوە، کەبەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات، هەروەها پێشنیاری تریشم هەیە بۆ وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە کە نەختێ گرنگی بدەن بە کۆنترۆڵی ئەو دێیانەی لەناوچەکانی سەر سنوورن، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵێکی تر هەیە ئەویش مافی مرۆڤە، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ، بەرای من فاکسێک لە پەرلەمانەوە بکرێ تاکو تۆژینەوەیەکی جیهانی لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لەڕایەکانی د.فوئاد و وەزیری ئەشغال دەکەم ئەمە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە، داوا دەکەم هەردوو لیژنەی کە دادەنرێن نوێنەری مافی مرۆڤیان تیادابێ بۆ ئەوەی زیاتر دەنگمان بگاتە

دەرەوەی وڵات، وێنەیەکیش بدرێ بە کۆنگریسی ئەمەریکا ونەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ئەمە بخەنە ناو ئەو بەڵگەنامەی کە دایدەنێن بۆ داداگایی کردنی رژێمی سەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵێکی تری بخەمە سەر، وێنەی ئەو تاوانە بگیرێ و لە هەموو جیهاندا بڵاوبێتەوە، چونکە لەوانەیە یادداشت لە جێگای رەسمی بڵاونەبێتەوە، بەم شێوەیەی کار لەسەر رای گشتی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە دوێنێ وە بەیانمان دەرکردوە، دامان بە ئاژانسی دەنگو باسی کوردستان بۆ ئەوەی بڵاوی بکاتەوە، ئێستاش چاپی دەکەین، بۆ ئەوەی بەچاپکراویش بڵاوی بکەینەوە، هەموو مزگەوتێک بەتایبەتی لەهەولێر کە مەرکەزی تاوانەکەیە، بیدەین بە مامۆستاکان لە خوتبەی هەینی و لە وەعزی ئێوارانداا ئەم تاوانە هەریەکە بەپێی بۆچوونی خۆی باس بکات، لەلانی ئاینییەوەشی بکەنەوە بەرای من ئەوەی برادەران وتیان هەمووی بکرێ لە هەمان کات بزاڤەکانی ئیسلامی ویەکیەتی زانایەکانی خۆمان وبزووتنەوەی دیکەی ئیسلامی کوردستان وعێراقی ئەوانیش بیرخەرەوەیان بدرێتێ، کە ئەمە تاوانێکی گەورەیە دوورە لە رەوشتی ئیسلامەتی کە رژێمی فاشستی کردوویەتی، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

د.قاسم پێشنیاری کردبوو ئەو یاداشتەی کە ئامادە دەکرێت بدرێتە کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبەکانیش، مەلا (تەڵحە)ش داوای کردبوو کە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ کە بەهانای کەس وکاری شەهیدەکان بگەن و جێگاو شوێنیان بۆ دابین بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارانەی کەکران هەوڵ دەدەین لەبەر چاو بگیرێن، بۆ بابەتی لیژنەکەش، پاشان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا ناوەکە هەڵدەبژێرین وبەو لیژنەیەی رای دەگەیەنین کە کارەکە دەکا، لیژنەیەکی پەرلەمانیش با سەردانی ناوچەی عەوێنە بکات بۆ سەردانی خەڵکەکە لە نزیکەوە، ئەوانەی تووشی زەرەر بوون و هەندێکیان کەس وکاریان نەماوە یان ئەو بریندارانەی لەوێن یارمەتی بدرێن ئەمەش پێشنیارێکە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کەس پێشنیاری نەکردووە کە لیژنەیەکی پەرلەمانی سەردانی ناوچەی عەوێنە بکات، چونکە ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەلاتی رژێمدایە، بەڵکو سەردانی کەس وکاری ئەوانە بکرێ کە لەوێ نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە وا هاتووە کەسەردانی گوندی عەوێنە بکەن.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوونی وەفدی پەرلەمانی بۆ عەوێنە ناکرێ، چونکە رۆژی کارەساتەکە من خۆم زۆر بەترسەوە چووم، کە خەڵکی دێیەکەشم لەگەڵ خۆمدا بردو، مەترسی ئەوەم هەبوو کە لە رێگا تووشی شەڕبیم، وەفد ناتوانێ بچێتە عەوێنە بەڵکو لێرە سەردانی کەس وکاریان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە پێشنیارەکە بەم شێوەیە بێ، وەفدێک سەردانی کەسوکاری شەهیدەکان بکەن کە لە هەولێر یا لە دەوروبەری هەولێرن، ئەمە پاشان لیژنەی یاسا هەر ئەمڕۆ بۆمان ئامادە بکەن.
خاڵی دووەم: کێشەی ئەو دەست درێژیەی کە لەلایەن فڕۆکەکانی ئێرانەوە کراوەو، ئەو دێهاتانەی کە لەسەر سنووری ئێران لە کوردستاندا تۆپبارانیان دەکەن.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو زانیاریانەی تاکو ئەمڕۆ بەدەستی ئێمە گەیشتوون دەربارەی ئەو تاوانەی کە دەرهەق بەدەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کراوە بەم شێوەیە بووە:-
لە کاتژمێری (١٠ر٣٠) رۆژی ١٩٩٣/٣/١٣ (٨) فڕۆکەی جەنگاوەری ئێران هێرشێکی ناڕەوایان کردووەتە سەر بارەگای دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ماوەی (١٢) دەقیقە بە (٣) کەرەت بەخەستی بۆردومانیان کردووە، لە ئەنجامی بۆمبابارانەکەدا (٤) لە هەڤالانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید بوون..
و ژمارەیەک لە پێشمەرگە و هاوولاتی ئێمە بریندار بوون، وێڕای ئەمە نەخۆشخانەکە زەرەرو زیانی زۆری پێ گەیشتووە، لێرەدا پرسەو سەرە خۆشی خۆمان ئاراستەی حزبی دیموکراتی کوردستانی

ئێران دەکەین و بەتووندی نارەزایی خۆمان نیشان دەدەین بەرامبەر بەو کارە ناڕەوایەی کە دەرحەق بە خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رووداوەی دوێنێ لە نزیک ناوچەی سنوور روویدا کە فڕۆکەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان هێناوە، بەراستی ئەوە پێ شێلکاریەکی ئاشکراو دیارە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان کراوە، جارێ یەکەم هێرشەکە لەسەر خەستەخانەکە بووە، ئەو دروشمەی دەوڵەتان کە لەسەربانی خەستەخانەکە هەیە دیارە و هەر بۆیە لێیان داوە. لە ئەنجام دا شەهیدێکی زۆرمان دا، ئێستا ئەوە لەوێ وە دەست پێ دەکات، چونکە کە بۆردوومانی بارەگاکانی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە لە خەستەخانەکەشیان داوە هاتوون لە شوێنی تریشیان داوە کە چەندین هاووڵاتی تیادا زەرەرمەند بوو ون، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ناوچەیەی کە بۆمباران کراوە لەناو هێڵی (٣٦) دایە، ئەمە بەپێچەوانەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانە کە فڕۆکەی ئێران نەیەتە ئەو ناوچەیە، سوودیان لەوە بینیوە کە فڕۆکەکانیان لەناوچەی پشت ئاشانەوە هاتوون، کە دۆلاییەو رادار نایگرێتەوە، دەبێ ئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکانیش بکەینەوە، چونکە هەروەک کاک بارزان ووتی ناوچەکە هەر ئەوە نییە کە بارەگای حزبی دیموکراتی ئێرانی تیادا بێت، بەڵکو خەڵکی دیشی لێ یە وئەو خەڵکە هەمووی گەڕاوەتەوە، خەریکی کشتوکاڵی خۆیانن، نەخۆشخانەکەش تەنیا نەخۆشی ئەوانی تیادا نییە. بەڵکو نەخۆشی ئێمەشی تیادایە واباشە (un) لەم کارە ئاگادار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەکر سەفەر محەمەد غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێران یەکەمجار نییە دەست درێژی دەکاتە سەر ئەو شوێنانەی بارەگای رکەبەرەکانی ئێرانی لێ یە لە کوردستانی ئازاد کراودا، ئەو کۆمەڵەی کە بووردومانی کرد، زیاتر لە (٥٧) تۆپی گەورەی پیا ماڵی جارێکی تر بارەگای دیموکراتی بوردوومان کردووە لە شوێنێ تر، دیسان دوێنێ بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆردوومان کردووە.

پێشنیاری من ئەوەیە کە ئەم بابەتە وا کۆتایی نایە، بەرهەڵستکارانی ئێران لێرە هەر دەمێنن، رەنگە ئەوان بەهێزبن و بنکەشیان هەبێ، ئێمەش ناتوانین لە خۆمانیان دوور بخەینەوە، ئەوانیش چالاکیەکانیان زیاد دەکەن و سەرێشە بۆ ئێمە دروست دەکەن.

ئیمڕۆ لە کوردستان پێویستە کارێکی وا بکەین کە ماوە بەوە نەدەین بەکرێ گیراوان بێنە کوردستان، بۆنموونە، بەرپرسی (اطلاعاتی) کرمانشا، بە ئاشکرا دێتە سلێمانی و ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ، بەراستی پێویستە لایەنە سیاسیەکان ئاگاداری ئەوە بن وماوە نەدەن ئەو جۆرە کەسانە بێنە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆردومان کردنی ئێران بۆ بنکەکانی بارەگای دیموکرات کارێکی نارەوایە، ئێمە نارەزایی خۆمان دەردەبڕین، بەڵام دەبێ راستییەک بزانین کۆماری ئیسلامی ئەگەر وا دەزانێ کێشەی کورد بە بوردومان کردنی بنکەکانی برادەرانی دیموکرات یا بەهێز دەتوانێ چارەسەری بکات حەقە واز لەو رێگایە بێنێ و سوود لە ئەزموونی خەڵکانی تر وەربگرێ کە (بەعس) چی کرد لەگەڵ کورد بە چ شێوەیەک رەفتاری لەگەڵ کورد دا کرد.. لە هەمان کات نەیتوانی کێشەی کورد و میللەتی کورد لەناو ببات، لەبەر ئەوە داوا دەکەین ئێران واز لەو کردارە بێنێ، بەگفتوگۆ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وخێزانی شەهیدەکان دەکەین لەسەر ئەو دەست درێژیەی کە کۆماری ئیسلامی کردوویەتی، و نارەزایی نیشان بدرێ لەسەر ئەو دەست تێوەردانەی کە لەسەر شکۆداری کوردستان دەکرێت لەلایەن ئێران بێت یان تورکیا یان هەر دەوڵەتێکی تر کە تێپەڕاندن دەکات لەسەر کوردستانی ئێمە، لە کاتێک دا کە ئێمە هیچ دەستمان لە ئیش وکاری دەوڵەتانی تر وەرنەداوە، لەبەر ئەوە ئێمە چۆن نارەزاییمان بەرامبەر دەست تێوەردانی تورکیا کرد، هەروەها نارەزایی لەسەر دەست تێوەردانی ئێران دەکەین لەبەر ئەوە من پێشنیارم هەیە یاداشتێک بە ناوی پەرلەمانەوەو بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرلەمانی حکومەتی ئێران پێشکەش بکرێت لەسەر ئەو دەست درێژیەیان، هەروەها نموونەیەکی بدرێتە هاوپەیمانەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها پاراستنی پارچەکانی تری کوردستان ئەرکی نەتەوایەتی خۆمانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەڤاڵان رۆناهیەکی تەواویان خستە سەر بابەتەکە، ئەو تاوانەی کە کۆماری ئیسلامی کردی ئەنجامی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی (شام)ە کە لەوێ بەسترا، ئەگەر دەستی عێراقی لەگەڵدا نەبێت لەم کۆبوونەوەیەدا هاوسێکانی ئێمە کە دوژمنی یەکن، لەسەر مەسەلەی کورد دەبنە برای یەک؟.

پێشنیاری من ئەوەیە لەگەڵ هاوپەیمانان قسە بکرێ، ئایا کوردستانی عێراق بۆ ببێتە کێڵگەی تاقی کردنەوەکانی تورکیا؟ چەک لە ئەڵمانیا وەردەگرێت ولە سەر کوردستان تاقی دەکاتەوە، ئێران چەک لە رووسیا وەردەگرێت ولە سەرکوردستان دەی جەربێنێ، سوپاس..

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پێشەکی سەرەخۆشی خۆم دەردەبرِم بۆ حزبی دیموکراتی ئێران، بۆ شەهیدانیان، ئێران حەقی خۆیانە بێن لەهەر شوێنێک بدەن چونکە ئەوان حزبی دیموکرات بە دوژمنی خۆیان دەزانن، بەڵام من بەباشی دەزانم خۆمان کۆنترۆڵی خۆمان بکەین، ئینجا بچین بیرخەرەوە بدەین بەخەڵکی تر.
هەروەکو برادەرێک وتی بەرپرسی (اطلاعاتی )کرمانشاە دوێنێ لە پێش ئێمە لەناو ئۆتۆمبیلێکی لانگرۆزەری سپی دەرۆیشت ماڵ بە ماڵ دەیانگێرا!، پێویستە ئەمە قەدەغە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کاکەرەش هەندێ شتی دەربری، حزبی دیموکرات میوانی ئێمەنەو پەنا هەندەن لای ئێمە، هیچ سەرپێچیەکی یاسای حکومەتی کوردستانیان نەکردووە، لەبەر ئەوە ئێمە پابەندین بیانپارێزین، ئەگەر ئێران بیری لەوە کردووەتەوە، ئێمە ناچار بکا کەشەڕ لەگەڵ (پ.ک.ک)دا بکەین خەیاڵی خاوە (پ.ک.ک)ە هەڵس وکەوتی خۆی ورێ ورەسمی خۆی وای لێ کرد کە ئێمە تووشمان بەتووشیەوە بێ، ئێران ئەگەر وادەزانێ بەو بوردوومان کردنە گوشارمان دەخاتە سەر ناچارمان دەکات کە گرفت بۆ دیموکرات دروست بکەین یان دەریان بکەین، خەیاڵی خاوە، میللەتی ئێمە زۆر نارەزایی خۆی بەرامبەر ئێران دەردەبرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەم پێشنیارەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کردی کە پێویستە بدرێ بە (U.N) و دام ودەزگاکانی تری هێزی هاوپەیمانان، کە دەبێ لەبارەی ئەو دەست درێژیانەی ئێران لەسەر کوردستان دەیانکات ئاگادار بکرێنەوە، بەتایبەتی ئەوەی ئێستا باس کرا هیواداربن حکومەتی کوردستان بە بەڵگە و بەپەلە هەوڵ بدات وپەیوەندی بکات بەو لایەنانەی کە بەرپرسیارن لەسەر پارێزگاری زەوی و ئاسمانی کوردستان. وەفدێک رۆژی (١٦)ی مانگ بڕوات بۆ سەردانی هەڵەبجە، هەروەها وەفدێکی تر سەردانی (بۆلێ) بکات تا بزانین زەرەرو زیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە چەند تێبینیەکم هەیە، پێشەکی سوپاسی سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن دەکەم، سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، وەکو یەکێک لەخەڵکی ناوچەی هەڵەبجە بۆ ئەو پێشنیارەیان، ئەوە تەعبیر لەوە دەکات کە ڕێزیان هەیە بۆ هەڵەبجەو دانیشتووانی ناوچەی هەڵەبجە، من پێشنیارەکە زۆر پەسند دەکەم لە دروست کردنی وەفدەکە، بەڵام تێبینی من ئەوەیە بەدەستی خاڵی نەچن، ئەو وەفدەی کە دەچنە ئەوێ ئەگەر وتارێکی هەبێ باشترە لەوتارەکەدا داواکاری خەڵکی هەڵەبجەو گیروگرفتەکانیان بەرچاو بخرێت، من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە کە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیان گرتۆتە ئەستۆ، لە ڕێگەی ئەوانەوە گرنگیەک بدرێ بە هەڵەبجە و (شێخ وەسان) و شوێنی دی کە زەرەروو زیانێکی زۆریان پێ گەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەو وەفدەی دەست نیشان دەکرێ ئەرکی ئەوەیە کە لەو ئاهەنگە ئامادە بێت کە بۆ بۆنەی ڕۆژی هەڵەبجە دەکرێت، ئینجا وتەیەکی هەبێ شتێکی خراپ نییە پاشان ئەو خاڵانەی کە پێویستە لەوتەکەدا بگۆترێت باسی دەکرێت، هەندێ لەو قسانەی کە جەنابت کردت حەقە ئەندامانی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی (هەڵەبجە) لەکاری ڕۆژانەی خۆیاندا هەوڵی بۆ بدەن و، لەگەڵ کاربەدەستانی هەڵەبجە چارەی بکەن.

**بەڕێز مـــەلا مـــوحـــسین خـــالیـــد مـــســـتـــەفـــا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

چەند کۆبوونەوەیەک تا ئێستا کراوە نوێنەرانی هەڵەبجە کە پێک هاتوون لە هەموو ئەو نوێنەرانەی کە پەیوەندیان هەیە بە شاری هەڵەبجەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشانەی کە پەیوەندیان هەیە بەو شارەوە تەنیا ئەوە داوا دەکەم لە پەرلەمانی بەڕێز کە داوا بکات ئەو لیژنەیەی کە دەڕوات وەکو برای بەڕێزم وتی ووتاری هەبێ ئەمە باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدرێت کە لەگەڵ ئەو لیژنانە دابنیشن چونکە لە خودی هەڵەبجە (٥) لیژنە پێک هێنراوە بۆ هەموو کێشەو گیروگرفتەکان، هەندێکیان دیاری کراون بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ مەکتەبە سیاسییەکاندا بکەن، هەندێکیان دیاری کراون بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ پەرلەماندا بکەن، وەهەندێ ئیش وکار و گیروگرفتی تایبەتیان هەیە حەق وایە لە نزیکەوە ئەو وەفدە تخویل بکرێت دوای قسەکانیان بێتەوە پەرلەمان و شێوەی ڕەسمی وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەو لیژنەیە کێ پێکیهێناوە؟

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ هەڵەبجە خۆی لە نێوان دانیشتنەکان، نوێنەرانی هەموو چینەکان، هەموو لایەنەکان، هەموو کۆڕو کۆمەڵەکان، هەر هەموویان کۆنگرەو دانیشتن و شتی وایان کردووە، زۆر هەوڵیان داوە پێشنیارەکانیان لە ڕێگەی شرعی یەوە بگەیەنن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە نوێنەرانی پەرلەمان بتوانن قسە لەگەڵ نوێنەرانی هەڵەبجەدا بکەن، تا بتوانن قسەکانیان بە پەرلەمان بگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەندامی پەرلەمان بەتایبەتی هی ناوچەکە پێویستی بە (تخویل) نییە، ئەوە کرۆکی ئیش وکاری ئەندامی پەرلەمانە، ئیشی ئەو ئەندامانەیە کە بەدوای ئەو شتانەدا بچن و لێی بکۆڵنەوە.

**بەڕێز نیهاد نورەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزدەکەم روون کردنەوەیەک بۆ هەردوو بۆچوونەکەی مامۆستا محەسەن و دکتۆر بکەم.

مامۆستا باسی کرد کە لەهەڵەبجەدا لیژنەکان کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، وابزانم ئەمە پەیوەندی بەپەرلەمانەوە نییە لە دواکاتدا کە هاتە بەردەست پەرلەمان ئەمە بابەتێکی ترە، بەڵام دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە ئەوە لەتواناداا نییە، بەڵام دام ودەزگاکانی دەوڵەت ئەوەی تر کە حەقە دەست نیشان بکرێت هاتوچۆ کردنە (مواصلاتە) لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦ بڕیارە پەیوەندی تەلەفۆنکاری لە نێوان هەڵەبجەو سلێمانیدا هەبێ، گرفتی کارەباش، زۆر ئیشیان بۆ کردووە بەڵام پێویستیان بە ئۆتۆمبێل بوو، توانیمان پەیوەندی بە بەڕێوەبەریەتی کارەبای سلێمانیەوە بکەین لەبەر ئەوەی یەک ئوتومبێل هەیە بۆ گواستنەوە، کە بەنۆرە بیان درێتێ، بەڵام ئەگەر لە هەڵەبجە چەند لیژنەیەکی تایبەتی پێک هاتووە ئەمە بابەتی خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری وەفدەکە پێشنیاری من بوو، من پێشنیاری ئەوەم نەکردووە بچن تۆژینەوە بکەن، ئەندامانی ناوچەی هەڵەبجەو سلێمانی هەموو رۆژێک دەتوانن بچن ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەن، ئەو پێشنیارەی کە کراوە بۆ بەشدار بوونە لە ئاهەنگەکەو بەس. وەختی تر دەتوانن بچن تۆژینەوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆر جار باسی هەڵەبجە دەکرێ، بەڵام هەندێ شوێنی تر کە کیمیا باران کراون نازانرێ و

هەر باسی ناکرێ، ئێستا (گۆیتەپە) (١٠٠) شەهیدی هەیە، (جەعفەران) شەهیدی هەیە جگە لە ناوچەی بادینان پێویستە لە ڕۆژی یادکردنەوەی هەڵەبجەدا بەلای کەمی لە ڕاگەیاندن و وتارەکاندا ناوی ئەو شوێنانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر دێهاتی تر هەیە وەکو کاک ئازاد وتی وەک (جەعفەران) و (بادینان) و (گۆیتەپەیە)،و (شێخ وەسان) تا دەچی بۆ بادینان با شتەکە فراوان تر بێت. داوا دەکەم لە ئەندامانی پەرلەمان لەمەسەلەی (خطبە) تۆزێک ووریا بن، شتێکی گشتگیر (شامل )بێت و نەبێتە شەرە حزبایەتی، (ئیسلامی) قسەیەک بکات و (یەکگرتن) قسەیەکی تر بکات، (پارتی) قسە بکات، یەک وتار(خطبە) لەلایەن پەرلەمان ئامادە بکرێت. بەتایبەتی (ئیسلامی) بەتەمانە هێزی خۆیان پێشان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان حکومەتی کوردستان ئیشی خۆی دەزانێ، بەمە خاڵی چوارەم تەواو بوو، دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو بوو. سبەی کۆبوونەوە دەست پێ دەکات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/٣/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

## سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە «٢٣» ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- یاد کردنەوەی رۆژی (هەڵەبجەی شەهید).***

***٢- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بریاری دیاری کردنی ماوەی خزمەتی ئیمام وخوتبەخوێنەکان.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**«بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان»**

بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین. وەکو ئاگادارن ئەمرۆ رۆژی «هەڵەبجەی شەهید»ە بەم بۆنەیەوە، بەپێی ئەو بریارە کە داومانە، لە سەعات (١٠)دا دەبێ جووڵە لە سەرتاپای کوردستاندا رابوەستێ، بۆ ئەو مەبەستە تکاتان لێ دەکەین دەقیقەیەک رابوەستن بۆگیانی پاکی شەهیدان، گشت شەهیدانی کورد وکوردستان... کارەساتی هەڵەبجە یەکێکە لەو زنجیرە کارەساتانەی کە دوژمنانی میللەتەکەمان دەرحەق ئەم میللەتە خۆراگرە کردوویانەو، پەڵەیەکی رەشیشە بە ناوچەوانی رژێمی فاشی بەغدا وە، کارێکی دڕندانەی وا بێگومان مەگەر هەر لەوان بووەشێتەوە، بەم بۆنەیەوە وەکو پێشنیارێک لامان باش بوو لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بانگەوازێک ئاراستەی هەموو پەرلەمانەکانی جیهانی بکات وجەخت لە سەر دوو سێ خاڵ بکەینەوە، لەوانە بانگەوازێک کە ئاماژە بکەین بەو رۆژە وکارەساتی هەڵەبجەکە چ بووە وچ رووی داوە لەم رۆژەدا، هەروەها داوا بکەین بەو بۆنەیەوە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی بەتەواوی چەکی کیمیاوی وبایۆلۆجی بن بڕ بکرێ لە جیهاندا، هەروەها داوا بکرێ ئەم رۆژە بکەین بە رۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغە کردن ولابردنی چەکی کیمیاوی وبایۆلۆجی. ئەگەر بەپەسەندی بزانن ئەم بانگەوازە دەکەین بەبریارێک وپاشان دابرێژرێ وبلاوبکرێتەوە، ئەگەر تێبینی تریش هەیە حەز دەکەین گوێمان لێ بێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان چاكترین هەلۆێستە بۆ ئەوەی ڕۆژی هەڵەبجەی شەهید بكەین بەرۆژێكی جیهانی ویەكی ئایار كەڕۆژی كرێكارانی جیهانە كەبە هۆی چەند كرێكارێک هاتووە، كە حوكمی لەسێدارەدانیان لە (شیكاگۆ) بۆ دەرچوو، لەپاشدان حوكمەكە هەڵوەشایەوە، بوو بەڕۆژی كرێكارانی جیهانی ودەتوانین بڵێین شەهید بوونی هەڵەبجە بەخەڵكەوە، بەشارەوەو، بەكشتوكاڵەوە، هەمووی شەهید بووە، زۆر باشە كە یاداشتێكی وا بدرێتە پەرلەمانەكانی دنیا، بەڵام حەز دەكەم لە یاداشتەكەدا وا نیشان دەین حكومەتی عێراقی بەردەوامە لە سەر هەمان ڕەفتاری هەڵەبجەو كاوڵ كاری كە دواییەكەیان ئەوەبوو، هێما بەعەوێنەی شەهید بدەین ئەوەش هەر هەمان زنجیرەیە وداواش بكەین ڕادەیەک بۆ ئەو تاوانانە دابنرێ چیتر میللەتەكەی ئێمە بەرەو نەمان نەبردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەم بابەتە وەكو پێشنیارێک بەوشێوەیە بوو كە تیشک بخەینە سەر چەكی كیمیایی وكارەساتی هەڵەبجە بكەین بە نموونەیەک بۆ هەموو جیهان كە ئەو چەكە چ زەرەرێكی گەیاند بە خەڵكی كوردستان وچ زەرەرێک دەگەیەنێ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە جێگایەكی تردا بەكار بهێندرێت. بۆ ئەوەی عەوێنە بڕیارێكی ترمان هەیە، ئێستا خەریكی ئەو یاداشتەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لایەنە سیاسیەكان یەكە یەكەو بەرەی كوردستانی بەتێكڕایی، چەند ساڵ لەو ڕۆژە ئەو هەوڵەیان داوە وەكو پێشنیاركە یاداشتێک بنووسرێ و عەرزی پەرلەمان بكرێ وەكو (فكرە) بۆچوونێكی چاكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چەند بەڵگەنامەیەكمان ئامادە كردووە تەنها داڕشتنی ماوە لە بەر ئەوە لەوانەیە هەر ئەمرۆ بیدەین بە لیژنەی یاسا تەماشایەكی بكات ودوایی دەقەكەی بخەینەڕوو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەكەم كە بەیانێک، بانگەوازێک لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێت بەتایبەتی كە بە بۆنەی یادی(٥) ساڵەوەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە بكەنە ڕۆژی قەدەغەكردنی چەكی كیمیایی لەبەر ئەوە شتێكی زۆر باشە كاریگەریەكی باشی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبێ بڕیاری لە سەر بدەین، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.... كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

بێبینەوە سەر بەرنامەی ئەمرۆمان ئەگەر لە تازە بابەتدا شتێک نەبێت،، هەر ئەوە بوو ئەگەر پێشنیار نییە بێینە سەر خشتەی کارەکانی ئەمرۆمان، لەبەرنامەکەماندا (٥) خاڵ هەبوو، خاڵی یەکەم دەربارەی وەزارەتی ناوخۆیە، یاسای وەزارەتی ناوخۆ ئامادەیە، ئێستا جەنابی وەزیری ئەوقاف لێرەیە، ئەگەر لاری نەبێ با خاڵی (٣) دەست پێ بکەین، لیژنەی یاسا وئەوقاف بابفەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تأريخ القرار/

قرار:

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة/٥٦ من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ( ) اصدار مايلي :-

١- لمجلس وزراء اقليم كوردستان العراق تحديد خدمة ائمة وخطباء الجوامع لمدة لا تزيد عن (٧ )سنوات لمرة واحدة استثناء من شرط العمر المحدد للتقاعد من قانون الخدمة المدنية، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بەحاڵی خۆم دەقێکم ئامادە کردووە، لە دەقەکەدا ئەو بڕگەیە بنووسرێ (يستثنى الائمة والخطباء من قانون التقاعد بسبب بلوغهم ٦٣ سنة من العمر ويستمرون في الوظيفة ولايحالون على التقاعد الا بناء على طلبهم) یەکەمیان مەسەلەی هەڵاویردنە(استثناء)ە ئاماژەی بۆ بکەین بۆ ئەمە هەڵاویردراوە (استثناء) کراوە لە یاسای خانەنشینکردن، دووەمیان لەڕێگەی تەمەنەوە بێت کە یەکێک دابنرێ یان یەکێک دانەنرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیەی بەڕێز مامۆستا فەرمووی نەهاتوتە لای ئێمە، ئەو پرۆژەیەی ئێمە ئامادەمان کردووە خۆی دوو ئەندام داوایان کردووە بابەتی (٦٣) ساڵ هەموار بکرێ وساڵێک بخرێتە پێش، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕۆژەکە یەک پڕۆژەیە گرنگ دەقەکەیەتی، ڕێگەی ئەوە نەدریٚ مامۆستایەک بێنین مامۆستایەکی تر نەهێنین، یان یەکێک بەتوانایە ئەوی تر بێ توانایە دەقەکە ومەبەستەکە یەکن، ئێمە بڕیارمان لەسەر داوەو نادروومانە، بەلاّم بۆ ئەوەی دەقەکە ئەو ئالۆزیەی تیا نەمێنێ یاسایەک بێ ئیمام خوتببەخوێنەکان هەلاّوێری(استثناء) بکات لەئەرکەکانی، لەبەر ئەوە مامۆستا دەتوانێ هەمان ئیش ببینێ هەر چەندە تەمەنیشی گەورە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەم بابەتە ئەو دوو لیژنەیە رای خۆیان دەربڕی، ئەو برادەرانەشی کەدەیانەوێ قسە لە سەر ئەم بابەتە بکەن با ناویان بنووسن.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پڕۆژەیەکمان پێشکەش کردبوو لە وەزارەتی ئەوقاف بۆ کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئیسلام، جەنابی سەرۆک وەزیران گفتێکی دا کە مامۆستایانی پایە بەرز ئەوانەی خانەنشین بگەڕێنەوە، ئەوانەی خانەنشینیش نەبوونە تەمەنیان بۆ حیساب نەکرێ، لە سەر پێشنیاری ئێمە بوو کە یەکێتی زانایان ئەو گفتەیان بە مامۆستایانی ئاینی دا، هەموویان سەردانمان دەکەن داوامان لێ دەکەن ئەمە تا رادەیەک گرفتی بۆ ئێمە دروست کرد، ئێمە پڕۆژەمان پێشکەش کرد بوو چوار خالّ بوو ئێستا لە بەر دەستمدا نییە، من تێگەیشتم ئەو پڕۆژەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ دیارە ئەو پڕۆژەیە نییە، پڕۆژەیەکی ترە ئێمە داوامان کردووە ئەوانەی خانەنشین مەلا پایە بەرزەکانمان بگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی وەزیری ئەوقاف فەرمووی بابەتەکە مەرجی تەمەنی (٦٣)سالّ هاتووە، دەربارەی یاسای خزمەتگوزاری شارستانی عێراقی ئەگەر بووە (٦٣) سالّ خانەنشین کردن بەخورتی یە لەو پڕۆژەیەی ئێستا ئێمە ئامادەمان کردووە(١٠) لە ئەندامانی پەرلەمان پڕۆژەیان پێشکەش کرد کەوا ئەو تەمەنە(٦٣) کەمە بۆ خوتبەخوێنەکان وئیمامەکان تۆزێ زیاد بکرێ لەسەر ئەو بنەمایە ئەو پڕۆژەیە ئامادە کرا کەوا لە جیاتی (٦٣)سالّ تەمەنی ئیمام وخوتبە خوێنەکان بکرێ بە (٧٠) سالّ، ئەمە ئەوەی مامۆستایانی دەفەرموون لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمان هاتووە یان ئەو پڕۆژەیە بۆ لیژنەی یاسا رەوان نەکراوە، لێکۆلّینەوە یاخود پڕۆژەیەکی وا ئامادە بکرێ، ئنجا نازانم ئەگەر بەڕێزتان بەماقوولی دەزانن با ئەو بابەتە دوابخرێت ئەو پڕۆژەیەش کە لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە رەوان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

دوو شت هەنە دەمـەوێ ئاماژەیان بۆ بکەم، ئەوەی مامۆستا وتی بابەتی یاسای بەکار خستنی خانەنشینان ئەوە یاسایێکی تایبەتی یەو وەزارەتی ئەوقافی عێراقی لەسەری رۆیشتووە، ئەنجامەکانی جیاوازە لەگەڵ یاسای بەکارخستنی خانەنشینان، ئەو خانەنشینەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر کار بە(عقد)یک دەگەڕێتەوە خزمەتەکەی بۆ سەرمووچە(علاو)ە کاریگەر نییە، یاسایێکی سەربەخۆیە. بەڕێز وەزیری (اوقاف وکاروباری ئیسلامی) بێگومان یاسایەکەی دیوە، هەر لەبنەڕەتدا ئەمە شتێکی ترە وسوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەوەی لە بەر دەستی ئێمە دایە ئەو پڕۆژەیە کە بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرمووی ئەمە ئەنجوومەنی وەزیران ئاراستەی پەرلەمانی کردووە، سەرۆکایەتی بەڕێز ئاراستەی لیژنەی ئێمەی کردووە ئەو پڕۆژەیە ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە، ئەوەی لەبەر دەستی لیژنەی یاسایە دەست کاری کراوە یا هەموار کراوە، لەسەر پێشنیاری ئەو (١٠) کەسە کراوە کە بەڕێز کاکەرەش باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. عــیــزەدین مــســتــەفــا رەســول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

یەکەم جار ئێمە گفتوگۆ لەسەر کام پڕۆژە دەکەین؟ رێگا یاساییەکە ئەوەیە، ئەو پڕۆژەی لیژنەی یاساش کە پێشکەشی کردووە ئیتر لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی دەتوانێ رای خۆی بڵێ، دەبێ ئەوە بنەڕەت بێ بەلای منەوە پاش شۆڕشی (١٤) تەموز یەکێ لە کارەکانی مەلاکانی کوردستان ئەوە بوو کە تەقاعودیان هەبێ کە تا ئەوسا هیچ مافێکی لەم بابەتەیان نەبوو، یەکێ لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی (١٤) تەمووز ئەمە بوو یاسای خانەنشینی بۆ مەلا دانرا، بەڵام ئێستا ئەوان داوا دەکەن لە جەوهەری خانەنشینیەکە لابدەن، بەرای من بۆ مەلایان تەمەنی (٧٠) ساڵی زۆرە وچاو پێداخشانەوەی دەوێ وسوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

خانەنشینی بۆ مەلا ئەمە کاتی خۆی دەستکەوت بوو لای ئێمە، بەڵام مەبەست ئەوە نییە، لەڕاستیدا ئەوان لەسەر ڕایەکە کۆکن بەڵام مەسەلەی ئێستا مەلا داوا دەکا کە خانەنشین نەمێنێ یا کە خانەنشینە دووبارە بگەڕێتەوە وبەرای من تەمەنی (٧٠) ساڵی باشە بۆ خانەنشین کردن، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

شتێک ماوە نەک هەر ئیمام وخوتبەخوێنەکان، هەندێ هەن بانگدەری وکاری دی دەکەن، لەبەر ئەوە بروانامـەیان نەبووە ئەوانە پیرن خانەنشین کراون وبگەڕێنەوە نەک هەرئیمام وخوتبەخوێن، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەڵحـــە ســـەعـــیـــد قـــەرەنی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکە هەموو گوندەکانی کوردستان ئاوەدان بکاتەوە وژمارەی مامۆستایانی لەو رەوشەدا زۆر کەمە، چونکە مدرسەی دینی نەماون بەڵام مامۆستایانی ئایینی ژمارەیەکی کەمن، ئێمە پێشنیارمان کردووە هەموو مامۆستایان بێ جیاوازی ئەوانەی خانەنشین کراون بگەڕێنەوە سەر وەزیفەی خۆیان، ئەگەر پرسیار لەتوانا دەکەن هەموو بەتواناو لێهاتوون، لە زەمانی خۆی کەسی بێ توانا نەچۆتە مزگەوت ببێتە خوتبە خوێن یا (مدرس) هەموویان تواناو لێهاتوویی خۆیان سەلماندووە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلامـــەحـــمـــود فندی دیرشـــەوی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

چەند تێبینیەکم هەیە کە کاتی خۆی کۆنگرەی (٣٠)ی یەکێتی زانایانی کوردستان هاتە گرێ دان وەکو بەڕێز وەزیری ئەوقاف وسەرۆکی وەزیران هەموو ئامادە بوون یەکێک لەپێشنیاری کۆنگرەی خانەنشینەکان بوو، خانەنشین دوو بەشن، بەشێکیان حکومەت خانەنشینی کردبوون لە بەر چەند هۆیەک بوو تا لە میللەت دووریان بکەنەوە، چونکە یەکێتی زانایان وەکو نووسینگەی راپەڕاندن بووە لەگەڵ یەکیەتی زانایان (اتحاد علماء) هاوئاهەنگی هەبوو کە لیژنەی باڵای مەلایان لە ناوچەکەدا دابمەزرێ، هەر یەکێک بگەڕێتەوە بزانێ ئەو لیژنەیە چیان کردوە هەر شتێک لایەنی چاک وخراپی هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

خاڵی یەکەم، ئەو بڕیارە قسەکەی جەنابت دەگرێتەوە، خاڵی دووەم، کە ئاگاتان لەو بڕیارە نییە شتێکی سەیرە، ئەو بڕیارە لەرۆژی (٢/١٧) کە ئەمڕۆ (٣/١٦)یە بڵاوکراوەتەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، واتا یەک مانگ پێش ئێستا، ئەگەر ئێوە تەماشاتان نەکردووە وەختتان نەبووە ئەوە گلەییەکە نە لەسەر لیژنەی یاسایەو، نە لە سەر کاروباری ئەنجوومەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ڕێزم بۆ ئەوەی جەنابت فەرمووت، بەڵام ئەو یاسایە بەدەست ئەندامانی لیژنە نەکەوتووە نازانم لە

ئەندامانی پەرلەمان کێ دەستی کەوتووە؟ هەتا ئەمڕۆ گەڕام بەشوێنیا دەستم نەکەوتووە، سوپاس.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:
پاشان تەماشایەکی تۆمار (سجل) دەکەین بابزانین لیژنەی ئەوقاف ئەم بڕیارانەی وەرگرتووە یا وەرنەگرتووە؟ وابزانم ئیمزاتان کردووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم چەند کەسن، بەڵام کۆمەڵێک مامۆستایانی ئاینی خاوەنی پڕۆژەکەن، ئەگەر پڕۆژەکە بنەڕەتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بەشێوەیەکی کورت وەڵامی برادەران بدەمەوە، خۆی ئەوەی د. عیزەدین فەرمووی کە دەربارەی بابەتی خانەنشینکردنی مەلایەکان، لەبونیاددا ئەو زیاد بوونە بۆ ئەوانەیە لەو ماوەی دوایی تەعین کرابوون ئێستا خانەنشین کراون بەهۆی تەمەنەوە، هیچ کامیان موستەحەقی خانەنشینی نەبوون، هەموو خزمەتیان لە دەوروبەری (١١و١٢) ساڵدا بوو، ئامانجی هەرە سەرەکی لە زیاد بوونی ئەو (٦و٧) ساڵە بۆ ئەو کەسانەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ ئەوەی بخەمە سەر کە گەڕانەوە بۆ وەزیفە لەگەڵ هەڵاوێردنی(استثناء) لە مەرجی تەمەن، دووشتی جیان هەریەکەو شوێنەواری یاسایی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مرۆڤ توانای فکری وبەدەنی سنووردارە، گرێ دراوە بەگەلێ شت یەک لەوانە تەمەن، دەبینین دکتۆرێکی دەروون ناس زۆر پێویستە کە زۆر بەهۆش بێت نەک مرۆیەکی ئاسایی بێت، داوا دەکەم ئاگاداری توانای خەڵکی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی زانایان کە یەکێتی زانایان هەڵقولاوی ناو زانایانە نوێنەرایەتی زانایانی ئاینی کوردستان دەکات دەزانێ مزگەوتەکان ئێستا چۆنن، مەسەلەی خودان کردنی (تبنی) ئەو پێشنیارە ئەوەیە کە کاتی خۆی ئێمە چەندین جار ئێستاش داوا دەکەین کۆلیجی شەریعەت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی مامۆستایانی لێ دەربچێ وکوردستان بێ مامۆستای مەلا نەبێت، مەسەلە ئەوەی کە مامۆستا تا رادەیەک کەم بۆتەوە، یەکیان باسی ئەوەی کرد ئەگەر دێهاتەکان ئاوەدان بکرێنەوە

ئەبێ ئێمە مامۆستای تریان بۆ بنێرین، مەسەلەی مامۆستا لە مزگەوت ئەوە نییە کارێکی زۆر قورس وگران بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرنجێکم هەیە لە سەر قسەکانی مامۆستایان، خۆیان ئەوان لە یادداشتەکەدا (٧٠) ساڵیان پێشنیار کردووە، خۆیان لەیادداشتی ئەو پرۆژەی کە پێشکەشیان کردووە، نووسیویانە (٦٣) بکەنە (٧٠) لە سەر ئەو بنەمایە کردوومانەو ئارەزووی ئەوانمان بەجێ هێناوە پێشمان شتێکی ماقوول بوو تەمەنی(٧) ساڵی بۆ زیاد بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا من جەخت دەکەمەوە کە لە ٢/٨ دراوە بە لیژنەکان ولە ٢/١٧ دابەش کراوە بە سەر ئەندامانی پەرلەماندا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە کۆبوونەوەکانی فراکسیۆنی خۆمان زۆر لە سەر ئەوە پێ دادەگرین کە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان گوێ رایەڵی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان بن وئاگادارمان کردوون هەر لادانێک لەو پەیڕەوەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کرداری یاساییان لەگەڵ دا بکرێ، بۆیە تکامان لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەیە، ئەو خاڵانەی کە پێویستن جێبەجێ یان بکات، یەک لەوانە(٤٨) سەعات پێش دانیشتنەکە بەرنامەی کارمان بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابەتەکە ئەوە نییە کە ئێستا وەرقەیان لە پێش نییە، ئەوان دەڵێن ئەمە دابەش نەکراوە، بەڵام لە ٢/١٧ بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەش کراوە، ئەمرۆش (٣/١٦)یە، ئەگەر نوسخەیەک نییە ئەتوانن لە پرسگە، یان لە کاروباری ئەنجوومەن داوای بکەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ ئەوە بزانین کە ژیاندنی خەڵک جیاوازەو خزمەت جودایە، ئێمە نامانەوێ تەنها خەڵک بژێنین هەندێ لە برادەران بەرەو ئەولایە دەچن کە هەموو خەڵک بژێنین، ئەمە نەبە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەبە حکومەتی ئەمەریکاش ئەوە ناکرێت حکومەتی ئەمریکا مووچەی هەموو خەڵکی نادات، ئەمە دوو شتی زۆر لێک جیاوازن ئێمە ئامانجمان لە تەشریعی ئەو قانونە بۆ ئەوەیە کە لەزانا باشەکانمان سوودمەند بین ئەوانەی زانستیان هەیە وتاقی کردنەوەی چاکیان هەیە ئەتوانن لەبواری ئیمامەتی وخەتیبی سوودیان لێ وەرگرین، ئەمە مەبەستمانە، سوپاس.

**بەڕێز مــــەلا تەها مــــحـــــمـــــەد تەها:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــەن.**

من نەمــوت بەرەهایی (مطلق) بێت، وتم ئەوانە بانگدەر وخــوێنەرن (مـؤذن وقــاریء) تاقــیــان بکەنەوە ئەگەر پلەیان، لە مامۆستاکان زیاتر نەبوو بانەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــەن:**

ئەم بابەتە ئاشکرایە ئێستاکە پێشنیـار ئەوەیە هەم لیژنەی کاروباری ئەوقاف و وەزارەتی ئەوقاف و، هەم لیـژنەی یاسـاش لەو رایەدان ئەم بـابەتە دوا بخـرێ بۆ دانیـشـتـنێکی تر، کێ لەگـەڵە؟..

بەزۆربەی دەنگ دوا خرا.

پاشان لیژنەیەک دروست بکرێت لە لیـژنەی یاسـاو لیـژنەی ئەوقـاف، من پێشنیـار دەکەم لیژنەکە نوێنەری وەزارەتی دارایشی تێـدا بەشـدار بێ بۆ ئەوەی ئەگـەر پێـویست بوو مـەسـەلەی (امـلاک) وتوانای دارایی، ئەوەی ئێـسـتا باس کرا لەوێش باس بکرێتەوە یا ئەوانیش روونکردنەوەیەک بدەن بەو برادەرانەی لە سـەر ئەم بـابەتە ئیش دەکـەن، بۆ ئەوەی هەمــوو شت روون بێت تاکـو بتـوانن بریارێکی رێک وپێک بدەن، ئێـمـە ئاگـاداری ئەنجـوومـەنی وەزیران دەکـەین دەربـارەی وەزارەتی دارایی، هەروەها وەزیری (ئەوقـاف)یش. ئێـسـتـا دێینە سـەر خـاڵی دووەم جـەنابی وەزیری پێشمەرگە لێرەیە، ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە بفەرموون.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــەن.**

روونکردنەوەیەکم هەیە پێشی ئەوەی بیخوێنمەوە دەربارەی ئەو یاسایانەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە رای لیـژنەی یاسایە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی پێشـمـەرگەکۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کرد رای ئەویشمان وەرگرتووە لەو پرۆژەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً الى أحكام فقـرة (أ) من المادة (٥٦) من قانون رقم واحـد لسنة ١٩٩٢، بناءً على ما عرضـه وزير البيـشـمـترگة ووافق عليه مجلس الوزراء قـرر المجلس الوطني لاقليم كـوردستـان بجلسـتـه المنعقـدة بتـأريخ ١٩٩٣/٣/١٦ اصدار القـانون الآتي. قـانون رقم ٨ لـسنة ١٩٩٣ قانون اعادة الضباط الى الخدمة العسكرية.

المادة/١ يعاد كافة الضباط الذين كـانوا في صفوف الثورة الكوردية المسلحة بعد اتفاقيـة ١١ آذار سنة ١٩٧٠ واستمروا فـيها لغاية انتفاضة شـعبنا في آذار ١٩٩١دون انقطاع الى الخدمة في

وزارة (شؤون الپێشمەرگە)، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کۆکین لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسادا، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم یاسایە بۆ ئەوەی بە ڕەهایی (موطلەق)ی سەیری نەکەین، تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە شۆڕشەکە بەردەوامن ولێی دانەبڕاون وئەو برادەرانە و ئەو ئەفسەرانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ شۆڕشەکە بوون، بەڵام لە دوای بەیانی ئازاری پاشی ١٩٧٥ لە ماوەیەک لەسەر کار لابراون، بەڵام لەحکومەت بێ منەت بوون و وەزیفەی تریان نەکردووە وکاتی ڕاپەڕین دووبارە هاتوونەوە وئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لەماڵی خۆیاندا دانیشتوون، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە لیژنەی پێشمەرگە، برادەران کەمیان لێرەن من ئەڵێم ئەوانە(الذين كانوا في صفوف الثورة) نەک ئەوانەی وەکو وەزارەتی ناوخۆی لێ بێ وەکو ئەفسەرەکانی نازانم چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟ هەبووە لە ١٩٧٤ لەگەڵمان بوو چووبۆ ئەوروپا وبووە پەنا هەندە، قیاسەکە چۆن دەبێ؟ هەش بووە پێشمەرگەبووە لە ساڵی ٧٦ دەستی پێ کردووە تا ئێستا جیاوازی ئەوە چۆن دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز ئازاد ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو ئەفسەرانە هەمووی وەکو پۆلیسی لێ نەیەت هەمووی (٣٧و٣٦) ئەفسەرن وئەوانەش دوو بەشن بەشێکیان بەردەوام بوون پاشی (٦)ی ئازاری ١٩٧٥ چەند کەسێکیش هاتوونەوە یا لە ئەوروپا مانەوە، هەمووی (٣٦) ئەفسەرن وئەمە ئەوەمان هەڵاویردووە (استثناء) کردووە، ئەوانەی هاوکاریان لەگەڵ حکومەت دا کردووە یان دژی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی کورد ڕاوەستاون و هەر پێک هاتنێک لەگەڵ میریدا کرابێ، وابزانم یەکەم مەرج گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانە بووە، مەکتەبە سیاسیەکان (تەزکییە)یان دەکات نەک هەروایە کوێرانە، دەربارەی ئەوانەی لەڕیزی شۆڕشدا بەردەوامیان هەبووە ئەوانە (١٠)، یان (١٢) کەسن وەک ملازم یونس و ملازم شێردڵ، لەو بابەتانەی بڕگەی یەکەم ئەوە دەگرێتەوە، واتا زیاتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێ، کەسمان تا ئێستا نەگەڕاندۆتەوە سەدان جار ووتوومانە بێ یاسا چ

ناکرێ، ئیشەکەی کردوویانە یاسایی نەبووە سێ نموونە دێنمەوە ئەوانیش ملازم عمرو، ملازم یونس، زەعیم عەلی، شێردل، ئەمانە لەساڵی١٩٧٥ پێشی راپەرین بەشداری شۆڕشیان کردووە ودانەبڕاون ئەمە بەشێکیان بەشی دوو ئەو کەسانەن پاش ١٩٧٥ لە بەر باری سیاسی لەسەر کار دەرکراون، بەڵام پەیوەندییان بە بزوتنەوەی کورد هەبووە بەرەنگاری حکومەتیان کردووە لە بزووتنەوەی کوردایەتی ولە هەمان کات دا لە راپەرینەکە هاتوونەتەوە تا ئێستاش بەشدارن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی جەنابی وەزیری پێشمەرگە فەرمووی ئەوە تەنها لە سەر مادە(١) یاسای (في صفوف الثورة واستمروا فيها لغاية انتفاضة شعبنا في ١٩٩١) ئەوانە ناگرێتەوە کە لەدەرەوەی عێراقن، ئەوان دوو جۆرن جۆرێکیان هەیە پێشمەرگە وئەوانەی لە ١٩٧٥ کە چوون پاش ئەوە هەرماون دوو نەوعە ئەفسەرمان هەیە وەکو ئەوانەی ناویان هێنان، مولازم عمر، ملازم یونس و، ملازم شێردڵ، ئەوانە بەڕاستی پێشمەرگە بوون ئەوانە بەچاوێکی جیددی تەماشا دەکرێن وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابی وەزیر وتی« ولم ينقطعوا واستمروا لغاية الانتفاضة » واتا لەشۆڕش دانەبڕاون.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من ئەو ئەفسەرانەی گەراونەتەوە بۆ وەزیفەی مەدەنی با لیژنەیەک لێکۆڵینەوە بکات کە ئەوەی تێکەڵاوی بەعس بووە ئەوەی دەوری خراپی بووە، نابێ رێگەیان بدرێتێ لە سەر حسابی شۆڕش وخوێنی شەهید سوود وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یاسایێکی زۆر رێکوپێک وباشە، نازانم کاک شێخ کەریم دوو سێ جارە دەپرسێ ئەوانەی بەڕاستی لە ناو شۆڕشدا بوونە وبەردەوام چەکیان بەدەستەوە بووە دیاری کراون، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەزارەتی ناوخۆ وامان گوت، بەڵام بە(تەزکیە) ئەو کێشەیە دیاری دەکات بەیاسا بەردەوام بن، با ناوی تۆزوبای لێ نەندرێ هی وا هەبوو لە ١٩٧٥ ساڵێک پێشمەرگە بووە وچووە بۆ ئەوروپا شەش ساڵ لە ئەوروپا بووە مانگێکی تر هاتووتەوە کەسانی وەکو ملازم عومەرو شێردل وملازم یونس وەکو پاداشتێکی خەباتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مادە(٤) دایە، هەر چەندە من لەوە تێ ناگەم کەدەڵێ (تشکل لجنة اختصاصية في مقر وزارة البيشمەرگە لتنفيذ احكام هذا القانون) بۆیەدوایی دێینە سەر ئەوە مادەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ئەفسەرانە کە لە ئەوروپان ئەوانیش وەکو خەڵکی تر مافی ئەو پاداشتەیان هەیە، خەڵکمان هەیە لە ئەوروپا کردمانە بریکاری وەزیر لەوانەیە دەیکەینە وەزیر، ئەو ئەفسەرانەی لەوێن مافی ئەوەیان هەیە، مەرج نییە وەکو ئەوانەی بەردەوامن، بەڵام ئەوانیش مافیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆ کردنی ئەو ماددەیە لێرەدا بەرای من هەمووی زیادە، ماددەکە خۆی ماددەیەکی سەر بەخۆیە ئەمەی برادەران باسی دەکەن لە ماددە(٣) هاتووە پێویست ناکات دەڵێ ئەو ئەفسەرانەی کەوا بەشداریان کردووە هەرگیز لە شۆرش نەپچراوون تا«ئاداری ١٩٧٠» ئەوانە ئەگەڕێنەوە ئنجا پێویست دەکا ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین ئەوانە دەگەڕێندرێنەوە وەک «اشتركوا في الثورة الكوردستانية بعد اتفاقية ١١ اذار» ئەوانە بەشێکی ترن ئەوا نەپچڕاون لەشۆرش کەس تێبینی لەسەریان نییە، بەڵام ئەوانەش کەدابڕاون ئەوە لە ماددەیەکی ترهاتووە با لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەکەم دەکەین «يعاد كافة الضباط الذين كانوا في صفوف الثورة الكوردية المسلحة بعد اتفاقية (١١) اذار ١٩٧٠ واستمروا فيها لغاية انتفاضة شعبنا في اذار ١٩٩١دون انقطاع الى الخدمة في وزارة شؤون البيشمەرگة».

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا ئەمە گفتوگۆی بۆ چییە؟ ئاشکرایە هیچی تێکەڵاو نییە، گفتوگۆ لەسەر ئەوانەی لەشۆرش بەشداریان کردووە وبەردەوامن تاکو راپەڕینەکە کەس تێبینی لەسەر نییە، تێبینی ئەگەر هەبێ لە سەر ماددە(٣) هەیە با گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی شێخ عەبدولکەریم بەجێیە، ئەی ئەوانەی لە ئەوروپان چ برگەیەک دەیان گرێتەوە؟، ئەوەی تر لە ماددە(١)دا باسیان دەکەن، ماددە(٣) تەنیا دەڵێ« يعاد الضابط الذين اشتركوا في الثورة الكردية المسلحة بعد اتفاقية (١١) آذار ١٩٧٠ وأحيلوا على التقاعد » هەندێ ئەفسەر

هەن لە دەرەوەن، حکومەت خانەنشینی نەکردوون، چارەنووسی ئەوانە چی یە ئەگەر یاسایەکە چارەسەری نەکردووە بێینە سەر ئەم خاڵە.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو ئەفسەرانەی بەردەوام بوون، بەرای من زۆر پەلەی لێ نەکەین یاساکەی بخوێنینەوە چارەسەری زۆرە، واتا ئەوی لە ئەوروپا بووە و لەگەڵ حکومەت هاوکاری نەکردووە هەر لە سەر حیسابی شۆرشی کورد بووە ئەتوانن ئەو وەخت بریار بدەن برگەیەک دابنێین ئەوە لە سەر ئەندامانی بەڕێز دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها لە سەر ئەوە نییە ئەو حاڵەتە خۆی لەیاساکەدا هەیە، من تەنها لە سەر مادده(١) قسە ئەکەم( كانوا في صفوف الثورة واستمروا فيها) ئەمەی کە لە عێراقە یا خانەنشینە یا کاری مەدەنی پێ سپێردراوە، یان ئەوانەی لە پاش ئاداری ١٩٧٥ چوون بۆ ئەو دیوەوە لەوێ بوونەتە پێشمەرگە هەندێکیان نەبوونەتە پێشمەرگە ئەمە چۆن دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەیوەندی بەوە هەیە (استمروا) واتا بەردەوام بووین، ئەم برگەیە تایبەتە بەوانەی بەردەوام بوو ون، ئەوانەی ئەوروپا هەر نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەیاساکەدا باسی دەرەجەدار (ضباط صف) نەکراوە، عریف، نائب عریف هەر لەسەرەتای شۆرشەوە، شۆرشی ئەیلول لەگەڵمان دا بوون تا ئێستا هەر بە (عەریف) بمێنێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەوەی کەدەرەجە دار (ضابط صف) بووە، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە ئەفسەرەوە هەیە پاش شکانەوەی بەرێوەبردن لەساڵی ١٩٧٥ەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاساکەش دەڵێ( قانون اعادة الضباط) نەک دەرەجە دار (مراتب).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران بەتایبەتی کاک شێخ عەبدولکەریم مەترسی لەوە هەیە کەپشتیوانی بکرێن لەبابەت بەردەوام بوون (استمراریه)، خۆ ئەگەر هەر شتێک بنووسین بڵێ ئاوا بوون چەکیان پێ بوو، خۆ لەتوانادا نییە، لێرە موئتمانەیە (ثقەیە) کە دەڵێین (استمروا فیها) واتا ئەبێ ئەو کابرایە لە ناو شۆرش بێ ئەگەر لە ئێرانیش بێ وەکو فەرمووی، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

تعقيبا على كلام الاستاذ كاكەڕەش اعتقد ان تكون (استمروا فيها فعليا بكل الاشكال)، شكرا.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە ڕەچاوی ئەوەمان کردووە بۆ نموونە ئەفسەرەکان کەمن زۆر نین، ئەوەی لەدەرەوەیە جیاوازی زۆرە لەگەڵ مولازم عمرو کاک یونس، قسەیەکمان هەیە کە هەندێ لەوانە قاچیان قرتاوە ئەمانە لە یاساکەدا لەبەر چاو بگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەبوو کە وشەیەک زیاد بکرێت(فعلیا)، یا ئەوەی کە بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە فەرمووی( استمروا فيها دون انقطاع و لم ينقطعوا) بۆ ئەوە زیاد بکرێ. چ تێبینی تر هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو وشەیە زیاد بکرێ؟ بە«واستمروا فيها دون انقطاع».. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ .... بەتێکرای دەنگ بڕیار درا کە زیاد بکرێ ماددە یەک وەکو خۆی دەمێنێتەوە لەگەڵ زیاد کردنەکە، کێ لەگەڵە پاش ئەو زیاد کردنە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا لەگەڵ هەموار کردنەکەدا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/٢ « تحتسب الخدمة التي قضاها المشمولون بالمادة الأولى خارج الجيش خدمة فعلية لغرض العلاوة والترفيع والتقاعد ويمنحون رتبة اضافية مع مراعاة الكفاءة والمنصب على ان لا تتجاوز رتبة لواء »، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی(خارج الجيش خدمه فعليه) بەرای من « تحتسب الخدمة التي قضاها المشمولين بالمادة الاولى » بڕیار درا بنووسرێ (في الثورة الكردية دون انقطاع) بۆ دڵنیایی(لغرض العلاوه والترفيع والتقاعد) لەبەر ئەوەی ئەمە زیاد کردنی رتبەی تیایە، بۆیە داوا ئەکەم بڵێین« تحتسب الخدمة التي

قضاها المشمولين بالمادة الاولى في ثورة الكردية المسلحة دون انقطاع لغرض العلاوة والترفيع والتقاعد ويمنحون رتبة اضافية»، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(دون انقطاع) لە ماددەی پێشودا هاتووە، (مستمرون دون انقطاع) وماددەی(٢) دەخاتە سەر ماددەی یەکەم دەڵێ: ئەوانەی ماددە (یەک) دەیانگرێتەوە خزمەتیان بۆ حساب دەکرێ پێویست ناکا دووبارە باس بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دەڵێ «تحتسب الخدمة االتي قضاها المشمولون بالمادة الاولى في صفوف الثورة الكردية» لە جیاتی« خارج الجيش خدمة فعلية».

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرەی کەدەیگرێتەوە لەڕاستیدا لەدەرەوەی سوپایە، یا لە پێشمەرگایەتی بووە واتا دیاری دەکەین، لەبەر ئەوە ئەو بابەتە بۆ روونکردنەوەیە کەدەڵێین (خارج الجيش)واتا ئەم کابرایە عەسکەر نەبووە، لەبەر ئەوە بەرای من دووبارە کردنەوەی شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو پرۆژەیەی کە هاتووە وشەی لەپێش (الثورة الكردية) ئەو وشە زیادەیە وەکو کاکەڕەش فەرمووی (حصری) ئەمە ماددە (یەک) دەگرێتەوە، ئەگەر ووشەی (جيش) بکوژێتەوە تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەدا هاتووە ووشەکە یا رستەکە هەمووی تێک دەچێ، چونکە (قضاها المشمولون) لە کوێ ئەبێ بگوترێ( تحتسب الخدمة التي قضاها المشمولون بالمادة الاولى) لە کوێ (قضاها) دەبێ (قضاها)ش لابدەن، چونکە دیاری کراوە ئەبێ جێگایەکی بۆ دیاری بکەین (في الثورة الكردية) ئەبێ دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی کە هەردوو دەقەکە ناتەواویان نەبێ ،با بچینە سەر ئەسڵی پرۆژەکە، ئێمە لێرە ووتومانە «تمنح رتبة اضافية الى الضباط الذين استمروا في الثورة الكردية» وەکو خۆی هاتۆتەوە (بعد اتفاقية (١١)اذار ١٩٧٠ تقديراً للنضال القومي) وا ئەنووسرێ یا خود ئەوەی« تمنح رتبة اضافية

الى الضباط المشمولين بالفقرة الاولى »، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لیژنەی یاسا، بڕگەکە زۆر تەواوە وکاکەرەش بەتێری باسی کرد، سوپاس

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە گەر بمێنێ هیچ زەرەری نییە، خۆگەر هەڵیگرین و نەمێنێ ئەوە هیچ دەقەکە تێک نادات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەفسەرێک ئەگەر بچێتەوە ناو سوپاو پلەکەی خۆی وەرگرێتەوە ئەمە دڵنیا بوونە لەوەی کە(خارج الجيش) پێویستە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدڵنیاییەوە پشتگیری پێشنیارەکەی وەزیری پێشمەرگە دەکەم یان ئەو بڕگەیە دەبێ هەڵبگیرێ(خارج الجيش خدمة فعلية) یانیش ئەوەتانێ ئەمە ئەوەی تیایە (يمنحون رتبة اضافية) یان بکرێت بە( في الثورة الكردية المسلحة دون انقطاع)، سوپاس.

**بەڕێز نەوشیروان فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکەین « تحتسب خدمة للضباط المشمولين بالمادة الاولى خدمة فعلية » مەبەستم ئەوەیە (خارج الجيش)ەکە لابەرین، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پسپۆری زمانی عارەبییە، ئەو دەقە رێکوپێکە هەموو شتێک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ماددە(٢) زۆر رێکو پێک هاتووە مەسەلەیەکی هونەری ویاساییە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو لیوایە دانەنرێ مانای چییە کە دووسێ جار هاتووە؟ مانای وایە لە ناو کورد دا لە لیوا تێ ناپەرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پلەی لیوا ئێمە نامانەوێ قەبە بێت، بۆ نموونە بەدەگمەن هەیە بگاتە (فریق) وابزانم پلەی(رتبە)ی لیوا بەسە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە زۆر لە جێی خۆیەتی ئەم دەقەی وەزیری پێشمەرگە ئەگەر بڵێین (یمنحون) ماددەی یەکەم دووبارەیە، لە ماددەی دووەم دا باسی خزمەتەکەی کرد دەبێ حسابێکی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرجە دار (ضابط صف) وەکو لیژنەی یاسا ووتیان نابێتە ئەفسەر، دەڵێم لەبڕیاری (١١)ی ئاداری ١٩٧٠ ئەو دەرەجەدارە (ضابط صفه) بکرێتە ئەفسەر، ئەگەر خزمەتی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بابەت ئەو (خارج الجيش)ە، لانی دەربڕینەکەی خۆش نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تێبینیەکانی هەردوو لیژنەکەیە، ئەگەر تێبینی تر هەیە با بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەو تێبینیانە لای خۆی بنووسێ وپاشان وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە دەڵێ(خدمة فعلية لغرض العلاوة والترفيع) ئێمە ئاگادارین ئەفسەر بەرزناکرێتەوە، ئەگەر لەخولی تایبەت بە بەرزکردنەوە سەر نەکەون، لێرە خولی بەرزکردنەوە نییە، داوا دەکەین برگەیەکی تازە دابنێین( تقديراً لسنوات كفاحهم بعفى الضباط والمعادون بحكم المادة الاولى من هذا القانون من شروط دورات الترقية)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرزکردنەوە (تەرفیع) نییە بۆ دەرجەدارەکان (ضباط صف) حەز دەکەم برادەران بزانن ئەو سوپایەی کە تازە پێکمان هێناوە فەرماندەی سلێمانی کرکوک هەولێر دهۆک لە پلەی ( قائد فرقەن)، بەڵام نیشانە نابەستن لە پاشدا دەورەیان نەبینیوە یانی ئەو سوپایەی تازە دروست بووە لە چوار کەرت پێک هاتووە کەرتی کرکوک و سلێمانی وهەولێر ودهۆک لەوێ جێیان بووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ماددە(٢) ئەگەر سەرمووچە وبەرزکردنەوەی(علاوەو تەرفیعی) بۆ حیساب بکرێ بەپێی خزمەتگوزاری لەوانەیە خۆی بگاتە لیوا، لێرەش هاتووە (علی ان لا تتجاوز رتبە لواء)، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من لە ماددە/٢ (خارج الجیش) ئەو دەستەواژەیە جوان نییە با نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە وشەی (خارج الجیش) وشەیەکی زیادە، وەکو کاک نەوشیروان ووتی زیاد کردنی(تحتسب)(تحسب الخدمة التي قضاها خدمة فعلية) بۆ مەسەلەی شەهیدان ئەوە دوو چارەسەری هەیە یەکیان بەدەرکردنی یاسای ڕێزلێنان کە ئەوە لە بەردەم پەرلەماندایە، دووەمیان(قانوون الخدمة والتقاعد ومعالجة عوائل الشهداء) ئەمانەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هەر دوو وشە(خارج الجیش) لابرێ.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەزۆربەی دەنگ ئەو دوو وشەیە هەڵدەگیرێن.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددەکە وای لێ دێ «تحتسب خدمة الضباط المشمولين بالمادة الاولى خدمة فعلية لغرض العلاوة والترفيع والتقاعد ويمنحون رتبة اضافية مع مراعاة الكفاءة على ان لا تتجاوز رتبة لواء»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو پێشنیارێک، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة/٣ يعاد الضابط الذين اشتركوا في الثورة الكردية المسلحة بعد اتفاقية (١١) أذار ١٩٧٠ واحيلوا على التقاعد او الى وظيفة مدنية في عام ١٩٧٥ وما بعدها الى خدمة وزارة شؤون البيشمەرگە وتحتسب الخدمة التي قضوها خارج الجيش خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد مع مراعاة الكفاءة والمنصب على ان لا تتجاوز رتبة لواء، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەوانەی کەوا وەزیفەی مەدەنیان ئەدرێتی رازی بوو ون، وەزیفەی مەدەنی ئەگەر ئەوانە لەگەڵ دامودەزگای بەعس بووبن ئەوە بە خزمەت بۆیان دەژمێردرێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (خارج الجیش) لێرەش هەمان شت وەکو لەماددەی دووداهاتووە لێرەش لاببرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا پێشنیارێکم هەیە کە پێویستە ئەو کەسانەی بەشدارییان کردوە لە راپەڕینە مەزنەکەی ۱۹۹۱دا هیچ هێمایێکی بۆ نەکراوە، هەر چەندە دەبێ بەشداریان کرد بێ لە شۆڕشی کورد، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کاک بەختیار ئەو بڕگانە لەیەکەم جاردا قسەم لەسەر کردن، ئەگەر بیانەوێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ کە ئەو کەسانە دیاری بکرێن مەرجێک دابنێ کە لەیەکەم رۆژی راپەڕین بەشداریان کردبێ، دەربارەی بەڕێز کاکە ئازاد مادەی پێینجەم چارەسەری رای جەنابی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئازاد وەڵامی دایەوە کەوا ماددەی (٥) چارەسەری کردووە، دەربارەی مامۆستا مەلا محەمەد (خارج الجیش) بۆی نییە سوود لەو ووشەیە وەربگرین، لەڕاستیدا ئەوانە لەدەرەوەی سوپا بوو ون ولەوەزیفەی مەدەنی دەست بەکار بوو ون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر بنەڕەتی ماددەکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/ ٤ : تشکل لجنة اختصاصیة في مقر وزارة البیشمەرگة لتنفیذ احکام هذا القانون ووضع

ضوابط معينة لأستمرار الضباط المعادين في الخدمة العسكرية او احالتهم الى وظيفة مدنية او على التقاعد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها لێرەدا لەلایەنی زمانەوە کەدەڵێ (تشكل لجنة اختصاصية في مقر وزارة البيشمةرگة لتنفيذ أحكام هذا القانون ووضع ضوابط معينة لأستمرار الضباط المعادين في الخدمة العسكرية أو احالتهم الى وظائف مدنية أو على التقاعد ).

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غایە لەدانانی ئەو لیژنەیە بەراستی ئێمە کۆمەڵە ئەفسەرێکمان هەنە دەیانگەڕێنینەوە، ئەگەر بەتوانا بن ئەوا بەردەوام دەبن لەسەر فەرمانەکەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر( موعەیەنەکە) هەڵبگرین چ کارێکی تێ دەکات؟

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا پلەکە (رتبە) مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێک هەیە جار جار تێکەڵاوی دەبێ لەنێوان لیژنەی یاسا وبرادەران، ئەویش ئەوەیە ئەو یاسایە یاسایێکی مەزەندە کراوە (تقديريە)، ئەو ئەفسەرانەی لەشۆرشی کوردی بەشداریان کردووە، بەڵێ وشەی سوپا جار جار هاتووە مەبەستمان شۆڕشی کوردە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەڕێزان تۆزێ ئارام بگرن، مادەیەکمان داناوە چەند مەرجێکی تێدایە، ووتمان دژی جووڵانەوەی کوردی نەبوون، لە هەمان کاتدا سێ مانگمان دیاری کردووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە لەماوەی ئەو سێ مانگەدا ئەگەر نەیەت یانی سوودمەند نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی تر لە لیژنەی یاسا دەکرێ لەبارەی (وضع ضوابط معينة)، ئەگەر ئەو بەرزەفتیانە کردنانە (ضوابطە )لەگەڵ حوکمەکانی ئەویاسایەدا جێبەجێ نەبوون، چ زامینکردنێک هەیە کە لە یاسایەکەدا شتی وا روونەدات؟ پێویست دەکا ئاماژەی بۆ بکرێ، با بێینە سەر مادده/ ٤ کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده/ ٤ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵـڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة/ ٥ (لا تشمل احكام هذا القانون الضباط الذين انحرفوا عن اهداف الثورة وتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكردستانية) سوپاس.

**بەڕێز لیـوا كـەمال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

گرفـتی هەمـوو ئەو گفـتـوگۆیە دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەو مـاددەیە، كێ ئەو كـەسـە دیاری دەكـات كـە نەهاتۆتەوەو لایداوە، (انحـرافی) كـردووە؟ ئەبێ لێـرە ئەو برادەرانەی باسیـان كـرد ئاگـاداری ئەو بابەتە بن، سوپاس.

**بەڕێـز ئـازاد رەشـــــیـــــد مــــیـــــران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەربارەی لادان (انحـراف) زۆر ئاشكرایە، لادەر ئەو كەسـەیە (بەعـسی) بووە، یان سـیـخـوڕ، یان لەسـوپای مـیللی (شـەعـبی) بووە ودژی جـوڵانەوەی رزگـاریخـوازیی مـیللەتی خـۆی بـووە، بەڵام بەرزەفتی(ضوابطی) تریش ئەمە دەكەوتە سەر ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مـاددەكە دەنگی لە سەر دراوە وەكو (لیوا كـەمال) دەفـەرمێ لە پێشەوە لە مـاددەكە هەبێت دەنگی لە سەر درا (لا يشمل هذا القانون الذين انحرفوا عن اهداف هذه الثورة). بەرای من ماددەیەكی زۆر روونە، كابرایەك دوژمنی شۆرش بێت هاوكـاری لەگەڵ دوژمنی مـیللەتی كورد كـردبێت لەگەڵ ئەوەشـدا بگـەڕێتـەوە، بۆیە رای من ئـەوەندە بەسـە، بەڵام كـابرایـەك بەپاكی مـابێتـەوە لەوانـەیە موعـاناتی زۆری هەبووە. بەرای من ئەمە بەسە، سوپاس.

**بەڕێـز ئـازاد رەشـــــیـــــد مــــیـــــران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەربارەی ئەو ٣٤-٣٥ كـەسە هەمـووی یەكـتر ئەناسن، وابزانم لەپلەی ئەوە نابێت و (تەزكیـە)ی دەوێ لە مەكتەبە سیاسیەكان نەك سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز لیـوا كـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

كرۆكی یاساكە ناگۆڕێ ،بەڵام ئەوەی كاكەرەش دەڵێ ئەو كەسانەی كەوا ئێستا وەزیفەی مەدەنیان هەیە سووچی وەزارەت چییە كە راپەڕینیان نەكردووە؟ دەبێ چارە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆی هەیە ئەو برادەرانەی کە نەگەڕابوونەوە ڕیزی پێشمەرگە لەوانەیە بەپلەی مولازم بووە (ملازم اول) خۆی بەمەغدور دەزانێ زۆر کەس هەیە لەوانەیە لە پلەی (رتبە)ی نقیب، عەقید زۆر گەورە تر بێت ئەو فەرمانیان لە سەر دەکات، دەبێ ئاگاداری ئەم لایەنەش بین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ئاشکراو روونە وکاک ئازاد دەڵێ ئێمە ئەوەندە کەسەین یەکتر دەناسین ئێمەش هەموویان دەناسین دەزانین لەکوێن، لەکوێ نین من حەز ناکەم سبەی کە نەگەڕانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە باسی بکەم، ئەگەر نا من دەتوانم باسی بکەم هەیە عوزری هەیە لە جێی خۆشی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، چونکە حەقی خۆی وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێدوانم لە سەر قسەی کاک ئازاد هەیە، کە دەڵێ هەموو یەکتر دەناسین من وای تێ ناگەم هەموو یەکتر بناسین چونکە ئێستا خەڵک گەڕاوەتەوە، لەلای ئەفسەرێک راوێژکار بووە لە سەر دزیش دەرکراوە ڕێگەیان داوەتێ گەڕاوەتەوە من وای تێ دەگەم شتی وا نییە کە یەکتر بناسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە/ ٥، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە/ ٥ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە/٦-٧ بۆی هەبوو لەیەک ماددەدا بن، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/٦ «ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ويعمل به لمدة ثلاثة اشهر»، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من (لمدة ثلاثة اشهر فقط) پێویست نییە، دوای پەخش بوونی ئەو یاسایە ناتواندرێ سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە زۆر کەس لەو ماوەیەدا ئەوانەی کەدەوریان نەبووە سوود مەند بن وبیقۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو یاسایە لەڕۆژی بلاوبوونەوەیەوە لەماوەی سێ مانگدا جێبەجێ دەکرێ لەدوا سێ مانگەکەوە ئیتر جێبەجێ نابێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچم لە سەر ئەو ماددەیە نییە، بەلام زیادەیەکم هەیە، پاش ئەو ماددە بوارم بدە، سوپاس.

**بەڕێز رەجب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ماددە/٦ بمێنێتەوە ،بەلام بەم شێوەیە (لا یمکن البت في الطلبات التي تقدم بعد ثلاثة اشهر من صدور هذا القانون) ماددەی تریش(ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ صدوره ونشره في الجریدة الرسمیة)، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی ئەمەمان کرد مێژووی جێ بەجێ کردنەکەی ئەبێ وەکو دەزانن ماددە٦-٧ گۆڕا، ئەوە گرفت نییە گرفت ماوەکەیە کە زۆرە(٣) مانگ پرۆژەکە بەڕای من یەک مانگە ٣ مانگە کە زۆرە لیست بەتاک (مفرد) دەرناکرێ لیستەکان بەکۆمەڵ دەردەکرێن، لە بەر ئەوە تا ئێستا نەهاتیتەوە بۆیە چاوەڕێی دەکەین کە یەک مانگ بێ. (ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره ویعمل به شهر واحد فقط)، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار ئێمە یەک مانگمان دانابوو، نابێ مرۆ بەو رادەیە دڵ رەقبێ ٣ مانگمان دانا تاکو بوار بدەینە زۆر کەس، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی ماوەکە زۆر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە ئەمە لەنێوان خۆیبیان بووە، بەڕێز لیوا کەمال ئامادە بوو کە باسی ئەو ماوەمان کرد قسەی لێ کرا، بەرای من مانگێک بەس نییە بۆ ئەو خەڵکە کە بتوانێ بگەڕێتەوە، مەرجمان لە سەر خەڵکی سەپاندووە با بوار بدرێ وهەوڵ بدەین خەڵکی خۆمان لە دەرەوە بێنەوە سوودیان لێ وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا لەلایەن لیژنەی پێشمەرگەوە پشتگیری لێ کرا. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆریەی دەنگ پەسەند کرا.**

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة/٧ على مجلس الوزراء تەنفيذ احكام هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە دەربارەی ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە، پاش ئەوەی بڕیاری ئەمەیان بۆ درا کەبگەڕێنەوە وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت پلەیان (روتبەیان) بدرێتی باشە ئەو روتبەیە کێ دەیداتە ئەوانە کێ بڕیاری رتبەکە دەردێنێ؟ پێویستە وەکو لە عێراق (مەرسومی جمهوری) دەردەچێت، ئایا کێ لێرە دەری دێنێ؟ پێویستە (مەرسومێکی اقلیمی) بەوشتە دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو شتە شتێکی یاساییە، وابزانم لیژنەی یاسا وەڵامی داتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر یاسایەک کە دەردەچێ (دەڵێن على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون) دەمێنێتەوە بابەتی (ممارسة الصلاحيات)، ئەگەر لەنێوان ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی وەزیری پێشمەرگە بیکات، ئەگەر نا لیست ئامادە دەکرێ بەگوێرەی خزمەت، لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە کە دانراوە بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دوا کەوتنی ماددەکە (ينفذ هذا القانون اعتبارا من نشره في الجريدة الرسمية وعلى مجلس الوزراء و على الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە هەموو یاسایەکدا دەنووسرێ (على مجلس الوزراء).

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سێ چوار یاسام لەبەر دەستدایە، تێیاندا هاتووە (على وزراء ذات العلاقة تنفيذ هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقە پێشتر کاری پێ کراوە لەڕاستیدا هەر ئەنجوومەنی وەزیران جێ بەجێی دەکات، چونکە

نابێ بووترێ (علی الوزراء) دەبێ بگوترێ (علی الوزیر المختص) خۆ ئەمەش وەزیری پێشمەرگەیە، بەڵام (علی مجلس الوزراء) بەرپرسیاریەتێکی بەهاوکاری هەیە، بەرای من هیچ گرفتێک دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(علی الوزراء )یا (علی مجلس الوزراء ) هەرکامیان بن جیاوازی نییە، هیچ تێبینی دیکە نییە لەسەر ماددەی ٧؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی ٧ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟

بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا و یاساکە تەواو بوو.

دێینەوە سەر خاڵی چوار بە ڕچاوخستنی بڕیاری گەڕاندنەوەی فەرمانبەران ودەر کراوەکانی ساڵی١٩٧٤.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای پەخشندەومیهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار/

ڕۆژی بڕیار/

بڕیار

پشت بە بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦) ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١) لە ساڵی ١٩٩٢دا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی( ) ڕۆژی(١٦/٣/١٩٩٣ ) ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

١- ماوەی گرتن وبەندکردنی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێ بۆ زیاد بوونی مووچەی خانەنشینی بەمەرجێک گرتن وبەندکردنەکە بەهۆی باری سیاسی کێشەی کوردو خەڵکی کوردستانەوە بووبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو بڕگەیەوە ماوەی گرتن وبەندکردنی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێ بۆ زیاد بوونی مووچەی خانەنشینی بە مەرجێک گرتن وبەندکردنە کە بەهۆی باری رامیاری کێشەی کوردو خەڵکی کوردستان بێت، لێرە بەنیسبەت بەندکردن بووە، لە ژێر چاوەدێری پولیس دابووە هەبووە ساڵێک ئەو پیاوە نەیتوانیوە دەوام بکات کە لەپۆلیسخانە تۆماری هەیە هەموو ڕۆژی دەبوایە بچێ لەوێ ئیمزا بکات وبگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم مەبەستی گرتن وبەندکردن چییە؟ ڕاگتنە (توقیفە)، دەست بەسەر کردنە (حجزە) یا حوکمە، ئەگەر (تەوقیف) بێ پێم وایە لەبابەتی فەرمانبەر دەست کێشانەوە (سحب الید)ی پێ دەڵێن ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ئیبراهیم حاجی ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ لایەنێک بڕیار دەدا بەهۆی کێشەی کورد ولەسەر مەسەلەی سیاسی گیراوە، تا لە حاڵەتەکەی تر جیای بکاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شێخ ئەحمەد کە دەڵێ لە ژێر چاودێری ئەوانە برگە (٢) چارەسەری کردووە، دەڵێ ئەوانەی لە کارەکەیان بەهۆی سیاسەتەوە دوور نەخراونەتەوە، ئێمە ئەوەمان ڕەچاو کرد بەندکردن و (تەوقیف) کردن لەوانەیە لە بەر سوپای میللی (شعبی) بوو بێ یان لەبەر هۆی تر دوور خراونەتەوە لە کارەکەی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوا برگە (یەک) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٢) ئەو ماددەی کە فەرمانبەران تیا دوورخراونەتەوە لە کارەکانیان بەهۆی بارودۆخی ئەوسای کوردستان کێشەی خەڵکی کوردستان ئامار دەکرێ بۆ زیاد بوونی مووچەو خانەنشینی بەمەرجێک هۆیەکەی سیاسەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم هیچ شتێک نییە، تەنها لەبەر ئەوەی مامۆستای کوردیم حەزم لێ بوو ئەم تێبینیە باس بکەم، وشەی (ئەژمار) چییە پەیدابووە؟ (دەژمێردرێت) دەگوترێ، ئەم وشەیەی یەکەم وابزانم لە جێی خۆی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی داڕشتن دەبێ چاکی بکەن. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادده(٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

برگە٣/ ئەو فەرمانبەرانەی لە سێ دارە دراون بەهۆی سیاسەت و کێشەی خەڵکی کوردستان مافی خانەنشینییان پێ دەدرێ بەپێی ئەو خزمەتەی هەی بووە وئەوەی خزمەتەکەی لە (١٥) ساڵ کەمترە دەکرێت بە (١٥) ساڵ بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـدی ئەحـمـەد مـحـەمـەد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی ئەو کەسانەی کە خزمەتیان نییە، شەهیدن یان تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە شەهید بوونە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوانەی شەهید بوونە جۆرە زوڵمێکیان تیا ئەبینم، وەک لە بڕگەکانی پێشو(٢) کارمەند لە ساڵی ١٩٧١ حکومەت گرتوونی یەکیانی لەسێدارەدا (اعدام) کردو ئەوەی تری لەکار دەرکردووە، ئەوەی کە دەر کراوە تا ئێستا خزمەتی بۆ حیساب دەکرێ، بەڵام ئەوەی لەسێدارە دەدرێ خزمەتەکەی (٣) ساڵ بوو ئێستا بووەتە (١٤) ساڵ ئەگەر خزمەتی(١) ساڵ زیاد بکرێ یا ئەوکاتە (١٤) ساڵ بووە کە ئەو لەکار دەر کراو وئەم اعدام کراوە ئێستا ئێمە ئەوە (١٤) ساڵەی بۆ حیساب دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من لەگەڵ ئەو قسانەی (کاکە شێخ کریم)م، هەروەها رادەی نزمی مووچە (حدی ادنی راتب) کە (١٥) ساڵە زۆر زۆر کەمە، لەو وەزعەدا ئەوەی کە ژیانی بەکوردستان بەخشی پێویستە راددەی نزم (حدی ادنی) وەربگرێ کە (٢٥) ساڵ بێ، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبد ولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێش ماوەیەک یاسایەک لە لیژنەی قانوونی دەرچوو (قانوون تکریم شهداء الپیشمەرگە) ئەوانەی پێشمەرگە بوون ئەو یاسایە دەیان گرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن:**

ئەوەی کاک شێخ عـەبدولکەریم پێشنیاری کرد وبرادەران پشتگیـریان لێ کرد، لە یاسای ڕێزلێنانی شەهیداندا هەیە.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن.**

ئەوەی لەوەو پێش لـەسەر کوردایەتی لەسێدارە دراوە پێویستـە کەیاسایێکی گشتی بیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن:**

لیـژنە بۆ دانانی پرۆژەی یاسـای شـەهیـدان هەیە، لەوێ ڕیز لەشـەهیـدان دەندرێ وئەو یاسـایە چارەسەری ئەو جۆرە بابەتە دەکـات، لێرە تەنهـا بۆ ئەو فەرمـانبـەرانەیە کـەبەندکراون، یا شـەهید کراون، هەروەها خانەنشینیش هەن کەشەهید بوون.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن.**

ئەو بابەتە کـاک کریم وروژاندی، لەڕووی مرۆڤایەتییەوە دەکرێ دوو فـەرمـانبـەر یەکێ بەند بکرێ یەکێ دەر بکرێ، بەڵام پێـمان ناکرێ بڵـێین مووچەی براوەی بۆ دابنێین لە سەر بونیـادی خزمـەتی پێشووی، ئەگەر (١٥) ساڵ خزمەتی نەبێ مـافی خانەنشین بوونی نییـە، بەڵام بۆی هەیە ئەگەر مووچەی خانەنشینی تایبەتی دابنرێ دەبێ نزمترین ڕاددە (حدی ادنی) ١٥ ساڵ بێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن:**

پێشنیـاری کاک عەبدولخالق ئەوەیە کە یاسا بەرزترین ڕاددە (حدی اعلی) (٢٥) ساڵ دابنێ.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـــــان:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن.**

پێشنیـاری ئەوە دەکەم بەرزترین ڕاددە (اقران) (حەددی ئەعلا اقران)لەوە باشترە(٢٥-٣٠) ساڵ بێ، چونکە هەر فەرمانێک بۆی هەیە بەرزترین ڕاددە (اقران) ئەوە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــــەن.**

لەگەڵ ئەو پێشـنیـارەی کاک بەختـیـارم (حدی اعلی اقران)، چونکە دیاری کردنی زۆر زەحمەتە دەبێ بەو شێوە دیاری بکرێ، ئەگەر برادەران ڕایان لەسەرە ماوەی خزمەتەکەیان بکرێت بە (٢٥) ساڵ وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک هەیە ئەڵێ، ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنومایی لەو بارەیەوە دەربکات، ئەو ڕێنومایییانە ئایا ئەگەر لەو بوارە چارەسەر بکرێن باشتر نییە؟

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم بەرزترین ڕادە (حەددی اعلی) ئەو وەزیفەی کە تێیدا بووە (میلاک) دیاری کردووە، فەرمانبەرو سەرۆکی تێبینەران (رئیس ملاحظین) یا تێبینەر (ملاحظە) ئاشکرایە تاچ پلەیەک دەڕوا، دوا ڕادەی خۆی ئەو پلەیە دیاری دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارە بۆ چارەسەری ئەم بابەتە دەڵێ، برگە(١) رستەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە(مووچەی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرەی کە شەهید بووە بەو شێوەیە بێ کە مووچەکەی بگاتە بەرزترین ڕادە) واتا (الراتب التقاعدي للدرجة الوظيفية التي كان يشغلها).

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیار لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئایا ئەو یاسایەی پێش ماوەیەک دەرچووە (تکریم شهداء البیشمەرگە) تێکەڵ نابێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا شەهیدێک لەرێکخستنەکانی ناو شار بووە دائەنرێ بەشەهیدی پێشمەرگە لە ناو شار ئیشی کردووە، ئایا ئەوەی بۆ حسیب دەکرێ وەزیفەکەش بۆ حساب دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو برگەیە هەر زیادە ،فەرمانبەر کێیە شەهید بووە؟ یا لە سەر کێشەی کوردستان یان لەرێکخراوی حزبێک بووە وپێم وایە ئەوە جێ بکرایەوە لە شەهیدان باشترە هەر ئەوەش دەڵێن کاک سید حەسەن ئاماژەی بۆ کرد، ئەوی کاکەڕەش پێشنیاری کرد باشترین ڕادەیە، چونکە (بەعس) هەمووی کردنە فەرمانبەر، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من شتێکم هەیە بیڵێم لە جیاتی ئەوەی کاک بارزان فەرمووی ئێمە مەرج نییە ئەو فەرمانبەرانە هەمووی لەرێکخراودا بووبن، ڕەشە کوژی زۆر هەبووە لە کوردستان، هەندێ لەوانە شەهیدبوونە برادەری خۆم بوو ون کە شەهیدیش بوو ون چ پەیوەندیان بەهیچ حزبێکەوە نەبووە، لەیاسا نازانم،

بەڵام ئەوەی کە ئێستا تێی گەیشتم ئەو ٢٥ ساڵەی جەنابی کاکەڕەش باسی کرد زۆر باشە، چونکە لە گرفتێکی ڕۆتینی ڕزگارمان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا قسەم لە سەر بابەتی پلە هەیە، ئەوەی کاک فەرسەت ورووژاندی (اثارە)ی کرد، پلەی وەزیفی بەرامبەرەکەی زیادە، ئەگەر ئێمە بیسڕینەوە کە پلەی تیادا بێ مەغدور دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کەوا حەقی (الحد الاعلی للراتب التقاعدی) ئەوەی کەوا جەنابی سەرۆک فەرمووی کاک بەختیاریش قسەی لەسەر کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەندێ برادەر کەقسە دەکەن شارەزای یاسای خانەنشینی عێراقی نین، کە چۆن یاسایەکە هی سەربازی جودایە، هی دادوەرەکان جیایە، مەدەنی جیایە، پەیوەندی بەپلەی فەرمانبەریەوە نییە، تێبینەر یابەڕێوەبەری گشتی بووبێ ساڵی خزمەت ومانگی خزمەت زەربی دوا مووچەی دەکرێ دابەشی ژمارەیەک دەکرێ کە (٤٠٠) دینارە، بەڵام چەند بێ مەدەنی لە (٢٠٠) دینار زیاتری وەرنەئەگرت ئەو پەری (٢٠٠) بێ ئەوە ئێستا زیاد کراوە بەرزترین مووچەی خانەنشینی مەدەنی ئەوە دادەنرێ ئەگەر یاسایەکی تایبەتی هەبێ ئەمە شتێکی ترە چونکە هەندێ شەهید هەنە فەرمانبەر نەبوون یاسایەک داندراوە کە مووچە بۆ شەهیدان بە جیا بێ ئەو وەختە بەرزترین وەردەگرێ وەک فەرمانبەران بەرزترین مووچەی مەدەنی وەربگرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم، بەڵام هەندێ ڕێکوپێک تر بکرێت (الحد الاعلی للراتب الوظیفی)، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کۆکین لە سەر ئەو پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الحد الاعلی للراتب التقاعدی الوظیفی التی کان یشغلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ئەمە بکەینە پێشنیار، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە...؟ بەزۆربەی دەنگ بڕیار درا کە ئەو رستەیە بخرێتە سەر بڕگە/٣ ولیژنەی دارشتن بەو شێوەیە دایبڕێژێتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی صیاغە تێ بگات ئێمە مەبەستمان ئەوە بووە مووچەی خانەنشینیان بۆ دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاخر ناکرێ (اعلی راتب تقاعدی) لەکام وەزیفە شەهید دەبێ، پێویستە بزاندرێ، بۆ نموونە ئایا بەڕێوەبەری گشتییە، بریکاری وەزیرە، بڕگەکە وا ئەڵێ(الحد الاعلی للراتب التقاعدي للوظیفة التي کان یشغلها) دەقەکە روونە، بەتێکڕاش پەسەند کرا، ئەمە لەگەڵ مادده/٣ بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، مادده/٣ کێ لەگەڵ ئەو هەموار (تەعدیلەیە)؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤/ ماوەی بەشدار بوونی فەرمانبەران لەشۆڕشی ئەیلوولدا ساڵی (١٩٧٤) بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانە وپلە بەرزیی وخانەنشینی دەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٥/ ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٦/ دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده/٦ کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا .

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٧/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمدا کاری پێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وشەی (هەرێم)ەکە زیادە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە/٧ وەکو خۆی بمێنێتەوە پاش هەڵگرتنی وشەی هەرێم؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. بەمە ئەم بڕیارەش تەواو بوو بۆ سبەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ باس دەکرێ.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٤)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٢٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پێشکەش کردنی دەست کێشانەوە (ئیستقالە) لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێز د.فوئاد مەعسوم.***
***٢- گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ.***
***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان وەک لەسەرەتادا بڵاوکرایەوەی دوو خاڵە: بەردەوام بوون لەسەر پاشماوەی بەرنامەی کاری دانیشتنی دوێنێمان، بەتایبەتی لەسەر خاڵی یەکەم: کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە و تازە بابەت، بەڵام ئەمڕۆ داوایەکمان لەجەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەرگرت کە دەڵێ:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی:

سڵاوێکی گەرم :

تکایە ڕێگامان پێ بدەن بۆ ئەوەی کارکەناری (استقالە)ی خۆم پێشکەش بکەم لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆدا ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٧

لەگەڵ ڕێزماندا

دکتۆر فوئاد مەعسوم

١٩٩٣/٣/١٧

جا بۆیە ئەم خاڵە پێش دەخەین و دەیکەینە خاڵی یەکەمی ئەمڕۆی پرۆگرامەکەمان.. ئەگەر تازە بابەت نەبێ بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی ئەمڕۆمان.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دووخاڵی تازە بابەتمان هەیە. .من مۆڵەت بەمام ڕۆستەم دەدەم کە دوو خاڵەکە پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێکیان هی پێ بەخشینە (تبرعاتە) هەر ئەندامێک (٥٠) دینار بدەین بە فەرمانبەرو پۆلیس وفەراشەکانی ئێرە بۆ جەژن.. دووەمیان: مەسەلەی کارەباکەیە جا ئەگەر هاتە سەر کارەباکە بەدرێژی هەموو شتێکتان پێ رادەگەیێنین بۆ ئەوەی جەنابیشتان ڕەزامەندی بفەرموون لەبارەی کارەبای دووکان ودەربەندیخانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ یەکەم، سوپاستان دەکەین کە ئەندامانی پەرلەمان پیتاک بدەن بەو بڕەی (مەبلەغە)ی کە کاک حەسەن دەستنیشانی کردووە، بەڵام لەدەستەی سەرۆکایەتی بڕیاردرا کە بۆ جەژن شتێک بدەن بەکارمەندان وپۆلیسەکانی سەر بەپەرلەمان، ئێمەش سوپاستان دەکەین چونکە هەرچیان بۆ بکەین کەمە، ئێستاش جەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران کاک دکتۆر فوئاد با بفەرموێ..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مایەی شانازییەکی زۆرمان بوو کەشەرەفی پێک هێنانی یەکەم وەزارەتی هەرێمی کوردستانتان پێ سپاردم وئەو بەرنامە وەزاریەی کە پێشکەشمان کردن پەسەندتان کرد، لە ئەنجوومەنی وەزیراندا کە بڕوای ئێوەی وەرگرت وکەوتە کارکردن. وڵات لەبارودۆخێکی ئاڵۆزدا بوو یاسا پێشێل دەکرا، زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەرانی فەرمانگەو دەزگاکانی هەرێم چوار پێنج مانگ بوو مووچەیان وەرنەگرتبوو، باری فەرمانگەکان شێواو ونارێک بوو، لەزۆر شوێن هەر نەمابوون لەسەرتانسەری کوردستان (مەرکەزیەت) نەبوو،حکومەتەکە چاوەڕوانی میللەتەکەمان بوو لەئەنجامدا وەک لیژنەیەکی لێ بێت وناو ناوە بەرەواڵەت کۆبێتەوە بێ ئەوەی بتوانێ شتێکی (عملی) ئەنجام بدات و وردە وردە بکوژێتەوە، بەڵام پشتگیری ئێوەی بەڕێز ولایەنەکانی بەرەی کوردستانی بەتایبەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان. بەتایبەتی کاک مەسعود ومام جەلال بەپێوە ڕاگرتنی خۆمان توانیمان دەست بکەین بەجێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەی کە پێشکەشمان کردبوون، ئەم جێبەجێ کردنەش بەپێی زنجیرەی خۆی وبەپێی توانا پیادە کرا.. وەزارەتی دارایی خاڵە گومرگیەکانی تا ڕاددەیەک ڕێکخستن ومووچەی فەرمانبەرانی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک دا کە هیچ قەرزێکیان لەسەر حکومەت نەمێنێ بۆ ئەوەی خوێندنیش لەکوردستاندا بەردەوام بێت ودەرگای لەبەردەم هەموو ئەو کەسانەی کەدەیانەوێ خوێندنی خۆیان تەواو بکەن

كراوه بێ، زانكۆی سلێمانی ودهۆك كراوەتەوە ویارمەتی مانگانەش بۆ خوێندكاران تەرخان كرا كەلەبەر سەختی ژیان ترسی ئەوە هەبوو زۆر لە خوێندكاران نەتوانن لەسەر خوێندنیان بەردەوام بن كە رەنگە هەرێمی كوردستان تاكە وولآت بێت لەجیهاندا ئەم هەنگاوەی هاویشتووە ودادگای (تمییز) دانرا كە ئەمە نزیكەی (٢) ساڵە كێشە وبڕیارەكانی دادگاكانی هەرێم هەموو بەسەر یەكدا كۆببۆوە ئومێدەواریشین، بەم بۆنەوە ئەنجوومەنی (قضاء) بتوانێت دادگایەك تەرخان بكات بۆ پەلە كردن لەدادگایی كردنی ئەوانەی دەستگیر كراون بە تاوانی تەقاندنەوەو ویران كردن وتیرۆرەوە. بودجەی ساڵی ١٩٩٣ ئامادە كرا، بڕواو متمانەی لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان وجەماوەر لەسەر بناغەی پاراستنی مافی مرۆڤ وئازادی وسیاسیەوە وبەرقرار بوونی قانون ویاسا رەفتاری ژیاری وهاو چەرخانە پەیدا بوو هەروەها رۆڵێكی كاریگەرمان هەبوو لە پتەو كردنی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەكان، بەتایبەتی ئەوانەی بەشداری لەپەرلەمان ولەحكومەتی هەرێمدا دەكەن، ئەنجوومەنی وەزیران مەیدانی تەبایی وهاوكاری بووە نەك شوێنی ململانێ وكێشە دروست كردن. پەیوەندیشمان لەگەڵ پەرلەماندا پەیوەندی یەكی ئاسایی بووە، ریزمان بۆ یەكتر، بۆ كاری هەر دوو لا هەیە، ولەبواری خۆیدا هەبووە سەیر كردنمان بۆ كاروبار، تەنگ بینانە نەبووە ،بەڵكو مەبەستی سەرەكیمان خزمەت كردنی كوردستان بووە، ئێستاش هێشتا كێشەی زۆر هەن چارەسەر نەكراون كە ئەم چارەسەریەش پێویستی بە پشووی درێژ وبیركردنەوەی وورد هەیە، وەك چارەسەركردنی كێشەی زەوی و زارو ئابووری كە بناغەكەیان لەكوردستان دا تەپیوە وتائێستاش چ وڵاتێك دەستی نەگرتووین بۆ دروست بوونەوەی وهاوكاری نەكراوین بۆ دروست كردنی پرۆژەی بەرهەرم هێنەر، دیاردەی چەكداری گەرچی زۆر لە جاران كەمتر بووە، بەڵام هێشتا ماوە ئەویش بەجێبەجێ كردنی تەواوی پرۆژەی رێكخستنی حزب و(پ.م) ئومێدەوارین كۆتایی بێت، یەكێتی هێزی پێشمەرگەش دەبێت لەسەر بناغەو بۆچوونێكی هاو چەرخانە بێت تا ئەم هێزە بتوانێت لەو رۆژەدا لەدوای گۆڕانی باری عێراق ببێتە بەشێك لە سوپای عێراق لەكوردستان جێگیر بێت ولەرووی مەشق ولێهاتووی كادیرەكانی لەو ئاستەدابن مووچەی پێشمەرگەی رێكخراوەكانیش لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە لەم رۆژانەدا كۆتایی هێنا بەم كێشانە بەپێی بۆچوونمان بەتەنیا بڕیارو بەتەنیا قسە جێ بەجێ نابێت، دەبێت هەنگاو بەهەنگاو بە شێوەیەكی زانستی بێت وبەرەو ئەو مەبەستە بچێت كە بۆی دەست نیشان كراوە، بێگومان ئەركی خزمەت كردنی جەماوەر وكوردستان ئەركێكی نیشمانی یەو شەرەفێكی گەورەیە بۆ هەموو ئەوانەی لەم كارەن وئەم كارە ئەنجام دەدەن.

ئێمە وەك یەكەم ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانین بڵێین قۆناغێكی باشمان بڕیوە دەشتوانین بڵێین داب ودەستوورێكمان داناوە بۆ شێوەی پەیوەندی نێوان حكومەت وخەڵك كە بڕوا لەنێوانماندا دروست ببێت، بۆئەوەی ئەم ئەرك وخزمەتگوزارییە دڵسۆزانی دیكەش تێیدا بەشدارین وپێوەی هەڵستن وچەند هەنگاوێك بەرەو پێشی ببەن كە بارووۆخی كوردستانیش پێویستی بە كۆششی

هەمـوو ئەو دڵسـۆزانە هەیە، ئەو کـارکـانەریەی (ئیسـتـقـالە)ی خۆمـانتـان پێـشکەش دەکـەین وئومێدەوارین پەسەندی بکەن وبەڵێنیش دەدەین کە هەمـوومان ئامـادەیی خۆمـان نیشـان دەدەین بۆ هاوکـاری کـردنی ئەنجـومـەنی وەزیرانی داهاتوو، ئومـێـد وسـەرکـەوتنیـان بۆ دەخـوازین.. چونکە سەرکەوتنی حکومەتی هەرێم ئاواتی هەمووخەڵکی کوردستانە، لێرەش دا بە پێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم کە سوپاسی هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بکەم. بەڕێزان جێگری سەرۆک و وەزیرەکـان کـەلەم مـاوەیەدا پێکەوە کـارمـان کـردووە وەک یەک دەسـتـەو بە تەبایی کـاروباری ئەنجوومەنی وەزیرانمان بەڕێوە بردووە، مەبەسمـان هەمـیشە سەرخستنی حکومەت وجێگیر بوونی یاسا بووە کەتەنیا لەرێگەی یاسادا وڵات پێش دەکەوێت و، جارێکی دیکە سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشـتـمانی بەڕێز وئەندامە بەڕێزەکانی دەکەین. سەبارەت بەهاوکاری وپشتگیریان هەمیشە سەرکەوتووبن، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز کاک دکتۆر فوئاد دەکەین، ئەم کارکەنارییە(ئیستـقالە)یە پاشـان لێی دەکـۆڵدرێتـەوە، وهەوڵ دەدەین لەم دانیـشـتـنەدا یاخـود لە دانیـشـتـنی ئایندەدا پاش راوێژ کـردن بڕیارێکی لەسەر بدەین. دێینەوە سەر بەرنامەی کـاری ئاسایی خۆمـان.. خاڵی یەکەم بەرنامەی کاروباری وەزارەتی ناوخۆیە، یاسای وەزارەتی ناوخۆ.

**بەڕێز شـێـــروان نـاسح عــەبدوڵـلا حــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر مۆڵەتمان بدەنێ روونکردنەوەیەکمان هەیە پێش خوێندنەوەی یاساکە.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

فەرموو....

**بەڕێز شـێـــروان نـاسح عــەبدوڵـلا حــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کـە دەیخـوێنینەوە ئەو بیـروڕایەی لیـژنەی یاسـا وهەروەها لیـژنەی ناوخـۆ وئەنجـوومـەنی نیشتمانیش رای لەسەر هەیە و، هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆش ئامادەن لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێکەوە کردمان ودەیخوێنینەوە تاکو رای هەموو لایەکی لەسەر بێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پێـویست ناکـات من پرسـیـار لە لیـژنەی نـاوخـۆ، یاخـود لە وەزارەتی ناوخـۆ بکەم، لەکـاتی خوێندنەوەی بڕگەکاندا.

**بەڕێز شـێـــروان نـاسح عــەبدوڵـلا حــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تەنها نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ ئامادە بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵێ مەبەستم نوێنەرە.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بێگومان لەکۆبوونەوەکەی لیژنەی یاسایی تەنیا یەک کەس لەئەندامانی لیژنەی ناوخۆ کە کاک کانەبی ئاغا بووە، ئامادە بوو وابزانم ئەوانیش ئێستا راپۆرتی خۆیان نووسیوە وئامادەیان کردووە، وەکو لیژنەی ناوەخۆ هیچی تێدا نییە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر ئەو صیغەی کە داڕێژراوە گۆڕانی تیا بوو ولەلایەنی یاساییەوە هەر سێ لا کۆک بوون لەسەری، ئەوە ئیتر پێویست ناکات پرسیار بکەین.
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار: (٢١)
تاريخ القرار: ١٩٩٣/٣/٢٧
استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير الداخلية و وافق عليه مجلس الوزراء اقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٩٣/٣/١٨ اصدار القانون الاتي:
**قانون رقم (٩) لسنة ١٩٩٣**
**قانون وزارة الداخلية لاقليم كوردستان العراق**
المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:
١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.
٢- الوزارة: وزارة الداخلية.
٣- الوزير: وزير الداخلية.
٤- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الداخلية.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادەی یەکەم چ تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟
بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**
المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

١- تنفيذ السياسة العامة لحكومة اقليم كوردستان العراق والعمل على صيانة وحماية الامن الداخلي من خلال وضع خطط لاجهزة الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر برگە بەبرگە بڕۆین باشترە.. باتێکەڵ نەبێت، چ تێبینییەک لەسەر برگە (یەک) هەیە؟ تکایە بەس ئەوانەی کە ناویان دەنووسن، تەنها ئەوانە مافی قسەیان هەیە، چونکە دەمانەوێت یاساکە زوو تەواو بکەین. دیارە تەنها سێ برادەر دەیانەوێت قسە بکەن.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلانی ڕێزمانیەوە ئەو (علی) یە بکرێتە (لـ) وببێتە «العمل لصيانة الامن الداخلي»، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس (علیە الحمایة وضبط) دانرێت یانی (العمل علی صیانة وضبط الامن الداخلي)، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی کەوا تێبینیم لەسەریەتی (صیانة) نازانم من زۆر بەباری گونجاوی لەو شوێنەدا نازانم.. شوێنی (صیانە) پێم وانییە لێرە بێت (صیانە) بۆ شوێنی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا..؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقەی کە هاتووە ئەو دەقەیە کەلەوەزارەتی ناوخۆوە هاتووە بەتەواوی(بالضبط) هیچ گۆڕانێکی لە لایەن لیژنەی یاساوە لێ نەکراوە ئەوەی مامۆستا تێبینی فەرموو (لصیانة) پێم وایە (والعمل لصیانة وحمایة) ناگونجێت (الا العمل علی صیانة) دەگونجێت ئیتر ئەوەی کاک رزگار دەیڵێ: (ضبط الامن الداخلي) (ضبط الامن) لەگەڵ (حمایە) گەلێک جیاوازن (ضبط) شتێکە و(حمایە) شتێکە ئەوجا بۆ (حمایە) کە هاتووە وئەوەمان پێ ڕاستترە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە (والعمل علی حفاظ وحمایة الامن). (الحفاظ) واتا لەجێی (صیانە) (حفاظ) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر چ ڕوونکردنەوەیەکی تری نییە ئەوا دەیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان بەڕێزان بۆیان هەیە هەر شتێک بڵێین، تەنیا بەبۆچوونی من ئەوەی پەیوەندی بە(صیانە)وە هەبێت بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان دوور نەکەوێتەوە. ئەگەر برادەران ڕێمان بدەنێ وابزانم بابەتەکە پەیوەندی بە(صیانە) هەبێت بابەتی (صیانە) ئەوەی کاک جەلال لێرەدا بەمانای پارێزگار دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە(١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر هەندێ تێبینی تریش هەیە با بدرێت بە لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

٢- العمل على سيادة القانون وتوطيد النظام العام وتأمين الراحة والطمأنينة للمواطنين والحفاظ على ممتلكاتهم.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(توحيد) نوسراوە (توطيد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٢) کاک سەفەر وکاک عەبدوڵڵا.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵێکی بچووکم هەیە (العمل على سيادة حكم القانون) عملی ترە، حوکمی قانون ئەوە بزانم (مجرد)ە حوکم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، دەربارەی (الراحة والطمأنينة للمواطنين والحفاظ على ممتلكاتهم العامة والخاصة) بۆ ئێرانە من بەباشی دەزانم (الصيانة للحريات الديمقراطية) لەگەڵ ڕێزو حورمەتم بۆ وەزیری ناوخۆو بۆ وەزارەتی ناوخۆ وەک باوە دەست درێژی کردنە سەر ئازادی دیموکراسی لەو بوارەدا زۆر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا با بفەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم جار دەمەوێت وەڵامی برای بەڕێزمان کاک عەبدولخالق بدەمەوە، ڕێزم هەیە بۆ رایەکەی، بەڵام ئەو دەقە کەئازادی گشتی بپارێزێ، لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ نابێ بەڵکو لەدەستوور دەبێت، چونکە دەستوور ئەو مافە زامن دەکات دەستووریش پلەی یاسایی لەیاسایێکی وەکو وەزارەتی ناوخۆ لە ژمارەکانی بالاترە، دەربارەی ئەوەی کە کاک سەفەر فەرمووی حوکمی یاسا، ئێمە کەدەڵێین پاراستنی قانونی واتا (أن یکون القانون سیداً) بابەتی دووەم کەدەڵێت.. (الاحتفاظ علی ممتلکات العامە) چونکە لێرەدا ئێمە دەڵێین: (التعاون والتنسیق مع الوزارة المختصة بشأن العمل علی سیادة القانون و توطید النظام وتأمین الراحة والطمأنینة للمواطنین) کە دەڵێین:

(للمواطنین وحفاظا علی ممتلکاتهم) صیغەی (جماعی) یە کە دەگەڕێتەوە، بۆ (مواطنین)، لەبەرئەوە لەلانی زمانیش راست ترە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زیادکردنێکم هەیە، لەبەر ئەوەی کاک عبدالخالق لەبڕگەی (٥) (العمل من اجل حمایة حقوق الانسان في کوردستان العراق) وابزانم ئەمە پارێزگاری مافی مرۆڤ وئازادی خەڵک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی شێخ، من رام وایە کە مەسەلە ئەوە نییە ئێمە سنووری ئازادی دیموکراتی دابین بکەین بۆ هاونیشتمانیان و، وەزارەتی ناوخۆ زۆر پێویستە خۆی پیادەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیسان دەگەڕێمەوە بۆخاڵی (٥) (العمل من اجل حمایة حقوق الانسان في کوردستان العراق واتباع الاسالیب القانونیة والعملیة في حل المنازعات ومشاکل الناس العامة والخاصة) هەڵبەت ئەوە لێرە مەبەستی ئەوە دەگەیەنێ کە کاک عەبدولخالق بۆی چووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە(٢)، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە وەکو خۆی بمێنێتەوە..

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

٣- التعاون والتنسیق مع الوزارات والدوائر الاخری المختصة بشأن المهام والواجبات المتعلقة بالامن وحفظ النظام تحقیقاً للصالح العام.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بڕگە(٣)، چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە سێ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

٤- العمل على منع وقوع الجرائم والتنبوء المستقبلي لوقوع الجريمة ووضع الخطط والبرامج التي تمنع وقوعها بهدف تحقيق الامن الدائم والطمأنينة والعمل على استتباب الامن والاستقرار الدائم والاهتمام بالجانب الوقائي للجرائم، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بڕگە(٤) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟..

**بەڕێـز جـەمـیـل عـەبدی سـندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لـەبـارەی (منع الجـريمة) گـەلێک یاسای نێو دەوڵەتی هەیە وەکو تاوان، لەبەر هەندێ دەبینم پێـویسـتـە بگوترێ (تشكيل فرق دولية لمكافحة الجريمة وتسليم المجرمين والمهربين الدولية)، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـیـد عـەلی خـان سلیـمـانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی من لەدەستەواژەی (التنبوء المستقبلي) و(الجريمة)، هەست دەکەم ئەو ووشەیە زیاد بێت.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی کاکە سەعید گوتی شتێکی ئاشکرایە وپێم وایە ئێمە پێمان باشە، ئەگەر ئێوە پێتان باش بێت برادەران پێـان باش بێت ئەوەی کە کـاک جـەمـیل گـوتی ئەوە یاسـایەکی وەزارەتی نـاوخـۆیە ناوەکەی لەگەڵ خۆیەتی کاری نێو دەوڵەتی، مەسەلەی تەسلیم کردنەوەی تاوانباران دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کێ لەگـەڵ ئەوەیە ئەم بڕگـەیە وەکـو خـۆی بمێنێـتـەوە؟ کێ لەگـەڵ نیـیـە؟ ئەو بڕگـەیە وەکـو خـۆی بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

٥- العمل من اجل حماية حقوق الانسان في كوردستان العراق واتباع الاساليب القانونية والعملية في حل المنازعات والمشاكل العامة والخاصة، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بڕگە(٥)، کاک عەبدولخالق فەرموو...

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێکی تر دەگەڕێمەوە. لەبەرئەوەی لەبڕگە (٢) ئەو لایەنە تێبینی نەکرا لەبڕگەی (٥) دا داوا دەکەم و زۆر شوێنەکەی باشتریشە بۆ ئەوەی بنووسین (العمل من اجل حماية الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان) لەبەر ئەوەی مافی مرۆڤ بەشێکە لە ئازادی دیموکراتییەت، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (٥) دوو بەشە بەشی یەکەم(العمل من اجل حماية حقوق الانسان في كوردستان العراق). بەشی دووەم: (اتباع الاساليب القانونية والعلمية .....الخ)، لەلایەک پەیوەندی لەگەڵ یەک نییە، لەلایەکی تر بەشی دووەم جۆرە دوو فاقیەک (ازدواجيه) پەیدا دەکات لەنێوان دەستگاکانی وەزارەتی ناوخۆو دادگاکاندا، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش بۆچوونی کاک فەرسەتم هەیە، وەزارەتی ناوخۆ تایبەتمەندی ئەوەی نییە کەگرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکات، بەڵام لێرەدا دەتوانین هەر هەمان شت بە(اتباع الاساليب القانونية والعلمية في التحقيق). یانی بەنسبەت دەزگاکانی پۆلیس لەتۆژینەوەدا ڕێگای (عملى) بەکاربێنێ بەڵام چارەکردنی گرفتی خەڵک پەیوەندی پێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک عەبدولخالق فەرمووی ئەوە هیچ وەڵامێکی ترمان نییە زیاتر لەوەی کە وتمان، لەبەر ئەوە ئەوە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەندامانی پەرلەمان وسەرۆکایەتی، چۆنی لەگەڵ بکات ئێمە هیچ شتێکی زیادی ترمان نییە لەسەر ئەوە، دێمە سەر ئەوەی بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن فەرمووی لەگەڵ ئەوەی کاک بەختیار لەڕاستیدا بەگوێرەی بۆچوونی ئێمە کەدەڵێین چارەکردنی گرفتی خەڵک مانای ئەوە نییە تۆژینەوەکەی لەڕووی یاسییەوە دەقاودەق بێ، زۆر جار من لەخەیاڵمە کە لەیەک لە(ناحيه)کاندا گرفتێکم چارە کردووە لەنێوان دوو هۆزدا، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی چارەسەری گیروگرفتەکان کە بەڕێز کاکە شێخ ئاماژەی بۆکرد. وبەبۆچوونی من

بەڕێوەبەری (ناحیە) دەسەڵاتی حاکمی دەدرێتێ ئەو وەختە بەپێی یاسا چارەسەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بەچارەسەری گیروگرفتەکانەوە هەیە وەکو بەڕێز کاک عەدنان نەقشبەندی فەرمووی ئەوە خۆ مەرج نییە لەیاساکەدا هەبێت، بەڕێوەبەری (ناحیە) لەجێ یەک گرفتێک چارە دەکات یان نایکات جا ئەوە (قطاع قانون) مانای وایە دەستکاری دەکرێت لەدەسەڵاتێکی وەزارەتێکی تردا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان زیادکردنەکەی ئەو برگەیە هیچ گرفتێک دروست ناکات، ئەوجا بۆیە ئێمە هەر بەجێمان هێشت بۆ پەرلەمان کە بڕیاری لەسەر بدات ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها بەدواداچوونێکم هەیە بەڕێوەبەری (ناحیە) یان قایمقام سەرەکی لیژنەی گیروگرفتەکانە لە زەوی کشتوکاڵیدا، بە حوکمی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک (عەبدولخالق)مان لا پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری یەکەم ئەم (حماية الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان) پێویستە ئەوەشی بخەینە سەر.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(العمل من اجل حماية حقوق الانسان والحريات الديمقراطية في كوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەڵێم بوترێ (العمل من اجل احترام حقوق الانسان).

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەیە مافی ئەوەی ناداتێ سەرپەرشتی بکاتە سەر مافی مرۆڤ و سەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ ئەمە شتێکی ڕەوایە، بەڵام ئازادییە دیموکراتییەکان، ئەوپێشنیارە ئێستا هەیە کە بخرێتە سەر ئەو رستەیە بۆ ئەوەی ببێتە (العمل من اجل حماية الديمقراطية وحقوق الانسان في كوردستان العراق) ئەم دەقە وای لێ بێت لەو ڕستەیەدا تەنها (الحرية ـ الديمقراطية) زیاد دەکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو وشەیە زیاد بکرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو دوو ووشەیە زیاد دەبێت دێتەوە سەر دەقی مادەکە.

**بەڕێز عــــەدنـان مــحـــمـــەد نەقــشــبــەندی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەڕاستـیـدا ئێـمـە لەو بابەتەدا لەگرفـتی گـشـتی لەگـەڵین، بەڵام لەلانی تایبـەتی لەگـەڵدا نین، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــعـــەن:**

بۆ ئاسانکردنی و بۆ ئەوەی تاکو جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەوە دەکات، پێشنیـارێک لەدەستـەی سەرۆکایەتیەوە هەیە لەلایەن جەنابی سکرتێرەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت (اتبــاع الاســاليب القانونية العلمية في حل المنازعات والمشاكل الادارية)، ئەمە وەکو پێشنیارێک.

**بەڕێز فــــــرەنــســــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

(عامة)و (خاصة)ش دەبێ، (عامة) ئەوەیە کە پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە، (خاصة)ش ئەوەیە کە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڵام ئایا خـەڵکێک هەیە لەگـەڵ مافی مرۆڤدا نەگونجێت؟ یان لەگەڵ (الحـريات الديمقــراطيــة للانسان)دا نەبێ.؟

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەڕاستی گەر ووشەی (خاص)ەکەش لابدرێ زۆر نابێتە گرفت، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتــیــــار حــەیدەر عــوســمـــان:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من زیادەیەکم هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی جەنابی سکرتێر کە دەڵێ(اتباع الاساليب القانونية والعلمية في حل المنازعات والمشاكل التي تدخل ضمن اختصاصات الوزارة)، واتا گــەر هیچ شتێک لەنێوان پسپۆرایەتی وەزارەتەکە بوو با چارەسەری بکات وهەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئێستاش دێینەوە سەر (ماهي اختصاصات الوزارة؟).

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاک فەرسەت دەکەم کە بکرێت بە (واتباع الاساليب القانونية والعلمية في حل النازعات والمشاكل الادارية) جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەگەر چ تێ بینیەک هەبێت لەسەر ئەم پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوای لێ بووردن دەکەم ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(المنازعة) زۆر شت دەگرێتەوە (المنازعات والمشاكل الادارية) ئەوەی کەجەنابی جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی ئەوەش دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە وتی (المنازعات والمشاكل الادارية) واتا هەر دووکی بۆ بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گرفت نییە، وبا بەم شێوەیەی لێ بێت (اتباع الاساليب القانونية العلمية في حل المشاكل الادارية والمنازعات). دەبێت راوەستین لێرە جا بابیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵ ئەمەیە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک فرەنسۆ بەرپای کرد، کەدەڵێ گرفتە گشتییەکان (المشاكل العامة) ئێمە لەگەڵ ئەو رایەین، چونکە کەدەڵێن گرفتە گشتییەکان واتا ئەو گرفتانەی کەسروشتی گشتگیریان هەیە، وەئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەین کە (خاصە)کە فت (حذف) بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی گیروگرفتی تایبەتی و سەرەکی بەڕێوەبردن بەرپرسیاری تەواوە بەرامبەر هەر گیروگرفتێک کەڕوودەدات لەبارەی زەوی وزار یان ململانێی نێوان هۆزەکان وئەوانە کە ڕوودەدەن کە ئێمە لە عێراقین ولەکوردستاندا دەژین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اتباع الاساليب القانونية) ئەمە پێویستە هەموو وەزارەتێک (اتباع اساليب) بکات بەگوێرەی یاسا ئیشوکاری خۆی بڕوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم (ممارسة في حل المنازعات والمشاكل التي تتعلق بحقوق العامة والخاصة) وابزانم گرفتی گشتی خەڵکیش دەگرێتەوە وگرفتەکانی بەڕێوەبردن دەگرێتەوە، (خاصە)ش خەڵک وبەڕێوەبردن ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەگەر ئەوە بکەین بە(الاساليب القانونية والعلمية في التحقيق)باشترە، چونکە چارەسەری گرفتەکان دادوەر دەیکات، ئەگەر ئەوە بکەین نازانم رای لیژنەی یاسا چییە؟

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم برادەران بۆ بابەتی ناکۆکییەکان (منازعات) خەریکن تۆزێک وازی لێ دەهێنن، چونکە (منازعات) زۆر گرفتی هەیە ئەوە ئەرکی سەرەک یەکەکانی بەڕێوەبردنە کەچاری بکەن هەر تاوانێک کەقەوما دەبێتە تاوانێکی گشتی، چونکە کۆمەڵ لێی تێ دەگات، لەسەر ئەو بنەمایەی وشەی گشتی (عام) هاتووە پێویستە بەڕێوەبەری (ناحیە) چارەسەری کێشەکانی نێوان دوو جوتیار یا دوولایەن بکات کە لەسەر زەوی وزار دەقەومێن، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وای بۆ دەچم کە ئەمە گرفتێکی گەورەیە، رێزنان لەمافی مرۆڤ لەهەموو شوێنێکدا هەیە، ئەوە شتێکی نێو دەوڵەتییە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەو گرفتەی (الناس العامة والخاصة)، ئەمانە خۆی هەمووی شتێکی زیادەو دەقەکە ئێستا تەواو پوخت کراوە کە وەکو دەنگمان لەسەر دا (العمل من اجل حماية الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان) تەواوە هەتا دێتەوە (اتباع الاساليب القانونية والعلمية في حل جميع المنازعات) کە ئێمە وتمان ئیترپێویست ناکات، ئەو ململانێیانە کەپەیوەندیان بە پۆلیسەوە وبەناوخۆ وبەو شتانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(حل كل المنازعات)..؟

**بەڕێز مـــەلامـــحـــەمـــەد ئەمین عـــەبدولحـــەکـــیم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن.**

(المنازعات التي تتعلق بوزارة الداخلية).

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئەی باشە دادگاکان چی دەکەن؟..

**بەڕێز مـــەلامـــحـــەمـــەد ئەمین عـــەبدولحـــەکـــیم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەنێوان پسپۆڕیەکانی وەزارەتە، پاشان دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن.**

خۆ هەر چەندە من بەراستی لەگەڵ لیژنەی یاسادام، بەڵام لەمەیاندا بە بێ دەنگ دان ناتوانم، وەکو جـەنابت ئـامـاژەت بۆ کـرد خـۆی ئەو دێرە هەر تەواو دژی یەکـتـرن لەوەوە (حـــمـــايـة الحـــريـات الديموقـراطية لحقوق الانسـان) دەبێت بوار بدرێت دەست لە ئیش وکـاری خـەڵـک بدات هەتا وەکو جەنابت فـەرمووی کە لەنێـوان ژن ومـێـردێک دا شـەڕێکیـان هەبێت تۆ بەچ مـافـێک خـۆت لەئیش وکاریان هەڵدەقورتێنی؟ سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەپێشتریش عەرزم کردن وجەنابی سکرتێریش فەرمووی هیچ پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا نییە، ئەو دوو برگـەیە وئەوەی یەکەم جودایە ئەو (اتباع اساليب القانون العلمـيـة)یە هاتـووە بۆ چەسـپـاندن یەکـەم کـەدەڵێ ڕێزگـرتن لەمـافی مرۆڤ(احـتـرام حقوق الأنسـان) یاخـود (حـــمـــاية الحـــريات الديموقراطية واتباع الاساليب القانونية والعلمية)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن.**

بێگومـان من لەلایەک لەگـەڵ کـاکـەڕەشم، چونکە سـەرۆکی یەکـەی بەڕێوەبردن خـۆی تێکەڵ زۆر ملمـلانێی ئیـدارەکان دەکـرد، بەڵام شـتێک هەیە دەسەڵاتی خۆی لەیاسـا وەرنەدەگرت، بەڵکو لە یاسای تایبەتی وەردەگرت، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومـــــــەن.**

وابزانم ئێـمە پێک هاتووین بەڵام یەک تێبینیم هەیە کاک فەرسەت وادیارە هەربۆ لانی قانونەکە دەچێت کـەدەڵێت (منح الموظفين الاداريين والسلطات القضائية) ئەوەی کاکـەڕەش ووتی ئەویش

مەرجێکە لەپێش فەرمانبەری بەڕێوەبردن، زۆر جار یاسای بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیش نییە، یاسای ئەوە نییە فەرمانبەری بەڕێوەبردن دەسەڵاتی (حاکمی جزاء) وەردەگرێ بەحوکمی ئیشی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ئەوەیە دوو وشە زیاد بکرێ (فی تحقیق )پاش (العلمیة واتباع الاسالیب القانونیة والعلمیة في تحقیق) دەبێت ئەو (فی) یەش هەڵگیرێت ئەو کاتە ئەوە بەپیتی (عطف) چارە دەکرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم جارێ (نوسخە اصلیە)کە چاپ بکرێت، ئەگەر پشتگیری نەکرا ئینجا پێشنیارەکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکان نەکێشراونەتەوە، کە پاش گفتوگۆکردنیش پێشنیارێک نەکێشرایەوە دەبێت باسی بکەین، بۆیە ئەو دوو پێشنیارەی کە لە برادەرانەوە هاتوون دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، یاخود ئەگەر رازین بەو شی کردنانەوەی ناوخۆ ولیژنەی یاسا.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوورم لەسەر پێشنیارەکەی خۆم، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من واتێ دەگەم (قاعیدە) وایە کە تعبیرێک نەکەوێتە سەر مادەیەک ئەوا هەموار(تعدیلە)کە دەخرێتەڕوو بۆ دەنگ لەسەر دانی، ئەو کاتە ئەسڵەکە وەکو خۆی ئەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەمەرجێک پێشنیارەکە بڕوای پێ درابێ، واتا ئەگەر لیژنەی یاسا پەسەندی کرد ئەو کاتە سەربەخۆ هەموار کردنەکە دەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی (٥) باسی (حقوق الانسان وحمایة الحریة) وئەوانە دەکات. من حەز دەکەم شتی تریش زیاد بکەم. (والعمل علی غلق کافة السجون الخاصة)، چونکە لەڕاستیدا تا ئێستا لەوانەیە هەندێ گرتوخانەی تایبەتی لێ ناگەڕێن وەزارەتی ناوخۆ کاری خۆی بە تەواوەتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەختی خۆی بڕیارێک لێرەوە دەرچوو کە هەموو گرتوخانە تایبەتیەکان نەمێنن، ئەوانە هەموویان روون کراونەتەوە لەدەقێکدا، وابزانم ئەمە هەمووی دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەر دوو خاوەن پێشنیار رازی بن بەو پێشنیارەی کە کردوویانە، چونکە هەردووکی دەگەڕێتەوە بۆ (العمل من اجل حماية الحريات الديمقراطية واحترام حقوق الانسان في كوردستان العراق واتباع الاساليب القانونية والعلمية في تحقيق حل المنازعات ومشاكل المواطنين).

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاری نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین روونکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەوە چییە؟..

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە،(حریاتی دیمقراطی) زیاد بکرێت، شتێکی زۆر بەجێیە، بەلاّم وابزانم ئەوەی کەهاتووە لەدەقە ئەسلەکە زۆر ئاشکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە خوێندمانەوە؟.. با جارێکی تریش بیخوێنمەوە کە دەڵێ:(العمل من اجل حماية الحريات الديمقراطية واحترام حقوق الانسان في كوردستان العراق واتباع الاساليب القانونية والعلمية في التحقيق، لحل المنازعات ومشاكل المواطنين). کێ لەگەڵ ئەمەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا..

دێینەوە سەر دەقەکە خۆی کە بەم شێوەیە دەبێت :(العمل من اجل حماية الحريات الديمقراطية واحترام حقوق الانسان في كوردستان العراق واتباع الاساليب القانونية والعلمية في حل المنازعات والمشاكل العامة والخاصة).

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەمەی تر پەسەند کراو، پاش ئەو هەموار کردنە ئەو دوایی وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦- تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات التي تتصل باختصاصات الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەمە؟..

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینیم نییە، تەنها (٦) بچێتە جێگای (٧)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا پێویستە ئەم بەندە هەبێت؟ ئەمە وەکو هەموو جارێ دەڵێین (تحصيل حاصله).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا (تحصيل حاصله) بۆ خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تحصيل حاصله)، واتا ئەگەر لاشی بەرین گرفتێک نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەوەش گرفت نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا لاریتان نییە ئەم بەندە هەڵگرین؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بەندە هەڵگرین؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەم بڕگەیە هەڵدەگرین.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بڕگە (٧) دەبێتە (٦):

٦- مكافحة التهريب والتسلل وحماية اقتصاد الاقليم وامنه والحد من ظاهرة الدخول غير المشروع الى الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر بڕگەی (٧)هەیە؟ تکایە ئەوانەی کەدەیانەوێت قسە بکەن با ناوەکانیان بنووسن.

**بەڕێز خەسرۆ گۆل محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسانەی کە دێنە کوردستان کە بەدزە (تسلل) هەر بۆمەسەلەی سیخوڕی (تجسس) دێنە کوردستان بۆ بەرژەوەندی ئەم وولاتانە کە پالّیان پێوە دەنێن، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم (التهریب والتسلل) بۆ ئەوە زیاد بکرێت وببێ بە(مکافحةالتجسس والتهریب والتسلل لحمایة اقتصاد الاقلیم وامنه ومنع الدخول غیر المشروع الی الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر گوترا (مکافحة التهریب والتسلل وحمایة اقتصاد الاقلیم وامنه والحد من ظاهرة الدخول غیر المشروع الی الاقلیم)، زیادەیەکی بێتە سەر(للعمل من اجل منع ما یتنافی وقیم المجتمع الکوردي ومنع ظاهرة الفساد والانحلال الخلقي بکافة انواعه)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری پێشنیارەکەی مامۆستا مەلا شەریف دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە رستەی (ظاهرة الدخول غیر المشروع) لەوانەیە بۆ حالّەتێکی کاتی بێت، واتا لەوانەیە پاش سالّێکی دیکە، پاش ماوەیەکی دیکە، شەش مانگی دیکە ئەم دیاردەیە نەمێنێ، لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەو یاسایە(٣) سالّی دیکە بکێشێت، من پێشنیار دەکەم ئەو رستەیەی (والحد من ظاهره الدخول) فت(حذف) بکرێت و(لمنع الدخول غیر المشروع) بێ، چونکە بۆ حالّەتێکی هەمیشەییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم برگەیەکی زیادە بۆ ئەوانە چەسپ بکرێت بەم شێوەیە (العمل من اجل تقلیل ظاهرة الفساد والقضاء علیها وابقاء المجتمع الکردي علی اصالته) بکرێ بەبرگەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ووشەی ا(لتخریب)زیاد بکرێت ئەم ووشەیە لەئابووریش دەبێت ئەویش یەکێکە لەکاروبار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی ویستیان قسە لەسەر ئەم برگەیە بکەن تەواو، با بزانین ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ شتێکیان هەیە؟

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی برادەران بەتایبەتی دەربارەی سیخوڕی وتێکدان (التجسس والتخریب) بەلای ئێمەوە دەقەکە زۆر ئاشکرایە کەدەڵێت (مکافحة التهریب والتسلل وحمایة اقتصاد الاقلیم وامنه) کە سیخوڕی وتێکدانیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوە ئەو دەقەی کەهاتووە بەلای ئێمە دەقێکی ڕوونە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی کاک دکتۆر خسرۆ زیادکردنی وشەی (التجسس) پێمان وایە ئێمەش کە وشەی (التجسس) ئەگەر زیادیش بکرێت شتەکە چاکە خراپ نییە، بەڵام و(الحمایة) پێمان وایە باش نییە، چونکە بەربەرەکانی (التهریب والتجسس) بۆپارێزگاری ئابووری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رزگار وکاک خەسرۆ بەدواداچوونیان هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان مەبەستم هەیە، ئەوەی ئێستا کاک سەید حەسەن وتی من مەبەستم ئەوەیە تەنها (ظاهره) دەمێنێت، چونکە دیاردەیەکی کاتییە، بەڵام (منع الدخول) حاڵەتێکی هەمیشەییە، سوپاس.

**بەڕێز خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر ئەو زیاد کردنەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ لاریم نییە وشەی (ظاهره) بگۆڕێت و بکرێت بە(ومنع الدخول غیر المشروع)، چونکە بەهێزتری دەکات، بەڵام لەبارەی (ولحمایة اقتصاد الاقلیم وامنه) ئیش وکاری وەزارەتی ناوخۆ تەنیا ئەوە نییە قاچاغ ودزە (تهریب وتسلل) نەهێڵێ وپارێزگاری ئابووری بەو جۆرە بکات پاراستنی ئابووری هەر بەنەهێشتنی قاچاغ ودزە ناکرێت، بەڵکو لە بازرگانیی ناوخۆش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی مامۆستایانیش پەیوەندیی بە بەداب ونەریتی گشتییەوە هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکمان بۆ هاتووە ،کە ئەم رستەیە زیاد بکرێت وببێت بە(وتطبیق القوانین الدولیة في مكافحة الجريمة والتهريب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ، ئەو ماددانەی کە ئێوە رازین لەسەری، کوا بزانین چییان لێ هات؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیادە کردنی یاسای نێو دەوڵەتی.. ئێمە فەرمان نادەین یاسا پیادە بکەن، قانونەکە خۆی پیادە دەکرێ چونکە ئەمە یاسای نێو دەوڵەتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە گۆڕانکارییەکانەوە بیانخوێنەرەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مكافحة التجسس والتهريب والتخريب والتسلل وحماية اقتصاد الاقليم وامنه والحد من منع الدخول غير المشروع الى الأقليم) بەڵێ و(منع الدخول) لادەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵەکە تەواو، لێرە مامۆستایان داوای برگەیەکی تازە دەکەن. ئەوە بەتەنیایە، واتە ئەوە پەیوەندی بەو برگەیەوە نییە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم جەخت لەسەر ئەو پێشنیارە بکەم کەکاک فەرسەت کردی، دیارە پێشنیارەکە بە شێوەیەکی روون پێشکەش نەکراوە، ئەگەر هێمایەک هەبێت لەقانون و وەزارەتی ناوخۆ کە ئێمە اعتبار بەیاسای نێودەوڵەتی نەکەین ودەربارەی قاچاغ وەکو قاچاغی لەهۆشبەرەکان (مخدرات) دەربارەی تاوان وەکو تسلیم کردنی ئەوانەی دادوەری، لەلانی نێو دەوڵەتییەوە ئاماژەیەکی وا لەلایەن پەرلەمانەوە بکرێت شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم، بەس شتێکی یاسایی هەیە ئەگەر زێدە بکرێت، چونکە

پێک هاتنی عەقدە نێو دەوڵەتییەکان کاریان پێ ناکرێ لەناو هەموو دەوڵەتێک ئەگەر بێتوو لەدەسەڵاتە تایبەتییەکانەوە بڕیاریان لەسەر نەدرێ، لەناو ئەو دەولەتە)، جا زیادەیەکی وا بکرێت ببێتە (المقررة من قبل السلطات المختصة الوطنية)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا یەک پرسیارم هەیە لەبەڕێز کاک دکتۆر رۆژ ئەوە شتێکی رەوایە، ئێمە دەتوانین بەگوێرەی پێک هاتن بیکەین، بەڵام وەکو حکومەتێکی هەرێم، حکومەتێکی فیدرالی مافمان هەیە دەقێکی وا لەقانونێکی وەزارەتی ناوخۆدابێت پێویستە رێککەوتنێکی نێو دەوڵەتی بکەین کە پێویستە لەبارێکی ئاسایی لەگەڵ مەرکەزدا بژین، پێویستە وزارەتی مەرکەز ئەو دەقەی هەبێت ئێمە وەکو حکومەتێکی خۆجێی دەتوانین ئەوە بکەین یان نەیکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە شاراوە نییە ئێستا پەنجەی تاوانمان بۆ درێژ دەکرێت کەناوچەی کوردستان بۆ ئەوە بەکار دێت کەماددە لەهۆش بەرەکانی (مخدراتی) تیا دەکرێت و بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێت کەقاچاغی پیشەسازی بەرێکوپێکی تیا دەکرێت وهەروەها هەرێمی کوردستان لەوانەیە ببێتە پەناگەیەک کەدالدەی تاوانبارانی نێو دەوڵەتی بدات، لەبەر ئەوە هێمایەکی وا هەبێت لەیاسایەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تر هەیە بۆ ئەوەی لەم بابەتە دەربچین، ئەو پێشنیارەی کەکاک فرەنسۆ وکاک دکتۆر رۆژ کردیان، ئەگەر لە لیژنەی یاسا لاریبیان نەبێت بەم شێوەیە ئەم پێشنیارە دەکەین (مراعاه تطبيق القوانين الدولية المقرة من قبل السلطات المختصة). بەبێ دەست نیشانکردنی دەسەڵاتە تایبەت مەندەکان پاش ئەو دوو هەموار کردنە، دێینەوە سەر ئەو ماددەیە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەم هەموار کردنانەی کە رەزامەندیان لەسەر نیشان درا؟ کێ لەگەڵ نییە؟. . بەزۆربەی دەنگ بڕگەی(٦) پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة الثالثة.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاک شێروان بڕگە یەک، پێشنیارێک هەیە دەربارەی ئەو بابەتەی کە مامۆستایان بەتایبەتی پێشنیاریان کرد، بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت و ببێت بە(٧) ئەگەر رەزامەندی بفەرموون، ئێستاکە بڕگەی (٧) بەم شێوەیە دەبێ(الحفاظ على الاداب العامة في الاقليم)ئایا لیژنەی یاسا هیچ تێبینی یەکیان هەیە؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لاریتان نییە، ئایا ناوخۆیش لاریبیان نییە؟..

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو بابەتە شتێکی باشە، چونکە ئەوە لە هەموو دنیادا هەیە بەتایبەتی ناوزڕاندن وگاڵتەکردن بەمەزارگاو (مرقد) وشتی ئاینی، ئەوانەی کە لەگەڵ داب ورەوشتی کۆمەڵگەی ئێمەدا، جیاوازن ورادەی یاسایی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو ئەو پێشنیارانەش دەگرێتەوە کەدەربارەی داب ورەوشتە؟ کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیەکە بوترێ (الحفاظ علی الاداب العامة في الاقليم)ە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ ووتمان کۆمەڵێک پێشنیار دەربارەی داب و دەستووری گشتی وبەهاکانی ناو کۆمەڵمان بۆ هاتووە، وتمان ئەم پێشنیارە گشتییە وهەمووی دەگرێتەوە (الحفاظ علی الاداب العامة في الاقليم) ئەوە (منع ما يتنافی مع قيم المجتمع الكردي) و، دیاردەی (فساد) ونەمانی رەوشتیش دەگرێتەوە، ئەمەش وەکو برایانی یاسایی دەڵێن زاراوەیەکی یاساییشە، ئێستا کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئەو پێشنیارەی کەمامۆستایان پێشکەشیان کردووە ئەوەی کە خوێندرایەوە لەپەرلەمان، بەشکم لەسەری رازی نابن!، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکانی (٥،٤) هەموو یەک ناوەڕۆک بوون و هەموانیش گوێیان لە پێشنیارەکانی ئێوە بووە.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو بڕگەیە دەتوانم بڵێم زیادە، چونکە ئێمە ئێستا یاسای سزادانی (قانون عقوباتی عێراقی) پیادە دەکەین، یاسای سزادانی عێراق هەموو شتی (منافی) تیایە ئەو شتانەی کە ئێمە باسی دەکەین تیایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە (تحصیل حاصلە) وبە تەواوی تێبینی ئەوەمان کرد لە خستنەرووی ئەو پێشنیارە، چونکە ئەو یاسایە راستە جێبەجێ بووە، بەڵام بابزانین لیژنەی یاسا چ تێبینییەکیان لەسەر تێبینیەکەی مامۆستایان هەیە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە لەخەیاڵمان بوو ئەوەی کەکاک سەعید ووتی خۆی لەیاسای سزادان (عقوبات) شتێکی وا هەیە، بەڵام وەکو زۆر جار بەڕێز جێگری سەرۆک دەیگوت بابەتەکە ئەوە بوو کەشتەکە کاتی هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێکدانەوەی داب ونەریتی (ئادابی عامە)واتای چییە؟ ئەگەر داب ونەریتی گشتی ودیاردەی (فساد) ولەدەستدانی رەوشت نەبێت، هەروەها ئەوە کاک سەعیدیش جەختی لەسەر یاسای سزادانی (عقوباتی عێراقی)کرد، کە ئێستاکە جێبەجێ دەکرێ وئەو بابەتانەی کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان داب ونەریتی گشتی (الاداب العامة) وشەیەکی یاسایی یە هەمووشتێک دەگرێتەوە، جا ئەگەر بە درێژی باسی یەک یەکی بکەین ماقووڵ نییە بەڵام گەر بڵێین (العامة) هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە یەکێک لەو پێشنیارانەیە کەمامۆستا مەلامحەمەد شەریف ناردویەتی ودەڵێت: برگە (٧) المادة السادسة (والعمل من ا جل منع مایتنافی مع قیم المجتمع الکردي ومنع ظاهرة الفساد والانحلال الخلقي بکافة انواعها حفاظا علی اصالة القیم المجتمع الکردي) ئەم ماددەیە نابێتە (ئاداب عامە)، واتا ئەمە داب ونەریتی گشتی (اداب عامة) ناگرێتەوە؟

**بەڕێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اداب عامة) بەدواداچوونێک لەسەر قسەکانی لیژنەی یاسایی وکاک سەعید لەیاسای عێراقی دەربارەی مەیخانە دەنوسێ (یمنع دخول الاحداث في البار)، (الاداب العامة) واتا لە (١٨) ساڵ کەمتر نەچێت، ئەمەش دەڵێت ئایا ئەوە تێپەڕاندن نییە لەداب ورەوشتی کوردان یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابچینە سەر مادەی (٣).

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

المادة الثالثة: ١- الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول الاول عن تنفيذ سياستها والاشراف على تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات فيها وتصدر عنه الاوامر والتعليمات ضمن مهام الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والعسكرية والتنظيمية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة والمدراء العامين او رؤساء الدوائر الرئيسية في الوزارة او رؤساء الوحدات الادارية في الاقليم ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ماده (٣) ئەوەی تێبینی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز كـــەمـــاڵ ئیــبـــراهیم فـــەرەج شـــاڵی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

برایان من پرسیـارێكم هەیە لەوەزیر ولەلیـژنەی یاسـا، ئایا بریكاری وەزیر لەپلەی بەڕێوەبەری گشتی وئەوانەی دیكە دەسەڵاتیان یەكە یان نا؟ ومن جارێكی كەش لێرەدا ووتومە بەراستی پەرلەمانیش بەپلەی یەكەم بەرپرسیارە لەوە، ئیشی وەزارەت كەناڕوا زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە.. ئێمە لێرە زۆر جار هاوارمان كردووە كەدەسەڵاتی بریكاری وەزیر دیاری بكرێ. ئەمە كێشەیەكە بۆ هەموومان بووە، من لێرەدا بەڕاستی مەبەستم وەزارەتی ناوخۆ نییە، كەسەربە بەبرادەرانی لیستی زەردە، مەبەستم هەموو وەزارەتەكانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

یەكــەم هەر یاســایەک لەهەر نووســراوێكی رەســمی لەهەر وەزارەتێكەوە بەرزبكرێتــەوە بۆ سەرۆكـایەتی ئەنجـوومەنی وەزیران دەبێ بەئیـمزای وەزیر بێت ئەوەیەک، ئەمـە ئەركێكە لەهەمـوو وەزارەت بەم شێوەیە، دوو (مبـدئی) هاوبەش ڕەزامەندی لەسەر كراوە چ لەچوارچێوەی پەرلەمان وچ ئەنجـوومـەنی وەزیران كە هاوبەش لە ئەنجوومـەنی وەزیران هەیە شەریكی لە وەزارەتا نییـە، چونكە ئەگەر هاوبەشی لە وەزارەتا هەبێت ئەوە ئیش وكاری وەزارەتەكان بەڕێوە ناچن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

من پرسیـار لە لیـژنەی یاسا دەكەم، ئەمە وەكـو یاسـاكـانی تر كـەپێناسـەی وەزیری كـردووە، ئایا جیاوازییەكی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە؟

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لەڕاستـیـدا بۆ پرسیـارەكـانی برای بەڕێزمـان كـاک كـەمـال شاڵی كاک دكـتۆر ڕۆژ وەكـو بریكاری سەرۆكی وەزیران ڕوونی كردەوە، بەڵام من دەمەوێت لایەنی یاسایەكەی بگرم ولەوانەیە لایەنەكەی

تریشی بتوانم قسەی لێ بکەم، بەڵام جێی دێڵم بۆ ئەو برادەرانەی کە ئیش وکاری ئەوانە، ئەوەی لای ئێمەیە وەکو پرۆژە یەک هاتووە بۆ لیژنەی یاسا، ئەو پرۆژەیەی کە بەئیمزای سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانە ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەو دەکەین، دووەمین لانی یاسایی ئەوپرسیارەی لەنێوان وەزیر و بریکاری وەزیر بوو من دەمەوێت ئەو شتە زۆر روون بکەمەوە، بەبڕوای من لەهەر وەزارەتێک پێویستە هەر لایەنێک وەزیر وەک کەس (شخص) وەرگرێت گرنگ نییە کام لایەنە ئەوە رای خۆمە.. ئامادەم بەرگری لێ بکەم چونکە لەتوانادا نییە وەزارەتێک دوو وەزیری هەبێت هەر لایەنێک بێت سەربەخۆ بێ یان یەکیەتی بێت یان پارتی بێت، بێینە سەر لانە یاساییەکەی ئەو بەرپرسیاریەتەی کە وەزیر هەیەتی بریکاری وەزیر نیەتی، چونکە وەزیر تەنیا کەسی وەزیر ئەندامە لەئەنجوومەنی وەزیران وبەرپرسیارییەتیکەی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا هاوبەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دیسانەوە جەخت لەیاساکانی وەزارەتەکان دەکەمەوە ودەپرسم، ئایا پێناسەی (وەزیر) لێرەو لەوانی تر جیاوازیی هەیە ؟!.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتەی کاک کەمال باسی کرد، رەنگە هەموو بریکاری وەزیرەکان بگرێتەوە، بەڵام لانە یاساییەکەی ئەوەی کەبەڕێز کاک عدنان نقشبەندی شی کردەوە هەر بەو شێوەیە کام پرۆژە بە ئیمزای سەرۆکی وەزیران بێت بۆ ئێرە ئەوە بۆ پەرلەمان پرۆژەی رەسمی یە وئەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت دەربارەی بریکاری وەزیر، مام رۆستەم بۆ گاڵتە شتێکی نووسیوە دەڵێ حقە ئەو پلەوپایە هەر هەڵوەشێتەوە(لەغو) بکرێ بەرای من دەبێ وەزیر هەندێ لەدەستەڵاتی خۆی بە بریکاری وەزیر بدات، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لێرە لەبرادەرانم بیستووە لێرەش ولەمەش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دانیشتنەکان ئێمە واتە بزانین پلەی بریکاری وەزیر بە حسابی برادەرانی لیستی زەرد پایەێکی سیاسی یە هەر واشیان ووتوە لەگفتوگۆکاندا، دووەم کاک د.رۆژ دەفەرمووێت گوایە ئەنجوومەنی وەزیران یان وزیر دەیان نێرێ ئەو بۆچی سەرۆک وەزیری تەندروستییە کەچی بەتەلەفۆنێکی بریکاری وەزیر مادەیەک گۆڕا؟ ئەی نابێت ئەو کاتە ئەو بیرە بکەنەوە؟ ئەمە مادەم جیاوازی یاسایی نییە بۆچی بۆ ئەو وابێت وبۆ ئەم لا جۆرێکی کەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا گفتوگۆ لەسەر ماددەیەک دەکەین کە لەهەموو یاساکانی تردا تر جێگیر بووەو، واهەست

دەکەم ئەم گفتوگۆیەی لەم بابەتە دەکرێ دەگەڕێتەوە بۆ مادەکە خۆی، بۆ دەنگدان بۆ ئەم مادەیە، کێ لەگەڵ مادە (٣) یە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا .

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

٢- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في مهامه اعلاه حسب الصلاحيات التي تخولها له.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

(يخولها) نەک (تخويلها).

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ، (تخويلها) نووسراوە بەس ڕاستیەکەی (يخولها).

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئایا چ تێبینییەک لەسەر بڕگە (٢)هەیە؟

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

(مبنی للمجهول)ە، (تخويلها)بەڵام نابێت وشەی (الوزير) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

يساعد الوزير فی مهامه حسب الصلاحيات التی يخولها له.

**بەڕێز بەخـتـیـارحـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەبۆچوونی من ئەم داڕشتنە هیچ شتێکی تێدا نییە واتا تەواوە.

**بەڕێز حـسـێن عـارف عـەبدولڕەحـمـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی ئەگەر داڕشتنە ڕاستیەکەی بمانەوێت (يخوله اياها) ئەوە ڕاستەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا. وابزانم مەسەلەکە تەنها داڕشتنە و هیچ لەناوەڕۆکەکەی ناگۆڕێت.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەمە داڕشتنی بریکاری وەزارەتەکانە کە بـۆ هەمووی بێگومان دەقێکمان هێنا بەشێوەی (بالاعمال التي توكل اليـها) بەڵام ئەوە لەوەزارەتی (پ.م) هاتووە دەقەکەشم لەلایە ئەوجا بۆیە هەر هەمان مانا دەدات و هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

بڕگە(٣):

٣- مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير من ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر بڕگە(٣) هەیە؟ ..کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

٤- مكتب وكيل الوزارة: يرأسه موظف بدرجة مدير من ذوي الخبرة والكفاءة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە(٤)، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

٥- محافظوا الاقليم:....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ ئەویش بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا..

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

٦- هيئة التفتيش الاداري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی(٧)یش بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

٧- هيئة تفتيش قوى الامن الداخلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٧.٦) چ تێبینییەکتان لەسەریان هەیە؟

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(قوى الامن الداخلى) ئەوە بەرهەڵست نییە لەگەڵ ئاسایش؟، ئایا هێزی ئاسایش وپۆلیسیش ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحـــمـــەد دزەیی:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بێگومـان (هيئة تفتيش قوى الامن الداخلي) پۆلیس وئاسایش دەگرێتەوە، پشکنەریش نەبێت بۆ پشکینینی فەرمانگەکانی هەردوولا، سوپاس.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەکانی(٧،٦) وەکو خۆیان بمێننەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

٨- المستشارون: يتولون ابداء المشورة للوزير في كل حالة علاقة بشؤون الوزارة فيما يتعلق باختصاصاتهم ويتم تعينهم باقتراح من الوزير وموافقة مجلس الوزراء.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

نووسراوە (فی کل حالة )راستیەکەی (فی کل مالە) ئەوە هەڵەیەکی چاپە.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لەسەر بڕگە(٨) چ تێبینی هەیە؟..

**بەڕێز نەجـــمـــەدین عـــەزیز ئیـــســـمـــاعـــیـل:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێمە دوێنێ لیژنەی ناوخۆ لەسەر ئەم خاڵە کۆبووینەوە، باسی ئەوەمان کرد کەبتوانین لەجیاتی (المستشارون) ئەنجوومەنێکی راوێژکاری (مجلسێکی ئیستشاری) دابنێین تۆزێ پێش ئێستا باسی کۆمەڵێک گیروگرفتمان کرد رۆژانەش کەخۆمان بەراستی گیروگرفتی زۆر دەبینین بەداخەوە کە تارادەیەک ملمـلانێش هەیە لەنێـوان وزیر وبریکاری وزیردا ئەوەش بەراسـتی زۆر جار مـرۆ هەستی پێ دەکات کە رەنگە خەڵک زیاتر هەستی بە زەبری ئەوە کردبێ، رەنگە حزبەکان بۆخۆیان سوودیان لێ کردبێت بەڵام خەڵک زۆر زۆری لێ کردووە، زۆر جار خەڵکی ناشایستە هێنراوەتە پێشەوە ودانراوە جا بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەم گرفتە تارادەیەک کەمتر کەینەوە، ئێمە وامان بەچاک زانی کە ئەنجوومەنێکی راوێژکاری دابنێین ئەم ئەنجوومەنە بەسەرۆکایەتی وزیر خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من رازی دەبم لەسەر ئەوەی کە بکرێتە ئەنجوومەنی راوێژکاری(مجلس استشاری)، سوپاس.

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحـــمـــەد دزەیی:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**
بێگومـان لەبڕگـە (٨)دا ئەنجـوومـەنی راوێژکـاری هاتووە (المسـتـشـارون) و (وەزیر) ئەوە (المستشارون) دەتوانێ راوێژیان پێ بکات لەسنووری دەسەلات وپسپۆری خۆیان وئێمە هەر وەکو کـاک سالار فـەرمـووی دوێنێ کـۆبوونەوەیان کـرد، لیـژنەی ناوخـۆ پێک نەهاتووین کـە (مـجلس استشاری) لە وەزارەتی ناوخۆ هەبێ ولەهیچ وەزارەتێکیش ئەوە نییە راوێژکار بۆی هەیە هەبێت، بەلام ئەنجوومەنی راوێژکاری سنوورێک بۆ دەسەلاتی وەزیر دادەنێ، سوپاس.
**بەڕێز نەجـمـەدین عـەزیز ئیـسـمـاعـیل:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**
لای ئێـمـە ئەو برادەرانە کەلێرەن دوێنێ وابزانم پاش ئەوەی کەخۆشم مەحزرەکـەم نووسی وبۆشم خوێندنەوە، جا ئەوە ئەگەر بابەت مانەوەی (المستشارین) بێت ئەوە بابەتێکی ترە، بەلام ئێمە وتمان لەجیاتی(المستشارون) بیکەین بە (مجلس الاستشاري) باشترە وبە سوود ترە، سوپاس.
**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**
من پێم وایە هیچ پاساوێک بۆ پێشنیارەکەی کاک سالار نییە، چونکە پێشنیاری وەزیرە وئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی راوێژکارەکان دەکات، لەو حالەتەدا ئەگەر یەکێکی بێ توانا هەبێت وەکو بۆی هەیە کەسانی وا دابنێین ئەنجوومەنی وەزیران رازی نابێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم، پێشنیارەکەی ئەسلی خۆی وەکو لیژنەی یاسا بۆیان داناوە هەر ئەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز نەجـمـەدین عـەزیز ئیـسـمـاعـیل:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**
خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای وەزارەتی (پ.م) ئێمە هەمان شتمان کردووە کە ئێستا هەمان پێشنیارم کردووە، ئەوەتا لە مادەی چوارەم دا خالی (٣) دەلێ! (المجلس الاستـشـاري للوزارة وهو مجلس استشاري له حق ابداء الرأي، وتقديم المقترحات الى الوزير ضمن حدود هذا القانون ويشكل هذا المجلس على الشكل الاتي):
١- الاعضاء الاصليين: (وهم رئيس الاركان العام، ومعاون رئيس الاركان) ئەوەمـان لەوێ کردووە وابزانم لە وەزارەتێکی کە کردوومانە (وزارة النقل والمواصلات)ە ئەوە لەلایەک پاشان دوو وەزارەت بەراستی زۆر گرنگن یەکێکیان کەپەیوەندی بە پاراستنی ناوخۆوە هەیە، وەزارەتی ناوخۆیە کە یەکێکیان پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە کە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەیکات من تەنیا لەو روانگەیەوە دەیلێم، هیچ مەبەستێکی ترم نییە ئەوە دەبێ بەراستی بۆ گیانی

برایەتیەکە ئەوە بکرێت وەخۆتان دەزانن مام جەلال وکاک مەسعود پێکەوە دانیشن وقسە بکەن هەر دوو وەک مەکتەبی سیاسی پێکەوە پێک بێن هیچی تیا نییە کە ئێستا خۆمان تێی ئەگەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم پشتگیری ئەو قسانە دەکەم کەبەڕێز کاک فرەنسۆ کردنی، دووەم خاڵێک هەیە حەز دەکەم روونی بکەمەوە هەر وەزیرێک پێویستی بەراوێژکار یا بە پسپۆرایەتی جیاواز وتایبەتی هەر وەزیرێک بێت ئەمە یەکەم لە وەزارەتی ناوخۆ پسپۆری جیاواز زۆرن مەسەلەی ئاسایش پسپۆریەکی زۆر زۆر جیاوازە جیاوازی هەیە لەنێوان ئاسایش وپۆلیس، پۆلیس جیاوازی هەیە لەگەڵ هاتوچۆکردندا بەڕێوەبەرایەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ شتێکی تردا، ئەمانە پسپۆرایەتییەکی جیاوازن کە جیاوازیەکی زۆر زۆر گەورەی هەیە لەهەموو وەزارەتی گەیاندن کەئیشەکەی تەنیا تەلەفۆنکاری وپۆستەیە، یا وەزارەتی پێشمەرگە کە ئیشەکەی زۆرئاشکراو دیاری کراوە کەرێک خستنی سەربازییە، لەبەر ئەوە لەهەندێ وەزارەتدا بۆی هەیە ئەنجوومەنێکی راوێژکاری(عملی) بێت، لەهەندێ وەزارەتی تر ئەو ئیشە ناکرێت ئیشی وەزارەتی ناوخۆ بەلیژنە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتوو لیژنەیەک دابنرێت نەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو حاڵەت یان دواخستنی کاروبارەکان یان زنجیرەکەی، لەگەڵ داوای لێ بوردن بۆ هەر وەزیرێک ئەگەر لیژنەیەک هەبێت بزانێت ئیشەکەی ناروات وای لێ دێت بەحوکمی دەسەڵاتی خۆی ئیشەکەی دەکات وراوێژ ناکات، لەبەر ئەوە ئەگەر راوێژکارێکی پسپۆر ببێت چاکترە لەوەی کە لیژنەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نزیکەی ١/٢ سەعاتە کۆبووینەتەوە با(١٠) دەقیقە پشوو بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ دوو برادەر پێشنیاریان هەیە با ئەو پێشنیارانەمان گوێ لێ بێت.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سروشتی ئیشی وەزارەتی ناوخۆ پێویستی بەخێرایی و دەستبەجێیی ئیش کردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی (تحملی) رۆژانەی هەیە لەگەڵ ژیانی هاووڵاتی دا، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە بڕیاری زۆر بەخێرایی وەربگیرێت، سروشتی جیایە لەگەڵ وەزارەتی (پ.م) یان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کە بۆی هەیە نەخشەی دوا رۆژ دابنێت یاخود بابەتی وابێتە گۆڕێ کە پێویست بە

لێکۆڵینەوە بکات ئەو شتەی کەراوێژکار دەتوانێت رای لەسەر بدات شتێکی دەست بەجێیە. وەزیرێک بانگی دەکات وراوێژی لەگەڵ دەکات وبریاری خۆی لەسەر دەدات، جیایە بۆیە بەبۆچوونی من ئەنجومەنی راوێژکاری (المجلس الاستشاري) دەبێتە هۆی دواخستنی ئیش وکەمی دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەو راوێژکارانەی کە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆدا هاتوون ئەوانەیە کە (منتسبی) ئەو وەزارەتەنە، چونکە ئەو پێشنیارەی برادەران کە ئەنجومەنی وایان هەبێت ئەنجومەنەکان بۆ خۆیان هەموو راوێژکارن دەڵێن (المدراء العامون) ئەی گوایە بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ خۆیان پێشکەش ناکەن غەیری ئەفسەرێکی ئاسایش ئەگەر بوێرێ بروسکە دەکات، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆ وەزیری دەنێرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دوو سێ تێبینیم هەیە، یەک دەربارەی قسەکانی کاک نەجمەدین کەدەڵێ لە هەندێ وەزارەتدا بریار لەسەر ئەو ئەنجومەنە دراوە وهەندێکی تر بریاری لەسەر نەداوە. دوو: لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ کۆبووینەوە ونوێنەری لیژنەی ناوخۆ هیچ لارێکیان نەبوو لەسەر (المستشارون)و چ داوای ئەوەیشی نەکرد کە ئەنجومەنێکی راوێژکاری دابمەزرێت یان بەنسبەت وەزیری ناوخۆ، وەزیری ناوخۆ هەر دەبێت خاوەنی بریار بێت بەنسبەت هەموو تەگەرەکانی و هەر شتێک بگەرێتەوە بۆ ئەنجومەنەکە، سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەوەدا بین کە وەزیری کوردستان دەست بەسەر نەبێت، بەڵکو بتوانێ حاڵی پەرێشانی کورد بەرەو پێشەوە ببات، بەڵام کەدەڵێن ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبێت بۆ ئەو میللەتە ببێ، بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو وەزیرە بدات بۆ ئەو کارەی واتا: وەکو کاک بەختیار دەڵێت وەزیری ناوخۆ دەستبەجێ بریاری لەسەر بدات، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە چارەگێک پشوو دەدەین، پاشان دەگەرێینەوە سەر ئەم بابەتە، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر برگە (٨) لەمادە (٣)،لەبرگە(٨)دا پێشنیارێک هەیە ئەگەر چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەوە فەرموون.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بابەتی (المستشارون )رایان بدەن بەوەزیر لەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە بەپێی پسپۆری خۆیان، من تازە لەگەڵ ئەو برادەرانەی لیژنەی ناوخۆ یەکترمان بینی یان دوێنێ تێکرا لەسەری پێک هاتین وەزیری ناوخۆ راوێژ بە بەبەڕێوەبەری گشتی دەکات وەزارەتەکانی تر پێشنیاریان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەگەر ئەنجوومەنێکی راوێژکاری هەبێت، بەڵام بڕیاری ئەو ئەنجوومەنی راوێژکارییە بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ (ئیلزامی) نییە، وەزیری ناوخۆ دەتوانێت بەئارەزووی خۆی بکات، بەڵام ئەنجوومەنێکی راوێژکاری هەبێت بۆ دەربڕینی رای وەکو لەمەسەلەی بەرگری ولە مەسەلەی پیشەسازی و لەمەسەلەی تەندروستی، سوپاس

**بەڕێز یونس محەّمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تەعبیرەی کەکاک سەعدی خستیە سەر بابەتەکە راستە بەجێ یە راوێژکار جیاوازی نەکات لەگەڵ (مجلس استشاری) راوێژکار ئەوەیە کە رۆژ هەیە من (١٠) جار بانگی راوێژکار(مستشار) دەکەم بۆ کارێک کە وەزارەتی ناوخۆش لەراستی دا وەکو دەتوانم بڵێم وەکوکاری وەزارەتی تر نییە بۆی هەیە وەزارەتی تر کارێکی پسپۆری هەبێت، بەڵام وەزارەتی ناوەخۆ کۆمەڵێک کاری هەیە هەر وەکو روونە لای بەڕێزتان ولەیاساکەشدا، جا بۆیە ئەنجوومەنی راوێژکاری ئێمە کە پێشنیارمان کردووە، لەڕاستیدا کارێکی پێویستە بۆ وەزیر بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو مەسەلانەی رۆژانە دێنە پێشی راوێژیان پێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی(المستشارون) ئەوە سروشتییە هەر کەسێک لەوەزارەتی خۆی بۆ کارێکی تایبەتی پێویستی بە خاوەن پەیوەندییەکەیە لەو بابەتەدا،منیش پێم وایە دەستکاری کردن لەمەسەلەی راوێژکارەکان بەتایبەتی ئەگەر مەبەست لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت کارێکی خراپە رەنگە رۆژێ (١٠) جاریش راوێژیان پێ بکا وەکو جەنابت فەرمووت، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بەئەنجوومەنی راوێژکاریەوە (مجلس ئیستشاری) بۆ راوێژ کردنی وەزیران بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتی ئاسایشی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو پەرلەمان هیچ ئەنجوومەنێکی وەک (مجلسی ئیستشار)مان نەسەپاندووە بەسەر هیچ وەزارەتێکدا، وەزیری پێشمەرگە خۆی داوای کردووە ووتویەتی ئەنجوومەنی راوێژکاریم دەوێت. وەزیری گواستنەوە وگەیاندن خۆی لەوانەیە داوای کردبێت، تائێستا ئێمە وەکو پەرلەمان هیچ

ئەنجوومەنێکی راوێژکاری بۆهیچ وزیرێک وهیچ وەزارەتێک نەسەپاندووە، لەبەر ئەوە پێشنیاری وەزیر چ بێت هەر وەکو وەزارەتەکانی تر، چۆنیان پێشنیار کردووە ئێمە پشتگیریمان کردوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی راوێژکاری بابکەینە دوو مەسەلە، (المستشارون)، با لەوە تەواو بین ئەوی تریش کەهاتینە سەری وەکو باس کرا ئەگەر پێشنیارێک هات پاشان گفتوگۆی ئەم پێشنیارە دەکەین با جارێ ئەم بابەتە برگەی (٨) تەواو کەین لە نێوان گفتوگۆکانیشدا بەرهەڵسکار نەبوو کە وەزیر راوێژکاری هەبێت. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە برگەی (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

٩- محكمه قوى الامن الداخلى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکە مۆڵەت بدە ئێستا پێشنیارێک هاتووە، ئەوەی کاک نەجمەدین، پاش ئەوەی کە گفتوگۆ کە کرا ئەو پێشنیارە ئەوەیە کەدەڵێن دەبێت لیژنەیەکی راوێژکاری هەبێت ئەگەر هەڵیگرن بۆ پاش (تشكيل المديريات) بەپێی ، پێرستەکەی لەلایەن سکرتێرەوە ئەگەر لەوێندەرێ ئەو پێشنیارە بخرێتە روو، پاشان دەستەی یاسایی بزانین رای چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک یاسا هەیە، بێگومان ئەو ئەنجوومەنە پەیوەندی بە وەزارەتەوە دەبێت لەدوای خاڵی (١٠) یەمەوە دەرباز بکرێت باشترە خاڵی (١٠) یەم کۆتایی پێ دێت ئیتر ئەو برگەیە دەبێتە خاڵی دوایی لەو ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو بریار هاتووە جا ئێمەش وای بەپەسەند دەزانین کەپاشی بەڕێوەبەرایەتەکان ئەو ئەنجوومەنە ناوی ببرێت، ئەگەر پێشنیارێک شتێک هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، ئەوە شتێکی وا نییە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

٩- محكمة قوى الامن الداخلي.

١٠- الدائرة القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەکانی(٩، ١٠)، چ تێبینییەک هەیە؟ کێ لەگەڵیەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟

بەتێکڕای دەنگ هەردووکیان پەسەند کران.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:

١- مديرية الداخلية العامة: يرأسها موظف بدرجة مدير عام ويكون حائزاً على الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها المديريات التالية:

أ- مديرية الادارة والشؤون الداخلية.

ب- مديرية الاعلام والعلاقات.

ج- مديرية الحسابات.

د- مديرية التخطيط والمتابعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بڕگە (١) چ تێبینییەک هەیە؟ تەنها پێشنیارێک هەیە، لێرە دەڵێت ئەگەر بەڕێوەبەریەک زێدە بکرێت بۆ ئیش وکاری کۆمەڵەکان.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەیاساکەدا خۆی تێیدا هەیە، وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەپێی پێویست بیهێنێتەکایەوە (استحداث)ی کات، بەڕێوەبەرایەتی گشتی نییە تەنیا بەڕێوەبەرایەتییە، ئەوە مادەیەکی ترە ولەیاساکەدا هەیە پێویست ناکات زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوخۆ، ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی یە یاسای عێراقی بەو شێوەیە هاتووە بەڕێوەبرایەتی ناوخۆ، بەڵام ئەوەی کە کە کاری پێ کراوە لێرەدا ئێستا لە وەزارەتی ئێمەی هەرێمی کوردستاندا هەمووی بەناوی بەڕێوەبەری (دیوان)ی گشتییەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا چی دەڵێت؟..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەم وایە پێشنیارەکە پەسەند کرا ودەخرێتە ناو ئەو پێشنیارەوە کەلێرەدا هاتووە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگە(٥)دا بەڕێوەبەریەتێکمان هەیە بەناوی (مدیریة الادارة المحلیة العامة) لەبەر ئەوە ئەم بابەتانە پەیوەندی بەمەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان(الادارة العامة والادارة المحلیة)، (الادارة المحلیة) راستە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک جەمیل فەرمووی، باس نەکراون چونکە لەبڕگە (٥،٤) هاتوو ون، سوپاس.

**بەڕێز مەلامەحمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەبینم بەڕێوەبەریەکی کەمە. (مدیریة الاحصاء والشؤون الاجتماعیة) ئایا وەزارەتێکی تر هەیە؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەیدا ئێمە گفتوگۆ لەسەر بڕگە(١) دەکەین لەمادە(٤)، ئەگەر چ تێبینی یەک لەسەر بڕگە یەک هەبێت قەیدی نییە، یا حەز دەکەن وەکو پێشنیارێک هەڵیگرن بۆ دوایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(محافظو الاقلیم ) واتا جەنابی پارێزگارەکان راستە جەنابی پارێزگار حەقە لەدوای وەزیر ئەوان وئەوانەی لەگەڵ پارێزگار ئیش دەکەن سەرۆکی تێبینەر، قایمقام ئەوە هەمووی پێی دەڵێن بەڕێوەبەریەتی گشتی، لەبەر ئەوە پێویستە لێرە زیاد بکرێت چاکتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام پارێزگار سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردنە ونوێنەرایەتی هەموو حکومەت دەکات، لەبەر ئەوە ئەو بەرپرسیارە لەهەر چی فەرمانگە هەیە لەپارێزگادا.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاک جەمیل زۆر تەواوە، چونکە هەموو کارمەندانی ئیدارە لەپارێزگارو قایمقامەکان وبەڕێوەبەری ناوچەکان ئەوانە فەرمانبەری بەڕێوەبەری گشتین وپەیوەندی دارن بە ئیش وکاریان، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ پێویستە ودەبێ هەر هەبێت.

**بەڕێز عــــەدنان مــحـــمـــەد نەقـــشـبــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وەزیر وەكو ئێـمە وتمان خۆی ئیشی خۆی دەزانێ ئەوە كاری پێ كراوە لە وەزارەتی ناوخـۆو بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ، چونكە ناوەكەی زۆر گشتگیر ترە بەڵام ئێمە ئێستا بەڕێوەبەری گشتی (دیوان)مان هەبێت، گرفتەكە لێرەیە، دەمەوێت بێمە سەر بابەتی بەڕێوەبردنی گشتی بەڕێوەبەری خۆجێییەتی دوایە ئەگەر مۆڵەتم بدەن بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ ناوەكەی وەكو دەڵێن (الاسم علی مایسمی) واتا ناوەكەی لەگەڵ خۆیەتی، بەڵام واقیعی وەزارەت وەزیر خۆی دەتوانێ ئەو واقعە رەنگ پێ بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مــحـــمـــەد نەقــشـبــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم بەناو نییە ناوی (داخلیە).. ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (دیوان) بێت، خۆی عیبرەت بەممارسەیە چی بكات.. فەرمانبەری بەڕێوەبەری گشتی، ئەوەش برادەران باسیان كرد خۆیان هەموو پەیوەندن بە پارێزگارەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو روون كردنەوانە لێرەدا تەواو بوون.. دێینەوە سەر مادە (٤) برگە (١) كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵـلا حـــەیدەری:**

٢- مديرية الشرطة العامة: يرأسها مدير عام لاتقل رتبته عن رتبة عقيد شرطة وترتبط بها:

أ- مديريات الشرطة في محافظات الاقليم.

ب- مديريات شرطة مرور في المحافظات.

جـ- مديريات الجنسية والاحوال المدنية في المحافظات.

د- مديريات الدفاع المدني في المحافظات.

هـ- مديرية مدارس الشرطة.

و- مديرية شرطة كهرباء المحافظات.

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

(المحافظات )لەوێ نوسراوە (الاقليم) كامیان بنوسین، لیژنەی یاسا؟:

و- مديرية شرطة كهرباء المحافظات الاقليم. چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەمە؟

**بەڕێز مـــوحـــسین ســـالح عـــەبدولعـــەزیز:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەماددەی یەكەم دا وابزانم پێشنیارێک كرا جەنابت فەرمووت ئەو ئامارە (احصائیە)، نازانم

بەتەواوی سەر بەو وەزارەتەیە یان نا؟ فەرمووتان کەدوایی پێشنیار بکرێت با بخرێتە سەر برگەکانی تر، ئێستا لە دوای بەڕێوەبەرایەتی نەخشەکێشان وبەدواداچوون، ئەگەر بەڕێوەبەریەتی (مديرية الاحصاء) جێی ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا زیادی بکەین.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتا باسی بەڕێوەبەرایەتی (دیوانی) گشتی نەکراو نەوترا کە سەرپەرشتی چەند بەڕێوەبەرایەتییەک دەکات، بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەو، کاروباری ناوخۆ، راگەیاندن و، ژمێریاری و، نەخشەکێشان، وبەدواداچوون و، ئامار، ئەگەر ئەوە جێگەی هەبێت لەو شوێنانە جێگای دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

قەیناکە بابزانین ئەنجوومەنی وەزیران رایان چییە؟.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەریەتی ئامار (احصا)وە بەستراوە بە سەرۆکایەتی وەزارەتەوە ئەنجوومەنی نەخشەکێشانی گشتیمان هەیە بەستراوەتەوە بەوەوە، و(احصا)ش گشتگیرترە کەدیارە ئیشی وەزارەتی ناوخۆ زیاتر پەیوەندی بەبابەتی گشتییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینەوە سەر برگەی(٢) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەشی(٢) برگە(جـ) (مديرية الجنسية والاحوال المدنية في المحافظات)، پێشنیارم ئەوەیە کەنفوس لەپۆلیس پەسند ترە، فەرمانگەی نفوس بەراستی گرفتێکی گەورەیە لە کوردستان مەسەلەی رەگەزنامەو پێ ناسی (احوال مدنی) واتا ئەوە بەڕێوەبەریەتێکی گشتی بۆ دابنرێت لە وەزارەت بەناوی (المديرية العامة للاحوال المدنية)، سوپاس.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبرگەی (و) هاتووە (شرطة كهرباء اربيل)، وابزانم ئەمە راستیەکەیەتی، چونکە پۆلیسی کارەبای پارێزگاکان وابزانم مرکزین، بەستراونەتەوە بە بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی کارەبای هەولێرەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند تێبینی یەکمان هەیە لەسەر بابەتی بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی گشتی، لەڕاستیدا وەکو من سەیری دەکەم زۆر قەڵەباڵغ کراوە کۆمەڵێ پسپۆرایەتی هەمووی تەسلیمی پۆلیس کراون، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس روونە بەڕێوەبەریەتێکی (مەسلەکی) یە پێویستە تەنیا پۆلیس زیاد بێت ئەوەی(دفاع مدنی) لێ جیا بکرێتەوە دەبێت (جنسیە واحوال مدنی) لێ جیا بکرێتەوەو، هەروەها ئەو دوانە بەپلەی یەکەم لەوانەیە هاتوچۆش بێت لەهەندێ وولاتان هاتوچۆ جیایە هی پۆلیس جیایە، چونکە پسپۆریان جیاوازە و(تداخل) دەبێت، سبەینێ تووشی گرفت دەبن لەناوخۆیانا ئەگەر ئەمانەپێک ببەسترێن بە بەڕێوەبەریەتی گشتی، داوا دەکەم کە لەبەڕێوەبەریەتی گشتی پۆلیسی گشتی بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە چەسپاوە (مديرية شرطة كهرباء المحافظات) ئەوە دەنگی لەسەر دراوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس بەبۆچوونی من لەم بابەتە بەڕێوەبەریەتی گشتی پۆلیس ئەگەر بەم شێوەیە بێت، بەم قەرەباڵغە بێت، بەم تێکەڵبوونی پسپۆرایەتییە بێت، خۆیان لەناوخۆیاندا تووشی گرفت دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا بەپێی پێشنیارەکە بەڕێوەبەریەتی (دفاع مدنی) و(ڕەگەزنامە) جیا بکەینەوە، یابیکەین بەیەک بەڕێوەبەریەتی؟.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(بعض) بیکەن بە (على الاقل)..

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ لەکاتی لێدوان لەسەر ئەم پرۆژەیەدا، لیژنەکەمان لەو روانگەیەوە گوتمان هەتا بتوانین بەراستی بەڕێوەبەریەکان کەم بکەینەوە، چونکە خۆتان دەزانن کەوەزعی دارایی ئێمە چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە دوو پێشنیار هەیە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئێمە پێشنیاری خۆمان باس دەکەین، چونکە ئەمانەوێت بیخەینە بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی گشتییەوە، سەر بە ئەو بێت لەسەر ئەوە من قسە دەکەم، چونکە پەیوەندی بەوەوە هەیە چونکە ئێمە کە بڕیارمان لەسەر دا ئەو وەختە گەرانەوەی زەحمەتە، بۆ ئەوەیە بیخەینە ئەو بەڕێوەبەریەتەی پۆلیسی گشتییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیاری سەرەکی هەیە پێشنیاری یەکەم ئەوەیە کە بڕگەکانی (ج،د)بەلانی کەمەوە دەربکرێن، لەبەڕێوەبەریەتی پۆلیسی گشتی و، بەجیا حسابیان بۆ بکرێت، واتا بەڕێوەبەریەتی گومرگەکان نەمێنێ وئەوپۆلیسانە بدرێن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک نەجمەدین باسی کرد، لەڕاستیدا حەز دەکەم ئەوە بزانن وەزارەتی ناوخۆ جیایە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر لەشێوەی کاری وەزارەتەکە، ئێمە تەقدیری باری ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی گومرگەکان و پۆلیسی سنوورەکان سەر بە پۆلیسن، واتا وەنەبێ سەر بە دارایی بن، فەرمانگەی گومرگ خۆی سەر بەوەزارەتی داراییە واتا پۆلیسەکانی دارایی یاخود وەزارەتی دارایی مووچە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس وەرئەگرێ مووچەکە دارایی دەیدات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا یەک سەرنجم هەیە، من ئەوکاتە ڕەنگبێ تۆزێ ناساغ بووبم.. جەنابتان دەیزانن ورۆژێکیان من چوومە لیژنەی یاسا وئەو برادەرانەی یاسا هەموو هەستیان بەوە کردبوو کەهەندێ تێکەڵاوی (تداخل) هەیە، بەڵام ئەوەی کەنیشانیان دام برادەران دووبارە جەخت دەکەنەوە لەسەر باری ئابووری کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لێرەش هەندێ شت ڕوون بکەمەوە، هەندێ ئەرک هەر پەرلەمان خۆی داوایەتی بەوەزارەتی ناوخۆ داوای لێ کردووە، ئەم ئەرکانە پێویست بەوە دەکات خۆی بیخاتە ئێش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێت ئێمە ئێستاکە دەچینە سەر بڕگە(٢) ئەگەر وەزارەتی ناوخۆش پێشنیارێکی هەبوو لەسەر ئەمانەی کە ئێستاکە هاتوون لەبڕگەکانی (أ،ب،جـ،د) ئەو پاشان بیخەنە پێش چاو، واتا ئێستا گفتوگۆی بڕگە (٢) دەکەین، ئەگەر چ گۆڕانکاریەکیش هەبوو لەپەیکەری بەڕێوەبەرییەکان پاشان وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت پێشنیار بکات بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەک زیاد بکات، یان بەڕێوەبەرایەتییەک کەم بکاتەوە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەرماوە بدەن وەکو وەزارەتێک لەگەڵ لیژنەی یاسا دوایی لەسەر بابەتەکە پێک بێین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بەیانی دانیشتین بۆ ووتوویژ وقسەکردن لە سەر دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئینجا من پێشنیار دەکەم ئەو لیدوانە دوابخرێت بۆ سبەی وەزارەتی ناوخۆ ولیژنەی یاسا، وەلیژنەی ناوخۆ دانیشن بۆهێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورن، بڕگە (٥،٤،٣،٢) لەمادە چوار دوا دەخەین بۆ سبەی، هیواداریین لیژنەی یاسا ولیژنەی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەت پەیکەرێکی ئەو بەڕێوەبەریەتیانە دابنێین، بڕیارێکی لەسەر بدەن وسبەی بۆمان بێننەوە، ئێستا بەو شێوەیە دوای دەخەین بۆ سبەی.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة الخامسة:

١- يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

٢- للوزير استحداث او دمج هيئات او مديريات او اقسام او شعب عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (٥)، چ تێبینییەک لەسەری هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ ئەگەر شتێک هەیە پاشان لەداڕشتندا چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة السادسة: تؤول جميع حقوق وممتلكات التشكيلات التي كانت مرتبطة سابقاً بوزارتي الداخلية والحكم المحلي في المركز او التي ارتبطت بها الى وزارة الداخلية للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە؟

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم وشەی (التزامات) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة السابعة: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ کێ لەگەڵ ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەویش پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة الثامنة: للوزير اصدارالتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو مادەکان بەیەکەوە بخوێنەوە.....

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

المادة التاسعة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لەیاساکەی دەیەم پرسیارێک لەکاکەرەش کرا بەسەریدا تێپەر نەبووە هەموو جارێ کەباسمان کرد نووسیومانە (على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون) کەچی لێرە نووسراوە (على وزراء المختصين) وابزانم ئەوە بگۆڕدرێ (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(على الوزارء المختصين تنفيذ هذا القانون)، و(على مجلس الوزراء) هەر هەمان شتە، بەڵام با بکرێ بە(على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینەوە سەر مادە (٨) کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. مادە (٩) باشە ئەو هەموارەی کە کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ مادە (١٠) کێ لەگەڵ ئەوەیە

وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە هەمووی بەزۆربەی دەنگ پەسەند کران، هیوادارم ئەمڕۆ هەردوو لیژنە لێی دابنیشن وئەگەر پێشیان تەواو نەکرا، باشەو تەواوی بکەن بۆ بەیانی ئامادە بێت، بەیانی ئێمە دانیشتنێکمان هەیە ئەو دانیشتنەش وابڕیارە دەربارەی بابەتی پەسەند کردنی کارکەناری(ئیستقالە)ی جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بێت.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە هەردوو کتلە پێشنیارمان کردووە کە ڕۆژی شەممە دانیشین وناو لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بنێین سبەی کە (تسمیە) دەکرێت جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران لەوانەیە لێرە نەبێت، لەڕۆژی شەممە ئەگەر پێک بێین دانیشتنێک بکەین بۆ ناونانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مادام وایە ئێمە سبەی تەنیا ئەم بڕگەیەمان هەیە لەگەڵ بابەتی کارکەناری (ئیستقالە)ی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران .. سەعات (١٠)ی سبەی کۆدەبینەوەو هیوادارم لیژنەی قانونی وناوخۆ ئامادە بن و ئەم بڕگەی (٥.٤.٣.٢)مان بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی پێشەکی ئەوە تەواو بکەین، هەروەها هەردووک کتلە کۆکن لەسەر ئەوە کە ڕۆژی شەممە ڕێ ورەسمی ناونانی (تسمیە)ی سەرۆک وەزیران پێشکەش بکەین و، پاش ئەوەش بڕیارێکی لەسەر بدەین.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بابەتی کۆبوونەوەی ئەم شەو هی سبەینێ لیژنەکان،.. لیژنە ناودارەکان (مشهورەکان) دیاریان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەوەی دەنگی لەسەر دراوە تەواو بووە.. تەنیا ئەو چەند بڕگەیە ماون کە ئاماژەمان بۆ کردن.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

جگە لەوەش مەسەلەی کارەبا کەمام ڕۆستەم پێشنیاری کردووە وەک تازە بابەت چەسپ کرا، باقی هیچ شتێکمان نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر ئێوە پێتان باش بێ رامان وایە بەیانی سەعات (٥ر٨) لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ لیژنەی یاساو، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ نوێنەری خۆی بنێرێت بەیانی سەعات (٥ر٨) دابنیشین، چونکە ئێستا لەڕاستیدا هەموومان ئامادەین ولەوانەیە نەتوانین بگەینە شتێکی وا ولیژنەی یاسا چاوەڕێیە

ئەگـەر پێـتـان باش بێ وبرادەران رازی بن نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ جـەخت بكات سـەعـات(٨) لەگەڵ لیژنەی یاسا ولیژنەی كاروباری ناوخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سـوپاس بۆ مـاندوو بـوونتـان، خـوایش یار بێت لەدانیشـتنی داهاتوودا ئەو دوایی خاڵەكـان تەواو دەكەین، دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سكرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆ.

٣- وەزیر: وەزیری ناوخۆ.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ.

١- جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق وکارکردن بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ بە دانانی نەخشەی کاری تایبەتی بۆ دام ودەزگاکانی وەزارەت.

٢-کارکردن بۆ سەروەریی یاساو چەسپاندنی سیستمی گشتی ودابینکردنی حەوانەوە ودڵنیایی بۆ هاوولاتی یان وپاریزگاریکردن لە ماڵ ومولکیان.

٣- هاریکاری ورێکخستن لەگەڵ ئەو وەزارەت وفەرمانگەیانەی تایبەتکارن لەو ئەرکانە دا کە پەیوەندییان بە ئاسایش وپاراستنی سیستمەوە هەیە بۆ بە دیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی.

٤- کارکردن بۆ ریگەگرتن لە روودانی تاوان وپیشبینی کردنی روودانی تاوان وبە دیهێنانی ئاسایشێکی بەردەوام ودڵنیایی وکارکردن بۆ چەسپاندنی ئاسایش وسەقامگیر بوونی هەمیشەیی وبایەخدان بەلایەنی پاریز(وقایە) لە رووی تاواندا.

٥- کارکردن لە پێناوی پاراستنی سەربەرستییە دیموکراتییەکان ومافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی عێرقدا وبەکارهێنانی شێوازی یاسایی وزانیارییانە لە چارەسەر کردنی دژکاری وگیرگرفتی گشتی وتایبەتیدا.

٦- پارێزگاریکردن لە ئادابی گشتی لە هەرێمدا.

٧- بەرهەڵستی کردنی جاسووسییەت وقاچاخچێتی ودزەکردن وپاراستنی ئابووریی هەرێم وئاسایشی ئەو ئابوورییە وریگەگرتن لە هاتنی ناشەرعی بۆ ناو هەرێم.

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزیر: سەرۆکی بالای وەزارەتە وبەرپرسیاری یەکەمی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی وسەرپەرشتی کردنی بەجێهێنانی یاساو پەیرەوو رێنمایی یە کانێتی.

هەر لەویشەوە ئەو فەرمان ورێنمایی یانە دەردەچن کە پەیوەندی یان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودام وەزگاکانی وگشت کاروو بارە ئیداری وعەسکەری ورێک وپێکی وهونەرییەوە لە چوارچێوەی ئەم یاسایە ویاسا کارپێکراوەکانی تردا هەیە بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەلاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتییەکان یا سەرۆکەکانی فەرمانگە سەرەکییەکانی وەزارەت یا سەرۆکەکانی وەحدە ئیدارییەکان لە هەرێمدا بسپێرێ ولە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەر پرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت: بەپێی ئەو دەسەلاتانەی وەزیر پێ یانی دەسپێرێ یاریدەی وەزیر لەو ئەرکانەی سەرەوەدا دەدا.

٣- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لە کارمەندان و لێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکاو ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.

٤- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لە کارمەندان ولێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا.

٥- پارێزگارەکانی هەرێم،

٦- دەستەی پشکنینی ئیداری.

٧- دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٨- راوێژ کاران: وەزیر بۆ هەر کارێک کە پەیوەندیی بەکاروباری وەزارەتەوە هەبێ بەپێی تایبەتکاری یان راوێژیان پێدەکاو دامەزراندییان بە پێشنیازی وەزیرو پەسەند کردن لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبێ.

٩- دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

١٠- فەرمانگەی یاسایی.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت لەم بەڕێوەبەرێتی یەگشتی یانە پێکدێ:-

١- بەڕێوەبەرێتیی گشتی دیوان: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ وئەم بەڕێوەبەرێتی یانەی پێوە دە بەسترێتەوە:

أ - بەڕێوە بەرێتی ئیدارەو کاروباری ناوخۆ.

ب - بەڕێوەبەرێتی راگایاندن وپەیوەندی.

ج - بەڕێوەبەرێتی ژمێریاری.

د - بەڕێوەبەرێتی نەخشە دانان وبە دوا دا چوون.

٢- بەڕێوەبەرێتی گشتی پۆلیس: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کە روتبەی لە

روتبەی عەقیدی پۆلیس کەمتر نەبێ و ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:-

أ - بەڕێوەبەرێتی یەکانی پۆلیس لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

ب- بەڕێوەبەرێتی یەکانی پۆلیسی هاتوچۆ لە پارێزگاکان دا.

ج- بەڕێوەبەرێتی یەکانی بەرگریی شارستانی(الدفاع المدنی) لە پارێزگاکاندا.

د - بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی کارەبا.

هـ- بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکانی پۆلیس.

٣- بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاسایش: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کە باوەر نامەیەکی سەرەتاییی زانکۆی هەبێ وئەم بەڕێوەبەرێتی یانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ - بەدێوەبەرێتییەکانی ئاسایشی پارێزگاکان.

ب- بەڕێوەبەرێتی نیشتە ولاتی( الاقامە) وپەساپۆرت وسەفەرکردن.

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتیی پۆلیسی سنووروگوومرک:- بەڕێوەبەرێکی گشتی لە کارمەندان ولێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا کە روتبەکەی لە روتبەی عەقیدی پۆلیس کەمتر نەبێ وئەم بەڕێوەبەرێتی یانەی پێوە دەبەسترێنەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتی یەکانی پۆلیسی گومرک لە پارێزگاکاندا.

ب- بەڕێوەبەرێتی یەکانی پۆلیسی سنوور لە پارێزگاکاندا.

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتی ئیدارەی ناوخۆیی:- فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەتی دەکاودام دەزگاکانی ئیدارەی ناوخۆیی پێوە دەبەسترێنەوە.

٦- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رەگەزنامە وباری شارستانی(الجنسیە والاحوال المدنیە) بەڕێوەبەرێکی گشتی کە باوەڕ نامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەبەرێتی یەکانی رەگەزنامەو باری شارستانی پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێنەوە:

**ماددەی پێنجەم:**

١- ئەرک وتایبەتکاری ودەزگاکانی وەزارەت بەپەیرەوێک دیاری دەکرێن.

٢- وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرێتی وبەش ولقی نوێ دابمەزرێنێ یابیانخاتە پاڵ یەکتر.

**ماددەی شەشەم:**

گشت ماف ومالّ وموڵکی ئەو دام دەزگایانەی لەوەبەر بە وەزارەتی ناوخۆو حوکمی ناوخۆییەوە لە مەڵبەندا بەسترا بوونەوە یا پێوەی بەسترانەوە دەبنە هی وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنماییی پێویست بۆ ئاسانیی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکموکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٨/٣/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٥)

## پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٨

*کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە «٢٥»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١- وەڵام دانەوەی داواکەی بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی (ئیستقالە)کەی.***

***٢-گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ وبارودۆخی کارەبا.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمرۆمان سێ خاڵە، وەڵام دانەوەی داواکەی بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها بەردەوام بوونمان لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ وبارودۆخی کارەبا و تازە بابەت ئەگەر لە تازەبابەت شتێکی نوێ نییە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات،

خاڵی یەکەم: وەڵام دانەوەی کارکەناریەکەی (ئیستقالە)ی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، داوای دەست لەکار کێشانەوەی کردووە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ولە رێکەوتی ١٩٩٣/٣/١٧دا داواکەی بەدەستی ئێمە گەیشتوە. پێشەکیش سوپاسی بەرێز د.فوئاد مەعسوم دەکەین کە لەماوەی سەرۆکایەتی کردنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمدا، ئەرکی خۆی بەرێکوپێکی راپەراندووەو، لەگەڵ جێگرەکەیدا بەرێز د.رۆژ نوری شاوەیس، بەتەبایی وبە برایانە کاروباری کابینەیان بەرێوە بردووەو، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا رێکوپێک وتەبا بوون، هاوکاریشیان وەک دەزگای راپەراندن لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیدا گونجاو وئیجابی بوو، کە دەزگای یاسا دانانە. ئەمەش تاقیکردنەوە دیموکراتیەکەمانی دەوڵەمەند کردوو و روویەکی پرشنگ داری شکۆ مەندی لەناوەوە و لە دەرەوەدا پێ داوە، هەروەها بنەماکانی یاسایی لە هەرێمدا

دامەزران کە جێگای شانازی گشت لایەکمانە، برای بەڕێز د.فوئاد ئێمە لە کاتێکدا ڕێز لە دەسکەوتەکانی ئەو کابینەیە دەگرین کە شەرەفی سەرۆکایەتی بەئێوە سپێردرا، لەوەش دڵنیاین کە ئەوەی ئەنجام نەدرا لە ئاکامی کەم تەرخەمیتان نەبووە، ئێستاش لەسەر خواستی خۆتان دەمانەوێ بەداخەوە پێشتان ڕابگەیەنین کە:

١- دەست لەکار کێشانەوەتان لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەهەرێمی کوردستانی عێراق ئەمڕۆ ١٩٩٣/٣/١٨پەسەند کرا، بەپێی حوکمی برگەی (١) لە ماددەی ١١ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ساڵی ١٩٩٢ وەزارەتەکەتان بەکارکەنار دادەنرێ.

٢- بەردەوام بوونی ئەنجوومەنی وەزیران و دەستەی سەرۆکایەتی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕەسمی و کارگێری تاپێک هێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی نوێ و سوێند خواردنی یاسایی ئەندامەکانی لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان دا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ بەخۆ کێشانەوەی بەڕێز د.فوئاد معصوم سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران، کە قۆناغێکی تازە لە خەباتی سیاسی حوکمڕانی گەلی کوردستان تەواو دەبێ وەبە دامەزراندنی حکومەتی نوێ دەکرێتەوە بێگومان یەک لە شاکارەکانی خەباتی سیاسی گەلی کوردمان لەکوردستانی عێراقدا یاسای ژمارە(١)ە کە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و، لە ئەنجامی ئەوەش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە دیارە، وەکو لەقسەکانی بەڕێز د.فوئاد معصوم دەردەکەوێ و ئەنجوومەنی بەڕێزیش ڕای هەر وایە کە شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ هەریەکێک کە ببێ بەیەکەم سەرەک وەزیران و یەکەم وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیوادارم هەر سەرکەوتوو بن وسوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نازانم قسەکانم لەکوێ وە دەست پێ بکەم، تەنها ئەوە دەڵێم ئەنجوومەنی وەزیران بەسەرۆکایەتی د.محەمەد فوئاد مەعسوم بە ئەو پەڕی لە خۆ بوردن و ماندو بوون کارەکانی خۆی ئەنجام داوە و، ئەو کارانەی لەو ماوەکەمەدا جێبەجێ کراون تەنیا هەربەوان جێبەجێ دەکرا و ئۆباڵی جێبەجێ نەکردنی هەندێ شت هەرلە ئەستۆی هەندێ لایەنی سیاسی دایە کە ڕەنگە ماوەیان پێ نەدابن کارەکانیان وەک پێویستە جێبەجێی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برایان، گۆڕانکاریی (مەنتیقی) ژیانە، دوێنێ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیشمان هێمایێکی پێ دا، بەش بەحاڵی خۆم لە دەستەی سەرۆکایەتی سوپاسی هەوڵ و دەوری کاک

د.فوئاد مەعسوم دەكەین لەو ماوەیەی كە ئەو شەرەفەی پێ سپێردرا بوو و، ئەو ڕێچكەی كە دكتۆر لەو ماوەیەدا لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و كابینەكەیان گرتبوویانە بەر، جێگای ڕێزی هەموو لایەكمانە ئەوپەیوەندییەی كە دروست بوو لە نێوان ئەم دوو دەزگایەدا، پەرلەمانی كوردستان و، ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو تەبایی و ئەو بڕوایە، زۆربەی زۆری بەراستی لە ڕووی جێبەجێ كردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز كاك د. فوئاد معصوم كە توانی حكومەتەكەمان بگەیەنێتە قۆناغی ئەمڕۆ، دكتۆر وەكو سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بەرپرسیاریەی لە بارێكی یەكجار ناخۆش دا پێدرا وتوانی هێمنی وئاسایش ومووچەی كارمەندان دابین بكات وخزمەتێكی باشی گەل ونیشتمانەكەمان بكات.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانی، ئەو دڵنەرمییەی بەڕێز سەرۆك و سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆكی فراكسیۆنی سەوز، ئەوانیش مایەی شانازیمن وهەمیشەش لە خزمەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و لە خزمەتی نیشتمان و وڵاتەكەم دام و مایەی خۆش حاڵیمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاست دەكەین كاك د.فوئاد بەسەربەرزی و بەشانازیەوە وزۆر بەخۆشحاڵیەوە ئەوەی كە جەنابت فەرمووت لەدەستەی سەرۆكایەتی جێگەی ڕێزلێنانە ودووبارە سوپاس.

ئێستاش ئەگەر لیژنەی یاسا كەرەم بكەن لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ بگەڕێینەوە سەر بابەتەكە زۆر لە برادەرانیش داوایان كردبوو كە مۆڵەت بدرێن بۆ ئەوەی بتوانن بەبۆنەی جەژن بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان، بۆ ڕۆژی شەممەیش هیواداریین بتوانین دانیشتنی ناونانی (تەسمیە)ی دەستەی ئەنجوومەنی وەزیران تەواو بكرێ، پاش ناونانیشیان ئەو كاتە هەوڵ دەدەین ئەو مراسیمە تەواو بێ و، ئەندامان بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان هەتاكو ئەو وەختەی كە دەستەی سەرۆكایەتی داوایان دەكاتەوە كە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ئیشەكە تەواو بێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی ناوخۆو بەڕێز وەزیری ناوخۆ و هەندێك لەو كەسانەی پسپۆڕن لە وەزارەتی ناوخۆ دانیشتین هەندێك لەو گیروگرفتانەی كە هەبووە لێمان كۆڵینەوە دوو خاڵمان بەجێ هێشتووە چونكە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و نەگەیشتنە ڕێك كەوتنی ١٠٠٪ بە جێمان هێشتووە بۆ ئەوەی لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شێخ عەدنان دوو خاڵی شی کردەوە، خاڵی کۆتایی (مديرية الجنسية والاحوال المدنية) لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پۆلیسمان سەندووەتەوە کردمانە بەڕێوەبەریەتێکی گشتی تەنیا و، سێ یەم «المديرية العامة للجنسية والاحوال المدنية» ئەمە دەکەینە خاڵی (٦) ئەویش لە بەر ئەوە نییە کە لە شوێنێک هەڵمان گرت بۆ شوێنێکی تر، مەبەستمان ئەوەیە باری ئێستای کوردستان پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی هەیە بۆیە ئەوەمان جیاواز کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی (٢) کە بەم جۆرەیە:

٢ـ مديرية الشرطة العامة و يرأسها مدير عام لاتقل رتبتها عن رتبة عقيد شرطة وترتبط بها:

أـ مديريات الشرطة في محافظات الاقليم.

ب ـ مديريات شرطة المرور في المحافظات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن (مديرية الجنسية والاحوال المدنية) کردوومانە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە ژمارە (٦) هەڵدەگری پاش «مديرية الادارة المحلية العامة» واتا (جـ) دەبێتە:

ج ـ م(ديرية الدفاع المدني في المحافظات)، دەربارەی (مديرية مدرسة الشرطة) وارێککەوتین کە بکرێ بە (مديرية مدارس الشرطة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی ٢ پێک هاتووە لە (أـ ب ـ جـ) (مديريات الشرطة في محافظات الاقليم، مديريات شرطة المرور، مديريات الدفاع المدني).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مديرية شرطة الكهرباء) لەهەموو لایەکەوە لەسەری ڕێک کەوتوون، لیژنەی قانوونی، لیژنەی ناوخۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ تەنها (مديرية مدارس الشرطة العامة)ی هێشتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا لەمادەی ٢/ چوار بەڕێوەبەرایەتی هەیە (مديرية الشرطة العامة يرأسها مدير عام لاتقل رتبته عن رتبة عقيد الشرطة و ترتبط بها.

أـ مديريات الشرطة في محافظات الاقليم.

ب ـ مديريات شرطة المرور في المحافظات.

جـ ـ مديريات الدفاع المدني في المحافظات.

د ـ مديرية شرطة الكهرباء، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
تەنها ئەوەی ماوە (مديرية الجنسية والاحوال المدنية) کردوومانە بە (مديرية الجنسية العامة)، ئاشکرایە دەربارەی (مدارس الشرطە) عەرزمان کردن وەکو لیژنەی یاسایی ئیشی ئێمەیە، سوپاس.
**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من یاساناس نیم نازانم، بەڵام یاسا لەدنیادا پەیڕەو دەکرێ حەقە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، زۆر جار بەداخەوە گفتوگۆ بەو لایەوە دەکرێ بۆ من ناخۆش دەبێ گفتوگۆ لەسەر کردنی مەبەستم کتلەی سەوز نییە، مەبەستم ئەو کەسانەیە پەیوەندیان بەو بابەتەوە هەیە، حەق نییە ئێمە بە شان و باڵی تەباییدا هەڵدەین لەوێ سیخوڕێک بکەن بە بەڕێوەبەرێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
پرسیار دەکەم، ئایا بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانی پۆلیس ماوە؟
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێستا ماوەتەوە بەڵام بەڕای وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ جیاواز بوو، بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەیەوێ (مدارس الشرطە) لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی جیا بکرێتەوە، دەبێ سەربە وەزیر بێ، ڕای لیژنەی ناوخۆ ئەوە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
هەر پشتگیری لەقسەی کاک سەعدی دەکەم، چونکە (مدارس الشرطە) لە هەموو دنیادا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی بوو، ئێستا نازانم بۆ گۆڕاو وای لێهاتووە؟ سوپاس.
**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەراستی لە کۆبوونەوەش دا لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا و برادەرانی تریش لەسەر ئەو مەسەلەی دوایدا بوون، مەبەستیش لێرەدا ئەوەنییە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، بەڕێوەبەرەکەی لە کتلەی زەردبێ یاکتلەی سەوز بێ حەز دەکەم ئەو هەموو برادەرانە بزانن مەبەست بەڕێوەبەردنی کارە یاساییەکەیە، بێگومان لەهەموو دنیا گۆڕانکاریدا تریش دەبێت پێویستە ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە ئەم (مديرية مدارس الشرطة) خۆی (مديرية مدرسة الشرطة) سەرەکی بوو، بۆیە وای لێکرا کە گرنگی زۆر تر بێ بۆ ئەوەی کە لە (شرطەی عامە) نەبێت لەگەڵ رای وەزیری ناوخۆنین ئێمە پێویستمان بەهەمووبەڕێوەبەریەتیەکان هەیە، ئەگەر هاتوو ئێمەپێویستی یەکانمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی ئەم قوتابخانانە بکەینەوە ئەوە زۆر ئاسانە، دەتوانین ئێمە ئەو پێویستیانە ئامادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە چەند جارە لە دەستەی سەرۆکایەتی جەخت دەکەین کە بابەتێک دەکرێتەوە تەنها ئەوانە مافی قسەکردنیان هەیە، کە ناویان ئەنووسن، ناکرێت لە کاتی قسەکردندا برادەرێک پرسیارێکی لە سەر شتێک هەیە، یا قسەیەکی لەخەیاڵدایە، یا بابەتێک بە بیریدا دێت دەست بە قسە بکات، تکامان وایە کە بابەتێک دەکرێتەوە ئەگەر حەز دەکەی لەو بابەتە بدوێی، ناوی خۆت بنووسە، کە ناوت نووسرا ئەوسا دەست دەکرێ بەگفتوگۆ کردنی، پەیرەوی ناوخۆ وا ئەڵێ، لەبەر ئەوە حەز دەکەین ناو بنووسن.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاساو ناوخۆ، ئایا وەزارەتی ناوخۆ کە پرۆژەی خۆی داخل کردووە نوسیوەیەتی (مدارس الشرطه) نابێت سەر بە بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی گشتی بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە برادەران بۆیە ناویان نەنووسیوە بۆ قسەکردن نەیان دەزانی ئەو ناتەباییە هەیە، ئێستا لیژنەی ناوخۆ رایەکی هەیە، وەزارەتی ناوخۆش رایەکی تری هەیە، لیژنەی یاسا رەنگە رایەکی تری هەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم سەرلەنوێ ناو بنووسرێ بۆ (مدارس الشرطة) یا خەڵک قسە بکات رای خۆی بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێینە سەر برگە(٢)، چونکە (مديرية مدارس الشرطة) لەبڕگە ٢دا هاتووە، کێ تێبینی هەیە لەسەر مدارس الشرطه؟

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەلال پرسێکی کرد، لە پرۆژەی خۆمان بەناوی (مديريّة العامة) هاتووەتە، پێش «المديرية العامة لمدارس الشرطة» واتا وەک بەڕێوەبەریەتێکی سەربەخۆ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من جەخت لەسەر قسەکانی کاک سەید حەسەن دەکەم لەرووی یاساییەوە، بەراستی بواری تێدا نەما کە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، بەڵام ئەگەر هەر بگۆڕێ لە شوێنەکەی دەتوانین لە سنوری ئەوبڕگانە بیگۆڕین ئێستا لە بڕگە(٢) یا (٦)، سوپاس.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە (مديرية مدارس الشرطة العامة) راستەوخۆ دەبەسترێتەوە بەوەزیرەوە لە قوتابخانەکانی پۆلیس کێ دابمەزرێن وبەڕێوەبەری ئاسایش لەکوێ دادەمەزرێ، بەڕێوەبەریەتی گومرگ هەمان سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێ پێک دێن هەرسێ دەرچووی قوتابخانەکانی پۆلیسن، لەبەر ئەوە دەبێ (مديرية مدارس الشرطة) هەروەک لە پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە راستەوخۆ ببەسترێتەو بەوەزیر، سوپاس.
**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆمان هەیە لەسەر مادەکە بەگشتی تێبینیەکی هونەری دەربڕین لەسەر ئەوبابەتەیە کە لێرەدا هاتووە، (يرأسها مدير عام لاتقل رتبتها عن عقيد) باشە لە دابی (عرفی) پۆلیس، وا بزانم پێویستە بابەتی (روتبە) رەچاو بکرێ (الاعلى) دەبێتە بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی، سوپاس.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەراستی دا من دەمەوێ هەندێ قسەی تر بکەم لە پرسیارەکەی کاک بەختیار لەوانەیە لیژنەی یاسا مەسەلەی (مسلک) و شتی وا نەزانێ، لەبەر ئەوە پێمان باشە وەزیری ناوخۆ چەند ئەفسەری پۆلیسی ناردبوون لەوانمان پرسی ئێمە دەڵێین بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی لەپلەی عقید کەمتر نەبێت، ئەمەی کاک سەعدی ووتی من دەڵێم لە جیاتی لیژنەی یاسا قسە بکەم رەزامەندی هەردوو لیژنەی تیایە، بەتەنیا نە هاتووە ئێمە تەسەرف بکەین هەر لەیەکەم رۆژی دانانی پەرلەمانەوە کە ئێمە دەبێ سەرچاوەی پرس پێکردنی (مەرجەعێکی)قانونی بین، سوپاس.
**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من بەراستی مەبەستم لیژنەی یاسایی نەبوو کەد.رۆژ ئاماژەی بۆ کرد و داوای کرد، لەبەر هەندێ هۆ، خۆی پێشنیاری کرد، دووەم مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەراستی من لەگەڵیاندام، بەداخەوە لەوە دەچێ جێگر کە بیەوێ جێگا بدۆزێتەوە بەڕێوەبەری گشتی دروست دەکەن ئەمەش

دیاردەیەکی باش نییــە ئەوەی کـاک بەختـیـار کـە ئێسـتـا ووتـی هەر ئەگـەڕێتەوە بۆ ئەوەی کـە بەڕێوەبەری پۆلیس کە خۆی (عقید)ە ئەوەی وروژاند (اثارە) کرد، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

بێینە سەر ئەسڵی بابەت، حەز ناکەین گفتوگۆ بەو شێوەیە بێت، پێویستە ئەو لێدوانانە دەقی خۆیان وەربگرن، دوو، سێ خاڵمان لەپێشە، پێشەکی برگە (٢) تەواو بکەین لە «مدیریة الجنسیة و الاحـوال المدنیـة في المحـافظة» ئەوە پێشنیاری هەمـوو لایەکە، کـە ببێـتە بەڕێوەبەریـەتێکی گشتی، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نی یە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێسـتـا ئەوە روون نەکـرایەوە، ئێـمـە لەوێ حـسـابێـکی ترمـان دەکـرد دەسـتـەڵاتی وەزیر بـۆی هەیە بتوانێ کە بەڕێوەبەرایەتی پێویستە، پێکەوەی بنێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

مادە «٥» برگە(٢) دەڵێ: (للوزیر استحداث او دمج هیئات او مدیریات او اقسام او شعب عند الاقتضاء) ئەوە ئاشکرایە بۆ هەموو وەزیرەکانی تریش ئەو دەسەڵاتە هەیە.

**بەڕێز سـەعـدی ئـەحـمـەد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

من ڕێز لەهەستی بەڕێز کـاک شێخ عـەدنان دەنێم، من قسـەکـانم ڕووبەڕووی لیژنەی یاسا نەبوو، هەقە ئەو شتانەی کە ئێستا لێرە گفـتوگۆی لەسەر دەکەین لە وەزارەت قۆناغی یەکەم ڕەشنووسی قـانونەکـە دەردەچێت، پاش وەزارەت ئەنجـومـەنی وەزیران دێت، لە وێش تەمـاشـا دەکـرێ پاش ئەنجـومەنی وەزیران لەلایەن لیژنەی ناوخۆوە تەمـاشا دەکـرێ، ئینجـا دێتـە لای لیـژنەی یاسـایی شتی واناکەین کە لیژنەی یاسایی بەئارەزووی خۆی تەسەروف لەوەزارەت دا بکات، تەنها ئیشی ئەوەیە کە بیخاتە سیغەیەکی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە مل کەچی یاساین، ئەگەر یاسا واپێشان دەدات ئەم بڕیارە یاسایی بێت ئێمە لەگەڵ یاساین. سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ کـاک سـەید حەسەن و کـاک حـسـێن عـارف، من لەگـەڵ رای ئەوان دا نیم، ئەمـە چەندین جارە لێرە لەسەر ماددە یاساییەکان دەنگمان داوە، من دەڵێم یەک برگە زیاد بکەین لە ناو ئەو مادەیە کە دەنگی لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەمان زیاد کردووە بڕگەمان زیاد نەکردووە ماددەیەک بەتەواوی دەنگی لەسەر دەدەین، یانی کە کردوومانەتە «٤» بڕگە ئەوە پێچەوانەی یاسایە ناکرێ زیاد بکرێ لە مادەیەکدا، چونکە مادەکە بەگشتی دەنگی لەسەر دراوە، سوپاس .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە سوور بوونی کاک یونس وەزیری ناوخۆ لە دڵسۆزی و پاکیەتی، کە ئێستا ئاماژەی بۆ کرد، کەمێک زێدە کردنی تیایە، بەڵام وەختی خۆی باسمان کرد، بەڵام ویستی بە راشکاوی نیشانی بدات بۆیە پێی لەسەر دادەگرێ ئەو پێشنیاری کردووە کە(مدارس الشرطة) بەڕێوەبەری گشتی بێت لەوێ دەستکاری کراوە، من ئێستا بە دەنگی بەرز داوا دەکەم پرۆژەیەک پێشکەش بکەن پێشنیارێک پێشکەش بکەن بیدەنە ئەنجوومەنی وەزیران بە ڕێگای ئاسایی بێت لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەر پەیوەستێک (قەیدێک) هەر شتێک ئەم وەزارەتە داینا چارەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینە سەر (مدارس الشرطة) بابەتەکە ببڕێنینەوە تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە (مديرية مدارس الشرطة) لەبڕگە (٢)دا بمێنێتەوە؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان گرفتی یاسایی لەنێوان لیژنەی یاسا چار نەکرا (مدارس الشرطة) هەڵدەگرین دوو ڕێمان لەپێشە.

١- ئەوەیە کە بیکەینە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٢- ئەوەیە وەکو هی ناوخۆ بێت.

دەربارەی بەڕێوەبەری گشتی (دیوان) ئەوە پەیوەندی بە دانیشتنەوە هەیە سبەی بڕیارێکی دیکە بدرێ بۆ بڕگە «٥» ئەمە ئیشی خۆیەتی ،من قەناعەتم وایە چۆن هاتووە وابروات سبەینێ وەزیر بەبەرژەوەندی دەزانێ دەیگوێزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ پێشنیارێکی بەرابەر هەبێ، وابێ کە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسا کۆکبین لە سەری یا ئەبێ بیبڕێنینەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفتی من ئەوە نییە بمێنێتەوە یا نەمێنێتەوە، بەڵکو ئەوەیە ئەگەر لامان برد لە کوێ دایدەنێین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٣) دەنگمان لەسەرداوە، ئێستا ئەوەی دەیخوێنینەوە مادە (٤)ە پەیوەندیمان بە مادەی ترەوە نییە دەست کاری بکرێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی مادە (٤) دەکەم (تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية)

١- (مديرية الداخلية العامة) لەبارە بۆ (مدارس الشرطة).

٢- هی دیوانی وەزارەتە هەردووکی دەنگمان لەسەر داوە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیڵێم لای بدەین، شوێنێک نییە، بڕگەکە بخەینە کوێ؟ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای جەنابتە، دەنگدان لەسەر بڕگە دوو، سێ، چوار، پێنج، کە لێرەدا هەیە نەکراوە، ئێستا بوو بە (٦) دەبێت ئەو بڕگەیە ببڕێنینەوە، یا ئەبێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، یائەبێ بیگوێزینەوە بۆ جێگایەکی تر.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەوەی (مديرية الشرطة العامة) کە هاتووە (مدارس الشرطة)مان لەوێ داناوە، لیژنەی یاسا بەگشتی رایان لەسەر بوو نوێنەری لیژنەی ناوخۆش لەگەڵ ئێمە بوو، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ رایان ئەوەبوو وەکو ئێستا دامان ناوە بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حەسەن نازانین ئێوە چیتان کردووە چیتان نەکردووە، دوێنێ ووتتان دەستکاری ئەو ٢-٣ ماددەیە بکەن ئێستاش ناکۆکیەکە لەسەر ئەوەیە، گەر پێک بهاتبان ئێستا گیروگرفت بۆ پەرلەمان دروست نەدەبوو، دەبوایە دوێنێ پێکهاتبانایە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها هەقی ئەوەمان هەیە ئەو بەڕێوەبەریەتییە بگوازرێتەوە، هەر تەنیا دەتوانین بیخەینە ئەو

(٦ ) بەڕێوەبەریەتییە گشتییەوە، چونکە ئەوانی تر رایان لەسەر دراوەو دەنگمان لەسەر داوە ئەگەر باسی بکەین بەڕێوەبەریەتی پۆلیس بگوێزرێتەوە بۆ یەکێ لەو (٦) بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی کە هەنە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گرفتەکە ئەوە نییە کە لەبڕگەکەدا بگوازرێتەوە، بمێنێتەوە یا نەمێنێتەوە، کەماوە ئەوە دەمێنێتەوە، بەڵام کە نەماوە ئەو کاتە لەکوێی دابنێین؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە روونە هەروەکو لە پرۆژەکەشدا هاتووە، ئێمە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی داوامان کردووە، بەڵام چونکە یاسای وەزارەتی ناوخۆ لە لایەن لیژنەی یاسایی بە جۆرێکی تر دەرچووە، ئێمەش بەباشی ئەزانین بگەڕێینەوە بۆ دیوانی وەزارەت یا بۆ سەر پەرشتی وەزارەت خۆی ئەگەر رێگای یاسایی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا، بوار هەیە (مدارس الشرطة) بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی (المديرية العامة)؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە مادە (٣)ی ئەم پرۆژەیە کە دەنگمان لەسەر دا بریتی یە لە (٨) بڕگە کۆتایی هات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رای لیژنەی یاسایە، مادام وایە با رێگا نەدرێت بگوازرێتەوە بۆ دیوان، جەنابی وەزیری ناوخۆ پێشنیاری چییە؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێشنیاری ئەسڵی وەزارەتە با وەک بەڕێوەبەریەتی گشتی حساب بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە روونەو هەردوو لا رازین، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمدا، هەمیشە باسی ئەوە دەکەین کە کەبودجەی دەست

پێوەگرتنە (تەقەشفە)و پێویستە چارەسەری بکەین، ئێمە پێویستمان بەکار رواندنە وعیبرەت لەزۆریی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتێرو تەسەلی باسی ئەو بابەتەکرا، ماوە بڕیاری لەسەر بدەین، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ لەسەر پێشنیارەکە تێبینی نەماوە؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها بۆ ئەوەی برادەران تەسەوری شتی تر نەکەن پێشنیارەکەم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەم وایە چ گۆڕانکاری وانابێ، جگە لەوەی بەڕێوەبەریەتی (الجنسیة و الاحوال المدنیة) کە بڕیارتان لەسەر دا بوو بکرێ بە (بەڕێوەبەریەتی گشتی)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، کە دوای ئەو هەموار کردنە، وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣ـ مدیریة الآسایش العامة: یرأسها مدیرعام حائز علی الشهادة الجامعیة الاولیة وترتبط بها المدیریات التالیة:

أـ مدیریات أسایش المحافظات.

ب ـ مدیریة الأقامة.

جـ ـ مدیریة الجوازات والسفر.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم بۆ لیژنەی یاسا «حائز علی الشهادة الجامعیة الاولیة» بواری زانستی تێدا نییە (صیدلانی) نابێت، لەبەر ئەوە دەڵێم «حائز علی الشهادة الأولیة فی العلوم الانسانیة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕوانامەی زانکۆیە، ئەمە ئاشکرایە کە لەسەر لێهاتوویی (کەفائەت) دەمێنێتەوە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمە هەردوو بەڕێوەبەریەتەکە بکرێتە یەک بەڕێوەبەریەتی (الاقامە و جوازات السفر) بکرێتەوە یەک، ئێمە لاریمان نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

« مديرية الاقامة و الجوازات » بکرێت بە یەکێک، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی وەزیری ناوخۆیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، واتە بڕگە (٣) پاش ئەو هەموار کردنە. کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە (٣) دوای ئەو هەموار کردنە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤. مديرية الحدود والگمارك العامة يرأسها مديرعام من ذوي الخبرة والكفاءة ولاتقل رتبته عن رتبة عقيد شرطة و ترتبط بها المديريات التالية:

أ. مديرية الگمارك في المحافظات.

ب . مديريات الحدود في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

« مديرية شرطة الگمارك في المحافظات » ئەگەر چ تێبینی تر نییە « مديرية شرطة الحدود و الگمارك العامة » ببێتە (مديريات شرطة الحدود والگمارك العامة)، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٥. مديرية الادارة المحلية العامة يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها تشكيلات الادارة المحلية في المحافظات، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەو رایەم پارێزگارەکان بەهەڵبژاردن بن وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیواداریـن لە ئایندەدا بتوانین بەڕێوەبەری شارەوانی و پارێزگارەکان بە هەڵبژاردن دابمەزرێنین، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن ٦/مديرية الجنسية والاحوال المدنية العامة و ترتبط بها مديريات الجنسية والاحوال المدنية في محافظات الاقليم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ نانوسرێ (يرأسها مدير حائز علی شهادة) بۆ وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر ئەو بڕوانامەیە دیاری ناکەن؟.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە بەکراوەیی بهێنێتەوە بۆ بابەتی (احوال مدنی) ورەگەزنامە وەک یاسا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پابەند نەکرێ بڕوانامەکەی هەرچی بێ، یا با بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەگەزنامەو ئەحوال مەدەنی هی مەرکەز تێک کراوەتەوە، لێرەش هەر کراوەتەیەک (الاحوال المدنية والجنسية) و ئێستاش ئەفسەری پۆلیس بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو (احوال مدنی)یە لەپارێزگاکانی هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەشێ دەرچووی زانکۆ بێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە یاسا هەژارە هەموو کەسێ پێ دەوێری، خۆی دوو شتی جیاوازن تێک کراونەتەوە لەوانەیە وەزارەتی عێراق تێکی کردونەتەوە بەڕێوەبەری (احوال مدنی )هەر فەرمانبەری (مدنی) بووە بەڵام مەسەلەی رەگەزنامە لەبەر ئەوەی بواری پۆلیسی تیایە بەپۆلیس سپێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦/مديرية الجنسية والاحوال المدنية العامة : يرأسها مدير عام حائز على الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها مديريات الجنسية والاحوال المدنية في محافظات الاقليم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
واتە ئەم یاسایە بەمە تەواو بوو وسوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە هەر دوو کتلە لەسەر ئەوە کۆکین، هەر وەزیرێک لە وەزیرەکان پێی وایە شتێک پێشکەش بکات بە پەرلەمان ئێمە رازی دەبین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر سەرۆکایەتی ماوەم بدات زۆر شتی کاریگەر لە دڵما هەیە حەز دەکەم پێشکەش بە بەڕێزتانی بکەم بەتایبەتی کە چوومە چەمچەماڵ هەموو برادەران ئاگایان لێ بێ حەز دەکەم سەرنجی هەمووان بۆ ئەوە رابکێشم کە هەر وەزارەتێک هەیە لە کوردستاندا، وەزارەتی (پ.د.ک)مان نییەو وەزارەتێکمان نییە بەناوی وەزارەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەر وەزارەتێکمان هەیە کەئەمیش وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە هەموومانە هەموومان پێویستە پشتگیری لێ بکەین تاکو بۆ هەموو کوردستان کار بکات وسوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
باسی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کرا کەسێک هەوڵی نەدایە بۆ بودجە کە دەستی ببەسترێ کۆلیژی سەربازی کە سەر بەوەزارەتی کاروباری پێشمەرگەیە ساڵانە «٧٠٠» هەزار دیناریان دابوو حەز دەکەم گوێم لێ بگرن ساڵانە «٧٠٠» هەزار دیناریان بۆ دانرابوو کاک کەمال مفتی هاتەلای من ووتی زۆر کەمە ووتم چیت دەوێت ووتی ئەو «٧٠٠» هەزارە کەمە وبۆی زیاد بکەن کردمانە «٧» ملیۆن ئینجا لەوە زیاتر چ هاوکاری لەگەڵ دا بکەین لەسەر لێپرسراویەتی خۆم رای برادەرانی خۆشم وەرگرت نقطەیەکمان بۆ زیاد کرد کردمانە ٧ ملیۆن، سوپاس.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
گلەییەکم لە برادەرانی لیژنە هەیە کە لەسەر سەکۆ (منصە)کە دانیشتوون، دەبوایە هەر وەکو باسی (مدارس الشرطة) یان کرد ووتیان مادەکان دەنگی لەسەر دراوە، ئەبوایە هەمان کات وای بە ئەنجوومەن وتبایە، چونکە لە ماددەی «١» پێناسەکان هاتووە هەموو، پێناسەکان دیاری کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەین و دێینەوە سەر خاڵێکی تر ئەویش پێشنیارێکی مام رۆستەم بوو،

دەربارەی هێـلّی کـارەبا ، کـە ئەڵێ ئەگـەر هێـلّی (١٣٢)رابکێـشـین پارەی زۆری تێ دەچێ (١٥.٣٠٠) پانزدە ملیۆن وسێ سەد هەزار دۆلاری تێ دەچێت، بەڵام ئەگەر هێڵی دووەم (١٣٣) رابکێشین ئەمە باشترەو کەمتری تێدەچێت بۆ (٣.٢) مانگ کارەبای سلێمانی، هەولێر دهۆک بەردەوام دەبێت لەگەڵ رێزمان دا روونکردنەوەمان دەوێت لە بەرێز جەنابی وەزیری پیشەسازی بەر لەوەی کۆتایی بەم دانیشتنە بێت.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە بارەی ئەو پرسیارەی مام روستەم کە لەسەر هێڵی (١٣٢ـ ١٣٣) کردوویەتی لە پاشدا کارەبای سلێمانی و هەولێرو دهۆک دەمەوێ پێشەکی بڵێم کە ئەو خەتەمان پەیوەندی بە دهۆکەوە نییە، چونکە ئێستا کارەبا لە نێوان هەولێرو سلێمانی ودهۆک لەگەڵ یەکدا نەبەستراون دهۆک هێلێکی تایبەتی یە سلێمانی و هەولێریش هێلێکی جیاوازە، هی دهۆک لە موصلەوە دێت لە بارەی هێڵی (١٣٢ـ ١٣٣) لە ئەمرۆ وە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ شارەزایان و کاربەدەستـان کردووە باشترین رێگا بۆ ئەوەی بتوانین کارەبا بگوێزێتەوە بۆ سلێمانی لە دەربەندیخان مەبەستمان سلێمانی و هەولێرە، هەولێر بەستراوە بە سلێمانی لە رێگای دوکانەوە لەم رووەوە شارەزایان وای بەباش دەزانن کە ئێمە بە هێـلێکی (١٣٢) بیکەین چ بە هێـلێکی (١٣٣) یابە دوو هێـلّی (١٣٣) ئەبێتە هۆی ئەوەی ئێستگەکەمان لە دەربەندیخان لە دوارۆژدا توشی زەرەربێ جا رای شارەزایانی کارەبا ئەوەیە کە باشترین و چاکترین چارەسەرکردن بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە بە هێـلێکی (١٣٢) بیکەین لەم رووە وە لێکۆڵینەوەی تەواو ئامـادە کـراوە، وەکـو زانراوە هەندێکی رێکخـراوە مرۆییەکان دەیانەوێت ئەو هێڵەمان بۆ بکەن ئێمەش بۆ ئەوە ئامادەین یەکسەر لێکۆڵینەوەکەیان بخەینە بەردەم ودراسەکان ئامادە کراون لەهەمان کاتدا ئێستا هێلێکی هەیە، حەزدەکەم مام رۆستەم بزانێ لە دربەندیخان دەست پێکراوە بۆ هەڵەبجەی شەهید و ئەو ناوچەیە، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

حەز دەکەم روونی بکەمەوە کەبابەتی بێ کارەبایی ئێمە لە هەولێر سلێمانی یەک خاڵە ئەو هێڵەی (١٣٢) واتا خەتی دربەندیخان ببەستێ بە سلێمانی چارەسەری کارەبای هەولێر و سلێمانی دەکرێ، بەڵام حەز دەکەم برادەران بزانن (٣) وەحدەی کارەبای دربندیخان هەر وەحدەی (١٨٢) کارەبایان سەرف دەکات ئێستا لەو کاتەدا ئەو هێڵە نییە کە کارەبای دەربەندیخان بگوازینەوە، سوپاس.

**بەرێـز عـــــەلی عـــــەبدوڵلا ئـەحـــــمـــــەد:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

رێکخراوێک هەیە بە ناوی رێکخراوی راپەراندنی تەوژمە بەرزەکان، ئەوان وەکو پسپۆر ئیش

دەکەن ئەندازیارەکان لە هەولێر و سلێمانی دەربارەی بەستنەوەی کارەبای دەربەندیخان و سلێمانی لەگەڵ برینی کارەبای سلێمانی و بەستنی بە هەولێرەوە لەگەڵ دوکان جاری پێشوو لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی قسەیان کردووە لیژنەیەکی پسپۆڕیان داناوە ئەو بەستنەوەی ئەو هێڵە بەهێڵی ۱۳۲ (۱۵،٥۰۰) پانزەوملیۆن ونیو دۆلاری تێ دەچێ ئێستا کۆمەڵەی پسپۆری ترمان بینیوە لە هەولێردا باسی ئەوە ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەفرسەتی دەزانم کە وەزیری پیشەسازی لێرەیە، دەشتی هەولێر زەوێکی دێمە هاوینان ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران کشتوکاڵی تیادەکەن بە تایبەتی سەوزەو میوەهات ئەوانە داوا دەکەن ئەو ماوەیەی کە ئەگەر هەبێ (۲) یا (۳ ـ ٤) سەعات کارەبا بەرۆژ هەبێ بۆ ئاودانی ئەو کشتوکاڵە، چونکە هەمووی بە ئاوبارە و ترومپا (مضخە) ئاوەکان دێنن ئەگەر بتوانرێ لە وماوەیەدا وەزارەتی پیشەسازی بیرلەوە بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەڕێز وەزیری پیشەسازی هەر خاڵەکان تۆمار بکات، دووکەس بدوێ لەم بارەیەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدەرفەتی دەزانم کە بەڕێز وەزیری پیشەسازی لەمەسەلەی کارەبا بدوێ، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە لەو یاسایە دەبوایە رۆژێ گفتوگۆی پەرلەمانی لەسەر ئەو بابەتە بکەین وبەلانی کەمەوە بزانین چ هەیە؟ بە بەڕێز وەزیری پیشەسازی را بگەیەنین ئەوەی من دەیڵێم تەنیا پرسیارە.

پ ۱ـ ئێستا ئێمە زۆر جار باسی ئەوە دەکەین کە بتوانین بودجەو مووچە دابین بکەین شتێکی تریش شیاوی دواخستنی نییە، ئەویش مەسەلەی وزە و مەسەلەی کارەبایە، پێم وایە بەڕێز وەزیری پیشەسازی ئاگادارە لە وەزعی ئاوی دۆکان لەبارەی باران و هەتا ئامێری پتەومان نییە بتوانین بەو ئاوەکەمەی لە دۆکان هەیە ئەو ماوە خۆمان کارەبا دابین بکەین.

پ ۲ـ لەمەسەلەی هەندێ عقودی کارەبای هەولێر (ئەحمەد ئیسماعیل) (عقد)ی کردووە لەگەڵ کارەبای هەولێر بە (٥) هەزار دینار هەر رۆژە کارەبا وەردەگرێ لە هەولێر بە پارەیەکی هەرزان لە هەمان کات دا لە بەغدا گازوایل وەردەگرێ رازین کێڵگەکە ئیش بکات رۆژی بایی (۱۸) هەزار دینار گازوایل دەفرۆشێتەوە لەو (۱۸) هەزار (٥) هەزار (۱۰) هەزار ئەخاتە گیرفانی تکا لەجەنابی وەزیر دەکەم لەم بابەتە بکۆڵێتەوە، قازانج لەسەر حسابی چی بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەو خـــاڵانەی باس کـــران زۆرن، زۆر دەخـــایەنێ ئەگـــەر مـــۆڵـەت بدەن پاش پشـــووی جـــەژن کۆبـوونەوەیەکی تێـرو تەسەل لەگـەڵ بەڕێز وەزیری پیـشـەسـازی و ووزە بکـەین. رۆژی کـۆبوونەوەی ئاینده رۆژی شەممە سەعات ٩/٥ بەیانی سەرۆکی تازەی ئەنجوومەنی وەزیران ناوی لێ دەنرێ..

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

دەبێ هەر وایش بکەین، دانـیشـتنی ئەمڕۆشـمان بەم شێوەیە کۆتایی هات. هەر شادو سەرکەوتوو بن، جەژنتان پیرۆز بێ.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٦)

**یەک شەممە ڕێکەوتی ١١/٤/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١١

**کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە «٢٦»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- بەرچاوخستنی سکاڵای نوێنەرانی هەردوو فراکسیۆن لەسەر گیروگرفتەکانی ناوچەی پێنجوین.**

**٢- قەدەغە کردنی دەرچوونی دەغڵودان بۆ دەرەوەی کوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خاڵی یەکەم، سکاڵای نوێنەرانی هەردوو فراکسیۆن لەسەر گیروگرفتەکانی ناوچەی پێنجوێن، ئەگەر وابێ کێ لەگەڵە جێگیری بکەین؟..کێ دژە؟ بەزۆری دەنگ پەسەند کرا.

دەغڵودان و کڕین و نەچوونە دەرەوەی لەکوردستان کێ لەگەڵە؟.. کێ دژە..؟ بەزۆریەی دەنگ پەسەندکرا.

بۆ مەسەلەی خانەنشینەکان کێ لەگەڵە..؟ کێ دژە؟ بەزۆریەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئاگادارن لەچەند ڕۆژی پێشوودا، بارانێکی بەتاو باری ئەنجامی ئەو بارانە شارۆچکەی تەق تەق لافاوێکی زۆری لێ هەڵساوە، بۆیە داواکارم بێ بەخاڵێک و چی پێویستە بکرێ بۆ شارۆچکەی تەق تەق، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەقسەکانی و پێشنیارەکەی بەڕێز د.ڕۆژ دەکەم، ئەوەش زێدە دەکەم کە لیژنەیەکی

پسپۆر دەستنیشان بکرێ، سەردانی تەق تەق بکات، لەزیانەکانی تەق تەق ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار بکاتەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێشەی کارەبا ، کێ لەگەڵە..؟کێ دژە..؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. مەسەلەی تەق تەق، کێ لەگەڵە؟ ...کێ دژە..؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. وەکو ئاگادارن بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆمان دووخاڵی سەرەکییە ، خاڵی یەکەمیان ناولێنانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە ، خاڵی دووەم بەرچاوخستنی یاسای چاپەمەنیە و ، ئەگەر هەردوو کتلە لەتازەبابەت شتێکی وایان نییە ، با دەست پێ بکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تازە بابەت سکاڵاو داخوازیەکانی دانیشتوانی پێنجوێن، لەلایەن ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنەوە پێشکەش دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک دوو یاداشت هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەمیان ئاوەکانی ئەو بارانەی کەباریوە واچاوەڕوان دەکرێ کەداهاتێکی زۆرهەبێ لەکوردستان، پێویستە هەر لەئەمرۆوە مشووری ئەمە بخورێ کەپارەو پولێکی چاک پەیدا بکات ، هەنگاوی دووەم قەدەغەکردنی چوونە دەرەوەی دەغڵەکە لەهەرێمی کوردستان. خاڵی دووەم خانەنیشینەکان جگە لەو مووچەیەی کەوەری دەگرن پارەیان نییە دەبێ لە پارەی ئاوو کارەباو تەلەفۆن ببەخشرێن. سێ یەم ئێمە بڕیارمان دابوو کەدانیشتنێک تەرخان بکرێ بۆ باس کردنی کێشەی کارەبا مەرج نییە ئێستا ، بەڵام هەر لەئێستاوە بیری لێ بکرێتەوە کەدانیشتنێک تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی کێشەی سەرتاسەری کوردستان باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو ئاگادارن پاش ئەوەی بەڕێز د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق بەئارەزووی خۆی داوای دەست کێشانەوەی لەپلەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان کرد، ئەو داوایە لە١٩٩٣/٣/١٨ دا لەئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان پەسەند کرا،

داواش لەبەڕێز د.فوئاد مەعسوم کرا کەبەردەوام بێ لەسەر بەڕێوەبردنی ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق تاکو کابینەی داهاتوو لەئەنجوومەنی نیشتمانییەوە متمانەی پێ دەدرێت، پاش وتوویژ و ڕاوێژکردن لەگەڵ کتلەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز عەبدوڵلا رەسول دەستنیشان کرا بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و، بەڕێز (د.ڕۆژنوری شاوەیس)یش بۆ پۆستی جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق دەسنیشان کراوە. جا داوا لەبەڕێزتان دەکەین کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە..؟سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە..؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، بەش بەحاڵی خۆمان پیرۆزبایی لەهەردوو ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکەین وداوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین. بەو بۆنەیەوە بۆ ماوەی نیو سەعات پشوو دەدەین و پاشان ئاگادارتان دەکەینەوە کە نووسراوی تایبەت بۆ هەردوو برایان ئامادەبکرێت.

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**هەولێر/نووسینگەی سەرۆک**

**ژمارە/**

**ڕۆژ/**

**بەڕێز عـــەبدوڵلا رەســـول عـــەلی**

**بەڕێــز د.ڕۆژ نـووری شـــــــاوەیس**

سڵاو ورێزمان

حەزدەکەین بەرەسمی پێتانی ڕابگەیەنین کەئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ژمارە(٢٦)ی خولی یەکەمی ساڵی (١٩٩٣)یدا کە لە ١٩٩٣/٤/١١ دا بەسترا بڕیاری ژمارە(٢٢)ی خۆیدا بەناولێنانی بەڕێز«عەبدوڵلا رسول علی» بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێز«دکتور ڕۆژنوری شاوەیس» بەجێگری سەرۆک، دوای پەسەند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز«دکتور فوئاد مەعسوم» لەپایەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمدا لە ١٩٩٣/٣/١٨دا. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی تان لێ دەکەین، خۆشحاڵین بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقیتان پێ ڕابگەیەنین کەڕاسپاردراون بەپێک هێنانی وەزارەتی هەرێمی کوردستان بەراوێژو هاوکاری نێوانتان، ئاواتە خوازین ناوی هاوکارانتانمان لەپاڵێوراوان بۆ پڕکردنەوەی پۆستەوەزارییەکان پێشکەش بکەن و هەڵبژاردنی پاڵێوراوانیش لەنێو ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی یا کەسانی تردا بۆ خۆتان دەمێنێتەوە بەپێی حوکمی برگەی «٣» لەمادە«٥٦»دا، لەیاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە یەک ساڵی ١٩٩٢، هەروەها

ئاواتەخوازین تازووە ئەو ئەرکەی کەپێتان سپێردراوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی و داوا بکرێت متمانەی خۆی پێ ببەخشێت بەپێی حوکمی برگە«٤» لەمادە«٥٦»ی یاسای ناوبراو لەسەرەوەدا ،لەگەڵ سڵاومان، هیواداریین سەرکەوتووبن.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خۆم و برای خۆشەویستم کاک د.ڕۆژ زۆرسوپاستان دەکەین، بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی کە بە ئێمەتان دا، تا ئەو بەرپرسیاریەتییە مێژوییە بگرینە ئەستۆ، ئێمەش دڵنیاتان دەکەین و لە رێگەی ئێوەشەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەین کە جێگای رەزامەندی ئێوەی بەڕێز دەبین و، هەروەهاش هەوڵ دەدەین لەماوەیەکی کورتدا کەلیستی کادری نوێتان پێشکەش بکەین لەگەڵ بەرنامەی وەزارەتەکەمان، لەکاتێکدا سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ ئەو بڕوا و متمانەیە، لەهەمان کاتدا سوپاسی کادری وەزارەتی پێشوو دەکەین و بەتایبەتی سەرۆکی کابینە بەڕێز کاک د.فوئاد کە سەردەمێکی زۆرناسکدا ئەو ئەرکە مێژووییەی گرتە ئەستۆ وحکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند ، دیسان سوپاس و ڕێزمان دووبارە دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش بەناوی خۆم و بەناوی بەڕێزان ئەندامانی کابینەی پێشوو، پیرۆزبایی لە بەڕێزان کاک عەبدوڵڵا رەسول و کاک د.ڕۆژ دەکەین کە ئەو بڕوایەیان وەرگرت لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا و، ئومێدەواریین لەماوەیەکی کەمدا بتوانن لیستی کابینەکەی خۆیان پێشکەش بکەن و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، بێگومان ئەو سیاسەتەی هەبووە سیاسەتی هاوکاری و تەبایی لە نێوان کابینەی وەزاریدا هەرهەمان سیاسەتە کەکابینەی تازەش لەسەری دەڕوا کە ئەوە بێگومان مایەی سەرکەوتنەو مایەی خۆشی هەموو جەماوەرە و، بێگومان خۆشیان لەو ئاستەن کەبتوانن ئەو ئەرکە گرنگانەی کەلەپێشیاندا هەیە جێبەجێیان بکەن و بەرەوپێشی ببەن، قۆناغی

داهاتوو سەرکەوتووانە ببڕن و جارێکی تر پیرۆزباییان لێ دەکەم و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی فراکسیۆنی زەردەوە پیرۆزبای یەکی گەرم لەبرای خۆشەویستمان کاک عەبدوڵلا رسول و برای خۆشەویستمان کاک د.ڕۆژنوری شاوەیس دەکەین، بەبۆنەی وەرگرتنی ئەو پۆستە تازەیەیان بەڵێنیان پێ دەدەین کەئەو پەری هاوکاریان لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی لەئیشوکارەکانیان سەرکەوتووبن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی فراکسیونی سەوز پیرۆزبایی لەبەڕێز کاک عەبدوڵلا رسول دەکەین و، هەروەها پیرۆزبایی لەبەڕێز کاک د.ڕۆژ دەکەین و ئومێدەوارین لەو هەلومەرجە ناسکەی ئەمڕۆی کوردستان سەرکەوتووبن بەهاوکاری فراکسیۆنی زەرد، کە کاک فرەنسۆ جەختی لەسەرکرد ئێمە (فراکسیۆنی سەوز) ئامادەین ئەو پەڕی هاوکاری یان لەگەڵدا بکەین بۆ سەرکەوتنیان لەئیشوکارەکانی خۆیان، جارێکی تر پیرۆزبایی لەهەردوو بەڕێزیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لەکاک عەبدوڵلا رەسول و د.ڕۆژ بۆ ئەو تەکلیفە گرنگەی لەسەر شانیانە لەکابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین، بەزووترین کات حکومەت پێک بهێنن بەدانپیانانی زۆر فراوان لەلایەن حزبەکان و بێ لایەنەکانیشی تیا بێ، بەو لایەنانەی کە لەوانەیە لەناو بەرەی کوردستان بن و ئەوانەی لە دەرەوەی بەرەی کوردستانین، ئەو ئەرکەی ئەم قۆناغە ئەرکێکی زۆر گرانە لەبەر ئەوەی دوژمن زۆرە حکومەتی نیزامی فاشستی بەغدا وەک گورگێک دەمی کردۆتەوە بۆ کوردستان، هەروەها دەوڵەتە ئەقلیمیەکان تارادەیەک شوڤینیەتی زیاد بووە و، هەروەها گیروگرفتی جەماوەر کەگیروگرفتی ئابووری وسووتەمەنی و ئاو و کارەباو مەسەلەی ئیداری زۆر شت هەیە، داوا دەکەین کە کۆشش بکرێ بۆ ئەوەی حکومەتەکەو گشت هێزی سیاسی تیادا بێ حکومەتێکی فراوان بێ بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانە بەهاوکاری ببێتە

حکومـەتی ئاوەدانکردنەوەو دروست کـردن ئەوەش لەتواناداا نیـیـە بەبێ هاریکاری گشت لایەک، جارێکی تر سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەین و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

کۆبوونەوەی ئەمڕۆ تەواو، سبەی سەعـات ٩،٣٠ بەردەوام دەبین لەسەر ئەوپرۆگـرامەی کەدیاری کراوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٢٧)

## دووشەممە ڕێكەوتی ١٢/٤/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٢٧)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١٢

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/١٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆک و، بەئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی(٢٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردنی یاسای چاپەمەنی.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خاڵانەی لەبەردەمی بەڕێزتاندایە(٦)خاڵە، هیوادارین بتوانین باسیان بکەین هەندێکی ئەخرێتە سبەینێ، خاڵی یەکەم کە بەرچاوخستنی پرۆژەی چاپەمەنیە، هەندێک تێبینی هەبوو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە حەز دەکەین بۆ بەڕێزتانی باس بکەین بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان (موتەفەریغن) بە پێی هەمان پێڕەو مادە(٢٥)لەم پێڕەوە هەر ئەندامێک لەهەر خولێکدا تەنها ماوەی(١٥)رۆژ مافی ئەوەی هەیە مۆڵەت وەربگرێت، و ئەو مۆڵەتەش بەرێژەیەکی سروشتی دەدرێت بە سکرتێری ئەنجوومەن لەپاش ئەوەی کە فراکسیۆنەکە رای خۆی لەسەر دەدات ورۆژانی تریش ئەگەر لەو(١٥)رۆژە ترازا بە(غیاب) دەژمێردرێ، هەندێ ئەندامان هەن بەڕاستی وەکو بۆمان دەرکەوتووە لەماوەی یەک خولدا یا دوو خولدا ئامادەی پەرلەمان نەبوون ئەم پێڕەوەی ناوخۆی خۆمان کە دەنگمان لەسەر داوە، ئەگەر ئەتانەوێت بیگۆڕین داوا بکەن بیگۆڕین دوایی ئەبێت هەموو شتێک بگۆڕین دەرماڵە بگۆڕین لەوحاڵەتەدا ئەگەر ئەندامێک لە(١٥)رۆژ زیاتر رەزامەندی بۆ بکرێت بەلای منەوە حەق وایە دەرماڵەی نەدرێتێ ئەتوانین پاش ئەوەی رەزامەندی وەرئەگرێت لەو دەرماڵەی خۆی واز بهێنێت ئەنجا ئێستا هەندێ رێنومایی لەو بارەیەوە دەرئەچێت، وەبەداخەوە تا ئێستاش ئێمە زۆر لەسەر غیابات توندمان نەکردووە، لەو باوەڕە داین کە برادەرانی هەردوو فراکسیۆن تەقدیری ئەوە دەکەن بەڕاستی کە پێڕەوێکی ناوخۆ هەیە ئەبێ ئەو پێڕەوە ناوخۆیە پیادە بکرێت، ئێستاش پرۆژەی چاپەمەنیمان

لەبەر دەستدایە، دوو ئەندامی لیژنەی یاسا لەگەڵ سەرۆکی رۆشنبیری وراگەیاندن ئەگەر لێرە بێت یا جێگرەکەی بفەرموون.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەک تووشی کێشەو گرفتێک بین بەداخەوە خاوەنی پێشنیارەکە لە فراکسیۆنی سەوز لێرە نییە، بەڵام ئەو بابەتە پەیوەندی بەمەوە هەیە لەو جێگایانەی کە ئامادەییان هەیە وەکو کۆیە، شەقڵاوە، دیانە، رەواندوز وناوچەکانی تر، هۆڵیان لەوێ بۆ ئامادە بکرێت لەجیاتی ئەوەی بێن بۆ ئێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت بەڵکو ئەو پێویستییەی ئەوان جێ بەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من باسی خاڵی تازە بابەتم نەکرد، چونکە برۆگرامەکان ئەوەندە زۆرە، خاڵی یەکەم پەیوەندی بە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریای شەش وسێ وەهەیە لەو جێگایانەی کە ئامادەیی وناوەندیان هەیە.

**بەرێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە پێشکەشی بەرێزتانی دەکەم، بۆ ئەو خاڵانەی لێرەدا هاتوون بۆ ئەوەی کاک سەعدی خۆی وەکیل بێت بەشی تر لەرێگەی تایبەتییەوە دەتوانن بەنامەو بە پێشنیار بیدەن بە بەرێزتان رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، ئەمە وەکو حالەتێکی دەسەڵاتی راپەراندن وایە بۆ بەدواداچوونی هەمان ئیش لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار کردنی ئەو خاڵانەی دوێنێ باس کران ئەوە ناگەیەنێ تۆ ببی بە جێگرەوەی دەسەڵاتی راپەراندن، چونکە پەرلەمان جگە لە تەشریعی یاسا، یەکێک لەکارەکانی ئەوەیە چاوەدێری دەسەڵاتی راپەراندن بکات ئەندامانی پەرلەمان پەیوەندییان لەگەڵ جەماوەردا بەرچاویان ئەکەوێت ئەیهێننە بەردەمی پەرلەمان بۆی هەیە پەرلەمان باسی بکات، بەڵام بریار وەرناگرن.

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ پێشنیاری کاک سعدیم، ئەگەر بکرێت کردنەوەکە لەو شوێنانەدا دابین بکرێت وکارەکە بەرێکوپێکی بکرێت شتی چاکە. بەنسبەت قسەکانی کاک شێخ عەبدولکەریم بەرای منیش هەندێ شت هەیە بۆ نموونە دوێنێ یەکێک لەخاڵەکانی خۆم بۆ ئەوە نەبوو باسی بکەین بۆ ئەمرۆ ووتم راسپاردەیەک بدرێت بەحکومەت کە پەلە بکرێت هەندێ پارە دابین بکرێت لەئێستاوە بیر لەوە بکرێتەوە چوونە دەرەوەی دەغڵ ودان لەهەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێزعەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کەقەت باسی شت نەکەین، من وام دانا خاڵی سێیەم کرینی دەغڵ ودانی جووتیاران ئەوە وەکو جێبەجێ کردنێکە، بەڵام من پێشنیارێک ئەکەم عەبدولموهەیمەن سێ رۆژ لە(ناوەخۆ) مایەوە بۆ ئەم خاڵەی پێنجەمی ئێمە واتا سێ رۆژە سەرگەرمی ئەوەن، مەسەلەی بەرچاوخستنی گیروگرفتی خانەنیشینەکان(٦)کۆبوونەوە لەچوار مانگی رابردوو کران نەگەیشتوونەتە ئەنجام پێشنیارەکان بەو شێوەیە، ئێمە(١٠٥)کەسین بەلایەنی کەمەوە(٢٢-٢٣)قەزیەمان هەیە هەر شوێنێک لەوانەیە (١٠-١٢)گرفتی تێدا بێت تەرکیز بکەن لەرێگای لیژنەکانەوە مەسەلەی دەغڵ ودان لیژنەی ئابووریمان هەیە بۆ خانەنشینی لیژنەی کۆمەلایەتیمان بیکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەهاتینە سەر ئەو خاڵانە ئەوەی جەنابت فەرمووت باس ئەکرێت لەهەمان کاتدا یەکێک لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێشنیاری خاڵێک ئەکات بەراستی با ئەمە نەبێت بەخاڵێک، بەڵام کەداواتان کرد بەکۆبوونەوە ووتتان بابێت بە خاڵێک ئەو پێشنیارەی کە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز کردی دەربارەی تاقی کردنەوەکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ببێت بەخاڵێک..؟ کێ لەدژە؟..
بەزۆربەی دەنگ بوو بەخاڵێکی تازە بابەت. بەنسبەت یاسای چاپەمەنیەوە ئەو پێشنیارەی لەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە هاتبوو دابەش کراوە بەسەر ئەنداماندا، دەربارەی رای لیژنەی یاسا جیاوازیەکی زۆر نییە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری چەند نوسخەیەک دابەش کرا بۆ فراکسیۆنەکان.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش جەژن تێبینیەکمان هەبوو وتمان کە لیژنەی رۆشنبیری لەپەرلەمان هەوڵ بدات دام ودەزگاکانی راگەیاندن کۆ بکاتەوە لەبنکەی پەرلەمان، یەکێک لەفکرەکانمان ئەبوو کە ئەم پرۆژەیە بدەین بەدام ودەزگای گەیاندن ورۆژنامەکان پێش باس کردن، لێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت وەکو یاسای حزبەکان دیارە پێکرا پێشکەش بە ئەنجوومەن کراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار
تاريخ القرار:
استنادا الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم واحد وبناءا على ماعرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة

بتاريخ١٨/٤/١٩٩٣اصدار القانون الاتي :-
القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٣قانون المطبوعات لاقليم كوردستان العراق.
المادة الاولى :- يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون :-
١- الاقليم : اقليم كوردستان العراق.
٢- الوزارة : وزارة الثقافة للاقليم.
٣- وزير : وزير الثقافة للاقليم.
٤- المطبوع الدوري: كل مطبوع يصدر باستمرار وبأعداد متسلسلة وفي اوقات معينة كالجرائد والمجلات والنشرات ومالى ذلك.
٥- المطبوع غيرالدوري: كل مطبوع يصدر لمرة واحدة او بأجزاء معلومة بغض النظر عن اعادة الطبع كالموسوعات والقواميس والكتب والكراريس والخرائط والرسوم ومالى ذلك.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کاک فەلەکەدین قسەیەکی کرد، ئێمە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی ڕۆشنبیریمان هەبوو و دەتوانم بڵێم لەسەرەتای مانگی سێ بوو کە ئەو ڕەشنووسی یاسای چاپەمەنیمان پێ گەیشتبوو، ئاگادار کردنی کاک فەلەک دینیشمان پێ کرا رامان وابوو جەنابت سەرۆکایەتی پەرلەمان بهێنێت ئەم ڕەشنووسە گفتوگۆ بکرێت لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤارو ڕۆژنامەکان بۆ ئەوەی (ممارەسەی) دیموکراتیەت هەبێت ودووبارە ڕۆژنامەگەری بەشێکە لەژیانی دیموکراتی وەبە پێویستی دەزانم کە ڕۆژنامەوانان بەشداری بکەن لەم یاسایە کەزۆر گرنگەو پەیوەندی هەیە بەڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە دووەمین خاڵ بەنسبەت منەوە برگە(١) (المطبوع غير الدوري) لەضمنی داوا ئەکەم (الپوسترات) زیاد بکرێت ئەوە شتێکە زۆر بەکار دەهێنرێ وبۆی هەیە هەندێک مەسەلەی سەلبیشی تیا هەبێت لێرە نووسراوە (والكتب والكراريس والخرائط والرسوم والپۆسترات) وشەی (پۆسترات) زیاد بکرێت و(ما الى ذلک) بەباشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو شت دەگرێتەوە، گشتییە (پۆستەرات) باشە ئەگەر زیاد بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ڕایەکەی کاک عبدالخالق بەشی یەکەمی ڕایەکەی کە دەڵێت پرس بەڕۆژنامە نووسانی کورد بکرابا لەو بارە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەوە نییە پێشمان خۆش بوو، بەڵام ئەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگەڕێتەوە. گۆڤار بە بەردەوامی دەربچێت (دەورییە) ئەگەر یەک جار دەرچوو بێت واتا (دەوری)نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەدواداچوونەی دەربارەی لیژنەی ڕۆشنبیری ئەوە تەواو بوو لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم هیچ پاساوێک نییە کە لیژنەی ڕۆشنبیری خۆی کە پەیوەندی بەسەرۆکایەتیەوە نییە خۆی هەوڵی ئەوە ئەدات لەگەڵ ڕۆژنامەگەری و ئەوانە رایان وەربگرێت ئەوە یەکێکە لەئەرکەکانی خۆیان، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بۆیان هەیە پەنابەرنە بەر پسپۆڕەکان کەس ڕێگای ئەوەی لێ نەگرتوون، دەربارەی (خرائط ورسوم)، رسوم پۆستەر ناگرێتەوە.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کتێب هەموو کتێب دەگرێتەوە زانست ونازانستی وە(رسوم) پۆستەریش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١)کێ لەگەڵیەتی وەکو خۆی بێ؟.. کێ لەدژە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٢)«لارقابة على المطبوعات في الاقليم وكل مواطن فيه حر في اصدار اي مطبوعات وفق احكام هذا القانون».

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، دیارە لەگەڵ هەموو دیموکراتیەتێکی سەربەستین ومرۆ ئازادە هەمیشە لە بیروڕا دەربڕینی خۆی، بەڵام جارێکیان باسی ئەوەمان کرد کە چاپەمەنی سانسۆری هەبێت، لەبارەی کتێبی ئایینەوە لانی سیاسی وکۆمەڵاتی هیچ بۆچوونمان لەسەری نییە، لەبارەی کتێبی ئاینییەوە هەندێ تەقینەوەو شتی وا ڕوو ئەدات لەناو جەماوەردا ئەبێتە هۆی سۆز بزواندنی موسڵمانان، یەکێک لەوانە کتێبی(کلمات الله)لەم ماوانەی پێشوودا دەرچوو بوو بەهۆی ئەوەی زانایانی ئیسلامی نەفرەتیان لەو کتێبە دەکرد وەخەڵکەکە زۆر ناڕازی بوون لیژنەش بۆ ئەوە پێک هات بوو باش بوو شتەکە نەگەیشتە دەرەوە کە بڵێن کوردەکان ئاینی تازەیاندا هێناوە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم کە لیژنەیەک لە زانایانی ئیسلامی پێک بێت، ئەو کتێبە ئاینیانە ئەبێ بەرەزامەندی زانایان چاپ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دەربارەی سانسۆر ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە ڕەقابە نەبێتە مانای ئەوەی کە سانسۆر نییە سێ جۆر سانسۆر هەیە یەکێکیان پێی ئەڵێن خۆسانسۆری ڕەنگە خۆی ڕەقابەی لەسەر بزانێت، دووەم ئەو (ڕەقابە)ی کە شتی لێ دەرئەچێت، هەر جێگایەک کە کتێبی لێ دەربچێت دەستەیەک

هەیە بۆ ئەوەی یاسا هەبێت بۆچوونی هەیە بیرو باوەڕی هەیە کە بۆ یاسا دانراوە ڕەقابەیەکی گشتی یاسای (ذاتی) ونەریتی کۆمەڵایەتی کە هەر وولاتێک هەیەتی ئێمەش هەمانە شتێک هەیە کە کۆمەڵ خۆی چاودێری دەخاتە سەری، وەزارەتی رۆشنبیری شتێکی باشی پێشنیار کردووە کە سانسۆر پاش دەرچوون هەبێت لەسەر هەرگۆڤارێکدا. مادەی(٩)خاڵی زۆر گرنگی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢)کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی وەربگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٣)« يشترط في المطبوع الدوري ان يكون له صاحب امتياز ورئيس تحرير يجيدان القراءة والكتابة بلغة المطبوع متمتعين بالاهلية القانونية الكاملة غير محكومين عن جناية او جنحة غير سياسية مخلة بالشرف».

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگەی(غیر محکومین)... بەرای من پێویستە چارەیەکی تری بۆ بکرێت، چونکە هەموومان باوەڕمان بەگۆڕان هەیە، بۆی هەیە کەسێک بەتاوانی بەد رەوشتی ودزی زیندانی بکرێت ئەو زیندانە وەکو قوتابخانەیەک بوو بێت واتا پاش چەندین ساڵ سیاسیەکی گەورەی لێ دەربچێت نووسەری گەورەی فەرەنسی (جان جینۆ) خۆی نووسین لەزیندان فێربووە چونکە لەوانەیە واش نەبێت بەو تاوانبار کردنە رەوشتیەی کە لەسەری گیراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی غیر سیاسی لێرە زیادەیە(غیر مخلة بالشرف)تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە(یجیدان القراءة والکتابة) زیادەیە، چونکە نەخوێندەوار خۆی ناکاتە سەر نووسەر، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نووسەری فەرەنسی ئەگەر بەرگری لێ نەکرابا حوکمی هەمیشەیی ئەبوو، یاسای فەرەنسیش ئەوەی هەمیشەیی بێت هەرگیز بەرنابێت مادەکە بمێنێتەوە یان نا زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی نەهلە خان کە دەڵێ (جنحة وجناية مخلة بالشرف) لابدەین بێ گومان سزای یاسایی سزای کەسی نییە بۆ غەیری خۆی نەکات، جا ئەدیبێک نووسەرێک تاوانی (مخلة بالشرف) بکات چی لێ چاوەڕوان دەکەی کەشتێک بکات لەسوودی میللەتەکەی بێت وەک مامۆستا (گۆران)، هەندێ کەس هەن سیاسین بوختانیان پێ دەکەن، ئێمە نابێ شک بکەین لەبریارەکانی دادگا مادام یاسا پیادە دەکرێت دادگای (تەمییز) پیادە دەکرێت مەسەلەی (مخلة بالشرف) چەسپاوە بەلای ئێمەوە زۆر پێویستە لەناوی بێت چونکە، خەڵکیش دوور دەخاتەوە لە خراپە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

(گۆران) لەبەندیخانە بوو بە مرۆێکی سیاسی توهمە نەبوو پێی کرابێ. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٤)«صاحب امتياز المطبوع الدوري ورئيس تحريره مسؤولان عنه بالتضامن أمام القانون والقضاء » (مالك المطبوع) لەپرۆژەکە کراوەتە (صاحب الامتياز)، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی چاپەمەنی دەوری و(صاحب الامتياز) کرا، ئەگەر چاپەمەنی دەوری هەبوو کێ بەرپرسیارە؟ هەرخاوەن نووسینەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاری وا هەیە هەندێ بابەت دێتە پێشەوە جەوهەریە، پەیوەندی بەبیرو بۆچوونی میللەتەکەوە هەیە، من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک فەرنسۆ وخوشکە نەهلە بووم، ئەوەی نەهلە خان ئی ئەوە نەبوو وابە ئاسانی بڕوات، دەبوو بخرێتە دەنگەوە، فت (حذف) کردنی ئەو دێڕەی دوایی یا هێشتنەوەی کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئێمە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرپرسی ڕاگەیاندن ویاسا هەیە، ڕۆژنامەیەک دەردەکرێت بە هەموو شتێکەوە (رئيس التحرير) هەیە بۆ هی ئێمە کەرتی تایبەت نییە یان یەکێک دەزگای بڵاوکردنەوەی جێگیری خۆی هەبێت لەبەر ئەوە ئەگەر (مالک المطبوع) هەڵگرین چارە دەکرێت، ئەگەر بچیتە قولایی مەسەلەکەوە (صاحب الامتياز) هەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
کاک ئیبراهیم ئەگەر مادە(٨) برگە(٤)بخوێنیتەوە چاری بابەتەکەی کردووە، سوپاس.
**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**
بۆچی (مالک)تان گۆڕی بە(صاحب الامتیاز)؟..
**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
ئێمە وادەزانین هەموو رۆژنامەیەک(صاحب الامتیاز)دەنووسێت،( مالك المطبوع) لەهیچ رۆژنامەیەکدا نەنووسراوە، سوپاس.
**بەڕێز سـەعـدی ئەحـمـەد مـحـەمـەد:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
مەسەلەی (امتیاز)و (مالک)جیاوازن(مالک) بۆی هەیە دەزگایەکی رۆشنبیری بێ، بەڵام کە گرفتێکی یاسایی دێتە گۆڕێ لەگەڵ ناوەڕۆکی گۆڤارەکەیە هەم نووسەر کە (محرره) یائەوەی کە نووسیویەتی بانگ بکرێتە دادگا، سوپاس.
**بەڕێز حـسـێن عـارف عـەبدولڕەحـمـان:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
لەبونیادەوە (مالک) بوو، جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان (مالک) و(صاحب الأمتیاز)دا، ئەم جۆرە رژێمانەی وەکو بەعسن (صاحب الأمتیاز) دەسەپێنن، چونکە کەس خاوەنی ئەوشتانە نابێت لەهەر حاڵەتێکدا فەرمانێکی دەرکرد رۆژنامەکە ئەڕوات، بەڵام (مالک) لەسەر حسابی خۆی دانراوە لەسەر بنەمای ئەوەی زەلامێکە ئەبێتە خاوەنی رۆژنامەیەک، ئێمە لەقانونەکە لەسەر بنەمای بازاری ئازادو میللەت دامان نابوو کە (مالک) بێت ومن دامنابوو، بەڵام برادەران لەخۆڕایی کردیان بە (صاحب الأمتیاز)، من لەسەر ئەوە پێ دادەگرم کە بکرێتەوە بە(مالک)، سوپاس.
**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
لەگەڵ بۆچوونی کاک سەعدیم، بەتایبەتی دەربارەی حزبە سیاسیەکان هەتا لەسەر رادەی حزبە سیاسیەکان حزبێکی دیاری کراو داوا پێشکەش ناکات بۆ ئەوەی مۆڵەتی بدات، زەلامێک تەرخان دەکات بنەمایەکەی لەسەر پرۆژەی یاساییە، سوپاس.
**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**
بەڕێزان بەرای من خەڵک هەردوو زاراوەکە بەکار دەهێنن دوور نییە کەسێک بێت یابەڕێوەبەری

شەریکەیەک یان حزبێک کەسێک دائەنێت (صاحب الامتیاز) بێت لەوانەیە بۆ دوو رۆژ بیگۆڕێت لەبەر ئەوە مافێکی سیاسیەو حزبەکە ئەو کەسە ئەگۆڕێت کارێکی سیاسی دەداتێ، لەبەر ئەوە دەبێت هەردوو زاراوەکە بەکار بهێنین لە برگە سێ کە پێشنیارمان کرد زۆر جوان هاتووە دەستکاری نەکرێ باشترە، (مطبوعی دەوری) ئەبێت (صاحب الامتیاز)ی هەبێت (رئیس التحریر)ی هەبێت لەمادە(٣)دا، بەڵام مادە(٤)(صاحب الامتیاز ومالك المطبوع ورئیس التحریر والكاتب مسؤولا امام القانون والقضاء بالتضامن الدوري)یەکەش هەڵدەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتێکی وا دەرکەوت خیلاف نییە کە ئێمە لەبارێکی دیموکراتیداین هەرکەسێک دەتوانێت کتێبێک یان رۆژنامەیەک دەربکات ببێت بە(مالکی)، بەڵام خۆی بەرپرسیارە لەوە..

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ کابرایەک بەرەو رووی دەستگایێکی زلی ئاڵۆز دەکەیتەوە کە نەتوانێت داوای مافی خۆی بکات، بۆ یەکیەتی وپارتیش ئەگەر (صاحب الامتیاز) با ئەندامی مەکتەبی سیاسیش بێت شکاتی لێ کرا بێت زۆر ئاسانترە بەرگری لێ بکەی لەوەی هەموو دەزگاکە بکەوێتە بەردەمی دادگاوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەخت لەسەر قسەکانی کاکەرەش وکاک سەعدی دەکەم، کەدەڵێن (لكل مواطن) نەک (احزاب)، هاونیشتمانێکی دەوڵەمەندی نەخوێندەوار بۆ خۆی شتێک دەکات ئەوکاتە (صاحب الامتیاز)و (رئیس التحریر)یش دیار دەکات پارەیان دەداتێ بۆ ئەوەی دیاریان بکات تا بەپێی یاسای چاپەمەنی سەرپەرشتی لەسەر موڵکەکەی ئەو بکەن لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەک (مالک المطبوع) بەرپرسیارییەتی نییە، لەسەر ئەوە (صاحب الأمتیاز)و (رئیس التحریر) بەرپرسیاریەتیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەواقعی خۆمانەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین تۆزێک بگەینە ئەنجامی چاک، جارێ بەهیچ جۆرێک باسی رۆژنامەی حزبەکان نەکراوە، رەنگە بڵێین هێشتا قانونی حزبەکانمان نییە نەشمانبێ بەرەسمی، خاوەنی (امتیاز) یا (مالک) هەر کەسێک بێت ئەو وەختە حزبەکەیە، ئەگەر بزانن زەمانی پاشایەتی کەسێک دەست نیشان دەکرا (صاحب امتیاز) نە ئەنووسرا (مدیر المسئول)، زۆر تریش ئەبوایە بروانامەیەکی بەرزی ببوایە، سەردەمێک ئەبوایە بروانامەی لەیاسادا هەبوایە بۆ ئەوەی لەیاسادا بگات، ئەو (مدیر المسئول)ە بەرامبەر بەدادگا بەرپرسیارە لەهەموو شتێک نەک هەموو حزبەکە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی حزبەکان کە یاسای (احزاب) دەرچوو، ئەو کاتە باسی ڕۆژنامەکانی حزبەکانیش دەکرێت، مافیان هەیە ڕۆژنامە دەربکەن.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ مانەوەی (رئيس التحرير) و(صاحب الأمتياز)م، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگفتوگۆی برادەران (مالک) و (صاحب الأمتياز) دووشتی جیاوازن، لەبەر ئەوە من پشتگیری ڕای کاک عەبدولخالق دەکەم(حفظا وحمايةً) لەمافی هەر زەرەر مەندێک، هەرشتێک بڵاو دەبێتەوە چاپەمەنی (دەوری) بێت یا (غەیری دەوری)، لەبەر ئەوە منیش هەرشتێکی دیاری کراو پێشنیار دەکەم، مالک و (صاحب الامتياز)و سەرنووسەر بەرپرسیار بن بەرامبەر دادو یاسا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ووتمان (مالک) ئەو خەڵکی هێناوە دایناوە، ئەڵێ ئەمە یاسای چاپەمەنییە، خۆی لێی بەرپرسیارە، ئەم (مالکە) ئەو چاپەمەنیە ئامادە ئەکات کاغەزو دەستمایە ئامادە دەکات، ئەم دانیشتووە نووسینێک لەم ڕۆژنامەیە دەرئەچێت کەتانەوتە شەڕ وبریندار کردنی تێدایە ئەم (مالکە) بۆ ئەبێت بەرپرسیار بێت؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ڕۆژنامە (تەغریم) ئەکرێت واتا (مالک)، من ووتم (حماية حقوق المتضرر)، صیغەیەک بدۆزینەوە کە مافی بەرامبەر دادگا ون نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ ڕۆژنامە خۆیان چارە ئەدۆزنەوە،هەرکاتێک ڕۆژنامە نووسی ئەم نووسەرە خۆی بەر پرسیار دەبێ ئەو وەختە سەرنووسەر بەرپرسیار نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەحمەد ئەبو بەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پشتگیری قسەی جەنابت، من ڕای دەگەیەنم کە دوای شەهید بوونی د. قاسملۆ ڕۆژنامەی هاوکاری (تضامن) لەبەریتانیا وتارێکی نووسیبوو کە بەڕێز مام جەلال بەشدار بووە لەو پیلانەدا، مام جەلال پارێزەرێکی گرت ودەعوایەکی لەسەر ڕۆژنامەی(تضامن) تۆمار کرد

کــەرۆژنامــەنووســێک نووسی بووی، بەڵام رۆژنامــەکــە هەمـــوو ئەو زەرەرەی بژارد نەک رۆژنامەنووسەکە، چونکە پێویستە سەرنووسەر هەموو وتارەکان بخوێنێتەوە وە، چونکە خۆی بەرپرسیارە، سوپاس.

**بەرێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

نموونەکەی کاک عبدالخالق کە مەکتەبی سیاسی حزبێک ووتارێکی نووسی و کرا بەسەر ووتاری رۆژنامەکە، ئایا حزبەکە بەرپرسیارە؟ نەخێر دیسان سەرنووسەر وخاوەنی (امتیاز) کە ئەندامێکی پابەندی حزبەکەیە هەر ئەو بەرپرسیارە، سوپاس.

**بەرێز ســـەعـــیـــد عـــەلی خـــان سلیـــمـــانی:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لێرەدا مادە (٤)باسی بابەتی یاسایی دەکات خۆی بابەتی یاسایی هەر (صاحب الامتیاز)ە، چونکە تەنها حزبە سیاسیەکان رۆژنامە وچاپەمەنیان نییە لێرە مافمان داوە بەهەر هاوولاتییەک لەدوارۆژدا مافی هەیە چاپەمەنی دەربکا، بۆیە دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان (مالک) و(صاحب الامتیاز)، لەوانەیە لە هەندێ باردا (صاحب الامتیاز) خۆی (مالک) بێت، بەڵام گەر مەسەلەکە بازرگانی بێ من دەوڵەمەندم وەکو کاک فرەنسۆ ووتی هەر خوێندەواریشم نییە بەدوو ملیۆن دینار چاپخانەیەک دەکرم سەرنووسەرێک دائەنێم ئەو کاتە من مافی بەشداری کردنی یاساییم نییە، چونکە سەرنووسەر (صاحب الامتیازی) هەیە ئەگەر سەرنووسەر (مالک) وخاوەن (امتیاز) ئەو کاتە مافی بەشداری کردنی هەیە، سوپاس.

**بەرێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەبۆچوونی من شتەکە خەریکە تێکەڵ بێت، لەخوارێ روون کراوەتەوە هەر کەسێک بۆی هەیە داوا پێشکەش بکات هەر کەسێک رەزامەندی بۆ دەکرێت ئەگەر ببێ بە(صاحب الامتیاز) بۆی هەیە وەکو جەنابت فەرمووی زۆر جار ناوی لێ بنێین (مالک) دەنا کەسایەتی دیار نییە پێکهاتنێکی ژێرەوەی هەیە پێکهاتنی دەرەوە (کاتب عدل) لەگەڵ کۆمەڵێک پێکهاتووە ئەوکەسەی کەداوا پێشکەش دەکات، مەرجی داناوە لە خوارەوە ئەوەی رۆژنامەی بۆ دەردەچێ دەبێتە (مالک) و(صاحب الأمتیاز)، چونکە ئەو داوا پێشکەش دەکات ئەو کەسایەتی یاسایی ناسراوە بەرامبەر وەزارەتی رۆشنبیری کەسی تر دیار نییە، سوپاس.

**بەرێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد ئەمین عـــەبدولحـــەکـــیم:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ وشەی (مالک) نیم، (مالک) لێرە بێتە پێشەوە لەوانەیە مالکی وابێتە پێشەوە پەیوەندی بەسەر نووسینەوە هەر نەبێت تەنها مەسەلەی ئیدارەو ئەوشتانە بێت، (صاحب

الامتیاز) بەو مانایانە ئەوا بەرپرسیار بێت نەوەک (مالکە)کە بەرپرسیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی ئەو پەیوەندیانەی نێوان(مالک وصاحب الأمتیازو رئیس التحریر) ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی ناوخۆیی ئەدەبییە، ئەگەر رۆژنامەکە درا بە دادگا دوو سێ بار هەیە رۆژنامەکە ئەدرێ بەدادگا، بەڵام کێ سزاکە دەدات؟ رۆژنامەکە ئەیدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکان دووبارە ناکەینەوە لەمادە(٩)لەبڕگە(٢)یاسا داینـاوە بزانین سەرپێچی یەکەی چییە ؟(في حالة مخالفة يتعرض صاحب الامتياز ورئيس التحرير وكاتب المقال في المطبوع الدوري مقدم المطبوع وغير الدوري للمسائلة القانونية وفق القوانين المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسانەی سەید حەسەن جەخت لەسەر قسەکانی من ئەکەن، بڕگەی(٣)مەسەلەیەکی هاریکارییە (تەضامونیە)، ئەوەی لە(٩) داهاتووە تۆژینەوەیەکی یاساییە، جیاوازیەکە زۆر روونە بۆ ئەوەی (صاحب الامتیازە) کەکارمەندێکە دوور نییە ئەو توانایەی نەبێت (مالک) بڵێت من نایدەم، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەو مادەیە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان دوو بەرپرسیاریەتی، بەرپرسیاریەتی«جنائي»وبەرپرسیاریەتی«مدني»، بەرای من ئەگەر هاتوو دەقەکە بەس بێت بۆ زامنکردنی ئەو دوو بەرپرسیارییەتییە حەقمان نییە مادەکە هەموار بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کرا، یەک پێشنیار هەیە، ئەویش«مالك المطبوع الدوري»لیژنەی یاسا وتیان بیکەن بە«صاحب الامتیاز»وەکو مادە(٣)کە هاتووە، پێشنیارێک هەیە لەکاک عەبدولخالقەوە ئەڵێ بووترێ(مالك المطبوع وصاحب الامتیاز ورئیس التحریر) بەر پرسیاریەتی بەهاریکاریان بەر دەکەوێ لەبەرامبەر یاساو دادا وابزانم هەر ئەو بڕیارە بۆ هەموار کردن هەیە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو یاسایە بووەتە سزادان وشتی وا، بەرای من جوان نییە بەیاسای رۆژنامەگەری مادە(٤)هەر مەسەلە (قانون وقضاء)ە مادە(٨)هەر هەمان شێوەیە مادە(٩)بڕگەی(٢)ی هەر هەمان شتە، بەرای من هەمووی کۆ بکەنەوە لەیەک بڕگە ومادەدا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەمادە(٩)(یحضر النشر)دەبێ هەندێ بابەت پەخش نەکرێن، ئەگەر سەرپێچی کرد سزای پێ درا تسلسلی بدەنێ بەپێی سـەرپێـچی کـردنی یاسـایی، لەبرگـە(١)ی مـادە(٩)لە برگـەی(٢)ی مادە(٩)لەحالەتی سەر پێچی کردندا«یتعرض صاحب الامتیاز أو رئیس التحریر وکاتب المقال في المطبوع الدوري ومقدم المطبوع غیر الدوري للمسائلة القانونیة وفق القوانین المرعیة في حالة مخالفته لاحکام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد رەشیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆر جیاوازی نابینم لەنێوان(صاحب الامتیازو المالك)، لەبەر ئەوە ئەو تێبینییەی کاک فەرسەت ووتی نەختێک ورد نییە، چونکە (صاحب الأمتیاز )و (مالک) پەیوەندیان نییە بەسەر رۆژنامەو سەرنووسەرو سکرتێری نووسینی نووسەری وتارەکان خۆیان بەرپرسیارن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە بۆچوونی من ئێمە تەنها کەس نین کە رۆژنامە دەرئەکەین لەهەموو دونیادا رۆژنامە دەردەچێت، ئەوانەی رۆژنامە دەردەکەن حەز دەکەن زۆرترین ژمارەی خەڵک هاوکار بن لەگەڵیاندا کاکەرەش بابەتەکەی لەلانی یاسـاییەوە روون کـردەوە، کێ داوای مـۆڵەت دەکـات و(سـتـافـە)کـەی خـۆی پێشکەش دەکات بەرپرسیاری یەکەم ودووەم وسێیەم لەبەرامبەر رۆژنامەدا بە ناوەڕۆکی رۆژنامەکە پێشکەش دەکات ولەبەرامبەر دادگادا ئەوان بەرپرسیارن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــەرەنســــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

رەنگە بۆچوونەکەی کاک عـەبدولخـالق لەجێگایەکی تر لەجێگای خـۆی بێت، چونکە لێرە باسی پەخش و دەوری دەکرێت باسی کتێب ناکات کە کتاب چاپ بکات، لەبەر ئەوە لێرە پڕ بە پێستی خۆیەتی (صاحب الأمتیاز) وسەرنووسەر خاوەن شتەکە پێویست نییە ناوی بێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مـادە(٣،٤،٥،٦،٧)ئەوا چارەی هەمـوو چاپەمـەنی دەوری دەکـات. مـادەی(٨)غـەیری دەوری چارە دەکات هەر چاپەمەنیەک کە دەکرێت چارەی خۆی لەگەڵ خۆیەتی، نابێت هەمووی لەیەک جێگادا کۆ بکەینەوە هەر یەکەیان چارەی خۆی لەگەڵدایە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسا بۆ حزبەکانیش هەیە، بۆ کادیری سیاسیش ئەوە هەیە، ئێستا وابزانم زۆر باسی ئەوەمان کرد تەنها پێشنیارێک هەیە..

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوە نییە، کە ناتوانین یاسا دەربهێنین پێویستی دەسەلات لەسەر یاسا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (مالک) بۆ مادده (٤) زیاد بکرێت کە ئەڵێت« مالك المطبوع وصاحب امتيازالمطبوع الدوري ورئيس تحريره مسؤولان عنه بالتضامن ».

پێشنیارێکی تر هەیە کە (مالک ) زیاد بکرێت کێ لەگەڵ ئەوەیە مالک) زیاد بکرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ رەفز کرایەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٥)اولا :-لكل مواطن عراقي مقيم في الاقليم يرغب بأصدار مطبوع دوري ان يقدم طلبا الى وزير الثقافة يبين فيه اسمه وأسم رئيس التحرير وأسم المطبوع ولغته. ثانيا :- على الوزير ان يبت في الطلب خلال مدة ثلاثين يوما من تأريخ تسجيل الطلب لدى الوزارة. ثالثا :- اذا لم يبت الوزير في الطلب خلال المدة المقررة في الفقرة(٢)يعتبر المطبوع الدوري مجازا قانونا. رابعا :- في حالة رفض الطلب يحق لمن رفض طلبه الطعن في قرار الوزير لدى محكمة تمييز الاقليم خلال عشرة ايام من تأريخ تبليغه بالرفض ويكون قرار المحكمة قطعيا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران بزانن کە گۆڕانکاری هەیە لەنێوان ئەوەی لیژنەی یاساو پرۆژەی وەزارەتدا، جا تکایە ئەوەی وەزارەتیش بخوێنینەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی وەزارەت رێگای بەر پەرچ دانەوەی (طرق طعنى) تیا نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی لەوەزارەتدا هاتووە، دەڵێت هەر کەسێک رۆژنامەی دەرکرد وادا دەندرێ کە رۆژنامە بەرقەرارە (قائمە)، ودەڵێ هیچ داوایەک پێشکەش نەکرێت ناوی زمان (لغە) نەزانرێت ئێمەش

وامـان پەسـەند كـرد كـه بەلانى كـەمـەوە ناوى زمـانيـش باس بكرێت ورەزامـەندى لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جــێگرى ســـەرۆكى ئەنجـــومـــەن:**

له ولاّتانى سۆشيالستى شتى وا هەيە، رەنگە وەزارەت ئەوەى لەبەرچاو بێت كه ئەوەى پێشنيار كـردووه نەك بەهانا هاتن (اغـاثه)ى بێت لەوه يەكـێك مـافى هەيه رۆژنامـه دەر ئەكـات، نوسخەكەى ئەنێرێت، رەنگە بەبێ استيراد نەبێت كه ئاوام باس كردووه.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەريم بەرزنجى:**

**بەڕێز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومــــــەن.**

من نەم ووتوه وەزارەت شـتى كـردووه يان نا، وتوومـه ئەمـه راى وەزارەتەو، ئەوەش راى ليـژنەى ياسايه، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەنديى:**

**بەڕێز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەپرۆژەى وەزارەتدا كۆمەڵێك مەرج هاتووه، نابێت لايەنێك لەپرۆژەكه ديارى بكرێت لەسەر ئەو بنەمـايه ليـژنەى ياسـايى بۆى دانرا كه پرۆژەيەك پێـشكەش بكات بۆ ئەوەى داوايەك هەبێت بۆ ئەوەى وەزارەت ئەو بوارەى هەبێت لەو بابەته بكۆڵێـتـەوە لەو بوارەى كـه مـەرجـەكـانى تێـدايه، چونكه مەرجەكان سەپاندراون، سوپاس.

**بەڕێز فـــەلەكـــەدين ســـابيـــر كـــاكـــەيى:**

**بەڕێز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومــــــەن.**

چووينه لاى بەڕێز وەزيرى رۆشنبيرى لەگەڵياندا كۆكين، سوپاس.

**بەڕێز شـــەوكـەت حـاجى مـوشـيـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەسەر خـاڵى يەک هەندێ تێـبينيم هەيه، دياره ئێـمه بەرپرسيـاريەتيـمان لەسنوورى كوردسـتانى عـێراق دايه بۆيه« لكل عـراقي »زۆر گشتگيـره (شـامله)، پێم باشه وا دابرێژرێت. (لكل شـخص داخل حدود اقليم كوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــيـل عـــــەبدى سندى:**

**بەڕێز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومــــــەن.**

برگه(١)دەبينم كـەمايەتيەكى تێدايه گەر وەزير داواى رەفزى كردو ئەوان پەسەنديان كرد، بوارى كورتەيەكى چاپەمەنيەكەى تێدا بێت، چاكتره تا بزانن پێويسته يان نا تا رازى بن، نەک(اسـم رئيس التحرير وصاحب الامتياز، واسم المطبوع)بەس نيیه، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر برگە(١)قسەم هەیە، بەڕای من ئەوە دیاری نەکەین، چونکە بەیانی دەوڵەمەندێکی کورد لەدەرەوە مەرج نییە کوردی عێراق بێت، کوردێکی ئێران یاسوریا بێت، بێت لێرە ڕۆژنامەیان، گۆڤارێک دەربکات بەشداری لە پەرەپێدانی کەلتوورو ڕاگەیاندنی ئێمە بکات، ئەم برگەیە ڕێگای لێ ئەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینییەم هەیە لەسەر برگەی یەک، وابزانم ئەو مافەمان بەهەموو عێراقیان داوە بەلایەنی کەمەوە لە کوردستان دابنیشن، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی پێویستە ئەو مەسەلەیە (سانح )بکرێتەوە، واتا پرۆژەکەی وەزارەت کە خراوەتەڕوو بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەم هەموارکردنەدا یاخود پشت بەمە دەبەسترێ، لەسەر ئەمەو موناقەشەی وەزارەت وازی لێ هێنرا با ئەمەمان بۆ یەک لا بێتەوە ئەگەر وابێت من خۆم وەکو کاک فلک ووتی کە ئەم خۆبەستنەوەیە زیادەیەو پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم هەیە کە خاڵی یەکەم لەمادەی(٥)بۆ ئەوەی هاوولاتی کوردستانی بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە فیدرالیەتمان ڕاگەیاندووە لەناو عێراقدا بەو صیغەیە بکرێت«لکل مواطن كردستاني وعراقي يرغب بأصدار مطبوع دوري ان يقدم طلب الى وزير الثقافة»ئەو هاوولاتییە کوردستانییە (مواطن کوردستانی) گشتی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری ڕۆشنبیری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من(١٠٠٪)لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە کاک عبدالخالق کردی و، بەسەر ئێمەدا تێ پەڕیوە لەم برگەیەدا لەگەڵ هەموار کردنی (تعدیلاتی) لیژنەی یاساییم.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنە چووینە لای وەزیر بەقسە باسی کرد، بێگومان بۆ ئەو خاڵانەی پێشوو مەرجی داناوە، وەکو بەڕێز کاکەڕەش وتی پێویستە شتێک دابنرێت، نازانم پێشنیارەکە چی بوو، بۆ ئەوەی دەرکردنی ڕۆژنامە ئاسانتر بێت وسانسۆر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەگەڵ لیژنەکەی وەزارەتی رۆشنبیری دام ئەو رۆژنامانەی کە دەردەچن (قائم) بن، بەڵام خاڵێک دابنێین کە بۆ ماوەی مانگێک مۆڵەت وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمــــەد مــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشنیارێکی تری دیاری کراوم هەیە، لەجیاتی ئەوە«لكل شخص مقيم في اقليم كوردستان»با ئەوەندەش میسـالی نەبێت،(٣٠)رۆژ زۆرە یان ئەو مـەرجـە زۆرە، هەندێک مـەرج هەیە دەبوایە دامـان نەنابا. مـادام ئەم مـەرجـانە هەنە دەبێت لایەنێکیش هەبێت ئاگاداری ئەم مـەرجـانە بکات، ئەوەی رۆژنامە دەردەکات با(٣٠)رۆژ چاوەڕێ بکات، مەرجەکانیش بەو شێوەیە نییە بەرهەڵستی چاپەمەنی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــومــــەن:**

پێشنیـارێک دەربارەی برگـە(١)(ولكل من يرغب بأصدار مطبوع دوري ان يقدم طلبا)(مـن يرغب)، گشتگیرە (شاملە).

**بەڕێز حـــســــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێـمـەش لەگـەڵ ئەو رایەین کـە وشـەی عـێـراقی بگۆردرێت، ئەگـەر بۆ مـادەی(٥)بگەڕێینەوە ووشەیەک پڕ بە پێستی هاتووە ووشەی عێراقی بکەینە (مـواطن) بەلایەنی کەمەوە لێرە نیشتەجێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـــەد ئەبو بەکـر حـســـەن بامـەڕنی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مـواطن) هەردەم بەنیشـتـمانەوە بەستراوەتەوە.. هاونیشـتـمـانی یاعـێـراقیـە یاتورکیـە.. بەیانی یەکێک لەوانە حەزدەکات رۆژنامەیەک دەربکا هاونیشـتمانیی عێراق نابێت«مـن یـرغـب» زۆر چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــومــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وشەی عێراقی بگۆڕێت«لكل مـواطن يرغب بأصـدار» ئێستا سێ پێشنیار هەیە«لكل مواطن»هەیە«لكل من يرغب»،«غير عراقي»ئەگەر هاونیشتمانیەکی عێراقی هات لێرە رۆژنامەیەکی دەرکرد ئەوە بۆ ئەوە دەگرێتەوە کە بەشێکین لەعێراق.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشنیـارەکەی من لایەنی سیـاسی وفکری تێدایە، (لكل مـواطن کـوردسـتـانی وعـراقی) لێـرە

هەردووکی دەگرێتەوە ئێمە پارچەیەکین لەکوردستان، بەشێکین بەفیدراڵیەت لەعێراق، ئەو دوو ووشەیە مانای خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو پێشنیارە زیاد بکرێ گشت هاوولاتیەکی کوردستانی لەهەموو پارچەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لام وابێ باش نابێت بڵێین کوردستانی یان عێراقی، بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی سەر سوڕمان، دووژمن بڵێت مەبەستیان لە جیابوونەوەیە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، مەسەلەی ئەم سێ دارشتنە ئەڵێین بەشێکین، فیدراڵین، بەڵام واقعێکی تریشمان هەیە کە خەڵکانێکی کوردستانی تر هەن ڕۆژنامەیان لێرە دەرئەچێت، ئەبێت ڕێگایان بدەین ئەبێت یاسایێکی بۆ دەربچێت، یا دەبێت بەنهێنی بێت، لێرە ناچارین بەهەموو بارێک (کوردستانی) بڵێین بۆ ئەوەی هەموو بەشی کوردستان بگرێتەوە لەرووی یاسایشەوە کە ووتوومانە فیدراڵی وعێراقین هیچ کاتێکیش لاریمان لەوە نەبوو کە کوردستانین، زۆر هەڵوێستمان لەپەرلەمان هەبووە لە پشتگیری بەشەکانی تری کوردستان، جا لەو باوەڕە دام ئەم«من یرغب»ە دەرگایەکی چاکترمان بۆ ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو(لکل من)(من) کراوەیە بۆ هەموو لایەنەکان بۆ پێکهاتەی حزبی سیاسی بۆ شەریکە ئەوکاتە ناشێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٢-٣)پێشنیار هەیە دەبێت ئاگاداری بکەین کە دەڵێت (مواطن) دەبێت سیفەتێکی بۆ دابنێین، واتا سیفەتەکە یا کوردستانی یا عێراقی یا تورکی یاسووری چونکە (مواطن) بەتەنیا نابێت (مواطن) بەستراوە بەم نیشتمانەوە، ئێمە ئایا بوار دەدەین بەو کەسەی لەلندن دانیشتووە ڕۆژنامەیەک دەربکات، شەریکەیەک لەئەمەریکا هەیە ڕۆژنامەیەک دەربکات، نا دەبێت لەکوردستان دابنیشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی(کل من یرغب) دەرگایەک دەخەینە سەرپشت کە ناتوانین هەتا دژی ڕۆژنامەی (الثورة)ش بوەستین. بەپێی یاسا ناتوانی دژی بوەستی، بەڵام وابزانم لێرە ڕۆژنامەکان دەفرۆشرێت

پشتگیری پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق دەکەم وەبە بۆچوونی من نابێت پێدانی (معطیاتی) سیاسیشی لەگەڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەبەست لەو حزبە کوردستانیانە بێت، یان ئەو چاپەمەنییانەی کە لەکوردستان دەردەچێت کوردستانی تورکیا بێت، یائێران یاسووریا بێت، لەوێ دەرئەچێت لێرەدا بڵاو ئەکرێتەوە، تۆ بۆ بەیاسایێک دای ئەنێیت کە لێرە دەربچێت، عێراقیەکە رەنگە هەمووی بگرێتەوە ئەوەی تریش لێرە بڵاو ئەبێتەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی (موحەویل وصاحب الامتیاز) کاک حازم روونی کردەوە، مەسەلەی (محول وصاحب الأمتیاز)، بۆ نموونە دەتوانێت رۆژنامەی هەمەجۆری کوردستانی دەربچێت لەهەموو پارچەکانی، بەڵام خاوەنی (امتیاز) دەبێت بۆ تۆژینەوەی یاسایی یان لەکاتی لێپرسراویەتیدا بەرامبەر بە مەرکەزیەتێک بوەستێ کە پێویستە لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وشەی (مواطن) کە لەسەرەوەدا هاتووە، تێیدا کە دەڵێت (مواطن) یاسایەک لەهەر مەملەکەتێک دەردەچێت هەموو مەملەکەتەکە دەگرێتەوە، دووەم وشەی عێراقی زۆر پێویستە، چونکە ئێمەی کورد لەکوردستانی عێراقدا هەر کوردین بەگوێرەی ئەو فیدراڵیەتە، دوای ئەوە ئەبێ یاسای نێو دەوڵەتی پەیرەو بکەین خەڵکێکی غەیری عێراقی بێت، لێرە رۆژنامە دەربکات بەچ صیفەتێک دێت بەسیفەتی ئیقامە دێت، بەسفەتی پەنابەر دێت، بەرێگایێکی رەوا دێتە ناو عێراقەوە بەچ رێگایەک دێتە ناوەوە، ئەوە دەرگایەکی زۆر گەورە بۆ ئێمە دەکاتەوە لەلانی دام ودەستووری یاسای نێو دەوڵەتی، چونکە ئەبێت بابەتی بەراوردی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم یاسای نێو دەوڵەتی کەی پێچەوانەی ئەوە بووە کە دەوڵەمەندێک یا مۆنۆپۆلی چەندین رۆژنامەیان لەدنیادا هەیە، کابرایەکی مارکسی کەپێش چەند ساڵێک مرد زیاتر لە(٨٠)رۆژنامەی هەبوو لەهەموو دنیاوە لە طوکیۆ وەهەتا دەگاتە فنزویلا وەهیچ پێچەوانەی یاسایش نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئەمە هەر صیغەکەشی چۆن ئەبێت (کوردستانی عێراق) پەیوەندی پێ بکەین یان نا، جا ئەگەر بکرێت دان وستانێکی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێگامان داوە بەکابرایەک کە نەهاوولاتی ئێرەیە نە (إقامە)ی لێرەیە توانیویەتی ڕۆژنامەیەک دەربکات لەکاتی زێدەرەویەکدا لەسنوورەوە بۆی دەردەچێت ئەوکاتە چۆن تۆژینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکەی؟ بۆیە ئەو قانونە بەو شێوەیە صیاغە بکرێت کە هاونیشتمانیی غەیری عێراقیش سەرمایەکی هەبێ لێرە وەبەری بێنێ لەبواری پەخش ورۆژنامەدا، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەرپرس نین بەقانون کە داوای مۆڵەتی لێ کردن ئەگەر (صاحب الامتیاز) وسەرنووسەر بێت پێویستە عێراقی بێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق بێت، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەکو لەپێشەوە قسەمان کرد دەربارەی ئەم برگەیە تەنانەت سەرۆکی کتلەی زەرد خۆی جەختی ئەو پێشنیارەی کرد کە لەلایەن(کاک عەبدولخالق)ەوە کرابوو و، منیش پێشتگیریم کرد کە برگەکە بەم جۆرە بێت کەبۆ هاونیشتمانێکی کوردستانی عێراقی بێت، پێم وایە ئەمە گتشگیر (شامل) ترە هەموو کوردێک ئەگرێتەوە ولەهەمان کاتیشدا هەموو عێراقیەک دەگرێتەوە، ئەمە ڕای وەزارەتی ڕۆشنبیریە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاک سەعدی «سەرۆکی کتلەی سەوز»کردی وەکتلەی زەرد جەختی کردەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئینجا مادە(٥)وەکو خۆی بمێنێتەوە وەبێ«لکل مواطن عراقي مقيم في اقليم كوردستان العراق»کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وا وەربگیرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٦)اولا :-يعتبر المطبوع الدوري قائم الوجود قانونا منذ صدور اول عدد منه واذا ارتأى صاحب الامتياز الغاء وجوده فعليه اعلام الوزارة بذلك تحريريا ويكون ملغيا قانونا من تأريخ تسجيل الاعلام لدى الوزارة.

ثانيا :-يجوز تغيير صاحب الامتياز او رئيس التحرير او كليهما على ان يعلم الوزارة بذلك.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دروستە (مالک )بمێنێ، چونکە (مالک) ئەتوانێت، سەنووسەر ڕەنگە (مالکی) نەبێت (صاحب الامتیاز) ناتوانێت (الغا)ی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژنامەیەک ئەگەر (تحويل) نەکرا، لەکار ڕادەوەستێ دەبێ صیغەیەکی تر بدۆزینەوە، لەو حاڵەتە بەدوای موحەویلی تردا بگەڕێین ئەوەی کە ڕۆژنامەکەی بۆ (تحويل) بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیەی(٢)ئەو گۆڕانکاریە لەجیاتی ئەوەی وەزارەت پێی بزانێت ڕەزامەندی نیشان بدات باشترە چونکە هیچ دەورێکی وەزارەت نامێنێ لەو وەزعەدا هەر تەنها پێی بزانێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(١)کە ئەڵێت«قائم الوجود منذ صدور اول عدد منه»ئەوە لەگەڵ پرۆژەکەی وەزارەت نەگونجاوە، ئەمە لەگەڵ ئەوا دانراوە، بەڵام کە ئێستا مەرجی بۆ دانراوە کە داوای مۆڵەت بکات دەبو بڵێین(منذ صدور الايجازة) چونکە (تبعاتی) قانونی لێ ئەوەشێتەوە، ئەمە لەوەختی مۆڵەتەوە نەک لەوەختی دەرچوونی ژمارەکە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک حسێن عارف ووتی لەکاتی مۆڵەت یا دەرچوونی یەکەم ژمارە ئێمە وامان پێ پەسند بووە کە یەکەم ژمارەی دەرچوو مانای تەواو دەبێت لەوانەیە مۆڵەتیش وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی خاڵی یەکەم کە ئەڵێت(يعتبر المطبوع الدوري قائم الوجود قانونا منذ صدور اول عدد منه). وەکو تێگەیشتبم ئێوە لاری ئەوەتان نییە لەپاش ئەوەی کە مۆڵەتی وەرگرت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ڕۆژنامە (موخەوەل )دەبێت بەدەرچوونی مۆڵەت، بەڵام لەڕاستیدا بوونی نییە لەبەر ئەوەی یەکەم ژمارە دەرچێت ئەو (قائمە)، چونکە شتێک ئەگەر لەوجود دا نەبێت چۆن دەتوانی بڵێی (قائم الوجوده)؟ سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڵێین لەکاتی مۆڵەت پێ دانێک شەش مانگی پێ چوو، ئەگەر سێ مانگ بێت، خۆ لەو سێ مانگە گەلێ جۆر مافی تێ ئەکەوێت گەلێک گرفتی تێ ئەکەوێت واتا (تباعاتی) قانونی لێ ئەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسایەکە چارەسەری سەرپێچی کردنی چاپەمەنی کردووە سەرپێچی کردنی چاپەمەنیەکە دیار دەکەوێت کەی دەرچوو، بەڵام ئەوانی تر مووچەی کرێکارێک نەدرا، کارێک دوا کەوت، پایەکێک سەقەت بوو، بەر مەکینە کەوت ئەمە هەموو یاسای تایبەتی خۆی هەیە ورێگای خۆی هەیە چاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم مادەی(٦) ئەڵێ ئەو ڕۆژنامەیە بەپێی لەرۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەوە ( قائمە )، پرسیارەکە ئەوەیە دەستەیەک داوای ڕۆژنامەیان کردووە ،وەزارەت ڕازی بوو وەدەستەی نووسەرانی دا ئەنێت ڕۆژنامە تا شەش مانگ دەر ناکات وە ئەم ڕۆژنامەیە هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی لەرۆژنامە ئیش دەکەن دوو جۆرن یان کەرتی گشی یان تایبەتی، ئەوەی کە لەکەرتی تایبەتییە ئەوانەن کە ئیش دەکەن وخزمەتیان دەگوازنەوە لەرۆژی دەرچوونی فەرمانی دامەزراندنیانەوە مافە دەستکەوتووەکانیان دیار دەبێت ئەوانی تر ئەو کرێکارانەن کە لەو جێگایانە ئیش دەکەن کە پەیوەندیان بەکەرتی گشتییەوە نییە تایبەتن وئەوە خۆی یاسای تایبەتی هەیە ئەوە چارەی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە(٦)کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة(٧)«على صاحب امتياز المطبوع الدوري مسك السجلات القانونية الاصولية مصدقة من قبل كاتب العدل بحسب مقتضى حال المطبوع».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی نییە.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٨) :-

اولا :-على كل من يروم طبع مطبوع غير دوري توثيقه مسبقاً لدى المكتبة الوطنية للاقليم وايداع نسخة طبق الاصل لديها.

ثانيا :-على مقدم المطبوع غير الدوري للطبع ايداع عدد من النسخ منه بعد انجاز طبعه لدى المكتبة الوطنية للاقليم.

ثالثا :-يجب ان يذكر في المطبوع غير الدوري عند طبعه اسم المؤلف او المؤلف والمترجم ومقدمه للطبع وناشره وتأريخ طبعه والمطبعة التي طبع فيها ورقم وتأريخ ايداعه في المكتبة الوطنية وعدد نسخه.

رابعا :-مقدم المطبوع غير الدوري للطبع يكون مسؤولا عنه امام القانون.

**بەڕێز د. عـيـزەدين مـسـتـەفـا ڕەسـول:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

نازانم ئەمەویت پرسیارێک لەبەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بکەم ئێمە کتێبخانەیەکمان ناو ناوە کتێبخانەی نیشتمانیی، ئاگاداری ئەوە نیم، چونکە وابزانم کتێبخانەی گشتی هەولێرمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

لەبڕگە(٢)لەمادەی دوای ئەوە لەمادەی(٩)دا هاتووە، ولەدوایی دا ئەڵێ« ماقدم المطبوع غير الدوري يتعرض للمسائلة القانونية » واتا ئەبێ ئاگاداری بکرێ یا لەوێ نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

تا ئێستا شتێک نییە بە ناوی کتێبخانەی نیشتمانییەوە کە بەرەسمی دانرابێت، تەنها پرۆژەیەک هەیە کە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم بنیات بنرێ ئەمە بۆ وەڵامەکەی د.عیزەدین، دەربارەی برگەی(٣)تەنها ئەم دوو تێبینییەم هەیە لەگەڵ ناوی نووسەردا ژمارەکەشی بنووسرێت واتا ژمارەی ئەو نوسخانەی کەچاپ دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز حـسـێن عـارف عـەبدولڕەحـمـان:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

وابزانم فتکردنێک (حەذفێک) هەیە کە لەوەختی چاپدا پەڕیوە، جیاوازیەک هەیە کە ئەڵێت ٣-(يجب)... پێش وەرگێڕەکە دانەرێکی تر دووبارە دەبێتەوە، چونکە جاری وا هەیە ئەوەیان هەر بەتەنیایە، جاری وا هەیە کتێبەکە وەرگێردراوە ئەبێت ناوی وەرگێڕو دانەرەکەشی بنووسرێت. سوپاس.

**بەڕێز عـيـزەدين مـسـتـەفـا ڕەسـول:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

لەیاسای وەزارەتدا کتێبخانەی نیشتمانیمان هەیە، بابڵێین ئێستا ئەم یاسایە دەرچوو، تا دوو ساڵ کتێبخانەی گشتیمان ناونەنا، نابێ هیچ شتێک دەربچێت ئەم گرفتە چۆن چارە دەکەن؟ پێت

دەڵێ (رەقەم ایداعی) نییە، لە کتێبخانەی نیشتمانیی ئەپرسم کامەیە کتێبخانەی نیشتمانیی ئەبێت هیچ نەبێت یەکێکیان بەکاتی دابندرێ تا گەورەکە دروست ئەکرێت ئەو دەسەڵاتەی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەنگە لەو حاڵەتەدا پێشنیارەکەی خۆی پێکەشی دەکات بۆ کتێبەکەی لەو بارەدا پێش ئەوەی کتێبخانەی نیشتمانیی دابنرێت لەوەزارەت ئەتوانێت هاوئاهەنگی ئەو مەسەلەیە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەت ئەتوانێت ئەمە بە رێنومایی دەربکات ئەڵێت ئەمە لەوەزارەت دائەنرێت، ئێستا یەک پێشنیار هەبوو لەبڕگەی(٣)بنووسرێت (عند طبعه اسم المؤلف، او المؤلف والمترجم ومقدمة للطبع..) کێ لەگەڵ ئەم هەموار کردنەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

لەبڕگە(٤)باسی ئەوە کرا کە بیکەن (مسؤولا امام القانون) لەسەر ئەوەی کە لەماد(٩)ئەوە کراوە، لیژنەی یاسا لاریبە لەسەر ئەوەی لاببرێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگە٢)ی مادە(٩)دا هاتووە (ومقدم المطبوع غير الدوري للمسألة القانونية وفق القوانين المرعية). وەکو دڵنیایی هاتووە ئەگەر هاتووە کار لەسەر ئیشەکە ناکات، بەرهەڵستی نییە لاببرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە(٤)لابرێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگە(٤)هەڵوەشایەوە.

مادە(٨)کێ لەگەڵیەتی لەگەڵ ئەو هەموار کردنەدا؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٩)/يحظر النشر في التحريض على ارتكاب الجرائم واعمال الارهاب وترويج سبلها وتوفير ممكناتها والقذف والطعن والتشهير بالاشخاص وانتهاك حرمة الاديان والمذاهب والاداب والنظام العام.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەم هەر هەمووی لەیەک شتدا کۆ ئەکرێتەوە ئەو شتانەی کە پێچەوانەی یاسان، ئەکەونە گێژاوێکەوە کامە (قەذفە)و کامە (طەعنە) کامە (حەساسە) بەئایین ومذهب وکامە گفتوگۆیەکە

کەئایین خۆی ڕێگای ئەدات، لەبەر ئەوە ئەمانە هەر خۆی یاسای تایبەتی هەیە کە ڕێگای نادات، وابزانم هەر هەمووی لەشتێکدا کۆ بکرێتەوە کە ڕێگای ئەوە نادرێت وبەپێی یاسا سزا ئەدرێت.(یایحضر... مایخالف القوانین المرعیة)، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ سەرنجم هەیە لەسەر بڕگە(٤)باسی دادگاو دادوەران دەکات، خستنە سەرێکم لەکۆتاییدا هەیە«التعرض للقضیة مالم یتم التحقیق فیها». واتا ڕاگەیاندن یا ڕۆژنامە هیچ باسی قەزیەیەک ناکات هەتا

تۆژینەوە تەواو ئەبێت. خاڵی(٥)القذف والطعن بالأشخاص..( بالاشخاص) لاستیکیەتێکی زۆری تیایە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

(القذف والطعن)... لەهەموو حاڵەتێک دا کابرا ئەچێت داوا تۆمار ئەکات، ئەڵێت فلان (تەشهیر)ی پێ کردم ئەوکاتە لەوانەیە (تغریم) بکرێت یان نەکرێت.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی شەشەم،(انتهاك حرمة الاداب والنظام العام) زۆر شت ئەگرێتەوە ئەگەر دەقێکی وابێت بەدەست دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە بێت خۆیان ئەم ڕۆژنامەیە دابخەن یا دەیکەنەوە، لەبەر ئەوە من ئەڵێم پیاچوونەوەیەکی تیا هەبێت ودیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێ بوردن ئەکەم، ئەگەر وەکو پێشنیارەکەی پێشوو نەبێت کە هەر باسی نەکرا، بۆ بابەتی چاپکراوەکان کە خاوەن (امتیاز) لابرێت پێشنیاری ئەوەم کرد کە ڕەزامەندی وەزارەت هەبێت پێش ئەوەی لابرێت نەک هەر لەخۆیەوە (مالک)ەکە هەر کەسێکی تر لای ببات هەر وەکو ئەوەی کە ڕژێمی پێشووی عێراقی ئەیکرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەڕووی ڕەسمەوە کاک ئیبراهیم جیاوازی هەیە لەگەڵ جەنابتدا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە تێکڕا پێچەوانەیە لەگەڵ مادە(٢)کە دەڵێ(لارقابة علي المطبوعات) پاشان زۆر کۆت وزنجیر دانراوە کەبەڕاستی حەق نییە بەو صیغەیە کۆ بکرێتەوە تەنها لەدوو خاڵی دەبینم یەکێکیان ئەوەیە خاڵی پێنجەم(القذف والطعن والتشهیر بالاشخاص..)وە ئەوەی

شەشەمیان(انتهاك حرمة الاداب والنظام العام...) ئەوانی تر بەگشتی پێم وایە زیادە، بۆ نموونە ئێمە باسی دیموکراتیەت دەکەین لەدنیادا حزبی فەرمانڕەوا هەیەو حزبی بەرهەڵستکاریش هەیە، حزبی بەرهەڵستکار ئیشی ئەوەیە کە لەسەر هەڵەی حزبی فەرمانڕەوا بنووسێت وبڵاوی بکاتەوە ئەمە مافێکی خۆیەتی دەبێ ئەمانە ساغ بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی کە ئەمە خرایە روو رەنگە ئەو یاسایە هەر پێویست نەبا برگەی(١) وشەی(یحضر) من لەگەڵ رای کاک سەعدیم ووشەی (یحضر) بۆکێیە؟ ئایا سەرنووسەرە؟ ئایا دەسەڵاتێکە پێش بڵاوکردنەوە یا پاش پەخش کردن؟ کەزۆر خەتەرناکە لەسەر ئازادی سیاسی لەکوردستاندا، جاران لەرژێم سانسۆر هەبووە لەسەر رۆژنامە، لێرە قانونی سزادان (عقوبات) هەیە و، دووەم راستە جارێ دەستوورمان دەرنەکردووە، بەڵام ئێمە وا دادەنێین دەستوورێک هەبێت چ دەستووری گشت عێراق بێت یا فیدرالی بێت لەدەستووردا مافی هاونیشتمانی هەیە مافی ئازادی هەیە و ئازادیەکانی تێدا هەموو نووسراوە کە ئەمانە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە وڵاتانی دیموکراسی کەس لەوە ناپرسێ رێی پێ بدرێ، کەتۆ (توهمە) دوای کەسێک بخەی، لەبەر ئەوە ئەمەی بەو شێوەیە دانراوە دەتوانی هەرچی دەست وپێی رۆژنامەگەری هەیە ببەستیت وبیبەیتە بەردەمی دادگا وەسزای بدەن یاخود دەمی نووسەرەکانی کورد ببەستی، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو خاڵانەی کە هاتووە بەراستی کۆت وزنجیری تێدایە، ئێمە داوای دیموکراتی وئازادی دەکەین لە وڵاتەکەمان لەلایەک ولەلایەکی تریش کۆمەڵێک کۆت وزنجیر دادەنێین بۆ خۆمان، من لەگەڵ(٣)خاڵم لەو خاڵانە، بەڵام خاڵەکانی تر لێرە (سوڵتەو قضاء) ئازادە وسەربەستە ومافی ئەوەمان نییە دەست لە ئیش وکاری ئەوان بدەین، لەلایەکیش لەوەزارەتی رۆشنبیری وراگەیاندن یاسای چاپەمەنی هەیە لیژنەیەک هەیە بەتایبەتی سەرپەرشتی یاسای چاپەمەنی دەکات، ئەو لیژنە لێپرسراوە بەرامبەر هەر چاپەمەنیەک دەردەچێت لەکورستاندا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من برگە(٦)هەموو برگەکان دەگرێتەوە ئاداب ونیزامی گشتی سەرپێچی یاسا سەرپێچی ئاین وسەرپێچی داب ونەریتی لەنێو برگە (٦)دایە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم/وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من کەیاسای چاپەمەنی دادەنرێت دەبێت رای دیموکراتی بپارێزێ نەک دیاری کردنی ئەو برگانەی کە دانراون هەمووی دەستنیشانی ئازادی وبیرورا دەربرین ئەکات، ئەوەی من بزانم لەولاتێک کە دیموکراتی تەواو هەبێت یا دیموکراتیەت هەبێت لەسەر هەموو نووسراوێک کە ئەنووسرێت یا بلاو ئەکرێتەوە خەلک بەرێتە دادگا بەپێی بۆچوونی خۆی ئەمە پێچەوانەی ئادابە ئەمە لەیاسایەکەدا دەست نیشان ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر شتێک لە یاسا ئێستا دائەنێین مەرج نییە یەکجاری بێت، ئەمە یەکەم هەنگاوی ئێمەیە باهەندێ شت هەڵەی تێدا هەبێت رەنگە (میثالی) نەبێت، (میثالیەت)، رەنگە ئێستا شتێکی خەیالی بێت، ئەبێت هەر یاسایەک هەندێک سنووری هەبێت سەربەستی مرۆڤ هەرگیز رەها نییە، سەربەستی مرۆڤ لەوە ئەوەستێت کە دەست درێژی لەسەر کەسێکی غەیری خۆت نەکەی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خالانەی کە ئێستا ناویان برا، بۆ ئەوە ناچم کە بەستنەوە (تقید) بێت لەسەر سەربەستی رۆژنامەگەری چونکە ئێمە لە مەبدەئی یەکەمدا گوتوومانە(رۆژنامەنووسی ئازاد)دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە میللەتی ئێمە دواکەوتووە هەتا گەنجەکانمان لەبارێکی سیاسی وکۆمەلایەتی ئەوتۆ ژیاون، بۆی هەیە برەو بە زۆر شت لەناویاندا بدرێت وزەرەر بەخش بێت بۆ دوارۆژێکی دوور، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو برگانەی لەو یاسایەدا هاتوون قازانج ناگەیەنن بە دیموکراتیەتی ئێمە. بواری ئەوە بدەن بیرێکی لێ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی جیاواز خرایە بەرچاو، ئینجا پێم وایە ئەوە بهێڵینەوە بۆ هەردوو فراکسیۆنەکە باسی بکەن، هەردوو لیژنەی پسپۆر کە لیژنەی رۆشنبیری ولەگەڵ یاسای هەردوولا لێی بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی بگەینە صیغەیەک بۆ ئەم یاسایە بەیانی باسی بکەین بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنن.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەین گوێمان لە بەڕێز جەنابی وەزیر بێت بزانین رای چییە؟ چونکە پرۆژەکە ئی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە بۆیە نێردراوە تا پەرلەمان رای لەسەر بدات، با هەردوو فراکسیۆن بە ئامادەبوونی هەر دوو لیژنەی یاساو رۆشنبیری لێی بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی بگەنە صیغەیەک لەپەرلەمان دایبنێین، لەپاشان جەنابی وەزیری رۆشنبیری قسەی لەسەر ئەکات، ئەنجا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دوو ماددەیە دوا بخەین؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ دوامان خست، جا تکا ئەکەین هەردوو فراکسیۆنەکە پێک بێن کە بەیانی سەعات(١٠)لێرە کۆ ئەبینەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٨)

## چوارشەممە رێكەوتی ١٤/٤/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆک و، بەئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٢٨)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری وراگەیاندن.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرنامەی ئەمڕۆمان تەواو کردنی یاسای ڕۆشنبیری یە، وەزیری ڕۆشنبیری ئامادەیە، ئەگەر لە تازەبابەت شتێک هەیە بیخەینە ڕوو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم لە تازەبابەتدا، کڕینی دانەوێڵە لە جوتیاران و، پاراستنی کشتوکاڵ ئەویش بە لەناو بردنی نەخۆشی سن و کیسەڵە و ئەو شتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بەبڵاوبونەوەی کیسەڵە هەیە لافاوی تەق تەقە. لەو بارەیەوە وەزارەت لیژنەیەک پێک بهێنێ، وابزانم ئەزمونەکانی شەشی دواناوەندی پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، کە لیژنەی پەروەدە موتابەعەی بکات لەگەڵ وەزیر گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئەگەر وەزیر نارازی بوو و ڕای نەدا لێرە باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کە هاتینە سەر خاڵەکانی یاسا ئەوکات باسی دەکەین، تازەبابەت دیار نییە، ئێستا دێینە سەر یاسای چاپەمەنی کە گەیشتینە مادە (٩) وابزانم هەندێ گفتوگۆی لەسەر کراوە پاش گفتوگۆ (صیغە)یان بۆ مادە/ ٩ دۆزیوەتەوە ئایا گەیشتوونەتە کوێ؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەسەر بریاری بەڕێزتان لیژنەی یاساو رۆشنبیری هەردوو فراکسیۆن کە دانیشتن بە (٣) قۆناغ هەمووممان کۆکردەوە، برگە ١/مادە/٩ مان کرد بە (٤) خاڵ (٣)خاڵ مایەوە دوایی برادەرانی لیژنەی رۆشنبیری وایان بەچاک زانی کەوا گفتۆگۆی لەسەر بکەین و وایان بریار دابوو کەوا ئەو مادەیە ئەبێ هەڵوەشێتەوە ئێمەش وەکو لیژنە دوای هەڵسەنگاندی یاساکان کەوا دەبێ جێ بەجێ بکرێ و لیژنەی رۆشنبیری رای وایە نەمێنێ ئێمەش وەک لیژنەی یاسا دەڵێین بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەین پرسیاری ئێمە ئەوە بوو ئایا گەیشتوونەتە کوێ؟ وادیارە دوو ئەنجام هەیە، و تکا دەکەین کە کاک حەسەن رای لیژنەی یاسا بڵێ کە چییە دەربارەی مادە/ ٩؟.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە وەکو لیژنەی یاسا گەیشتینە ئەنجامێک کەوا دەبێ شتێک لە کرۆکی یاسایەکەدا بکرێت کەوا ئامادە کردنی چاپ وپەخش(تحظير الطبع و النشر) وابێ چارەیەکی مام ناوەندی بوو لەنێوان ئەم دووسێ شتەو، دەمەوێ بۆتانی روون بکەمەوە کە ئەگەر شت دیاری نەکرێ مانای وایە تۆژینەوەی رێک ناخرێ لەسەر هەر شتێ بێ، چاپەمەنی سەربەستە «وفق احكام هذا القانون»، چونکە یاسایەکانی تر مبادئی گشتین بۆی هەیە کابرایەک لە بازاڕ جنێو بدا ، بەلاّم لە رۆژنامە نەنووسراوە کەوا چاپ وبلاّوکردنەوە ئازادن ناتوانێ حسابی لەگەڵدا بکا، لە یاسای سزادان (قانوونی عقوبات) هاتووە کەوا تاوان تۆژینەوەی لەسەر دەکرێ، دەڵێن (خطر الشرفي القوانين النافذه)، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
داوا لە ئەندامان دەکەین کە چۆن دەنگدان لەسەر «تحظير النشر والطبع فيما يتعارض احكام القوانين النافذه» ببێ بۆ ئەوەی بزاندرێت چییە، لەراستی ئەندامان یاساکارپێکراوەکانیان لەبەردەم نییەو بەگشتی یاساکار پێکراوەکان (قەوانینی نافذ) جێبەجێ دەبێ و زەحمەتە دەنگدان لەسەر ئەو دانیشتنە بکرێ.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوبۆچوونەی جەنابت دەرتخست هەمان بۆچوونە کە لیژنەی یاسا خستبوویەڕوو، ئێمە دڵخۆشین کە یاسای ژمارە «١١» ئەو بریارە هەر بریارێکی تر کە لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتدا نەگونجێ جێبەجێ ناکرێ، بۆی هەیە ئەو یاسایە( ٤،٣ ) خاڵە بۆرۆژنامەوانی قازانجی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو یاسایەی کەپاش کشانەوەی (ئیداراتی) رژێم دەرچووە کاری پێ دەکرێ، ئەوانی تر بژار دەکرێ کە لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتەکەماندا ناگونجێ و، پەرلەمان تەجمیدی دەکات.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ ئەوە بووین کە مادە/٩ نەمێنێ وبخرێتە سەر برگەیەک لەسەر مادە/١٠ ئەم هەموو گرفتە هەڵدەگرێ و لەو حاڵەتە وشەی «مرعیە» لێرە بمێنێ (قوانین نافذة) یا (مەرعیە) هەر کامەیان بێ، لە هەموو بوارەکان یاسا کارپێکراوەکان هەیە، ئەو برگەیەی کە لیژنەی یاسا باسی کرد نە لە بواری رۆشنبیری یا رۆژنامەوانی لەو کاتەوە تا ئێستا جیبەجێ نەکراوە لەبەر ئەوە لیژنەی رۆشنبیری رای وابوو کەوا مادە/٩ نەمێنێ برگەیەک لەسەر مادە/١٠ زیاد بکرێ و لەو یاسایەدا نەهاتووە، کەوا وەزارەتی رۆشنبیری رێنمایی دەرکاو روونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا رای لیژنەی رۆشنبیری چیبە؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەکە وایە کە مادە/٩ نەمێنێ (القوانین المرعیة)بکرێتە برگەیەک و بخرێتە سەر مادە/١٠، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆ کردن بەم جۆرە نابێ، مەبدەئێک هەیە ئەگەر سیاسەت لە خزمەتی یاسادا بێ شتێکی چاکە، لێرە دەبێ یاسا سەقامگیر بێت، رۆژنامەوانی بەبێ مەرج وپێوەندە، لیژنەی یاسا دەزانێ رۆژنامەوانی هیچ مەرجێکی لەسەر نییە لەم پرۆژەیەدا، مەرج هەبێت یان نەبێت، یانە مەودای چەندە وچۆن بێ؟ ئەوە دیار نییە، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر رۆشنایی گفتۆگۆکان چەند پێشنیارێکمان کردووە، لێرە چەند برگەیەکیان فت کردووە دەڵێ (یحضر المطبوع والنشر علی ارتکاب الجرائم وأعمال الأرهاب وترویج سبلها وتوفیر

ممكناتها والقذف والطعن والتشهير بالاشخاص وانتهاك حرمة الاداب والنظام العام) ئەوە لێرە هەموو کۆکراوەتەوە دەیخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێز بڕیارێکی لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز حسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(باب)ی کۆرگێران (نەدواتی) تێدا نییە، کەوا مەرجێک هەبێت قسەی سووک بە پەرلەمان وحکومەت نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش دامەزراندنی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم یاساکانی دەسەڵاتی ناوەند کە لەبەرژەوەندی میللەتەکەمان کاری پێ دەکرێت، لەو یاسایانە، تاوانبار کردن و (طعن) و(القذف).. هتد، مادەی یاسایی تر هەیە چارەی کردووەو دەکرێت بۆ بگەڕێینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سزای ئەو جۆرەکارانە لەمادە (١٠)دا باس کراوە (مراعاه القوانين المرعيه)ی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی بەڕێز کاک فەلەکەدین گوتی لەدواییدا لەگەڵ ئەم بابەتەدا ناگونجێ.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایەک وتی خەڵکێک هەیە لەم دانیشتنە هێرشی بردۆتە سەر پەرلەمان، ئەگەر ئاماژەیە بۆ وتارەکەی من ئاشکرایە کە چیم نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم لێرە ئەوە نییە کە هیچ نووسەرێک نەگیرێ، حەز دەکەم ڕۆژێ دوو نووسەر بدرێتە دادگا، بیرو ڕای گشتی هۆشیار بێتەوە و لێرە مەبەست ئەوە نییە کەکەس سزا نەدرێ بەبێ ئەم یاسایە کەوا هەرکەسێک لە پێناو بیروڕای خۆیدا خەڵکیان کوشتووە، دادگاکان تاوانی تری خستوونەتە پاڵ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر (اسلوبی) یاسا هەیە، کە دەخرێتەڕوو لەوەزارەتەوە شێوەی ئەو یاسایە مەنهەجەکەی دوەڵەمەند نییە، کە پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان دەبێت بنێردرێتە لای لیژنەی پسپۆڕو زانایان لەدەرەوەی پەرلەماندا، وەزارەت دەوڵەمەند بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆدا دەگونجێ، ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای سیاسی هەڵبژاردراوون، وا ڕێکەوت کەوا لیژنەکان لەکۆمەڵێک یاساناس ودکتۆر و ئایینی پێک بێت، بەگوێرەی قسەی کاک ئیبراهیم باشە لەگەڵ بۆچوونی سەرۆکایەتی وپێڕەودا ڕێکە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو ڕۆژنامەوانی سەربەست ورەها بێ، کەواتە یاسای ناوێ، خەڵک ئازادە هەرچی بڵاوبکاتەوە و یاسا بۆ ئەوە دابنرێ کە ئیشوکار ڕێک بخا ئەوە مەترسی تیایە بڕگەی «لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون» دەقێکی تایبەتە لەنێوان یاسای سزادانداا( قانون العقوبات)، پێشنیار دەکەم کەوا صیغەیەکی تر دابنرێ کەوا زێدەکردنێکم هەیە ئەویش دەڵێ «وفق القوانين النافذه غير المتعارضه مع مصلحه شعب كوردستان» بەمە لێی دەربازدەبین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمادده/ ٢ی ئەم یاسایە ئەڵێ «الغير متعارضة مع شعب كوردستان» واتە ئەوە لەو یاسایەدا قەدەغە نەکرێ هەموو (موباحە)، ئایا پەرلەمان (سەب )و (قەذف) و (طعن) هەمووی (موباح) بکەین ئەو دەقەی ئێمە وابزانم سەرکەوتوو ترین دەق نەبوو ئەوەی وەزیری ڕۆشنبیری وەکو یاسا خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای وەزیری ڕۆشنبیری پەسەندکرا، با ڕای ئێمە بخرێتە دەنگ دانەوە، ئەگەر سەرکەوت مادە/ ٩ نەمێنێ و (القوانين المرعية) بچێتە سەر مادە/ ١٠، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەکی بچوکمان لەسەر قسەکانی کاک فەلەکەدین هەیە، کەوا دەڵێ مادە/ ٩ لاببەین و (القوانين المرعية) بخرێتە سەر مادە/ ١٠ لێرە یانی هیچمان نەگۆڕی، چونکە ئەگەر مادە/ ٩ لاببرێ دەبێ/ ١٠ سەربەخۆ لابچێ ئەوەی وەزیری ڕۆشنبیری خستیەڕوو بەلای ئێمەوە سەرکەتووە و ئەو دەقە بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(يحضر النشر في التحريض على ارتكاب الجرائم واعمال والارهاب وترويج سبلها وتوفير

ممكناتها والقذف والطعن والتشهير بالأشخاص وإنتهاك حرمة الاديان والمذاهب والاداب والنظام العام)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ داڕشتنەكەی وەزیردام تەنها «الامن القومي للاقليم» زیاد بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێركۆ فایەق بێكەس/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەقەكە ئەوەش دەگرێتەوە و باسی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەكیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە كە یاسایەك دەردەكەین لەگەڵ یاساكانی ڕژێم بەراووردی دەكەین داوای دیموكراسیەت دەكەین كە لە هەموو لایەك بڵێین راستە ئەو دەقەی كاك شێركۆ باشە، بەڵام مەسەلەی ئاینی تانەی لی نەدرێ «الادیان والمذاهب» زیاد بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە روون نەبوو، و كۆكین لەسەر ئەوەی (ادیان و مذاهبی) تیابێ.

**بەڕێز عەبدولكەریم كاكەحەمە عەبدولكەریم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەرچەند پێوەندی زۆر تیایە، بەڵام بەرای من (طبع) لابرێ، چونكە (الرقابة على النشر والطبع) نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە (لا يحظر النشر بشرط عدم المساس بالمقدسات والامة الكوردية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

تێبینی مەلا محەمەد ئەمین ئەو یاسایەی پێشنیاری لیژنەی رۆشنبیری دەگرێتەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو دەقە وشەی ئەمری تیا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

ئێستا لێرە دوو را هەیە، گەر (ادیان و المذاهب)ی بخەینە سەر و رای کاک شێخ کەریم دەڵێ ئەگەر (نشر) نەبێ.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

(الطبع والنشر)وەڵامەکەی یەکە، چونکە زۆر چاپخانە هەیە یەکێک بەچەکەوە ئەچێتە سەری ئەڵێ چاپی بکە، خاوەنی چاپخانەی زانکۆ لەم بارەوە شکاتی لە ئێمە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

ئەگەر (نەشر) نەکرێ بۆ چ (طبع) بکرێ.

**بەڕێز نەجـــمـــەدین عـــەزیز ئیـــســـمـــاعـــیل:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

لێرە پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی گرنگە هەرکەسێک یا لایەنێک کە دژی گیانی نەتەوەیی قسە بکا کە (کوسمۆ پۆلیتە) مەزهەب وئایین نەتەوایەتییە وپێویستە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

لێرە ئاسایشی نەتەوایەتی ونهێنیەکانی دەوڵەت نابێ بڵاوبکرێتەوە، صیغەی (طبع) چییە؟

**بەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـابیـــر کـــاکـــەیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

پرسیارێکی گرنگ هەیە، ئەی لە ماڵ چاپی بکات یاساغ نییە؟ و لە هەموو دنیادا (حیازە) هەیە، لێرە ریزی ماڵ دەبێ هەبێ دژی خەڵک بڵاونەکاتەوە ئێمە لەگەڵ گرتنی نووسەر نیین، ئێمە لەگەڵ ئەوەین سنوورێک هەبێ کە نووسەر شتی نووسی بواری بڵاوکردنەوەی هەبێت، لێرە دەچێتە سەر شێوەی سانسۆر (رقابە) لە مادە/ ١٠ دەڵێ «تقام الدعوی» پاش روودانی تاوان ئەم شتە دەدرێتە دادگا واتە نووسەر بدرێتە دادگا و، کۆمەڵ بزانێ کە ئەو نووسەرە نووسینی خراپ بووە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

وشەی (طبع) لابرێ و (نەشر) لە جێگای دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

شێوەی (طبع) دوو شێوەی هەیە، کەوا ئاشکرا بێت تەوفیق بکات و لە(کتێبخانەی نیشتمانیی) سەرپێچی هەبێ مۆڵەتی نادرێ لە مادە/ ١٠ برگە / ٢ هاتووە «بعد مرور ثلاثة اشهر»، ئەگەر ئاشکرایی نەبێ تاوان دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(حیازە) و (طبع خاص) لە یاسای سزاداندا هەیە، بیکەینە (مثل مباح)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە لێرە چ گرفت هەیە بڵێین (نشر) نەڵێین (طبع) وەزیر چ گرفت هەیە؟

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەمان بابەتە و خاوەن پێشنیار رازی بووە پیشنیاری مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی (اصدار) بخرێتە سەر مادەکە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی نیم، لێکدانەوەی زۆر تیا نەکرێ (ئەمنی قەومی) زاراوەیەکی فراوانە و ئەمەی وەزارەتی رۆشنبیری باشتر لەگەڵ (مذاهب)ە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا من چەند تێبینیەکم هەیە هەروەکو جەنابت دەست نیشانت کرد، ئەمە مادەیەکی یاسای تایبەتیە، ئەگەر برگەکانی دیاری بکەین هەموو برگەکانی کە پەیوەندیان بە یاسای سزادان (عقوباتە)وە هەیە، خۆمان دەڵێین لێرە یاسای تایبەتی یاسای گشتی پێوەند دەکا، لێرە هەندێ برگە هەیە داخلمان کردووە پێوەندی قانوونە گشتییەکە دەکات، لەوێش دەقێکمان هەیە دەڵێت: «لا یعمل بأی نص یتعارض احکام هذا القانون»، مانای ئەوەیە ئەو برگانەی لێرە هاتوون هەر ئەمە بتوانین ئەوانەی لەوێ تەشکیل دەکات موعتەبەرە ئێمەش دەنگی لەسەر بدەین تێبینی یەکی تر بەنیسبەت (قذف) لێرە کە دەست نیشانی قەذف دەکەین یاسای سزادان سزای بۆ داناوە (قذف) لە رۆژنامەکان سزای توندو تیژی بۆ داناوە سزاکەی تاکو (٥) ساڵ گرتن دەڕوا باشە سزا لەکوێ وەردەگرین؟ ئەگەر لێرە دیاری سزا دەکرێ ئێمە دەگەڕێینەوە سەر یاسای گشتی کە لەوێ دەڵێ (لا یتعامل مع احکام هذا القانون) نازانم چۆن چارەسەر دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقەی کە لە وەزارەتی رۆشنبیریدا هاتووە دەقێکی باشە داخوازیەکانی هەموو کەس جێبەجێ دەکات، بەڵام بنکەی ئوسولێمان هەیە یارمەتی دەدات و باشە وەکو کاک سەید حەسەن وتی طەبیعی لەگەڵ بێ « یحظر الطبع» چونکە (طبع)ی لەگەڵ نەبێ، ئەگەر طبع بکرێ هەندێ شت کە زیانی هەیە بۆ میللەت ورەوەشتی میللەت حەقە (حیازەی) نەبێ ئەگەر یاسای چاپەمەنی ئەوەندە بخایەنێ یاسای کۆمەڵەکان (قانوون الجمعیات) چەند دەخایەنێ؟ سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا یاسای چاپەمەنی وحزبەکان، بەراستی یاسای زۆر گرنگن لە کاکڵی دامەزراندی ئەوەی ئێمەیە کە ئەڵێین دیموکراتیەت شانازی بەوە دەکەین یەکێک لەو مەرجانەی جەماوەر لەگەڵ هەموو نارەحەتیەکی کە هەیەتی پشتگیری لەم دیموکراتیەتی دەکات، لەبەر ئەوە زۆریشی لەسەر باس بکەین شتێکی خراپ نییە، لایەنی (حیازە) جەنابت باست کرد (حیازە)ی بخەینە سەر یانی شتی بنەڕەتی لە مافی مرۆڤ ئەسێنێ سبەی لە ماڵی خۆم هەرچی لامە نایدەمە کەس بڵاوی ناکەمەوە ئەوە مافی سروشتی خۆمە گەر مەبەستی بڵاوکردنەوەم نەبێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە (طبع)ی لەگەڵدا بێ، دەقی یاسایی دوو شێوەیە، دەقی فەرمانی «آمر» هەیە دەقی سزادان هەیە دەقی (امر) ئەوەیە کە اصلا دەیەوێ بەرهەڵستی تاوان بکات پێش ئەوەی رووبدات کە بەرهەڵستی لەچاپدانی ئەو شتانەی کرد مانای ئەوەیە هەر لەبنەڕەتەوە بەرهەڵستی بڵاوکردنەوەکەشی کرد کە ئەنجامێکی سروشتییە بۆ ئەوەی کە گوایا هاودژی هەیە لەنێوان مادەی ٩-١٠ هاودژی نییە، لەبەر ئەوە ئەو دوو شێوەیە هەیە لە دەقی یاسایی بۆیە شتێکی سروشتییە هەردووکیان لەگەڵ یەک تەبان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی چاپ، ئەوەی شت لەدەرەوە بڵاودەکاتەوە لە ماڵی خۆی هات شتی چاپ کرد ئێستا هەزاران دەستگای چاپ هەیە کە هەر ئەوەیە وا ئەزانێ ئەیبا بۆ چاپخانە بۆ ئەوەی (١٠) هەزار دانە چاپ بکا، بەڵام بۆ (طبع) هەموو جۆرە چاپێک دەگرێتەوە هەتا ئەگەر بە ماڵی خۆی چاپی بکات لەلای خۆی دای بنێ ئەوەش چاپە (طبع)ە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا مەبەست لێرەدا چاپ گشتییە ئەوەش دەگرێتەوە، بەڵام بۆ خۆی ئازادە لە ماڵی خۆی چاپی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەنها ئەو لایەنە، ئایا (نەشر) بێ یا (طەبع)؟ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئەڵێ ئێمە بەرهەڵستکار نین (طەبع) لاببرێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێروان فەرمووی، کە گوایە لەیاساکە سزا دانەنراوە ئەوە (حذر)مان داناوە کە لە هەمان کات مادەیەکیان داناوە «المخالف یعرض نفسە للعقوبات ضد القوانین المرعیە» ئەو شتانەی کە ئێمە وتومانە لەیاسای چاپەکە سزاکەی چییە؟ ئەوە وەربگرێ کە دەڵێ «یتعارض واحكام» مانای وایە ئەوانی تر پوچەڵ کراوە، چونکە دووەم بابەتی چاپ بە بۆچوونی من چارەیە بۆ حوکمی یاساکە چونکە وتومانە«في المطبوع غیر الدوري» هەتا دەبێ لە (کتێبخانەی نیشتمانیی) تەوثیقی بکات هیچ گرفتی تیا نییە ئەگەر وشەی (طبع)ەکە هەڵگری هیچ نابێ، بابەتی (نشر)لە ڕۆژنامە ئەوە شتێکی سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئێستا لیژنەی ڕۆشنبیری لاری نەبێ پاش ئەم ڕوونکردنەوانە، پێشنیاری وەزیری ڕۆشنبیری ڕەتکرێتەوە (بخرێتە ڕەدەوە).

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری کاک فەرسەت دەکەم، کە ئاسایشی نەتەوەیی پێویستە داخل بێ پاراستنی ئاسایش شتێکی گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق مەترسی لە پێناسەکەی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، کە خراپ بەکار نەبرێ، ئەوە بڕیارێکی ڕوونە سبەینێ حکومەت بێ سەرەک وەزیران پێی ئەڵێ ئەمە دژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەمانە، ئەوە ئاسایشی نەتەوایەتی نییە، ئەگەر بۆ ئەوە بێ ئەبێ ئاسایشی نەتەوەیی دیاری

بکرێ بۆ ئەوەی حکومەت ئاوا دەستی کراوە نەبێت دەستی بخاتە سەر ڕۆژنامەگەری و بڵێ هەموو شتێک لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی بێت. ئەوە بدرێتە دادگا لێکدانەوەکەی اعتبار دەکاتە سەر جۆری حوکمەکە.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەو بڕوایەدام دانانی زاراوەی (قەومی) دیموکراتیەت پێوەند دەکات، ئەگەر زاراوەی (ئەمنی قەومی) دابنرێ ئەو بڕیارەی کە ڕەزامەندیمان لەسەر نەکرد بەقەدەر ئەو زاراوەیە خەتەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی (ئەمنی قەومی) یاسا چارەی کردووە ئەگەر یەکێک نهێنی بدرکێنێ خۆ یاسای سزادانی (عقوبات)ی دەوڵەت چارەسەری بۆ ئەمە زۆرە بەرای من یاسای چاپەمەنی ئەگەر بەو جۆرە بێ ئەوە چارە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ئەمنی قەومی) من باسم نەکرد، بەڵام یەک خاڵ هەبوو لای من یەکەمین (افشاء ئەسرار) کە کاکەرەش وتی پاشان بەلای من گرنگە ئەویش ئەوەیە لەژێر پەردەی ئیسلامدا بڕوانە بوون بە گیانی کوردایەتی چونکە ئەم جۆرە بۆچوونانە هەیە، لەبەر ئەمە ئەو پێشنیارە دەکێشمەوە لەگەڵ (ئەمنی قەومی) دا ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ئەمنی قەومی) ئەو (٥٠٠) هەزار شەهیدەیە کەوا پاراستن پێویستە بۆ هەر مرۆڤێک ئەگەر نەکرێ لەگەڵ ئەو رایەی کاک ئیبراهیم دام بەراستی (ئەمنی قەومی) لەجێگای خۆیەتی، حزبە شیوعیەکان لەکوردستان و دەرەوەدا پێویستن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو یاسایە رابگرین خۆی یاسای چاپەمەنی یاسایەکی عێراقیە کێ ئەڵێ لەگەڵی تەباین. جا یاساکە بڕوا ناکەم چارەسەری هەرچی سزا (عقوبات) هەیە بیکات، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەمە (٣) پێشنیارە، بۆی هەبوو کە بخرایە دەنگدانەوە کە پێشنیاری لیژنەی ڕۆشنبیری و پێشینارەکەی لیژنەی یاسا، ئینجا پێشنیاری وەزیری ڕۆشنبیری لەبەر ئەوە دەرگای گفتوگۆ کرایەوە لەسەر هەموویان کە گرنگی مادەکە بوو لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم مەسەلەی (ئەمنی قەومی) کە هەویرێکە ئاو زۆر ئەکێشێ وەڵامی بەڕێز مەلا مەحمود کە باسی شیوعی کردو دڵسۆزی بۆکوردستان لە ژێریشەوە مەسەلەی کوردە و دڵسۆزیان بۆ کوردستان کردو شیوعی کورد خاوەنی ناسنامەی شەڕی (هەندرێن)ە لە مێژووی کوردا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی (ئەمنی قەومی) مەسەلەیەکی دەستووریە بیر بکەینەوە کە هەڵوێستمان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا چی یە؟ ئەگەر حکومەتی عێراق فیدرالی بێ (ئەمنی قەومی) هەمووی دەگرێتەوە، پێم وایە نەک ئەو وشەیە زیاد بکەین بەڵکو هەر لێی گەڕێین. پرۆژەکەی کاک شێرکۆ وەزیری ڕۆشنبیری کە دەڵێ «یحظر المطبوع»چاپەمەنی یاساغ ناکرێ ئەگەر (نشر) بگۆڕین ئەگەر بە دەقەکە خۆمان بیەستینەوە ناگونجێ «یحظر النشر والذی یقوم بالتخویف» معقول نییە ئەگەر ڕازی بێ ئەوەی ئێمە هەموارمان کردووە لەگەڵی دەگونجێ (یحظر المطبوع الذی یقوم) و(یحفظ عن النشر) دەقێکمان نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«یحظر النشر من التحریض علی ارتکاب الجرائم واعمال الأرهاب وترویج سبلها وتوفیر ممکناتها والقذف والطعن والتشهیر بالاشخاص وانتهاك حرمة الأدیان و المذاهب والاداب والنظام العام»، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.عیزەدین چۆوە ناو بابەتی داستانی هەندرێنەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا پێویست دەکا هەر یەکێک قسە بکا بۆ ئەوەی ئەوی تر وەڵام بداتەوە؟، نە، نابرێتەوە ئەگەر ببورن ئێمە باسی ئەو یاسایە بکەین و، هەر یەکە ڕای خۆی بدا ئێستا ئەو صیغەیە لە

گفتوگۆدایە لەگەڵ ڕێزم بۆ د.عیزەدین پێشنیارەکەی لیژنەی ڕۆشنبیری بەدووروو درێژی باسکرد لە پاشدا کاک فەلەکەدین وتی لاریم نییە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/٩ يحظر النشر في التحريض على ارتكاب الجرائم واعمال الارهاب وترويج سلبها وتوفير ممتلكاتها والقذف والطعن والتشهير بالاشخاص وانتهاك حرمة الاديان والمذاهب والاداب والنظام العام، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەم دواخست بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێ ئێمە لەیاسای سزادان (عقوبات) رامان وابوو ئەم پرۆژە یاسا بنەڕەتیەکەی بدرێ بە پسپۆران. سوپاسی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەکەین وا دیارە لادانی بە پەلە باش نەبێ، ئەو پێشنیارەی کە گفتوگۆمان لەسەر کرد تەواو بوو، بووە برگەیەک لە یاسادا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسی ئەوەم لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری کردبوو، ئەگەر کۆڕێک ببەسترێ لەگەڵ بەرپرسی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، لە پاشدا لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری قسەمان کردکەکاک فەلەکەدین بەڵێنی دا دوای ڕۆژی جەژن ئەم کۆڕە، لەگەڵ ئەوان بکرێ بۆ ئەوەی هیچ نەبێ رای لیژنە بدرێ چۆن بێ ئەوە بەیاسا لەسەری ڕێک کەوتن.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس/ وەزیر ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی کاک عەدنان وتی بە تێکڕاییەوە نییە چ بابەتی بیروڕای ڕەوشتی مرۆڤی تیا نییە و ئەو شتانە کۆکراونەتەوە کە هەمووی نییە، وابزانم شێخ عەدنان مەبەستی یاساییەکە نییە، مەبەستی ئەو صیغەیە کە لە گفتوگۆکانی دوێنێ باسیان کردووە لە لیژنەی قانونی ئەڵێ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەناوی بریکاری فراکسیۆنی سەوز ئەگەر بکرێ پێشنیاری کۆبوونەوەکە بکرێتەوە رۆژی یەک شەممە، شتی خۆمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

رای فراکسۆنی زەرد چییە؟.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

باشە رۆژی یەک شەممە سەعات ١٠ کۆبوونەوەی پەرلەمانە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩)

**یەک شەممە رێکەوتی ١٨/٤/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٩)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/١٩٩٣

**کاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٢٩)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- تەواوکردنی پرۆژەی یاسای چاپەمەنی.**
**٢- بەرچاوخستنی گیروگرفتی داخوازییەکانی دانیشتوانی پێنجوێن.**
**٣- کرینی دەغل ودانی ئەم ساڵ لە جووتیاران.**
**٤- بەرچاو خستنی گیروگرفتی خانەنشینەکان.**
**٥- یارمەتی دانی ئەو ماڵانەی کە لە تەق تەق بەر لافاو کەوتن.**
**٦- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان وبە ناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین لە بەرنامەی ئەمرۆ پێنج خاڵمان هەیە، فەرموو کاک سەعدی.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کۆبوونەوەی ڕابردوو باسی ئەوەمان کرد کە یەکێک لەو خاڵانە جێبەجێ کرایە، یارمەتی دانی ئەو ماڵانەی کە لە تەق تەق بەر لافاو کەوتوون، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وبەڕێز پارێزگاری هەولێر وبەڕێز قائمقامی کۆیە ڕێکخراوە خێرخوازەکان هەموویان ڕۆیشتن بۆ ئەوێ بەبۆچوونی من ئەو مەسەلەیە جێبەجێ کراوە با خاڵێکی پێ نەکوژین، ئەوانەی دەربارەی کرینی دەغل ودان ئەگەر گفتوگۆ بکرێ، ئێمە بریارێکمان دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە پارەمان وەگرتووە، لە تازە بابەتدا. ئیسلامییەکان ئێستا بەناوی (مصلی) لەکۆلێج وپەیمانگاکاندا ژوورێکیان تەرخان کردووە بۆ نوێژ لەکۆلێج موحازەرە هەیە لە نێوان(٨-١١-١٢)یە لەو ماوەیە هیچ مەبەست نوێژ نییە لە ناوچەی

زانكۆش(٣) مزگەوت هەیە، ئنجا من پێشنیار دەكەم ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی خوێندنی باڵا ئاگادار بكرێنەوە كە لەكۆلێج وپەیمانگاكاندا ئەم شتە نەهێڵن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەو خاڵەی دەربارەی (تەق تەق)، ئەگەر هیچ تێبینیەك نییە لە سەری ئەوە تەواو بووە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

زۆر نەمایە بۆ كاتی دروونەوەی دەغڵ ودان، ئەو دەرمانەی كە باسكرا بۆ لە ناو بردنی سن وكیسەڵە، هێشتا نەگەیشتووە ئەمە دەبێ پەلەی لێ بكرێ ودەرمانەكە بگات، ئەگەر نا، بەرهەمی ئەمساڵ هەموو لە دەست دەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەپێی زانیارییەك كە پێش ئێستا بڵاوبۆتەوە گوایە دەرمان گەیشتۆتە زاخۆ، پێویستە جەخت بكەین لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ مەسەلەی كرینی دەغڵودان، دەبێ ئەم خاڵە باس بكرێ بۆ ئەوەی بزانین ئەم ساڵ چی بكەین، چونكە لەڕاستیدا پار هیچمان نەكرد كەس دەغڵ ودانی لە ئێمە نەكری بەتایبەتی ڕێكخراوە خێرخوازەكان. تەنها ئەو خاڵەی دەربارەی (تەق تەق)ە لە بەرنامە دەردەكەین بۆ ئەوەی بتوانین جەخت لەسەر خاڵەكانی تر بكەین. ئێستا دێینە سەر خاڵی تەواو كردنی پرۆژەی یاسای چاپەمەنی. با لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ پێشكەش كردنی یاسایەكە وابزانم گەیشتینە ماددە(١٠).

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بڕگە(٢)ی ماددە(٩) كرا بە ماددەیەكی سەربەخۆ بۆ ئەوەی گشتگیر (شامل) تربێت لە هەموو قانوونەكە، المادة العاشرة:(یتعرض صاحب الامتیاز أو رئیس التحریر وكاتب المقال في المطبوع الدوري ومقد المطبوع غیر الدوري للمسائلة القانونیة وفق القوانین المرعیة في حالة مخالفته لاحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بڕگە(٢) لە ماددەی(٩) بوو بە ماددە(١٠)، ماددە (١٠) كێ لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

المادة الحادیة عشرة:

١- تقام الدعاوي العامة الناشئة عن مخالفة احكام هذا القانون من قبل الادعاء العام وبموافقة وزیر العدل، أما الدعاوي الخاصة الناشئة عنها فتقام من قبل المتضرر.

٢- لا تسمع الدعاوي الواردة في الفقرة أعلاه من قبل المحاكم بعد مرور ثلاثة اشهر من تأريخ النشر في المطبوع الدوري أو البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن پێشەکی بەخێرهاتنی شاند(وفد)ێکی برایانی کوردستانی تورکیا بکەین، بۆ ئەم سەردانەیان بۆ کوردستانی عێراق وهاتنیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، زۆر بە خێربێن وداوای سەر کەوتنیان بۆ دەکەین.

ئێستاش بابزانین مادده(١١) چ تێبینی هەیە لە سەری؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لە سەر خاڵی(٢) لە مادده(١١) دەڵێ.(لاتسمع الدعاوي الواردة في الفقرة اعلاه من قبل الحاكم بعد مرور ثلاثة اشهر) من پێشنیار دەکەم ببێت بە(٣٠) ڕۆژ( بعد مرور ثلاثين يوماً) چونکە سێ مانگ زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەرپێچی هەبێ لە (إدعاى عام) داوا دەکرێ( بموافقه الوزير) من وابزانم ڕەزامەندی وەزیر زۆر مەزنە لە هەر ناوچەیەک (محكمة الاستئناف) هەیە، ڕەزامەندی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەسە بۆ ئەوەی وەزیر سەرقاڵ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لە سەر بڕگەی (٢) مادده(١١)(لاتسمع الدعاوي الواردة في الفقرة اعلاه من قبل المحاكم بعد مرور ثلاثة اشهر من تاريخ النشر في المطبوع الدوري او البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري) بەڕای من ئێستا ببێ بە(قبل البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري) چونکە ئەگەر هەروا بمێنێتەوە هەر لەگەڵ دابەش کردنی مافی ئەوەی نامێنێ بدرێتە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن (قبل التوزيع) بزانین؟

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێ(لاتسمع) واتا دادگا نایبینێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگە (٢) من پێشنیار دەکەم کە هەر لەبنەڕەتەوە نەمێنێ، لەبەر ئەوەی لە یاسای سزادان

(عقوبات) ئەم بابەتە باس کراوە، چونکە ئەگەر بێتو دیاری بکەین تەنها بە (مطبوع) بۆی هەیە تاوان لە چاپەمەنی(مطبوع) رووبدا، یان لە رێگاکانی تری راگەیاندن رووبدات، ئەگەر بێتو شتێکی گشتی بێت وئەو برگەیە نەمێنێ وەک رەوانەی یاسای سزادانی بکەین کە یاسایێکی گشتییە و هەموو حالاتەکان دەگرێتەوە بەرای من زۆر رێکوپێک تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارم هەیە لەو(أو البدء بالتوزیع فی المطبوع غیر الدوری) ئەگەر دەتوانن بوار هەبێ لیژنەی قانونی بۆمانی روون بکەنەوە مەبەستیان چییە و خەڵکی چۆن دەزانن کە شتێکی خراپ لەدژیان نووسراوە؟ ئایا پێش بلاوکردنەوەی دەیزانن؟ سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا دوو تێبینیم هەیە:

١- لە سەر خاڵی کە گوترا رەزامەندی وەزیری داد پێویستی بەوە نییە، ئێمە دەڵێین پێویستە چونکە مەسەلەی ئازادی بلاوکردنەوە زۆر گرنگە ئەگەر ئەو ئازادییە، تەنها بدرێت بە دادگای تێهەڵچوونەوەی شارێک یان جێگایەک رەنگە زۆر ئاسان بێت هەر نووسەرێک بەنزیکترین وەخت بدرێتە دادگا رێکخستنی دەرچوونی چاپەمەنی هەم پاراستنی مافی نووسەرە هەم پاراستنی مافی خەڵکەو ئەمە گرنگی دەدات بە رای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- ئەوەی کە گوترا پێش دەرچوونی نازانم مەبەست لەمە چییە؟ ئێمە گوتمان سانسۆر نییە وداوا بەپێی یاسا پاش دەرچوون دەبێت نەک پێش ئەوە، ئەگەر بڵێین پێش ئەوە مانای ئەوەیە لە رۆژنامەکان دەبێت سانسۆر دابنێین وئێمە ئەمەمان رەت کردۆتەوە نابێت پێش ئەمە چاوەدێری هەبێت، لە هەموو گۆڤارێک. تەنها چەند مەرجێک هەیە دەبێ سەرەک نووسەرەکان یان خاوەن رۆژنامەکان ئەو مەرجانە بزانن خۆیان کۆنترۆل لە دەرچوونی رۆژنامەکان بکەن، ئینجا بەپێی یاسا داوا دەبێت پاش دەرچوونی بێت نەک پێش دەرچوون. خاڵێکی ترکە باس کراوە٣- مانگ بکرێت بە(٣٠) رۆژ پێشتر ئەمە رای لیژنەی رۆشنبیریش بوو هەرچەندە ئەگەر کاتەکەش دانەنرێت گرنگ نییە، چونکە هەندێک شت هەیە بۆی هەیە پاش ماوەیەکی درەنگ بزانرێ، بەڵام چەند کورتر بکرێتەوە باشترە بۆ رۆژنامە نووس، بەس حەز دەکەم لانی یاسایی برادەرانی لیژنەی قانونی باسی بکەن، ئەگەر شتێک پاش ساڵێک دانرا ئایا مافی خاوەنەکەی نییە کە داوای شکایەت بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی قسەکەی کاک عەبدولخالق کەدەڵێ(٣) مانگ بکرێتە(٣٠) رۆژ لە یاسای عێراقیش

هەر(٣) مـانگە، بەڵام لە یاسا هیچ لاری بوونێک نییـە وبۆی هەیە ببێـتـە(٣٠) رۆژ بۆ ئەوەی ڕۆژنامە نووس هەر دەم هەرەشە لێکراو نەبێ لەبن دەستی ئەو خەڵکەی کەشتی لەسەر دەنووسی لە بەر ئەوە هەر ماوەیەک کە پەرلەمـان بڕیاری لە سەر دەدات بۆ پەرلەمانی بەجێ دێڵین لەیاسا چەندی دابنرێت ڕەوایە هیچ پێچەوانە نییە.

دەربارەی ئەوەی کـاک جەمـیل گـوتی کـە ڕەزامـەندی وەزیری داد نەمـێنێ ئەوە سـەرۆکی لیـژنەی ڕۆشنبیری وەڵامی دایەوە، ئەوە شتێکی زۆرگرنگە کەتۆ لە سەر ڕۆژنامە نووسێک یان لە سەر کتێبێک تۆژینەوە دەکەی بۆ دادگای تێ هەڵچوونەوە (استئناف)نەبێ باشترە بەڵکو بۆ وەزیری داد بچێ بەڕای ئێمە ڕەزامەندییەکە بەرزترە. لە پاشان کاک حمید دەڵێ(قبل البدء بالتوزیع) پێش دابەشکردنی چاپەمەنی نازانرێ چاپەمەنیەکە چییە لەو کاتەی کە دەست پێ دەکات دابەش دەکرێ ئەوکاتە خەڵک ئاگادار دەبێ ودەزانێ چی نووسرایە، لەبەر ئەوە(قبل البدء) ئاشکرا نییـە پێش قسە کـردن کە نازانێ چی گوتراوە ئەمە مـانەوەی باشترە. ئەوەی کاک بختـیـار گـوتی ڕەوانەی یاسای سزادانی بکەین، بەڵام ئەمە تایبـەتە بە قانوونی چاپەمـەنیەوە، بۆیە بەلای ئێمەوە بمێنێ باشترە، تەنیا خاڵی ماوەکە ئێمە وەک لیژنەی قانونی لاریمان نییە لە (٣) مانگەوە ببێتە (٣٠) ڕۆژ، بەڵام خەڵکە زیانی لێکەوتووەکە دەبێ بەرگری لە خـۆی بکات وئاگاداری مـەسـەلەکە بێ. ئایا (٣٠) یان(٩٠) ڕۆژ بەسە بۆ ئەمە؟ سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من بڕگە(٢) پێویست بەوە دەکات چارەسەر بکرێ، چونکە دەڵێ( لا تسمع الدعاوي الواردة في الفقـرة اعلاه) یەکەم بلاوکراوەی (دەور)ی باسی ناکەم بەڵکو غیر دەوری(لا تسـمع الدعـاوي الواردة في الفقرة اعلاه من قبل المحاكم بعد البدء بالتوزيع في المطبوع الدوري)واتا هەر نابینرێ واتا لەو کاتەی کە دەست بە دابەشکردن دەکرێ پێشتـر هاوولاتی نایبینێ کە داوا لە دادگا بکات مافی بپارێزێ بەگوێرەی ئەم یاسایە ئیتر مافی نامێنێ کەداوا پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکەی کاک حەمید لەرووی زمانەوانیەوە ڕاستـە، چونکە ئەگەر بڵێین (قبل البدء بالتوزيع) لەگەڵ مادده(٢) تێک گیردەبن، ماددەی دووش ئەوەیە(لارقابه على...) دووەمیش رازیم لە سەر قسەی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری کە پێویستـە وەزیری داد سەرچاوەی بەرز بێ(مرجعی اعلی) بێت لەو بابەتانە هەروەها پشتـیوانی لە پێشنیـاری کـاک عـەبدولخالق دەکەم کـەلە(٣) مـانگ ببێتە(٣٠) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی چاپەمەنی دەوری روونە کەی دەردەچێ وچ وەخت دەردەچێ ئەتوانێ ئەو بابەتە کە تیایدایە (لائق) نییە ماوەیەکی کەمتر بێ، بەڵام بەنیسبەت چاپەمەنی (غیر دوری) نازانرێ، زۆر زەحمەتیشە دەست بکەوێت جاکە ماوەیەکی کورتی بۆ دابنرێ(٣٠) رۆژ لەوانەیە دوای مانگێکی تر بەشێکی تر دەست بکەوێت، لەبەر ئەوە برگەیەکی زۆر تری دەوێ لەوەی (دەوری)، (غیر دەوری )روون نییە زەحمەت تر دەست دەکەوێت لە بەر ئەوە پێویستە ماوەیەکی زۆر تری بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی دکتۆر حەمە نەجم لە جێی خۆیەتی، من لەسەر پێشنیارەکەی خۆمم کە ئەو برگەیە لاببرێت بگەڕێتەوە سەر یاسای گشتی کە باسی ئەو بابەتەی کردووە و چارەسەری کردووە، پێویست ناکات شتێک لە یاسای گشتی باس کرابێت، دیسان بینێن لە یاسای تایبەتی باسی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای گشتی، مەبەستت چییە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(قانوونی عقوباتی عێراقی).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا لە سەر ماوەکە تێبینیم هەیە کاک فەلەکەدین ئاماژەی بۆ شتێکی چاک کرد ئەوەی کاک عەبدولخالق دەسنیشانی کرد تەنیا بۆ قازانجی نووسەرە بەنیسبەت خەڵکانی تر رێگا لە ئازادی خەڵک دەگیرێ من پێشنیار دەکەم کەماوەکە دیاری کراو نەبێ بەڵکو کراوەبێ ئەمە( إمتیاز) بەنووسەر دەدات چەند کەم بکرێت قازانجی نووسەرە چەند ماوەکە زیاد بێ بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماوەی لێرە دانراوە(٣) مانگە ماوەی (تقادم)ی پێ دەڵێن بە زمانی یاسا، لە هەموو داوایەکان دەبێت وەئەوەش دەعوایەکی سزادانە (جزائی) لەم داوایەش بونیادەکەی لەیاسای (اصولی محاکماتی جزائی) وەرگیراوە کە ماوەی (تقادم) لە داوای (جزائی)(٣) مانگە لە بەر ئەوە ئەو(٣) مانگەی لێرە هاتووە لە جێی خۆیەتی ولەگەڵ یاسای گشتی تەبایە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پێشنیارەم کردووە ،لە سەر ڕۆشنایی قسەکەی کاک دکتۆر حەمە نەجم هەمواری (تعدیلی) دەکەم بەنیسبەت ڕۆژنامەی ڕۆژانە وهەفتانە مانگێک زۆرە، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامە نووس نابێ بکەوێتە ژێر فشاری هیچ شتێک، هەندێ پێشنیار هەیە دەڵێ یا ماوەکە کراوەبێت، ئنجا ئەو کەسە دەتوانێ دوای ٢-٣ ساڵ مەسەلەکە بداتە دادگا، لە بەر ئەوەی من دەڵێم دەربارەی چاپەمەنی دەوری لە( ٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، بەڵام دەربارەی کتێب من لەگەڵ(٣) مانگەکەم کە ئەو ماوەیە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک شێروان گووتی هەر شتێک ماوەی (تقادمی) هەیە کە ماوەی (تقادم) هەبێ دەبێ بەروارەکە دیاری بکرێت، بۆ ماوەی چەند ئەو مافە لەکار دەکەوێ (سقوط) دەکا؟ بۆشی دانراوە لەو ڕۆژەی کە لە ڕۆژنامە پەخش دەکرێ، دەربارەی چاپەمەنی (غیر دوری) دانراوە لە ڕۆژی دابەشکردن نەمان گووتوە لە ڕۆژی چاپ، نەوەک نەکەوێتە دەست خەڵک لە ڕۆژی دابەش کردنی بڵاوکردنەوەی لە کتێبخانەکان ئەو ڕۆژە مافی هەیە زەرەر مەند (داوا) تۆمار بکات ئەگەر(٣) مانگ دەنگی نەکرد مافی ئەوەی نامێنێ پێویستە شت لە قانون (معلق) نەمێنێتەوە لە بەر ئەوە بەڕای من مادەکە زۆر باشە وەک خۆی بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بنەڕەتەکە هەیە لەگەڵ دوو پێشنیار١- بیکەین بە( ٣٠) ڕۆژ؟ ٢- ماوەکە بێ سنوور بێ؟ کاک فرەنسۆ خاوەنی پێشنیارەکە بوو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، یان بیکەین بە( ٣٠) ڕۆژ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێ بە( ٣٠) ڕۆژ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ برگە(٢) بە زۆربەی دەنگ وەک خۆی بمێنێتەوە، مادەی(١١) پاشی هەموار کردن، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشر:-

١- الحكم القضائي بالادانة على صاحب الامتياز للمطبوع الدوري ورئيس تحريره وفق احكام

هذا القانون لا ينسحب على المطبوع ذاتة ويبقى وجودة قائما إلا اذا ارتأى صاحب الامتياز خلاف ذلك فتطبق بشأنة احكام المادة السادسة من هذا القانون.

٢- الحكم القضائي بالادانة على مقدم المطبوع غير الدوري للطبع ينسحب على المطبوع ذاتة فيصادر ويمنع تداوله لحين ازالة سبب الادانة عنه.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە تێبینم هەیە هەر چەندە ئێمە لەگەڵ دیموکراتیەتین بەڵام لێرە سنوور دانراوە ئەگەر چاپکراوێکی (دەوری) ئێمەش بدرێتە دادگا ئایا داناخرێ؟ واتا ئەگەر سنووری نەبێ بۆ سەرپێچی؟ سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە سەر برگەی دووەم، پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئەو دەست بەسەرداگرتن وقەدەغەکردنی چاپەمەنی یەکە هەر خۆی بدرێتە دەست دادگا باشتر نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک لە لیژنەی یاسا دەکەم دەڵێ(وفق احكام هذا القانون لا ينسحب على مطبوع ذاته) ئایا ووشەی (لاینسحب) بەکار هاتووە؟ لیژنەی یاسا ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر چاپەمەنی دەوری(٢-٣) هەڵەی کرد وزیانی بە خەڵک گەیاند بۆ چی دادگا داینەخات ودەستی بەسەردا نەگرێ؟ چاپکراوی غیری دەوری؟ سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی د. عیزەدین فەرمووی خۆی حوکمی دادوەری دەستی بەسەردا دەگرێ نەک دەزگایەکی تر، دەربارەی ئەو پرسیارە ئایا بڕیار لە سەر سزادانی خاوەن ئیمتیاز یان سەر نووسەرێک دراوە؟ زۆر جار سەر نووسەر سزا دەدرێت خاوەن امتیاز بۆی هەیە سەر نووسەرێکی تردابنێت بۆ ئەوەی چاپەمەنیەکە ڕانەوەستێت ئەمە ئازادییەکی زیاتری دەداتێ وپێویستە بدرێت، من لە ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە واتێ دەگەم بێنێت، ئەگەر ئەو تێگەیشتنەش نادات وەک د.عیزەدین گووتی روون بکرێتەوە ئەمە با لیژنەی یاسا بیکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووخاڵی نزیک بەیەک هاتوون، یەکیان ئەگەر چاپەمەنی (دەوری) دووبارە سەرپێچی کردەوە بۆ

ئەم رۆژنامەیە دانەخرێ؟ مەبەستەکە ئەوەیە بەڕای ئێمە رۆژنامە مافی ئەو میللەتەیە بمێنێ مافی ئەو کەسە نییە کە سەرپێچی تیادا دەکات هەر چەندە ئەوەی سەرپێچی کرد بەگوێرەی سەرپێچییەکەی سزا وەردەگرێ. دووەم ئەوەی د. عیزەدین دەڵێ ئەمە بەجێ بهێڵدرێ بۆ دادگا خۆی دادگا چارەسەری دەکات لە ماددەکە دەڵێ(حکم قضائی)واتا حوکمی دادگا نەک وەزیری رۆشنبیری، هەمیشە (مرجعی) داوا دادگایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونکردنەوەیەک بۆ مادە(١٢)، برگە یەک تەنیا پەیوەندی بە خاوەن ئیمتیازەوە هەیە ئەگەر هاتوو سەرپێچی یەکی کرد وحوکم درا پەیوەندی بە چاپکراوەکەوە نییە چ نووسراوە یان چی نەنووسراوە وەک تاکە کەسێک لەو کۆمەڵەدا، ئەگەر هاتوو سەرپێچی کرد ودادگایی کرا، ئایا ئەوە کار لەرۆژنامەکە یان چاپکراوەکە دەکا یا نە؟ خاڵی دووەم پەیوەندی بە چاپکراوەکە خۆیەوە هەیە ئەگەر لەوێ شتێک هات پێچەوانەی یاسا بوو و(حوکمی قضائی) بەسەر چاپکراوەکە، نەک خاوەن (إمتیاز) جێبەجێ دەبێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی چاپەمەنی (دەوری)کە رۆژنامە وشتی وەهایە، تەنیا دوو کەس تۆژینەوەیان لەگەڵ دەکرێ خاوەن امتیاز وسەرنووسەر، بابڵێین خاوەن امتیاز و سەر نووسەر إدانە کران بەتاوانێک لەدادگاکاندا، سەرپێچییە سەبارەت بە خاوەن کەرتی گشتی وەچ بەنسبەت کەرتی تایبەتی کە دەڵێت (لاثره لا ینسحب علی المطبوع الدوری) مانای ئەوەیە رۆژنامەکە داناخرێ، بەلام رۆژنامەکە مەرجێک لە مەرجەکان لە دەست دەدات، لێرە خاوەن امتیاز و سەرنووسەر دادگایی کراینە لە یاساکە دەڵێ( لکل مطبوع دوری صاحب إمتیاز ورئیس تحریر) لێرە هەردووکیان نەمان دەبێ خۆی داوا بکات لە وەزیری رۆشنبیری کە بیان گۆڕێ ئەگەر دایان نەنێ سەربەخۆ رۆژنامە مەرجی تیادا نامێنیت ودادەخرێ. بەنسبەت برگە(٢) ئەگەر هاتوو حوکمی قضائی دەرچوو لەسەر کەسێک کە کتێبێک دەردەکات و هێرش لەسەر شتێک دەکات ئەو کتێبە بە حوکمی دادگا دەستی بەسەردا دەگیرێ دەبێ کۆکرێتەوە وەکو رۆژنامەکە نییە ئەم کتێبە نابێ لە بەردەست بمێنێ، بەلام بەنسبەت رۆژنامەکە کۆناکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو زمان تێکەڵیەک هەیە، ئەو بڕیاری دادگایەکە بە سەر نووسەرەکە نراوە هەر خۆی رایان دەگرێ (تجمید) ودەچێتە سەر چاپەمەنیەکە من وای بەباش دەزانم جیا بکرێتەوە دادگا بۆی هەبێ بڕیارێک لەسەر نووسەرەکە یان خاوەن إمتیاز بدات، بەلام بڕیاری قەدەغە کردنی چاپەمەنیەکە نەدات لەسەر دوو دێر چاپەمەنیەک قەدەغە بکرێت ئەمە نەبووە پێشتریش لە دەوری پاشایەتی

کۆمەڵێ چاپەمەنی قەدەغەمان دیوە کە دراوەتە دادگا وەکو( کامل جادرچی وعزیز شریف) چەند جارێک دران بەدادگا، بەڵام چاپەمەنیەکە قەدەغە نەکرا ئەوکاتە سزا زیاتر پارە بوو، گەلاوێژ داخرا، بەڵام قەدەغە نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکەم، ئایا چاپەمەنی دەوری، یان ڕۆژنامەیەک ئەگەر شتێکی نووسی ولە بەرژەوەندی میللەتدا نەبوو، یان پێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتی و داب ونەریت بوو، یا تێک دانی تێدا بوو،ئایا ئەو بڵاوکراوەیە لەبازاڕ دەکێشرێتەوە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم ئەم دو بڕگەیە تۆزێک باشتر روون بکەمەوە هەر دووکیان مەسەلە بریتییە لە تاوانبار کردنی شخص:

١- خاوەن ( إمتیاز) وسەرنووسەر.

٢- ئەو کەسەی چاپەمەنیەکەی بردووە بۆ چاپ بەڵام ئەنجامی (تبعی) هەردوو یاساکە جیاوازە، یەکەمیان وا دنراوە کە کار نەکاتە سەر چاپەمەنیەکە بە حسابی ئەوەی رۆژنامەیەکە یان گۆڤارێکە سەرپێچی کردن لەیەک ژمارە رووددەدات بۆچی هەموو ژمارەکانی تر ڕابوەستێت؟، جگە لەوەی ئەمە حەقی خەڵکی تری تیادا دەکەوێ لەرۆژنامەیەک( ١٠٠) کرێکار کاردەکات جگە لەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە، دووەمیان یەک حاڵەتە بریتییە لەتاقە کتێبێک ئەمیان بە پێچەوانەی ئەوی ترە، ئەگەر پێشکەش کەری چاپەمەنیەکە حوکم درا بە إدانە حوکمەکە کار دەکاتە سەر کتێبەکە، کتێبەکە بە حوکمی ئەو بڕگەیە ڕادەگیرێ نەک بە حوکمی دادگا بۆ نموونە ئەم کتێبە دەستنووسەکەی دزراوە لە ڕێگەی دزی کەوتۆتە دەستی ئەو کەسەی کە پێشکەشی چاپی کردووە حوکمێکی بە ئیدانە دەردەچێ بۆ کەسەکە کە کتێبی دزیوە لەم حاڵەتە کتێبەکە ڕادەگیرێ تاوەکو ئەم مەسەلەیە ساغ دەکرێتەوە وتاوەکو دەدرێتەوە دەست خاوەنەکەی خۆی یاخود تانە(طعن) یان (تشهیر)ی تیادایە بەرامبەر بەزەلامێک کە حوکمی إدانە بۆ سەر پێشکەشکەری کتێبەکە دەرچوو کتێبەکە ڕادەگیرێ هەتا ئەوسێ چوار لاپەڕەی کە (طعن وتشهیر)ەکەی تێدایە لادەبرێ کە لاپەڕەکان لابرا کتێبەکە ئەوکاتە بەرەڵلا دەکرێ مەبەست ئەمەیەکە لەمیان ڕادەگیرێ لەوی تریان ڕاناگیرێ، سوپاس.

**بەڕێزکەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا لە لیژنەی یاسا دەکەم کە دابەزن، با کاک حسێن بێتە جێیان، چونکە ئەو خۆی رۆژنامەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا چ تێبینییەکی هەیە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەوە ئێمە لیژنەی یاسا لێرە باسی دەکەین پێک هاتووین بەکاک (حسێن)یشەوە، ئێمە پێش تریش بەکاک (حسین)مان گوت ئەگەر دەفەرموێت بۆ ئێرە دەیەوێ قسە بکات هیچ لاریمان نییە وئێستاش هیچ بەرهەڵستیمان نییە ئەگەر بێت لێرە روونی بکاتەوە پێشمان خۆشە، (حوکم جزائی) و(حوکم قضائی) هەیە، حکومی قضائی دادگا دەیدات ئێمە بروامان بەیاساو دادگای خۆمان هەیە (مطبوع غیر دوری) یەک جار دەردەچێت کتێبێک یەکجار دەردەچێت لەتواناندا هەیە کۆبکرێتەوە ،بەڵام فەوزیە خان دەپرسێ رۆژنامەیەک شتێک دەنووسێ ئایا یاساغ دەکرێ یان نا؟ ئەو رۆژنامەیە یەک نوسخەیە وەکو کتێبەکە نییە، هەندێ شت هەیە دەبێ لەکردن بێ (ممکنات) بێ باسی بکەین، بەڵام رۆژنامەکە ئێمە ناتوانین زەلامێک بنێرینە مەکتەبەکان پێیان رابگەیەنین بڵێین برۆ کتێبەکان هەمووی کۆبکەوە ئەوە راست نییە (مطبوع دوری) تەنیا خاوەن إمتیاز وسەرنووسەر تۆژینەوەی دادگایان لەگەڵ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (١) لە مادەی(١٢) وەکوو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە، برگە(٢) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(١٢) وەکو خۆی بمێنێتەو؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە بونیادەوە مادە(١٣) لە پرۆژەکە دوو برگە بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە لەگەڵ داوامان لێکرا کردمان بە برگەیەک بەیەک مادە.

المادة الثالثةعشرة: لاقيود على ادخال أي مطبوع الى الاقليم أو الاخراج منه إلا ماكان مخالفاً لاحكام المادة التاسعة من هذا القانون ويتعرض المخالف للمسألة القانونية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(١٣) لەبونیاددا (یەک) و(دوو)ە، بەڵام کرا بەیەک برگە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسا خوێندیەوە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی مادە(١٣) تەنیا پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئایا ئەو چاپەمەنیانەو ئەو

ڕۆژنامانەی کە لەلایەن ڕژێمەوە دێنە کوردستان، ئەگەر هاتوو تانەو تەشەری (طعن وتشهیری) بە کەسانێ تێدابوو چۆن چارەسەر دەکرێ؟ کێ لێرە تاوانباردەکرێ؟ ئایا یاساغ دەکرێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی ئێمە هەر لەگەڵ ئەو چاپەمەنیانە نییە کە لە عێراقەوە دێنە کوردستان، کێشە ئەو چاپەمەنیانەیە کە لە دەرەوەی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، ئێمە خۆمان دەزانین کە زۆر دوژمنمان هەیە وزۆر بەشیان خەڵکی زۆر دڵڕەشن کە لە ئەوروپا دانیشتوون ژەهر بۆ کوردستان دەرێژن لە بەر ئەوە من بەباشی دەزانم سانسوورێک دابنرێ بۆ ئەم بابەتە چونکە چاپەمەنی ئەوان لە بەرژەوەندی کوردستان نییە بەپێچەوانە ژەهر بۆ کوردستان دەرێژن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێنانی چاپەمەنی شتێکەو بلاوکردنەوەی شتێکی ترە، ئێمە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەبینین تەنها ئەو وڵاتانەی کەسانسۆری تێدا بوو وڵاتانی سۆشیالیستی بوون هەموو شتێک قەدەغە نەدەکرا کێتبخانەکان هەموو جۆرە شتی تێدا بوو ئەو شتانەی کە دژی ڕژێمە یان لەگەڵ دایە سەردەمێک پلەیان دانابوو بۆ ئەو شتانە کەدەیدەن بەهەموو کەسێک بۆ خوێندنە وەیان نایدەن، ئەوەی لەلانی ڕژێمەوە دێن هەر هەموو بەپێی مادده(٩) قەدەغەیە نابێ بێت، بەڵام کەدێت ئێمە سوودمان لێ بینیووە ئەو درۆو دەلەسەی رۆژ نامەکانی صدام دەیانکەن لێرە خەڵک دەیخوێنێتەوە دەزانێ درۆیە ئێمە تا ئێستا سوودمان لێ بینیوە زیانمان لێ نەبینیوە، بۆ بڵاوکردنەوە، من لەگەڵ هێرۆ خانم هەندێ شت دەست ناکەوێ بیهێنین خۆمان بلاوی کەینەوە وبیفرۆشین بەژمارەی زۆر هەر بۆ سەرچاوە ئەگەر نەتزانی دوژمنت چی دەڵێ چۆن وەڵامی دەدەیتەوە، ئەگەر قەدەغە بکرێ ئەبێ لە سنوور لە (ئیبراهیم خەلیل) شت بڵاونەکرێتەوە قەدەغە بکرێ ئەوەش شتێکی گەورەیە، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە قسەکەی هێرۆ خان وا تێگەیشتم کە کوردی کوردستانی عێراقن لەدەرەوە نووسراوو داندراویان هەیە وسبەینێ دەرچوو یاساکانیان ئەمانە بەپێی ئەم یاسایە پێویستە بدرێنە دادگا، پرسیارم لە لیژنەی یاسا هەیە ئەمانە چۆن چارەسەر دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر چاپکراوی خولەکی لە دەرەوەی وڵات ژەهر دەرێژن وخەریکی تانەو تەشرو ناوزڕاندنی سەرکردەکانی کودرن، رژێم لاپەرەیان لادەبرد گەر بەدڵیان نەبا یان دەیانکوژاندنەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەو شتانەی لە دەرەوە دەنوسرێت بێن بۆ کوردستان هیچ نەبێ بۆ ئەوەی بزانین چیمان پێ دەڵێن چۆن جنێومان پێ دەدەن، من پێم وایە هیچ سانسووریان لەسەر نەبێ هەرچی دەبێت ودەیێن بابیهێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی هێرۆخان گووتی حەقە بەقەرز لە سەریان بێت هەر چ بڵاودەکەنەوە قەیناکا، بەڵام حەقە کە هاتنەوە وڵات حسبابێکیان لەگەڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست ئەوەیە کە هاتنەوە خەڵاتیان بکەین!.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئەگەر یەکێک لە دەرەوەی وڵات بەیانێکی دەرکرد، ئایا ئەو کەسە چ ئیجرائاتێک وەردەگرێت دژ بەیەکێک وچۆن ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەم ئەوانەی لە دەرەوە شت دەنووسن وەکو پێشتر باسمان کرد، سنورێکیان دانا بۆ ئەوان سنوورەکە نایانگرێتەوە، حەقە برادەرانی لیژنەی یاسا بیری لێ بکەنەوە وشتێکی باشتری بۆ دابرێژن، دووەم بابەتی چاپەمەنی هەر تەنها نووسین نییە ئەوکاسێتانەی کەلە دەرەوە دەیانهێننەوە ناو کوردستان بۆیان هەیە بێ رەوشتی لە ناو کوردستان بڵاوبکەنەوە، حەقە سانسۆر دابنرێ لە سەر ئەو شتانەی کە لە دەرەوەدێت بۆ ناو کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ باسی دەرەوە بکەین، زۆر لە رۆژنامە وگۆڤارەکان لێرەش دەردەچن کەچی تانە (طعن) لەحکومەتی کوردستان دەدەن وبوختانی وا دەکەن وقسەی وا هەڵدەبەستن کە ناوزڕانی تێدایە بۆ پەرلەمان، تا ئێستاش هیچ ئیجرائاتێکیشیان لەگەڵدا نەکراوە، نازانم دوای تشریع کردنی ئەم یاسایەش ئیجرائاتیان لەدژ دەکرێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی چاپەمەنی دووبەشە بەشێکی کار دەکاتە سەر رەوشت وکرامەت و میللەت بەشەکەی

تریش کاردەکاتە سەر سیاسەتی دەوڵەت، ئەوەی کار لە سەر ڕەوشتی میللەت دەکات، هەرگیز نەیەتە ناو کوردستان، ئەمەی کار لەسەر سیاسەتی دەوڵەت دەکات وتانەوتە شەڕ لە ڕێبەرو پێشرەوی میللەتی کورد دەکات ئەوە پێی ناوی بێتە ناوەوە، بەلام وەکو دەسەلات دەوڵەت تەحەمولی ئەو کارەبکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو قەدەغە کردنە لە سەر دوو شتە، یەکەم ڕۆژنامە، دووەم کتێب. لە ساڵی ڕابووردوودا هیچ قەدەغە نەبوو نە لەسەر کتێب نە لەسەر ڕۆژنامە کە لە دەرەوە دێت بۆ کوردستان، ئایا ئێمە قازانجمان لێ کردووە یان زەرەرمان لێ کردووە؟ بەڕای من ڕۆژنامەی (عێراق وجمهوریە وثورة) خەڵک دەیکرین وسوودی لێ دەکەن دەزانن چەند درۆ دەکەن خەڵک خۆی رقی لەو رژێمەیە میللەت گەیشتۆتە ئەوەی بزانی ڕاستی لە چی دایەو ودرۆ لەکوێ دایە دووەم لە سەر کتێب، ئەگەر ئێمە شتێک قەدەغە بکەین هەر بلاودەبێتەوە ئێمە دەزانین حکومەتی عێراقی چەند کتێبی لەسەر کورد قەدەغە کردبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبانە لەناو دەستی خەڵکی هاتوو چۆی دەکرد جاوەک کاک فەرەنسۆ گووتی باسانسۆر نەبێ میللەت خۆی سانسۆر بێت، من بڕوام ئەوەیە ئەگەر قەدەغە بکرێ بلاودەبێتەوە، بەلام ئەگەر قەدەغە نەکرێ میللەت خۆی سانسۆر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەرگری لە ماددەکە دەکەم (لا قیود على إدخال اي مطبوع الى الاقليم أو الاخراج منه إلا ماكان مخالفاً لاحكام المادة التاسعة من هذا القانون ويتعرض المخالف المساءلة القانونية) بۆ ئەوەی چاک بزانین ڕۆژنامەگەری دەرەوەی دوژمن چی دەڵێت ئێمە ئەگەر نەزانین دوژمن چی دەڵێ زۆر خراپە ماددە(٩)یاساغی لە سەر ئەویش دادەنی ئەوەی لانی ئەدەب ورەوشت وتانەوتە شەڕو ناوزڕاندنە بەکەسان هەمووی یاساغن، ئنجا ماددەکە لە جێی خۆیەتی هیچ پێویست بەئەوەندە گفتوگۆ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەم ماددەیە دوو سێ تێبینم هەیە، یەکێک لەوانە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت (لاقيود على ادخال اي مطبوع الى الاقليم او الاخراج منه إلا ماكان مخالفا للقوانين المرعية) لە ماددە(٩) دەڵێ هە تاکو دادگاکان ڕای لە سەر نەدەن ئێمە ناتوانین ڕۆژنامە یان کتێب بێنینە ناو وولات، من لەگەڵ ئەوە نیم هیچ پێوەندێک هەبێ لەسەر چاپەمەنی، جگە لەوەی پەیوەندی بە ئادابەوە هەیە مەسەلەی فکر لە کوردستان ئەبێ ببێ لەگەڵ ئەوەی من دژی ئەم نووسراوانەم لە دەرەوەی وولات دەنووسرێو لەگەڵ ئەوەش نابێ ڕاوەدووی کەس بکەین کە لە دەرەوەی وولات

دەنووسێ یان ئێمە سەربەستیان لێ بسەنین کە ئەویش بەشێکە لەمافی مرۆڤ، نابێ ئەو دیاردەیە لە لای ئێمە رووبدات بەرای من ئازادی دەبێ بپارێزرێ هەروەها مافی مرۆڤیش بپارێزین هەر کەسێک هەیە رای خۆی بدات ویاساکانیش هەیە، ئەگەر کەسەکە سەرپێچی کردنی تەشەر یاخود تانە (طعن)ی کردبێ یاسا هەیە لێی دەتۆژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ بڵێم ئێمە گفتوگۆ لەسەر شتێک دەکەین کە بەڕێزان لە پێشەوە بڕیاریان لەسەر داوە، خۆی لێرە مەسەلەکە دوو شتە، یان بەرەڵلاکردن(إطلاق )بە شێوەیەکی رەها وەیان قەدەغە کردنی بەشێک یان هەمووی (منع كليا أو جزئيا)، بەڵام بەڕێزان لە پەرلەمان ئەو بەندانەی کە لە مادده(٩) هاتووە هەموو کۆکین لە سەری ئەوەی لە سنووری کوردستان شت بکرێت، ئەوەی لە مادده(٩) هاتوون ئێمە بڕیارمان لەسەر داوە لە لانی یاساییەوە شتێک کەبڕیاری لەسەر درا دەچەسپێ وگەڕانەوەی لێ ناکرێ ئەوەی لەو مادەیەدا هاتووە جیاوازی نییە تەنیا تەرخانکراوە بۆ ئەوانەی لەدەرەوە دێن ئێمە گفتوگۆی دەکەین لە سەر ئەوەی کە مادده(٩) بڕیارمان لەسەر داوە ئەو مەرجانەی کە لە مادده(٩)دا هاتوون بۆ هەر دووکیانە ئەوە لەناوخۆیە وئەوەی لەدەرەوە دێتە ناوەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سێ حاڵەت هەیە کە ئێمە باسی دەکەین، وەزعی ئێمە لەگەڵ رژێم وەزعێکی کاتیە وئەووەش ئەگەر پێویستی بەهەندێ ئیجرائات هەبێ وەزارەتی رۆشنبیری رێنومایی دەرکا، با ئێمە یاسایێک دابنێین کە بۆ وەزعێکی کاتی نییە، بەڵکو بۆ داهاتووە کە رەنگە رژێمێکی دیموکراتی بێت، ئەو رۆژنامانەی رژێم دێت وای کردووە خەڵک زیاتر گوێ نەداتە پڕۆپاگەندەی رژێم بەڵام ئەگەر نەبا خەڵک بیری دەکردەوە چی دەڵێن وچی دەنووسن، حاڵەتی دووەم ئەو نووسەرانەی خۆیان کە لە دەرەوە دەنووسن ئێمە بۆ چی تەنها بیر بکەینەوە لە سزادان؟ لێرە وا دەردەکەوێت کە دوو بەرە هەیە بەرەیەک دەنووسێ وبەرەیەک ئامادەن بیاندەن بەدادگا. خاڵی سێیەم کە ئەمە خاڵێکی گرنگە پێی دەڵێن(حق الاطلاع) مافی بەسەر کردنەوە مەسەلەی ئێمە تەنها رژێم ونووسەرانی خۆمان نییە میللەتی کورد پێویستی بەکۆمەڵێک زانیاری هەیە لە دەرەوە مەرج نییە ئەو زانیاریانە هەموو سیاسی بن بێگومان زانیاری ورۆشنبیری هەیە، بەڵام ئەگەر پێوەند زیاد بێت وادەکەین کەس نەوێرێ شت ببینێ بۆ خوێندنەوە لە هەموو دونیا مافێک هەیە لە مەسەلەی پێشوو باسمان کرد هەر هاوڵاتیەک لە ماڵی خۆی هەتا شتێک دژی ئەم رەوشەش بێت ئەتوانێ دانەیەکی هەبێ، بەڵام نابێ بڵاوی بکاتەوە، من لەگەڵ (کاک عەبدولخالق)م کە دەڵێ (المخالف)، سەرپێچی کار کێیە؟ یەکێ کە کتێبێکی پێیە کەیەک نوسخەیە لە هەموو دونیا یەک کتێب دادگایی ناکرێ لە

بەر ئەوە دەبێ ئێمە زۆر ئاگاداری مەسەلەیەکی گرنگ بکەین کە مافی مرۆڤ بەتایبەتی لەم چەرخەدا کە سنوور نەماوە ومەسەلەی زانین تەنها رۆژنامە وکتێب نییە رادیۆو تەلەفزیۆن هەیە، ئێستا سنوور نەماوە وەمەسەلەی زانین من ناڵێم هەموو شتێک بەرەڵلا بکرێت ئاگاداری بکرێت یاسا زۆر پێوەندی داناوە، بەڵام بۆ مەسەلەی هێنانی شت وەکوو گۆڤارو کتێب دەبێ لەمە زۆر کراوەبین، لەبەر ئەوە ئەو دەقەی کاک عەبدولخالق گوتی زۆر باشە، دەربارەی رژێمیش کەشت بڵاودەکاتەوە ئێمە دەزگای راگەیاندمان زۆرە وەکو رۆژنامە وگۆڤارو رادیۆ وتەلەفزیۆن، جگە لە وەزارەتی رۆشنبیری ئەگەر پێویست بوو پەرلەمان لەکاتێکدا بریار بدات وەزارەتی رۆشنبیری دەتوانێ رێنومایی دەرکات بۆ ئەوەی هەندێ شت نەیەنە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ بزانین ئەو یاسایە یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان، واتا یەکێ لە ناو هەرێمی کوردستان سەرپێچی ئەو یاسایەی کرد خۆی بەپێی ئەو قانوونە تۆژینەوەی لەگەڵ دەکرێ، بەڵام ئێمە ئەوانەی دەرەوە ناتوانین تۆژینەوەمان لەگەڵدا بکەین کەژەهراو دەرێژی تەنیا ئێمە دەڵێین ئەو چاپەمەنییە لە دەرەوە بێتە کوردستان یان ئێمە ناتوانین لەوێ ئەو کابرایە بێنین کە لەژێر سایەی یاسای نێو دەوڵەتیدایە ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نی یە، لێرە تەنیا ئەوەی داخلی کوردستانە وەکوو کاک دکتۆر عیزەدین وکاک فلك الدين گوتیان ئەگەر سەرپێچی کاری یاسا پەیرەو کراوەکان بێت مانای ئەوەیە ئێمە پێوەند زیاد دەکەین لە سەر چاپەمەنی دەرەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین سەرپێچی ماددە(٩) پێوەندەکە گچکە دەبێتەوەو (حصر) دەبێ بە ماددە(٩) ئەوەش دەمێنێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێز ئەگەر پێتان خۆشە پێوەندەکە فراوان بێت یا ببێتە یاسا پێرەو کراوەکان، بەڵام ئەگەر پێتان خۆشە ئەو خاڵانەی کە بۆ ناوەوە دیاری کراون بۆ دەرەوش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لە سەر ئەو بابەتە زۆر باسکرا، ماددەکە روونە وگفتوگۆیێکی باشی لەسەر کرا، ماددە(٩) دەنگدانی لە سەر کراوە وتەواو بووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە(١٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة:

حرية العمل الاعلامي لمراسلي ومندوبي وسائل الاعلام الاجنبية في الاقليم مكفولة وتحدد شروط واسس عملهم بتعليمات يصدرها الوزير، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش روونە، چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ نییە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

على اصحاب المطبوعات الدورية القائمة لغاية نفاذ هذا القانون تنفيذ احكام المادة الخامسة منه خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە وەکوو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة (١٦): للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ برایانی لیژنەی یاسا باسێکمان کرد، کە چاری ئەو رۆژنامانەی کە ئێستا دەردەچن بەدەرچوونی یاساکە دەبێ داخرێن وداوا بکەن یان نەء؟ یان داوا بکەن بەردەوام بن لەسەر (٣٠) رۆژەکە ئەگەر وەزیر رازی نەبوو دادەخرێ ئەوە ئەگەر چاک بکرێ، باسی نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەکە روونە کە لێرە دەڵێ (اصحاب المطبوعات دورية قائمة)بەردەوام دەبێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە(١٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السابعة عشرة:

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە(١٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده(١٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة التاسعة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده(١٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. بەمە یاسای چاپەمەنی لە کوردستان تەواو بوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم یاسایە هەمووی پێکەوە وەکو گفتوگۆی لەسەرکرا بڕیاری لەسەر بدرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ یاساکە پەسەند کرا. زۆر سوپاس. ئێستا پشوێک دەدەین تاکات ژمێر(١٢) دوای ئەمە دەست پێ دەکەینەوە.

**پاش پشوو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئاگاداری وەکو بیستتان سەرۆک(تورکت ئۆزال) فەرمانی خوای بەجێ هێنا، دوێنێ بەهاوکاریی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئاگادرایەکمان بڵاوکردەوە خەم و پەژارەی خۆمان وەکو پەرلەمان وحکومەت پیشان دا، بەڕێز تۆرگوت ئۆزال لەو ماوەی دواییەدا دەورێکی باڵای هەبوو بۆ کۆمەک وهاوکاری وپشتگیری ئەم ئەزموونە دیموکراتییە لە کوردستانی عێراقدا بۆ ئەمەش شاندێک بەسەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال بەرەسمی بەشدار دەبێت لەرێ ورەسمی ناشتنیدا و، لێرەش لەلایەن پەرلەمانەوە کاک نەژاد ولەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاک د. رۆژ ئەمرۆ سەفەر دەکەن بۆ ئەم مەبەستە.

خاڵی دووەم: گیروگرفتی داخوازی دانیشتوانی پێنجوێن.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با کاک بەکر حاجی سەفەر قسە بکا ئەو خەڵکی پێنجوینە، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانیشتوانی شاری پێنجوین سکاڵایەکیان نووسیوە، لەگەڵ چەند پێشنیارێک کۆمەڵێک خەڵک، لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە یادی کۆڕەوەکە بە هەموویان بڕیاریان لەسەر صیغەیەک داوە کە لە سەر ئەو پارچە قوماشە ئیمزایان کردووە، ئەو شتە خۆیان نووسیویانە هەندێ مۆرکی ئەدەبیاتی خۆیانی تێدایە، هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری نووسراوە رەنگە(٦-٧) هەزار کەس تێدا

بەشدار بوویێت بە ئاگاداری قائمقامی ئەوێ، من بە ناوی خەڵکی پێنجوێن داوا دەکەم لەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە رێکخراوەکانەوە هەیە هەوڵ بدەن لە مەودوا لایەک لەو ناوچەیە بکەنەوە، جا حەز دەکەم ئیمزا کانتان نیشان دەم وداواکارییەکانیش بخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو داخوازییانەی کە بۆمان دێن ئێمە یەکسەر دەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە باس کرا کاکڵی ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، بۆ ئەوەی ئیداراتی ئێمەش بتوانین بەرێک وپێکی بە ئیشوکاری خۆیان هەڵسن، من بەباشی دەزانم ئەم جۆرە داواکاریانە لەگەڵ قائمقام ولێ پرسراوی قەزاکان باس بکرێن و، ئەو داخوازیانە لەرێگەی ئاسایی خۆیانەوە بنێرن بۆ لایەنە رەسمییەکان، ئەندامانی پەرلەمانی ئەو ناوچانە حەقە تێبینی ئەو شتانەی ئەوان بکەن وبەدوایدا بچن و، ئەگەر گەیشتنە قەناعەت کە کەم تەرخەمی هەیە لە جێبەجێ کردنی هەندێ شت، کە بۆی نییە بکرێت، ئەو کاتە لەرێگای ئوسولییەوە رۆژی سێ شەممە لێرە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی بکەن و بەو پرسیارانە بگەن بەئەنجام وموتابعەی بکەین. باسی یەک دوو خاڵی گرنگ کرا گومرک وجەردەیی وکۆمەڵێک شتی وەها ئەم کێشەیە چەند جار لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا باس کراوە، لەگەڵ وەزیری دارایی داوامان کردووە ونووسراومان کردووە وتاکیدمان کردووە لەسەر ئەو بڕیارانەی کە لێرە وەرمان گرتوون، بەڵام بەداخەوە هەتاکو ئێستا ئەم شتانە ئەنجام نەدراون وئەم دیاردەیەش هەر هەیە، لەسەر ئەم رەوشە دەبێ شتێک یاخود سنوورێک دابنرێ بۆ هەمەجۆری گومرگ وزۆری وەرگرتنی گومرگ، جگە لەوەش ئەمە راوورووتێکی ئاشکرایە، واتا بە ئاشکرا مۆڵەت دراوەتە پێشمەرگە یان پۆلیس کە بروات پارە لە خەڵک وەربگرێ و بەرتیل وەربگرێ، من لەوە دەترسم رۆژێک لە رۆژان خوانەخواستە بەرتیل لە وڵاتی ئێمە ببێت بەعادەت وشتێکی رەسمی، بەڵام بەرتیل تاوانەو دەبێ بۆ ئەمە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وبەڕێز وەزیری ناوخۆ قسە بکەین وهەوڵ بدەین ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێت، ئەگەر نا من هەست دەکەم پێویستە ئەو کاتە لە پەرلەمان بڕیارێک دەربچێت بۆدانانی سنوورێک بۆ پیتاک (تبرعات) وەرگرتن. کە رەسمەکان دیاری بکات، چونکە ئەمە لە توانای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی یاسادانانە نەک دەسەڵاتی راپەڕاندن، هیواداریین لەمەودوا بارمان سووک بێتەوە لە یاسا دانان و، ئەندامانی پەرلەمان زیاتر خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئیشوکاری دائیرەکان ووەزارەت وسەرپێچییەکان لە کوێ دەکرێن و، لێرە بەتایبەتی رۆژانی سێ شەممە کەرۆژی ئامادەبوونی حکومەتە، ئەو سەرپێچییانە چارەیەکی باشیان بۆ بکرێ بۆ هەموو جارێک وەزیرێک دێت لێپرسراوێک دێت پاساو بۆ هەڵەکەی دەکات وەئێمەش لێی خۆش دەبین، ئێمە دەبێ لەمەودوا گوێ لە پاساودانی هەڵە نەگرین، بەڵکو بگەڕێین بۆ بنەمایەکی یاسایی کە ئیتر وتێ پەڕاندن لەسەر یاسا دووپات نەکرێتەوە، ئەگەر نا ئەوە ئەم جۆرە داوایە زۆر دەبێ ودڵنیام ئەگەر ئێمە لە پەرلەمان خەریکی ئەو شتانە بین لەوانەیە وەختی زۆر لە پەرلەمان بکوژین بە بابەتێک کەکرۆکی

ئیشوکاری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە وئێمە هەر ئەوەندەیەمان لەسەرە کە موتابەعەیان بکەین، من بەپێویستی دەزانم کە لەمەوەدوا کتلەکان ڕێنومایییەکی بە ئەندامانی پەرلەمان بدەن و هەوڵ بدەن ئێمە زیاتر خەریکی ئیشوکاری بەدواداچوون وژمێریاریی و ئەو سەرپێچی کردنانە بین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەدانیشتنی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوودا من باسی ئەو خاڵانەم کرد کە لێرە پێشتر لە تازە بابەتدا هاتوون، ڕەنگە ئەو خاڵانە ئیشی سەرەکی ئێمە نییە، ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە، لەبەر ئەوە ئێمە فریای دەرچوونی یاساکان ناکەوین ئەو ئەندامانەی پەرلەمان سەرپشکن وەدەتوانن خەڵکی ناوچەکانن سکاڵای خەڵکی ناوچەی خۆیان یان لە ڕێگەی قائمقام وپارێزگارەکان وەیان لە ڕێگەی وەزارەتەکان بەرچاو بخەن بێ ئەوەی بیهێننەوە هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئەو ڕۆژە کامیرای تەلەفزیۆنی زۆر بوو هەرکەسە هەوڵی دا بەشی هەبێ لە پێشکەش کردنی سکاڵای هاووڵاتیانی ناوچەکەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕۆژی سێ شەممە کامیرای تەلەفزیۆنی وراگەیاندن دێن، ئەوسا بەئارەزووی خۆتان چیتان هەیە بیڵێن.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە خاڵەکانی تریش هەتا کرینی دەغڵ ودان، ڕاستە ئەوە دەبێت لە پەرلەمان دەرخرێ، بەڵام ئەوە ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران هەم توانایە تەرخان بکات هەم هەڵوێستی پێویست وەربگرێ کە چۆن دەتوانێ ئەو دەغل ودانە کۆبکاتەوە وبەکوێی بفرۆشی، بۆیە بۆ مەسەلەکانی تریش من پشتیوانی لە جەنابت دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە مێژە باسی یاسای چەند حزبی (تعدد الاحزاب) ونەهێشتنی میلیشیا دەکەین، من داوا دەکەم کە هەتا زووە ئەم یاسایە دانرێت، چونکە هەتا میلیشیا هەبێ کوشتن و ڕاووڕووت دەبێ و یاساکانی تریش ناچەسپێن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کاک بەکر دەکەم، مەبەستی من یەک شتە، ئەو شتانەی لەو پرۆژەدا هاتون پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیەکی بەدرێژی تایبەتی هەبێ بەچ شێوەیەک بێت لە ڕێگای ڕێک خراوەکانەوە بێت، یان بەخۆی دەتوانێت چاکسازی بکات وگرفتی خەڵک چارەسەر بکات،ومن پێشنیارێکم هەیە ئەو برادەرەی نوێنەری ناوچەکەیە بەدواداچوونی بابەتەکە بکات

ئەمە یەک، دووەم ئێمە ئەگەر وتمان وەزیر کەم تەرخەمە دێت بەرگری دەکات ئیتر بابەتەکە تەواو دەبێت، ئێمە لەو لانەوە بەدواداچووغان بەبڕوای من ئێمەش تاڕادەیەک بەشدارین لەوە، چونکە کە وەزیرێک کەم تەرخەمی دەکات دوو حاڵەت هەیە یان ئەو کابرایە خۆی توانای نییە ئیشەکە بکات یان خۆی رازییە لەو ئیشە لە هەردوو حاڵەت ئێمە دەبێت تۆژینەوەی لەگەڵدا بکەین، چونکە ئیشی سەرەکی ئێمە ئەوەیە چاودێری وتۆژینەوەی دەسەڵاتی راپەڕاندن بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لێرە پشتگیری قسەکانی بەڕێز کاک عەدنان دەکەم، من پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ولەگەڵ وەزیری ئاوەدان کردنەوە وئەو رێکخراوانەی کە کاروباری ئاوەدان کردنەوەیان هەیە، لەبەر رۆشنایی داواکاری خەڵکی پێنجوین کۆبوونەوەیەک لەبوارێکدا ساز بکەن وەکو قەزایەکی گرنگی ناوچەکە هەتا ئێستا یەک قوتابخانەی تیادا کراوەتەوە، من پێم وایە پێنجوێن زۆر لەمە زیاتر دەهێنێ ئێمە گرنگی تایبەتی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری داواکاری هاووڵاتیانی پێنجوێن دەکەم، کە بەڕێز کاک بەکر پێشکەش بە پەرلەمانی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی من پێشنیارێکم کرد بەیەک خستنی دەزگاکانی خێرخوازەکان، بەڵام هەتا ئێستا نەکراوە، ئەوەی زۆر گرنگە هەتا ئێستا مەسەلەی گومرگ چارەسەر نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری داخوازییەکانی جەماوەری پێنجوێن دەکەم، قائمقامی پێنجوێن توانای زۆر کەمە، بەو توانا کەمە ناتوانێ دەست بەسەر ئەو سنوورە گەورە دابگرێت ناتوانێ چارەسەری ئەو گرفتانە بکات، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم تواناێکی تایبەتی بدرێت بە قائمقامیەتی پێنجوێن هەروەها پۆلیسیشی بۆ زیاد بکرێ ئاسایشی بۆ زیاد بکرێ ئەو هێزانەی دەنێرینە ئەوێ لە ژێر چاودێری قائمقامی پێنجوێن بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەنجومەنی وەزیران، یان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مانگی جارێک ئەو

کاره ئەنجامدراوانەی کە کردوویانە یاخود لە بەر دەستیانە بیکەن لەو شوێنانەی کە دەکرێت عەرزی پەرلەمانی بکەن کە ئەو شتانە کراوە و، ئەو پرۆژانەش لە بەر دەستدان کە بکرێن بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر بیروڕایەکیان هەبێ لە سەری دەرببڕن وئەو تایبەتمەندییەی کە باس دەکرێت دەست نیشان بکرێت تاچ رادەیەک ئەو شوێنە پێویست ترە لەشوێنێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز بەکــر حـــاجی ســـەفــــەر غــــولام:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من رام لەگەڵ راپۆرتەکەیە بۆیە هێناومە بیخوێنمەوە، راستە ئێمە لێرە بەهەندێ شت سەرقاڵ دەبین حەقە لە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەر بکرێت، ئەگەر لەوێ چارەسەر نەکرا چی بکەین؟ خەڵکەکە دەڵێن نیوەی داهاتی کوردستان بەهۆی گومرگی پێنجوێن پەیدا دەبێت هیچ نەبێ شتێکمان بۆ سەرف بکەن ئەو رێگەی شتەکانی پێدا دەڕوات ئەو رێگەیە چاک بکەن بۆ ئەوەی ئەو زستانە، چونکە ئەوە رێگەی بەفراویە کە خراپ بوو بە دوو هەفتە چاک نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

بەبۆچوونی من ئەم بابەتە لای هەمــووتان روونە، بەڵێ راســتــە پێنجــوێن هەیە، بەڵام بەدەیان پێنجوێنی ترمان هەیە کە پێویستیان بەئاوەدان کردنەوە هەیە، باوەڕ ناکەم حکومەتی ئێمە کەم تەرخەمی کـردبێ لەو بارەیەوە، ئاوەدان کـردنەوەی کـوردســتــانیش گـرێ نەدراوە بە توانای حکومەتەوە، چونکە هەمووومان دەزانین ئەوەی هەشمانە رەنگە زۆر کەم بێت، حکومەت خۆشیان لێرەنین بۆ ئەوەی رامان وەرگرتبان بزانین ئەوان چی دەڵێن، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوتوانایەی کە ئێمە هەمانە ئەگەر وەکو پێویست هەبێ، حکومەتی ئێمە کەم تەرخەمی ناکات بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم داخوازیە دەنێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، دیسان داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە هەر کەس بەگوێرەی توانای خۆی وناوچەکەی خۆی موتابەعەی ئەم بابەتە بکات و، ئینشائەڵڵا دوای ئەوەی کابینە دادەمەزرێتەوە ئێمە دەگەڕێینەوە سەر پێڕەوی خۆمان هەموو سێ شەممەیەک دادەنێین بۆ لێپێچانەوەی حکومەت، ئەو کاتە سەرۆکی وەزیران یان جێگری یان چ وەزیرێک یان خۆیان کێ دەهێنن بیهێنن بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا چی کراوە باس بکرێت و وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە لە سەر ئەو بنەمایەی کە تا ئێستا لەسەری رۆیشتووین و، هەوڵ دەدەین ئەو بوارە تۆزێک گەرم وگوڕتر بکەین وەموتابەعەی ئەندامانی پەرلەمانیش بەڕای من دەبێ لەوە گورج تربێت لەوەی کە تائێستا کردوومانەو، ئەو وەزیرەی، یان ئەو کەسەی کەمتەرخەمی دەکات ئێمە لێرە کۆمەڵێک دەسەڵاتمان هەیە دەتوانین لێرە بەکاری بێنین چ بەخۆشی وچ لەرێگەی یاساییەوە بۆ ئەوەی ئەو کەمتەرخەمیە لابەرین و، نەهێڵین دووبارە ببێتەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێ ناوچەگیری بکەن، ئەوەی خەڵکی دهۆکە، خەڵکی رانییەیە، یان خەڵکی شارێکی ترە با ناوچەگیری بکات ئەرکی ئەندامی پەرلەمان ئەوەیە موتابەعەی کاروبارو گرفت وداخوازیبەکانی ناوچەکەی خۆی بکات، ئەگەر ئێوە

بەرگری نەکەن لە کەلار ولە پێنجوێن ولە کفری ولە دهۆک وزاخۆ ئەی کێ بیکات؟ راستە ئێمە نوێنەری خەڵکین، بەڵام هەریەک دەگەڕێتەوە بۆخانەی خۆی ودەبێ (ئەفزەلیەت) بدات بەناوچەی خۆی کە دەنگی بەرز بکاتەوە وداخوازییەکانی بخاتە پێش چاو وموتابعەیان بکات، هەتاکو داوای تۆژینەوەش بکات، بابەتی لیژنەی بەدواداچوون(متابعە) من وای بۆ دەچم کە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان خۆی لە خۆیدا ئەندامی لیژنەی موتابەعە کردنە، من باوەر ناکەم لە هیچ پەرلەمانێکی جیهانی لیژنەیەکی بەدواداچوون هەبێ، بەڵام دەتوانین لیژنەیەکی تر بەناوی لیژنەی شکاتکردن دروست بکەین، ئەم شتانەی دێن بۆ ئێرە دەدرێن بەو لیژنەیە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە، من جەخت دەکەم لە سەر یەک خاڵ ئێمە حەقە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ڕێنومایی خەڵک بکەین کە سەردانی لایەنە رەسمیەکان بکەن، چونکە قائمقام دەبێ وەزیفەی خۆی ببینێ، ئەندامی پەرلەمان حەقی خۆیەتی بڵێت ئەمە ئیشی قائمقامە، ئەمە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە، ئەمە ئیشی وەزارەتی ئابووریە. دەبێ هەوڵ بدەین ئەو داخوازیەکانی خەڵک لێرە گەڵاڵە بکەین ومتابعەیان بکەین وبزانین، بۆچی فلان ئیش نەکراوە؟ ئەوکاتە بەشێوەی پرسیار بێت، یا بەشێوەی مەزبەتە بێت لەگەڵ حکومەت بزانین ئەو رەوشە چۆن دەڕوات، خاڵی دووەم بەم شێوەیە چارەسەر بکەین و، خاڵی سێیەم کە کڕینی دەغڵ ودانی ئەم ساڵە لە جووتیاران، پاریش ئێمە هەمان شتمان کرد، بەڵام وەکو پێویست ئەنجام نەدرا ئەم ساڵیش نازانین چۆن دەبێ، لەبەر ئەوەی حکومەت کەسیان لێرە نییە، وەزارەتی دارایی لێرە نییەو، ئێمەش ناتوانین گفتوگۆی بابەتێکی وابکەین کە ئەوان لێرە نەبن، بەڵام دەتوانین بەشێوەی پرسیار ڕووبەڕووی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەینەوەو کەی هەڵیان بۆ رەخسا بێن و، وەڵامی پرسیارەکەمان بدەنەوە بزانین چیان کردووە.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابت فەرمووت پێویستە هەر ئەندامێک بەرگری لە ناوچەی خۆی بکات، باسی دەغڵ ودانتان کرد، ناوچەی سیدەکان وخۆشناوەتی بەتووتن دەژین باسی تووتن نەکرا بەرهەمی پارەکەش هەر لەلای خۆیان ماوەتەوە هەتا دەیهیننە هەولێر پێشەکی گومرگیان لێ وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر حەز دەکەی ئەمە دەکەینە پرسیار وبۆ حکوومەتی دەنێرین.

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی بۆ پرسیاری دەغڵ ودان دوو خاڵ هەیە:

١- نەهێشتنی مێرووی (سن) بەڵایەکی زۆر گرانە لەسەر دەغڵ ودانی ناوچەکە ئەگەر لە هەر دوو مانگی(٤-٥) نەهێشتنی نەکرێ ئەو دەغڵ ودانە هەمووی دەفەوتێ، چونکە پاش ئەو ماوەیە (مکافحە) ناکرێ.

٢- كرینی دەغڵ ودان ئەگەر جوتیارەکان ئێستا پرۆگرامی خۆیان نەدەن بێگومان ئەویش لە دەست دەردەچێت مانگی ٦-٧ دەغڵ ودان تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن با کاکەڕەش قسە بکات، چونکە ئەوان وەکو لیژنە سەردانی حکومەتیان کرد دەربارەی ئەم بابەتە، پاشان دەچینە سەر خاڵێکی تر.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی بابەتی نەهێشتنی (کیسەڵەو سن) سەردانی وەزارەتمان کرد بۆ ئەوە بزانین چ هەنگاوێکیان هاویشتوە و چ توانایەکیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئیشە بکەن پاش گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی کە بەر پرسیارن لەنەهێشتنی مێروو، دەرچوو ئەوان توانایەکی زۆر بێ هێزیان هەیە دەرمانێکی کۆنیان هەیە کە لە لایان ماوەتەوە ئەویش تەنیا بەشی(٥-٦) هەزار دۆنم دەکات، بەڵام خۆیان هەندێ پەیوەندیان کردبوو لەگەڵ رێکخراوی(OFDA) و لێپرسراوی رێکخراوەکە پەیمانیان داوە کە هاوکاریان بکەن (٢٠٠) طن دەرمانیان بۆ بێنن لەگەڵ چەند رشێنەرێک، وەخۆشی رێکخراوەکە(٣٠) ئامێری رشێنەری بەکرین دا بوو ئێستا لەو(٣٠) مەکینەیە(٢٥) ئامادەیە ئەگەر دەرمان هەبێ بۆی هەیە بەکارەکەی خۆیان هەستن، مستر سکۆت(سەرۆکی رێکخراوی(OFDA) دەڵێ کەوا ئەو دەرمانە هێشتا لە تورکیایە، بەڵام لەو رۆژانە وەزیری کشتوکاڵ لە تەلەفزیۆن دەرچوە بۆی هەیە ئەو زانیاریەی کەدایتێ رەنگە هەڵە بێت کە گوایە ئەو دەرمانە گەیشتۆتە زاخۆ ، بەڵام نەخێر سەردانی ئەنجوومەنی وەزیرانیشمان کرد گوتیان ئێمە ئێستا لەنێوان دوو رێگاین یان ئەو رێکخراوە دەتوانێ دەرمانمان بۆ بێنێ یان نایهێنێ لە هەمان کاتدا دەبێ نەختێک پارە وپول دابین بکرێ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کرد لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە نووسراوێکیان بۆ بنووسی وەلەهەمان کات خۆی پەیوەندی بە رێکخراوی OFDA کرد وەزارەتی کشتوکاڵ کتابێکی کرد لەسەر ئەو بنەڕەتە ملیۆنێک دیناریان بۆ تەرخان کراوە لەبەردەستی ئەوانە، بەڵام هێشتا چاوەڕێی دەرمان دەکەن ،چونکە داخوازی وەزارەتی کشتوکاڵ(١٠) ملیۆن دینار بوو ئەگەر رێکخراوی OFDAدەرمان نەنێری پێویستیان بە(١٠) ملیۆن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن چەند قونتەرات چیەک تێ بگەیەنێ دەرمان لە ئێران ولە تورکیا بەڕێگەی قاچاغ یان هەر رێگەیەکی تر بێنن وەهێشتا بابەتەکە بەم شێوەیە وەک پێویست چارەسەر نەکراوە وەکوو مامۆستاش فەرمووی ئەگەر لە ناوچەی هەولێر تا ٤/٣٠ دەست بە (مکافحە) کردن نەکرێ پاش ئەو ماوەیە بێ سوود دەبێ ومەصرەفەکەشی بەلاش دەبێ، هیواداربن پرسیار لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت چیان کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە وەئایا توانا هەیە پارە پەیدا بکەن بۆ ئەوەی دەرمان بکرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بابەتەش وەک پرسیارێک ڕووبەڕووی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەینەوە، وەدەیکەین بەدوو بەشەوە یەکەم: چیان کردووە بۆ دەرمان،؟ دووەم: چیان کردووە بۆ دابین کردنی بەرهەمی ئەم ساڵی دەغڵ ودان؟.

**بەڕێز د. خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدواداچوونێکم لەسەر قسەی کاکەڕەش هەیە، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ وباسی ئەم مەسەلەم کرد لەگەڵ کاک ئەکرەم بەپێی زانیاری وەزارەتی کشتوکاڵ( ۹۰) طن لە دەرمانەکە گەیشتۆتە سنوور هەندێ گیروگرفتی گومرگیان هەیە وەتائێستا چارسەر نەکراوە کاکەڕەش وبرادەران باسیان کرد تاکۆتایی ئەم مانگە ئەگەر ئەم دەرمانە نەگات دوایی سوودی نییە ئنجا ئەگەر لەتوانادا بێت پەلە بکرێت لەگەڵ وەزارەت دا تا بتوانن ئیجرائاتێکی پەلە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو( ۹۰) طنە کەگەیشتۆتە سەر سنوور بەزووترین کات بگات، تاکو دابەش بکرێ بەسەر هەموو ناوچەکان وهەروەها(١٦) رشێنەرەکان (مرشە) گەیشتوون لای برادەران وئەوانی تریش لە ناوچەی سنوورە، جا ئەگەر پەلە بکرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، خۆزگە ئەو پرسیارەشی ئاراستە بکرێت ئەگەر دەغڵ ودان کرا، ئایا شوێن دابین کراوە بۆ ئەم مەبەستە لە کۆی دادەنرێت وچۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وەزیری کشتوکاڵ هات ئەو پرسیارانەی لێ بکرێت یاخود بۆمان بنووسن بۆ ئەوەی هەمووی کۆبکەینەوە بەیەک وەجبە بیان نێرین، دوا قسەش تا ڕۆژی چوارشەممەیە، چونکە پێنج شەممە کۆبوونەوە نییە، بۆیە چ پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە بەنووسین بیدەن بە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی کۆیان بکەینەوەو بینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕای من ئەم بابەتە جارێ نەخرێتە گفتوگۆوە، چونکە حکومەت خۆیان لێرە نین، ئێمە دوو پرسیاری سەرەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، ١- چییان کردووە بۆ کڕینی دەغڵ ودان؟، ٢- چیان کردووە بۆ دەرمان ومکافحە کردن؟.

خاڵی چوارەم:- مەسەلەی گیروگرفتی خانەنشینەکانە، کە گفتوگۆ کردنی ئەویش بێ سوودە، لە کاتێکدا کە دوو وەزیری سەرەکی لێرە نین، وەزیری دارایی وئابووری و، وەزیری تەندروستی وکۆمەڵایەتی، ئەگەر بوار بدەن ئەمیش وەکو پرسیارێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا ئامادەبن و بزانین چیان هەیە دەربارەی خانەنشینەکان وچیان پێ دەکرێ

بۆ ئەوان؟، ئەو برادەرانەی پرسیاریان هەیە دەربارەی ئەم بابەتە با بەنووسین بۆمانی رەوانە بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش لەگەڵ ئەو پرسیارە سەرەکییەدا بیدەین، بۆ ئەوەی وەڵامەکەی ئامادە بێت و رۆژێک دیاری دەکەین بۆ وەڵام دانەوە. لەگفتوگۆی ئەمڕۆدا شاری تەق تەقمان هەڵگرت، چونکە ئەنجام دراوە، بەمە بەرنامەی ئەمڕۆ تەواو دەبێ دوو خاڵ هەیە حەز دەکەم ئاگادارتان بکەمەوە.

١- مەسەلەی (غیابات) ودەوام کردن، ٢- هەندێ ئەندامان هەتا ئێستا موچەخۆرن، واتا وەزیفەیان هەیە. پرۆژەیەکیش لەم بارەیەوە هەیە کە دراوە بە لیژنەی یاسا ولێی دەکۆڵێتەوە، دەبێ لەمەودوا سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان خۆیان تەرخان کرد بێ بۆ ئیشوکاری پەرلەمان وغیاباتیش تۆزێک لەڕادە بەدەرە وهەندێکیش لەوغیاباتە بێ ئاگاداریی ئێمەیە، بۆ ئەمە پێشنیارێکمان دا بەلیژنەی یاسا لەم هەفتەیەدا ئەم شتە ئامادە بکات وئەگەر بکرێت رۆژی چوارشەممە بۆمانی ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئەگەر لەم هەفتەیەدا نەکرێت هەفتەی ئایینده بڕیارێکی لە سەر بدرێت، چونکە کاری کردۆتە سەر ئیشوکاری ئێمەش.

مەسەلەی دانیشتن لێرە بۆتە گرفتێکی تر بۆ سکرتێری ئەنجوومەن کە هەموو دانیشتنێک رێک بخات بەپێی پێڕەو ئەویش ئێمە کاتی خۆی لەگەڵ کتلەکان قسەمان کرد هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەبێ کورسی جێگیری هەبێت، چونکە لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە (غیابات) دەنووسین لە هەموو دونیاشدا ئەندامی پەرلەمان کورسی تایبەتی خۆی هەیە جا بەداخەوە هەتاکوو ئێستا پابەندی ئەم شتە ئاسانە نەکراوە، داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی هەردوو کتلە ئەم بابەتە لەگەڵ کتلەی خۆیان ببڕێننەوە، کە دەبێ بەپێی پیتە (ئەبجەدیە)کان بکرێ، یان بەپێی ناوچە بێت، یان بەپێی شتێکی تر بێت کە خۆیان دایدەنێن.

ئەو برادەرانەی هەتا ئێستا وەزیفەیان هەیە ئێمە داوایان لێ دەکەین دەست لە کار بکێشنەوە وەیان دەست لە پەرلەمان بکێشنەوە، چونکە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیارە و، ئەو برادەرانەی کە فەرمانبەرن لەو رۆژەوە کە بوون بە ئەندامی پەرلەمان دەوام دەکەن نابێ فەرمانێکی تری رەسمیان هەبێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە تازە بابەتدا من لە پێشتر خاڵێکم باس کرد، مەسەلەی شوێنی نوێژ (مصلی) لە قوتابخانەو پەیمانگاکان من مەبەستم ئەوە نییە لێرە بڕیاری لەسەر بدەین ئەمە ئیشی وەزارەتی ئەوقاف، یان وەزارەتی پەروەردە، یان ئەنجوومەنی خوێندنی باڵایە، مامۆستایان بەهەستن بەرامبەر ئەو مەسەلەیە ئێمە دژی ئەوەنین جێگا هەبێ نوێژی لێ بکرێت خەڵکی ئازادە لەوەی چۆن نوێژە دەکات ولە کوێ نوێژ دەکات وەمەکتەبیش ئازادە لەوەی ژوور جیادەکاتەوە بۆ نوێژ کردن، تەنها مەبەستمان ئەوە بوو کە ئەندامانی پەرلەمان متابعەی ئەمە بکەن، چونکە ئەمە کارێکە کار لە سەر دوا رۆژی هەموومان دەکات، دەربارەی ئەوانەی وەزیفەیان هەیە ئەوانەی کە

پزیشک(طبیب)ن یان مامۆستای زانکۆن ئەوانە دوو پسپۆرن کە خەڵک پێویستیان پێیان هەیە هەم لە بواری فێربوون هەم لە بواری چارەکردندا، ئەگەر لە قانونی خۆمان کە دەڵێ ئەندامی پەرلەمان تەرخانکراوە (متفرغ)ە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بکرێ شتێکی زۆر باشە، دوو مەسەلەی مووچە وەربگرین دەتوانین کە وەختی بەتاڵی هەبێ سوودی لێ وەربگیرێ هەم وانە بڵێتەوە وهەم ئیشەکانی تر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو (محاضر) دەتوانێت وانە بڵێتەوە، ئێمە کاتی خۆی مۆڵەتمان پێ داوە، بەڵام پلەوپایە جیاوازە و (محاضرە) جیاوازە، دەتوانێ بچێت موحازەرەی خۆی بدات، بەڵام ناتوانێ ببێت بەسەرۆکی بەشێک، بەڵام دەتوانێ محاضرە بدات، بەڵام ناتوانێ ببێت بە سەرۆکی خەستەخانەیەک، ناتوانێت ببێت بەسەرۆکی فەرمانگەیەک، زۆر لە ئێوە کاتی خۆی بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە، کارمەندی گەورە بووە، ئیمام وخطیب بووە، هەموو وازیان هێناوە، ئەوانیش دەبێ ئێستا هەمان یاسا بیان گرێتەوە.

ئەوەی جەنابت گوتت ئێمە پرسیار لە ئەوقاف دەکەین ولەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانیش قسە دەکەین دەربارەی دانیشتگا، ئەگەر شتێکی واهەبێ دەیخەینە بەرنامەی حکومەتەوە.

سێ شەممەی داهاتوویش دانیشتنی ئاسایی خۆمان هەیە وگفتوگۆ لەسەر یاسای(التعلیم العالی والبحث العلمی) دەکەین.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای خوێندنی باڵا هەر هی کۆنە یان تازەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی بەرەسمی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی خۆمانەوە هاتووە ئەوە دەیدەین بە لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەی من نازانم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ پرسیارێک بکەم، دەربارەی ئاوارەکانی کەرکوک کە هاتن بۆ خزمەتی پەرلەمان چیان وەڵام دانەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێشەی ئاوارەکان کێشەیەکی گەورەیە بەردەوام هەوڵیان بۆ دەدەین، بەڵام چیان بۆ بکەین؟ وەک پەرلەمان چیمان پێ دەکرێ بۆ ئەوان؟. لە راگەیاندن هەوڵمان داوە باسیان بکەین، هانی

دەزگاکانی راگەیاندن بدەین چەند نووسینێک لە سەر کێشەی ئاوارەکان بنووسن. لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران جەختمان لەسەر هەمان بابەت کرد، وابزانم ئێستا رێکخراوەکان هەوڵ دەدەن کاروباری ئاوارەکان تۆزێک ئاسان بکەن چ لە رووی یارمەتی دانەوە بێ، چ لەرووی ئاوەدان کردنەوەو، چ لەرووی گرفتی ترەوە.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پشت بەخۆمان ببەستین، بەتایبەتی لە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە دیسان با پرسیار لە حکومەت بکەین، دەبێ حکومەت هەوڵ بدات، ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان بارێنومایی خەڵک بکەین، بەڵام گەڕانەوەی خەڵک پێویستی بە(مستلزمات) هەیە، بەبۆچوونی من رادەی نزمیش نییە ئەو شتە بۆ خەڵک دابین بکەین، بەڵام رێکخراوێک لەدەرەوە بەڵێنیان بە ئێمە داوە ئەو کە( ٥٠٠ ) خانوو دابین بکات.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئایا حکومەت ناتوانێ بەڵێن بداتە ئەو خەڵکانە کە بچن گوندەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، پاشان حکومەت کەتوانای بوو وەکو قەرز بیان داتەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پرسیارە لەبەڕێز سەرۆکی حکومەت بکرێت کە هات بۆ ئێرە.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی گوندی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دیسان دەڵێم هیوادارم حکومەت هەندێ بوار بۆ جێبەجێ کردنی بدۆزێتەوە، بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆشمان دێتە کۆتایی،... سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای چاپەمەنیی
# هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری رۆشنبیریی هەرێم.

٤- چاپکراوی خولەکی(دەوری) هەر چاپکراوێک کە بەردەوام بە ژمارەی زنجیرەیی ولە کاتێکی دیاریکراودا دەربچێ وەک رۆژنامەو گوڤار وبلاوکراوەو هەرچییەکی لەم بابەتە بێ.

٥-چاپکراوی ناخولەکی(نادەوری) هەر چاپکراوێک کە بۆ یەک جار دەرپچێ یا بەشبەشی دیاریکراو بێ بەبێ گوێدانە چاپکردنەوە(اعاده الطبع) وەک مەوسوعەو قامووس وکتیب ونامێلکەو نەخشە(خریطه) ورسم وهەرچییەکی لەم بابەتەبێ.

**ماددەی دووەم:**

چاودێری(رقابە) لە هەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنی وهەر هاوولاتییەکی سەربەستە لە دەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێیەم:**

مەرجە چاپەمەنیی خولەکی خاوەنی(امتیاز) وسەرۆکی نووسینی هەبێ کە دەبێ خوێندنەوەو نووسین بە زمانی چاپکراوەکە بزانن و ئەهلییەتی یاسایی تەواویان هەبێ ولەسەر تاوانێک (جنایە) یا کەتنێکی( جنحە) نا سیاسی لە کەدارکەری شەرەف حوکم نەدرابن.

**ماددەی چوارەم:**

خاوەنی(امتیاز) وسەرۆکی نووسینی چاپکراوی خولەکی بەهاوبەشی لە بەردەم یاساو دادوەریدا لێی بەرپرسیارن.

**ماددەی پێنجەم:**

١- هەر هاوولاتییەکی عێراقی نیشەجێ ی هەرێم کە بیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکا دەبێ داخوازی یەک پێشکەش بە وەزیری رۆشنبیری بکاو تیایدا ناوی خۆی وناوی سەرۆکی نووسین وناوی چاپکراوەکەو زمانەکەی دیاری بکا.

٢- وەزیر دەبێ لە ماوەی(٣٠) رۆژادا لە رۆژی تۆمار کردنی داخوازیەکەوە لەلای وەزارەت بڕیاری خۆی لە باریەوە بدا.

٣- ئەگەر وەزیر لەو ماوەیەی برگەی(٢) دا بڕیاری خۆی نەدا چاپکراوە خولەکی یەکە لە رووی یاساییەوە بەرێ پێ دراو دادەنرێ.

٤- لە حاڵەتی رەتکردنەوەی داخوازیەکەدا خاوەنیی داخوازی یە رەتکراوەکە بۆی هەیە لە ماوەی دە رۆژدا لەو رۆژەی پێی رادەگەیەنرێ لەلای دادگای پێداچوونەوە(تمییز)ی هەرێم تانووت لە بڕیاری وەزیریدا وبڕیاری دادگاش بنبر(قطعی) دەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

١- چاپکراوی خولەکی لەکاتی دەرچوونیی یەکەم ژمارەیەوە دەبێتە خاوەنی بوون(وجود)ی یاسایی خۆی وئەگەر خاوەنەکەی ویستی ئەو بوونەی نەهێڵێ، دەبێ بە نووسین وەزارەتی لێ ئاگادار بکاو ئەو ساڵە رۆژی تۆمارکردنی ئاگادارکردنەوە لەلای وەزارەت بوونە یاسایی یەکەی نامێنێ.

٢- دەشێ خاوەنی(امتیاز) یا سەرۆکی نووسین یا هەردووکیان بگوردرێن بە مەرجێ وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێ،

**ماددەی حەوتەم:**

دەبێ خاوەنی(امتیاز)ی چاپکراوی خولەکی بەپێی حاڵی چاپکراوەکە دەفتەری تۆماری یاسایی ی ئوسوولی(السجلات القانونیه الاصولیه)ی سەلمێنراو لە لایەن دادنووسەوە رێک بخا.

**ماددەی هەشتەم:**

١- ئەوەی دەیەوێ چاپکراوی ناخولەکی چاپ بکا دەبێ پێشەکی لەلای کتێتخانەی نیشتمانیی هەرێم تۆماری بکاو دانەیەکی وەک خۆی(طبق الاصل) بەوی بسپێرێ.

٢- ئەوەی چاپکراوی ناخولەکی دەدا بە چاپکردن دەبێ دوای چاپکردنی چەند دانەیەکی لێ بسپێرێ بە کتێتخانەی گشتی هەرێم.

٣- دەبێ چاپکراوی ناخولەکی کە چاپ دەکرێ ناوی دانەر یادانەر و وەرگیرو پێشکەشکەری بۆ چاپ و بلاوکەرەوەی(ناشر) و ساڵی چاپکردنیی و ئەو چاپخانەی لێیی چاپکراوەو ژمارەو رۆژ سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی وژمارەی دانەکانی تێدا بێ.

**ماددەی نۆیەم:**

بلاوکردنەوە(النشر) لە وبابەتانە قەدەغەن کە هانی کردنی تاوان وکاری تیرۆریستی(الارهاب) دەدەن ورێ وشوێنی بۆ خۆش دەکەن وتێن وتوانای بۆ دابین دەکەن یا جنێوو تانووت لێدان وناوزڕاندنی کەسانیان تێدا بێ یادەسدرێژی یان بۆسەر حورمەتی ئایین ومەزهەبەکان وداب ونەریت وسیستمی گشتی.

**ماددەی دەیەم:**

خاوەنی(امتیاز) یاسەرۆکی نووسین ونووسەری وتار لە چاپکراوی خولەکیدا وپێشکەشکەری چاپکراوی ناخولەکی، لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا، بەپێی یاسا رەچاکراوکان دەکەون بەر لێ پرسینەوە یاسایی یەوە.

**ماددەی یازدەیەم:**

١- ئەوداوا(دعوی) گشتی یانەی لە سەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەوەشێنەوە، لە لایەن داواکاری گشتی (الادعاء العام) وبەپەسندکردن لە لایەن وەزیری دادەوە دەکرێن، بەڵام ئەو داوا تایبەتی یانەی لێی دەوشێنەوە لە لایەن زەرەرمەندەوە دەکرێن.

٢- ئەو داوایانە لە برگەی سەرەوەدا باس کراون نابێ دوای تێپەر بوونی سێ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوە وە بۆ چاپکراوی خولەکی ولە کاتی دەستکردنەوە بەدابەشکردن لە چاپکراوی ناخولەکیدا لە لایەن دادگاکانەوە ببینرێن.

**ماددەی دوازدەیەم:**

١- حوکمی دادوەری بە گوناهبارکردنی خاوەنی (امتیاز) وسەرۆکی نووسین بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە چاپکراوی خولەکیدا خودی چاپکراوە کە ناگرێتەوە وبوونی(وجود)ی بەردەوام دەبێ مەگەر خاوەنی (امیتاز) خۆی وەهای حەزلێ نەبێ کە ئەوسا حوکمی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ.

٢- حوکمی دادوەری بە گوناهبار کردنی پێشکەشکەری چاپکراوی ناخولەکی بۆ چاپ خودی چاپکراوە کە دەگرێتەوە وتا کاتی لادانی هۆی گوناهبار کردنە کە چاپکراوە کە دەستی بە سەردا دەگیرێ وبڵاوکردنەوەی قەدەغە دەکرێ.

**ماددەی سیازدەیەم:**

هیچ کۆتێک لەسەر هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێم وبردنی بۆ دەرەوەی نییە تەنیا ئەوانە نەبێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەن وسەرپێچی کەر دەکەوێتە بەر لێ پرسینەوەی یاسایی یەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەربەستیی کاری راگەیاندن بۆ پەیامنێر ونوێنەرانی دام ودەزگاکانی راگەیاندنی بیانی لە هەرێمدا مسۆگەرەو مەرج وبنچینەکانی کارکردنیان بەرێنمایی یەک دیاری دەکرێن کەوەزیر دەری دەکا.

**ماددەی پازدەیەم:**

دەبێ خاوەنانی ئەو چاپکراوە خولەکی یانەی تا کاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە هەن لە

ماوەی(٣٠) رۆژ دا لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا حوکمی ماددەی پێنجەمی جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شازدەیەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنماییی پێویست بۆ ئاسانی ی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا

**ماددەی نۆزدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٠)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٠)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە(٣٠)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای فێرکردنی باڵا.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین، پرۆگرامی ئەمڕۆمان پرۆژەی یاسای فێرکردنی باڵا، پەیوەندیان کرد بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە ئامادەبن بۆ گوێ گرتن و گفتوگۆ کردن، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە حەق بوو بەڕێز دکتۆر فوئاد بێ بۆ ئەم دانیشتنە، چونکە تاکو ڕۆژی ڕاگەیاندنی کابینەی داهاتوو ئەو ڕاسپێردراوە بۆ ئیدارە کردنی حکومەت، ئەو داوای لێبوردنی کرد کە بێت بۆ ئەم دانیشتنە، کاک عەبدوڵڵا ڕەسولیش لە ڕووی یاساییەوە مافی ئەوەی نییە بێت بەرگری لەپرۆژەکە بکات، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوایان کرد ئەگەر بتوانن پرۆژەکە دوا بخەین تا کابینەکە لەم هەفتەیە ڕادەگەیەندرێ، یان کاک د. ڕۆژ بگەڕێتەوە لە هەفتەی ئایندەدا بۆ ئەوەی ئامادە بێ بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم یاسایە ئەوەش مافی خۆیانە، چونکە فێرکردنی باڵا پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیەو عوزرەکان لەجێگەی خۆیاندان، کاک عەبدوڵڵایش توانی ئێستا بێت لە ڕووی یاساوە بەرگری لەو یاسایە بکات، هەتا عوزرەکەی کاک دکتۆر فوئادیش کە ئێستاکە دەستی کێشاوەتەو لە حکومەت لەجێی خۆیدایە، بۆیە ئەگەر تێبینی تر نەبێت ئەوا گفتوگۆی پرۆژەکە دوا دەخەین تاکو هەفتەی ئایندە ئەو ڕێوڕەسم و شتە تەواو دەبێت. ئەگەر لەگەڵن بێینە سەر خاڵی دووەم. پێشتریش بە پێویستی دەزانم کە بڵێم لەم ڕۆژانەدا کاک عەبدوڵڵا ڕەسول لەهەندێ ڕێوڕەسم و لەهەندێ ڕۆژنامەدا وەکو سەرۆک وەزیران قسەی کردووە، ئەمڕۆش لەڕۆژنامەدا برووسکەیەک هەیە کە وەک سەرۆک وەزیران باسی کاک عەبدوڵڵای تێدا کراوە، دەمەوێ بڵێم لەڕووی یاساییەوە ئەمە مەقبوڵ نییە، چونکە

سەرۆک وەزیران لە رۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە سەرۆکی ئەنجوومەنەو، کاک عەبدوڵلایش هێشتا سوێندی یاسایی نەخواردووەو بەرەسمیش تائێستا بەڕێز د.فوئاد کاروباری سەرۆکی حکومەت بەڕێوە دەبات. هیوادارین ئەم راستیانە رەچاو بکرێن وئەو جۆرە کارانە دووبارە نەکرێنەوە. ئێستاش دەچینە سەر خاڵی تازە بابەت، ئەگەر کوتلەکان پێشنیاریان هەیە؟.. با بفەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی دەربارەی تازە بابەت دوو خاڵمان هەیە، یەکیان لەبارەی رەوشی نەخۆشخانەکان و وەزعی ئاسایشی وڵات و ئابووری ووەزعی تەندروستی خەڵکەکە پێش هەموو شتێک من پێشنیارێک دەکەم ئەگەر پێتان پەسند بێ لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی من مەبەستم شاری هەولێرە ئەوانی تر هەمان شتیان هەیە لە نزیکەوە ناوی کێ دێن سەردان یان پشکنین نارەزایی زۆر هەیە لەداودەرمان ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم دەربارەی ئەو هێز کۆکردنەوەی ئێرانی کە لە سنوور کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری پێشنیاری یەکەم و دووەمی کاک عەدنان دەکەم تەنانەت لەرووی یاساییەوە، رەنگە پشکنین رەوا نەبێ بۆ هەموو پارێزگاکان نەک تەنها بۆ هەولێر ئەندامانی پەرلەمان کە لە پشووی خۆیان دەچنەوە لەوێ چاویان بە وەزعەکە دابخشێن راپۆرتێک بنووسن بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەت قسەی لێ بکرێ، بەڵام ئێستا بۆ خاڵەکانی تازەبابەت خاڵی یەکەم مامۆستا عەلی عەبدوڵلا پێشکەشی کرد کە لەمەسەلەی ئەنفال ئێمە پێویستە زیاتر لێی بکۆڵینەوە و تاکو ئێستا شتێک نەکراوە وەکو ئامار کردنیان یان پەیوەندی بەو کەسانەی کە خەڵکیان ئەنفال کراوە چ وەکو مەسەلەیەکی سیاسی سوودی لێ وەربگرین چ پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی چاودێری ئەو کەسانە بکات کە بەتایبەتی مناڵ و ژن و بێوەژن ئەوانەی لە ئەنفالەکان ماونەتەوە بۆ ئەوەی ئێمە زانیاریەکمان هەبێ لەسەر ژمارەی ئەو خەڵکە ئەنفال کراوانە، خاڵی دووەم کە من پێم باشە باس بکرێ ئێستا راپۆرتێک هەیە دەربارەی رێکخراوی (MCF) ئەو رێکخراوەی (دکتۆرەکانی بێ سنوورە) کە رێکخراویان هەبووە کۆمەکی باشیان هەبووە یەکێکیان لە کارەساتێکی دڵتەزێن لە نزیکی دوکان کوژرا، ئێستا ئەوە خۆیان کشاندۆتەوەو رۆیشتوون ئەمە لایەنێکی سیاسی تیانییە رەنگە ئەو رێکخراوە خۆی لەوێ ئەو وولاتە ئارەزووی هەبێ بکشێتەوە، بەڵام کارێکی زۆر سلبی دەکات ئەبێ لێی بگەرێن بەو شێوەیە بمێنێتەوە، چونکە کار لە رێکخراوەکانی تریش دەکەن باشتر وایە کە هەر وەکو پێشتریش لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا قسەمان کرد کۆنفراسێک بگرێ یا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ رێکخراوەکان بکرێ ولەهەڵوێستی

پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکرێتەوە پاش ئەوەش سەردانیان بکەن بۆ ئەوەی کەوا رەوشی ایران روون بکاتەوە هەندێ لەوانە قەناعەتیان پێ بکەن کە پاراستنیان ئەبێ ئاسایش و دەزگای ئاسایشی ناوخۆ بتوانن بیانپارێزن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ خالی دووەم، وادیارە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ رێکخراوەکانی کە لێرە ئیش دەکەن کۆبوونەوەی کردووە، هەروەها وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی لەگەڵیاندا دانیشتووە لەگەڵ ئەوەشدا وارێک کەوتووین دیسان جارێکی تر هەوڵ بدەن جێبەجێیان بکەن ولەگەڵیاندا دابنیشن و هەندێ (عروضیان) پێشکەش بکەن بەتایبەتی لەلانی پاراستنی ژیان و ئاسایشیمانەوە، ئەگەر رەفزیشیان کرد کەوا حکومەتی کوردستان ئەمنیەتیان دابین بکا وەکو خۆی دەیەوێ، ئەو کاتە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کە رەفزی دەکەن پرۆتۆکۆڵ ئیمزا بکەن وحکومەتی کوردستان (عرض)ی خۆی پێشکەش بکات لەو پرۆتۆکۆڵەدا ئەوە بچەسپێنێ، هەروەها ئەگەر وەلامی ئەو رێکخراوانەش بەرازی بوون بوو، ئەوا ئەویش بچەسپێنێت لەلای خۆی بۆ ئەوەی سبەی ئەگەر رووداوێک روویدا چ لەرووی یاسایی چ لەرووی دەروونی کار لەسەر هەڵوێستی حکوومەتی کوردستان نەکات بەرامبەر ئەو رێکخراوانە وئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران هەڵسێ بەو بابەتە خراپ نییە وە بەتایبەتی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی یاخود لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکان ئاگاداری ئەو رەوشە ببنەوە کە متابعەیەک بکەن لە رووی ئاسایشەوە ئەگەر بتوانن شتێکیان هەبێ لەگەڵ پەیوەندییە گشتییەکان، لەگەڵ کاروباری مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی بتوانن لەنزیکەوە هەم ئاگادار بن، هەم ئێمەش ئاگادار بکەنەو، ئەگەر پێویستیش بوو سیمینارێک بکرێ، یا کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکرێ، من وای بۆ دەچم خالی چوارەم بەم شێوەیە چارەسەر بکرێ وئەگەر پێشنیاری تریش هەبێ دوایی دێینە سەری.

ئێستاش دێینە سەر وەزعی نەخۆشەکان ئەگەر بە بەرژەوەندی دەزانن، چونکە وەزعی نەخۆشخانەکانمان باش نییە تکایە چی بکەین لەو چوار چێوەیەدا تاوەکو بابەتەکە ببڕێنینەوە؟.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من پشتگیری پێشنیاری بەڕێز کاک عەدنان دەکەم لە کێشەی تەندروستی و من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو لیژنانەی کە دەچن لەراستیەکان دەتۆژنەوە (تقص الحقائق) هەر لە پارێزگاکان نەبێ بەڵکو لەدەوروبەری پارێزگاکان بێ لە قەزایەکانیش، چونکە ئێستا نەخۆشی زۆر بلاوبۆتەوە بەتایبەتی گرانەتا وئەو جۆرە شتانە دزی دەرمان زۆرە تەنانەت ئاگادارم لەم هەفتەیەدا دوو منداڵ مردوون بەنەخۆشی شەکرە و دزینی دەرمان زۆر ناشرینە نەخۆشی مردن زۆر بووە بە نەخۆشیی شەکرە ئەو لیژنانەی کە دروست دەبێ مەرجە لە تەندروستی و کۆمەلایەتی بێت، چونکە لێرە کەمە پێویستە ژمارەی تری تیا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمەفەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەوشی تەندروستی کوردستان راستە زۆر باش نییە و راپۆرتی جوراوجۆری بۆ هاتووە، ئێمە لەو راپۆرتانەدا کۆڵیومانەتەوە کە دیدەنی وەزیری تەندروستی مان کردووە هەتاکو پێش ٣ رۆژ لە بارەی رەوشەکەوە باسمان کرد بەتایبەتی وەزعی هەولێر، زۆربەی گرفتەکان چارەکەیان بەستراوەتەوە بە رەوشی گشتییەوە هەندێکی پەیوەندی بە وەزعی بەڕێوەبردنەوە هەیە ئەگەر ئەو (وەزعە ئیداریە) گۆڕانکاری تێدا نەکرێ، رێک نەخرێ، روون نەکرێتەوە رەوشەکە هەر بەوشێوەیە دەڕوات ئەوەی پەیوەندی بە تواناوە هەیە وابزانم ئەمە شتێکی گشتییە تەنیا وەزعە ئیدارییە، کەی ئێمە دەتوانین شتێکی بۆ بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا ئێمە راپۆرتێکمان پێشکەش کرد دەربارەی وەزعی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا پێشنیازی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەبوو لیژنەیەک دروست بکرێ بچێ بۆ پارێزگای دهۆک، بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری لەوێ بهێنێ بخرێتە سەر راپۆرتەکە و راپۆرتەکە پێشکەش بکرێ و بدرێ بە وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، هەرچەند بەرای ئێمە ئەوە لیژنەی نەدەویست لیژنەیەک دروست کرا لەلایەن پەرلەمانەوە دکتۆر نەبەز کە نوێنەری وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیە دووجار چووتە وەزارەت، دەربارەی ئەم مەسەلە من قسەم کرد هەتا چوومە لای بەڕێز کاک کۆسرەت و کاک فەرسەت سکرتێری پەرلەمان باسی کێشەی ئۆتۆمبیلم کردووە وتی کێشەی ئۆتۆمبیل ئەوان چارەسەری دەکەن وەکو هەموو شتەکانی تر گوێی پێ نەدرا وەزارەت نوێنەری خۆی دیاری نەکردووە بەداخەوە بە هەر حاڵ قسە زۆرە، بەڵام رای ئێمە تا لە وەزارەت وەزیر وەکیل وەزیر و سەرۆکی دیوان ئەوانە کۆمەڵێک خەڵکن لەگەڵ رێزمدا پەیوەندیان بە بابەتە سیاسیەکانەوە نییە، بەڵام لە رووی هونەریەوە هیچ لە نەخۆشخانە نازانن لە تەندروستی نازانن لە وەزیر لە بریکاری وەزیر یەکێکیان دکتۆر نەبێت هەر بەم شێوەیە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا تەندروستی لە کوردستان گیروگرفتی زۆرە، بەڵام دەمەوێ یەک خاڵ باس بکەم مەسەلەی دەرمان بەراستی دەرمان دووجۆرە دەرمانی عێراقی و دەرمانی ئێرانی، کە ئێستا دەرمانی عێراقی لە کەم بوونەوە دایە بەبۆنەی ئەو ئابلۆقە ئابووری یە، بەڵام ئێرانیەکە زۆرە و ئەو رێکخراوە خێرخوازانەی کە دەرمان دێنن تەنها بۆ ئەو نەخۆشخانەیە کە داخل دەبن، بەڵام نەخۆشی دەرەوە کە دەرمان وەردەگرن هەموو دەنێرن بیکڕن کە دەرمانی ئێرانیشە جەنابتان دەزانن ئەگەر بێتو دەرمان بەو شێوەیە بفرۆشرێ لەوانەیە مەسەلەی بقۆزێتەوە (استغلال) بکرێت، پێشنیارم هەیە

دەرمان بکردرێ جا لەکوێ بێ لە ئێران و ناوچەی رانیە وئەوانە هەیە چەند دەوڵەمەندێک تەرخان بکرێ لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ریک بکەون بیکرن و دابەشی بکەن بۆ دەرەمانەخانەی ئەهلی و خارجی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە و نرخەکەی و قازانجەکەی دیاری بکرێن بەراستی ئەو گرفتەمان لەکۆڵ دەکاتەوە بەتایبەتی چەند دەرمانێک هەیە بۆ ئەو وەرزە هاوینە مەسەلەی گرانەتاو تای (مالتە) لەگۆرێیە، دەرزی گرانە تا گەیشتووتە (١٠-١٢) دینار ئەگەر بۆ هەر نەخۆشێکی بنووسێ دەبێ (٢١) دەرزی لێ بدا نزیکەی (٢٠٠-٣٠٠) دینار دەکات لەو وەزعە زۆر گرفتێکی زلە، سوپاس.

**بەرێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی نەخۆشخانەکان ئەوەی کە ئەکرێ هەر ئەوەیە چاومان بە وەکیل وەزیر بکەوێ و سەردانیان بکەین، چونکە ئێستا سێ گرفت هەیە ئاماژەیان بۆ کردووین بەرای من لیژنەیەکی خۆمان بچن لێکۆڵینەوەیەکی گشتی بکەن لەم بابەتەدا هەم لە شێوەی پێکهاتنی وەزارەت هەم لە شێوەی حاڵەتی باش ئیدارە نەسوراندن هەیە کە دەرمان بزر دەبێ، جا پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەکەمان هی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بە هەموو حاڵەتێکدا بچن لەسەر ئاستی دیوانی وەزارەت چ لەئاستی پارێزگاکان، سوپاس.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دکتۆر فوئاد مەعسوم وەختی خۆی زیارەتێکی بۆ دهۆک کردو، فەرمووی کە یەکێک چووە دهۆک ئومێدێکی زۆری هەیە بۆ دوا رۆژی حکومەت، لەبەر ئەوەی پابەندی بە یاسا و پێرەو لەوێ شتێکی دیارە و دوا رۆژێکی رووناک لەوێ دەبینرێ. بەڵام بەداخەوە دەڵێم چینێکی تێ گەیشتوو لە دهۆک کە دکتۆرن ئێستا بەکارێکی نائاسایی هەڵساون و پارەی عیادەی خۆیان زۆر گران کردووە زیاتر لە دوو مانگە سەردانی پارێزگای دهۆکمان کردووە کۆبوونەوەمان لەگەڵ دکتۆران کرد سەردانی وەزارەتی تەندروستیمان کرد دووجار چووینە لای جەنابی وەزیر وتی کەوا ئیجرائێک دژیان وەربگرین یا کارێکی یاسایی، بەڵام هەتا ئێستا هەر نرخیان گرانە پسپۆر لە (١٠) دینار کردوویانە بە (٢٥) دینار و دکتۆری ئاسایی لە (٥) دینار کردوویانە بە ١٥-٢٠ دینار وەکو هەموومان دەزانین نەخۆشی عیادەکانی دکتۆران کەم دەرامەتن لەبەر بارودۆخی تایبەتی کە کوردستان تیا دەژی نارێکی خواردن لە ناو هەژاراندا هەیە بارودۆخی ژینگەی سەخت وزستان کاری لەهەژار کردووە، مانای وایە ئەبێ سنوورێک بۆ ئەو تێپەراندنە دابندرێ، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک شێخ گوتی بەتەواوی لەگەڵ پێشنیاری منە، لەبەر ئەوە قسەی لێ بکەم دووپاتی

دەکەمەوە کە ئەوەی دکتۆر حەمە نجم وتی ئێمە بێگومان دەزانین ئەو (١١)ە مانگە توانای حکوومەتی هەرێم چییە ئێمە داوای کاری لەکردن نەهاتوو ناکەین، ئێمە وەکو کاک عەزیز محەمەد وتی وەزعی ئێمە دەڵەمەیە، بەڵام هەندێ شتی ئیداری هەیە پەیوەندی نییە بە توانای فەرمانبەرەوە، نەخۆشخانەیەک (١٠٠) فەرمانبەری هەیە (٥٠) دەوام دەکاو (٥٠) دەوام ناکا مانگانەی خۆی وەردەگرێ بۆچی دەوام دەکات یا کە دەچێتە فەرمانگە دەبینی زۆر پیسە پاککردنەوەی وابزانم توانای ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لاریتان نەبێ لیژنەی کۆمەلایەتی وتەندروستی وەرەقەیەکی کار، وەرەقەیەک ئامادە بکات لەسەر وەزعی گشتی کۆمەلایەتیمان، پاش ئەوە ئەو وەرەقەیە ڕۆژێکی بۆ دابنێین بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی وەکو پەرلەمانی کوردستان بتوانین هاوکاری بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە، واتا جارێ با بەڵگەیەک هەبێ لەپێش چاوی برادەران ئەوکاتە ئەگەر پێویستی کرد لیژنەیەکی تایبەتیش بۆ هەر چوار پارێزگاکان دامەزرێت، بۆ ئەوەی پاش لێکۆڵینەوە ڕاپۆرتێکی گشتی بخرێتە پێش چاوی ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی دەبێ وەرەقەیەک بێ وەکو پێویست، وەکو ڕێ نیشاندەرێک (دەلیلێک) لەسەری بڕۆین، ئەوە باشترە، ئێستا ناتوانین موتابەعەی بکەین. دەبێ بەردەوام بین لە موتابعە کردن و، کۆمەکی حکومەتی خۆمان بکەین و،کۆمەکی هاوڵاتیان بکەین و توانای تەندروستی وکۆمەلایەتی زیاد بکەین.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی من ئەو ڕاپۆرتەم پێشکەش کرد خستمە بەرچاوی بەڕێزانی پەرلەمان، ئەوان بڕیاریان لەسەردا کە بڕیارێ پێشکەش بکرێ بۆ وەزارەتی تەندروستی، بەڵام ئێمە نازانین ڕاپۆرتەکە چی لێهات؟ مەسەلەکە ئەوە بوو کە لیژنەیەک دروست بکرێ هەندێ تێبینی تایبەت بهێننەوە لیژنەکە وا دروست کراوە نەخرایە دەست پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتم با لیژنەی تەندروستی و کۆمەلایەتی وەرەقەیەک ئامادە بکات لەو بارەیەوە، چونکە ئەو ڕاپۆرتە دراوە بەلیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی با ئەو لەم بابەتە بکۆڵێتەوە کێشەکە چەند خاڵێکدا کورت بکاتەوە وبڵێ ئائەمە بابەتەکەیەو ئەبێ بڕیارێکی لەسەر بدەن، بەڵام ئایا هەر هەمان لیژنە لەگەڵ نوێنەری حکومەت ئەو ئیشە بکەن، یا لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی خۆی ئەو ئیشە بکات، یا لیژنەکە فراوانتر بکەنەوە؟ ئەمە زیاتر پێشنیاری ئێوەیە، ئێوە دانیشتنێک بکەن وبڕیارێک بدەن تا ئێمەش عەرزی بکەین، وەزارەتیش ئەگەر حەز دەکات ئیشی خۆی بکا ئەوەش شتێکی سروشتییە.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی گرنگە پشکنەر نییە دووشت هەیە هەقە بیکەین یەکیان نەهێڵێن دزی بکرێ و دووەم پاک و تەمییزی ئەمە هیچیان توانای ناوی، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمەنەجم حەمەفەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێش ئێستا لیژنەیەک ڕۆیشتووە بۆ پارێزگاکان بەرای من لیژنەکە فراوانتر بکرێ چەند ئەندامێک لەگەڵ چەند دکتۆرێک لە پارێزگاکان لە لیژنەکە بچن ڕاپۆرتێکی گشتی وەربگرن، هەم گیروگرفتەکان لەهەر پارێزگایەک بۆ پارێزگایەکی تر جیاوازە هەر دکتۆر نەبێ بەرای من باشترە دوو ئەندام یان سێ ئەندام لە پەرلەمان لە پارێزگاکان دیاری بکەن دوایی بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە وەکو لیژنەی پەرلەمان پێشنیار بکەن وئەوە بچەسپێن.

**بەڕێز حسن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەتا ئێستا چارەسەری هیچ کێشەیەکمان نەکردووە قسە دەکەین بەراستی ئێمە نوێنەری میللەت نین، چونکە ئێمە رای میللەتمان وەرناگرین نیوەی ئەو فەرمانبەرانەی دامەزراون لەئاستی لێپرسراویێتی نینە، هەر فەرمانبەری حزبەکانن و لەگەڵ ئەوە وەکو دەڵێن داش بەداشەیەکی پارتی و یەکی یەکیێتییە، فەرمانبەری لێهاتوو ئیشکەر نینە ناتوانن چارەسەری کاروبار بکەن ئەمە ئەگەر بمانەوێ چارەسەری کاروبار بکەین لەولانەوە دەتوانین رای میللەتەکەمان وەربگرین لە دهۆک و لە سلێمانی لە هەولێر و لە هەموو شارەکانی کوردستان پیاوی لێهاتوو هەنە پیاوانی زاناو دانا هەنە، بەڵام ئەو جۆرەکەسانە دیاری بکەین و بزانن میللەت چی دەوێ، جێگەی ڕەزامەندی میللەت بن هەتا من لاریم هەیە لە حزبەکان ورێکخراوەکان وکەسایەتی بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال هەر هۆیەکان و ئەو هەڵانە بەیان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بەپێی خەملاندنی ئەنجوومەنی وەزیران (١٥٠) هەزار فەرمانبەرمان هەیە، لەو ناوچەیەی کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، (٢٠٠- ٣٠٠) فەرمانبەریش تازە دامەزراون، بەڵام ئەو (١٥٠) هەزارە چی لێ ئەکەین؟ چونکە چ پەرلەمان چ حکومەتی کوردستان وەزعێکی تایبەتیمان هەیە، ئێستاکە گرنگیەتی وەزیفە دەدەن بە کادیرەکانی خۆیان کە جێگەی متمانەیانن. ئێستاش با باس لەمەسەلەی کۆکردنەوەی هێزەکانی ئێران بکەین، کە لەنزیک سنورەکانی هەرێم خەریکی خڕ کردنەوەی هێزەکانێتی و، بۆردومانی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانیشی کردووە.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو هێزمۆڵدانە راستە لەو ناوچانەی سەردەشت و بانە و ئەو شوێنانە بووە، هەروەها چەند دێیەک لە ناوچەی (بۆڵێ) و ئەوانە بۆردومان کراون نزیکەی (٦٠) خێزان لەوانە هاتوونەتە ناو رانیە بە بۆچوونی من پێشنیاری ئەوە بکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان بۆ ئامادە بکەن لەرێگەی راگەیاندنەوە بۆ ئەوەی ئەوان تووشی هەندێ شت نەبن و کێشە بۆ ئێمە دروست نەکەن بگەڕێنەوە خاکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەو بابەتە ئامادەباشی وەرگیراوە و فەرمان دراوە بە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی حاڵەتی ئامادەباشی وەربگرێ، هەواڵێک هەبوو کە ئێران لەبیری دەست درێژی کردنێکدایە بۆ سەر هەندێ لەبارەگاکانی برایانی حزبی (دیموکرات)، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە تاکو ئێستا گەیشتوون، وەکو هەرێمی کوردستان جگە لەچەند جێگایەک نەبێ ناوچەکە بۆردومان نەکراوە بۆچوونەکە بەم شێوەیەیە کە ئێمە هەتا بکرێ خۆمان لابدەین، بەڵام ئەگەر کردیان ئەوا رێک کەوتنێکی وا هەیە کە ناچارین بەرگری لە هاوولاتی و نامووسی خۆمان دەکەین، پێشمەرگەی کوردستان ئاگادار کراوە و هێزەکانیش ئامادەن بۆ هەر رووداوێک کە هەبێ، ئومێدەوارین کە ئێران شەڕ فرۆشیی دیکە نیشان نەدات، چونکە ئەوە نە لە بەرژەوەندی ئەوانەو نە لە بەرژەوەندی ئێمەشە، ئەو کێشەیە بەو شێوەیە چارەسەر نابێت، ئێستا خەریکن لەو بارەیەوە هەندێ شت دابین دەکرێ، وەکو وتمان تا ئێستا بەپێی زانیاری ئێمە دەست تێوەردان (تدخل) نەکراوە، جگە لەو بۆردومانەی کە تا ئەم بەیانیە لە هەندێ جێگە بەردەوام بووە، بەڵام هەوڵ دەدرێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر هێرشیان هێنایە سەر ئەو ناوچانەی کوردستان، ئەوسا ئێمە ناچارین بەرگری بکەین، وەکو وتم لایەنە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانی ئاگادار کراونەتەوەش حکوومەتی کوردستانیش ئامادەیە بۆ هەر شتێک لەم بارەیەوە و، هێزی پێشمەرگەش لە ئامادە باشیدایە، بەڵام ئەگەر زانیمان شتێکی تر پێویستە، ئەوا ئەوەش دەکەین. با ئەنجوومەنی وەزیرانیش روونکردنەوەی خۆیان پێشکەش بکات لەو بارەیەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەومەسەلەیە من پێم وایە دووبارە بوونەوەی تاقی کردنەوەیەکی ترە کە پێش ماوەیەک روویدا لەلایەن فشاری حکوومەتی تورکیا، ئەو جارە ئێران دەستی بەوە کردووە کە فشارێک دروست بکات بۆ ئەوەی هەمان باری پێشوو دروست بێت ببێتە شەرو پێک دادان بێگومان ئەگەر هاتوو ئەوان وەکوو دەڵێن هۆی سەرەکیان هەر ئەوەیە کە ئۆردووگاکانی پێشمەرگەی ئێران لەناو

کوردستانە ئەو خاڵە بقۆزنەوە، چونکە لەو شەڕوپێک دادانەی پێشتر ئەو ئەنجامانە کەتەوەقعی دەکەن دەستیان نەکەوت نەیانتوانی ئەو شتانە جێبەجێ بکەن، ئێمە ئەو جارە چارەسەری ئەوە دەکەین کە شتێکی وا دیسانەکە دروست بکەن پێویستە ئێمە دەبێ بۆ ئەو مەسەلەیە زۆر حسێبی وورد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێرو ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برادەران پێشتر باسیان کرد من بەش بە حاڵی خۆم ترسەکەم ئەوەیە بابەتەکە زۆر لەوە گەورەتر بێت تەنها تۆپباران بێت، ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە پێش دەستی یەک بکەین هیچ نەبێ هەوڵ بدەین کە رای گشتی جیهان بوروژێنین هەوڵ بدەین لەناو پەرلەمان و وەزارەت، بانگەوازێک دەربکەین بۆ برادەران بۆ کوردەکان کە لە دەرەوە لە ئەوروپا ئەژین بتوانن کۆبوونەوە و مانگرتن و رێپێوان بکەن بەرامبەر سەفارەتخانەکانی ئێرانی، وابزانم دەورێکی باشی دەبێت وەک ترسێک، هیچ نەبێت ئەو ترسە راستە ئەوەندە نییە بۆ ئێران، بەڵام هەر شتێک دەبێ بۆی هەیە تۆزێک بیری لێ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت بۆ ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرەی کوردستانی ئەوە جێی خۆشحاڵیە، بەڵام وادیارە رێکەوتن لە نێوان عێراق و ئێران دا رەنگە هەر لەسنووری ئەم لای کوردستانەوە نەبێ لەوانەیە هەر لەسنووری ئەم لاش بەرەوە گەرمیان وتوزخورماتوو ئەو ناوچەیە بێ ئەبێ ئاگاداری ئەوەش بین لە پڕۆپاگەندەی دەرەوەمان بەداخەوە ئێران دەست دەخەنە دەست رژێمێک کە گەورەترین (مقدساتی) ئەوان کە مەزاری ئیمامی عەلی وحوسەینە تۆپبارانی کردووە کە مانای وایە هەموو داوا مەزەبییەکانیان درۆیە، وەک مەلا مەحمود دەفەرمووێ ئەمە کارێکی چاکە بەدەست ئێمەوە، یەکەم گلەیی لەبۆردومانی پێشوو بریارێکی پەرلەمان هەبوو کە شاندێکی (وەفدێکی) پەرلەمان بچێت بۆ سەردانی برایانی دیموکرات بەناوی سەرە خۆشی و پشتیگیری بەداخەوە بەجێ هێڵدراوەو رێک نەخرا، پێم وایە سەرۆکایەتی لێی بکۆڵێتەوە بۆچی وا نەکەین ودەنگمان لەگەڵ دەنگی کورد یەک نەخەین بەرامبەر هەموو دوژمنانی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە ئەو لیژنەیە بروا کە لەناو پەرلەماندا دەسنیشان کرابوو کەیەک دووبرادەری تر رۆیشتن ئیتر بە بەرژەوەندیان نەزانی خەڵکی تریش برۆن چونکە رێک نەکەوت لەگەڵ ئەو بڕیارەی داومانە، یەک دوو ئەندامی پەرلەمان رۆیشتن ئەمە بەسە لەجیاتی ئەوەی لیژنەیەک بنێرین.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو جموجۆڵەی ئێران هەر تەنها مانۆر نییە، بەڵكو پەیوەندییەكی هەیە لەگەڵ رووەوشی توركیادا، هەروەها جموجۆڵی نێوان حكوومەتی عێراق و ئێران بەتایبەتی خۆتان بیستتان كە عێراق وا خەریكە دەبێ بە عێراقی ئیسلامی، بۆیە حەقە ئەو پێشنیارەی هێروخان كردی گرینگی پێ بدرێ لە كوردستاندا بەس نییە بەڵكو لە دەرەوە كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر وەزعی نێوان عێراق و ئێران و لەهەمان كاتدا پێم وایە لەگەڵ ئەو برایانەی حزبی دیموكرات باشتر قسەیان لەگەڵدا بكرێ هەندێ جموجۆڵی وا هەیە كە كار دەكاتە سەر كیانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، ئەوانیش ئاگاداری بكەن، بۆ هێنانی ئەو دیلانەی كە هێناویانن رێ رۆیشتنیان پێكردوون كاتێ كە حكوومەتی هەرێمی كوردستان بەر قەرارە ئەوەش كاریگەریەكی (سلبی) خۆی هەیە ئێمە لەگەڵ كۆماری ئیسلامی دامانەوێ و نەمانەوێ هەر سورین ئەمەشمان لەبیر نەچێ كە ئەوانیش بۆ رۆژانی رەش یارمەتیان داوین و سنوورمان لێیان جیانابێتەوە بۆیە حەقە ئەو شتانە زۆر بە وردی و بەگرینگیەوە ئیشی بۆ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی هەڵوێستی حكومەتی عێراق بەرامبەر بە حكومەتی ئێران، كاك شەوكەت ئاماژەی بۆ مەسەلەیەك كرد كە ناوی كۆماری عێراقی ئیسلامی نراوە تازە زیاد كراوە وەفدێكی حكوومەتی عێراقی سەردانی ئێرانی كردووە، هەروەها دەنگوباسێكی تر هەیە لە ناو خەڵك دا گوایا حكوومەتی ئێران (١٠) كم سنووری خۆی چۆڵ دەكات و دێیەكان دەگوێزێتەوە ئەم هەواڵانە راستە بووە تابووری پێنجەم بڵاوی دەكاتەوە كارێكی سلبی كردۆتە سەر دەروونی خەڵكی، من بەپێویستی دەزانم ئەو كاتە روونكردنەوەیەك دەبێ لە لایەنێكی رەسمی لە پەرلەمان لە حكومەتەوە بێ بۆ ئەوەی راستیەكە دیار بێ و ورەی خەڵك بەرز بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران رەنگە زۆربەی زانیاریەكان لای قەڵادزەوە بێ، لای (بەمۆ)ش ناوچەی (قەسران) هەموو چۆڵیان كردووە حكومەت هێزی هێناوەتە سەر (قەسری شیرین ) لەولاشەوە حكومەت هێزی بردۆتە ئەوێ لەو رۆژەوە كە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) هەڵوێستی بەلای توركیاوەیە نازانم چ زیانێك بەوانە دەگەیەنێت؟ بۆ خۆمان رامانگەیاند كە بەرگری بكەین و هێزی پێشمەرگە ئامادەیە با بەرگری لە خاك و سنووری خۆمان بكەن پێویستە راگەیاندمان تۆزێ تەوژمی زیاتر پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو تێبینیم هەیە کە حەزم کرد بیخەمە بەرچاوی ئەندمانی پەرلەمانەوە، من وا دەزانم مەسەلەی بەرگری کردن لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبەکانی کوردستان ئەرکێکی سەرشانمانە ئێمە هەوڵ بدەین ئەو حزبانە چۆن کۆنترۆڵ بکرێن چۆن شوێنیان دابین بکرێ بەرگریەکی نەتەوەییە بەنسبەت ئەو لایەنە من بە مەسەلەیەکی سروشتی دەزانم، ئەرکە لەسەرمان، دووسێ شتی تر هەیە من بە پێچەوانەی دەزانم و دەبینم تێپەڕاندن لەسەر سنوورمان دووبارە دەبێتەوە پێشان تورکیا کردی ئێمەش کردمانە هەڵڵاو سەرکەوتوو بووین لەدەرکردنی سوپا لە خاکی کوردستان ئەم دیاردەیە بەرای من پەیوەندی هەیە بە راگەیاندنی فیدرالیەتمان یا هەروەها هەست بەجۆرە (تکابرێک) لەسەر مافەکانی میللەتی کورد کە بتوانێ بە ئازادی فیدراڵی بچەسپێنێ لە کوردستانی عێراقدا، هەروەها لە پارچەکانی تری کوردستاندا، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو بابەتە بەراستی بەنیسبەت حکومەت و پەرلەمانەوە زۆر بە خێرایی لێی بکۆڵدرێتەوە ودەبێ ئێمە رێگا نەدەین لەسەرەتاوە بۆ ئەوەی تێپەڕاندن لەسنووری ئێمە هەبێت، چونکە بەپێچەوانەوە پیشان دەدرێ بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە ئێمە ناتوانین سنووری تورکیا بپارێزین ئەو لایەنم لەلا زۆر گرنگە بکرێتە بەشێک لە سیاسەتی حکومەت و سیاسەتی پەرلەمان لە دوا رۆژدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران قسە دەکەین کە بتوانین ئەمرۆ سبەی شتێک بڵاوبێتەوە، هەروەها بۆ پاش گفتوگۆ لەگەڵ برایانی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵکو شتێک بۆ دەرەوە دەرچێ بۆ ئەوەی خەڵکمان لەدەرەوەو دۆستانمان هەوڵ بدەن شتێکی وا بکەن کە جۆرە فشارێک بخەنە سەر ئێران، ئەگەر بەو شێوەیە بیکەین باشترە، لەوەی کە ئێستا بڕیارێک وەربگرین کە حکومەتیش کەسیان لێرە نییە. ئەگەر روونکردنەوەیەک بۆ خەڵکی کوردستانیش هەبێت خراپ نییە.

دووسێ خاڵی ترمان ماوە یەکێک لەوانە بابەتی (ئەنفالەکان)ە.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنفال کارەساتێکی گەورەیە، لەو کارەساتانەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بایەخێکی گرنگی پێ نەدراوە، نە لەلایەن پەرلەمان و نەلەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە دەتوانین ئەو کارەساتە بکەینە مەسەلەیەکی گەورە بیخەینە بەردەم رای گشتی هەموو دەزگاکانی مافی و مرۆڤ، بۆ ئەوەی فشار بخەینە سەر حکومەتی فاشی بەغدا، تا بتوانین ئەنجامی ئەو ئەنفالەمان بۆ دیاری بکرێت ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کەوا لیژنەیەک دابنرێ بۆ دراسەکردنی مەسەلەی ئەنفالەکان، یەکەم ئامارکردنی خەڵکە ئەنفال کراوەکان چەند کەس گیراوە بێ سەرو شوێن کراوە چەند کەسیان لێ رزگار بووە، دووەم ژمارەی دێهاتە دوورخراوەکان. سێ یەم

ئازارو زیانی مالی خەلکەکە پاشماوەی خەلکە ئەنفال کراوەکەو دوا رۆژیان ئەمانە هەموو بەزمانی ژمارە (ئەرقام) بە بەلگەی تەواو بخرێتە بەردەست ئەگەر چی ئەمە کارێکی قورسە، بەلام لیژنەیەک بە ماندوێتی دەگەنە سەرە ئەنجامێکی باش، بۆ ئەوەی بزانین وەزع و گوزەرانی خەلکەکە باش بێ بزانین چ لەسەدان منداڵی بێ دایک و باوک بکەین؟ چی لەسەدان ژنی بێ مێردو کەسوکار بکەین؟ وچی لەو پیرو پەککەوتانە بکەین؟ جگە لەمەش دەزگا خێرخوازەکان بۆ ئاوەدان کردنەوە، ئەوە گەرمیان کە خۆمان بەچاوی خۆمان بینیومانە هیچ کاتێک بیریان لێ نەکردۆتەوە شوێنێک ئاوەدان دەکرێتەوە کە توانای زۆرترە گەرمیان تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە، هەروەها رۆژی ٤/١٤ بکرێتە رۆژێکی رەسمی هەموو ساڵێک یادی ئەنفالی تێدا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بە بۆچوونی من بیدەن بە ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، بابزانین تواناو بۆچوونی ئەوان چییە، ئەوکات بەلکو خراپ نەبێ لیژنەیەکی کاتیمان بێ بۆ ئیشوکاری گەرمیان بۆ ئەوەی متابعەی ئەوەیان بکردایە. لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی ئەگەر هەر خۆیان ئەو ئیشەیان بکردایە باشتریش دەبوو، ئێمە ئەو پێشنیارە دەگەیەنین بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بیدەن بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، یان وەکو پرسیارێک دەتوانین رووبەڕووی حکومەتی بکەینەوە وبزانین لەم بارەیەوە چیان کردووە هەتا ئێستاکە، بەدڵنیاییەوە مەسەلەی ئەنفال کراوەکان بابەتێکی زۆر گرنگە ومەیدانێکی زۆر فراوانە بۆ ئەوەی ئەنفال بکەین بەکێشەیەکی گەورە بۆ ئەوەی حەقی ئەو خەلکەش بزر نەبێ.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەنفال دەمەوێ چەند زانیارییەک بخەمە روو کە رێکخراوێکی مافی مرۆڤ لە کوردستان پێی هەلساوە، لەسەرەتای دروست بوونیەوە ئەو رێکخراوە کە نووسینگەی لە هەموو شارو قەزاو ناحیەکانی کوردستان هەیە، لەزۆر جێگادا لەسەرەتا هەلساوە بەکۆکردنەوەی زانیاری زانستیانە دەربارەی ئەنفالەکان، بێگومان ئاشکراو روونە بەلیژنەیەک ئەم کارە ناکرێ لیژنەیەکی پەرلەمانی چونکە زۆر شوێن و زۆر دێهات دەگرێتەوە رێکخراوێکی ئەمریکی دوو مانگ خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوو، لەم دواییەدا نامیلکەیەکیان دەرکردووە دەربارەی ئەنفالەکان نزیکەی (٢٠ )رۆژ لەمەوبەر نوێنەرێکیان لێرە بوو کەناوی (یوسف)ە ئەویش هات پەیوەندی کرد کە گوایە جارێکی تر نیازی ئەوەیان هەیە بگەڕێنەوە کوردستان بەهاوکاری لەگەل رێکخراوی مافی مرۆڤدا زانیاری تەواو دەربارەی ئەنفالەکان کۆبکەنەوە، بێگومان ئێمە نەمانتوانی هەموو شتێک کۆبکەینەوە ئەوە لەڕاستیدا توانای ماددی زۆری دەوێ هەروەها رێکخراوێک هەیە لە سلێمانی

ڕێکخراوی ئەنفالەکان ئێستا ئەمە یەکێکە لەو بەڵگەنامانەی کە نووسینگەی تایبەت بەمافی مرۆڤ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق هەڵدەستێ بەدەستنیشان کردنی ئەو بەڵگەنامانە کە صدام حسێن و ڕژێمەکەی بداتە دادگا مەسەلەی ئەنفالەکان بەرای من تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەبێ گرنگی پێ بدرێ چ لەلایەن حکومەتەوە چ لەلایەن ڕێکخراوە جەماوەرییەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من بۆ سەرۆکایەتی و برایانی بەڕێز، بەراستی پێویستە دوو لیژنە لەم پەرلەمانی ئێمە دروست بێت هەمیشە کاری خۆی بکات، یەکیان ئەوەیە لیژنەی ئەنفالەکان بۆ سەرژمێرکردن دوا ئاماری ئەنفالەکان کەچەند کەسمان ڕۆیشتووە و ئەنفال کراوە چەند کەسیان لەپاش بەجێماوە بۆ ئەوانە چەند کۆمەڵەیەک بکرێتەوە بۆ بەخێو کردنی ئەو منالە بێ دایک و باوکانەی ئەنفال و بۆ ئەو ژنانەی دوای ئەنفال جێ ماون هیچ وەلییان نییەو کەسیان نییە بەخێویان بکات ئەوە لایەنی یەکەمیان و، لیژنەی دووەمیان وادەزانم هیچ کەمتر نییە لە لیژنەی ئاوارەکان کە کاتی خۆی لیژنەیەکمان دروست کردووە ،بەڵام پێشنیاری ئەوەمان کرد ئاماری ئەو دێهاتانە بکرێ کە لەژێر سنوورو دەسەڵاتی ڕژێمدان، بەڵام لەبەر تەواجدی ڕژێم ناتوانن وپێویستە ئاماری ئەو دەرکراوانە بکرێ کە لە زەوی باو وباپیران کە کەرکووکە دەرکراون و هیچ حسابیان بۆ نەکراوە، هەروەها ئاماری ئەو ئاوارانە بکرێ کە ئێستا لە ترسی ڕژێم ناتوانن بچنەوە جێگای خۆیان بۆ ئەوە هەر هەموویان ببنە وەرەقەیەکی فشار پێشکەش بەو دۆستانەی ئێمە بکرێ بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە وپێویستە ئەم دوو لیژنەیە دروست بکرێ و بەدواداچوونی ئیشەکانی خۆی بکات، بەراستی سەرژمێرکردنی ئەنفالەکان و دەرکراوەکان لەجێی خۆیانن ڕەنگە ئێمە سوودی سیاسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا هەردوو لیژنەکە ئی حکومەتە، ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی تایبەتمەندەوە هەیە وئێمە لەسەرمانە موتابعەی بکەین و ناتوانین لەم ڕووەوە لیژنە دروست بکەین بچن بۆ سەرژمێری، ئەوە ئیشی پارێزگایە، ئیشی وەزارەتە تایبەتمەندەکانە، ئێمە ناتوانین لە جیاتی ئەوان داوا بکەین لە وەزارەتی تایبەت کە بۆ ئەو بابەتانە، یا ئەو لیژنەیە دروست بکەن و سەرژمێری بکەن، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانە. وەکو بەدواداچوونی کاروباری کەسوکاری ئەنفال کراوەکانی گەرمیانیش ئێستا لیژنەیەکی کاتی لە ناو پەرلەمان هەیە ئەو ئیشە بکات، بۆیە تۆزێ عەمەلی نییە کە ئێستاکە لیژنەی پسپۆڕیش دابنێین.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ قسەی برادەران هەیە، بەڵام بەکردەوە وبەراستی هیچ بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان نەکراوە،

چونکە هیچ ئامارو سەرژمێرییەکمان لەبەر دەستدا نییە، هەر ڕێکخراوێکی خێر خوازیش بیەوێ یارمەتییان بدات، لەپێشا داوای ئامار دەکەن، بەراستی هیچ شتێک بەبێ ئامار ناکرێ، چاخەکە چاخی ئامار وحیساباتی وردە، ڕاستە ئێمە لای خۆمان نزیکەی (٥٠٠) منالێکمان تۆمار کردووە کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە وهەمووشیان خەڵکی گەرمیانن، بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوەنە نییە، بەسەدان بێوەژن وئافرەت وپیاوی پەککەوتەیش هەن، کە هیچ زانیارییەکمان لەسەریان نییە، جگە لەوەش ئەنفال هەر لەگەرمیان نەکراوە، بەڵکو لەناوچەکانی بادینان و، هەندێ شوێنی هەولێریش کراوە. بۆیە پێشنیار دەکەم کە لەهەر پارێزگەیەک لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ بەسەر کردنەوەو، ڕاپەڕاندنی کاروباری کەسوکاری بەجێماوی ئەنفال کراوەکان دابمەزرێت، بوونی ئامار وزانیاری پێویست زۆر پێویستە بۆ یارمەتی دانی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان، هەروەها بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانیان و، چەسپاندنی ڕوداوەکانی ئەم کارەساتە گەورەیەش لەرووی مێژووییەوە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی زۆربەی قسەکان برادەران کردیان، بەڵام ئەو پێشنیارەی کاک عەلی باسی کرد باس کراوە کە ئامارێک بکرێ بۆ ئاوارەکان بۆ ئەنفالەکانیش، بەڵام هەر ئەوەندەیە کە بەڕێزتان فەرمووتان ئەم ئامارە کێ بیکات؟ لیژنەیەک لە پەرلەمان ناتوانێ بەراستی ئەم کارە بکات، دووبارە پێشنیار دەکەین بۆ حکوومەتی هەرێم کە بەو ئامار کردنە هەڵسێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو ڕای خۆم ئامار زۆر زەحمەتە تا ئەو خەڵکە نەگەڕێنەوە دێهاتی خۆیان، بەڵام وەکو ئەوەی شتێکمان دەست کەوتبوو لە پارێزگای کەرکووک نووسینگەیەکمان هەیە بەناوی نووسینگەی ئەنفال لە هەر پارێزگایەک نووسینگەیەکی وا بکرێتەوە ڕەنگە بۆ ئامار کردن وبەدواداچوونی مەسەلەی ئەنفال وبەندەکان چاک بێت ئێستا خەڵک هەیە نازانن ئەنفال چییە کارەساتی ئەنفال چی بوو و کاک عەلی ئاماژەی بۆ کرد کە ڕۆژێ دەستنیشان بکەین بۆ یادکرنەوەی ئەنفالەکان لەو ماوەیەی لە ٤/١٤ مانگی چوار یا کۆتایی مانگی چوار ئەگەر هەموو ساڵێک یادی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم مەلا محەمەد ئەمین فەرمووی، با لە هەموو شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هەبێ یا لە جێگەیەکی وەک ڕانیە، بانگەوازی کردووە کە داوای لە خەڵک کردووە کە سەردانی بکەن بە خەڵکی ڕاسپاردووە هەر کەس هاتووە هەتا وێنەی ئەو کەسەی مردووە و بەلیست لە

تۆمـاردا هەیەو ئەو شـتـانـە کـۆکـراوەتەوە و ناردراوە بۆ نووسـینگەی هەولێـر کـە ئاگـاداری ئەو شتانەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هەندێک باسی ئەنفالەکانی بادینان دەکەم، زۆربەی زۆریان کۆچیان کرد بۆ تورکیا ماوەی ساڵێکە گیروگرفتیان چارەسەر کرا، هەندێکیان چوون بۆ دیار بکر و رەنگە لەو رۆژانە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە کەوتنە بەردەستی حکوومەت هێناونی بۆ کۆمەڵگای (بەحرکە) جێگای سوپاس و پێ زانینی خەڵکی هەولێرە کە دەورێکی بەشەرەفیان دیت بۆ یارمەتی دانی ئەو خەڵکانە ئەوانەش بەشێکی زۆریان گەڕانەوە بۆ سەر دێهاتیان، بەڵام بەشێک لێرە ماون زۆربەیان ئافرەتی بێ مێردن منداڵان ئیشوکاریان بۆتە ئەوە دەست درێژی دەکەن لەبەر دەرگای چێشتخانەکان و کۆڵانەکان کە بەراستی دیمەنێکی دڵتەزێنە، حەز دەکەین حکومەتی هەرێم چ بەهۆی پارێزگای دهۆک و هەولێر یا بەهۆی وەزیرەکان چارەسەرێک بۆ ئەو ژن و منداڵانە بکەن و بیانگەڕێنێتەوە بۆ دێهاتی خۆیان بەرێگای رێکخراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عـــەبدولڕەزاق عـــەبدولحـــەکـــیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەربارەی ئەنفالەکان لیژنەی تەندروستی لەناو پەرلەمان لە ١٩٩٣/١/١٨دا نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی کردووە بە ژمارە (٤) کە تێدا پێشنیارمان کردبوو کە بەڕێوەبەرایەتیەک دابنرێ لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوانە بگرێتەوە:خێزانی ئەنفالەکان، خێزانی شەهیدەکان، خێزانی پەککەوتەکان، جا لە پرۆژەی وەزارەتی تەندروستی هەمان ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دانرا راستە پێمان خۆشە لیژنەیەک هەبێ لەناو پەرلەمان لیژنەی ئەنفال، بەڵام ئیـشی بەڕێوەبەریەتی ئەوەیە (اجـراءات) بکات، من پێـشنیـار دەکـەم پەیوەندی بکرێت بەو بەڕێوەبەریەتیە بزانن ئاماری چۆنە بۆ ئەوەی ئیشی ئەنفالەکان بەباشی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

دیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئیشوکاری لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارێ دەربارەی ئەنفالەکان دەبێ دیاریی بکەین کە دەبێ چ بکرێ لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەتایبەتی کورتەی ئەوەی کە باستان کرد، هیوادارم لیژنەی تەندروستی پەیوەندی بە کەناڵەکانی خۆیەوە بکات، بەڵکو چارەسەرێکی بۆ بکرێ.

خاڵی چوارەم: دەربارەی کشانەوەی هەندێک لەو رێکخراوە خێرخوازانەی لەسەرەتادا باسم کردن، وای بۆ دەچم شتێکی تازەمان نییە لەم بارەوە تەنها ئەوە نەبێ کە چاوەڕێی هەوڵێکی تری حکومەت دەکەین، بەتایبەتی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی بۆ خەملاندنی ئەو دۆخە، ئەگەر لیژنەی پەیوەندی هەوڵێ بدەن سەردانێکی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی بکەن، لەم بارەیەوە بۆ

ئەوەی ئاگادارمان بکەنەوە ئەگەر پێویست بوو بۆ پشتگیری تایبەتی، ئەو کاتە یا حکومەت شتێکمان بۆ ئامادە بکات وەکو شتێکی تازە نییە لەڕاستیدا، چونکە وەزیری تایبەتمەند لێرە نییە، وادیارە کۆبوونەوەیەک کراوە لەگەڵیاندا لە ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران ولە ئاستی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی لەسەر ئەم بابەتە.

خاڵی دواییمان لیژنەکانی ناو پەرلەمان و شێوەی ئیشکردنیانە، پێشنیارێکی وا هەبوو.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو گفتوگۆیە تەنها خۆمانی تێدا بێ وەکو پەرلەمان، پێویست ناکات لای ڕاگەیاندن باس بکرێت، ئەم کێشەیە کێشەیەکی ناوەوەی زۆربەی لیژنەکانە ئەوانی تریش لەوانەیە قسەیان هەبێ ڕای جەنابتان چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە با ڕێک کەوین، ڕاگەیاندن، داوای مۆڵەتیان لێ دەکەین، ئەگەر ماوە بدەن هۆڵەکە بەجێ بهێڵن.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە هەموو لایەکمان دەزانین ئەو خوشک و برایانەی کە دانیشتوون لێرە، هەر یەکێ لە لیژنەیەک یا لەچەند لیژنەیەک داین ئەم لیژنانە لە بەرامبەر سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرپرسیارن لە ئیشوکارەکانی کە بۆیان دیاری دەکرێت لە کۆبوونەوەکانیان لە ڕاپۆرتەکانیان لە بەدواداچوونی ئیشەکانیان لە هەڵسوکەوتی ئیشوکارەکانیان بەپێی بەرنامە ئێمە ئەمە کێشەی تەنها لیژنەیەک نییە من لەوە ئاگادارم خۆم لە لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی ئاوەدانیدام، لە هەردوو لیژنەکە کۆمەڵێک گیروگرفت هەیە دیارە زۆر جاریش بیستوومانەیان پێمان ووتراوە کە لیژنەکان ئیش ناکەن لە حاڵەتی خۆیان پێم وایە هەندێکی ئەو شتانە وایە لەوانەیە هەندێکی هۆی هەبێ هەندێکیشی لەوانەیە وانەبێت لە هەمان کاتدا گیروگرفت هەیە، حەقە ئێمە وەکو پەرلەمان دووبارە چاو بگێڕینەوە بە هەموو لیژنەکاندا بەپێی پسپۆڕی خۆیان ئیش بکەن و دابەش بکرێن وگرنگی بدرێ زیاتر بە پەیوەندی نێوان لیژنەکان لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدارەکانداو کە ئەمەش هانگاوێکی تازەیە لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ناوی برادەران بنووسین لەسەر ئەم بابەتە، پێش ئەوە یەک دوو(تعليق) هەیە کە پەیوەندی بەسەرۆکایەتیەوە هەیە، با پێتان ڕابگەیێنم: مەسەلەی لیژنەکان وەکو دەزانین بە پێی یاسای ناوخۆی ئەنجوومەن جەنابی جێگری سەرۆک ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر بەلیژنەکان ودەبێ ئەو سەرپەرشتی ئیشوکاریان بکات، بێگومان ئێمە ئاگامان لەو ڕەوشەیە، پێمان خۆش بوو ئەم بابەتە

به ئامادەبوونی ئەویش بکرایە، یا ئەگەر پێویست بوو لە دەرفەتێکی تردا بەڕێزی ئامادە بێت.
خاڵی دووەم هاوئاهەنگی نێوان لیژنەکان و وەزارەتەکانە کە دەبێ هەبێ، بەڵام لە بیرمەکەن (مەنطقی) ژیان وایە خاوەن دەسەڵات حەز ناکات لایەنێکی تر بەشداری کاروبارەکانی بکات، شتێکی زۆر سروشتیشە ئەم دوو دەسەڵاتە پەرلەمان و وەزارەت حەز بکەن لایەنی تر دەست لەکاروبارو دەسەڵاتیان وەرنەدەن، بەڵام وەک دەڵێن: (خیر الامور اوسطها)، بۆیە ئێمە دیسان دەگەڕێینەوە بەشێوەی تایبەتی کۆمەک و هاوکاری یەکتر دەکەین، لەلایەکی تریشەوە لە هەموو دونیادا پەرلەمان دەبێ لەشت ورد ببێتەوە بۆگەیشتن بەسەرچاوەی زانیاری، حەقە وەزارەتەکان، بەتایبەتی لیژنەکان کە پسپۆڕن هەوڵ بدەن گەورەترین و باشترین زانیاری کۆبکەنەوە لەسەر رەوشەکە، ئینجا چۆن دەکرێ؟ ئەمە بەشێکی بە هاوئاهەنگی دەکرێ و بەشێکی لەرێگەی هێلە تایبەتیەکانی خۆیانەوەو، بەشێک لە رێگەی حزبەکانەوە لە رێگەی پرسیارکردنەوە.
دەبێ سێ شەممان بکەینە بەرنامەیەکی چەسپاو هەر شتێک بێت ئاراستەی وەزیری پسپۆڕ بکرێ ئەگەر روون کردنەوەیەکی هەبێت لە بەدواداچوونی ئیشوکاری ئەو راپۆرتەی کە دەنێردرێن بۆ لیژنەکان، ئێستا ئەو خاڵە گرنگانە دێن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و دیسان دەگەڕێنەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکان، بەپێی یاساش حەقیان هەیە ئەو بابەتانە بوروژێنن، داوا لە وەزیری پسپۆڕ و ئەنجوومەنی وەزیران بکەن کە جەخت بکەن لەو خاڵانەی کە پێویستیان پێیەتی، بۆیە لەسەرمانە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەو داخوازیانەی کە بڕیاریان لەسەر دەدرێ بیدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، یا لەلایەن خۆمانەوە بەدوایدا دەچین وجەختی لەسەر دەکەینەوە، وەک ئەندامێکی پەرلەمان تێبینی بابەتێک، یا لیژنەیەک تێبینی بابەتێک بکات ئەبێ لە دوای بڕوا، ئێمە ناتوانین لە ئەنجوومەنی وەزیران بپرسین بۆچی وەڵامی فڵانتان نەداوەتەوە؟ زیاتر بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لیژنەیە، ئەوەشی پەیوەندی بە ئێمەوەوە هەیە لەسەرۆکایەتی کردوومانە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو لیژنانەی ناو پەرلەمان پەیتا پەیتا کۆبوونەوەی خۆیان دووشەممان بەردوام کردووە و راپۆرتی خۆشیان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی، بەڵام بەداخەوە زۆر جار وەڵامەکان وەرنەگیراونەتەوە ئەمە نامەوێ دەست لە ئیشوکاری پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزیران یان حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەربدەین بەڵکو دەمانەوێ وەکو بەدواداچوونێک بزانین چونکە لە دەرەوە جەماوەر هەیە ئێمە نوێنەرین، شتیان لە ئێمە دەوێ داوامان لێ دەکەن کەلەوانەیە باخەڵی ئێمە چەند پرسیار و چەند وەڵامی تێدایە کە جەماوەری دەرەوە داوامان لێ دەکەن کە لێرە باس بکرێ یا پێشنیار بکرێ بدرێتە حکوومەتی کوردستان، بەڵام وەکو وتم وەڵاممان ناداتەوە بۆ نموونە باسی دوو لیژنە دەکەم، لیژنەی یەکەم پەروەردە و دووەم ئەوقاف هەزارەها راپۆرتمان بەرزکردۆتەوە ناردوومانە بەدوای کەوتووین داوای کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان،

بەڵام ئەنجامەکەمان نەدیوە یەک لەوانە دەربارەی پەروەردە راپۆرتی یەکەممان بە (٤٩) خاڵ بەرزکردەوە لەسەرەتا پاشان راپۆرتی دووەممان بە (٢٧) خاڵ بەرزکردەوە ناردمان بۆ وەزیری پەروەردە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ئەو دەمەی کە کاروباری تاقی کردنەوەکان هەیە بەنسبەت تاقی کردنەوەی وەزارەت (٦، ٣-٦)ی دواناوەندی ئەوان پێویستیان هەیە، کە ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیر دابنیشین و باسی لەگەڵ بکەین دەربارەی زۆر بابەت بەتایبەتی تاقی کردنەوەکان وەکو وتم هەروەها مەسەلەی (میلاکات) بۆ ساڵی ئایندە گوێزانەوەو ئەو شتانە زۆر سروشتییە کە ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیر دادەنیشین، لەوانەیە سوودمان لێ وەرگرێ هەریەکی (٢٥) ساڵ خزمەتمان هەیە بەڵکو وەکو کادرێکی پەروەردە دابنیشن ئەو سوود لە ئێمە وەربگرێ و ئێمە سوود لەو وەربگرین، بەڵام بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری ئاگاداری یەکتر بین لە ئیشوکاری کوردستان، لەبارەی ئەوقاف شاندێک (وەفدێک) ناردراوە بۆ حەج تاکو ئێستا لیژنەی ئەوقاف ئاگادار نییە، سەرۆکی ئەو وەفدەو یەک لە ئەندامانی وەفد لە دایەرەی خۆیان داوایان کردووە ئەو نەفەرە نەمێنێ لە دایرە لە هەمان کاتدا هەیە رابوردویان پاک نییە ئینجاش ئەوانە کران بە وەفد و ناردران بۆ ئەنقەرە لەوێ پەیوەندی بە سعودیە بکرێ بۆ ئەوەی ئەمساڵ کاروباری حەج ئەوان سەرپەرشتی بکەن ئەمە تا ئێستا ئاگامان لێ نییە، جا لەبەر ئەوە پێمان خۆشە لە خولی داهاتوو داو لەپۆستی تازەی بەڕێزان وەزیرانی تازە بەهاوئاهەنگیەکی تەواو سەرۆکایەتی و ئێمەش لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ئاگادار بین و ئاگادارمان بکەن و ئاگاداریان بکەین بۆ ئەوەی ئیشوکاری هەرێمی کوردستان بەرێک و پێکی بڕوا گلەییمان نەیەتە سەر چ لەلایەن سەرۆکایەتی چ لەلایەنی جەماوەری کوردستانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە گلەیی هەبێ لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکانتان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، وەکو دەڵێن کە دووسێ مانگە نیمچە ئیفلیجیەک کەوتۆتە ئالیەتی ئیش کردنی وەزیرەکانمان ئەویش دەگەرێتەوە بۆ مەسەلەی گۆڕانکاری و مەسەلەی تر، ناڵێم ئێشەکە پێش ئەوەش وەکو پێویست دەرۆیشت، بەڵام ئاگامان لێ هەبووە کە بە رێکی دەمانتوانی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا لێرە کۆبینەوە هەرچی پرسیارمان هەبو بێ بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لیژنەکان وئەندامان سوود لەو مافە وەربگرن کە لە یاساکەدا هاتووە ئەویش ئەوەیە هەر لیژنەیەک بۆی هەیە لە رێگەی سەرۆکایەتییەوە داوای هەر فەرمانبەرێک بکا..

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شوکت زۆری باسی کرد، من ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە ئەو کەم وکورتیەمان هەیەتاقی کردنەوەی تازەمان هەیە بەراستی ساوایە لە پەرلەمان ئەو شتانە لێرە دەخرێتە روو دیارە لەسەرەتادا باشترە، ئێستا خولی دووەمی دامەزراندنی وەزارەت هاتۆتەکایەوە پێویستە هەر

هەموومان تەوژمێکی پێ بدەین پەیوەندی باشتر وگەرم وگوڕتر دروست بکەین بۆ ئەوەی کەوا وەزارەتی داهاتوومان بتوانێ لە کاروبارەکانیدا سەرکەوتوو بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادەزانم مەسەلەی ئەو لیژنانە کارکردنی بەکۆمەڵ تێبینی هەیە، کە پێمان خۆشە لیژنەکان خۆیان لەگەڵ سەرۆکایەتی باسی بکەین شتی یەکەم وجەوهەری، دروست بوونی لیژنەکانە کە هیوامان وایە چاوێکی پیابخشێنرێتەوە لە کاتی دروست بوونی لیژنەکاندا جاری دووەم کە بەڕێز جێگری سەرۆک کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد بە گاڵتەوە فەرمووی دیارە هێلی حزبەکان زۆر بەهێزە لەناو لیژنەکان کەس نەبوو نارازی بێ هەموو دەستمان هەڵبری ئەو دەست هەڵبرینە ڕێزلێنان بوو لە فراکسیۆنەکان و لەهەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان کە ئەو خەڵکەیان دەستنیشان کردبێ هەندێ را هەیە کە جێگری سەرۆک خۆشی لەسەر ئەو رایەی ئێمەیە وا دەزانم زۆر جار باسمان کردووە کەدەبێ ئەو لیژنانە بەجۆرێکی تر بگونجێ باشترە کەبەو جۆرە فراکسیۆن ئەوەندە نەبێ، بەڵکو کەسانێک بن بەتەبایی ئیش بکەن بالەم لیژنە ژمارەی ئەویان زیاتر بێ لەوەی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو پەرلەمانێکی دونیاش لیژنەکانی حزبەکان بریاری پێشەکی لەسەر شتەکان دەدەن، ئەوەش شتێکی زۆر سروشتییە و لە هەموو پەرلەمانەکانی دونیاشدا ئەو لیژنانە بەپێی ڕێژەی ئەندامانی خۆیان لە پەرلەمان مەبەستم لەوەیە چەند ئەندامیان لە پەرلەمان هەیە؟ ڕێژەیان چەندە؟ لە هەموو لیژنەکانیش بەو ڕێژەیە بەشداریی دەکەن، پەرلەمانی کوردستانیش وەکو ئاگادارن تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەبێ ئەو تایبەتمەندییە لە پەرلەمان ولەناو لیژنەکاندا رەنگ بداتەوە زۆریش راستە کە ئێمە سیاسەت دەکەین، ئەم پەرلەمانە سیاسەت دەکات تعبیرەکەی راستەو بێگومان ئەو حزبانەی ناو پەرلەمان سیاسەتی حزبی خۆیان دەردەبرن لەو قۆناغەدا، مافێکی زۆر سروشتییە لە لیژنەکانیشدا ئەو مافەیان هەبێ کە ئەو هاوسەنگییە لەوێ هەبێ؟ بۆ نموونە (سەوزەکانی هانۆڤەر) ڕێژەیان کەمە لە پەرلەمانی (هانۆڤەر)دا، بۆیە دوانێکیان لە ٥-٦لیژنە ئەندامن وتم چۆن پێ رادەگەن؟ وتیان ناچارین. باوەڕ ناکەم ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە ٣-٤ لیژنەدا ئەندام بێت، بەڵام بوونی ئەو لەوێ بەڵێ بە پلەی یەکەم پسپۆرە وپلەی دووەم نوێنەرایەتی حزبەکە دەکات لەوێ لەبواری کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر خۆشی لەو بوارەدا پسپۆڕ نەبێ مافی حزبەکەیەتی شتێکی وای بۆ ئامادە بکات کە پسپۆریەتی خۆی لەناو پەرلەماندا مومارەسە بکات، پەرلەمان خۆی حزبایەتیە وابزانم گرفتێک لەمەسەلەکەدا نییە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بڕوام وایە کە پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێ کردن جیابکرێتەوە لەیەک، بەڵام ئەبێ

ئەوەمان لا روون بێ کە ئێمە بەراستی گیروگرفتی زۆرمان هەیە گیروگرفتی ئابووری وکۆمەڵایەتی هەیە هەروەها ئیدارەکان هەروەها (فەساد) زۆرە رواورووت زۆرە، لەبەر ئەوە رەنگە ئەرکی پەرلەمانی ئێمە وئەندامانی پەرلەمان ولیژنەکان زۆر زیاتر بێ لە ئەرکی هەر لیژنەیەکی پەرلەمانی ئەوروپایی، چونکە زۆر گیروگرفت هەیە لەوێدا نەماون بەلای زۆر پێویست بەوەدەکا کە برادەرانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەش لەگەڵ ئەوە نیم کە دەست لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەربدەن، بەڵام حەقی بەدواداچوون و گفتوگۆیان هەیەو، من پێم وایە ئەوان دەتوانن هاوکاری و یارمەتیان بدەن و ئەرکیان بۆ ئاسان بکەن ئێمە بۆ نموونە لەشاری سلێمانی نووسینگەی فراکسیۆنی سەوز نووسینگەی فراکسیۆنی زەرد هەبووە ئێوە خۆش بەختانە بیرتان لەوە کردۆتەوە کە یەک نووسینگە هەبێ ئەگەر هەبێ ئەزموونی ئەو (٣-٤) هەفتەی کە ئێمە هەمانە روونی بکەینەوە، پێم وایە ئێمە جگە لەوەی کە خۆمان زۆر شت فێربووین لە هەمان کاتدا بەتەواوی وردە وردە تێی دەگەین کە گرفتی خەڵک چییە تێ دەگەین گیروگرفتەکانمان لە هەموو بوارەکاندا چییە؟ بێجگە لەوەی کە ئێمە دەرگاکەمان ئاواڵایە بۆ هەموو کەسێک رووما‌ن تێدەکەن خەڵکی هەیە دەچێ بۆ لای پارێزگار رەنگە بەزەحمەت بگاتێ، بەڵام بۆ ئێمەیە کێشەکەمان ئیشی ناو خەڵکە دەزگایەکی میللییە کە خەڵک ئاسایی رووما‌ن تێ دەکات و دێت گرفتەکانی لای ئێمە دەخاتەروو ئەوەندەی بۆمان بکرێ بۆی چارەسەر بکەین دڵنەوایی بکەین یان قسەی خۆشی بۆ بکەین یا مەسەلەکەی بۆ روون بکەینەوە، ئێمە لەو بارەوە زۆر باسمان کردووە جگە لەوەش کە بەراستی من هەتا ئەگەر بڵێین لێپسراوی لیژنەیەک بم، بەڵام من کە لە شارەکەی خۆمان کار بکەم باشترە لەوەی بزانم گیروگرفتی ئەوێ چییە نەوەک گرفتی شاری هەولێر بزانین چییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو حەقە خۆتان بە خۆتان داوە، دەنا لە پێڕەوەکە وا جێگیرکراوە، ئەگەر دەتانەوێ هەمواریشی بکەن ئەوە شتێکی ترەو، گرفتی ئێوە گرفتی سەرۆکایەتی نییە، ئێمە ئەو پێڕەوە جێبەجێ دەکەین مافێکی سروشتییە سەرۆکایەتی پەرلەمان تەماشای بکات و وەکو پێویست هەواڵەی (احالەی) بکات ئەوە زۆر سروشتییە، بەڵام دیارە ئێوە دەتانەوێ ئێمە وەکو عەرەب دەڵێ ( اطرش فی الزفة) دابنیشین ئەوە شتێکی ترە، دەنا مافێکی زۆر سروشتییە، چ بێتە پەرلەمان دەبێ ئاگادار بین وچ لە پەرلەمان دەربچێ دەبێ ئاگادار بین، دەبێ رامان هەبێ نەک هەر ئاگادار بین ئەو مافە یاسا بە ئێمەی داوە. لە هەموو دونیاشدا ئەو دەستەیەی کە سەرپەرشتی ئیشوکاری پەرلەمان دەکات دەبێ ئاگادار بێت لەو کێشانە و ئەگەر نا، ناتوانێ ئەو دەورە ببینێ، من نازانم دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر ئاگاداری هەموو شتەکان نەبن، چۆن دەتوانین ئێمە بەشداری بکەین؟ یا چۆن بتوانین حکومەت بدوێنین؟، ئەوانیش دەسەڵاتێکن ومافی خۆیانە هەندێ بنەمای پرۆتۆکۆڵی بپارێزن، چونکە پەیوەندی بە پرۆتۆکۆڵەوە هەیەو، پەیوەندی بە دیموکراتیەتەوە نییە، جگە لەمانە ئەگەر وای لێ بێت لیژنەیەک بتوانێ راستەوخۆ وەزیر بانگ بکاو بەڕێوەبەری گشتی بانکا وابزانم

ئەو کاتە دەبینە (١٤) پەرلەمان نەک یەک پەرلەمان، وادەزانم ئیشوکاری لیژنەی ئێمە لەسەر ئەوە رانەوستاوە کە ئەگەر داوای فەرمانبەرێکمان کرد بەو پێرەوە کە خۆتان دانگتان لەسەر داوە گلەییم لەوە بکەن، گلەیی لەوەیە لیژنەکانمان وەکو پێویست موتابعە ناکەن و لەشت ناکۆڵنەوە. جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیش هەموو رۆژ لێرەیە، هەموو رۆژ دەوام دەکات وابزانم لە مەسەلەی بەدواداچووندا لیژنەکان ئاگادارن چ وای نەکردووە، بەڵام گلەییمان تەنها لەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەندە دەوام دەکەن کە دانیشتنی ئاسایی هەیە، کە دانیشتنی ئاسایی نەما ئیتر کەس لێرە نامێنێ، هەرچەندە ئێمەش لێرە بە حوکمی ئەوەی کە رۆژانە دەوام دەکەین کۆمەڵێک لە لێپرسراوانی لیژنەکان دەبینین، بەڵام بەس لەو رۆژانەی کە دانیشتنی ئاسایی هەیە کۆدەبنەوەو دوایی برادەران دەگەڕێنەوە بۆ جێگاو رێگای خۆیان. لیژنەی یاسا نەبێ، وەکو وتم ئیشوکارەکانیان زۆرە ئەوان رۆژانە لێرە ئامادەن دەوامی خۆیان دەکەن وبۆ ئەوەی لیژنەکانمان کاریگەرتر وزیاتر متابعەیان هەبێ دەبێ زیاتر دەوام بکەن ودەوامی خۆیان گرێ نەدەن بەدانیشتنی ئاسایی پەرلەمانەوە ،چونکە ئەو کاتە ناتوانن هاوسەنگی لەنێوان ئیشکردنی رۆژانەو دانیشتنی ئاساییدا بکەن. لەوانەش گرنگ تر هەمووتان دەزانن کە ئیشی سەرەکی بەراستی لیژنەکانی ناو پەرلەمان دەیکەن لەوێ شت گەڵاڵە دەکرێ و بەتێروتەسەلی گفتوگۆ دەکرێ، لەوێ ئیشیان زۆرە بەڵام لە ئەنجامی گفتوگۆ دێنە ئێرە، ئەوەی کە لەسەری رازی نین باس دەکرێ-ئەوەی بیەوێ شت زیاد بکا دەیخەنە سەری، هیوادارین کە ئیشوکاریان بەتەواوی ئەنجام بدەن.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها یەک دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەکەمیان شتێکی رۆتینییە وابزانم ئێمە هەندێ لەو برادەرانەی ئێستا لێرە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا وەختی خۆی ئیشمان کردووە فێری رۆتینێک بووین ئینجا نازانم ئەو رۆتینە ئیستا بەدڵی خەڵک بێت یا نەبێت، بەڵام وابزانم تارادەیەک سوودی هەیە بۆ نموونە ئێمە لە لیژنەی پەروەردە کە کۆدەبینەوە داواکاریمان هەیە یان راپۆرتێکمان بۆ دێت گفتوگۆی لەسەر دەکەین بڕیاری شتێکی لەسەر دەدەین. ئەو بڕیارە دەبێ بڕوا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بڕیارەکە دەدەین، ئیتر ئێمە وەڵامی وەرناگرینەوە گرفتەکە ئەوەیە هەندێ لەو شتانە بەڵگەی پێوەیە، خاڵی دووەم بۆ نموونە لیژنەی پەروەردە کە پەیوەندیمان بە وەزارەتی پەروەردە هەیە، هەتا ئێستا ئێمە (٣-٤) لیستە پێشنیارمان پێشکەش کردووە وەکو کاک شێخ احمد وتی یەکەم لیستەمان (٤٧) برگە بوو یەک جار نەبێت هیچ وەڵامێکمان بۆ نەهاتووە بڵێین ئەو پێشنیارەتان شتێکی باشە یا خراپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی هیچ راپۆرتێک لە هیچ لیژنەیەک فەرامۆش نەکراوە هەمووش دراوە بە وەزیری تایبەتمەند، یان نێردراون بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەشێکی وەڵام دراوەتەوە ونارردراوە بۆ لیژنەکان

و بەشێکی تاکو ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، ئەوەی کە پرسیاریشی کردووە چ لیژنە چ ئەندامێکی پەرلەمان زۆربەیان هەر ئەوەندەیان لەسەر بووە شتەکەیان نووسیوە وداوییانە بە ئێمە ئیتر چی بەسەر هاتووە نەیپرسیوە، خاڵی دووەم بەراستی ئیشوکاری ئێمە لەناو پەرلەمان جارێکی تر بە هەردوو فراکسیۆنم وت و بەشێوەیەک باسمان کرد کە ئیشوکاری ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ رێزم بۆ ئەندامانی پەرلەمان و خۆمان وەکو پەرلەمان ئیشی ئێمە ئەوە نییە لێرە دانیشین (عرض و حاڵ) لە خەڵک وەربگرین و بیکەین بە راپۆرتێک بینێرین. بۆ ئیشوکار دەبێ ئەندامانی پەرلەمان و پەرلەمان لە رێگەی هێلە حزبیەکان وجەماوەرەوە بەخەڵکی رابگەیەنین وخەڵک ئاراستە بکەن کەسەردانی وەزارەتی تایبەتمەند بکەن نابێ ئێمە لێرە دەرگایەک بکەینەوە، کە خەڵک هات عەرزوحاڵی لێ وەربگرین وبینێرین، رۆژی وا هەیە (١٠-١٢) عەرزوحاڵمان بۆ دێت هەیە دەنووسێ من تەعیین نەبوومە، بەڵام ئەمەکرۆکی ئیشوکاری پەرلەمان نییە، کاری پەرلەمان ئەو وەختەیە ئەگەر هاتوو حالەتێک هاتە پێش کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبوو، یا حالەتێکی تایبەتی، بەڵام وای لێ بێت کە بگاتە ئەو رادەیەی کە لێی بپرسینەوە، بۆ ئەمەش زۆر هێڵ هەیە مرۆڤ بەکاری دێنێ ودوا هێڵ دەبێ ئەوە بێ کە بیکەی بە پێشنیارێکی رەسمی وبیدەی بە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەندو لەناو پەرلەماندا باس بکرێ. زۆربەی زۆری ئەو داواکاریانەشی کە هاتوون مەسەلە تەنها عەریزە گەیاندنە، ئەو کابرایەی کە لەکاتی خۆی مامۆستایەکی غدر لێکراو بووە ئەرزوحاڵەکەی با پێشکەش بکا بە پەرەوەردەی سلێمانی، بە پەروەردەی کەرکووک، با لە رێگەی خۆیەوە بیکات گەر بۆی نەکرا ئەو کاتە دەبێ وەزیری پەروەردە یان وەزیری تەندروستی یا جێگەی تر وەڵامی بداتەوە، بەڵام ئەگەر شتەکە گشتی بوو ئەمە شتێکی ترە، بەڵام شتی ئیداری سادە هەن کە پێویست ناکات لە لیژنەوە راپۆرت بنێرین بۆ وەزیری پەرورده هەر بۆ ئەوەی بڵێین ئەندامی پەرلەمان رەقیبە لەسەر حکوومەت ئەوە مافێکی ئێمەیە چاودێری بخەینە سەر حکومەت وچاودێری وبەدواداچوونی ئیشوکاری حکومەت کاکڵی ئیشوکاری ئێمەیەو، وەزیر بەوە زویر دەبێ پەرلەمان چاودێری ئیشوکاری دەکا، بەڵام بەرای من ئەمە جوان لە فەرمانی خۆی یا دەوری پەرلەمان تێ نەگەیشتووە کە چییە. بۆیە لەڕاستیدا ئەندامێکی پەرلەمان کەباش لەئەرکی خۆی تێبگا چاودێرە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و، چاودێری مانای ئەوە نییە دوژمنکاریی نییە لەگەڵ یەکتری، نەخێر بەڵکو بۆ کۆمەک و هاوکاری یەکتر هیچ وەزیرێکی ئێمەش نابێ بەو شێوەیە بیر بکاتەوە کە پێی تێک بچێ ئەندامانی پەرلەمان یا پەرلەمانی کوردستان لە ئیشوکاری بکۆڵێتەوە ئەگەر پەرلەمان وپەرلەمانتاران لێیان نەکۆڵنەوە ئەی کێ دەیکات؟ ئەگەر ئێمە نەزانین وەزیرێکی ئێمە پێشێلکاری رێنمایی کردووە یا رێسای رێنمایی ئەنجام نەداوە ئەی کێ لێی بپرسێتەوە ؟ هەر لیژنەیەکیش وادەزانێ راپۆرتەکەی پشتگوێ خراوە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، ئێمە بەڕاستی ئامادەین ئەو تۆمارەی بۆ بکەینەوە و حەزدەکەن لە دانیشتنی تر

ئێمە داوا دەکەین کورتەی ئەو راپۆرتەی کە هاتووە وچۆن رەفتاری لەگەڵ کراوە، باسی دەکەین. با بزانین رەگەزنامەی دەستەی سەرۆکایەتی بزربووە ،حەقە ئەو فەرمانبەرە لێی بپێچرێتەوە چ لێرە بێت چ لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر ئێمە شتێکمان ناردووە وبزربووە، ئەوە بەشی کاروباری ئەنجوومەنمان هەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەجێگرو سکرتێر و لیژنەکانەوە هەیە بەدواداچوونی باشمان بۆ دەکەن لەو بابەتە، وەکو وتم هەر لیژنەیەک وادەزانێ راپۆرتەکانی پشتگوێ خراوە مافی خۆیەتی بپرسی، ئەگەر ناردوشمانە ئەوا لەسەر ئەوانە لەدوای برۆن، ئیتر ئێمە بۆ تحملی بکەین؟ بۆ بەدوایدا ناچن؟ بۆ ناپرسن چی لێهات؟.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ کاریکی وابکەین ئەو یاسایەی کە هەمانە ئەمە لەدەرەوەی پەرلەمان بێتە ناو لیژنەکانی پەرلەمان ئێمە وەکو لیژنەی یاسا گرفتمان لە هەمووان ناخۆشتر ئەوەیە یاسایەکمان بۆ بێت ئەو یاسایە لیژنەی پسپۆر رای لەسەر نییە، ئەگەر باسی دەکەی دەڵێ لەنگە ئەگەر باسی ناکەی دەمێنێتەوە، واتای ئەوەیە هیچ شتمان نەکردووە ئێمە ئێستا بریارمان دا داوامان لەسەرۆکایەتی کردووە لەمەودوا هیچ پرۆژەیەکی یاسا بۆ ئێمە نەبێت کە ئیشی ئەوە لیژنەی پسپۆر رای لەسەر بدات و بۆ ئەوەش پێشنیارێکم هەیە ئەگەر سەرۆکایەتی پەسەندی بکا مامۆستا کمال فەرمووی زۆر شت هەیە بزر دەبێت نامێنێ و دەروا، بەڵام ئێمە وەکو پێشنیار هەردوو لیژنە یا سێ لیژنە سکرتێرێکی بۆ دابنرێ و ئەو سکرتێرە بەر پرسیار بێ لەو نووسینەی کە پێی دەگات و وەڵامەکەشی دەدرێتەوە کە بەنووسین بدرێت بەسەرۆکی لیژنە کە بڵێ ئەمەی بۆ هاتووە وابزانم کاروبار رێک و پێکتر دەکات وفەرمانبەرێکی زۆرمان لەناو دایەرە هەیە دەتوانرێ هەرچەندە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا سکرتێرمان هەیە ئیشەکەمان دەکات، بەڵام لەبارەی ئەمە یاسامان بۆ بێت تا ئێستا دەمان ووت وەزارەتە بەپەلە یاسامان بۆ دێت لە لیژنەی پسپۆر بریارمان لەسەرنەدا بێ نابێ قسەی لێ بکەین دەبێ چاوەروان بکەین تارای پسپۆر بێ، ئینجا ئەو خاڵە برادەرانی لیژنە دەبێ چاوەرێ بکەن و دەبێ هەموو لیژنەکان بەتایبەتی سەرۆک وجێگری لیژنەکان لێپرسراوین کە تعقیب بکەن چیان بۆ هاتووە و چیان نووسیوە رۆژانە ئێمە لیژنەی یاسا دێین یەکسەر سکرتێری خۆمان دەبینین چیمان بۆ هاتووە ئەگەر بێتو ئەوانیش سکرتێرێکی دیاری کراویان هەبێ بێگومان ئەوە ئیشەکەیان زۆر رێکوپێک دەبێ، سوپاس.

**بەرێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ حکومەتی داهاتوو پێشنارێکم هەبوو حەز دەکەم ئەندامانی پەرلەمان رەچاوی بکەین، ئەو لیژنانەی ناو پەرلەمان بێگومان پابەندن بەبەرنامەی تایبەتی، بەرنامەی ئەو وەزارەتە لە بەرنامەی وەزیرانەوە هاتووە کە پێشکەش بە پەرلەمانی بەرێزی دەکات حەزدەکەم لە حکوومەتی تازەکە ئەو

بەرنامە ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی پەرلەمانی بکات و گرنگی پێ بردێ و (تصدیقی) لەسەر بکرێ و زۆر بەوردی لێی بکۆڵدرێتەوە، چونکە ئەوە ئیشوکاری ئەو لیژنانەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەبێ بەدوایداچی وچاودێری بکات من حەزدەکەم کە ئێستا کابینەی یەکەم ئیشوکاری تەواوکردووە لێپرسینەوەیەک هەبوایە کە بەرنامەی تایبەتی وەزارەت خۆی تا ئێستا کابینەکە ئیشی تەواو بووە؟ چەندی جێبەجێ کردووە چەندی بەرێوەبردووە و ئەو شتە نەبووە ئێستا دیار نییە هەر وەزارەتێک ڕێژەی چەندی ئەنجام داوە یان ئەو پڕۆگرامەی خۆی پەیرەو کردووە یاخود لەو لیژنە تایبەتیانە کە ئێستا باسی لێ دەکرێ مەلەفێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو وەزارەتە؟ بێگومان نییە کە بەدواداچوونی کرا بێ یا هەر ئیشی ئەولاو ئەولا بووە، ئەگەر شتەکە بە ڕوونی بوایە، جا لەبەر ئەوە داواکارم لە حکومەتی ئایندە کەئەزموونێکە بۆ هەموو لایەکمان باشتر ڕوونە ئەو شتە ڕەچاو بکرێ بەرنامەکە بە وردی لەلایەن هەموو ئەندامانەوە لێی بکۆڵدرێتەوە بڕوای پی بدرێ و (تەزکیە) و متابعە بخرێتە سەر ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەبدولکەریم کاک حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم باسەی کاک شەوکەت کردی باسێکی گرنگ بوو، چونکە هەموومان لە لیژنەکانی پەرلەمانین و ئێمە لیژنەکانمان کەم تەرخەمیەکمان هەبووە کەسێک یان یەکێک سەردانمان دەکات ناچین بلێین بەرنامەی وەزارەتە یا زۆر جار هەیە هەڵسوکەوتی وامان کردوە کە لەجیاکردنەوەی دەستەڵات دەست تێوەردانمان کردووە ئەمە گرنگیەکی زۆر گەورەیە، پێشنیارم دەبەستمەوە بە دوو حاڵەت کاک نەژاد و وەکو جەنابتان لەسەرەتا گەواهیتان پێدا کە ئەو لەسەرۆکایەتی کەسی یەکەم بەرامبەر بە لیژنەکە و، خاڵی دووەم ئەو گۆڕانکارییەی لە هەردوو فراکسیۆن و سەرۆک فراکسیۆنەکان ڕوویدا ئێستا ئێمە لیژنەکان کەم دەکەینەوە زیاد دەکەین بەرنامەی وەزارەت چۆن هەڵدەسەنگێنین کەسان دەگۆزینەوە ئەوە جێبەجێ بکەین دیارە هەندێ ڕاستی هەیە کەبرادەران باسی لێ دەکەین مەسەلەی حزبایەتی لەناو پەرلەمان ئێمە حکومەتمان هەیە، بەڵام زۆر جار پەرلەمان ڕەنگە لەوانە بەیەک داچوونێک دروست بکات کە وەزیرێک وەڵامی لیژنەیەکی پەرلەمان ناداتەوە زیاتر وادەزانێ هۆی حزبەکەیەتی ئێمە دەبێ بە ئەزموونی خۆمان لەو ماوەی ڕابردوو هەوڵ بدەین ئەم بابەتە لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسی زەردو سەوز باسی بکەین کە ئەو شتانە نەخەنە ناو پەرلەمانەوە، با لێرە بۆ یاسای وەزارەت بەیاسای حزبایەتی نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک خاڵ حەز دەکەم ڕوون بکەمەوە، کە ئێمە هۆشی (وەعی) پەرلەمانیمان لا دروست نەبووە ئێمە هاتووینە کوردستانێکی وێران کراو گیروگرفتمان زۆرە من لەگەڵ ئەوە نیم ئەندامی پەرلەمان ئەرزو حاڵی بۆ بچێ لەگەڵ ئەوەم کە پێشێلکاریەک بوو خۆی بچێتە لای وەزیر هیچی تێدا نییە

رەخنەم لە کاک کەمال ئەوەیە کە دەڵێ کوا بۆچی دیار نییە مافی ئەوەی نییە بچێ لای بەڕێز وەزیر بڵێ کوا بۆچی فلان شت نەکراوە مەسەلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەڵلای پەیدا کردووە، لە کوردستان دەچێتە هەر کوێ مامۆستایان دەڵێن فلان بەعسی یە دامەزراوە بە سەرپەرشتیاری پەروەردە من خەتای لیژنەی ناو پەرلەمان ئەگرم کاک جەمیل نامەیەکی بۆ ناردووین کە کاک جوهر ناوی لیژنەی ئێمەی نەهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەز ناکەم خراپ لێک حالی بوون لەناو لیژنەکاندا بێ، بەلام وای بۆ دەچم کە ئەمە گلەییە، ئەگەر گلەیی ئێمەش حساب بکەن ئەمە بابەتێکی گشتییە لە هەموو پەرلەمانەکاندا بەراستی لیژنە ئیش دەکات، ئیش لەناو لیژنەکان دایە ودەوام لەوێ زیاتر دەکرێ، بەرنامەی ئیشکردن لەوێ دادەنرێ، بەلام ئەوەی ئێمە رەچاومان کردووە لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکان هەر ئەوەندە دەوام دەکەن کە دانیشتنی ئاسایی هەبێ، کە دانیشتنی ئاسایی نەما ئەوسا هەریەک دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی خۆی وئەوانەی کە لە هەولێر دەمێننەوە لەوانەیە جارجار سەردانی پەرلەمان بکەن. بەلام کۆبوونەوەی لیژنەکان پەیوەندی بە کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمانەوە هەیە، ئەویش ناگونجێ بەپێچەوانەوە بێت، پاشان یاسا رێگای داوە بە لیژنەکانی ئێمە هەر وەختێ پێویستیان بە پسپۆڕ هەبێ لە هەر کوێ بێ داوای بکەن گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن سوودی لێ وەربگرن نازانم تا چ رادەیەک لیژنەکانی ئێمە سوودیان لەو خاڵە وەرگرتووە؟!. دەبێ لە جێگەی خۆی هەوڵ بدەین پێش هەموو شتێک لە فراکسیۆنەکاندا چاو بخشێنین بە لیژنەکانی خۆیاندا وچاو بخشێنن بە نوێنەرانی ئەو لیژنانە ئەوان بریار بدەن کێ دادەنێن کێ دانانێن، دیسان لە کابینەی ئاییندەدا بە پێویستی دەزانین لیژنەکانمان زیاتر دەوری خۆیان ببینن و ئەو مافەی کە دراوە وەکو ئەندامی پەرلەمان، وەکو پەرلەمانێک، وەکو لیژنە بەرێکوپێکی ئەنجامی بدەن، ئەگەر کەمتەرخەمیش هەبوو لە وەزارەتێک یا لە لایەنێک زۆر ئاسانەو، ئێمە دەتوانین داوایان بکەین بێنە ئێرە و مافی خۆمان بەکاربێنن، بەلام لە ئەنجام ئیجرائات ئەکرێ یا ناکرێ؟! ئەمە ئێمەش لەگەڵ ئەوە داین کە کارەکە دەگەڕێتەوە بۆ حزبەکەی خۆی وئەو حزبە خۆی بریار دەدا کەی متمانە لە کاربەدەستی خۆی دەکێشێتەوە، یا کەی پێی دەداتەوە، هەر ئێمەشنین وا دەکەین، بەڵکو لە پەرلەمانەکانی هەموو دونیاشدا وایە.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووت راستە سروشتی پەرلەمان و لیژنەکان بەو جۆرە دەستنیشان کراوە، بەلام دەتوانین لەو سنوورە ژمارە بگۆرێ پسپۆڕ ژمارەی زۆر نەبێ، دووەم نموونە لە هەردوو فراکسیۆن چەند کەسانی پسپۆڕ هەنە لە لیژنەی تایبەتی دانەنراون لە لیژنەیەکی تر دانراون ئەمە بخرێتە بەرچاو (٤-٥) پسپۆڕی باش باشترە لە ١٠ پسپۆڕ لەگەڵ وەزارەتی داهاتوودا بەرچاو بخرێ، هیوام وایە کابینەی داهاتوو زیاتر گوێ لە پەرلەمان بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەجـــمــەدین عــەزیز ئیـــســمـــاعـــیـل:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

بەڕێزتان لەسەر قسەکانی من وتتان ئێمە وای لێ دەکەین هیچ بۆ ئێمە نەهێڵینەوە و مەبەستم ئەوە نییە بە پێچەوانەوە کە من دەڵێم ئەگەر راپۆرتێک دێت تەنیا بڵێن کاک نەژاد تەماشای دەکات بزانێ سەر بە چ لیژنەیەکە لیژنە هەر چ بێ چ پێویست دەکا بچێتە بەردەمی ئەو، من خۆم ئیشێک پەیوەندی بە لیژنەی خۆمەوە هەیە لە لیژنەی خۆم گفتوگۆی لەسەر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئەو مامەلانەی کە دەکەوێتە ناو لیژنەکان و یا لیژنەکان چۆن بەدوای ئیشەکانیان دادەچن من لەو بوارە حەزدەکەم شتێک بڵێم ئەوەش کە دەیان جار بەدوای ئیشێکدا چووم، بەڵام تا ئێستا ئیشەکە ئەنجامی نەبووە ، بەڵکو ونیش کراوە لای بەڕێز لیژنەی ناوخۆ بابەتێک نەخراوەتە روو ٢/١٦/ ١٩٩٣ مێژووەکەی پێشکەش کراوە بە پەرلەمانی بەڕێز پاش هەفتەیەک ئێمە چەند جار سەردانی سکرتێرمان کرد ژمارە ومێژووی کە ئەوانیش هەواڵەیان کردووە بە لیژنەی ناوخۆ کە کاک سەفەر لێرە نەبووە کاک عەلی رەسول و برادەرانی تر (٧-٨) جار چوونەتە خزمەتیان تکام وایە ئەم بابەتە داوای تەنها کەسێک نییە لە چەپەوە بۆ راستی هەموو حزبەکان داوایان کردووە لەناوچەیەکی گەورە لەڕادەی (٦٠٠) هەزار کەس ئەگەر کەمتر نەبێ لەم ناوچەیە دەژین و رێکخراوەکان مۆریان کردووە، سەرەڕای ئەو پارێزگاری سلێمانی خۆی مۆری کردووە و هاتۆتە پەرلەمان ١٨ ئەندام جەختیان کردووەو پێشکەش کراوە، بەڵام تا ئێستا دوا کۆبوونەوە برادەرانی لیژنەی ناوخۆ لێرە بوون پرسیارمان لێ کردن وتیان نازانین چی لێهاتووە، بۆیە من حەزم کرد شتێک کە بەدوایدا دەچن حەقە لە کۆبوونەوەیەکی ئاواش باسی کەم وکوڕی خۆمان بکەین بۆ ئەوەی پیابچینەوە و چارەسەری بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز نەجـــمــەدین عــەزیز ئیـــســمـــاعـــیـل:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من بە سیفەتی ئەوەی کە لێپرسراوی ئەو لیژنەیەم، ئەو ئیشەی کاک شەوکەت (٢-٣) رۆژە من زانیومە ئەو وەختە رەنگە من نەگرێتەوە، دوێنێ مامۆستا کانبی رەنگە بتوانێ وەڵامی ئەوە بداتەوە دوێنێ ئەو بابەتەمان باس کرد گەڕاین بۆ ئەو راپۆرتە راپۆرتەکە نەبوو نازانین بەراستی چی لێهاتووە، بەڵام رەقمان کردووە و کاک شوکت بۆ ئەوەی ئاگادار بێت وتوومانە راپۆرتەکەمان لا نییە، گرفتەکە نازانین چییە، وتوومانە دەچین سەردانی ئەو خەڵکانە دەکەین لە نزیکەوە بزانین دەڵێن چی؟ ئێمەش رای خۆمان هەیە بەڵکو ئەوان قەناعەت بە ئێمە بکەن، بەڵام ئەو راپۆرتەی بەدوورودرێژی کاک شوکت باسی دەکات من نەمبینیووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم دە دەقیقە پشوو بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم تەواو بوو ئەوەندەمان نەماوە.

**بەڕێز د. خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە برادەران بەتێروتەسەلی باسی ئەو مەسەلەیان کرد من لەسەر خاڵێک دەدوێم کەکاک سەید حەسەن باسی کرد، بۆ ئەوەی بزاندرێ لیژنەکان کەم تەرخەمیان هەیە وەکو جەنابتان باسی ئەمەتان کرد کە زۆربەمان لێرەنین، هۆی زۆربەی ئەو گیروگرفتانە ئەوەیە کە بەدواداچوون نییە، بەدواداچوونەکەش پێم وایە باشترە ئیشی لیژنەکان بێ باشتر دەبێ ئەگەر بێتو وەکو سکرتێرێک وەکو فەرمانبەرێک بێت لە لیژنەکان دەوام بکات بەردەوام ئامادە بێ، ئەگەر بێتو لیژنەکەش لەوێ نەبن ئەو سکرتێرە لێرە بێ دەرچوو (صادرە) وهاتوو (واردە) هەبێ ئەو شتانەی کە لە لیژنەکانەوە دەردەچێ دێتە سەرۆکایەتی هەروەها ئەنجوومەنی وزیران کە دەتوانن لەرێگای ئەو فەرمانبەرەوە موتابعە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ویستم دوو خاڵ روون بکەمەوە، یەکیان ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە هەبوو ئەوانەی کاک سەید حەسەن وتی وایە ئێمە بەنووسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتیمان کردووە، بەڵام ئەو خاڵی پەیوەندی بە بابەتی لیژنەکانەوە هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەو یاسایانەی بۆمان دێ کەمتەرخمی یاسایی هەیە لەبنەڕەتدا ئەگەر مەحزەرەکانی ئەنجوومەنی وەزیران تەماشا بکەین دەبێ ئەو پرۆژانە لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئینجا بێتە ئێرە خاڵی دوو ئەوەی وەزیری گواستنەوە ئەو لەوانەیە کابینەی ئایندە سوودی لێ بکات پرۆگرامی وزاری شتێکی گرنگە، پێویستە برادەران ئەندامانی پەرلەمان زۆر لەسەری بدوێن تەماشای بکەن و دراسە بکرێ، بەڵام بە قەناعەتی من زۆر وەزارەت ئەتوانێ زۆر شتی باش بنووسێ، بەڵام گرنگ جێبەجێ کردنەکەیە خاڵی دوو مفرەداتی ئەوە چۆنە ئەوە تێبینی دەکەین، لە کابینەی رابردوو ئومێد دەکەین کابینەی داهاتوو وانەبێ، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەیەک لەپێڕەوی ناوخۆدا هەیە لەسەر لیژنەکان، کە هەر لیژنەیەک سکرتێرێکی هەبێ پێویست وابوو کە فەرمانبەر بێ، دەکرێ بۆ هەر سێ لیژنە فەرمانبەرێک هەبێ بۆ نموونە لیژنەی کاروباری

ناوخۆ ئیشیان له لیژنەکانی تر زیاتره دەکرێ هەر بۆ دوو لیژنه فەرمانبەرێک هەبێ، هەروەک مامۆستا (سەید حەسەن) هێمای بۆ کرد، ئێمه له لیژنەی ناوخۆ گرفتمان هەیه ئەو نووسراوانەی دەگەنه لیژنەی ناوخۆ هەندێ جار لەلای مامۆستا (کانەبی) دەیانبینین وهەندێ جاریش لای (کاک نەجمەدین) ئێمه لەهەموو کارمەندێک زیاتر پابەندین بەدەوام کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەوڵ دەدەین ئەو بابەته دانێین وله لانی تەکنیکیەوە، بەشێوەیەکی وا چارەسەری ئەو خاڵه بکەین، سەرۆکایەتی بزانین بەشێکمان هەیه کە پێی دەڵێن کاروباری ئەنجوومەن بۆ ئەوەی هاوئاهەنگیەکی وابکەین ئەوەی پەیوەندی بەئیشوکارەکەوە هەیه نەیهێڵێن کۆتایمان بەدانیشتنەکان هێنا.

بۆ پرۆتۆکۆلی دامەزراندنی کابینەی سێیەمیش، ڕۆژی پێنج شەممه رەنگه شتێک بزانین، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/٢٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/٢٥

***کاتژمێر(١٢)ی نیوەڕۆی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٤/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٣١)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بروا پێدان بەسەرۆک و وەزیرەکانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.***

***٢- سوێند خواردنی سەرۆک و وەزیرەکانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بروا پێدانە بەسەرۆک وئەندامانی دووەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی برگە(٤)ی مادەی/٥٦ لەیاسای ژمارە/١ ی سالی١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. خالی دووەم سوێند خواردنە بە پێی حوکمەکانی مادە(٦)ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە/٣ی سالی/ ١٩٩٢. وەکو ئاگادارن پێش ماوەیەک برایانی خۆشەویست کاک عەبدوللا، کاک د.ڕۆژ داوای پێک هێنانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان لێ کرا، دوێنێ بەڕێز عەبدوللا کابینەی خۆی دانا ناوەکانیش گەیشتنە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، ئاگاداریشمان کرد کە سەعات (١٢)ی ئەمڕۆ ئامادە بن لەم کۆبوونەوەیەدا، بۆ ئەوەی ڕێورەسمی بڕوا پێدان و سویند خواردن ئەنجام بدەین، ئێستاش داوا لە کاک عەبدوللا دەکەین کەبێتە سەرسەکۆ (مەنەصە)و کابینەی خۆی بناسێنێ بۆ متمانە پێدان.

**بەڕێز عەبدوللا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی ئەنجوومەن لەلیستی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەینە پێش چاوی بەڕێزتان بۆ ئەوەی کەبڕوای پێ بدەن و لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک هاتووە:

١ـ بەڕێز جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ناوەکان یەک یەک بخوێننەوە وەبەپێی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەبێت یەک یەک ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان متمانە بدات بەو وەزیرانە کە لەلایەن جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پاڵێوراون، هەرناوێکیش کە دەخوێنرێتەوە من ناوەکە دووبارە دەکەمەوە بۆ ئەوەی پاشان بیخەینە دەنگدانەوەو متمانەی پێ بدەین. یەکەم ناو خوێندرایەوە کاک جەبار فەرمان بوو بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی کێ لەگەڵ ئەوەیە کە متمانەی پێ بدەین؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆری دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢ـ بەڕێز یونس سەلیم رۆژبەیانی بۆ وەزارەتی ناوەخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک یونس سەلیم رۆژبەیانی بۆ کاروباری ناوەخۆ، کێ لەگەڵ ئەوەیە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ متمانەی پێدرا.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٣ـ بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان بۆ وەزارەتی پەروەردە .

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان بۆ وەزارەتی پەروەردە ،کێ لەگەڵ ئەوەیە متمانەی پێ بدرێ؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ متمانەی پێ درا .

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤ـ بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم بۆ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم بۆ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری،کێ متمانەی پێ

دەدا؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێ درا.

**بەڕێز عـەبدوڵـلا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

٥ـ بەڕێز دارۆ نوری سالح بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز دارۆ نوری سالح بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێ درا.

**بەڕێز عـەبدوڵـلا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

٦ـ بەڕێز شێرکۆ فایەق عەبدوڵلا بێکەس بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز شێرکۆ عەبدوڵلا بێکەس بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کێ لەگەڵ ئەوەیە متمانە پێ بدا؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێدرا.

**بەڕێز عـەبدوڵـلا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

٧ـ بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود بۆ وەزیری پیشەسازی و ووزە .

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک محەمەد ئەمین مەولود بۆ وەزیری پیشەسازی و ووزە، کێ لەگەڵ ئەوەیە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ دژە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێدرا.

**بەڕێز عـەبدوڵـلا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

٨ـ بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێدرا.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٩ــ بەڕێز کەمال شاکر محەمەد بۆ وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کەمال شاکر محەمەد بۆ وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، کێ لەگەڵ ئەویە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێی درا.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٠ــ بەڕێز خوشکە کافیە سلێمان عەبدوڵڵا بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز خوشکە کافیە سلێمان عەبدوڵڵا بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێی درا.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١١ــ بەڕێز مامۆستا محەمەد عەبدولقادر بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێی درا.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٢ــ بەڕێز کاک د.ئیدریس هادی سالح بۆ وەزارەتی گواستنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێی درا.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٣ــ بەڕێز کاک نوری محەمەد بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پێی درا.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٤ـ بەڕێز کاک قادر عەزیز محەمەد جەباری بۆ وەزارەتی داد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێی درا.

**بەڕێز عەبدوڵلاڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٥ـ بەڕێز کاک یونادم یوسف کنا بۆ وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە متمانەی پێ بدرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێی درا.

ئێستاش سوێندخواردنە بۆ متمانەدان بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری پێویستی وای کرد چونکە پێش ئێستا بڕیارتان لەسەر دابوو ئێستاش سوێندخواردن دەست پێ دەکات.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز: عەبدوڵلا رسول عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی:**

سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

١ـ بەڕێز جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە: سوێندی خوارد.

٢ـ بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/ وەزیری ناوەخۆ: سوێندی خوارد.

٣ـ بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە: سوێندی خوارد.

٤ـ بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم/ وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاوکاری: سوێندی خوارد.

٥ـ بەڕێز دارۆ نوری سالح/ وەزیری دارایی وئابوری: سوێندی خوارد.

٦ـ بەڕێز شێرکۆ فایەق عەبدوڵلا بێکەس/ وەزیری ڕۆشەنبیری: سوێندی خوارد.

٧ـ بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین/ وەزیری پیشەسازی و ووزە: سوێندی خوارد.

٨ـ بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری: سوێندی خوارد.

٩ـ بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی: سوێندی خوارد.

١٠ـ بەڕێز کافیە سلیمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار: سوێندی خوارد.

١١ــ بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی: سوێندی خوارد.

١٢ــ بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن: سوێندی خوارد.

١٣ــ بەڕێز مەئمون نوری محەمەد/وەزیری ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان: سوێندی خوارد.

١٤ــ بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد: سوێندی خوارد.

١٥ــ بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن: سوێندی خوارد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆز بایی لەجەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین ولەکابینەکەی ولەوکەسانەی کە هاتوونەتەوە ناو کابینەی دووەممان، بە ئومێدی ئەوەی کە بەردەوام بین لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە لە کابینەی یەکەمدا دەستنیشان کراو، هەوڵ بدەین زیاتر گیانی برایەتی و تەبایی بچەسپێنین و ئەو ئەرکانەی کە دیاری کراون ودیاری دەکرێن لەلایەن کابینەی دووەمەوە، پەنا بەخوا بەم زوانە بەرنامەی خۆیان پێشکەش دەکەن و هەمووﻻیەک هەوڵی ئەوە دەدەین کە لە وڵاتەکەماندا یاسا سەقامگیر بێت و، گیروگرفتی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی پێویست چارەسەر بکرێن وئەم ئەزموونە دیموکراتیە زیاتر پتەو و سەقام گیر بێت، جارێکی تریش بەناوی هەمووﻻیەکەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین وبەڵێنیش دەدەین چۆن بەهەمان گیان و بەهەمان نەفەس لەگەڵ کابینەی یەکەم کەجەنابی د. محەمەد فوئاد مەعسوم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو ئیشوکارمان کرد، بەهەمان گیان وبەهەمان نەفەس لەگەڵ کابینەی نوێشدا هەوڵ بدەین ئیش بکەین وهەرچی گیروگرفت بێ هەوڵ بدەین نەی هێڵین وئەزموونەکەمان بەرەو پێشەوە نوێشدا ببەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی فراکسیۆنی زەرد. فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان دووبارە دەکەینەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ بەڕێزان هاوڕێکانی کابینەی تازە وئومێدەوارین ئەم کابینەیە هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن فەرمووی درێژە پێدەری زیاتر بێ بۆ کابینەی پێشوو وەزارتێک بێ بۆ چەسپاندنی حوکمی یاسا ونەهێشتنی میلیشیات بەیەکجاری و هەوڵێکی زوو بدەن بۆ ئەوەی باری ئابووری ووڵاتەکەمان بەرەو باشتر بڕوات، دووبارە پشتیوانی خۆمان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان دووپات دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی فراکسیۆنی سەوزەوە پیرۆزبایی لەبرای بەڕێز کاک عەبدوڵلا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وکاک د.رۆژ و برایانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڵێنیان پێ دەدەین بەناوی فراکسیۆنی سەوزەوە پشتگیریان بکەین و ئومێدەوارین کابینەی تازەمان کاک عەبدوڵلا لەنزیکترین دەرفەتدا کەبێتە بەردەم پەرلەمان لەناوەڕۆکی ئەم بەرنامەیە هەموو گیروگرفتەکانی کۆمەڵی تیا بێ کە لەسەرووی هەموویانەوە هێمنی و ئاسایشی کوردستان و نەهێشتنی فرە چەکداری و پارێزگاری کردن لەمافی مرۆڤ و قووڵ کردنەوەی ئەرکە دیموکراتیەکانی ناو کوردەواری خۆمان و، هەروەها چەسپاندنی یاساو عەدالەت ودەوڵەتی قانونی و جەخت کردن لەسەر بەرنامەی تایبەت بۆ کۆمەڵانی خەڵک کە چ ئەرکێکی تازەمان لەپێشە بەتایبەتی بۆ کڕینی گەنم و داخوازی جێ بەجێ کردنی خانەنشینانی کوردستان وگرنگی پێدان بە خێزانی شەهیدو ئەنفالەکان لەکۆتایدا لەرۆژی پێک هاتنی کابینەی دووەمدا رۆژی باران وخێرو بەرەکەت بووە لەهەمان کاتدا سوپاسی خۆشمان دووبارە ئەکەینەوە بۆ کابینەی پێشومان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق:

بەناوی خۆم و کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەو بڕوایەی کە بەکابینەکەمانتان داو، هەروەها بەڵێن بە بەڕێزتان وکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدەین کە کابینەی وەزارەتی تازەمان کابینەی سەقامگیربوونی یاسا وبەرقەرار بوونی ئەمن و ئاسایش وبەهێز کردنی برایەتی و تەبایی بێ لەناو ریزەکانی گەلەکەمان و لەناو ریزی حکومەت وهەروەها بایەخی زیاتر بدات بەکەسوکاری شەهیدەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە قوربانی زۆریان داوە لەپێناوی ئەوەی ئەم ئازادی و دیموکراتیە بێتە کایەوە و لەنزیکترین دەرفەتدا بەرنامەی حکومەتەکەمان پێشکەش دەکەین وجارێکی تریش بەناوی خۆم ودەستەی حکومەتی کوردستانی عێراق سوپاستان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم بۆنەیەوە بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە سوپاسی کابینەی یەکەمان کرد بەتایبەتی بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم سەرۆکی کابینەی یەکەمی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، لەم دەرفەتەدا جارێکی تر بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وبەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە پڕ بەدڵمان سوپاسی گەرمی کاک دکتۆر دەکەین کە لەو ماوەیەدا چ لەناو پەرلەمان و چ لە سۆنگەی ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە هەڵیگرتبوو وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین وپێ خۆشحاڵین جارێکی تر لەپەرلەمانەوە بەیەکەوە لێرەدا ئیش بکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاسی هەست و لوتفی بەڕێز کاک جوهر دەکەم ولێردا بەپێویستی سەر شانی خۆمی دەزانم کە بۆ جاری دووەم پیرۆزبایی لەبرایانی بەڕێز کاک عەبدوڵلا وکاک د. رۆژ و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی تازە بکەم و ئومێدی سەرکەوتنێکی تەواویان بۆ دەکەم وهەروەکو لەیەکەم رۆژیشەوە بەڵێنم دا هەردەمێک پێویستی بە خزمەتی موتەوازیعی من هەبوو، من لەخزمەتدام و خۆشحاڵم کە هاتوومەتەوە رێزی ئەندامانی پەرلەمان، دەتوانم رۆژانە بەدواداچوونی ئیشو کارەکان بکەم ومنیش بەشداریەکی کەم و بەقەدەر خۆم لە کاروباری پەرلەمان دا بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ هەمووان، دانیشتنەکەمان کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣٢)

## سێ شەممە رێكەوتی ٤/٥/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٤

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی١٩٩٣/٥/٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە«٣٢»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- سوێند خواردنی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.***

***٢- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پیرۆزبایی لە بەڕێز دکتۆر ڕۆژ دەکەین و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین. خاڵی دووەمیشمان گفتوگۆ کردنە لەسەر یاسای خوێندنی باڵا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە چاکتر وابوو ئەگەر بکرا با سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ویەک دوو ڕاگری کۆلێجەکان بەتایبەتی کۆلێجی یاسا ئامادە بان وهەرچەندە ئەوانە مافی را دانیان نییە، بەڵام بۆ گفتوگۆ کردن حەق بوو ئەوان ئامادە کرابان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەکان و وەزیرەکانیش مافی ئەوەیان هەبوو بانگیان بکەن، کەسێک لەلیژنەی خوێندنی باڵا بێتە ئێرە، بابرادەرێک بێت لە لیژنەی فێرکردنی باڵا.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەراستیدا لەو دواییە بووم بەئەندامی لیژنەی پەروەردە وفێر کردنی باڵا، ئەو پرۆژەیەی کەوەختی خۆی درا بوو بەو لیژنەیە، لامان نەبوو لەو لیژنەیەی کە دانیشتین، بەڵام بەڕێز د.عیزەدین لێرە بوو ئەو وەختەش ئەویش لێرە ئامادە بوو ولەگەڵ برادەرانیش وا ڕێک کەوتین کە ئەو پرۆژەیە بدرێتە زانکۆکان بۆ ئەوەی دراسەت بکرێت دووبارە بۆمان بگەرێتەوە بزانین لەگەڵ

تێبینی یان هەیە و چی کراوە، پاش لێکۆڵینەوەی لەلایەن زانکۆکانەوە تائێستا بۆمان نەهاتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی ئەو پرۆژەیەی یاساکە هات بۆ لیژنەکە، جارێ برادەرانی ئەندامان لەوێ نەبوون کە تێبینیەکانی خۆم دا بەلیژنەی یاسا دوایی لەکاتی سەفەری من دا برادەرانی تری لیژنەکە پێش ئەوەی کاک بەختیار وکاک د. فایەق بێنە ناولیژنەکەوە کاک عەفان ئەوانیش کۆمەڵێک تێبینی یاساییان هەبووە وداویانە بەلیژنەی یاسا هەرچی لیژنەکەیە تائێستا کێشەیەکی هەیە بەداخەوە هەرلەسەرەتای دانانی پەرلەمانەوە باسی دەکەن وچار نەکراوە، ئەویش سەرۆکی لیژنەیە من بەپێی سەرەتا لەیەکەم کۆبوونەوە بەپێی پلەی زانیستی کە لەدانیشتنگا رەچاو دەکرێت برادەران کەئەوکاتە د.سەلاحدین حەفید ود.ئیدریسیش ئەندامی لیژنەکە بوون منیان دانا بەسەرۆکی لیژنەکە بەوپێی یە دوای حیسابی تەمنیش کرا هەروای گرتەوە، بەڵام ئێمە تائێستا لەبەر تەنگو چەڵەمەی نێوان هەردوو فراکسیۆنەکە مەسەلەی سەرۆکی ئەم لیژنەیە چارەسەر نەکراوە وئەوە هەندێ (ئیحراج)یشی دروست کردووە، لەبەر ئەوە من دەستم لەئیش کێشاوەتەوە وکارکەناریم پێشکەش کرد بۆ جەنابتان لەرێی فراکسیۆنی سەوزەوە کەبەو جۆرە ناتوانم کاربکەم لەو لیژنەیەدا تائەو کێشەیە نەبرێتەوە، هەموو جارێک بەداخەوە بووترێ کێ سەرۆکی ئەو لیژنەیە کەس پێی نەووتووین کێ یە؟ خۆم بەکێشاوە دائەنێم، بەم شێوەیە هێشتا جەنابتان بڕیارتان لەسەر دانەناوە، جا ئەگەر لیژنەکە برادەرێکی تریان بێت گفتوگۆ بکات شتێکی چاکە تێبینیەکانیشمان داوە بەبرادەرانی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئێستاکە لە پێشمان نووسراوە رای لیژنەی یاساییە، کە رایان لەگەڵ لیژنەی خوێندنی باڵایە، (حول قانون مجلس التعليم العالي والبحث العلمي) ئەمە رای هەردوو لیژنەکەیە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کۆبووینەوە لەگەڵ لیژنەی فێرکردنی باڵا وتێبینی یەکانمان لێ وەرنەگرتن وئێستا ئەو پرۆژەیەی کە دابەشکرا بەسەر بەڕێزان ئەندامان، هەموو رای لیژنەی پەروەردە وفێرکردنی باڵای تێدایە لەگەڵ رای لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئێمە بەڕای هەردوو لیژنەکەی ئەزانین با دەربارەی ئەمانە کێشە دروست نەکەین، دوایی هەردوو فراکسیۆن ئەو کێشانەمان بۆ چارە کەن، کێشەی جێگیر کردنی بەرپرسی لیژنەکان حەقە بەزووترین کات لەسەری رێک بکەون وناوەکانمان پێ بدەن.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

استنادا الى احكام الفقرة « ١ »من المادة« ٥٦ » من القانون رقم واحد لسنة١٩٩٢وبناءً على ما عرضه رئيس مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٢/٥/١٩٩٣ اصدار القانون الاتي قانون رقم« ١٢ »لسنة١٩٩٣قانون التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان العراق المادة« ١ » : يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون :

١- كوردستان : كوردستان العراق.

٢- الاقليم : اقليم كوردستان العراق.

٣- المجلس الوطني : المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٤- مجلس الوزراء : مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

٥- المجلس: مجلس التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم.

٦- الهيئة : هيئة المعاهد الفنية للاقليم.

سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

مادە یەک لاتان نییە؟ بۆ؟

**بەڕێز حــــەســــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

ئەو پرۆژەیە چەند مانگێک پێش ئێستا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەو پرۆژەیە بڵاو کراوەتەوە کە لە فێرکردنی باڵا بۆمان هاتووە، بەڵام ئەوەی کەرای لیژنەی یاسای لەسەر دراوە و هەموار کراوە ئەوەیە چەند نوسخەیەکیان بڵاو کردۆتەوە ولەوانەیە هەموو« ٢٥ »نسخە دەبێت ئێستا لای ئەندامان هەیە، ئەوەی دیکە بڵاونەکراوەتەوە ئەوەی بڵاوکراوەتەوە پرۆژەکەی لەسەرۆکایەتی وەزیرانەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟

**بەڕێز حــــەســــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

بەڵێ گۆڕانی تێدایە کە زۆرکەمە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

جائەگەر برایان ئەوەی لایانە بەدوای دا بچن، هەر گۆڕانێکیشی بوو لیژنەی یاسا ئامازەی پێ دەدات وەختی خۆی، هۆیەکەشی ئەوەیە کە یەک فۆتۆکوپییان هەبووە ئەو ئامێرەش خراپ بووەو،

هەر «٢٠»دانەیەک چاپ کراوە بۆیە ئەبێ لەکەم وکوڕی ببوورن، بۆیە دەڵێم بەدوایدا بچن و ئەگەر گۆڕانکاری لەسەر هەر بڕگەیەک هەبوو لیژنەی یاسا ئاگادارتان ئەکاتەوە، بەڵکو ئەمڕۆ سبەی بەیاری خوا چاپ بکرێت بۆ دانیشتنی ئایندە ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە مادە کە پێشەکی دەبی پێناس (تعریف) بکرێت لێرە لە خاڵی«٥»بەندی چوارەم دەڵێ، (اربع شخصیات متخصصة تختارهم رئاسة مجلس الوزراء)، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەبێت لەپێشەکیەکەی ئەویش پێناس بکرێت، مادام لێرەدا هاتووە ئەبێت پێناس بکرێت سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کێیە؟ چونکە نەگوتراوە (رئیس مجلس الوزراء). (رئاسە مجلس الوزراء) ئەویش لەپێشەکیەکە پێناس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەبێتە«٧» پێناس(تەعریف)، ئەوکاتە ئەگەرئەم شتە وەکو خۆیشی بمێنێتەوە .

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە لێرە گوتراوە (رئاسە مجلس الوزراء)، بەڵام بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران زیاتر پێک هاتنێک هەیە لەنێوان دوو فراکسیۆنەکە کەمەبەستمان چییە، تەنانەت لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو پێناسە نییە ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانن لێرە پێناسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەردەم لیژنەی فێرکردنی باڵا کۆبوونەوەی کردووە لەگەڵ بەڕێزان ولیژنەی یاسا، یاسای ئەنجوومەنی وەزیران مادە(١٠) دەبێژێت خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی وەزیران، بۆیە پێویستە (رئاسە الوزراء) بێتە ناساندن، هەروەها جێگرەکەیشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەمادە «١٠» بڕیاری چیمان داوە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوێندنی باڵا بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، لەو کاتەش تۆمار کردن (تسجیل) هەیە بۆ دەنگدان لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە سەرەک وەزیران وبریکارەکەی پێناس بکرێن پێویستە یاسا روون وئاشکرا بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر ئارام بگرن بگەینە مادە «٢» بابەتەکە لەمادە«٢» چارە کراوە، چونکە گوتمان بەستراوە (مرتبطه)، بمان گوتبایە بەدەستەی سەرۆکایەتی ئەمە لەمادە«١٠» لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران دا هاتووە، بۆیە بابەتەکە چارەسەرە بەگوێرەی موحازەرە وشتی وا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێک هاتوون دەستەی سەرۆکایەتی کە پێک هاتووە لە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری وبابەتەکە مادە«٢» چارەی کردووە، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەڕێز کاکەڕەش دەڵێت گوتمان (بهیئە مجلس الوزراء) برادەران کاک جەمیل دەڵێت (رئاسە الوزراء) ئەوە شتێک پێناسی دەکەین کە (معرف)نەبێت سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران مانای چی؟ واتا (رئیس مجلس الوزراء)؟ نەخێر سەرۆکایەتی دووەکەیە سەرۆک وجێگرەکەیەتی، شتێک پێناس دەکرێت کە نەناسرابێ (موعەرەف) نەبێت، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ووشەی (رئاسە) ئەگەر پێک هاتنی لەسەر نەکرا بێت تەنها سەرۆک وەزیران دەگرێتەوە، (رئاسە) لەدنیادا نییە جێگر بگرێتەوە ولەگەڵ رێزمدا هەر چەند هەندێ لەبابەتەکە دەردەچین، چونکە شتێکە کە پێک هاتنی لەسەر کراوە وباسی لەسەر کراوە پرۆتۆکۆل دەنگی لەسەردراوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لەگەڵ رێزم بۆ سەید حەسەن لیژنەی یاسا دەبێژێت دەستەیە پێویستی بەیاسا نییە، و(اقلیم) پێناس نەکراوە لەیاسای مە دەزانین پێناس(تعریف) چییە (مجلس الوزراء ومجلس الوطنی) ئەوە هەمووی لەپێناسی پێشوو هەنە بەلاّم ئێستا قانونێکی تایبەتی دابندرێت ئەو پێناسانە پێویستە جارێکی تر لێرە دووبارە بکرێتەوە وتەواو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کاکەڕەش دەڵێ ئەگەر پێک هاتنی لەسەر نەکرا بێت ئەوە دیارە (موبادەر)ەی ناوێت دیارە پێک هاتنێک هەیە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەکێ وکێ پێک دێت ئەوەی ناوێت گفتوگۆی رووکەشیە (شکلیە)، لەپاشان دەڵێت (اقلیم ) ئاشکرایە بۆ پێناسی دەکەین؟ کاک جەمیل

دەڵێت بەڵێ (اقليم) دیارە، بەڵام (اقلیمی) کوێندەر؟ ئەمریکی یەیان ئەڵمانی یە ئەوە دەڵێت (اقليم كوردستان العراق) ئەوە دەکەین، بەڵام ئەگەر فەرمووت بڵێی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق نازانم ناساندنێکی تری بۆ چی یە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم یەک خاڵ لە مەسەلەکە هەیە ئاماژەی بۆ بکەم، ئەویش ئەوەیە لیژنەی فێرکردنی باڵا ئەگەر هەر شتێکی باس کردبێت لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەوەی باس دەکرێت مەسەلەی دەستەی سەرۆکایەتی بووە، من حەز دەکەم ئەوە روون بێت و مەسەلەی دەستەی سەرۆکایەتی چەند کەس دەگرێتەوە دووان یان سیان؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر گرنگە و، من بەپێی بۆ چوونی خۆم لیژنەی خوێندنی باڵاش کۆک نین، لەبەر ئەوە پێویست بوو ئەم یاسایە زۆر بەرێکوپێکی لێی بکۆڵدرێتەوە بانگی چەند پسپۆڕێک بکرێت لەزانکۆی سەلاحەدین کە سوودیان لێ وەربگیرێت ولیژنەی یاساش یەک بخرابا ئینجا بهاتبایە پەرلەمان وەکو کاک سەید حەسەن باسی کرد، ئەوە «٣» مانگە ئەوەمان پێشکەش کردووە «٣» مانگە هێشتا رێک نەکەوتووین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مۆڵەتمان بدەن، چونکە ئەو بابەتە باس کراوە، دراوە بەلیژنەکان ولە دانیشگاش باس کراوە ولیژنەیێکی بۆ دروست کراوە، بەڵام ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان، یان ئەگەر لیژنەکان خۆیان بەدوایدا نەچووبن ئەویش شتێکی ترە، بەڵام ئەوەی ئێستا لەژێر دەستی ئێمەدایە رای هەردوو لیژنەکەیە، لیژنەی خوێندنی باڵاو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەگەر بەراووردێ بکەین لەنێوان یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ولەنێوان ئەم یاسایە پەشێویەک دروست دەبێت و دەبێ چارەسەر بکرێت وئەو پرۆژەی یەکەمیش پێش ماوەیەک ناردرا ولەگەڵ کاک د.رۆژ ئەوکات کە لەسەرۆکایەتی وەزیران بووم پێکەوە خوێندمانەوە وگفتوگۆمان لەسەر کردو ناردمان، دوای ئەوە لەدانیشتگاکاندا گەلەییان کرد کە ئەو یاسایە ئامادە کراوە ومامۆستاکان رایان تێدا نەبووە، جارێکی تر ناردراوە بۆ ئەوان گفتوگۆیان کردووە لەنێوان خۆیان دا چ تێبینی یەک هەبوو ناردیان ئەوجا جارێکی تر نادرمانەوە بۆ پەرلەمان وهەندێک تێبینی تر هات ئەوانیشمان هەر بۆ لیژنەکە نارد ووتمان با سوودی لێ وەربگیرێت ئنجا رایان کە لەنێوان ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵایە، یان دەستەی خوێندنی باڵایە بەراستی ئەوەش دەبێت صیاغەی

بکەینەوە، چونکە لەئەنجوومەنی وەزیراندا دەستەیە (هیئە)تە، بەڵام بەپێی بۆچوون وهەموو گفتوگۆکانی ناو زانکۆکان ووتیان ئەنجوومەن باشترە لەدەستەو زیاتر دەگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک د.فوئاد شی کردەوە لەڕاستیدا سەرۆکایەتی وەزیران ئەو بینایەی کەئێمە دەوامی لێ دەکەین بەهەموو فەرمانبەرەکانەوە ئەو سەرۆکایەتی وەزیرانەی کەئێمە مەبەستمانە (رئیس الوزراء)و جێگرەکەیەتی بەپێی ئەو پێکهاتنەی کە لەنێوان هەردوو فراکسیۆنەکەدا کراوە، لێرەدا من بەپێویستی ئەزانم ئەوە پێناس بکرێت چونکە نابێت ئەوەی تێدا نەبێت ئەو سەرۆکایەتی وەزیرانەی کە ئێمە مەبەستمانە لەیاسای ئەنجوومەن هەبووە یان لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو (رئاسة الوزراء)ە بریتی یە لەسەرۆکی وەزیران وجێگرەکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ روون کردنەوە ئەڵێم ودوو کۆبوونەوەی بۆ کراوە، دەربارەی پیاوانی زانکۆکان وزانستگاکان لە ئەنجوومەنی وەزیران وبەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشوو د.فوئاد مەعسووم وبەڕێز د.رۆژ ود.ناسیح لەوێ بوون سەرۆکی زانکۆکان وجێگرەکانیان، راگری کۆلیجەکانی هەرسێ زانکۆکە، ئەوەی هاتبوو ئەوانەی پلەی پرۆفیسوریان هەیە لەدوو کۆبوونەوە باسی باری زانکۆ کراو بەسەر ئەو یاسایەشا هاتین کۆمەڵێک پێشنیار هەبوو هەرچەندە لەپێشا بامن گلەیەک بکەم، ئەو شوێنەی کەکۆبوونەوەکەی پێک هێنابوو خۆبان دەستنیشانی برایەکی خۆشەویست وبەڕێزمانیان کردبوو کەنوێنەری لیژنەی خوێندنی باڵایە کەئەبوو ئەوە پەرلەمان یان سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستنیشانی کات یان لیژنەکە بیکات. من بەحوکمی ئەوە وەک پرۆفیسۆر ئامادە بووم وئەو پێشنیارانەش لای بەڕێزان د. فوئاد ود.رۆژ د.ناسیح ئەتوانن لەکاتی گفتوگۆدا پێشنیاری زانکۆکان پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو ئەوەی کە بەڕێز کاک د.فوئاد فەرمووی ئەو دەستەیە کە نەما ئەنجوومەنمان دروست کرد، بەڵام لەمادە«١٠»خۆی لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران هەیە چۆن پێک هاتووە، بەڵام پێناسکردنی نەهاتووە ولەبونیادەوە لێرە ئێمە کەگوتمان (سیشکل) لەگەڵ ڕێزمدا ئەم دەقە گۆڕاوە کە لەبەردەمی برادەرانە و گوتمان بەپێی(هذا القانون مجلس التعليم العالي والبحث العلمي في الاقليم مرتبطة بهيئة خاصة وفق ماجاء بالمادة«١٠»من قانون مجلس الوزراء) لەوێ پێناسیان کردووە وامان لێ کردووە بەپێ مادە«١٠»لەوێ هەڵە دروست بووە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاعیدەیەکی یاسایی هەیە دەڵێت (اعمال الكلام اولا من اهماله)، ئەمە دەبێت بۆ خۆمان گرفت پەیدا بکەین وشتێک کە پێویستە باسی بکەین بۆ باسی نەکەین؟، لەیاسای ئەنجومەنی وەزیراندا لەمادە «١٠»ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، بەڵام پێناس نەکراوە ئێستا ئەوە یاساییکی تایبەتە کە پەیوەندی بەوشتەوە هەیە کەئەو دەستەیە، ئێستا ئێمە پێویستە لێرە پێناسێکی بکەین، یان روونی بکەینەوە وهیچ گرفتیشی تێدا نەمێنێ بەقەناعەتی من هیچ کێشەیەکیش دروست ناکات یان ببێتە شتێکی غەریب لەناو یاساکەدا، چونکە لەبنچینەدا خۆی یاسایێکی تایبەتە و زۆر پێک هاتن هەیە لەجیهاندا شتی وا نەبووە، بەڵام ئێمە وەزعە تایبەتیەکەمان ئەوهایە، پێویست بەوە دەکات ئەوشتانە لەیاساش چەسپ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دیاری کردنی سەرۆکایەتی یان دەستەی سەرۆکایەتی لەم یاسایەدا وابزانم شتێکی نەک هەر پێویستە بەڵکو شتێکی باشیشە، چونکە کەیاسایەکی تازە دائەنرێت بۆ ئەوەی پێناسی (تەعریفی)سەرۆکایەتی بکرێت وبزاندرێت. لەمادە«٤»دا خەلەل بەروونی دیار دەکەوێت، ئەڵێت «المجلس هو الجهة العلمية العليا في اقليم كوردستان العراق ويتألف برئاسة رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان وعضوية كل من..» ئینجا دوای ئەوە نووسراوە: ١. (نائب رئيس مجلس الوزراء) لێرە (نائب رئيس مجلس الوزراء) نەبوو لەرئاسەکە نییە و خەلەلەکە لێرە دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستاکە جارێ لێدوان لەسەر مادەی (١) دەکەین، تکایە مادەی ترمان بۆ نەیەت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وەکو یاسا لەسەرمانی سەپاندووە گفتوگۆی یاسا دەکەین، بەڕێز کاکەڕەش بۆ خۆی لەگەڵ بووە ،پێش ئێستا ئێمە لەخوێندنی باڵا کەبۆمان هاتیە ئەوهامان بڕیاردا ئەوە پێشی «٣»مانگ «تنظم بموجب هذا القانون مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ويكون مرتبطاً برئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق.» مادە «١٠» هاتە گۆڕێ کەباس دەکرێت وای لێ هات کەدەبەسترێتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەن، ئەوە دوا هەموار کردنمانە بۆ خۆشی کاکەڕەش لەگەڵ بووە باسی (هيئە)مان نەکردووە، دەڵێت (يشكل مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ويكون

مرتبطاً بمجلس الوزراء وفقا لاحكام المادة« ١٠ » من قانون رقم ٣ لسنة ١٩٩٢). مادة (١٠) خۆی پێویستی بەشی کردنەوەو ناساندنە، ئەمە ناتوانین لەیاسای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا شی کردنەوەیەک بسەپێنین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵکو ئەگەر هەموار بکرێت دەبێت ئەوە پێناس بکرێت، ئەگەر نا لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک سەید حەسەن فەرمووی مادە بەمادە دەیێنین، رەنگە باشتر بێت بۆ گفتوگۆ کردن، بەڵام ئەوەی بەڕێز کاک د.ناسح فەرمووی کەدەڵێ بەنیسبەت مادە«٤»(المجلس هو الجهة العلمية) ئێمە باسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین. سەرۆکایەتی باس ناکەین ئەوە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، سەرۆک وجێگری سەرۆک، بەڵام سەرۆکایەتی(التعليم العالي) ئەوە بابەتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا پاش ئەو شی کردنەوانە لەمادە«١» دەیگەیەنە ئەوەی ئایا پێناسی دەستەی سەرۆکایەتی بکرێت یان نەکرێت؟ جا ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدەن بۆ ئەوەی بی بڕێنینەوە، هەندێ برادەر دەڵێن پێویست نییە بچەسپێنرێ، نازانم هیچ دیدێکی تر هەیە یاخود نییە؟ ئێستاکە پرسیارەکە پێناسی دەستەی سەرۆکایەتی بکەین یان نەکەین؟ بیکەین بەژمارە«٧» یان نەیکەین؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هیچ لاریبەکمان نەبوو، بەڵام پێم سەیرە کاکەرەش هاتە ئێرە ئەو لێکدانە (تضاروبە) لەکوێ دروست بوو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئێستا شیاوی گفتوگۆ کردنە و، ئەوە پێشنیارێک هەیە ئەڵێت پێناسی دەستەی سەرۆکایەتی بکرێت، پێشنیارێکی تریش هەیە ئەڵێت نەکرێت.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە لیژنەی یاسا پێک نەهاتوون لەسەر ئەوەی پێناس بکرێت یانەکرێت رەنگە لەسەرهەندێ شتی تر، بەڵام ئەو بابەتە تازە هاتۆتە پێش لیژنەی یاسا هیچ کۆک نین لەسەر ئەوە، چونکە باسمان نەکردووە بکرێت یان نەکرێت ئەوە تازە هاتۆتە پێش، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحــمـــەد مــەحـمــود یوســـفی:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەراستیدا زۆر باس لەسەر ئەو مەسەلەیە كرا، لەبەر ئەوە من حەز دەكەم د.رۆژ فەرمووی ئەڵێت (یشكل مجلس التعلیم العالي والبحث العلمي ویرتبط بمجلس الوزراء وفقاً لاحكام المادة «١٠»من القانون رقم ٣ لسنة ١٩٩٢) (وفقا) بەئەو مادەیە كەئەو مادەیە (تعلیم مجلس الوزراء) هاتووە ئێمە لێرە ئەبێت خۆمان نەچێینە ناو ئەو گرفتەوە كە لەیاسایێكی تایبەت ئەوە هاتووە لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر بمانەوێت هەمواركردنێك بكەین یان نەكەین ئەوە بابەتێكی ترە، لێرە ئەوەی د.رۆژ دەگونجێ ئەڵێ ئەنجوومەنی وەزیران لەوێ پێناس ئەكرێ نەك لێرە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆك وەزیران:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە ئەنجوومەنی فێركردنی باڵا بەستراوە بەسەرۆكایەتی وەزیرانەوە بەپێی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە (مرتبط) نییە بە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەگەر بەستراوە(مرتبط) بێت، ئەنجوومەنی وەزیران واتا هەموو كۆبوونەوەیەك ئەنجوومەنی وەزیران ئەبێت بڕیارێكی لەسەر بدرێت واتا بەبڕیارێك كە ئەم ئەنجوومەنی فێركردنی باڵایە بیدات ئەبێت چاوەڕوان كات تا ئەنجوومەنی وەزیران كۆئەبێتەوە، لەبەر ئەوە ئەبێت روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمــەد ئـەبو بەكـر حـەســەن بامــەرنی:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئاشكرایە كە لەزۆرشت هەردوو فراكسیۆن یان مەكتەبی سیاسی هەردوو حزبەكانی تر یەكێتی نیشتمانیی كوردستان وپارتی دیموكراتی كوردستان رێك كەوتوون لەسەری ئەو رێك كەوتنەی ئەمن دەیلێیم زیاتر هەریەك نازانین كەسەرۆكایەتی وەزیران هەیە و سەرۆكایەتی پەرلەمان چییە، جا بەرای من ئەم یاسایە بۆ هەموومان روونە كەسەرۆكایەتی وەزیران پێك هاتووە لەكاك كۆسرەت ود.رۆژ نوری بۆ پەرلەمانیش پێك هاتووە لەكاك جوهر وكاك نەژاد وپێشنیار دەكەم ئێمە هەمووومان ئەزانین پێویست ناكات ئێمە بیخەینە سەركاغەز، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحــمـــەد مــەحـمــود یوســـفی:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەبێ د.رۆژ ببورێ ئەمن وا تێگەیشتم لەشی كردنەوەكەی وخۆشی لەگەڵ ئەوەیە كەراستە دەبێت پێناسێك هەبێت سەرۆكایەتی وەزیران پێناس بكرێت، بەڵام ئەمن بەباشی دەزانم ئەو لایەنەی كەتایبەتە بەو پێناسە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران نەك یاسایێكی لاوەكی (فەرعی)یە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەکاتی گفتوگۆ کردنی یاسای خوێندنی باڵادا، دوو سێ جار دواخستنی تێ کەوت، ئەو کاتە بووکەوا وەزارەت پێک دەهات ووتیان ئەوە بێت وەزیری خوێندنی باڵا داینێت هەتاکو ئەو وەختە بوو کەوا پێکهاتنی ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا گرفتی تێدابوو، وتمان بابزانین وەزیری فێرکردنی باڵا دای ئەنێت یان دای نانێت. بەرای من ئێستاکە وا وەزعەکە تەواو وەکو خۆی مایەوە ئێستا پێویستە هەموو بڕگەیەک دیاری بکرێت وەکو خوێندنی باڵا وەزیری نییە ئێستاکە وەزیری نەبێت ئەو یاسای ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵایە نەبێ هەموو بڕگەیەک دیاری بکرێت زۆربە ئاشکرایی، چونکە فێرکردنی باڵا شتێکی زۆر زۆر گرنگە وبەرپرسیاری تێدایە ئەبێت سەرکردایەتیەکەی ودانیشتنەکانی روون بن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو (فکرە) خراوەتەڕوو (فکرەی) یەکەم، پێم وایە کاک ئەیاد نیشانی دا کە ئەڵێت لەیاسای سەرۆکایەتی وەزیراندا هەموار بکرێت، ئینجا لای ئێمە مەبەستەکە پێناس بکرێت، حەز دەکەن ئێستا بڕیارێک بدرێت لەسەر یاساکەی سەرۆکایەتی وەزیران هەموار کە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەڕاستیدا ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا وهەموو لایەک کۆکین لەسەر ئەوە، کەئەبێت پێناس بکرێت، ئەو پێشنیارەی کەکاک فرەنسۆ ئێستا باسی کرد، کاک حازم وکاک دکتۆریش پێش تر ئاماژەیان بۆ کرد، کە ئەگەر بەبەرژەوەند بزانرێت ئەم بابەتە ببڕێنینەوە، بۆیە ئەبێت پێناس بکرێت، ئنجا لێرە پێناسی بکرێت؟ یان لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت؟ بۆ ئەوەی ببڕێتەوە چیتر لەسەری نەڕۆین.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە ئەیڵێم تەعبیر لەرای خۆم ناکات، بەڵام پیاو تووشی (واقع) دەبێت ناچار ئەبێت کەشتێک بڵێ کە خۆی داوای کردبوو، من لەبەر رۆشنایی قسەکانی کاک جەمیل وهەندێ برادەر، جا پێم وابێ پێک هاتنی دەرەوە هەموو جارێ ئەبێت بەکۆسپێک بۆ پەرلەمان وبۆ مەرجی ئێمە هەر بێین پێناسی کەین، بەرای من بەناچاری کە خۆم باوەڕیشم پێ نییە چارە وایە باهەمووی پێناس کەین، مادام وەکو کاک بەختیار فەرمووی، جا چییە حاڵەتی ئێمە حاڵەتی ناچاری یە هەندێ پێناس دەکەین وەزیر پێناس ئەکەین ئەڵێین سەوزە ئەبێت بریکارەکەی زەرد بێت لەشوێنێکی کە لەولاوە وەزیر زەرد دائەنێن ئەبێت بریکارەکەی سەوز بێت، من ئەوە رای ناخی

خۆم نییە، بەداخەوە بۆ ئەوشتانە، من پێشنیار دەکەم دەسەلاتێک بەخۆم نادەم، چونکە من ئەندامێکم داوا دەکەم کەسەرۆکی هەردوو فراکسیۆن بەم بابەتە دا بچنەوە، ویستم دانیشتنەکە دوا بخەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو بەڕێز سەید حەسەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە کاک فرەنسۆ دەڵێت دیارە لیژنەی یاسا پێک نەهاتوونە، نەخێر ئێمە کۆکین لەسەر هەموو خاڵێک وگفتوگۆی بەدوور ودرێژی لەسەر کراوە وبەڵگەش لەسەری ئەوەیە کەپێناسمان نەکردووە، واتا پێویست نییە ونەبووە بەپێناس ولەضمنی ئەوە کاکەڕەش لەگەڵمان دا بوو، چونکە هۆی ئەم یاسایە هۆی ئەو خوێندنەی بالا یەک مادەیە لەئەنجوومەنی وەزیران کەمادە«١٠»یە، ئەگەر پێویستی بەپێناسە هەبێت دەبێت لەوێ پێناسەی بکرێت، ئەگەر پێویست بەهەموار کردن هەبێت دەبێ لەوێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابەتەکە روونە، ئێستاکە پێناسەکەی لێرە بێت یان لەئەنجوومەنی وەزیران بێت؟ منیش بەش بەحاڵی خۆم وای بۆ دەچم وەک ئەوەی کە بەڕێز شێخ عەبدولکریم گوتی ئەگەر پێناسەی نەکەی ئەوا دەبێ لە هەموو بڕگەیەکدا بنووسرێ ئەوە کتلەی زەردەو ئەو کتلەی سەوزە، ئەوە وەزیرە ئەوە بریکاری وەزیرە، بۆیە ئەبێت سنوورێک هەبێت بۆ ئەو مەسەلانە، ئێستاش بۆ ئەم پێناسەیە وەکو ووتم دوو بۆچوونی لەسەر هەیە: بۆچوونێک کە دەڵێ دەبێ لەم یاسایەدا بکرێ، بۆ چوونێکیش.، کە دەڵێ لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکرێت، واتا لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران دا.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیە، ئەگەر پێناس (تعریف) باس دەکرێت سەرەک وەزیران لێرە ئامادە بێت، چونکە ئەویش دەوری خۆی هەیە لەبابەتەکە، شتێکە پەیوەندی بەویشەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەزدەکەم کە ئەو یاسایە دەردەچێ لەدەرەوە جوان وپوخت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی لەهەموو گفتوگۆیەکدا پوخت دەکرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم بەراستی دەبێ ئەو بابەتە ساغ بکرێتەوە، بەڵام جێگاکەی لێرە نییە، چونکە جۆرە کاغەزێک هەیە لەنێوان ئێرەو ئەنجوومەنی وەزیران ئەویش اصلەکەیە، بەنیسبەت ئێرە لەوێ دەستەی سەرۆکایەتی، (هەیئە)ش نییە لێرە دەڵێت رئاسە، باشەکامیانە؟ ئەمە، دەڵێم ئەگەر لێرە باسی کەین، واتا سەرۆکایەتی فێرکردنی باڵایە، بەنیسبەت شتەکانی تر بێگومان ئەوە بابەتێکە پێویستە لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران بێت نەک لێرە بۆیە لەگەڵ ئەو دەقەی کەهەیە بەپێی مادە«١٠» ئەو جا مادەی(١٠) هەموار کراوە، دەگوترێ بەپێی مادەی(١٠)ی هەموارکراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماوەتەوە پێشنیاری کاک د.فوئاد کەدەڵێ هەموار کردن بخرێتە سەر ئەنجوومەنی وەزیران، رازین؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ پێناسەین، جالێرە دەکرێت یان لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا، پێناسەکە بکرێت، ئێستا بڕیارێک بدرێت کەپێناس بکرێت جا بابڕیارەکە بدرێت کە لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەو پێشنیارە هەردوو لا پەسەندیانە، جا ئایا ئەو پێناسە وەکو هەموارێک (تەعدیلێک) لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کەداوا دەکەین، ئەبێت پەلە لەوە بکرێت، نەوەک بڵێین ئەبێت لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان بێت ماوەیەکی پێ بچێ وهەندێک کێشمەکێشی لەسەر بکرێت، ئێستا بڕیار بدرێت کەداوا لەئەنجوومەنی وەزیران بکرێت کە بەزووترین کات پرۆژەیەک پێشکەش بکات بۆ پێناسەی سەرۆکایەتی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی زاندراوە کۆکین لەسەر ئەو پێناسەیە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم سەرنجی سەرۆکایەتی رابکێشم بۆ خاڵێکی نیزامی، ئێمە بابەتەکەمان بابەتی فێرکردنی باڵایە کە لەبەردەست دایەو، بەپێی بەرنامەی کاریش هەر ئەو یاسایەیە، لەمەوە جائز

نییه کەتۆ باس لە یاسایەکی تر بکەی کەخرابێتەڕوو بۆ گفتوگۆ، واتا گفتوگۆ ئەکرێت، بەڵام تۆ بیکەی بەبڕیار ویاسایەکی تر بێت من وای تێ دەگەم کە ئەمە ڕەوا نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادام بۆ ئاسان کردنی ئیشوکارە، دەشێ و قەی ناکات.

**بەڕێز د. قــــاسم مـــحــــەمـــەد قــــاسم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کاک ئەیادیش ئاماژەی بۆ کرد کە کاک عەدنان داوای لێ بکرێ بچێت (موبسیر) بێت ودەنگی لەسەر بدرێ یان با لەو ئەنجامە بتۆژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەجــمــەدین عــەزیز ئیـســمــاعــیل:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دیارە وەکو ئێمەش دەزانین کە پێک هاتن بووە لەسەر ئەو بابەتانە، بەرای من پێویست ناکات لێرە هیچ گۆڕانکاری یەک بکرێت ئەگەر برادەران سوورن لەسەر ئەوە کەپێویستە ئەوە دەستکاری بکرێت ئێستا یا ئەنجوومەنی وەزیران بلێت ئەوە هەموار بکات، ئەوە منیش پێشنیار دەکەم کە با لەسەرەوە دەست پێ بکەین، لەپەرلەمانەوە باهەموار کردنەکە لەوێوە دەست پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەپەرلەماندا پێناسە کراوە ئەگەر تەماشای بکرێت.

**بەڕێـز فــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کاک حسێن عارف راستی بۆ چوو، بۆیە پێویستە لێرە پێناس بکرێت، چونکە ئەگەر لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی وەزارەت پێناس بکرێت چۆن (اقلیم کوردستان) جارێکی تر لەوێ پێناس کراوە ئاوا بێت لێرەش پێناسی بکەین جارێکی دی، بۆیە پێویستە لێرە لەم یاسایەدا پێناسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هیچ گومان لەوەدانییە کەوا پێویستە لێرە پێناس بکرێت لەبەر ئەوەی هێشتا لیژنەی یاساکە نەگەیشتۆتە ئەنجامێکی دیاری کراو لەو بارەوە وهەروەها بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لێرەدا کرا جیاوازی هەیە لەبیروڕادا ئەگەر ئەو پێناسە دوابخرێت بۆ کۆبوونەوەیەکی دی وابزانم باشترە وبیروڕای زۆربەی زۆری ئەوانەی کەقسەیان کرد ئەوەندەی من تێ گەیشتم هەربەو شێوەیە بوو من

پرسیارێکم هەیە لەلیژنەی یاسایی چی کردووە بەبناغە بۆ دارشتنی ئەم پرۆژەیە ئایا هیچ شتێکی تریان لەبەردەم بووە کەئەوەیان دارشتووە من لێرە نەبووم بۆ ئەوەی بتوانم کە بەووردی بیخوێنمەوە، ئەوەندەی من پێم کراوە ئێستا بەپەلە چاوێکم پێدا خشاند، زۆر پێویستی بەدەستکاری هەیە لەهەموو روویەکەوە و، باشتر وایە ئەگەر بێتو مەسەلەکە وەکو لەپێشەوە بەرێز کاک فرەنسۆ گوتی ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی گرنگە پێویستە باش دابرێژرێت وباش لێی بکۆڵدرێتەوە، ئینجا بریاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەرێز فـــــــرەنسـؤ تـۆمـــــــا هەریری:**
**بەرێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پشتگیری قسەکانی بەرێز د.کەمال فوئاد دەکەم بۆ ئەوەی ئەوە دوابخرێت وهەوڵ بدرێت هەرهەمووی دوا بخرێت ئەمرۆکە سبەی یاسا ولیژنەی خوێندنی باڵا پێکەوە دانیشن، یان سەرلەنوێ بەسەری دابچنەوە وبابەتی تازە ئامادە بکەن، سوپاس.

**بەرێز حـــەســـــن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەرێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەپرسیارەکەی بەرێز د.کەمال کە لیژنەی یاسا چ بنەمایێکی هەبوو بۆ دانانی ئەو یاسایە، هەر لەبونیادەوە ئەم پرۆژەیە، پرۆژەی ئێمە نییە، پرۆژەی زانکۆیە بۆخۆی کە ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری پێک هاتووە بەڵام لەدەقەکەی قانوونی ولەدارشتنەکەی جیاوازی لەگەڵ یاسا هەیە یان نا هەر بەو جۆرە لێی دواین، ئەو یاسایە مادە(١٠)ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەوجا بۆیە ئێمە لەلیژنەی یاسا پێک هاتووین وپێشتر لەگەڵ لیژنەی باڵا، یەکە یەکە هەتا مامۆستای پەیمانگاکانمان هێناوە قسەمان لەگەڵیان کردووە، پرۆژەکەمان دارشتوە وتەواومان کردووەو وئەگەر دووبارەی تێدابێت ولیژنەی باڵاو زانکۆ بۆخۆی وای زانیوە کەشتێک بەدرێژی بێتە پێشیان، ئێستاش ئەمە وەکو لیژنەی یاسا، ئەو بریارەی کەگەیشتینێ هۆی ئەو یاسایە تەنیا مادە(١٠)یە، مادە(١٠)لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیرانە، هەموارکردنی یاسا بەیاسا دەکرێت، دەبێ پرۆژەکە لەئەنجوومەنی وەزیران بێت، ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری هەموارکردنی مادە(١٠) بکات لەپەرلەمان، پەرلەمانیش رەزامەندی لەسەر بکات، لێرە تەداخولی دەسەڵاتی یاسادانان لەگەڵ دەسەڵاتی راپەراندن ئەوەیە، لێرە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران هەموار بکەین بەبێ ئەوەی ئەوان ئاگایان لێ بێت یان فەرمانیان بەسەردا بکەین، ئەوەلەرووی یاساوە نابێت، پرۆژەی یاسا دەبێت (١٠)کەس لەئەندامانی پەرلەمان ئیمزای بکەن یان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان بێت، ئینجا لێرە ئەوەی ئێمە لیژنەی یاسا گەیشتینێ کۆک بووین لە سەری، ئەو دەقە کە ئەو ئەنجوومەنە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبەستێتەوە بەپێی مادە(١٠)ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر

ماده( ١٠ )ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران پێویستی بەهەموار کردن هەیە، باهەمواری بکەین بەپێی قانوون، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقەی کە کاک حەسەن باسی کرد ئاماژەی کرد بەمادە« ١٠ » باشترین ڕێگەیە بۆ چارە سەرکردنی گرفتەکە، مەسەلەکە کۆتایی پێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە بحەسێینەوە پاشان دوای حەسانەوە دەست پێ بکەینەوە.

هەردوو فراکسیۆن رایان وایە باشترە ئەو هەموار کردنە لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەست پێ بکرێ. مادە« ١ » ئەگەر چ تێبینی تر نەبێت وەکو خۆی دەمێنێتەوە، تەنها مادە« ٢ » هەموارێکی بچوکی پێویستە، ئێستا هەردوو فراکسیۆن کۆکن کە پێناسی دەستەی ئەنجوومەنی خوێندنی بالا بکرێت، ئەم بابەتە دەخەینە دەنگدانەوە، مادە یەک کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، یان ئەوەی ئەو هەموارەی لەسەر دەکرێ لەئەنجوومەنی وەزیران کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆ بمێنێتەوە، دەمێنێتەوە پێناسکردنی دەستەی سەرۆکایەتی لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا دەکرێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموارکردنی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران بە دەنگ دانی ئێرە نابێت، بەپێی یاسا هەموار کردنی یاسا دەبێ لەئەنجوومەنی وەزیران پێشنیار بکرێت دوایی بێت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەی یاسای پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، هەموار کردن بەو جۆرە دەبێت، بەلام بڕیاردان لێرە لەسەر هەموار کردنی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە دەست تێوەردانە لەکاروباری دەسەلاتی ڕاپەڕاندن لەپاشان ئێمە لێرە دەسەلاتی یاساییمان نییە، یان دەبێ ( ١٠ ) ئەندام پرۆژەی یاسا پێشنیار بکات یانە خۆ لەئەنجوومەنی وەزیران بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەید گوتمان لیژنەی یاسایی، نەم گوت بەم شێوەیە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان حەقی هەموو هەموار کردنێکی هەیە کەگفتوگۆی بابەتێک دەکرێت لەدانیشتنێکی فراواندا ئەنجوومەن حەقی هەموو گفتوگۆیەک و هەموار کردنێکمان هەیە، ئەگەر زۆرینە ڕەزامەندی لەسەر بکا، ئێمە گفتوگۆمان کرد هەردوو فراکسیۆن لەو ڕایەن ئەو هەموارە بکرێت لەسەر یاسای ئەنجوومەنی وەزیران، تەنها ئێمە بڕیارێک وەردەگرین، بۆ ئەوەی ئەو هەموارە لەوێ بکرێت لێرە نەکرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوەی لێرە هاتووە کە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا دەبەستێتەوە بەسەرۆکایەتی وەزیران بەپێی مادە«١٠» لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە وەکو خۆی بمێنێ، دەمێنێتەوە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێناسەکەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسایە، بەراستی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران کۆمەڵێک کەموکووری تیادایە لە کاتێک بوو کەهیچ تاقی کردنەوەمان نەبوو لەمەسەلەکان نەم دەزانی کێشەکان لەکوێ دروست دەبن، جا بۆیە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێزان سەرەک ئەنجوومەن وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن هەردووک لێرەنە هەوڵی ئەوە بدەن لەماوەیەکی کورتدا چەند رۆژێک بۆ ئەوەی کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران بەشێوەیەک رێکوپێک بروات کۆمەڵێک لەوهەموارانەی خۆیان ئامادە بکرێت لەنێوان ئەوان ئەو بابەتانەش، ئەوەی دەمێنێتەوە، مەبەستمان لەسەرۆکایەتی چییە مەبەستمان لەسەرکردایەتی سەرۆک وجێگرەکەیەتی نەک لەو یاسایە، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی تریش بەپێی پێک هاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم یاسایە تەنیا لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران جێگیر بکەین، ئیتر پێویست ناکات لەیاساکانی تردا هەبێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی تر کەدێ نازانم دەیگرێتەوە، ناش بێ لق (فرع)، ئەسڵ دیاری بکات، چەند هەموار کردنێکیان هەیە دەبێ لەئەسڵ وگشتییەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زیاد کردنم هەیە لەسەر ئەوەی د.فؤئاد فەرمووی، گرفتەکە لەوەیە ماوەیەک ئەو یاسایە ئامادە کرابوو لەبەر ئەوەی وەزارەتی فێرکردنی باڵا بکرێت ونەکرا، ئێستە بگەڕێتەوە مەحزەری دانیشتنەکان، لەوانەیە د.فوئاد لەبیری بێت کاتی خۆی پێک هاتن بەو شێوەیە کراوە، لەوانەیە لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران کەم وکورتیەکیان هەبێ، پێناسی دەستە(هەیئە)کە نەکراوە، ووتمان ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی زانستی بەدەستەیەکەوە ببەسترێتەوە، ئەو دەستەیە لەدوو زیاتر دەبێت، بەڵام لەبەر باری سیاسی هەردوو حیزبەکە گوتمان ئەو دەستەیە پێک هاتووە لەسەرەک وەزیران وبریکارەکەی شتەکە زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا «تعليم العالى» بەرای ئێمە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەوێ لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران پێناسی سەرۆکایەتی (رئاسە) بکرێت، لێرەش پەیوەندی بەسەرۆکەوە دەبێت وبۆ ئێمەی لێ بگەڕێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرای من ئەگەر ئەو هەموارکردنە بکەوێتە مادە (٢)، واتا بوترێ (بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە) دوای ئەوە (وفقا لاحكام مادة« ١٠ » من قانون رقم٣ لسنة ١٩٩٢). لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران لەمادە« ١٠» پێناسی (هيئة الرئاسة) بکرێت کەبریتییە لەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تازە پێویستە ئەو مادەیە هەر هەموار بکرێت، لەمادە« ١٠»هاتیە دەڵێ «تشكل هيئة الرئاسة للمجلس العالي» ئێمە لێرە کردوومانە بە(مجلس) لێرە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا (مجلس التعليم العالى) کەم وکورتی دەبێ، لێرە دەڵێین بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڵێین (ترتبط بهيئة رئاسة الوزراء في المادة« ١٠ ») دوایی دەستەی سەرۆکایەتی پێناس دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو رستەیەی کە هاتیە دەڵێ دەستەی سەرۆکایەتی، خۆی (رئاسة هيئة) نییە، چونکە لەسەرۆک وجێگری سەرۆک پێک هاتووە ئەگەر٣ کەس بایە دەبوایە (هيئە) بایە، جا ئەگەر (رئاسە) بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا بڵێین بەستراوە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕیز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية« يشكل مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ويكون مرتبطا بمجلس الوزراء وفقاً لاحكام المادة« ١٠ » من قانون رقم ٣ لسنة ١٩٩٢ »، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە (يكون مرتبطاً برئاسة مجلس الوزراء) کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ کێ لەگەڵ ئەوە

نییە؟... بەزۆربەی دەنگ ... پەسەند کرا (برئاسة مجلس الوزراء). واتا لەمادە(١٠)ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا پێناس بکرێت کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بریتییە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە چی تر نەمێنن و، ئیتر پێویست ناکات ئەوە لەو یاسایەشدا پێناس بکرێت.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشتر داوای دواخستنی دانیشتنەکەم کردبوو، من چاوەڕێم کرد تا ئەو خاڵە تەواو دەبێت، ئێستا پێشنیاری دواخستنی دانیشتنەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەنیسبەت من مادە«١٠»لەقانوونی ئەنجوومەنی وەزیران هەر پێویستە هەموار بکرێت، چونکە لێرە«التعلیم العالی» کرا بە(مجلس)نەکراوەتە (هەیئە)دوایی دەڵێ «علی ان تنظم اعمالها بنظام خاص»، ئنجا لێرە هەموار کردن پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

با ئەنجوومەنی وەزیران بەزووترین کات پرۆژەیەکمان بۆ بنێرن، یان داوا بکەین لە لیژنەی یاسا پرۆژەیەک ئامادە بکات و، پاشان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی بکات.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆمان شتەک ئامادە دەکەین ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەین.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هەردوو فراکسیۆن دوای سەعات (١٢,٣٠)کارێکیان هەیە، دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو، سبەینێ سەعات (١٠) دانیشتنی داهاتوومان دەکەین، بەڵام تێبینییەک هەیە ئەگەر لیژنەی یاسا ولیژنەی پەروەردە پەسەندی بکەن و ئەگەر بتوانن دوای نیوەڕۆ پەیوەندی بکەن بەزانکۆوە، لەوانەیە هەندێ تێبینیان هەبێ،کە دوێنێ بەئێمەیان راگەیاند حەزیان دەکرد بێنە ئێرەو، لێرە گفتوگۆ بکەن، تەنیا ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرانیش مافی ئامادە بوونیان هەیە وئەتوانن لەلیژنەی تایبەتی ئەوشتانە عەرز بکەن، دوای نیوەڕۆ ئەگەربیان بینن خراپ نییە.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لیژنەی یاسا دوێنێ بریارمان دا ئەمڕۆ سەعات(٥)ی ئێوارە دادەنیشین لەگەڵ سێ لێژانی

(خەبیری) وەزارەتی دارایی وژووری بازرگانی ویەکێتی پشەسازییەکان، بۆ ئەوەی یاساکەیان گفتوگۆ بکەین، ئەوان ئاگادار کراون سەعات (٥) لەگەڵ لیژنەی یاسا دادەنیشن، ئێمە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ زیاتر لە (٣)جار دانیشتوین ئەگەر خاڵێکیان هەبا، با بیهێنن لەناو پەرلەمان عەرزی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر کاتێک ڕێک کەون ئەمڕۆ بۆیان ئامادە بکەن، زۆر سوپاس. دانیشتنی ئەمڕۆشمان بە کۆتا هات، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٥/٥/١٩٩٣

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣)

## چوارشەممە رێکەوتی ٥/٥/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٥/٥/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٣٣) خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای خوێندنی بالا.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرمووێ تا بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی یاساکە، ئەگەر هەردوو فراکسیۆنەکە هیچیان نییە لەتازە بابەت بەردەوام دەبین لەسەر یاسەکەمان، بەلام پێشتر با باسێکی ئەو بریارەی رژێمی عێراقی بکەین کە لەبارەی لەکارخستنی (٢٥) دیناری وکێشانەوەیەوە داوێتی کە(٢٥) دیناری چاپی سویسری لەماوەی هەفتەیەکدا کۆبکاتەوە. بەپێی زانیاری ئێمە ئەمە کار دەکاتە سەر بازاری کوردستان، بۆیە ئێستا لەوەزارەتی دارایی کۆبوونەوەیەک دەکرێت بەم بۆنەیەو وەزیر وکۆمەلێک لەپسپۆرەکانمان کۆدەبنەوە، لیژنەی ئابووری پەرلەمانیش ئەگەر یەک دوانیان برۆن خەراپ نییە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری بکەن، لەم رۆژانەش لێرە باسێکی لێ بکەین، ئەگەر ئەمرۆش لیژنەکە گەیشتنە ئەنجامێک بەیانی لێرە باسی لێ دەکەین کەچ بکرێ وچ نەکرێت، چونکە ئەم مەسەلەیە کاریگەریەکی زۆری لەسەر رەوشی کوردستان دەبێ لە رووی ئابووریەوە.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە (الغاء)نییە (مەنع تەداوول)ە سنوور دەگرێ ئەو پارە اصلیە بۆخۆی دەبێت، لەبەر ئەوەش ئێستاکە کاریگەری زۆر نابێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با لیژنەی ئابووری یەکێکیان لێ بچێتە وەزارەتی دارایی و بەیانی خوا یار بێ لەدانیشتنی خۆیشماندا باسی دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادە /٣ی خوێندەوە.

**بەڕێز د. حـــەمـــەنەجم حـــەمـــە فـــەرەج جـــاف:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(هيئة المعاهد الفنية) کۆبوونەوەیەکی فراوان بوو لەهەرسێ زانکۆکان تائێستا بڕیار نەدراوە (هيئة المعاهد الفنية) دروست بکرێت ئێمە کە بیخەینە یاساوە وادادەنێین ئەبێت ئەم دەستەیە (هیئە)یە دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هیئە لەسەرەوە پێناس کراوە، پێویستە هەر بکرێت (الهيئة والجامعات) وحەز دەکەم دەسەلآتمان پێ بدەن، چونکە لەزۆر شوێن دووبارە ئەبێتەوە کەئەبوایە لەکاتی چاپکردندا لادرابایە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر ڕێگا بدەی پرسیارێک لەلیژنەی یاسا بکەین (العلاقات الثقافيه) گشتگیرە (شامل)ە، یان نا؟، ئەگەر گشتگیرە باشە، ئەگەر نا من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە بخرێتە سەر.. (والعلاقات الثقافية مع الجهات العلمية الوطنية والعالمية)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەبیر نەکەی، ئەمە بارێکی تایبەتیە، ئەگەر گشتی بێت باشتریشە.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەو کـۆبوونـەوەدا بڕیار نەدراوە بەڵام وابزانم دوا بڕیار هەر هی ئێـمـەیە، واتا ئێـمـە ئەتوانین کـە بڕیارماندا بەسەریاندا بسەپێنین، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەربارەی ئـەوەی پەیمانگای هونەری زۆر قـسـە کـرا، لە ئەنجـومـەنی وەزیران لەکـۆبوونـەوەیەک دا کـەپێش مـاوەیەک کـراوە نوێنەری زانکۆکـان ئامـادە بوون ونوێنەری پەیمانـگەش ئامـادە بوو، هەر پەیمانگەیەک سەر بەزانـکۆی سەلاحەدین بێت لەدهۆک سەر بەدهۆک بێت، بەڵام ئەوانەی پەیمانگا ئەو ڕێنمـاییـەیان پێ باش نیـیـە، لەبەر ئەوەی کـەجیـاوازی هەیە لەنێـوان فـێـرکـردنی (تەقـەنی) و فێرکردنی (ئەکادیمی)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلانی یاسای مادە/١ ئێمە (هەیئە)مان پێناس کردووە، لەبڕگە(٦) ئەڵێن (هیئةالمعاهد الفنیة للاقلیم) دەنگی لەسەر دراوە، ئێمە لیژنەی خۆمان ومامۆستایانی زانکۆش وراگری پەیمانگە ئامادە بوون ئەوەمان زانی کەراگر لایەنی پسپۆڕییە ئەوەمان دوێنێ بۆ باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی ئێمە دیاریان نەکرد بوو (هیئە) هەبێت، یا نەبێت، لەراستیدا پاش تێبینی یەکی دوورودرێژ دوو راهاتنە کایەوە لەگەڵ ئەوە بوو بۆ(هیئة)، بەڵام دوا بڕیارمان لەسەری نەبوو، دوا بڕیار بۆ ئێرە مایەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(هیئة المعاهد الفنیة) بمێنێ باشترە ،چونکە پەیمانگای هونەری زانکۆی (تقنیان) هەیە، باشتر وایە تێکەڵی زانکۆ نەکرێت وەکو هەندێ لەزانکۆکان داوایان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش چوومە زانکۆی دهۆک کۆمەڵێک مامۆستا و سەرۆکی زانکۆم بینی، ئەوان لەگەڵ ئەوەن کەوا (هیئە المعاهد) نەمێنێ لەبەر چەند هۆیەک. یەکەم دەستگای پەیمانگای هونەری کە لەبەغدا هەبوو ٣٣ ) پەیمانگە سەر بە ئەو (هیئەیە) بوون کە ژمارەیان زۆر بوو لەگەڵێک شار هەبوون کەزانکۆیان لێ نەبوو، بەڵام دابەشکردنی کوردستان وارێک کەوتووە کەوا پەیمانگە لەهەر سێیکیان دا هەبێت. دهۆک پەیمانگەیەکی لێ یە، سلێمانی وهەولێریش لێیەتی ولەهەر سێکیشیان زانکۆ هەیە، بۆ مەسەلەیەکی رێزلێنان بۆ پێویستی هەردوو لا وایان بەباش زانی هەردوولا سەر بەجامعە بن. سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی برادەران قسەیان لەسەر کرد لەچوارچێوەی دوو مەبەست بوو:

١- لەسەر دەستەی پەیمانگا هونەریەکان، بەڵام ئەمە لەپرۆژەکەی (التعلیم العالی)دا هاتووە بە مادە (٣٠) ئێمەش هێناومانەتە خوارێ بەمادە (٣١) هیچمان نەگۆڕیوە، چونکە پەیوەندیەکی هونەریەو پەیوەندی بەزانکۆ وپەیمانگاکانەوە هەیە.

٢- لەبارەی ئەو پێڕەوەی کەدەڵێن: (العلاقات الثقافیة)، ئەو پەیوەندیە (العلاقات) بەرەهایی هاتووە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگ دانەوە ،مادە (٣) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە/٤ی خوێندەوە.. لێرە تێبینیەک هەیە دوای کۆبوونەوەی دوێنێ ئێواری لەگەڵ لیژنەی (تعلیمي عالي)، ولیژنەی تایبەت کە لەزانکۆوە هاتبوون و لیژنەی یاسا، لیژنەی (تعلیم العالي) لەکۆتاییدا گەیشتوونەتە صیغەیەک ئەو صیغەیە دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان، ئەویش ئەوەیە بڕگە ٥/٦ی مادەی (٤) لێک بدرێن، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستەواژەی (مع عند الضرورة) پەیوەندی بەکێوە هەیە؟..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی بە (استاذ) ویاریدەدەرەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک دوێنێ برایانی لیژنەی یاسا، فەرموویان کۆبوونەوە یەکیش پێش وەخت هەبوو لەلیژنەی خوێندنی باڵا وابزانم لیژنەکە ئەو کۆبوونەوەیان کرد من لەوێ نەبووم من نازانم چۆن بووە جەنابتان فەرمووتان لیژنەی یاسا و لیژنەی پەروەردە، پەروەردە کەمەبەستمان خوێندنی باڵایە من هێشتا ئەندامم لەلیژنەی خوێندنی باڵا کارکەناریەکەم (ئیستقالە) کەم وەرنەگیراوە، چونکە لیژنەی باڵا رای خۆیان نووسیوە وام زانی مەبەستان ئەوەیە لیژنەی.پەروەردەش رایان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە دەربارەی د.عیزەدین، خۆی ئەزانێت خوێندنی باڵا رایەکەی خۆی کێشاوەتەوە، وابزانم نەیزانی دوێنێ کۆبوونەوەیە ودەربارەی ئەو لیژنە تایبەتیە کەوا وەرەقەی کاری پرۆژەی فێرکردنی باڵای ئامادە کرد، لەوە دەستەیەک دروست بوو، هیئەتەکە ئەوەی کەوا بەپلەی (استاذە) لەگەڵ راگری کۆلێجی یاسا ویەکێک لەکۆلێجی زانستی ویەکێکی تر لەکۆلێجی ئادابە ویەکێکی تر لەکۆلێجی بەڕێوەبردنە ، یەکێکی تریش لەکۆلێجی پەروەردەیە ئەوانە خۆیان بەبڕیاری سەرۆکی زانکۆ دانرابوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیەی دوێنێ بانگ كرا بۆ ئێرە، ئەو لیژنەیە لەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆك وەزیران من وچەند وەزیرێكی تر سەرۆكایەتی زانكۆیەكانی سلێمانی وهەولێر دهۆك وراگری هەموو كۆلێج وپەیمانگاكان بەسترا لەئەنجامی كۆبوونەوەكەدا، ئەو لیژنەیە دروست كراوە، داوای ئەوان ئەو پرۆژەیەی پێشكەش كراوە بەناوی ئێمەوە پێشكەش كراوە وئەو پێنج كەسە هەڵبژێردران. سوپاس

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئایا مادە/ ٤ لەگەڵ مادە/ ٢ هاودژی دروست ناكات، ئەڵێم ئەگەر ببێت بە: پێك دێت لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران وئەندامیەتی وەزیری پەروەردە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینییەك هەیە (العلمیة) هەڵبگرین بكرێ بە (المؤهلة) ، پاشانیش یەك یەك دێینە سەر خاڵەكان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستی ئەگەر ئەنجومەنی فێركردنی باڵا لایەنی زانستی نەبێت، ئەی كوێ لایەنی زانستی یەو؟ مەبەستیش لە (العلمی) ئەوە نییە كە هەمووی عالم بن، مانای ئەوە نییە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران یا جێگری ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەروەردە زانا (علماء) نەبن، واتا بڵاوكردنەوەی زانست لەوێ بكات، بەڵكو بەحوكمی پلەو پایەیان سەرۆكی زانكۆ دەبێت پرۆفیسۆر (استاذ) بێت، بەلانی كەمەوە دەبێ یاریدەدەری پرۆفیسۆر (استاذ) بێت سەرۆكی دەستەی پەیمانگاكان (هیئه المعاهد) دەبێت یاردەدەری (استاذ) بێت دكتۆرای هەبێت، هەر كەس لە بەشی خۆی لەپرۆفیسۆرەكان ئەگەر ئەوە لایەنی زانستی (جهە علمیە) نەبێت بەراستی ئەوە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حكومەت پێشنیاری نییە لەسەر ڕایەكەی د.فوئاد كە (علمیە) بمێنێتەوە، یا هەر هەمان ڕایان هەیە؟.

**بەڕێز ئەكرم عاشور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێكم هەیە لەپاش (د) ـ هـ ـ زێدە بكرێت بڵێین ـ الدراسات الآشوریة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەڕێینەوە بۆ لیژنەكان خۆیان، كە ڕێک كەوتوون لەسەر بڕگەكانی(٥ـ٦) كە بەم شێوەیە بێت بۆ (٧)یش كە دەڵێ: (من اعضاء الهيئات التدريسية من منهم بدرجة استاذ او استاذ مساعد عند الضرورة مع مراعاة حقول الاختصاص).

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەمەوێت ئەمە دەربخەم ئێمە لەخوێندنی باڵادا گرفتێكمان لەسەر سەرۆكی لیژنەكە هەبوو، كاتی خۆی فراكسیۆنی سەوز بەپێشنیاری ئەوان منیان دانا بوو بەسەرۆک، شتێكی درێژتریشی تێدا بوو لەگەڵ فراكسیۆنی زەرد دا، برایانی فراكسیۆنی سەوز لەم پشووە وائاگاداریان كردم كەلەسەر ئەم رایەن، ومنیش تەنها لاریم لەسەر یەک شت هەبوو من ئەندامم لەلیژنەی ڕۆشنبیری سێ سەرۆک گۆڕاوە زۆر بەئاسایی ئیشی خۆم كردووە، بەڵام ئەم لیژنەیە كەپەیوەندی بەزانكۆ وەهەیە لە زانستگا وەكو ئەفسەر وعەسكەر پلەی زانستی ڕەچاو دەكرێت كەپرۆفیسۆرێكت هەبوو نابێت بەسەرۆكی لیژنە ،من پێشنیارم هەر بۆ ئەوە بوو ئەگینا شانازی بەهەموو براكانی ترەوە ئەكەم ئامادەشم هەركەسێ سەرۆكی لیژنە بێت من كاری لەگەڵ دا بكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە تێبینی دەكەین مادە/٤ لەگەڵ مادە/٣ هەندێک دووبارە كردنەوەیان تێدا هەیە مادە (٣) بەدرێژی هەموو شتەكانی باس كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(يتألف المجلس برئاسة رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان وعضوية كل من نائب رئيس مجلس الوزراء نائبا للرئيس و وزير التربية و رؤساء الجامعات ورئيس هيئة المعاهد)، وای لێ دێت.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(٧) (من اعضاء الهيئة التدريسية) نەبێ ئەم (٧)ە ئێستا لەناو (اعضاء الهيئة التدرسية)داین ئەبێ كاسەیەتیەكی زانستیان هەبێ ونازناوی پرۆفیسۆریشی هەبێت لەدەرەوە بێت، خانەنشین بێت وپارێزەری بكات، یا لەپەرلەمان بێت ئەی حەقی نەبێت، (٥) (سبعة من اعضاء الهيئات التدريسية ممن هم بدرجة استاذ مساعد عند الضرورة مع مراعاة حقول الاختصاص)، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی د.فوئاد لەجێگای خۆیەتی، (يتالف المجلس من رئيس مجلس الوزراء رئيسا،

ونائب رئيس مجلس الوزراء نائباً للرئيس)، دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

مادە/ ٤ کێ لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حــــاجی نـامق مـــــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

مادە/ ٥ی خوێندەوە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

بڕگە بڕگە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولـکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئەو مـەسـەلەی (رسم اهداف بعـيـدة)، بۆمن زۆر روون نییە بەراستی یەکەم جاریشە لەصیاغە ئەیبیستم، زۆر پێویستیش بێت (رسم اهداف بعيدة) وانییە، لەپاشان بەشی دووەم: (والاهتمام بالتراث والثقافة الكردية).. وابزانم ئەوە کاروباری ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵایە، سوپاس.

**بەڕێز د.مـــحـــمـــەد فـــوئـاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

بەراستی ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشاوم هەر هەمان شت لەمادە/ ٣ ووتراوە، ئەوەی کە بڕیاری لەسەر درا (مادە/ ٣ تتولى).. ئەوە بەتەواوی روون کراوەتەوە، مەسەلەی (اقرار السياسة العلمية)، ئەوە هەر خۆی سیاسەتی زانستی دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

زیادەیەکم هەیە دەربارەی باری بڕیاردان، ئەوەی کاک د.فوئاد فەرمووی خۆی بۆ چوونی جیاوازە لەگەڵ ئەوە، ئەو ئەنجوومەنە بڕیار لەسەر ئەو سیاسەتانە دەکات، لەپاشان کە لەزانکۆکانەوە بەرز دەکرێتەوە، ئەو پێشنیارانەن، کە هەنە ئەو ئەنجوومەنە بڕیار لەسەر ئەو سیاسەتی ڕێنماییانە دەکات، بۆ ئەوە لەجێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

من داڕشتنێکی دیکەم داناوە تا بکرێتە جێگرەوەی ئەم بڕگەیە وبڵێین (ومنع السياسة التعليمية ورسم الاهداف البعيدة والمتوسطة والآنية كما يضمن اهداف التغير النوعي المتواصل في الحركة العلمية والتعليم العالي والبحث العلمي في اقليم كوردستان العراق فيما يحقق التنمية واقرار المعرفة ونشر الثقافة باشكال وانواعها وتخريج الكوادر العلمية والكفاءات المتخصصة ليتولى

عملية تطويرها وتنهض بالمجتمع الكوردستاني ورفع مستوي شبابه فكريا وسياسيا وان يساهم في حل مشاكل بناء الحضارة ومواكبه التقدم العلمي والتكنولوجيا وتحقيق ذلك في ابناء والاجيال القادمة)، بەشێوەیەکی گشتی ئەمە زیاتر بە(التعليم العالى) دەزانم. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای بڕگە(١،٢،٣) بکەین هەمووی لەچوارچێوەی شتێکی گشتی دایە، ئەویش لەنێوان سیاسەتی زانست وئامانجە زانستیەکاندا (التعليم والأهداف التعلمية)، کە مرۆ هەست دەکا تۆزێک دووبارە بوونەوەی تێدایە، (٤،٥،٦) هەتا دوایی هەندێ دیاری کردنیان تێدایە وله(١،٢،٣)دا جۆرە گشتگیریەک هەیە، ئەگەر بتوانین داڕشتنێکی ترمان بۆ بکردایەتەوە باشتر بوو.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو کەلەمادە/٣ زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەڵام وەکوخۆشی بمێنێتەوە هێشتا هەر شتێکی نارێکە لەصیاغەکە ئەڵێین: (والاهتمام بالتراث والثقافة الكردية وتطويرها والتنمية) نازانرێت ئەگەر بووترێت (تنميتها) یا بڵێین (التنمية العلمية)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە دەربارەی ئەوەی کاک د.فوئاد فەرمووی، لەوانەیە کەئەگەر تۆزێک تەماشای بکەی بۆجاری یەکەم وا هەست ئەکەی دووبارە بوونەوەی تێدایە، خۆی دوو شت هەیە رەسمی سیاسەت هەیە وبڕیار دان هەیە، بەبۆچوونی من (التباسەکە) لەوە دروست بووە، چونکە هەر دووشتی دراوە بەیەک لایەن کە.. ئەنجوومەنی خوێندنی باڵایە: رەسمی سیاسەت شتێکی گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەنجوومەن رەسمی شتێک نەکات کە بڕیاری لەسەر نادرێت ئەو بڕیارە دەبێت بیدەینە سەرۆکایەتی وەزیران، چونکە ئەو لایەنە سەر بە سەرۆکایەتی وەزیرانە ئەگەر اقراری کرد وبەپێی یاسا مافی بڕیاردانی پێ درا ئەنجوومەنی وەزیران حەقی ئەوەی نییە، بەڵام دەبێت بوەستێ بۆ بڕیارەکە بدرێتە سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵام رەسمی سیاسەتەکە بدرێتە ئەو ئەنجوومەنەوە ئەو ئەنجوومەنە پێویست وایە رەسمی شتێک بکات کە بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/٣ مادەیەکی گشتگیرە ودەستنیشانی کاری ئەنجوومەنی کردووە و زۆر لە بڕگەکانی کە ئێستا ئەیانخوێنینەوە زیاتر بۆ جەخت کردنە، راستە دەربڕینێکی پسپۆری وا هەیە وئێمە ناتوانین

وەکو برگەکانی ٣،٢ بیکەین بەیەک برگە، ئەگەر نەشبێت ئەوا مادە/٣ قەرەبووی ناکات، چونکە ئەم مادەیە روونە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەبێ لەو دانیشتنە ئامادە نەبووبم ئەو قسەی جەنابت زۆر راستە دووبارە بوونەوەی زۆر ئاشکرایە (٣،٢،١) لەمادە/٣ هاتووە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ جەنابتدام، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی کە لەئەنجومەنی خوێندنی بالادا بۆ ئێمە هاتووە هەمان ئەوەمان داناوە، بەڵام هەندێکیان بۆ زیاد کردووە، ئەو زیادەش لەپێشنیاری بەڕێزان لیژنەی بالاوە هاتووە، د.عزالدین (الاهتمام بالتراث..) ئەوان ئەمەیان زیاد کردووە، سوپاس

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەگەڕێمەوە سەر ئەم مادەیە بەشی یەکەمی راستە: (الاهداف البعیدة)، (اهدافیش) بلێی هەمووی ئەگرێتەوە، هەر کەسێک ئامانجی خۆی دابنێ ماوەشدا ئەنێ، بەڵام ئەوی تریان چونکە لەهیچ شوێنێکی پرۆژەی یاساکە باسی سامانی نەتەوەیی یا رۆشنبیری یا فۆلکلۆری کوردی نەهاتبوو، ئێمەش ولیژنەی خوێندنی بالا بەشێکمان موعاناتمان هەبوو ئەم چەند ساڵانەی رابردوو کەچۆن ئینکاری رۆشنبیری کوردی دەکرا، جاری وا هەیە شتی کوردی چاپ دەکرا بۆ ئەوەی بیسوتێنن، ئەو ئەرکەمان بەپێویست زانی کەبخرێتە ناو یاساوە هەموو زانستگاکانمان بەشی کوردی بکەنەوە یا ماجستیر ودکتۆراه بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گومانم لەوەدا نییە ئەوەی کە نوسراوە زۆر گرنگە، تەنها ئەوەم ووت کەئەوە بەرەورووی لیژنەی خوێندنی بالا نابێتەوە ،شوێنی تر هەیە ئەوە وەزارەتی رۆشنبیریە یا هی پەروەردەیە لەوێ بوترێ (الاهتمام بالدراسة الکردیة) لەجێگای خۆیەتی، بەڵام ئەگەر بلێین (تراث وثقافە) وئەوە بەراستی کردەوەیەکی رۆشنبیری یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من چارەسەریەکی گشتی بکەین، ئەم سێ مادەیە ببێت بەیەک، چونکە لەمادە دووشدا دیسان دووبارە ئەبێتەوە ولە(٤،٣)یشدا دیسان دووبارە ئەبێتەوە، خاڵی ئەساسیش مەسەلەی بریار دانە (اقراره)و، حەقە وشەی (اقرار)یش هەڵگرین چونکەدەسەڵاتی ئەنجومەن نییە، بەڵکو دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتییە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (٣،٢،١) دیسان من جەخت دەکەم ئەوە ئەدەینە گشتییەکەی کەلە مادە/٣ وتراوە، بەڵام ئەو ئەنجوومەنە دەبێت هەندێک دەسەڵاتی پێ بدرێ ئەو دەسەڵاتانە دەکرێت لەمادە/٤ وە دەستی پێ بکرێت لەمادە/٤ ئەوە دەسەڵاتی خۆیەتی سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکا، چونکە زانکۆ خۆی کۆمەڵێک دەسەڵاتی لەو جۆرەی هەیە پێویستیان بەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵاش بێت حەقەکە لەدەسەڵاتی خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لێرەدا چ هاودژیەک نابینم، مانای ئەوە نییە کەبڕیاری کۆتایی بێت و لەو ئەنجوومەنە ئەو شتە بەباش دەزانی، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تەواو نەبووە؟ پێشنیارێکم هەیە کە ئەگەر بکرێت وشەی (مهام) زیاد بکرێت، واتا پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە، ئەوەی لەمادە/٣ لەنێوان ئەو سێ برگەیەدا ئەگەر ناوی نەهێندرا بێت وپەرلەمان دەسەڵاتی ئەوە بداتە لیژنەی یاسا تا دایبڕێژێ لەمادە(٣) ئەگەر هاتوو ئەو سێ برگانە هەڵوەشێندرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(رسم السیاسة) گشتگیرە (شاملە) و دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی برادەران فەرمووبان ناکرێ بخرێتە سەر مادە/٣، چونکە دەنگی لەسەر دراوە، هەموار کردنی مادەکە لێرە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک دکتۆر سەبارەت بە برگەکانی(٣،٢،١) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم سێ یە فت (حذف) بکەین لەمادە/٥؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕیار درا کە فت (حذف) بکرێت لەمادە/٥، جا دێینەوە سەر وشەی (اقرار) لێرە با برگەیەک تەواو بکەین، چونکە لە یەک دوو

جێگادا هاتووه، بابزانین ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا مافی بڕیاردانی (اقراری) هەیە یاخود سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران؟ باکۆتایی پێ بێنین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک بەختیار وتی حەقە بنووسرێت (اقرار)، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو کاتە دەبێت دەقێک هەبێت لێرە کە دەقێک نەبوو ئێمە ناتوانین، کەشتێک مافی بڕیاردانی پێ ئەدەی ئەوجار بڵێی تۆ مافی بڕیاردانت نییە، دوا شت دەبێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بێت بۆ بڕیار لەسەردانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەدیاری کراوی بڵێین (٤) لەجیاتی (الاقرار والخطط اللازمة) بەو شێوەیە بنووسین، (وضع الخطط اللازمة)، بڕیاردانەکەی نەگەڕێتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی (تحدید اسس عامة للقبول في الجامعات)، ئەوە لەڕاستیدا ئەبێت ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بڕیاری لەسەر بدات، پێویست ناکات لەهیچ لایەنێکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە/٤ی خوێندەوە دەبێت بەبڕگە(١).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی پێشوو وتم هەر چەندە دووبارەکردنەوە خۆش نییە کە جیاوازی زۆرە لەنێوان (اقرار وضع یا رسم)، بۆ ئەوەی هەر لایەنێک ئەو یاسایە جێ بەجێ بکات ئامادەیی خۆی لەو دەقە دەردەخات کە لێرەدا هەیە، بەڵام کە جیاوازی بکەین لەنێوان لایەنێک کەدەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە ئەبێت بەبڕیاری ئەو لایەنە بێ کە رسم دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر بڕگەی/٤ و هەموو بڕگەکانی تر لەگەڵ رایەکەی «د.فوئاد»م، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوبڕگەیە بڕیاری لەسەر بدەین، چی دەسەڵات دەدەینە ئەو ئەنجوومەنە، دەسەڵاتی نادەینێ کەبڕیار بدەن یا تەنها بەس، بڕگەی/٤ ئەڵێین (اقرار الخطط اللازمة لتطویر المناهج)، بڕیار دانەکە، لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من (ترجمە)زیاد بکەین و بڵێین (تشجیع النشر والترجمة في الجامعات والمعاهد)،

سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ پێشنیاری د.ڕزگارم کە وشەی« ترجمة » زیاد بکرێت، لێرە خاڵێک هەیە دەمەوێت وەکو ڕوونکردنەوەیەکی پوخت دەری ببڕم دەربارەی ئەو پرۆژەیەی کە پێشان پێشکەش کرابوو ئەو لەمادە/٣ ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکانی ئەو لیژنەیە بکات، ئێستا لێرە فت (حذف) کراوە ئەو بڕیارە وەکو خۆی ماوە گرفتەکە لەوێ پەیدا بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (اقرارەکە) بمێنێتەوە بەرای من باشترە، لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنە ئەگەر (اقرارە)کە بدا بە دەسەڵاتی ئەم ئەنجوومەنە یا ئەنجوومەنی وەزیران، لەدوای (والمعاهد) نووسراوە ووشەی (والمعاهد الفنية) زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(١) بڕگە/٤ ئەبێت بەیەک، (٢) (اقرار) بگۆڕین یا بمێنێت؟(٣- ترجمة) زیاد بکرێت. (٤- فنية) بخرێتە دوای ڕستەکەوە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک ڕزگار لەجێگای خۆیەتی، بەرای من (ترجمة) بخرێتە دوای (البحث العلمي) واتا پێش (بحثی علمی) نەخرێت. بەنسبەت (المعاهد الفنية)، وابزانم ڕەنگە زانیاریەکەم تەواو نەبێت، پەیمانگای پەروەردەیی ئەویش لەڕووی ڕەسمی سیاسەتەکەوە دابەش کردنی قوتابی، وابزانم ئەویش لەبەر ئەوەی دابەش کردنی (مەرکەزیە) هەر سەر بە زانکۆیە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەو بابەتەی کاک فوئاد کە شتێکی باس کرد لەسەر پەیمانگا هونەری وپەروەردەیی(المعاهد الفنية والتربوية)، پەیمانگەی هونەری لە(مەرکەز قبوڵی) زانکۆوە وەردەگیرێن، بۆ نموونە پلانی بەرنامە ومامۆستیان هەمووی سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێ گومان لابردنی (اقرارالسياسة التعليمية)، سیاسەتی فێرکردن پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە قەیناکە، بەڵام مەرج نییە هەموو بڕیاردانێک (اقرارێک) لەو دانیشتنە بسەننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەیری مادە/٦ بکەین پێناسەکە وا هاتووە(هيئة المعاهد الفنية لاقليم كوردستان). لەمادە/٣ دێڕی دووەم،(هيئة المعاهد الفنية) لەوێش هاتووە، لێرەش هەمان شت هاتووە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئەیاد فەرمووی لەو مادەیە کەلامان بوو لەمادەی پێشوو لابرا، ئەگەر شتێک مایەوە وبرگەکانی تێدا نەبوو بیخەینە برگەی ترەوە لەگەڵ بەڕێز د.کەمال فوئاد دا، کە(تراث والثقافه) وایە، بەڵام مەسەلەی شتی کوردی هەر شتێکمان هەبێت خۆی وەک ئەڵێن (تحصيل حاصله)، وابزانم لەجیاتی (الاهتمام العلمي والاكاديمي)، (الاهتمام بالدراسة الكردية) بخرێتە سەر ئێرە، چونکە تورکمان وئاشوریش ئەبێت شتێکیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو پێشنیارمان هەیە:

١- العمل على اساس المجمع العلمي الكردي.

٢- وضع الخطط اللازمة للرعاية العلمية والاكاديمية للغة والتراث والثقافة للآشوريين والتركمان في كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بێینەوە سەر برگە یەک، کە ئێستا چوارە وئەبێت بەیەک، کێ لەگەڵ ئەو دووخاڵەیە پاش زیاد کردنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ زیاد کردنەکانیش بەو شێوەیە «الترجمة» پاش (البحث العلمي) بێت و(الفنية) لەپاش (المعاهد)ەوە بێت؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کە وتت (الدراسات) پێویست بە(علمي اكاديمية)کە ناکات هەر خوێندنی کوردیە کەباشە وخوێندنی کوردی جیاوازی هەیە کوردستانی نییە خوێندنی کوردستانی یەش نییە، لەرووی زانستیەوە، بووترێت (دراساتی کوردی)، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوە ماوەیەکە ئەم گفتوگۆیە دەکەین، ئێ قۆناغێکە کە پەرلەمانی خۆمان هەیەو حکومەتی خۆمان هەیە، هی ماوەیەک نییە بمانەوێت لەگەڵ حکومەتێکی تر ووشە زیاد بکەین، دەبێ بڕیاری ئەوە بدرێت کە خوێندن لەزانستگا بەکوردی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەڕاستیدا ئەوەی کاک دکتۆر گوتی ئەوە جێگای خۆیەتی، ئەوە جەختی لەسەر دەکەینەوە کەخوێندن لەزانستگا بەکوردی بێت.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیاری (منهجی )تێدایە پاش ئەوە نابێ بووترێت (اهتمام)، چونکە ئەو دوو شتە لەگەڵ یەک ڕێک ناکەون، ئەگەر دابنرێ دەبێت لەبڕگەیەکی سەربەخۆ دا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بگەڕرینەوە سەر بڕگەکە، ئەوەی کە زیاد ئەکرێت جەخت دەکەمە سەر بابەتی «الترجمة، والفنیة»، جا ئەگەر (دراسات) بێ دیاری بکرێت پێویست ئەکات (بحثي علمي). (دراسات فنیة) هەبن، ب(حث) چیە ئەگەر (دراسات) نەبێت؟، جا کێ لەگەڵ ئەوەیە پاش ئەو دوو زێدە کردنە بخرێتە سەر بڕگە/٤؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان هەوڵ دان بۆ دروست کردنی ئەکادیمیایێکی زانستی کوردی زۆر پێویستە، بەڵام وا بزانم بۆ ئێرە نییە، واتا لەم پرۆژەیە جێگای نابێتەوە (اکادیمی) شتێکی سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسایەکی تایبەتی هەیە(قانون المجمع العلمي العراقي) واتا ئەمە بەیاسایێکی تایبەتی بکرێت بەکۆڕی زانیاری کوردی. وەک لەناو یاسای زانکۆدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ رای کاک د.کەمالم، ئەگەر لێرەدا جێی نەبێت بەیاسایێکی تایبەتی کۆڕی زانیاری کورد (مەجمەعی علمی کوردی) بکرێتەوە، پێشنیارەکەی دووەمیشم بۆ ئەوە نییە ئێستا دەست پێ بکرێت، ئێستا لەپەروەردە بڕیار دراوە زمانی آشوری لەقوتابخانە سەرەتاییەکان بخوێندرێت، مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی کادر دابین بکرێت بۆ دوارۆژ بۆ ئێستا نییە ئی کوردی جیاوازە لەهەموو ئاستەکانی بەکوردی دەخوێنین لەکۆلیجەکانیش بەکوردی دەخوێنن شتەکە بەسروشتی دەڕوات، بەڵام ئی ئاشوری وتورکمان تەنها لەسەرەتایی دەستی پێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری یەکەم هەڵئەگرین بۆ کاتی خۆی.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری زمان ومێژووی ئاشووریەکان وتورکمان زۆر خزمەتی دیموکراتیەت دەکات، هەروەها خزمەتی ئەو دوو میللەتە دەکات کە زۆر پێویستمان هەیە لەم قۆناغەدا کە موتمانەیان هەبێت کە کوردستان ناوچەیەکی وایە کەمافی ئەو دوو میللەتە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری یەکەم وەکو برادەران ووتیان لێرە جێگای خۆیدا نییە، هەڵیئەگرین بۆ مادەیەکی تر ودێینەوە سەر دووەم. (وضع الخطط اللازمة للرعاية العلمية للغة وتراث وثقافة الاشوريين والتركمان في كوردستان)، با ئەم خاڵە باس بکەین.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بما ان القومية الاشورية تشكل جزاً من الشعب الكوردستاني، لذا يجب ان يكون هنا اهتماماً خاصاً باللغة والتراث وتاريخ الشعب الاشوري، ومع جزيل شكرنا لوزارتي التربية والثقافة والاعلام، وذلك بتشكيلهم مديرية خاصة بأسم (مديرية الثقافة الاشورية) وفي وزارة التربية ابدو اهتماماً خاصاً باللغة السريانية حيث يدرس اللغة السريانية في المدارس الابتدائية كدرس خاص، ولكن هذا ليس حد طموحنا نحن كقومية الاشورية، لذلك اقترح بأن يدرس اللغة السريانية في المدارس المتوسطة والاعدادية وحتى في الكليات والمعاهد كما يدرس في الابتدائية وشكراً.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەهەمووهەستمەوە لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی ئەو برادەرانەم کەباسیان کرد ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ راستە وەکو مافێک، بەڵام چەسپاندنی ئەو حەقە لەکوێ بکرێت؟ دەبێت جێگای خۆی هەبێت لەیاسایەکدا کە دادەنرێت بۆ زانکۆکان لێکۆڵینەوەی (اکادیمی) دەبێت زیاتر اکادیمی بێت، شتەکە بەراستی ئەوەی باس دەکرێت ئەوە شتێکی سیاسیە دەکرێت بنووسرێت: السیاسە العامە لەوێ باسی ئەوە بکرێت گرنگی بە رەوشەنبیری وکەلەپووری ئاشوری وبەرۆشنبیری وکەلەپووری تورکمان بدرێت، بەڵام لێرە کەدای دەنێین دیسان هەموو دەڵێین (اهتمام) لێکدانەوەیەکی سیاسی هەیە لێکدانەوەیەکی یاسایی نییە، بەرنامەی وەزارەتی کە پێشکەش دەکرێت لەوێ ئەوە دیار دەکرێت ئەوە دووبارە بکرێتە ورەنگ بداتەوە لەپەروەردەدا، کەدێ سیاسەتی وەزارەت چەند قوتابخانەیەکی تر بکاتەوە لە وەزارەتی پەروەردە بەرنامە ئامادە بکرێت، وەزارەتی رۆشنبیری لەبەرنامەی تەلەفزیۆنی خۆی لەرۆژنامە گرنگی بەو مەسەلانە بدرێ،

بەڵام لەهی اکادیمی ناتوانین بەم کارە هەڵبستین باشە چۆن ئێمە بریارێک دەدەین دەقێکی قانونی لەوانەیە دوای (١٠) ساڵی تریش نەتوانین نەک بەشێکی ئاشوریە بەڵکو لقێکی ئاشوری بکرێتەوە، چونکە ئەو پسپۆریانەمان نییە، ئینجا بۆیە ئەوەی کە برادەران باسیان کرد، مافێکی ئاسایی خۆیانە دەبێت لەشوێنێک چەسپ بکرێت، بەڵام ئەو شوێنە ئی ئەو یاسایە نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش لەگەڵ ئەوەم کە یاسا دووربێ لەسیاسەت، بەڵام نەک لێکدانەوەیەکی سیاسی هەبێ لێکدانەوەیەکی زانستیشی هەبێ، سریانی زمانێکە، زمانیش بۆهەموو میللەتێکە ئەگەر ئێستاش نەتوانین ئێمە بەپێویستی دەزانین کە بۆ ئەو شتانە هەنگاوێک بنرێ بۆ دوارۆژیش چەسپ بکرێ لەو یاسایەی زانکۆی عێراق وکوردستانیش وابزانم ئەوە لەکاتی خۆی لەزانکۆکانی عێراقیش چەسپ کرابوو، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اقراری) مافی رۆشنبیری کەمە نەتەوەیەکان لەکوردستان کراوە، من بەروونی پێشنیارەکەی خۆم کردووەو وتم ئێستا لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەخوێنن، من داوام کردووە کە کادر ئامادە بکرێت بۆ دوارۆژ، پێم وایە کادری ئەکادیمی ئەو لیژنەیە هەنگاو بهاوێ بۆ دابین کردنی، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە مافی رەوشەنبیری ئاشووری شتێکی سیاسیە، بەڵام جەخت لەسەر کردنی لەناو یاسای فێرکردندا باشتر دەردەکەوێت وزیاتر دیار دەبێت کە ئێمە لەگەڵ دیموکراتیەتین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندن بەزمانێک وکۆبوونەوە لەدەوری ئەو زمانە ونەتەوەیەدا، ئینجا ئەگەر مەسەلە لێرە دراساتی تورکمانی وئاشووری بێت دەتوانین جێگایەکی بۆ بکەینەوە، بەڵام ئەگەر مەسەلە خوێندن بێت لەهەموو پلەکاندا لەسەرەتاییەوە تا ناوەندی ئەوە مەسەلەیەکی ترە، دووشتی جیاوازن ئەمە لێرە جێگای نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر هەمواری پێشنیارەکە بەمە بکرێت وابزانم بەس (اكتفاء) ئەبێت،

(وتهيئة الكوادر العلمية للدراسات الاشورية والتركمانية)، ئەوە لەو شوێنە جێی بکرێتەوە، واتا بکرێتە برگەیەکی تایبەتی ئێمە کادرمان پێویست ئەبێت بۆ خوێندنی سریانی و عەرەبی، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تریش ئەیڵێمەوە لەگەڵ هەموو مافی ئاشووری وتورکمان، بەڵام (اعداد كوادر) بۆ خوێندنی ئاشوری وتورکمانی لەعێراقدا ئەوە ئامادە کردنمان نییە، ئامادە کردنەکە دەبێت (بعثات) بنێرین بۆ دەرەوە فێربن، چونکە لەناو ئاشووریەکان لێرە ئەو پسپۆرایەتیە نییە ئێستا ئەزمە هەیە بەنسبەت کادیرە بچووکەکان، چونکە دراساتی ئاشوری وتورکی، دراساتی تورکمانی نییە، سوپاس

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەگەر ئەمە بکرێت ئەمە گرفت نییە، ئەگەر بکرێت لەجیاتی ئەوەی خەڵک بنێرێت لەدەرەوە فێر بێت لەوێوەوە دەیانهێنین، ئێمە خەڵک زۆر دەناسین ئەگەر وەختی ئەوە بێت ئێمە دەتوانین کادیری وەها پەیدا بکەین ئەبێ جارێ قوتابخانەی ناوەندی دواناوەندی دابین بکەین ئەبێ سەرکەوێت بۆ سەرەوە. سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیێ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقەی کاک فرەنسۆ بۆی چوو زۆر دەستبەجێ نییە، (الاهتمام).. بائەوە بێنێت کەی توانایەک شتێک هەبوو بۆی هەیە ئەو کاتە لەکۆلێجی زمانەکان لقێک دەکرێتەوە بەو ناوەی، کەدەڵێن (اهتمام). مانای ئەوە نییە بەیانی (کوادر) دروست بکرێن و ئەو لقە بکرێتەوە، بەڵام وەک (مەبدەء) وەربگیرێت لەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم کەشتەکە دادەنێین عەمەلی بێت ئەوە پیادە دەکرێت یان ناکرێت، شتێک نەبێت تەنیا بۆ راگەیاندن بێت، ئەگەر برگەیەک بخوێنینەوە باسی نەکورد ونەتورک نەئاشووری نەکراوە، تەعبیر لەهەموو زمانێک دەکات ئەوە تەرخان نەکراوە بەزمانی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وضع الخطط اللازمة لتطوير الدراسات الاشورية والتوركمانية كلياً واكاديمياً)، بەڕێز سەرۆکی

ئەنجوومەن، کە مۆڵەتم بدەن یەک روون کردنەوەم هەیە هەر لەسەر هەمان شت، ئەویش ئەوەی لێرە ئەگەر پلانی پێویست دابنرێت بۆ گەشە پێدانی دراسات جیاوازی هەیە لەگەڵ (تهیئة الكوادر)، خۆی پێویستە پێشتر خوێندنی سەرەتایی هەبێت کە کۆلێج دەگرێتەوە، ئەگەر بەشەکانی ئاشوری یا تورکمانی لەسەرەتاوە نەبێت، ئێمە ناتوانین کادیریان بۆ ئامادە بکەین، ئەگەر (کوادر) لەدەرەوەش هەبێت لێرە ئەوە ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەوەی کاک فەرەنسۆ جارێکی تر بخوێنینەوە، چونکە وابزانم ئەوە گونجاو ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(وضع الخطط اللازمة للرعاية العلمية والاكاديمية للغة والتراث والثقافة الاشوريين والتركمان في کوردستان)، وا دەزانم گشتی ترە، جا بۆ ئەم بابەتە وەکو پێشنیارێک با جێگیری بکەین، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک فەرەنسۆیە؟ کێ لەگەڵ نی یە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

سوپاستان دەکەین، بەم شێوەیەش دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣٤)

## پێنج شەممە رێكەوتی ٦/٥/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٤)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٦

***کاتژمێر «١٠»ی سەرلە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەدعەبدوللا، دانیشتنی ژمارە «٣٤»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان تەواو کردنی یاسای خوێندنی باڵایە، لەخاڵی تازە بابەتیشدا ئەگەر هەر دوو فراکسیۆن پێشنیارێکیان هەیە بیخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی باسی بکەین..

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆنەی ئەو کێشەیەی کەهاتووەتە کایەوە، گۆڕانی پارەی عێراقی لابردنی ٢٥یەکان حەز دەکەین لەو بارەیەوە هەندێ قسە بکەین، چونکە یەکێکە لەمەسەلەکانی ڕۆژ، ئەگەر لەسەرەتاوە کاتێکی بۆ تەرخان بکەن وابزانم کارێکی باش دەبێ بۆ ئەوەی بزانین لەو بارەوە چ هەنگاوێک بنێین بۆ ئەو مەسەلەیە، بە ناوی ئێمەوە بەناوی فراکسیۆنەکەمانەوە..کاک د.فوئاد حەز دەکا هەندێ ڕوون کردنەوە وپێشنیارت پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لەخاڵەکانی بەڕێز د.کەمال دەکەم، منیش داوا دەکەم کەباسی کێشەی خانووەکانی ئەندامانی پەرلەمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی پارەی عێراقی (٢٥) دیناری، ئەگەر بە بەرژەوەندیی بزانین دەیخەینە خاڵی یەکەم بۆ

ئەوەی تەواو بین لەو مەسەلەیە، دوایی دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ ئەگەر لاری نەبێ نوێنەری حکومەت لێرە بێ، بەراستی ئەوەندە ئەو بابەتە باس کرا چیتر بوار نەماوە کە ئێمە باسی بکەین، کردمان بە بڕیارێک و لەمە زیاتر ناتوانین لەرووی یاساوە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان چی تر باسی بکەین ..

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پێم وایە ئەگەر حکومەت ئامادە بێ، چونکە ئەوانیش پەیوەندیان پێوە هەیە، پێم وایە بۆ خاڵەکانی کاک د.کەمال باسی«٢٥» دیناریەکە ئەگەر بەهاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەت هەنگاوێک بهاوێژرایە باشتر بوو، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عــــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرامبەر ئەو خاڵە من پەیوەندیم کرد بە کاک دارا وجبار فەرمان، بەڵام ئایا لە یەکەم خاڵ دا باسی دەکرێت پەیوەندیان پێوە کردووە ئێستا دێت، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مەسەلەی گۆڕینی پارەکە وەکو شتێکی تر نییە کە قەدەغە کرا بێ لەکوردستان، وەک سوتەمەنی وئازووقە، چونکە ئەو پارەیە هەموو شتێکی پێ دەکرێ، حکومەت دەمێکە وا دیارە بیری لەو مەسەلەیە کردۆتەوە کە ئەمڕۆ دیارە«٢٥» دیناریە سبەی نۆرەی (١٠-٥یش) دێت پێش چەند رۆژێ لە رۆژنامەی بابل شتێکی وانووسرابوو بەناوی یەکێ لەچڵکاو خۆرەکانی کە پرۆژەیەکی پێشکەش کردبوو بۆ گوشار کردنە سەر هەرێمی کوردستان، کەیەک لەوشتانە مەسەلەی پارەکە بوو، مەسەلەی ئەو پارەش بەو شێوەیە بێت بڵێین لەوانەیە ملیۆنێک دوو ملیۆن دینار بێ، زەرەر لەخەڵکەکە دەکەوێت بەسەدان ملیۆنە ئەو پارەیە وەک هەموومان دەزانین«٢٥»دیناری لە بازاڕ (١٠٠٠)دینار بە(٨٠٠) دینار لەهەزار دینارە (٢٠٠)دیناری زەرەر بووکە کرداری کڕین وفرۆشتنی پێ ئاسانتر بوو، لێرەدا لەوانەیە هەزاران خێزان هەبن هەوڵی دابێ هەندێ پارە بۆ خۆی کۆبکاتەوە بۆ خۆی لەبەر ئەوەی (٥-١٠)زۆرە پێی هەڵناگیرێ هەمووی کردووە بە(٢٥) ئێستا هەموو خەون وخەیاڵێکی وان هەموو ئومێدێکی وان دەبێتە هەڵم لەدەست دەچێ، جا بۆیە بەراستی پێویستە هەندێ هەنگاو بهاوێژرێ ئەو هەنگاوانەی دەهاوشترێ، لێرەدا زیاتر سیاسی یە لەوەی ماددی بێ، چونکە دەبێ لەو روانگەوە بۆی بچین پەیوەندی کردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان چارە سەرێکی ئێمە بکەن لەو بارودۆخەدا، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من چەند خاڵێکی گرنگم هەیە کە دوێنێ لەکۆبوونەوەی وزارەت بووم، ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی سەرپێی نییە، زۆر بەتەگبیر بووە، دوایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی دەرکردووە وپاساوی خۆی هەیە: بۆچی ئەم بڕیارەی داوە؟:

١- دەیەوێ بە تەواوەتی زیان لە ئابووری کوردستان بدات، چونکە حکومەتی عێراقی دەزانێ عوملە بەهێزەکە بەدەست کوردستانەوەیە کە عملە سویسرییە.

٢- سەدام دەیەوێ خۆی بپارێزێ لەم ئابلوقەیەدا ئەمە وەرقەیەکی ترەبە دەستەوەیەتی بۆ پاراستنی خۆی.

٣- پێڕەوی نرخ دروست بووە بۆ عملەی عێراقی کەزۆر (شازە)، یاساێکی نائاساییە، لەهەموو دنیاشتی وانییە، هەر عملە دوو بەهای هەیە، دەبێ رادەیەک بۆ ئەو دوو بەهایە دانێن.

٤- گرنگترین شت لەخاکی کوردستان (ترانزێت)ی بازرگانی کردنە بۆ ناو عێراقیش ترانزێت دەکا باشە گرفتمان چییە؟ لە کوردستان بازرگانی ئێمە بازرگانی یەک لایەنەیە، ئێمە هەرشت دێنین، بەڵام شت ناچێتە دەرەوە، ئێمە زەرەرێکی زۆرمان پێ دەگات، سوپاس.

**بەڕێز جـــــــەمـــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەراستی گۆڕینی عملە لە (تداول)وەکو بڕیارێکی تایبەتیە بۆ کوردستان تاکو کارمان تێ بکاو ئەو پارەیەی(٢٥) دیناری زۆر لەکوردستاندا هەیە، دەیەها بازرگان لەکوردستاندا هەنە، هەروەها بازرگانی کوێتی وسعودی وئوردونی هەنە، هەروەها تورکیا وئێرانیش دەستیان کرد بەکڕینی، ئەو (عملە)یەی عێراقی وای کرد زەرەر بێ بۆ گەلی کورد یا ئەو جیاوازیەی نێوان اصلی وعادی نەمێنێ،ئەصلی کەم بێتەوە، هەروەها ئەوگرفتەی کەلەو ماوەی شەری نێوان کوێت وعێراقی کە عێراق داوای کرد کە پارەی چاپکراو بڕوا وەک ئەصلی وئەو پارەی (اموالی عێراقی) بەریتانیا دەستی بەسەر مالی عێراقدا گرت ونەیداوەو دەربارەی کوردستان زەرەرێکی گەورەیە، بۆیە دەبێ داوا لە (UN) بکەین بۆ چارەسەرکردنی، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

زۆر کەس دەیەوێ قسە بکا، بەڵام با قسە دووبارە نەبێتەوە، دەبێ تۆزێ وەختەکە رەچاو بکەن، بەتایبەتیش کە وەزیری دارایی لێرەیە ئەویش شتێکی هەیە کەباسی بکات باوەختەکە زیاتر بۆ ئەو تەرخان بکەین.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەو هەنگاوەی حکوومەت بەبۆچوونی من هەنگاوێکی زۆر بەپارێزەو ئەنجامی قەیرانێکی ناوخۆی

دارایی بەهێز هەیە، گەرەکیەتی ئەو (ازمەیە) بگوێزێتەوە بۆ کوردستان بەتایبەتی کە نیمچە ئۆقرەگرتنێکی ئابووری تیایە، ئینجا لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە بزانین کە زیانی زۆری لەسەر ئابووری کوردستان دەبێ، با ئەو مەسەلە زۆر بەگرنگی وەربگرین و چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتانە دووبارە ناکەمەوە، بەڵام شتێک هەیە دوێنێ لە ناوچەی (خازر) ئەوانە خەڵکێکی زۆریان گرتووە ئەوەی پارەی پێ بووە لێیان سەندووە، لەهەمان کاتیشدا کەپارەی چاپ کراو لەهەزار دینار زیاتریان پێ بووە، ئەویشیان لێ سەندون وخەڵکێکی زۆریان گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم ئەوەی کاک د.فوئاد فەرمووی، بڕیارێکی سیاسی ناتوانین لێک جیا بکەینەوە، لەڕاستیدا بڕیاری سیاسی یە شان دەداتە بەر هێزی ئابووری، بەڵام دەمەوێ یەک شت بڵێم ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی دەبوایە زووتر پەیوەندی بکرایە بەسندوقی نەقدی دەوڵەتان، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە زۆر پێویستە ئەو کۆبوونەوە نهێنی بێت، تکا دەکەم لەهەموو نوێنەرانی ئێستگە ورادیۆ وتەلەفزیۆنی کە لەم هۆڵەدان، بەجێی بهێڵن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە گرنگە جەنابی وەزیری دارایی پێی خۆشە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دانیشتنە ببێت بەنهێنی؟..کێ لەگەڵ نییە؟..بەزۆربەی دەنگ دانیشتنەکە ئەکەین بەنهێنی هەتا ئەو بابەتە تەواو دەبێ..

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕژێمەی کەچەکی کیمیاوی بەکار هێناوە هەموو شتی تر بەکار دەهێنێ، لە ئابلوقەو لەتەقینەوەو پارە کێشانەوە، ئەمڕۆ ئەگەر بڵێم یەک شتی تری لەدەست ماوە ئەویش دیناری خۆیەتی ئەو دینارەی کەئێستا هەمانە وای کردووە کە بەرقەراریەکی ئابووریمان هەبێ بەتایبەتی بەرامبەر دۆلار ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین تاکو ئێستا دۆلار لە ٢٥ دیناری عێراقی تێ نەپەڕیوە

ئینجا له ماوەی (١٥)رۆژ له(٥٠)دینار بوو به(١٥٠)دینار ئەو هەڵاوسانەی کە لەعێراق بووە رژێمی عێراقی ناتوانێ چارەسەری بکات، بۆیە ئەو (٢٥) دیناری یە لە بازاڕ دەکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئەمە پلانێکی زۆر ورد داڕێژراوە لەلانی ئابووریەوە، چونکە دیناری عێراقی گەیشتە رادەیەک ئەگەر نەڵێین سفرە، ئەوا دەتوانین بڵێین شتێکی زۆر بێ کەڵکە، ئەوە بۆیە رژێم ئەو هەنگاوەی هاویشتووە تاکو لە ئابووری کوردستان بدات و دەبێ ئێمە لە رێگای (UN)ەوە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان زۆر شتیان گوت، من دەمەوێ تەنیا ئەوشتانەی نەگوتراون من بیانڵێم، یەکەم لایەنە ئابووریەکە، پێشنیارم ئەوەیە وەزارەتی ئابووری بەراوێژکردن لەگەڵ شارەزاکانی ئابووری خۆماندا هەنگاوی گەرم وگوڕ و جیددی ئابووری بنێن بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم بڕیارەی رژێم کە بۆ لێدان و رووخاندنی ژێرخانی ئابووری ئێمە داویەتی و، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تاکو ئێستا چ هەنگاوێکی وامان دیاری نەکردوە تاکو بیهاوێین بۆ راگرتن یاخود وەستان بەرامبەر بەم بڕیارە وێرانکارەی رژێم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم هەنگاوەی حکومەتی بەغدا بۆ بەهێزکردنی پارە چاپکراوەکەی خۆی بووکە پێشتر«١٠٠٠»ی بە«٣٢٠» دینار دەرۆیشت ئێستا بووە بە«٥٤٠» دینار، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلە بەراستی سێ لایەنی هەیە، یاسایی ،سیاسی ،ئابووری، لایەنە یاساییەکەی ئەوەیە کە حکوومەتی عێراق وەکو حکوومەت بۆی هەیە عوملە دەربێنێ نەش هێڵێ (إلغاشی) بکات، لێرە ئەو پارەیەی کەهەیە، چ چاپی سویسری، کە اصلی پێ دەوترێ لەگەڵ (استنساخ)ەکە، بەهای

یاساییەکەی هەمان بەهایە، بەڵام لێرە لەمامەڵەکردندا جیاوازی هەیە لەنرخدا لەبەر دوو هۆ.. یەکەم ئەو چاپە سویسری یە چاپێکی ڕێک و پێکە لە سەر (قیاساتی) جیهانییە.. بۆ (تزویر) کردن ناشێ، هۆی دووەم هۆکارێکی ئابووری یە کە جیرانەکان یان بازرگانەکان لەسیاسەت ئیش دەکەن دژی حکومەتی عێراق... کە عوملەی عێراقی بێننە خوارەوە مامەڵە بەو پارەیە دەکەن بەپارەی تر ناکەن، ئەمە لایەنە یاساییەکەیە، لایەنە سیاسیەکەی ئەوە سیاسیەتێکە دژی کوردستان، کەپارەیەکی زۆر هەیە لەکوردستان لەم بابەتە، هۆی دووەمی زیاتر مامەڵە کردن بەو پارەیە، هەروەها دژی ئەو جیرانانەشە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەت بڕیاری خۆی دەرخست بۆ لێدانی ئابووری کورد لێرە دەبێ کورد هان بدرێ وەبەرهێنان (استثمار) بکا ئەو دەغڵ ودانەی هەیە بۆ دەرەوەی بنێرێ، وابکەین ئەو شینایییە تەماتەو شتی وابنێردرێتە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڕیارەکەی عێراق کێشانەوەی «٢٥»دیناری کەراستەوخۆ دژی کوردستانە یەکەم کەس کەدوچاری زەرەرمەندی دەبێ لەئاکامی ئەم بڕیارە میللەتی کوردە، وەکو کاک د.فوئاد ئاماژەی بۆ کرد دیناری عێراقی ئەسلیەکە ببووە پارەی مامەڵە کردنی کوردستان و، چونکە بەر قەراری هەبوو لەکوردستاندا،(٢٥)دینار یەکی ئەو پارەیە لەبەغدا (١٠٠٠)دیناری (استنساخی) دەکرد کە بەیانەکەی خوێندەوە فاکسێکم بەکاک مسعود دا کە لەوێ هەوڵ بدا دڵنیاشم کە برادەرانی یەکێتی ئاگاداری مام جەلالیان کردیە بەبۆچوونی من ئێستا پێش ئەوەی بڕیارێک بدەین یا هاوارمان لێ هەڵسێ با یادداشتێک بدرێ بەun و بانکی نقدی دەوڵەتان حکوومەتی ئەمەریکا-فەرەنسا-ئینگلتەرا، کاک مسعود ومام جەلال هەموویان ئاگاداری بکەن کە عێراق ئێمەی لەخۆی جیا کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەم قەیرانە یارمەتیمان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەموو حکومەتێک عەقلێکی (استراتیجی) خۆی هەیە بەڵام ئێمە نیمانە، واتا تەنیا کوردستان نیەتی، ئێمە دەبوایە ٣مانگ پێش ئێستا ئەم تەگبیرەمان دانا با، ڕۆژێک لەڕۆژان ئەم حکوومەتە چەپەڵە ئەگەر پارەی کێشایەوە، بەچی مامەڵە بکەین؟ ئەوەی کاک فەرەنسۆ ووتی ڕاستە حکوومەت بەزۆر ئێمە ئەکا بەحکوومەتێکی سەربەخۆ لەعێراق جیامان دەکاتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــــێخ نـوری/وەزیـری دارایـی:**
**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پێشەکی داوای لێ بوردن دەکەم، داواکاری من بۆ راگرتنی نهێنی یەتی ئەم کۆبوونەوەیە، بۆ ئەوەی لەم کـۆبوونەوەیە کـەباسی دوارۆژی کوردستـانی و باسی ئابووری کـوردستـان دەکرێ رەنگە ژمـارە وشـتی واباس بکرێ، لەبەر ئەوە داوای لێ بوردن دەکـەم. بەنیـسـبـەت ئەو بەیانەی کەوا حکوومەتی رژێمی عێراق پێرێ دەری کرد بۆ ماوەی هەفتـەیەک ئاگاری دا کە هەر کـەسێ ئەو (٢٥)دینـاری چاپە سویسـریەی هەیە، بیـدات بە بانکەکـانی عـێـراق یان بیگۆڕێتەوە بەپارە استنساخەکەی کە خۆی دەری دەکا سنوورەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێکانی داخست، ئەوە بڕیارێکی کتـوپڕ بوو، بەڵام لە ئامـادەکردنی پێم وایە شتێکی کتـوپڕ نەبووە، چەندین وەختە هەمـوو خەڵکی کوردستـان چاوەڕوانی دەکرد کە پارە بەرەبەرە بگۆڕێ لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری سیاسی ئەو براو خوشکانەی کە قسەیان کرد وباسیان کرد زۆربەیان زۆر لایەنی مەسەلەکەیان دەگرتەوە ئەمە راستە، ئەو شتانە هەمـووی تیـا کۆبونەوە بڕیارەکە بەلای رژێمـەوە ئابووری یەو وسـیـاسـیـشـە لایەنە ئابووری یەکـەی ئەمـەیە دیناری عـێـراقی لەماوەی ١٥-٢٠رۆژی پێشوودا شکانێکی ئێجگار گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئیتر ناتوانێ بەرگری بەرهەڵستی (تضخمـەکە)ی پێ بکرێ، چونکە هەمـوو حکوومـەتێک لەدنیـادا کە عـملەی بەرەو شکان وهەڵاوسان (تضخم) دەڕوا، نرخی گۆڕینەوەی دیناری (استنساخ) لە بازاڕی دۆلاردا گـەیشـتـبـووە«١٠٠٠»دینار یاتۆزێ بەرەو ژوور بەرامـبـەر بەهەندێ جیـاوازی گـەورە لەگـەڵ چاپەکـانی تردا، رژێم هەرەشـە لێ کـراو بـوو کـە تووشی دارمـانی تریش ببێ، ئەوە هەندێ اجراءاتی دەست پێ کردووە، ئیجرائاتی ناسروستی دەربارەی وەزعی ئێمەوە بۆ ئەوەی بتـوانێ باری کـەوتـوی هەڵسـێنێـتـەوە ، بەڵام پارەی چاپکراو نرخی هەر لە دابەزین دادەبێ و ئێـمـە لە کـوردستـان ئەوەی رووەتی هەبێ پارەی سـویسـری یەکـە مـامـڵـەتی پێ دەکەین.مەبەستی رژێم لە کێشانەوەی ئەم پارەیەی (٢٥) دیناری جگە لە زیان گەیاندن بە ئابووری کــوردســــتــان زیان گــەیاندێکی گــەورەش بـوو بە بـازرگــانەکــانی (ئوردن) و (خـەلجیـجیـەکان) کـە زۆریان لەم جـۆرە پارەیە لەلا کـۆبووەوە، ئەوەی زانراوە هەمـوو ژیانی سیاسی و هەمـوو شـتێـک بەسـتـراوە بەباری ئابووری یەکەوە، یادەبێ بەرهەڵسـتی بڕیارەکە بکەی ئەو لایەنەش دەبێ هەڵی بژێرین کـەبەرهەڵسـتی بڕیارەکـە، نەک هەر بـەرهەڵسـتی دژەکەی ئێمە بکەین لەبەر زۆر هۆ، یەکێ لەهۆیەکان ئەوەیە ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەم وەزعـە سیـاسی یە ئـابووریەی ئێسـتـا لەکوردسـتـاندا گەشـەی پێ بدرێ و دەبێ حسـابی بۆ بکرێ

ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ لە بازاردا بپارێزی هەوڵ بدەی گۆران کاری لێ نەکات ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی لایەنەکەی تر بێگومان لەبارەی ئێمەوە مەسەلەی ژیانەو حەز دەکەم ئەوە روون وئاشکرا بێ لە هەڵبژادرنی لایەنەکەی تر، بازاری کوردستان دەمرێنێ، ئیمە فریای ئەوە ناکەوین مووچەی یەک فەرمانبەر بدەین، بۆ مەسەلەکە چونکە بەپێی ئەو وەزعە تایبەتیەی لەکوردستان هەیە ئێمە بودجەیەکی بێ ئۆقرەمان هەیە بەستراوە بەگومرگەکانی کوردستانەوە لەمەودوا ئەگەر بێتوو ئێمە لەسەر دیناری (استنساخ ) برۆین هەرهەمان مبلغ کە ئێستا وەرمان گرتووە، بەنیسبەت بازرگانی بەپێی ئەو بڕیارەی حکومەت، دینارەکەی ئێمەو دینارەکەی بەغدا وەکو یەکی لێ هاتووە، لەبەر ئەوەی شتێک کەدێ طنی( ٢٠٠ )دیناری لێ وەرگری دەبێ( ٢٠٠ )دیناری (استنساخی) لێ وەرگری کەمووچەی دەدەیتەوە دەبێ ( ٢٠٠ )دیناری ئیستنساخی بدەینێ، بەڵام بازار بەرز دەبێتەوە ونزم نابێتەوە ئەو کاتە ئەوەی ئێستا کارمەند ( ٢٠٠ )دینار ( ٢٥٠ )دینار وەردەگرێ ئەو وەختەش هەر( ٢٧٠ )دیناری دەدەینێ، بەڵام ئەوەی لەبازار دەفرۆشرێ رەنگە بە ٥هەزار دینار نەتوانێ ژیانی مانگێکی خۆی دابین بکات، ئەوە خەتەرێکی زۆر گەورەیە لەسەر رەوشی ئابووری ئەگەر پێشتر لایەنەکەی تر هەڵبژێرین کە هەموو وەزعێکی ئابووری بەندە بەسیاسەتەوە بۆیە لەهەموو حاڵەتدا پێویستە ئەو لایەنە هەڵبژێردرێ کە بەرەنگاری ئەو بڕیارە بکەین، بەڵام چۆن دەبێ چ دەبێ؟ چی بکەین؟ ئەوە پێویستی بەدراسەی قووڵ هەیە مەسەلەکە ئەوە نییە لەیەک دانیشتنی ئێوەی بەرێزدا تەواو بێ ودەبێ پەنا بەرین بۆ زۆر شوێنی تر لەبەر ئەوە دوێنێ ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ هەندێ برایانی لێزان و پسپۆری مەسەلەی ئابووری ودارایی، لەگەڵ بەرێزان سەرۆکی وەزیران و جێگری سەرۆکی وەزیران هەندێ برایانی تری ئەنجوومەنی وەزیران چەند دانیشتن وکۆبوونەوەی بەردەوام کرا، هیچ نەبێ دراسە کردنی وەزعەکەو پاشان ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن لێتان ناشارمەوە یانی ئێمە لەبەر ئەوەی لەمەسەلەی دەسەڵات وحوکمدا تاقی کردنەوەی یەکجار زۆرمان نییە مەسەلەی پارە هەرگیز خەمی ئێمە نەبووە کە بە پەلە چۆن بەرز دەبێتەوە چۆن نزم دەبێتەوە دەبێ چی بکەین بۆ پارێزگاری کردن وشتی وا لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو لێزان ولێپرسراوانەی کەقسەمان لەگەڵ کردن نەیانتوانی بچنە قوڵایی بابەتەکانەوە، چونکە کە هەموو شتەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە حەز دەکەم ئەو لایەنە روون بکەمەوە لەهەموو وڵاتێکدا کە عملەیەک بەکار دێ عملە وەکو ئاماژەی بۆ کرا یاسای (تەلەفەکە) دەبێ تۆ بەرامبەر بەوە تسلیمی بانکی مەرکەزی بکەی بانکی مەرکەزی داوای لایەنی

داواکاری پارە دەکات ئاگاتەوە ئاگاداری دەکەینەوە ژمارەکانی ئەدەیتێ لەئەنجامی ئەو (تەلەف) کـــردنە هی تری بۆ دێنینەوە بازار لەیەک رادەدا هەمـــان برە پارەی تیـــا دەمێنێتەوە، بەلآم ئێمە ئەو توانایەمان نییە ئێمە سەرچاوەی هاتنی پارەکانمان لەئەنجامی گۆرینەوەی بازرگانی بووە، بازرگانی کەم بێتەوە بزووتنەوەی بازرگانی کەم بێتەوە لەگەڵ رژێمـدا کـە بری ئەو پارانەی لە بازاری کـوردسـتـانـن بە سـروشـتـی کـەم دەبێـتـەوە، ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی یاسایی رەسمی ناتوانین دووبارە پارە چاپ کـەینەوە ئێـمـە دەوڵـەت نین، بەلآم هەمـوو مـەرجـەکـانی دوڵەتمان لەسـەر شـانە هەمـوو فەرمانگەکانی حوکمرانی لەسەر شانی ئێمەیە، ئێمە بەرپرسین لەژیان وگوزەرانی نزیکی (٤) ملیـۆن مـرۆڤ، ناتوانین بەکـاری تایبـەتی هەسـتین بۆ بەهێـز کـردنی عـملەی خـۆمـان ئاڵـوگـۆڕ کـردن لەگـەڵ دەرودراوسێ، ئەمـانە هەمـوو رێگرن لەمـەی کـە (سـیطرە)یەکی (نوعی)مـان هەبێ لە وەزعـەکەدا، کاک فـرەنسۆ ئاماژەی کـرد بۆ مەسـەلەیەکە زۆر گـرنگە کەعێراق ئێمەی بە بەشێک لەئەو سیادەی خۆی حساب نەکردیە، ئێوە دەبێ لەو روانگەوە پەیوەندی خێـراو پەلەی لێ بکەین سـوود لەو هەنگاوەی رژێم بکەین، ئینجـا لەبەر ئەوە تکام وایە گفتوگۆکەمان لەو لانەوە بێت کە یەکەم بەرەنگاری کردنی بریارەکەیە ئەو بریارە ئێـمـە ئەگەر روونی کـەینەوە مـانای ئەوەیە ئەو سنوورەی کـەئێسـتـا تێـدایە خەریکی جیـا کردنەوەی ئێمەیە من پێم وایە کە لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە ئەو برادەرانە نەیانتوانی بچنە قـوڵایی مـەسـەلەکانەوە، ئێـسـتـا ئێـمـە راپۆرتێکمـان هەیە حەز دەکەم بۆتان بخوێنمەوە لەوە ئیسـتـنتـاجی ئەوە بکەن کە ئێـمە هێشـتـا لەمـەسـەلەی پارە خطورەی چی بکەینە مایە ئەبێ تقـدیری وەزعی هەمـوو حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان بکەین، ئێـمـە ئەو مـەسـەلانە چونکە لەژێر ویسـتـی خـۆمـاندا نەبووە، بەرپرسـیـار نەبووین لەبەرزبوونەوەو نزم بوونەوە وراگـرتنی وپاراسـتـنی ئێـسـتـاش تۆزێ پەشـۆکـاوی هەیە لە بیـرکـردنەوە تاکـو دەگـەینە ئەنجـامـێکی مـاقـووڵ. راپۆرتەکـە بریتـی یە لەدوو بەش، بەشـێکیـان هەندێ زانیـارییـە کەتقدیری ئەوپارانەی ئێستا لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان هەیە فئەتی«٢٥»دیناری لە«٢»ملیۆن دینار تێپەر ناکات، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە باوەری خەڵک بە بانکەکـانی خـۆمـان بگەرێنینەوە، لەبەر ئەوە خـەڵـک لەمـاڵی خـۆیاندا پارەی خـۆیان هەڵدەگـرن، من پێم وایە، رەنگە لەمـاڵەکـانیـشـدا بەو رادەیە زۆر نەبێ، لەبەر یەک شت، چونکە لەمـانگی پێشـودا نرخی«٢٥»ی دا بەرزی بووەوە کـە لە ئەنجـامی کـاری بازرگـانی ئێـرانی، سعـودی، ئوردنی، بوو ئەمـە وای لێ هاتبـوو خـەڵـک تەمـاعی هەبێ بچێ بیکرێ،

بیدات، بەشتی تر تائێستا زانیاری مسۆگەرمان نییە ئەو برە چەندە لەماڵی خەڵکیدا هەڵگیراوە، چونکە خۆمان دەزانین ئەو جۆرە زانیاریانە نهێنی یە، رێزی لێ ئەگیرێ یان هی ئەوە نییە ماڵ بەماڵ بگەڕێی چەندت هەیە پێم بڵێ ووتی لەبازاڕی پارە لە هەولێر لەشێخ اللّه تا سەعات«٥»ی ئێوارە نرخی کڕین وفرۆشتنی بەو شێوەیە بوو «٢٥»دیناری ئەسڵی ئیش وکاری پێ وەستا، لەبەر ئەوەی کەس نازانێ بۆرسەی ئێمە شێخەاللّه یە، لەگەڵ قەلەق لەمەسەلەیەکدا پەیدا بوو کەخێرا مامەڵە لەگەڵ ئەو عوملەیە دەوەستێ ئێستا«٢٥»دیناری عوملەیە کەئیشی پێ ناکرێ پاشان قیمەتی پارەی استنساخ لەنزیکی«٣٦٠»فلسەوە بووبە«٥٠٠»فلس نرخەکەی هەندێ زیادی کردووە، .. من دڵنیام زوو، ئەم هەنگاوەش دەنێم و دەڵێم رژێم بۆ ئێستا «٥-١٠»دیناری هەمان کرداری دەرحەق نەکردووە ئەو«٥-١٠»عوملە وانابێ ئەوە وەختێکی دووری دەوێ ،کاغەزێکی زۆری تێ دەچێ کەرەنگە ئێستا نەبێ، ئەم «٢٥» دیناریيە هەمان بڵێین (٥) ملیار چاپ بکات (٥) قات بڕی کاغەزی دەوێ ئینجا دەبێ، لەبەر ئەوە لەگەورەترین عملە دەستی پێ کردووە کەزۆریان چاپکرد لە«٥-١٠»دیناری ئەوکاتە هەمان هەنگاو دەنێین بۆ کێشانەوەی ئەوانی تریش ئەو بۆچوونانەی هەیە ئێمە هەم ئی ئەو خەڵکە پسپۆڕانەیە، بۆیە ئەبێ ئێمە لەئێستاوە خەڵکی پسپۆڕو لێزان دانێین بۆ ئەوەی وەکو ئەمجارەمان لێ نەیە. ئەمەیە باری ئابووری ئەمڕۆی کوردستان. دوو سێ پێشنیاری گرنگ هەیە بۆ مەسەلەی ئەوەی چ بکەین بەرامبەر بەو«٢٥»دیناریەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە لای خەڵک؟..

وەکو باسم کرد ئەو برە لەبانکەکان هەیە شتێکی یەکجار گەورە نیە تاکو ئێمە مەترسیمان لێ بنیشێ بزانین چی بکەین، بەڵام ئەوەی هاووڵاتیان زۆر لەوە گەورە ترە، بۆیە دەبێ چارە سەری ئەم مەسەلەیە بکرێ ئێمە وەکو عوملەی نیشتمانیی خۆمان حسابی بکەین لەبازاڕی کوردستاندا مامڵەتی پێ کراوە دەبێ لەئێستاوە کۆنتڕۆڵی بکەین بۆ ئەوەی پارەی تر نەڕژێتە ناو بازاڕی کوردستان، هەڵاوسان (تضخم )دروست بکات مەسەلا بڵێین«١٠٠»ملیۆن «٢٥»دیناری ئێستا لەکوردستاندا هەیە پێویستە ئێمە بەزووترین کات کۆنتڕۆڵی«١٠٠»ملیۆن«٢٥»دیناری بۆ کوردستان بکەین، چونکە تۆ ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان بتوانی ئەوانەی زەرەریان لێ کەوتووە قەرەبوویان بکەینەوە دوایی بگۆڕێتەوە هەر عوملەیەکی وایان بۆ بکەی بۆت ناکرێ«٥»ملیاری عێراقی بدەی، لەبەر ئەمە پێویستیمان بەوەیە کۆنتڕۆڵێکی بەپەلەی ئەو پارانە بکەین، کە ئێستا لەناو هەرێمدا لە ناومالانی

خەڵک هەنەو دوو ڕێگەش هەیە، پێشنیار کراوە، یەکیان لیستێکی تایبەتی دروست بکرێ بەپەلەو بەتەلەفیزیۆن ورادیۆ وڕۆژنامە هەم لە ڕێگەی حیزبەکانەوە هەڵمەتێکی زۆر بەپەلە بکرێ کەخەڵکی بێن ئەو استمارە وەربگرن چی پارەی فئەی«٢٥»دیناری ئەسلی سویسری لایە برەکەی دیاری بکات ژمارەکانی بنووسرێ ئەو زانیاریبە تەسلیمی چەند بانکێکی دیاری کراو بکات.

بانکەکان دیاری بکرێن.. بلێ بانکی فلان لەسلێمانی، بانکی فلان لە هەولێر بانکی فلان لەدهۆک وەعدەی ئەوەشیان پێ بدرێ کە نهێنی ئەم مەسەلەیە پیرۆزە لامان وەناهێڵین بەهیچ شێوەیەک زانیاریەکانی بچنە دەرەوە، لەماوەیەکی کەمدا هەموو زانیاریەکان وەعدەیان بۆ دابنرێ لەماوەی «٢٤»سەعات دەگاتە بانقی مەرکەزی فەرمانبەری بەرپرسیار وەری دەگرێ بۆ ئەوەی فکرەیەکمان هەبێ لەوجۆرە پارەیە لەکوردستاندا، ئەوە یەکەم هەنگاوی کۆنترۆڵە ئەو فکرەکەی تر وایە، بەڵام بەشێوەیەک داوا لەهاووڵاتیان بکەین ئەوەی لە فئەی«٢٥»دیناری لایە بابفەرموون لەبانکەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ (٣)ڕۆژ ماوەکە وا نەبێ پارەکە لەدەرەوە برژێ لەبانکەکانی هەرێم دای بنێین بەپێی وەصل، کەتۆ ئەمە پارەکانتە، ئەمە ژمارەکانتە، لەلای ئێمە دەبێ تاکو ئاڵ وگۆری وەزعە کەچی لێ دێ هەموو رەفتارەکانی عێراق دژی ئەوەیە کەئێمە بەشێکین لەعێراق ئیدارەی کێشاوەتەوە پەیوەندی ئابووری لەگەڵ کوردستان بریوە نەوت وسووتەمەنی و گشت ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بریوە ئێستا سنوورەمان لێ دادەخا، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکە بە بڕیارێکی دەوڵەتانە، ئێمە لەئەزمەی ئابووری بەئاسانی رزگارمان نابێ، مەسەلە بڕیار نییە یاسا نییە، بەئاسایش وپۆلیس ئەو شتانە جێ بەجێ ناکرێ بەهێزو بڕیاری دەوڵەتان نەبێ نابێ پێویستە لەبنەرەتەوە چار بکرێ بۆ ئەو مەبەستە ئێمە هەندێ پەیوەندیمان کردووە، پەیوەندیەکانی کاک فەرەنسۆ ئاماژەی پێدا من هەوڵێکی وام داوە ووتی منیش لەلایەنی خۆمەوە هەوڵێکی وامان داوە راپۆرتێکم نووسی راپۆرتەکەم پێ یە منیش کورتەی ئەو قسانەی کەئێستا بۆ بەرێزتانم کرد، ناردوومە بۆ ئەوەی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود ببینن داواشم کردووە، رای هەندێ پسپۆر ولێزانی بیانی بۆ وەرگرن بۆ وڵاتانی دەرەوە بەزووترین کات وەڵامان بدەنەوە، ئەوە کورتەی باسی ئەو بڕیارە بوو ئەو هەنگاوانەی ئێمەش کردمان، ڕەنگە درێژەی تریش هەبێ، ئامادەم هەر پرسیارێک هەبێ وەڵامی بدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زروفەمان وئیشەکەمان پشت دەبەستێ بە دەرەوە، لەدەرەوە هەوڵێکی بۆ بدەین، چونکە ئێمە خۆمان شتێکی وامان پێ ناکرێ، لێرە مەسەلەی پارە ئەوەی یەک لەو رایانە کەوا بەڕێز کاک دارۆ باسی کرد بەراستی هەندێکی عملی نییە ئێمە پارە قەدەغە بکەین، پارە قەدەغە ناکرێ، پارە تەسەروب دەکات بۆ هەموو شوێنێک، شاردنەوەی ئاسانە دێتە سەر گۆڕینەوە شت بەگۆڕینەوە (مقایضە) بەراستی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کەخەڵک شت زۆر دەکڕێ زۆر دەفرۆشێ عملە دەکرێ و دەفرۆشێ ئەوە شتێکی رۆژانەیە ناکرێ بەگۆڕینەوە (مقایضە)، رەنگە لەنێوان حکوومەتدا ئەمەندە پارەی بۆ دەنێرین پارە بەوە وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر وای لێ بێ دەبێ ئێمە بکەوینە سەر گۆڕینەوە کابرا شتێک بیات وبڵێ کیلۆیەک شەکرم پێ بدە، وەزعی پارەکەمان بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی رژێم خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی کاک دارۆ دەکەین، کەئەو باسەی کرد ئەو ئیجرائاتەی کەوەکو پێشنیار کراوە، بەراستی بۆی هەیە هەندێکی لە تیوریدا (نەزەری) دا هەبێت، بەڵام لەعەمەلی وای بۆ دەچم کە ئاسان نییە، ئێستا «٢٥»دیناری دوو سێ رۆژی ترماوە کەنرخی هەبێ، بڵێین بەعوملە لەکوردستان وەک وەزیری دارایی گوتی نرخی بمێنێ، مانای وایە زۆربەی زۆری ئەوپارەیەی لە لای خەڵکدا هەیە بواری گۆڕینەوەی زۆر کەمی هەیە، بۆ ئەم بابەتە بمانەوێ ونەمانەوێ ئەو ئیجرائاتە ئیجرائاتێکی ئابووریە، ئیجرائاتێکی سیاسیەو ئاشکرایە کێ ئامانجە (مستهدفە) وکێ ئامانج نییە.

مافێکی رەوای هەموو حکومەتەکانی دنیاشە بۆ مەسەلەی (عملە) یاسای خۆیان هەیە، لەهەر کاتێکیشدا کاری لەم جۆرە بکەن دیارە بەمەبەستە، ئەو عوملەیە مانەوە ونەمانەوەی نرخی نییە، وەکو پەڕۆیەک، پارچەکاغەزێک بێ قیمەت دەبێ و لای ئێمە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەبوایە وەزارەتی دارایی (ایعازیان) دابایە کە مامڵەت بەو پارەیە نەکرێ و لەماوەی یەک دوو رۆژدا خەڵکێکی زۆر ئەوپارەیەیان بگۆڕایەتەوە بە پارەیەکی تر کەبەهای رانەوەستێ، چونکە ئەوکاتە ئەوپارانە بانکەکان چیان لێ بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆ وادەستە و ئەژنۆ دانانیشن، دەبێ چارەیەکی بۆ بکەین کە مەنعی پارەی استنساخ بکرێ، ئەگەر نەتوانن ١٠٠٪ بەریان لێ بگرن دەتوانن هەندێ شت بکەن، بەڵام نازانم بەڕێز وەزیری دارای وئابووری باسی ئەوەی نەکرد، هەقە لەئەمڕۆوە دەست پێ بکەن گومرگی (ئیبراهیم خەلیل) و سنووری تورکیا بەدۆلار وەربگرن وگومرگی سنووری ئیران سەرەتا سەری

بەتومەن وەربگرن یان لەئەمڕۆوە دەست پێ بکەن، بەدراوی گران وەربیگرن، ئێستا تمن دراوی قورسە بەنیسبەت پارەکانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوکاتە هەڵاوسان (تضخم) پەیدا دەبێ، چونکە نرخی دۆلار بەرزدەبێتەوە و، نرخەکانی ئێستای بازار دەبێتە دوو قات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری دارایی، بۆ مەسەلەی پارە دانان باوەڕناکەم خەڵک ئەو موتمانەی هەبێ کە پارەکانی خۆی لەبانکەکانی کوردستان جێ بهێڵێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیانەی بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی زۆری لەجێی خۆیەتی، هەر لەسەر رای جەنابی وەزیر، ئێمە کەئەمە ئیعتباری بکەین ئەو عوملە عوملەیەکی نیشتمانییە پارێزگاری بکەین، چونکە مرۆ عملەیەک ئەگەر خۆی دەری نەکات وخۆی بەرپرسی نەبێ لەدەرکردنی وابزانم پاراستنی هەندێ زەحمەتە ،دووەم بواری ئاڵوگۆڕی بەرای من زۆر بێت تاخۆی ئەو کاشە (نقدە) باشەی هەمانە ئەو کاشە (نقدە) اعتبار دەکرێ کاشێکی (ساقطی دولی) ئێمە بواری ئاڵوگۆڕی بدەین، بەپارەی خراپ دادەنـدرێ«من النقود الردیئة» وابزانم برادەرانی دارایی پشتگیریمان دەکەن، قاعدەیەک هەیە دەڵێ« النقود الردیئة تطرد النقود الجیدة في التداول» مانای وایە عملەی باشمان هەیە ئەویش لەئاڵوگۆڕ نامێنێ چونکە دەچێتە بواری پاشەکەوتیەوە ئەو عملەیە کەوتووە (ساقطە)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دەربارەی ئەو پێشنیارانەی وەزیری دارایی هەروەها ئەو برادەرانەی کەدراسەتیان کردووە بەراستی من دراسەیەکی گشتی دادەنێم وپێشنیارەکانیش تارادەیەک عەمەلین، بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر لەوە گەورەترە، پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی بکرێ، پێویست بوو کۆمەڵێک ئیجرائات بکرایە بۆ ئەم رەوشە، پێویستە ئێمە سیاسەتێکی نقدیمان هەبێ، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم کە لانی ئابووریە، ئەگەر دەرس بکرێ پێویستمان هەیە کە بونیاد دابنێین بۆ ئیشوکارمان، ئەمەش ئەوەیە بەرای من پەیوەندیکی خێرا بکرێ لە لەرادەی هەرێم وفشاری دەرەوەش دەوری خۆی دەبێ لەو مەسەلەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە زۆر باسیان لێ کرد ئەو پێشنیارەی کاک فەرەنسۆ باسی کرد دەربارەی دراوی بیانی کە

له سنووری ئێران وەربگیرێ پێم وایە ئەوە کارێکی باشە، دەست پێ بکەن و بڕیارێک دەربکرێ لەناو کوردستاندا معامەلەی پێ بکرێ بۆ ماوەیێکی ئەم قۆناغە، پێم وایە ئەمە شتێکی سیاسیە بەرامبەر بەمیللەتی کورد ئێمە وەک کاک عبدالخالق باسی کرد، کەبڕیاری فیدرالیمان داوە لەکوردستاندا، کەسیش دانی پیانەناوین، تا ئێستا بەم شێوەیە لەوە زیاتر ئیجرائاتمان لەگەڵ دەکرێ خۆمان لەم چوارچێوەیە نەهێڵینەوە جولانەوەیەکی سیاسی دەولی بۆ بکەین لە رادەی «UN»، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ بابەت هەیە ئێمە ئەم مەسەلەی پارەو مەسەلەی فیدرالیەت ومەسەلەی پارانەوەو ئەوە نییە، مەسەلە ئەوەیە نەک هەر عێراق، بەڵکو دەوڵەتانی دەرەوەش زەربە لە ئێمە دەدەن، بۆ نموونە ئێستاکە لەلایەن د.ئیدریس وەرەقەیەک هاتووە دەڵێ تەلەفۆنی کردووە. (اتصل د .ادريس وطلب مني ان ابلغكم ان التجار الايرانيين قادمون الى اربيل لتبديل فئة« ٢٥ »التي لديهم بالدولار والذهب وهذه الظاهرة تؤدي الى ادخار الدولار في اسواق كوردستان). دەبێ ئێمە ئەمە قەدەغە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەمە وەکو جەنابتان فەرمووتان یەکەم هەنگاوە، پێویستە ئێمە وابکەین بەراستی «٢٥»ی وەرنەگیرێ تا کاتێکی تر، من بەدواداچوونێکم هەیە لەسەر ئەوە دەست دەکەم بەئایەتێکی پیرۆز کەخوا دەفەرمێ« وعسى ان تكرهوا شيئا وهو خير لكم» ئێمە زۆر شتمان لاناخۆشە، بەڵام خوا دەزانێ چەندە لایەنی چاکی تیایە من ئەوەم پێش چاوە چۆن کاتی خۆی حکومەتی عێراقی ادارەی لەکوردستاندا کێشایەوە وای دەزانی ئێمە بەباوکە رۆ دەکەوینە دوای ئەمەش یەکێکە لەو بڕیارانە راستە ئەمە هێرشێکی گەورەیە لە جەنگی ئابووری لەوانەیە بگرە زیاتریش بێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین بەتەواوی بیقۆزینەوە لەوانەیە ئێمە صیغەیەکی جیهانی پێ دروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زانیاریتان ئەمرۆ رۆژنامەکانی عێراق جاریان داوە کە وەرەقەی (٢٥) دیناری بچووکتر کەئەوراقی لە «٢٥»بچوکتر چاپ دەکەن، استنساخ دەکەن، لەوانەیە ئەوە خەتەری دووەم بێ بۆ کێشانەوەی «١٠-٥»دیناری ئەسلی ،سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو ئایەتەی کە ماموستا مەلا محەمەد ئەمین ئاماژەی بۆ کرد کە دەفەرمووێ «عسی ان تکرهوا شیئا وهو خیرٌ لکم وعسی ان تُحبوا شیئا فهو شرٌ لکم والله یعلم وانتم لاتعلمون» شکی تێدا نییە ئەو شتەی کرا پیلانێکە لە میللەتی کورد کراوە ومن بەرچاوم روونە کەدەڵێ (ینقلب السحر انشاءالله علی الساحر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوە نیشانەی هەرەس هێنانی ئابووریە، چونکەیەکێک لەدیاردەکانی ئەو هەرەس هێنانە نەمانی نرخی پارەیە.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیاری من وەک چارەیەک جارێ بدرێ کە مامەڵەت بە«٢٥»دیناری ئەکرێ وهەرپارەیەکی«٥-١٠» دیناری دەرکرێ چ بۆ دەرەوەی کوردستان چ بۆ عێراق، ئەو پارە دەستی بەسەردا بگیرێ وحساب بکرێ بەخیانەت دژی میللەتی کورد، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم ئەو بابەتە بەتێرو تەسەلی باسکرا بۆ دوا وشەیش، جەنابی وەزیری دارایی بابفەرمێ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشەکی قسەی من بەهەندێ وەڵام دانەوە دەست پێ دەکات، چونکە هەندێ هێما کراوە، ئەگەر لەسەری بوەستین وەڵامی دەبێ بەراستی لەمێشکمان شت دروست بکات، مەسەلەی قەدەغەکردنی پارەی (استنساخ)بۆ کوردستان یەکێکە لە شتە بنەڕەتیەکانی پاراستنی نرخ و بازاڕ لە کوردستانی عێراقدا ئەوە مەسەلەی ژیانە، حەز ناکەم مەسەلە لەرووی شتی وادا باس بکرێ وەردەگیرێ، وەرناگیرێ تۆ دەبێ قانوونەکەی خۆت دیاری بکەی، نەهێڵێ ئەو عملە زیان لە دارایی کوردستان بدات و ئەمەش بەیاسا دەکرێ، هی ئەوەنییە هەریەک جیاوازە لەو رۆژە تێبینی ئەوە دەکەین بازاری کوردستانی بلۆکی دیناری (مستنسخی) تێ کەوتووە تائەوانە دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێ بەپێی یاسا مافی ئەوەمان هەبێ دەستی بەسەردا بگرین، خاوەنەکەی لەگرتوخانە دادەنێین بەڕێزت ئاماژەت بۆ کرد کەوەزارەتی دارایی دەبوایە لە دوێنێوە ئیجرائات وەرگرێ ئێمە دوێنێ پەیوەندیمان بەبەڕێزتان کرد وئەو مەسەلانە تەنها دەبێ لەپەرلەمان بریاری لەسەر بدرێ

چونکه مەسەلەیەکی ئابووری یە، بە یاسا نەبێ چارەسەر ناکرێ و بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ ناکرێ، چونکە من مافی ئەوەم نییە بڕیارێکی وزاری دەرکەم بڵێم دراوی (٢٥)دیناری ئەسلی معامەلەی پێ ناکرێ دراوی نیشتمانیی ئەوەیە تۆ لە جێگەیەک دەست بکەی بەگیرفانت لای کەسێک شتی پێ بکڕێ لە دارتاش شتی پێ دروست بکەی جگەرە فرۆش جگەرەی پێ بکڕێ، ئەوە پێی دەڵێن دراوی نیشتمانی واتە من باسی ئەوەم کردووە باسی ئەوەم نەکردووە دیناری عێراقی (عملەی وطنی) یە، ئێمە ان شاءالله رۆژێک دراوی خۆمان دەبێ، ئەوکاتە بزانین چی لەسەر دەنووسرێ، بەڵام ئێستا من باسی ئەو عوملەیە دەکەم کە ئێمە معامەلەی پێ دەکەین، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دراوەی کە رژێم هەیەتی، وەکو دەست نیشانم کرد مەسەلە هەر ئەوە نییە کەبازگەکان مەنعی پارە بکەن ئێمە دەبێ هەڵمەتێک بکەین سنوورەکانی خۆمان وناو بازاری خۆشمان کۆنترۆڵ بکەین، ئێستا پارە زۆرەکان لەناو بازاردا لەبازگەکاندا دەتوانن چەند رێگایەک هەیە رێگەی قاچاغەکان کەس نییە لای ئێمە نەزانێ کامە رێگا قاچاغە کامەی هی رژێمە، کۆنترۆڵی بکەین بەشەو مەفرەزە دەربچێ بەوە کۆنترۆڵ بکرێ، ئێستا لەوانەیە بتوانین لە ٤٠٪ بەرزەفت (ضبط) بکرێ دوایی لە ٥٠٪، بەڵام ئەگەر نەیکەی مانای هەموو پارەکان دەرژێنە کوردستان مەسەلەی گۆڕینی عملە وەکو چارەسەرێک هەمیشە باسی ئەوە کراوە ئەوە بەبڕیاری ئێمە نییە ئێمە هەر وەختێک توانیمان لەرووی سیاسیەوە لەرووی یاسای دەوڵەتانەوە ئەو مافەمان هەبێ، ئەگەر ئەو رۆژە نەمان کرد ئەو وەختە بەرپرسیارین بەرامبەر بە مێژوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتانەمان تەواوکردو بەتێرو تەسلی باسمان کردن، بەڵام سێ بابەتی تر هەنە لێرە، ئێمە هیچ پرۆژەمان بۆ نەهاتووە نە لە حکوومەت نە لە وەزارەتی داراییەوە، ئێمە ئێستاکە بڕیارێک وەرگرین بەرامبەر بابەتێک کە ئیجرائاتی راپەڕاندنە، دەڵێن وەزارەتی دارایی ئەو دەسەڵاتەی هەیە، حکومەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بۆ مەسەلەی ئەو (استثنائانە) ئەگەر پێویست هەبێ بە بڕیاری تەشریعی لە پەرلەمانەوە هەر کات خرایە روو، ئێمە ئامادەین دانیشین ئەو بڕیارە بنووسین پاش گفتوگۆ کردنی بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵام دیسان سێ خاڵی سەرەکی دەمێنێتەوە، سێ پرسیاری گەورە دەمێنێتەوە، دیسانەوە من جەخت دەکەمەوە کە «٢٥»دیناری ئەوەندە هێزەی کە تا ئێستاکە هەیەتی ئەگەر چارە نەکرێ، ئەوا پاش«٢» رۆژی تر، هەندەی تر بێ نرخ دەبێ، بەڵکو نرخی هەر نامێنێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن دەسەڵات درا بەوەزارەتی دارایی کە هەندێ هەنگاو بهاوێژێ بۆ رێگا گرتن لەمامەڵە

بەپارەی«٢٥» دیناری هەقـە بەنسـبـەت پارەی (اسـتنسـاخ)یش ئەو دەسـەلاتەیان بدەینێ بۆ ماوەیەکی کاتی کەئەویش بەربەست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

حکومەتی ئێمە ئازادن لە دەست بەکار بوون، بەمەرجێک لەچوار چێوەی یاساکاندا بن، پێویستی بەشتێکی (اشتثنائیە)نییە.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وابزانم باشتر وایە ئێمە پاش نیوەڕۆ کۆبینەوە، چونکە دەمانەوێ فریای کاروبارەکانمان بکەوین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بەم مـەسـەلەیەوە ،بەش بەحـاڵی خـۆم کـەئەندامی مـەکـتـەبی راپـەڕانـدنم لـە«inc» واتە کۆنگرەی نیشـتـمانی عێراقی پێویستـە زوو پەیوەندی لەگەڵ سەران و لێپرسراوانی ئەو کۆنگرەیەدا بکەم بۆ ئەوەی بزانین ئەوان کەوا عێراقین وەکو حکومەتی (بدیل) لە هەرێم بزانین چی لەو بارەوە بە پێویست دەزانن ئەو داخوازیانەی ئێمـە بیرمـان لێ کـردووەتەوە کەداوا بکەین لەئەو وڵاتانە کە رصیدی عێراقی لێ یە و راگیراوە (تجمید) کراوە کارێکی وابکەن کەبەرامبەر بەو رصیدە بگۆڕنەوە ئەوە کارێکی زۆر رەوایە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـێـخ نـوری /وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وشەیەکی کۆتاییم هەیە، بەڕێزان کۆکردنەوەی هەمـوو ئەوانەی باسمان کردن پێویستی بە هەندێ دەست بەکار بوونی (اجراءاتی) ناوخۆ هەیە هەندێ دەست بەکاربوون(إجراءات) لەدەرەوە بکەین ئیجـرائاتی دەرەوە یانی پەیوەندی کـردن، لەبەر ئەوە حەز دەکـەم ئەو مـەسـەلـە زیاتر ئاشکرا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بێگومـان ئێـوە دەتوانن هەنـدێ (اجرائات) وەرگـرن وپێـشنیـاری هەندێ شت بکـەن وداوا بکەن لە پەرلەمان هەندێ بڕیار یا یاسا دەربکات بۆ راگرتنی.

**بەڕێز فـەرەنسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەزارەتی دارایی دەبێ ئەمە ئەمرۆ ئیجرائاتێ بکات، ئەگەر چاوەڕێی ئەوە بکا (مذکرەیەک) بدات وکۆبوونەوە بکەین حەقە چۆن ئیجرائات بەرامبەر(٢٥)دیناری دەکات باهەر ئەمرۆ بەرامبەر پارەی (استـسـاخ)یش بیکات، پاشـان ئەگەر پێویست بوو بێێن ئێـمـە (تجـمـیـد)ی بڕیارەکە دەکـەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر شتێک بە بەرژەوەند دەزانن ئەمڕۆ بەتایبەتی بۆ چارەسەری ئەم رەوشە بابکرێ، پاشان هەر پێشنیارێک پێشکەش دەکرێ باگفتوگۆی لەسەر بکرێ، بۆ پێشنیاری بەڕێز د.فوئاد کە ئەمڕۆ پێنج شەممە کۆبوونەوە نییە، بەلآم لەبەر ئەو بارودۆخەی هاتە پێش وتمان با بەردەوام بین دوای نیوەڕۆ هەم زیاتر باسی ئەو مەسەلەیە بکرێت و یاسای خوێندنی بالآیش لەپێش دەستەو ئەگەر بە بەرژەوەند دەزانن با کۆتایی بەویش بێنین؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز د.کمال دەکەم هەندێ ئیجرائات لە ناوەوە بکرێ، وەخت نەماوەو من لەگەڵ ئەوەم کۆبوونەوەکە دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک یا دوو کەس با بەرپرسیارین لەوەی کەپەیوەندی بەدەرەوە بکەن، ئەمە سێ هەفتەیە کۆبوونەوەمان نەکردووە، کۆمەڵێ یاسا هەیەو لەژێر دەستمانە دەبێ تەواوی بکەین، گفتوگۆیان لەسەر بکەین و بیان خەینە دانیشتنی ئایندە یەک شەممە سەعات «١٠»یە....سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٥/٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٩/٥/١٩٩٣

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ٩/٥/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٣٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١- بەردەوام بوون لەگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەکەمان بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا، ئەگەر هەردوو فراکسیۆنەکە شتێکی نوێیان نەبێت لەتازە بابەتدا بابەردەوام بین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە خاڵێکمان هەیە بۆ گفتوگۆ کردن، زۆر لەقوربانی یەکان، منداڵانی هەڵەبجە لەدەرەوەن بۆ چارەکردن، ئەوانە چووبوون هیچ کەس وکاریان هەواڵیان لێ نازانن، ئەگەر بکرێ لەڕێگای حکوومەتی کوردستانەوە ئەو وەفدانەی دەچن بۆ ددرەوە بەڵکو سۆراغێکیان بۆ بکەن بۆ ئەو مەبەستە لەوانەیە کاک شێخ محسن هەندێ قسەی هەبێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر چی خاڵی تر نییە تەنیا ئەوخاڵەیە کە جێگیر بکرێ..کێ لەگەڵە ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا جێگیر کرا.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باتەنها ئەوەی کاک فرەنسۆ فەرمووی لەناوچەی هەڵەبجە زۆر لەوانەی کەخاوەنی ئەو خێزانە قوربانیانەن زۆر جار هەوڵ دەدەن لەڕێگای پەرلەمانەوە، بەڵکو سۆراغێکی ئەو برینداراانەیان بۆ

بكرێت چونكه زۆربەیان بەتەمای ئەوەبوون كە نەمابن، بەڵام لەئێزگەی تاران و گەلێك ئێزگەكانی دەرەوە هەندێ جار زانیاریان لەبابەتی سۆراغی ئەوانەوە بۆ بڵاوبۆتەوە، لە خەستەخانەكانی وولاتانی بێگانەن، جائەمانەوێ ئەو خەڵكە دڵنیایی پەیدا بكەن لەوەی كەماون یان نا؟ چونكە ئەڵێن (اليأس،احدی الراحتين) ئەگەر دڵنیا بن لەوەی كە نەماون ئیسراحەتیان ئەكرد، بەڵام تائێستا لەوە دڵنیا نین ودڵنیاشن لەوەی كەلەو خەستەخانانە بریندار هەیە. لەبەر ئەوە سۆراغ كردنیان زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

واتە وەكو داوایەك لەدەرەوە لەنوێنەرانمان داوا بكەین كە سۆراغێكی ئەو بریندارانەمان بۆ بكەن، كە لەكارەساتی هەڵەبجە برینداربوون كە ئێستاكەش لەدەرەوەن بۆ ئەوەی بەزووترین كات ئاگاداری كەسوكاریان بكرێتەوە كە وزعیان چۆنە؟ ئەم راسپاردەیە بكەین وهەوڵ بدەین لەرێگای وەزارەتی كاروباری مرۆڤایەتی ئەو شتە ئەنجام بدرێت. دوایی دێینە سەربەرنامەی كاری خۆمان.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر پرسیار هاتووە دەربارەی مەسەلەی (٢٥)دیناری یە، كە وەڵامێكیان بدرێتەوە كەلەم بارەیەوە شتی وامان لا نییە، هەر وەختێك شتێكی تازە بێت ئاگاداری ئێمە بكەنەوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوێنێ شەو لەگەڵ وەزیری دارایی باسی هەندێ شتمان كرد، لەڕاستیدا وتی ئەگەر شتێكی تازە ببێت ئاگادارتان ئەكەینەوە ئەگەر پێویستیش بوو بۆ هەندێ روونكردنەوە ئەوە ئامادەیە. داوای لێ دەكەین كە بۆ (١٠)دەقیقە یاچارەگێك بێتە ئێرە بۆ ئەوەی دوا شت بەئێوەش بگەیەنێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگە/(٥) مشاريع الموازنات العامة المقدمة من قبل الجامعات وهيئة المعاهد الفنية.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگە(٥) ئەو كەسایەتییە (معنویە) سەربەخۆیەی ئەنجوومەن خەریكە وورد دەكرێتەوە كە جێگای نییە (اقتراح مشاريع الموازنات العامة المقدمة من قبل الجامعات وهيئة المعاهد الفنية) پێویستە ئەنجومەنەكە خۆی یەك یەك بودجە پێشكەش بكات هی ئەوان پێشنیار دەكەن بەڕای من صیاغەكە وابكرێت كە ئەو ئەنجوومەنە خۆی بودجەی خۆی پێشكەش ئەكات نەك هی ئەو. ئاوا وردی بكەینەوە یانی كەسایەتییە (معنوی) یەكەی لەڕووی دارایشەوە پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكە بەم شێوەیە پەسەند ترە (اقتراح مشاريع الموازنات العامة لجامعات وهيئات المعاهد

الفنيـة) ئـەو (مشاريعة)ش بكرێت بە (مشـروع). (تقديم مشـروع الموازنات العامة للجامعات وهيئات المعاهد الفنية).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بودجەی گشتی هەر زانکۆیەک پێشنیاری موازنەی خۆی دەڵێ. زانکۆ کەسایەتیەکی (معنوی) خۆی هەیە، پرۆژەی زانکۆ پێشنیار بکەن بۆ ئەنجوومەن بەو شێوەیە بێت (دراسة وتوصية مشاريع الموازنات العامة المقدمة من قبل الجامعات وهيئات المعاهد الفنية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەنجوومەن بێشنیاری پرۆژەی بودجە ئەکات، لەسەر ئەو پێشنیارانە ئەیکات کە لەزانکۆکان بۆی دێت وکۆی ئەکاتەوە وپێشکەشی وەزارەتی ئەکات. ئەبێت لایەنێکی ناوەندیی ڕێنمایی زانکۆکان بکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو زانیاری بۆ هەموو جێگایەک دەچێت بۆ زانکۆش دەچێت هەر زانکۆیەک پێشنیاری بودجەی خۆی ئەکات و دەینێرێت بۆ ئەنجوومەن و دراسەی هەموویان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر واتەماشای بکەین ئەوکات وەزارەتی ناوخۆ دەبێت بڵێت ئەوەی کەپێشنیار دەکرێت لەپارێزگاکان لەپۆلیس و ئاسایش، بەنسبەت وەزارەتەکانی تر هی پیشەسازی وکشتوکاڵ یاخود هی دارایی یاهی هەر وەزارەتێکی تر، لێرە ئێمە بریارمان وایە بۆ دەقە سەرەتاییەکان کە ئەو ئەنجوومەنە کەسایەتی (معنوی) تەواوی هەیە وەکو ئەنجوومەنی دادوەرییە. سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەو بۆچوونەی کاک جەمیلم پێ باشە بۆ پرۆژەی بودجەکان، هەر زانکۆیەک پرۆژەی بودجەی خۆی هەیە پێویستیەکانی خۆی دەزانێ سەربەخۆیی زانکۆکانیش وەختێک ڕەچاو بکەین لەو حاڵەتە بودجەی خۆیان باپێشکەش بکەن پێشنیاری دەقێک دەکەم(دراسات مشاريع الموازنة العامة المقدمة من قبل الجامعات والمعاهد الفنية وتقديمها لمجلس الوزراء في مشروع موحد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی هەمان شێوە ئەگرێتەوە، وەکو (تقديم مشروع الموازنة العامة). ئەو ئەنجوومەنە خۆ لە هەواوە نایهێنێت لەناو ئەو دەزگایانەوە ئەیهێنێ کە لەبەردەست دان، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەو دەستە هونەرییە کە ناوی لێرەدا هاتووە؟ هەیە؟. نازانم ئەگەر پێک هاتبێت من ئاگام لێ نییە لەهیچ شوێنێکی تر من ئەو ناوەم نەدیوە(هیئة المعاهد الفنية)، سوپاس.

**بەڕێز د. مــحــــەمــــەد فــوئاد مــــەعـــســـــوم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دەربارەی پەیمانگا هونەرییـەکـان هەر پەیمانگەیە (مـەعـهـد)ە ڕاسـتـەوخـۆ سـەر بە سـەرۆکـایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیرانە دەسـتـەی پەیمانگا هونەرییـەکـان لە پڕۆژەی یاسـاکە لە دوایی دەکـرێت، ئەو دەسـتـەیە بریتـییـە لە سـەرۆکی دەسـتـەکـە و ڕاگـرەکـان خـۆی و سـەرۆکی دەسـتـەکـە کـە ئەندامـە لەئەنجـوومـەنی (التـعليم العـالي) وئەویش مـەرجی خۆی هەیە کێ دەبێ بەسەرۆکی ئەو دەسـتـەیە لەعێراق دەستەی پەیمانگە هونەرییەکان هەیە سوود لەو پێڕەوە وەرگیراوە. هی پەیمانگەکانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لەمادە(٤)دا جێگیرمان کردووە (رئيس هيئةالمعاهد الفنية في الاقليم) بڕیاریشمان لەسەر دا کرد لە مـادە(٤)دا وتراوە (٤) (رئيس هيئة المعاهد الفنية في الأقليم) ئەندامە، ئێستاکە ئەو مافەی هەیە کە ئەو پڕۆژەیە پێشکەش بکات.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

مەبەستم ئەوەیە بەرەسمی ئەو دەستەیە تا ئێستا بێک نەهاتووە دەبوایە دەستەکە پێک بێت ئینجا ناوەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ناوەکـان کە دەرئەچێت لەسەر ئەو دەسـتـەیەی کە دروست دەبێت مـاقـوول نییـە، چونکە ئێـستـا کە زانکۆکـان ئەو ئەنجـوومـەنەیان دروست کـردووە، کـەچی هەتا ئێـسـتـا ئەنجـوومـەنی وەزیران ئەو دەسـەڵاتەی نییـە، بە حـوکـمی یاسـا کـەوا دەسـتـەیەک دروست بکات ئەبێ یاسـایەکـە دەربچێت، ئەوسا ئەوانیش بەپێی یاساکە دەستەکە دروست بکەن.

**بەڕێز حـــــســــــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لەمـادەی(٣١)ی ئەو یاسـایەدا هاتووە دەڵێت(تؤسس بموجب هذا القانون هيئـة تدعى هيئـة المعاهد الفنية في الأقليم ويكون مركزها اربيل)، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

مەبەستم ئەوەیە کەپێش (هیئە)تەکە هاتبایە نەک لە دواوە ئاخر شت بێ و، ئینجا لەمادە(٣١) هاتووە دەڵێت تأسیس، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

ئەگەر زانکۆ کەسایەتیەکی (معنوی) هەیە، بەڵام هەتا ئێستا باسی زانکۆو سەرۆکی زانکۆمان نەکردووە و، باسی ئەنجوومەنی زانکۆشمان نەکردووە.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـحـــمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

مادام پێناسەکان جێگیر کراون کە مەبەست یاساکە لەهەر شوێنێکدا بێت قەیدی ناکا مادام چەسپ کـراوە (المعاهد الفنیة یقصد بها) ، بەڵام دەربارەی ئەو بابەتە سەرنجێکی تریشم هەیە، دەربارەی پێشنیاری ئامادەکردنی پرۆژەکەی(مجلس التعلیم العالي) بێگومان دەستگایێکی تەواوی نییە بۆ ئامادە کردنی بودجە، مانای وایە بودجەی جیا لەزانکۆکان وپەیمانگەکان دراسەی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

من بەش بەحاڵی خۆم وای ئەبینم کە ئەو ئەنجوومەنە شت دروست ناکات، بێگومان بەکورتی وبەدیاری کـراوی با قـســە بکەین، بەتەواوی ئەوە کـاری وەزارەتی خـوێندنی باڵایە، وەزیری خـوێندنی باڵا هاوسەنگی لە نێوان بەشەکاندا ئەکات، جا ئەبێ بنووسین وەزیر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکات.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

یەک شی کردنەوەی یاسایی بۆ وشەی (تقدیم ) لێکدانەوەیەکی زۆر فراوانتری هەیە کە (دراسە) و(توصیە) تقدیمە، کە (دراسە)شی تێیدایە و(توصیە)شی تێدایە، بەڕای خۆم( تقدیمە)کە زۆر فراوانترە دەستیان نابەستێتەوە (مجلس التـعلیم العـالي)تەنیا دەسەڵاتەکەی لە(دراسەو تەوصیە)دا دابنێت، واتا ناتوانێت شتی تر زیادە بکات.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

باپێشنیاری یەکەم بخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری یەکەم بەم شێوەیەیە، (تقدیم مشروع الموازنة العامة للجامعات وهیئة المعاهد الفنیة) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کراو، ئەمە ئەبێتە خاڵی «٣».

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

برگـــە(٦) الأعتراف بالمؤسسات الجامعیة والعلمیة الأجنبیة واقرار اسس التعادل لدرجاتها شهاداتها العلمیة.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی دان نان بەبڕوانامەی زانكۆ وپلە زانستیەكان دەبێت لایەنێكی زانستی بەرز بێت ئەو لایەنە زانستیانە فت(حذف) بكرێت مادەی(٤)،جا ئەبێ لێر دیسانەوە بەڕای من باسی بكەینەوە لەپێشدا لەماددەی (٤) وتمان (الجهة العليا في اقليم كوردستان) فت (حذف) بوو یەكسەر ووتمان (يتألف المجلس ) ئێستا دان نان بە دەستگاكانی زانكۆ وپەیمانگاكان وپەیمانگا هونەرییەكان ئەبێت لەلایەن لایەنێكی زانستی بەرزەوە بێت. هێشتا باسمان نەكردووە ئەبێ ئەو خاصیەتەی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەپێناسی مادده(٤) (المجلس الجهة العلمية العليا) كەلامان دا مانای ئەوە نییە كە(مجلس) لایەنی زانستی نییە خۆی كەلامان داوە پێویست بەو پێناسە ناكات بلێین ونەلێین هەر لایەنی بەرزە (عليا)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چونكە ئەگەر تەماشای مادده(٢) بكەین كە دەڵێ:(يشكل مجلس التعليم العالي والبحث العلمي) وابزانم خۆی ئەو پێناسە لە مادده(٤)یشدا جەختمان لەسەر كرد كە ئەگەر ئەو لایەنە بالایە نەبێت ئەی كێ یە؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە (اعتراف) بـ(المؤوسسسات الجامعية) وابزانم ئەو دەستەواژەیە تەواو نییە، وشەیەكی كەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسكی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەروا دەبینم صیاغەی دەقەكە زۆر باش نییە، (اعتراف) بەچی ئەكات؟ شوێنی (اعتراف) لێرە (تەشجیع)ە (تشجيع التعاون الثقافي والعلمي مع الجامعات والمراكز العلمية والثقافية والأجنبية) وپێویستە هێما، بۆ قوتابی سەركەوتوو بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە دوو مەسەلەی جیاوازن، (اعتراف) بەدەستگا زانكۆییەكان وبیانی لەدنیادا گەلێك دانیشگاو زانستگا هەنە، پەیمانگا هەیە، كە لە وولاتی تردا دانیان پیاناهێن، چونكە جاری واهەیە بڕوانامەی بەپارە ئەدرێتێ، جۆری خوێندن ئەو جۆرە نییە كە سوودی لێ ببینرێت،

بەتایبەتی لەووڵاتانی ڕۆژ ئاوا، لەبەر ئەوە دەبێ دەزگایەکمان هەبێت کە (اعتراف) بکات، بڵێین فلان زانکۆ دانی پێاهێندراوە وەفلان پێی نەکراوە ئەم داڕشتنی (اعترافە) زۆر لەجێی خۆیدایە، زانکۆ هەیە لەبەر فلان هۆ ئێمە دانی پیانانێین (اعتراف)ی پێ ناکەین، چونکە قوتابی وەرئەگرێ بەبێ ئەوەی دواناوەندیان تەواو کردبێت، لەووڵاتی خۆی هەندێ زانکۆ هەنە دانیان پیان نەندراوە، بڕوانامەکەشی ناوی گەورەیە، ئەوەی دووەم بابەتێکی ترە هاوتاکردنی (تعادلی) بڕوانامەیە ئەو بڕوانامە کەهی گەورەترین زانکۆی دنیا کە اعترافیشی پێ کرابێ ئەبێ بێتە ئەم ووڵاتە کە بەرامبەر بەچ شەهادەیەکی ئێرەیە، بڵێین دکتۆر(P.H.D) بەرامبەری بەدکتۆرای (P.H.D) عێراقە، ماجستێری هەندێ زانکۆ بەرامبەر بەبەکالۆریۆسە ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە لەوێدا هاتووە وەکو لەسەرەوە نووسراوە لەپسپۆڕایەتی (اختصاصی) ئەو ئەنجوومەنەیە، بەڵام وابزانم ئەو برادەرە راستی داڕشتنەکەی زۆر ڕێک وپێک نییە ومەسەلە تەنها هەر (اعتراف) نییە، (عدم اعتراف)یشە، واتا هەردووکی لەڕووی داڕشتنەوە پێویستە بگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وایە، بەڵام جاری واش هەیە تۆ دان بەزانکۆ کە دادێنی وەکو زانکۆ وبڕوانامەکانی، بەڵام هاوتا کردنی (تعادلی) بڕوانامەکەی بەچی ئەکەی؟ چونکە ناوی بڕوانامەش ئەگۆڕدرێت وەک ئەزانین هەندێ بڕوانامە هەیە، بەڵام بۆ نموونە ناوی نەناوە دکتۆرا، ئێستا هەیە لە(ئیتالیا) بڕوانامەیان هەیە هەندێکی ماجستێر وهەندێکی دکتۆرا بەپێی ساڵ وبەپێی کارە، جانازانم شتێکی تر بۆ ئەوە بدۆزرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەڕێز د.عیزەدین فەرمووی کە دان بەزانکۆکە دانەهات بڕوانامەکەی هاوتا ناکرێ. لەعێراق سەودای (تعاملی) پێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ زانکۆکە یەکەم ئەبێت دانی پیابنێین کە زانکۆکە لەسەر مەرجی زانستی قوتابی وەردەگرێ، خوێندنەکان وژمارەی دەرس وجۆری کۆرس وئەوانە، دووەم بڕوانامەکان کەناویان جیایە جاری واهەیە ئێستا لەفەرەنسا دکتۆرای زانکۆو دکتۆرای (دەولە) هەیە دکتۆرای فەرەنسا دکتۆریش لەزۆر شوێن بەماجستێر حساب ئەکرێت دکتۆرا (دەولە)کەیە، بەپێویستی حساب دەکرێت جاری واهەیە کەتۆ دانت بەو زانکۆیە دانەهێنا هەرچی بێت بڕوانامەکەشی دانی پیانابنێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر بامەرنی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری د.عیزەدین دەکەم، چونکە پێویستە (اعتراف) بەهاوتاکردنی (تعادلی) بڕوانامەی تێدا بێت بۆ نموونە لەفەرەنسا لەبەرزترین خوێندنی (بەیتار)ی ناوی نەنووسراوە زانکۆ، مەرج نییە ئەو شتەی دەیهێنێت ناوی زانکۆی لەسەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی دەربارەی داڕشتنەکەوە ئەوە نییە بلێی جۆرێک هاودژی پەیدا دەبێت، ئێمە یاخود ئەنجوومەنی فێرکردنی بالاّ پابەند نییە زانکۆکانی دونیا هەمووی هەڵبسەنگێنێ، ئینجا اعتراف بەهەندێکی دەکات یان نا، ئەو سەودا لەگەڵ ئەو زانکۆیانە دەکات لەڕێگای ئەو بڕوانامانەی کە بۆی دێت، لێرەدا مەسەلە شتێکی عملیە نەک تیوری (نظری) لەسەر ئەو بنەمایەی (اقرار أسس تعادل الدرجات والشهادات العلمية الصادرة من المؤسسات الجامعية والعلمية والأجنبية) داڕشتنێکە بڕ بەپێستی یەتی ئەگەر لەو ڕووەوە تەماشای بکەین، بەلاّم لەلایەکی ترەوە پابەند بێت (اعتراف)دەکات یان نا ئەوە ڕاستە دەبێت بووترێت، بەلاّم ئایا ئەرکی ئەو ئەنجوومەنە ئەوەیە؟ چونکە ئێمە دەڵێین (الأعتراف بالمؤسسات الجامعية والعلمية) ئەوە ئەرکێکی بۆ دەست نیشان کرد ئەو پابەند ئەبێت کە زانکۆکانی هەموو دنیا هەڵبەسنگێنێ (تقيم) بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو زانکۆیەی کە سەودامان لەگەڵیدا ئەبێت ئەوە لێک ئەدەینەوە (اعترافی) پێ بکەین یان نا، مەسەلە هەر بڕوانامە نییە، بۆ نموونە لەساڵێکدا یا دووان بڕوانامەی جیاجیا دێت بۆ ئێرە بۆ نموونە کۆمەڵێک بڕوانامە کە بۆ کوردستان (زانکۆی سەلاحەدین) دێت هێشتا بۆ بەغدا نەچوون، دەبێ ئێمە بزانین ئەو زانکۆیانە چۆنن وچۆن نین ئینجا نرخی بدەینێ، قوتابی بنێرین ٥-٦ ساڵ بخوێنێ وبێتەوە، ئینجا بلێین دان بە بڕوانامەکەت داناهێنین، لەبەر ئەوە دەبێت پێشتر هەڵسەنگاندنێکی زانکۆکان هەبێت مەرج نییە هەرچی زانکۆی دنیا هەیە لیستەمان لابێت بەڵکو ئەو شوێنانەی کە سەودایان لەگەڵدا ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕگەیە دووشت دەگرێتەوە، یەکێک وەکو دەستگاکان (مؤسسات)، ئەوەی تر وەکو ئەو بڕوانامانە یا ئەو بەڵگەنامە زانستیەی کە ئەیدات، هەردووکیشی ئەبێت دەزگایەک هەبێت ئەو شتە هەڵسەنگێنێ وەکو د.عیزەدین وتی ڕاستە ماقوولیش نییە ئێمە یەکێک بنێرینە دەرەوە ( ٧) ساڵ بخوێنێت ودوایی کە هاتەوە، زانکۆ بلێت ئێمە دان بەو زانکۆ کە دانانێین، ئەبێت پێش وەخت دەستگا زانستیەکانی ئێمە نەخشەیەکیان هەبێت بۆ ئەوەی قوتابی بنێرینە دەرەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی دوو برگە پەیوەندی لەنێوانیاندا نییە (الأعتراف بالمؤسسات الجامعية والعلمية والأجنبية) (اقرار اسس التعادل للدرجات والشهادات العلمية) ئی کێ؟ ئی خۆمان؟ یائی دەرەوە؟ پێکیان ببەستینەوە ،بەستنەوەکەش بەوە دەبێت بڵێین (لدرجتها وشهاداتها العلمية) یان (الصادرة من تلك المؤسسة) لەنێوان هەردوو برگەکەدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم لە د.عیزادین هەیە، ئایا هەموار کردنی پلەو بڕوانامە هەربۆ دەرەوە هەیە یالەناوخۆش هەمانە؟ هەموار تەنها پلەکانی دەرەوە دەگرێتەوە ،مانای وایە ناتوانین داخلی بکەین ئەگەر بەرەهاییەکەی پێشان بوایە بڕوانامەی هەبوایە دەیتوانی بیکات، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئێستا لیژنەیەکی هاوتا کردنمان (تعادلمان) لەزانستگای سەلاحەدین هەیە کەجاران لەبەغدا ئەکرا ئەمە جاران هەر بۆ بڕوانامەی بێگانە بوو، چونکە ئێمە لێرە خۆمان ئەیدەین خۆمان بڕوانامە ئەدەین و ئەڵێین بکالوریوس لەقانووندا ماجستێر لە ئاداب، لەبەر ئەوە هاوتای(تعادلی) ناکەین خۆی ئەنجوومەنی کۆلێجەکە بڕیار دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کەدوا شت لەلایەن بەڕێز د. فوئادەوە هەموار (تعديل) کراوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر کرا. ئێستاش بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری کاک دارۆش هاتووە، بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی کە لێی بکرێت.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری /وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تائێستا هەندێ ئیجرائات وشتی واکراوە حەز دەکەم ئاگادارتان بکەم ئەوەی لەهەمووی گرنگتر بوو بەرای ئێمە ئەوەیە بڵاوکردنەوەی ئەنکێتێک بۆ هاوڵاتیان بۆ ئەوەی مبلغ وژمارەی سەر دراوەکانیان لەبانک تۆمار بکەین، ئەمەش بۆ ئەم مەبەستەیە (حصر)ی پارەی ناو کوردستان بکەین یەکەم وەکو ئامارێک بزانین ئەو زەروەرو زیانانەی لەئێمە ئەکەوێ لەئەنجامی ئەو بڕیارەی ڕژێم چەندە وبۆ پاشە ڕۆژیش بۆمان بکرێ شتێک بۆ هاوڵاتیان بکەین، ئەبێ شتێک بۆ ئەو کەسانە بکەین کە بەپێی بڕیارەکە کە دەرچووە پارەیان لەکوردستان دا هەبووە نەک بۆ ئەوەی پارەی هەموو دەورو بەر بڕژێتەوە کوردستان بڕیارێکی تری حکوومەت ئەوەبوو چاودێریەکی توندو تۆڵی

حکومەت لەسنووری ئێران بکرێ، چونکە زۆربەی مەبلەغە گەورەکان کە دێتەوە ناو کوردستان لەسنووری ئەو دیوەوە دێت ، سێ یەم داواکردن لەرێکخراوە خێرخوازەکان کە بەپەلە قەبارەی یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ کوردستان زیاد بکەن خێرا بگاتە کوردستان، چونکە بۆمەسەلەی یارمەتی دانی هاوولاتیان ئەوەی بەکردار پێمان بکرێ ئەوەیە هەوڵ بدەین نرخ بێتەوە خوارێ، نرخ زۆر بەرز بۆتەوە ئەویش بەدوو شێوە ئەکرێت یەکێکیان لەگەڵ خێرخوازەکاندا هاوئاهەنگی بکەین وفشاریان بخەینە سەر، هەوڵ بدەین پەیوەندیەکانمان ترکیز بکەین بۆ ئەوەی بەپەلە خواردەمەنی بگەیەننە کوردستان وزۆریشی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا بیر لەوە ناکرێتەوە کە رژێمی بەغدا بۆی هەیە لەماوەیەکی کەم هەمان شت لەگەڵ «٥، ١٠» دیناری ئەسلیدا بکات، کەوابزانم ئەوە رەنگە کاریگەریەکەی زۆر خراپ تر بێت لە(٢٥) دیناری، رەنگە گۆڕانێک لەبارودۆخەکەمان بکات، واتا تەرکیزەکە هەر لەسەر مەسەلەی (٢٥) دیناری نەبێت. رەنگە ئەمە هەنگاوی تری بەدوادا بێت ئایا لەم بارەیەوە وەزارەتی دارایی ئامادە بونیان هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاک نەژاد لێرە نەبوو، ئێمە لەکۆبوونەوەی پێشوو زۆر باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد، نازانین دوای ئەم هەنگاوە هەنگاوەکی تری عێراق بۆ «٥، ١٠» دیناری ئەسلی سویسری هەبێت، ئەگەر وەکو ئیحتمالیش دایبنێین ئەگەرێکی گەورەیە، لەوانەیە ئەگەرێکی زۆر بچووک هەبێت کە دوادەکەوێت بۆ ئەوەی بۆی ئەو پارانەی لە«٥، ١٠»دیناری پێویستی بەوە بێت چاپی بکات (کەمیاتی) زۆرە ،رەنگە جارێ فریانەکەوتبێ هەمووی تەواو بکات ئەگینا هەمووی پێکەوە ئەکرد بەلای ئێمەشەوە وایە، بەڵام ئەو مەسەلە زیاتر بەستراوەتەوە بەو داواکاریانەی ئێمەوە لەدنیای دەرەوە لە ولاتە هاوپەیمانەکان لەنەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێمە ئێستا لەرەوشێکی سیاسی وادایین هەموو بڕیارێکی عێراقی بەنسبەت خەڵکەوە یاسایە، بەڵام ئێمە سووتەمەنی ئەو بڕیارانەین کە ئەو ئەیدات ئەو لەوانەیە بۆ مەسەلەیەکی تایبەتی خۆی بڕیارێک بدات بەڵام کاریگەرییە سلبییەکانی هەمووی بۆ کوردستان ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە، یەکێکیان لە بەڕێز وەزیری دارایی ودووەمیان لە د.کەمال فوئاد یەکەم ئەو ئەنکێتانەی کە دابەش کراون ماوەیان بۆ دانراوە کە تاچەند رۆژی تر وەربگیرێن، چونکە ئێرانیەکان دەستیان پێ کردووە، پارەی خۆیان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن لەناوچەی هەولێر زۆر

پارە گیراوە لەلایەن ئاسایشەوە دووەم پرسیارەکەم لە(د. فوئاد)ە وەزیری دارایی (I.N.C) هەڵوێستی چی؟ یە چ دەکات وەچ بڕیارێکیان دەرهێناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەبێ ئەوەی ماوەکە دەستنیشان بکرێ پارەیەکی زۆریان هێناوە وەبەشێکی زۆریان دابەش کردۆتە سەر بەرهەڵستکارەکان (معارضە) دەیانەوێ خەڵک ئۆتۆمبیل بکرێ بە (٢٥) دیناری مانای ئەوەیە ئەو پارانە دابەش ئەکرێت لەسەر هەندێ کەسی عێراقی ئەبێتە ماڵ لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان ودووەمیش بەنسبەت ئەو پەیوەندیانەی کراوە بەلێزانەکانی دەرەوە، بەڕای من ئێمە راپۆرتێکی دارایی لەسەر کوردستان، هەروەها لەسەر رەوشی داراییمان بەزمانی ئینگلیزی یا فەرەنسی پێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا (١٠) دیناری لەبازاڕدا زۆر لاواز بووە دوای (٢٥)ی نۆرەی (٥-١٠) دیناری دێت ئێستا (١٠)دیناری بەباشی مامەڵەی پێ ناکرێت پارەی زۆریش لەئیرانەوە هاتووە خواردەمەنی هەمووی شاردراوەتەوە نرخەکەیشی زۆر بەرز بۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من لەوەزیری دارایی وئابوورییە، بۆی هەیە ژمارەی پێناس بنووسن لەئەنکێت وبەس، چونکە نووسینی ژمارەی زۆر کردارێکی تۆزێک زەحمەتە لەوانەیە لەکردارە حسابیەکە هەڵەی زۆر ببێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆێ ئەم پارە کە لەشکستی باری دارایی عێراقەوەیە واکارەساتی تر بە دوای خۆیدا ئەهێنێت، ئەمە ئابلوقەیەکی ترە، بە بڕیارێکی سیاسی ئەبێ چارەسەر بکرێ، دەنا ئەمە خراپ دەکەوێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ تێبنیم هەیە یەکەمیان من دەستگای راپەڕاندنی خۆمان بەزۆر لاواز دادەنێم، هەتا ئێستاکە لەناو بازاڕی هەولێر هیچ ئیجرائاتێک نەکراوە هەتا تەقدیری ئەو بڕە پارەیەی کە لەناو بازاردا هەیە، یەکەم شت پارەی (موزەوەر) چۆن هاتۆتە کوردستان ئەو پارەیە کێ دەیکرێ بۆ کوێی دەبەن؟ ئەوە لە لانی چاودێری کردنی بازاری (المال) هەتا ئێستا سنوور دانەخراوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ دەیتوانی بەیانێک دەربکات تەنیا کەسێک ئەگەر بەقاچاغ بێتە ناو کوردستان بۆ ئەوەی

دەستی بەسەریدا بگریت، دوایی بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی بۆ بازرگانە بەشەرەفەکان کرد من داوای لێ بووردن دەکەم نالێم هەموو بازرگانێک، بەلام زۆربەی زۆری بازرگانەکان ئەگەر شەرەفیان هەبووایە لەماوەی یەک سەعات (١٦٠) دینار نەدەهاتە سەرفەردە برنجێک، ئەوەی لەوولاتی ئێمە رودەدا لەهیچ وولاتێک روونادات ومن پێم وایە هەندێ کەس باجی ئەو وولاتە نازانێت پێویستە ئیجرائاتێکی زۆر رەق لەدژی ئەوانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رام لەگەڵ کاک ئەیادە، لەوە نەبێت جیایە، من دەڵێم نەک لایەنی راپەڕاندمان لاوازە، بەڵکو من دەڵێم هەر نییە، چونکە ئەوانەی سەر سنوورەکان رۆژانە وەخت دابەش دەکەن لەسەر خۆیان بۆ دەستگیر کردنی ئازووقە کەوا بۆ کوردستان دێت، تا بیکەنە نیوە لەگەڵیان بۆ قوتار کردنی قاچاغ، دوێنێ هەمووتان دەزانن وەکو برادەران باسیان کرد تەنەکەی رۆن بە(١٧٠) دینار بوو لەماوەی سەعاتێک بوو بە(٢٨٠) دینار فەردەی برنج بە(٤٠٠)دینار بوو بووبە(٦٧٠) دینار من تەلەفۆنم لەگەڵ جەنابی پارێزگاری هەولێر کرد ووتم شتێکی واهەیە ئەویش ووتی زۆرم پێ خۆشە، تۆ بەپەرلەمان رابگەیەنی کەمن پارێزگار نیم، لەبەر ئەوەی ناتوانم، هەر وەزیرێک ئەو دەسەلاتەی هەیە هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەوپارێزگارە، هەر ئەندامی مەکتەب سیاسیەک ئەو پارێزگارە، من هیچ دەسەلاتم نییە، چوومەلای بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەزعەکەم بەدرێژی تێ گەیاند رەوشی شار کە شپرزەیە، لەوانەیە بتەقێتەوە، ئەو ئازووقەیەی کە ئێستا هەیە کیلۆی لە(٨)دینارەوە یەکسەر بووبە(١٣) دینار خۆ لەدەرەوە نەهاتووە لەناو کۆگاکاندایە. کۆکاگان پرن. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵێنی دا کە هەندێ شت بکەن، بەداخەوە تائێستا هیچ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. خەسرۆ محەمەد گوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینم هەبوو لەسەر مەسەلەی ئیجرائات لەناو شارەکاندا، دیارە لەگەڵ دەرچوونی بەیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەلاتی راپەڕاندنی شارەکان ئیجرائاتی خۆیان بکردایە، لەناو شارەکاندا کۆنترۆلی بازاریان بکردبایە بەراستی من بەدڵخۆشی یەوە ئەیلێم دوێنێ لەکفری وکەلار، دام ودەزگاکانی راپەڕاندن توانیان کۆنترۆلی بازارەکان بکەن وزۆربەی کەلوپەل و ئەو شتانەیان بەنرخی کۆن فرۆشتووە ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دام ودەزگایەی لەوشارانەدان لەبەیانەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئیجرائاتانە بکەن دیارە ئەبوو لەشاوەکانی تریشدا ئەو ئیجرائاتانەیان بکردابایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیسان دێینەوە سەر مەسەلەی ئیجرائات ئێستا دوێنێ برادەران کە کەوتنە ناو بازار زۆر جۆر لۆریە

ڕۆنیـان گـرتووه لەلایەکـەوە ئێـران تۆپ بارانمان ئەکـات لەلایەکی تـرەوە پڕ بووە لەئێـرانی، بەفـەردە وگەلاّبە (٢٥)دیناری ئەهێنن هیچ نەبێ وەکو لەناو شار هیچ ناکرێ، سنوورەکان ڕابگرین. دوێنێ لەڕانیە یەکێکیان لای زەلامێک ووتبوی هەرچی هەمانە ئەیهێنین ئەیدەین بەزەخیرەو ئۆتۆمبیل، بۆچی ئەو بوارەیان بدرێتێ؟ ئەو ڕۆژە لەسلێمـانی کـەهاتین پۆلیس داوای بەرتیلی لەئێمـە کـرد منیش گـرتم ئێسـتـا ئەوە لەگـرتووخـانەیە واتا پۆلیس بەحیسـاب پارێزگـاری لەشـاری سلێمـانی ئەکات، ئینجا قور بەسەر ئەوەی کە (T.N.T) ئەهێنێت بەچەند ڕەتی ئەکەن پەنا بۆ هەرکەسێک بەرین نەخشەکە هی خۆیانە، باخۆمان تۆزێک گورج وگۆڵ بکەین ئیجرائات لەناو خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**
**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

چاوەڕێ بووم وەزیری دارایی شتی زیاتری پێ بێت، هەرچەندە ماوەی نێوان پێنج شەممە تا ئێستـا زۆر مـاوەیەکی کـەمـە وتوانای دەوڵـەتی خـۆمـان ئـەزانین، بەلاّم هەندێ جـار مـرۆ لەحـاڵـەتی واپەنا دەباتەو بەر خەیاڵ، بەلاّم من دەمـەوێت دووخاڵ بلێـم، ئەوەی کە جەنابی باسی کـرد لەگـەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی، توانای وەزیفە ئەوە کۆنترۆلی سنوور هەرگیز نەکراوە، چونکە هەموو ئەزانین بەئۆتۆمبێل (٢٥) دیناری دێت. ئەو زێڕنگەرانەی ئاڵتون دەفرۆشن ئێمە نامانەوێ وەکو بەعسیەکـان بکەین، بەلاّم دووسێ ڕۆژ پێش ئێستا بۆ نموونە لەموصل هەردوکـانێکی زێڕنگەر بەیانی زوو (حەرەسی جمهوری) لەبەردەمی دوکانەکەی دانیشتووە، کەکابرا هاتووە ووتویانە زێرەکەت بکێشە بای چەندە چەکێکیان داوەتێ برۆ لەبانق پارەکەت وەربگەرە، کەچی ئێـمـە ئێرانییـەکـان هەمـوو ڕژاونەتە ناو هەولێر، تا ئەمرۆش چەند ئاڵتون لەناو هەولێر کراوە، تاوای لێ هات ئەمرۆ نرخی یەک (مـقـثـال) ئاڵتون گەیشت بووە (٣٥٠٠)دینار، نازانم ئێمە چۆن بەم شێوەیە چارەی شت بکەین ڕاستە ئێمە توانای دەوڵەتی خۆمان هەڵدەسەنگێنین دەزانین لەدەرەوە وەزعمان چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نـوری/وەزیری دارایی وئابووری:**
**بـەڕێـزســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

هەندێکیـان بەکورتی وەلاّم دەدەمـەوە ئەنکێتـەکـان مـاوەی دیاری کراوە، دووشەممە سـەعـات دوووی پاش نیـوەڕۆ لەگـەڵ تەواوبوونی دەوام تەواو دەبێت ئیـتـر ئەو مـەسـەلەیە دادەخرێت، هەمـووی لەکـوردستـانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ هەولێـر، لەبانقی مـەرکـەزی دەپارێزرێ بۆ ئەوەی دەسـتی تێـوەر نەدرێت، زۆر لەو بەڕێزانەی کە باسی ئەو ئێرانیانەیان کرد کە ڕژاونەتە هەولێرو شارەکان، ڕاستە هەندێ اجـراءاتی ئاسایش کـراوە ،مەسەلەی قاچاغ وشـتـومەکی گـواستنەوە لەهیـچ وولاّتێکدا ناتواندرێ ١٠٠٪ بەربەستی بکرێ، بەلاّم ئێمە هەوڵ بدەین تابتوانین ئەو مەسەلەیە کەم بکەینەوە

ئینجا زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە بەڕێزان کردیان مەسەلەی ئیجرائاتە کە ئەبوو من بەتەنیا لێرە نەبوومایە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ و بەڕێز وەزیری پێشمەرگە لێرە بووبان تا ڕووی دەمتانی تێ بکەن ،من ئەتوانم لەسنووری وەزارەتی خۆم ئیجرائات بکەم و باسی بکەم بۆ لێزانەکان و پسپۆڕەکان لەووڵاتی خۆمان دا گەلاڵەی بکەن، بۆ ئەنجوومەنی وەزیران چی ئەکرێت من دەزگای راپەڕاندنم نییە تابتوانم سنورەکانتان بۆ بگرم، ئەوە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ ئەتوانن ئەوە بکەن، یەکێک لە بەڕێزان پرسیاری کرد ئایا دەکرێت هەر مەبلەغەکە لەسەر ئەنکێتەکە بنووسرێت وتسلیم بکرێت؟ ڕەنگە هەندێ کەس زەرەری لێ بکات فریا نەکەوێت ژمارەکان بنووسێت، بەڵام ئەوانە زەرەریان لێ بکەوێت باشترە لەوەی لەپارەدا بخنکێن، چونکە ئەوەی کە دێت زۆر زیاترە لەوەی کە لەکوردستان هەیە ئەو ڕێگەیان چاکترە کە ژمارەیەکی کەم فریانەکەوێت پارەیەکی کەم تۆمار بکات وەک ئەوەی هەرچی پارەکانی دەرەوەیە لەسەر ئێمە تۆمار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم بەرەو ڕووکرایەوە وپێشەکی دەمەوێ هەڵەیەک ڕاست بکەمەوەو وەزیری دارایی (I.N.C) نیم، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە لەمانگی شوباتی ڕابووردو مەکتەبی راپەڕاندن لەسەلاحەدین کۆبۆنەتەوە کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە، لەو کاروبارانەیە کەبەرەو ڕووی ئێمەیان کردۆتەوە، جا ئێستا کەمن گەڕاومەتەوە هەوڵ ئەدەم لیژنەیەک دروست بێت لەعێراقی لەکوردو لەعەرەب بۆ ئەوەی کە سەرپەرشتی ئەو کاروبارانە بکەن، کە پەیوەندیان بەدارایی (I.N.C)یەوە هەیە نەک عێراقەوە بەگشتی وئەو مەسەلەیە هەتاکو ئێستا لەلای ئێمە ڕوون نییە، چونکە پێویستە وەڵامان بۆ بێتەوە، لەبەر ئەوە تا بزانین لەو بارەیەوە چی تەرخان کراوە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئێستاگرفتی ئەم (٢٥) دیناری یە لێپرسراوی (I.N.C) کە ئێستا لەدەرەوەن وەڵامان بۆ هاتووە ئەوەی ڕاستی بێ وەڵامەکان زۆر واقعی نین، یەکێک لەو وەڵامانە ئەڵێن خۆتان لەهەرێمی کوردستان لەبانقی مەرکەزی پارەدەرکەن بەرامبەر بەو پارەیە، وابزانم هیچ کاریگەریەتی نابێت ئەوەی کە تروسکەیەک ئومێدی تیا بێت ئەوەیە کە عێراق سەودا لەگەڵ ئێمەدا ئەکات وەکو وولاتێکی بێگانە، کە تا ئێتسا ئێمە ئەڵێین بەشێکین لەعێراق وتائێستا نەمان ووتوە جیا بووینەوە لەگەڵ ئەوەشدا ناهێڵێت (٢٥) یەکانی ئێرە لێرەوە بڕۆن بەرەو شارەکانی تر بۆ ئەوەی بگۆڕێنەوە وەکو بەشەکانی تری عێراق، لەبەر ئەوەی ئێمە مافی خۆمانە ئەگەر داوا لە(رەصیدی) راگیراو (مجمد) بکەین لەوولاتەکانی دەرەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئەومەسەلەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پێشنیارم هەیە بۆ وەزیری دارایی ئەگەر خۆشی نەیکات داوا لەسەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی

دەکەم کە بیکات و، دیارە وەکو ئەو وتی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەری بگرن وهەرەشە لەخەڵکی خۆمان بکەن کە ئەو پارانە لەدەرەوە دێن وەری نەگرن و هەرەشەیان لێ بکەن کە چرووک بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەمان زۆر لەبارەی ئەم بابەتەوە کرد، پرسیارەکان بەگشتی وەڵام درانەوە و، بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی کە لەلایەن جەنابی وەزیری داراییەوە پێشکەش کران مرۆ ئەتوانێ لەچەند خاڵێکدا بیبڕێنێتەوە، ئەنکێت بەسەر هاووڵاتیاندا بڵاو کراوەتەوە، داوا کراوە لەماوەیەکی دیاری کراودا ژمارەی پارەکانی (٢٥)دیناری بنووسن وهەروەها هان دراون ئەو پارانەی هەیانە لەبانقەکانی ئێمە دای بنێن، هیچ پابەندبوونێک لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە نییە بەرامبەر ئەو خەڵکەی کە پارەی خۆی لەبەنک دادەنێ، تەنها ئەوە بۆ دڵنیابوونێکە، لە ئایندە ڕەنگە بزانین چەندمان هەیە، هاوئاهەنگی لەنێوان وەزارات هەیە وپەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا بەهێز کراوە وداوا کراوە ئەوەی پێویست بێت بکرێت، بۆ ئەوەی نرخ بێتە خوارێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە/ ٥: تحديد الاسس العامة للقبول في الجامعات والمعاهد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە/ ٧ دەبێتە بڕگە(٥) کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەوە؟، کەس نییە... کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆی.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اقتراح انشاء جامعات في الأقليم و الغاء او دمج او نقل بعض منها .

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم وشەی (دمج)کەبوو ڕەنگە لەگەڵ (نقل) بێت، بەڵام ئەو (نەقلە) کارەساتی زانکۆ ی سلێمانیمان ئەخاتەوە بیر کە کارێک بوو ڕەنگە لەمێژووی هیچ زانستگای دنیادا نەکرابێت ڕژێمی بەعسی کردی، بەلای منەوە ئەو ووشەی (نەقلە) لاببرێت ئەوی تر لەجێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر ئەم (نەقلە) سەر بەحکوومەتی کوردستانە، ئیجرائاتێکیش کە بەعس جارێک کردی وزانکۆیەکی گواستەوە، بەڵام ئێمە نابێت لەهیچ کاتێکدا بوار بدەین بەحکوومەتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی زانکۆیەک بدات.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە(٦،٧) وابزانم هەردووکیان یەکن بەمادەیەک کۆتایی دێت، چونکە (اقتراح انشاء جامعات في الأقليم والغاء أودمج او نقل بعض منها) ئەوەی تر دەڵێت (اقرار فتح كليات او معاهد جديدة في الأقليم) کەواتە پێشنیار دەکەم بکرێت بە(اقتراح انشاء جامعات وفتح الكليات والمعاهد ودمج او نقل تشمل منها) یان بابڵێین (او بعض منها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا دوو شتی جیاوازن، یەکێکیان دامەزراندنی دانیشگایە، ئەوی تریش (اقرار)ە کەهاتینە سەر ماددە یەک گفتوگۆی لەسەر ئەکەین ئەم پێشنیارە کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(٧)/ اقرار فتح كليات او معاهد جديدة في الأقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە؟..کێ لەگەڵە ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە/ ٨ تقدم المقترحات الى مجلس الوزراء في كل شأن يتعلق بالتعليم العالي في الأقليم عند الأقتضاء.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو برگەیە هەر لابیرێت باشە، چونکە هەمووی بۆش ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە/ ٨، واتا (١٠)ی کۆنە، وەکو کاک د.کەمال فەرمووی ئەو پێشنیارە خۆی هەموو شتە، لێرە دیسان یاساکان (تحصيل حاصله) ئەو ماددەیە وەکو ماددەیەکی زیادە بۆیە پرسیارەکە بەو شێوەیە ئەکەین کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە نەمێنێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم مادەیە هەڵئەگیرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٨/ اقتراح تعيين رؤساء الجامعات ورئيس هيئة المعاهد الفنية وعمداء الكليات والمعاهد الفنية(بعد انتخابهم).

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەکۆبوونەوەیەکی لیژنەی خوێندنی بالآدا زۆربە یاهەموو برایانی لیژنەکە ڕایان وابووە ئەم جۆرە دانانە ڕاگری کۆلیژ بێت، چ سەرۆکی دەستەی پەیمانگاکان چ سەرۆکی زانکۆ بێت، وەکو زۆر وولآت ئەکرێت بەهەلْبژاردن یابکرێت بەپالآوتن دوو ڕا هەیە واتە ئێستا لەزانکۆ ڕایەک هەیە کە بەهەلْبژاردن بێت، جۆری هەلْبژاردنەکە دوایی دیاری دەکرێت، کێ مافی دەنگ دانی هەیە؟ ڕایەکی تر هەیە بۆ هەر یەکێک لەوانە بۆ ڕاگر بۆ سەرۆکی زانکۆ (٣) کەس بپالێورێت، لەو سێ کەسە ئیتر دەزگاکەی بەرەو زۆر تر بۆ ڕاگر بلێین ئەنجوومەنی وەزیران بێت، سەرۆکی زانکۆ بێت، ئەنجوومەنی وەزیران یەکێکیان لێ هەلْبژێری ئەو دوو ڕایە هەیە جا بەهەرحالْ دەبێت مبدئێکیان جێگر بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

نازانم لەچ دانیشتگایەکی دنیادا لێپرسراوی بەش، یا سەرۆکی زانکۆیەک بەهەلْبژاردنە؟ ئەگەر بشکرێت نازانم ئەو خەلْکە لەچ پلەیەکی باری سیاسی وکۆمەلآیەتی و ئابووریدا دەژین؟ من وای بۆ دەچم هەلْبژاردن بۆ ئێمە جارێ زووە.

**بەڕێز د.کـەمـــال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەهەموو دنیادا بەهەلْبژاردن ئەکرێت هەتا لەلای ئێمەش وەختی من کە سەرۆکی بەشی دراساتی کوردی بووم لەزانستگای سلێمانی بەهەلْبژاردن بووم بەسەرۆکی بەشەکە و دەستەی وانەبێژان کۆ ئەبێتەوە، بەلآم ئەوەیە کەوا دیاری بکرێت کە کێ مافی دەنگ دانی هەیە وئەو کاتانە ئەندامی (هیئەی تدریسی) بوون مافی دەنگ دانیان هەبوو و ئەو کەسانە سەرۆکی بەش هەلْئەبژێرن وەکو کاک د.عیزەدین ڕوونی کردەوە چ سەرۆکی زانستگا یاراگرەکان ئەوانە چەند مانگێک پێشنیار ئەکران ئەوکاتە ئەو دەستەیە ئەوەی بەرەو ڕوو ئەبووەوە ئێستا ئەیکەن بەوەزارەت، بەئەنجوومەنی وەزیران، ئەیکەن بەئجوومەنی خوێندنی بالآ، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عــەبدولرەزاق عــەبدولحــەکــیم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەربارەی دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆو ڕاگری کۆلێجەکان بەڕاستی من لەگەلْ مەبدەئی هەلْبژاردن نیم ،چونکە چەند بنەمایێکی گشتی هەیە پلەو، باوەڕنامە، لێهاتویی (کفاءة) ماوەی خزمەتی دەوێ، سوپاس.

**بـەڕێز د.جـــــەلال شــــــەفـــــیق عـــــەلی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەڕاستی ئەم برگەی لێرە کە وتراوە بۆ دانانی سەرۆکی زانکۆو ڕاگرەکا ،ن ئەگەر بهاتایە ئێمە

ماددەی (١٧ ، ٢٥)مان بخوێندایەوە ئێستا ئەم گرفتە نەئەبوو، چونکە ئەو مەرجانەی تێدایە کە کێ مافی هەیە مەرجی تێدایە، لەئەنجوومەنی زانکۆ راگر هەڵبژێرێت، لەبەر ئەوە شتەکە بەڕاستی وەکو شێوەیەک وایە زۆربەی بەڕێزان لەوانەیە ئەوەیان لاروون نەبێت من لەگەڵ هەڵبژاردنی راگری کۆلیژم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ئەنجوومەنی زانکۆ خۆی رێنمایی تایبەتی دەربکات، ئێمە دەقێک ئەسەپێنین، ئەوە ئەنجوومەنێکی زانستییە، ئەوان با رێنمایی تایبەتی دەربکەن بۆ خۆیان و، چۆنی هەڵئەبژێرن با بیکەن.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەو رایەی جەنابت پەسەند کرا، بەڵام ئەبێت دەقێک هەبێت، کە ئەوان رێنمایی دەربکەن ئەو وەختە ئەانیش ئەڵێن ناتوانین بڵێین بەهەڵبژاردنە یابەدانانە با یاسایەکە ئەو دەسەڵاتە بدا بەوان، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش ئەوەی ئەنجوومەنە زانستییەکە دادەنرێت هەمووماں بایەخی وامان پێدا کەشایەنی ئەوەیە سەرکردایەتی زانست لەهەرێمی کوردستان دا بکات، بەڕای من مادام ئەو بایەخەمان پێدا ئەبێت شیاوی ئەوە بێت و ئەو بوارەی هەبێت کە بتوانێ راگرێک وسەرۆکی زانکۆیەک پێشنیار بکات بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، دووەم کە لێرە دەڵێن (اقتراح بعد انتخابهم) ئەگەر هەڵبژاردن کرا پێشنیار چ لەگۆڕێ نامێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی کاکەڕەش دا نیم، لێرە مەرج وبەرزەفتی کردن (ضوابط) دانراوە کەوا هەڵبژاردن پالاوتن ئەبێت، دووەم بەڕاستی ئێمە باسی لیژنەکان ئەکەین لیژنەی خوێندنی باڵا ئەو پێشنیارانەی هەیە کە دێتە ناو پەرلەمان گوێ نادەن بەڕای لیژنەی پسپۆر کەواتا کاری ئەو لیژنانە چییە؟ کە ئەو پرۆژەیەکی ئێوە دراسەی ئەکەن وئێمە لەکۆبوونەوەکان دا وامان بەباش زانیوە بەهەڵبژاردن بێت ئەویش مەرج وبەرزەفتی خۆی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دووتێبینی هەیە لەسەر ئەوە، یەکەمیان ئێمە لەپەرلەماندا رێزمان هەیە بۆ رای هەموو لیژنەیەک، بەڵام هەتا رای لیژنەی پەرلەمانیش پابەند نییە، بۆ ئەندامانی پەرلەمانیش دەستەی سەرۆکایەتی

بڕیار ئەدات و، جاریێ لیژنەی لێزانەکان (خبیران) رای خۆیان باس ئەکەن و، باشترین بڕیارو باشترین رێککەوتن ئەوەیە، کە زۆربە لەسەری رازی بن، لێرە لیژنە جێگای خۆی هەیە پایەی خۆی هەیە. دووەمیان پابەند نەکردنی ئەنجوومەنی خوێندنی بالاّ بەشێوەیەک لەشێوەکانی هەڵبژاردن، مانای ئەوە نییە هەڵوەشاندنەوەی رای لیژنەکەیە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە کارێکی باشە، ئەگەر بێتو ئێمە رێنماییەک لەو بارەیەوە دەربکەین، یا ئەو ئەنجوومەنە خۆی رێنمایی دەربکات لەو بارەیەوە، کەوا شێوەی دانانی سەرۆکی زانستگاکان و راگرەکان و ئەوانەی پەیمانگا هونەرییەکان هەرشتێکی تر کە بێتە پێشەوە بەپێی رێنماییەکان کە خۆی دەری ئەکاتەوە، بەلاّم ئەگەر هەڵبژاردن بێت خۆ ناتوانن یەکێک لەسەر جادەوە بێنن هەڵیبژێرن، ئەبێت توانای هەبێت بۆ نموونە یەکێک دەبێ بەراگری کۆلیژ ،ئەبێت بەلایەنی کەمەوە پلەی پرۆفیسۆر یا یاریدەدەری پرۆفیسۆری هەبێت وهەریەکە توانای تایبەتی بۆ دانراوە لە دەستەی کە لەو کۆلێجە وانە بێژن ئەوکەسانە مافیان هەیە خۆیان هەڵبژێرن کە ئەو مەرجانەیان تێدا هەیە وەکو چۆن مەرج دانراوە بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی لەوێش مەرج دائەنرێت وپلەی زانستی ئەو دیاری ئەکرێت ئەوکاتە ئەتوانێت خۆی بپالێوێ کە دەنگی زیادی وەرگرت ئەو کاتە ئەبێت بەراگر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی کۆتایی بەم خاڵە بێنین، چونکە روونەو، بۆ ئەوەی خاڵی (٨) بەم شێوەیە بمێنێتەوە: (اقتراح تعین رؤساء الجامعات ورئیس هیئة المعاهد الفنية وعمداء الكليات والمعاهد الفنية) وەکو وتمان وەکو رێنمایی تایبەتی با ئەنجوومەن خۆی دەری بکات وئەو شتە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا گفتوگۆی ئەم باسەمان زۆرکردووە، ئێمە هەندێکمان رامان وایە کە میللەتی کورد لەو راگرە (عمید)ە رزگار بکەین هەڵبژاردنێک بکەن ویەکێک بێت زانکۆ رای لەسەر بێت ئەوجا زەردە، سورە، مۆرە، ئارەزووی خۆیەتی. هەر لەبەر ئەوە هەندێکمان لەلیژنەی یاسا رامان وابووو کەبە هەڵبژاردن بێت لەپاشان وەکو کاک د.کەمال باسی کرد ئەوکەسەی کە هەڵدەبژێردرێت، خۆ ئێمە ناچین لەسەر جادە یەکێک بهێنین، بێ گومان مەرجی تایبەتی تێدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با پێشنیارەکە بەم شێوەیە بێت، بۆ ئەوەی (التباسە)کە نەمێنێت ئەوە پێشنیاری (تعینە) ئەبێت لایەنێک هەبێت تەعینی ئەو خەڵکە بکات بۆ ئەوەی (التباس) دروست نەکەین دەڵێین(اقتراح

تعيين رؤساء الجامعات ورئيس هيئة المعاهد الفنية وعمداء الكليات والمعاهد الفنية وفق التعليمات يصدرها المجلس) ئاشكرايشه كه ئەو ئەنجوومەنە خۆی چۆن ڕێنماییەکە دەرئەکات، هەر چەندە من وادەزانم پێشنیارەکە خۆی روونە وپێویست بەم ڕوونکردنەوەیەش ناکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە کاک حەسەن کۆک نەبوو لەگەڵ گۆشەنیگای مندا، ئەو بابەتەمان گفتوگۆ کرد، بەڵام وەکو لیژنەی وامان بەجێ هێشت وەکو کاک کەمال ووتی ڕای لیژنەی خوێندنی باڵامان وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا دەڵێین (اقتراح تعين رؤساء الجامعات)، ئەگەر ئێمە بڕیار لەسەر ئەو دەقە بدەین، مانای وایە چەند دەقی تر هەنە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنەوە هەیە هەر لەئێستاوە هەڵبوەشێنەوە (لغو) بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەبێ لایەنێک هەبێ دایمەزرێنێت، کێ ئەو پێشنیارە دەکات؟ ئەم دامەزراوە وەزیری خۆی نییە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکە خۆی چارەسەر کردنی دەسەلاتە، دراوە بەئەنجوومەنەکە، چونکە پێشنیاری تەعین کردن وەکو بەڕێز د.کمال فەرمووی واتا پالاوتن دەبێت، لەمادده/١٧ی پرۆژەکە نووسیومانە (اصدار التعليمات لتحقيق الأهداف المشار اليها اعلاه) مانای ئەوەیە ئەتوانێت ڕێنمایی دەربکات، بەهەر شێوەیەک، پێی ناوێ لە مادەکە بنووسرێت (وفق تعليمات خاصة)، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەجێی ڕێنمایی لێرە ئەوەی کاکەڕەش دەفەرموێت ڕاستە ئەگەر بکرێت بەپێڕەو، چونکە بەهێزتر و باشترە جێگیرترە لەڕێنماییەک کە هەموو ڕۆژێک ئەگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە هەر کەسێک (تعين) ئەکرێت کە ناوی ئەنرێت (تعين)وخۆمان ئەزانین کە ئەنجوومەنەکە لەکێ و کێ پێک هاتووە، لێرە هەرکەسێک یەکێک تعين دەکات بۆ ئەوەی بەرگری لەوکەسانە بکات کەبێ لایەنن، کەسیفەتی چاکیان تێدایە و مامۆستای زانکۆن، دەبا ئەوانیش بواری ئەوەیان هەبێت کەخۆیان بپالێون بۆ چی ڕێگایان لێ بگرین؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

مەسەلەی دیاری کردنی حاڵەتی ئاوا بەهەڵبژاردن دەکرێت، بەپالاوتنی چەند کەسانێک دەکرێت بەهەر شێوەیەک بێت پێویستە لێرە لەیاسا دا جێگیر بکرێت و، مەسەلەیەکیش هەیە کە بەڕێزتان فەرمووتان ئەو ئەنجوومەنە ئێمە ئەو هەیبەتەمان کەداوەتێ بێویستە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، جەنابت وتت ئەمە ئیشی خۆیانە ئیشی ئێمە نییە، لێرە ئێمە لەپەرلەمان بڕیار لەسەر چارەنووسی میللەتێک دەدەین بۆ نەتوانین بڕیار لەسەر چارەنووسی دەستگایەک بدەین کە لەدەستگاکانی ڕاپەڕاندنی خۆمانە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئێمە نامانەوێت، ئەنجوومەنە زانستییەکە دەیەوێت بۆ خۆی کێ دەست نیشان بکات، ئەگەر تەماشای مادە (١٥) بکەی هەر لەو زنجیرەیەدا ئەڵێ (اقتراح مشاريع القوانين او الأنظمة في كل ماله علاقة بالتعليم العالي في الأقليم) ماقوول نییە ئێمە ئەنجوومەنێکی واگەورە دروست ئەکەین گەورەترین دەستەی ڕاپەڕاندن لێی بەرپرسیارە نەتوانین پەیڕەوێک بۆ هەڵبژاردنی چوار سەرۆکی بەش دابنێین سێ سەرۆکی زانکۆ، وا دەزانم دیاری کردنی لەلایەن ئێمەوە زۆر نابەجێیە هەتا لەمەبدەئی دیموکراتیەت، ئێمە وادابنێین بڵێین دەبێت هەڵبژاردن بکەن بەڕای من حەق نییە ئەوەندە مەرکەزییەت بەناوی یاساوە بەکار بهێنین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

مەبەستم لەو مەسەلەیە ئایا هەڵبژاردن دەبێت یان (تعين) دەبێت؟ بەڵام مەبەستم ئەوەیە کەلێرە بادەقێکی یاسایی جێگیر بکەین، چونکە بدیهیەک هەیە لەیاسادا پێی دەڵێن «المطلق يجرى على اطلاقه» واتا نابێت بەچارە نەکراوی ئەوشتەیان بهێڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. حـــەمـــەنەجم حـــەمـــە فـــەرەج جـــاف:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

بەڕای من لەمـــەرجـــەکـــانی زانکۆ ســـەرۆکی زانکۆ وراگـــرەکـــان وهەمـــوو شت داندراوە ئەوەی دەشـــپـــاڵێـــورێ ئەنجـــوومـــەنەکـــە بڕیاری لەسـەر دەدات، واتا ئەوە نییـــە بڵـــێین بڕۆ لەفـلان کـۆلێج هەڵبژاردن بکە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەوەی کاک حەمە نەجم گوتی لەکاکڵی بابەتەکەدا دیاری کراوە.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

من وەڵامی کاک د. حەمەنەجم ئەدەمەوە لەهەڵبژاردندا ئەو دووسێ کەسەی ئەوفەرمووی کێ مافی

هەیە بۆ ئەو ئەنجوومەنە خۆی هەر ئەو دوو سێ کەسەشە کە ئەخرێتە لیستی هەڵبژاردنەوە، چونکە هەر کۆمەڵێک دیاری کراوە کەوا ئەو سیفەتانەی تێدایە لەسیفەتەکانی سەرۆکی زانکۆ لەجیاتی ئەوەی ئەو سێ چوار کەسە بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنەکە، خۆیان یەکێک دابمەزرێنن بەپێی هەڵبژاردن ئەبێت ئەو کەسانە هەڵبژێرن کەوا خزمەتێکی خوێندنی باڵای باشیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی ئیشی ئەنجوومەنە، ئەنجوومەن ئەو ڕێنوماییە دەرئەکات، بەپێی ئەو بنەما زانستییەی کەدانراوە بۆ ئەو جێگایە، بەڵام ئێمە سەرنجێکمان هەیە با شێوەی پاڵاوتن خۆی بڕیار لەسەری بدات و، کاک نەژاد ڕاست ئەکات ئەگەر وابێت دەبێت هەڵبژاردنەکەشیان بۆ دیاری بکەین، ڕاستەوخۆ بێت، یا دوو دوو بێت، یا یەک یەک بێت، یا لەسەر ئاستێکی تر بێت، لەبەر ئەوە ئەوەی من دیاریم کرد ئەوە باشترە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەبوو کەوا (اقتراح تعین) بکرێت بە(ترشیح)، وابزانم ئەوە مەسەلەکە نەختێک چارە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(اقتراح تعینه) ئەوەیە کە ئەو ئەنجوومەنە مافی ئەوەی هەبێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەست نیشانی ئەم لایەنە بکات بۆ ئەوەی کە ببێت بەسەرۆکی زانکۆ ماددە/ ٨ بەو شێوەیە بێت «ترشیح رؤساء الجامعات ورئيس هيئة المعاهد الفنية وعمداء الكليات والمعاهد الفنية» کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە لەجیاتی پێشنیاری (تعین) ببێت بە(ترشیح) بەڕای من لەلانی دارشتنەوە هیچ جیاوازی ناکات و وەکو یەکن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(ترشیح) بۆچی؟ بۆ سەفەر بۆ دەرەوەی عێراق بۆ (ایفاد)؟ لەباتی پێشنیارەکە بڵێین (ترشیح) بۆ (تەعین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جیاوازی نییە (اقتراح)ەکە و(ترشیح)ەکە هەر هەمان شێوەیە، ئەگەڕێمەوە بۆ دەقەکەو دەڵێم، بەڕاستی پڕ بەپێستی خۆیەتی، کێ لەگەڵ دەقەکەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە/٩ اقرار اتفاقات التعاون الثقافي والعلمي مع الجهات والجامعات والمؤسسات الأخرى خارج الأقليم.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕگەیە لێرە کە (١٢) لەگەڵ (١٤) دەکاتە (٩) لەگەڵ (١)یەک مانایە ویەک بابەتە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە هەردووکیان بکەین بەیەک بکرێت بە(اقرار الأتفاقات التعاون العلمي والثقافي مع الجامعات والهيئات العلمية والثقافية خارج الأقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(اقرار)هەر (مصادقة) ناگرێتەوە ئەگەر لیژنەی یاسا وخوێندنی باڵا هیچ لارییان نییە، پێشنیارەکەی کاک حسێن ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە لەبڕگە١٢ کە دەڵێت (اقرار)...ئەوە لەگەڵ پسپۆڕایەتی ئەنجوومەنەکەیەتی کەدەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک تێبینی هەیە، لەلایەن کاک فەرسەتەوە (مصادقة واقرار) دەبێت دوو شتی لەیەک جیاواز بن.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من دەستی لێ نەدرێت، چونکە(اقرار) پێش (مصادقە) دێت (مصادقە) کەکرا واتا کۆتایی هات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێک هەڵکێشێکیان بکەین وبڵێین (الاقرار والمصادقة)

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە (اقرار ومصادقە) جیاوازیان زۆرە، بەڵام بۆ لەبڕگە ١٢/ مافی (اقراری) هاوبەشی هەبێت لەماددە١٤/ مافی (مصادقە)ی هەبێت کە هەر هەمان ئیشە؟ سوپاس.

**بەڕێزد.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم برایان چۆن ئەوە ئەگونجێن؟ پێک هاتن (اتفاقیە) هەیە ئەنجوومەنەکە خۆی ئەیکات خۆی (اقراری) ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەکە (اقرار ومصادقە) نییە مانای هەردوو برگەکە بریتی یە لەپێک هاتن (اتفاق) کەپێک هاتنی زانستی وڕۆشنبیری ئەکرێت لەگەڵ لایەنەکانی تردا لەدەرەوەی هەرێم، ئیتر ئەمە لەوە بەولاوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەڕووی زمانەوە ئەتوانین بڵێین (اقرار والاتفاقات والتعاون)نابێت ئەگەر شتێکی واش بوترێ، دەبێ بڵێین (اقرار التعاون العلمي والثقافي مع الجامعات والهئيات العلمية والثقافية في خارج الأقليم والمصادقة عليها).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەجیاوازی (اقرار )و ئەوی تر مەبەستمان ئەوەیە، جیاوازی دوو لایەن بکەین لایەنێک ئەنجوومەنە زانستیەکەیە خۆی (اقراری) دەکات یا رەتی دەکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران خۆی دەی ڕاستێنێ (تصديقى) دەکات، ئەوەی د.عیزەدین فەرمووی وتی دووشتی جیاوازن ڕاستە دووشتی جیاوازن، بەڵام ماقووڵ نییە دەسەڵات بدەینە ئەنجوومەنی راستاندن لەسەر رێک کەوتنێکی هەڵاویردراو (استثنائى) نێوان زانکۆ وشتی دەرەوە بکات، کەچی لەبابەتی گشتی بۆ خۆی حەقی اقراری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باهەر دووکی وەکو خۆیان بمێننەوە هیچ زەرەرێکی نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ١٠: اعداد التقرير السنوي عن حالة التعليم العالي في الأقليم وتقديمه الى مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(اقليم كوردستان العراق) پێویست نییە، چونکە پێناس کراوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ چ تێبینی هەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە ١١/ المصادقة على الأتفاقات الثنائية المتبادلة بين الجامعات او هيئة المعاهد الفنية في كوردستان والهيئات العلمية والثقافية خارج الأقليم.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێش ماوەیەک ئەوەم بۆ بەڕێزتان شی کردەوە چونکە کە بڵێین مصادقـە) وا دانێین زانکۆی سەلاحەدین ڕێک کەوتنێکی کرد لەگەڵ یەکێک لەزانکۆکانی بەریتانیا، مانای وایە ئەنجوومەنی زانستی دەبێ مەبدەئەکە براستێنێ و بڕیاری لەسەر بدا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

با دەسەڵاتی راستاندنیش (مصادقـە) بەو ئەنجوومەنە بدرێ، دیسان دەگەڕێینەوە سەر هەمان بابەت ودەپرسین بۆ کوێی دەنێرن؟ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران؟

**بەڕێز د. حـەمـە نەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەرای من ئەگەر مافی (مصادقە) نەدەینە ئەو ئەنجوومەنە وەکو لایەنێکی زانستی قابلیەتێکی نییە، هەر بڕیارێک ئەدات لەسەر هەر شتێ ئەبێت براستێندرێ (مصادقە) بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەفـەر مـحـەمـەد حـسـێن دۆسکی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

فێرکردنی باڵا، لایەنی پشتگیرییە بۆ ئەو پێک هاتنە (اتفاقە) یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

رایەکەی کاکەڕەش ئەوەیە مادام (اقرار) دانرا ئەوە لا ئەبەین، مانای ئەوەیە کە دەبێ براستێندرێ (موصادەقە) بکرێت لەجێگایەکی تریش ئەوە ئەگەر دەقێک هەبێت مانای ئەوە ناگەیەنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ئەنجوومەنی فێردکردنی باڵایە، بۆچی مافی ئەوەی نەبێت (موصادەقە) لەسەر پێک هاتنێک بکات کە خۆی پسپۆری ئەوەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ڕێگای (مصادقە) نەدرێت، چونکە ماقوول نییە لەیاسایێک (اقرار) هەبێت هەمان شت مەبدەئی (مصادقە) لەهەمان بڕگە هەبێت مصادەقەی دەدرێتێ لەباتی(اقرار) (مصادەقە) بوایە، بەڵام کەلەسەرەوە (اقرار)کراوە ماقول نییە لەخوارەوە (مصادەقە) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

باشە ئەگەر بنووسین (الأتفاقات ثنائیة) لەجیاتی (المصادقة) چ گرفتێک دروست ناکات؟.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

(عەقد) هەمان (قرار) ئەگرێتەوە (مصادقە) ناگرێتەوە، بەڵام لێرە ئەگەر بەووردی تەماشا بکەین

(اقرار واتفاقات التعاون الثقافي والعلمي مع الجهات) ئەوە گشتگیر ترە ئەوە (اقرارە)کەی داوەتێ و(مصادەقە)ی نەداوەتێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زیادەیەکم هەیە ئەوەی (اقرار اتفاقیات مجلسی التعلیم العالی) بەتەنها دەسەلاتی (اقرار)ی هەیە دەسەلاتی تەصدیقی نییە، چونکە دەسەلاتی (تصدیق) دەسەلاتێکی دەستووری یە ئەوە تەنیا سەرۆکی هەرێم یاخود سەرەک کۆمار وەک پرۆتۆکۆل ئەوە (تصدیق) دەکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ برادەران نیم، چونکە لەنێوان دوو زانکۆدا پێک هاتن هەبێت ئەنجوومەن مافی ئەوەی هەبێت (مصادقة) بکات کە بڕیاری کۆتایی دەبێت، بەلام خۆی ناتوانێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ زانکۆیەک دا پێک بێت بەاعتبار لەوێ گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اقرار ومصادقة )لەجێگای خۆیەتی، چونکە مصادقەی ئەنجوومەنی خوێندنی بالا بۆ پێک هاتنێکە وەکو دەستەیەکی ڕۆشنبیری لەنێوان زانکۆی سلێمانی، بۆ نموونە لەگەڵ زانکۆی لندن هەمان دەسەلاتی ئەو زانکۆیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕێک کەوتووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە کە دەڵێ( المصادقة علي الأتفاقات الثنائية المتبادلة بين الجامعات او الهيئة والهيئات العليمة والثقافية خارج الأقليم)؟ کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەزۆریەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، پێشنیارێک هەیە دەربارەی مادەکانی (١٥-١٦)ی کۆن کە ئێستا ئەبێتە ١٢(١-١٣) ئەڵێت (تقديم مشاريع واقتراح القوانين والانظمة)، بەلام ئەوە دەسەلاتی حکوومەتە لەگەڵ «١٠» ئەندامی پەرلەمان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لەگەڵ رایەکەتین، ئەو دەقە بۆ وەزارەتی فێرکردنی بالا دەبێ و رەوابە، بەلام ئەو ئەنجوومەنەی ئێمە وەزارت نییە کە پێشنیاری پرۆژەی یاسا بکا، سوپاس.

**بەڕێز كەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەبابەتی هەڵبژاردن كە جەنابت ئەو دەقەت خوێندەوە، ئەو دەقە پێشنیار ئەكەین ولەسەری ئەڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێشنیاری پرۆژەی یاساكانە كەباسمان كرد، لەگەڵ پێڕەو ورێنماییەكاندا جیایە.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وتمان ئەو كارە بەرەو ڕووی وەزارەت ئەبێتەوە، بەڵام ئێستا ئەو وەزارەتە نییە ئەو ئەنجوومەنە دائەنرێت، لەبەر ئەوە هەرمەسەلەیەک بەرەو ڕووی وەزارەت بێتەوە بەرەو ڕووی ئەو ئەنجوومەنەش ئەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو بڕگەیە لە پسپۆرایەتی ئەو ئەنجوومەنەیە، چونكە دووشت هەیە یەكەمیان ئەوەیە كە ئێمە وەزارەتێكی پسپۆرمان نییە دوومیان ئەو ئەنجوومەنە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەپێی ئەمە واتا وەزارتێک لەوەزارەتەكانی ئێمە ئەو مافەیان پێ دراوە كەتەشریعی یاسا بكەن، لەبەر ئەوە ئەمە زیادەو هیچ پێویست ناكات، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕگەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ هەڵوەشایەوە (الغاء) كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

اقتراح مشاريع القوانين والأنظمة في كل ماله علاقة بالتعليم العالي في الأقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆ بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

١٣/اصدار التعليمات لتحقيق الأهداف المشار اليها اعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. پێشنیارێکمان هەیە کەبەیانی بەردەوام بین تائەم یاسایە تەواو ئەکەین هیچ تێبینیەکتان لەسەر ئەمە هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بەیانی دووکۆبوونەوەمان هەیە یەک دەستەی فراکسیۆن، دووەم فراکسیۆنەکان کۆبونەوەی دەستەمان بۆ بەیانی داناوە وهی فراکسیۆن بۆ دوای نیوەڕۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو ئەزانن رۆژی سێ شەممان، سێ سەعاتمان بۆ حکومەت داناوە، سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە، بۆ هەندێ پرسیار بانگ دەکەین و، بەلایەنی کەمەوە بەیانیەکەی بۆ ئەوان تەرخان دەکەین و، دوای ئەوە لەسەر گفتوگۆ کردنی یاساکە بەردەوام ئەبین تاتەواوی ئەکەین. بەم شێوەیەش دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦)

## سێ شەمە رێكەوتی ١٩٩٣/٥/١١

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣٦)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٥/١١

***كـاتژمـێـر( ١٠ )ی سـەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شـەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٥/١١ ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی كـوردسـتـان بە سـەرۆكـایەتی بەڕێز جـوهر نامق سـالم سـەرۆكی ئەنجـوومـەن و، بە ئامـادەبوونی جێگری سـەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحـمـەد عـەزیز ئاغـاو، سكرتێری ئەنجـوومـەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٣٦)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- وەڵام دانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.***
***٢- گفتوگۆ كردنی پڕۆژەی یاسای خوێندنی باڵا.***
***٣- تازە بابەت.***

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەرنامـەی ئەمڕۆمـان دوو خـاڵی سـەرەكیە، خـاڵی یەكەم ئەمڕۆ سێ شـەممە وەكو هەمـوو ئاگادارن بواری ئەوە هەیە كـە ئەنجـوومـەنی وەزیران ئامـادەبن بۆ وەڵام دانەوەی چەند پرسـیـارێك كـە ئاراستـەیان كراوە، هەروەها وەكو هەمیـشـە لەسەرەتاوە ڕێگە دەدرێ بەئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر لەبارەی بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستـانەوە شـتێك هەیە بۆ ئێوەی بەڕێز باسی بكەن پاشان دێینە سەر بابەتی پرسیـارەكان، خاڵی دووەم دێینە گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاسـای ئەنجـوومەنی خوێندنی باڵا، لە خاڵی تازە بابەتیشدا ئەگەر هەردوو فراكسیۆن شتێكیان هەبوو ئەوە تۆمار دەكرێ.

**بـەڕێـز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لە جەنابتان شاراوانییە ژمارەیەكی یەكجار زۆر ئاوارەمان هێشتا لە ئێران ماون، بەتایبەتی هی ئەو دێهاتانەن كە تائێستا ئاوەدان نەكراونەتەوە ولە بەر ئەوەی جێگەو ڕێگەیان نییە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە، زۆربەی هەرە زۆریان لە شـوێنی چاك ئیش دەكـەن، كـەسی وا هەیە مـانگانە نزیكی(٦-٧) هەزار دینار مـووچە وەردەگـرن بەپارەی ئێـرانی (تمن) كـە ئێـسـتـا دینار زۆر لە خـوارەوەیە، لەبەر ئەوە ئەوانیش پارەیەكی زۆریـان هەیە لای خـۆیان لەوێ لەو ڕۆژەی كـە بڕیاری كـێـشـانەوەی( ٢٥ ) دیناری لەلایەن حكومـەتی مـەركـەزیەوە دراوە تائێـسـتـا زیاتر لە( ١٠ )

بروسکەمـان بۆ هاتووە لەلای برادەرانمانەوە داوا دەکەن ئەگەر شتێک کرا بۆ ئەو خەڵکەی لێرەیە حسابێک بۆ ئەوانیش بکەن، منیش بە بروسکە وەڵامم دانەوە دەڵێم ئەگەر شتێک بۆ خەڵکی ئێرە کـرا بۆ ئێـوەش دەکـرێ، بەڵام بە مـەرجـێـک نەچن پارەی خـەڵکی ئێـران بەهەرزان بکرن. ئەگـەر کـەسـێک برە پارەیەکی زۆری هەبوو لەوانە هیچ حسـابی بۆ ناکـرێ. ووتم ئەو خـاڵە ئەگـەر باس بکرێ بەنسبەت ئەوان چ دەکرێ چ ناکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەمـە وەکـو پرسـیـارێـک ئاراسـتـەی وەزیری دارایی وئابووری دەکـەین ئەگـەر ئامـادە بێ بۆ وەڵامدانەوەی.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

تەواوم نەکرد لێرە لە سەرکردایەتی ناوچەی هەولێر(١٠)دیناری و(٥)یان لێ وەرگیراوە، بەپێی ئەو رێنمـاییـانەی کـە لەلایەن وەزارەتی ناوخـۆ وەزارەتی پ.م وەزارەتی دارایی وئابووریەوە بە بازگەکـان دراوە دوێنێ شەو پەیوەندیان بە ئێمەوە کرد، منیش ئاگاداری کاک رۆژم کـردوە ئەگەر وەکو پرسیارێک بێت لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

وەکو پرسیارێک لەگەڵ پرسیارەکانی ئەمرۆماندا تۆماری ئەکەین، ئەگەر وەڵام هەبێت یانەبێت.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی کەسک پێشنیار دەکەین کەوا هەموو کۆبونەوەکانی ئەنجوومەن وەکو ئەم کۆبونەوەیە ئاشکرا بێت، واتا ئەو پەیام نێرانەی رادیۆو تەلەفزیۆن کە لێرە ئامادەن هەموو کاتێک وەکو ئێستا کە لە خوارەوە بەو شێوەیە بێت نەک لە کاتی سەرەوە، چونکە کۆمەڵێک گلەییمان بۆ هاتووە کە هیچ کەسێک قسەکانی تێ ناگا. جگە لەو کۆبونەوانەی کە بە پێویستی دەزانن داخراو بێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەم بابەتە پێشتـر باسی لەسەر کراوە ورێکەوتوین، بەو شـێوە ئاشکرایە بێت، راگەیاندن ئامادە دەبێت لەو جـێگایەی کـە لێرە بۆیان تەرخان کـراوە، لەراستـیـدا ئێـمـە بواری (٦ـ٧) تەلەفـزیۆنمان نییە، ئەوان دەتوانن لە سەرەوە بۆ خۆیان دانیشن وگوێ بگرن وبنوسن، لەوەدا ئازادن، واتا تەنها رێگای ئەوە بدرێن کـە دانیـشـتنە ئاسـاییـەکـان (توثیق) بکەن، ئەوانەی تر دەتوانن لەسـەرەوە دانیشن، سێ شەممەکان با تەلەفزیۆنەکان بێن تەنها پرسیارو وەڵامەکان تۆمار بکەن، بۆیە پێویست ناکات گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەین، چونکە وەختی خۆی گفتوگۆمان لەسەر کردووە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وتم وەکو ئێستا وابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕێک کەوتین بەم شێوەیە ئێستا تەنها یەک تەلەفزیۆن هاتووە ئەویش هی ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆ (توثیق)کردنی ئەم دانیشتنە. ئەوانی تر هی ئەنجوومەنی نیشتمانیین بۆ کاری بەڵگەنامەییە (وثائق)یە.

دێینەوە سەر خاڵی یەکەم ئەگەر جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران شتێکیان هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە شتێکی شاراوەنیە ڕژێمی فاشی عەفلەقی بەغدا بەهەموو شێوەیەک دژی گەلەکەمان کاردەکا، ئێستاکە ناتوانێ شەڕی کیمیا باران و کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستان بکات، شەڕی ئابووریمان لەگەڵ بکات، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەو ڕژێمە چەند کارێکی کردووە هەموو کارەکان بەپێچەوانەوە دژی خۆی گەڕاونەتەوە، هەم لە شەڕی ئێران وعێراقی، هەم لەداگیرکردنی کوێت، هەم لەڕێک نەکەوتنی لەگەڵ بەرەی کوردستانی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردستان، بڕیاری لابردنی (الغا) کردنی (٢٥) دیناریش پێمان وایە بەپێچەوانەوە دژی خۆی دەگەڕێتەوە، ڕاستە حکومەتی کوردستان گیروگرفتی گەورەی بۆ دروست دەبێ ناتوانین مووچە بدەین، هەڵلایەک دروست دەبێ، ئەو چەند ڕۆژەش نرخی دولار زۆر بەرز بووەتەوە، دەربارەی ئەو بڕیارە لەئەنجوومەنی وەزیران زنجیرەیەک کۆبوونەوەمان کردووەو هەروەها وەزارەتی دارایی وئابووری بەردەوامە لە کۆبوونەوەکردن لەگەڵ لێزانان وپسپۆڕانی شارەزا لەو بارەوە، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ کاک مسعود ومام جەلال کردووە وپێشنیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان بۆ ناردوون بەردەوام پەیوەندیمان هەیە، لێرەدا داوا لەپەرلەمان دەکەین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا بکەنەوە، کە ئەو وەزعەی ئێستا هەیە وا نامێنێتەوە، ئەو بازارە کە تۆزێ گیرگرفتی تێ کەوتووە، ڕێک دەخرێ وەهەروەها داوا لەبازرگانە نیشتمان پەروەرەکان دەکەین ئەو خواردەمەنیەی هەڵیان گرتووە وپێشتر هەیان بووە لە بازاڕ نەی شارنەوە وئەمڕۆ کە بەدیار دەکەوێ کە خەڵک نیشتمان پەروەرە یان (استغلالی) بازاڕ دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوکەسانەی لە بیر ناچێتەوە وەکو ئێستاکە بە دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دێن وخۆراک بەنرخی پێشو کە کڕیوویانە دەیفرۆشنەوە، هەروەها ئەو کەسانەش کە ئێستا بیانەوێ (استغلال)ی بازاڕ بکەن، لەو بارەیەوە زۆر کارکرا بۆ ئەم مەسەلەیە مام جەلال سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، چاوی بە دوکتۆر (ألیاسۆن) کەوتووە بە دوورو درێژی باسی ئەو مەسەلەی لەگەڵدا کردووە، (ألیاسۆن)گفتی داوە کە ئەو شتانە بخاتە بەردەست سکرتێری گشتی

نەتەوەیەکرتوەکان بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو رەوشەی ئێستا بکرێ، ئێستا هیچ کارێکی وامان نەکردووە کە ببێتە مایەی ئەوەی پابەندیمان هەبێ بەرامبەر بەو وزەعە، بەڵام ئیشی بۆ دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی رژێم بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان سەر نەگرێ وپێشمان وانییە کە سەر بگرێ. بۆیە هەر لەیەکەم رۆژەوە لە کۆبوونەوەی ئەنجـومـەنی وەزیران بڕیارمان دا کە وەزارەتی دارایی وئابووری ئەنکێت بە سـەر ئەو خـەڵکە دا، کە پارەی (٢٥) دیناریـان هەیە لەرێگای بانقەکانی کوردستانەوە دابەشی بکات، ژمارەی پارەکانیان تیا بنووسن، ئەو ژمارانە لەلایەن بانقەکانەوە دیار بێ نەوەکو لە دەرەوەش لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی وەک ئوردون وتورکیا وئێران یا ئەو خەڵکانەی کە(٢٥) دیناریان بۆ بردوون بۆ رۆژێکی دیاری کـراو، جـارێکی تر بیهـێننەوە کوردستان. دەبێ رێگا لەوەبگیرێ، ئەمە تەنیا بۆ خەڵکی کوردستانە کە زەرەریان لێ کەوتووە. ئینجا ئێستا بەو شێوەیە کارمان کردووە لەو ماوەیەدا ئومێدمان زۆرە ئەو بڕیارەی رژێم پووچەڵ ببێتەوە، (احتیاط)مان وەرگرتووە، هەروەها لە بۆ مەسەلەی مووچەی کارمەندان وەزعی پارە لە کوردستان چۆن کاری پێ بکرێ، بەکورتی ئەوە بوو کە باسم کرد، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس ئەگەر شتێکی تر هەبێ؟..

**بەرێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

دەربارەی ئەو شتانەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد، یاداشتێکی رەسمی بە ناوی کاک مسعود بارزانی ومام جەلال تاڵەبانیەوە بەسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دراوە، دەربارەی وەزعی ئێستای کوردستان بەتایبەتی دەربارەی پارەی(٢٥) دیناری، سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

راستە ئەو یاداشتە بەزمانی ئینگلیزی بوو کە کاک رۆژ روونی کردەوە، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستاش دێینە سەر چەند پرسیارێک، ئەو پرسیارانەی کە کاتی خۆی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراون لەسەر ئەو شتەی کە ئێستا باسی کرا لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان چ پرسیارێکیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە کە ئێستا باس کرا با ناو نووسیان بکەین پرسیارەکان با راستەو خۆ بن وبێ پێشەکی وئاگاداری کات بن، چونکە (کات) دیاری کراوە، تکا دەکەین با فراکسیۆنەکان لەنێوان خۆیاندا هاوئاهەنگی بکەن بۆ ئەوەی قسەکان دووبارە نەبنەوە!

**بەڕێز سـیـروان محـمـد نەورۆلی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من حەز دەکەم تۆزێ بە خۆماندا بچینەوە، دەربارەی ئەو برایانەی کەوا لە دەرەوەی وڵاتن، جگە لە ئاوارەکانی ئێران وتورکیا، روون نییە کارێکی وابکرێ کە بتوانین چارەسەری هەندێ شت بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

با پرسیارەکان دەربارەی هەلو مەرجی ئەمڕۆ بن، کە ئێستا بەڕێز سەرۆکی وەزیران قسەی لەسەر کرد.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

ئەنجـوومـەنی وەزیران بڕیاری دا بانگەوازێک بڵاو بکاتەوە تایبەت بێ بەخەڵکی دەرەوە، ئەو بانگەوازەمان بەفاکس بۆ وڵاتەکان نارد کە بڵاوبکرێتەوە، ئەوان هەستن بە خۆپیشان دان بەنارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو بڕیارەی کە دەرحەق بەخەڵکی کوردستان دراوە، هەروەها هەوڵ بدەن کۆمەک کۆبکەنەوە بۆ خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عـەبدولقـادر قـەرەداغی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە، کە ئەنجوومەنی وەزیران چ پلانێکی بەرامبەر بەرز بونەوەی نرخی خواردەمەنی هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

دەربارەی پلان دانان بۆ نرخی خواردەمەنی یا هێنانی خواردەمەنی، لەو چەند رۆژەدا چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ بازرگانەکانی کوردستان یا دەوڵەمەندەکانی کوردستان کە خۆیان ئازووقە بێنن قسە بکەین بەرنامەیەکمان داناوە بەهاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو بازرگانانە بچن خواردەمەنی بهێنن وەبەنرخی خۆی لە بازاڕ بیفرۆشن وتەنیا کرێی گواستنەوە وکرینەکەی نەبێ قازانجی لێ وەرنەگرن، ئەم پلانەمان داناوە لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

چاوەڕوان دەکرێ لە دوای دوو شەممەوە کە وادەی داخستنی سنوور بوو، ئەگەر بەکردنەوەی، وەزعی بازاڕ جێگیر بۆوە نرخەکان دێتە خوارەوە ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تر وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتیمان هەبێ بۆ کڕینی ئازووقە، ئینجا ئەو کاتە لەگەڵ هەندێ بازرگاندا

بەهاوبەشی ئەو کارە دەکەین، با حکومەتی هەرێم، بە تایبەتی وەزارەتی دارایی ئەو مەسەلەیەبەهەند وەرگری ئەمە شتێکی گرنگە، با ئەو شتانە بکەین بۆ ئەم گرفتەی کە هەیە توانای حکومەتی کوردستان هەمیشە لەکاردا بێ بۆ کڕینی خواردەمەنی، چونکە وەکو دەرکەوت ئێستا خواردەمەنی بۆ ئەمڕۆ لەپارە پلەی لەپێشترە بەتایبەتی شتومەکی پێویست کە لەهەموو شتێک گرنگترە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارەکەم لەوەی کاک ئازادە، پێم وایە ئەو هەنگاوەی حکومەتی عێراق کە خەڵکی کوردستانی پێ دەچەوسێنێتەوە، بەشێک لە دەوڵەمەندەکان وبازرگانەکان یارمەتی دەری ئەو چەوساندنەوەن. چونکە ئێستا لە بازاڕ دا هەرچی شت هەیە شاردراوەتەوە. من پێشنیار ئەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیجرائاتی توند بەرامبەر ئەو کەسانە بکات کەوا خواردەمەنی لە خەڵکی هەژاری کوردستان دەشارنەوە، لە مەولا وەکو دوژمنانی میللەتی کورد بناسرێن، هەروەکو ئاگادارین پێرێ (٥) کیلو برنج لە بازاڕی سلێمانی نەبووە، هەموویان شاردەوە .. کەچی هەزاران تەن برنج لە ناو شاری سلێمانی هەیە، هەروەها لە هەولێرو لە دهۆکیش. شاردراوەتەوە من ئەم اجرائاتانە بەپێویست ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەنکێتی کرد کە دابەش بکرێ، لەراستی دا ئەو کارە جێگای دڵنیایی خەڵکی نییە. دوو تێبینیم هەیە دەربارەی ئەنکێتەکە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دیاری بکات یەک، ئەو مادەیە جارِ بدات بۆ دیاری کردنی ئەنکێت، وابزانم ئەم(٤-٥) رۆژە لەتوانادا هەیە هەفتەیەک دیاری بکەن ودووەم پێش(٤-٥) رۆژ چ وەختێک بۆ (تورک ئێرانی) کە لەکاتی پارە گۆڕینەوە ئەنکێتی تایبەتی هەبێ لە بانک وەکو (ودائع)، بەبۆچوونی من ئەو مەسەلە دوو بەشە. بەشێکی ئابووریە وبەشێکی مرۆییە، بەشە ئابووریەکەی ئەوەیە ئەگەر هاتوو لە پاشە رۆژ شتێک دەست ئێمە کەوت حکومەتی کوردستان هەڵیبگرێ بۆ گەنجینەی کوردستان ومەسەلە مرۆییەکەش بەبڕوای من زەحمەتە، ئەگەر سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران روونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو موعدە راستە کورتە، بەڵام وادەکە لەلای ئێمەوە دانەنراوە، رژێم بە بڕیاری خۆی دایناوە ئێمەی ناچارکردووە وپێش وەخت وادەکەی بۆ ئێمە داناوە، چونکە ئێمە ئەو وادە ناتوانین راگرین سبەینی ئەوە پارەیەکی کەوتووە(ساقط)ە و بەهای نەماوە، ئەوەی کە بێت ولە کوردستاندا

کۆبێتەوە هەموو باری ئابووری ئێمە تێک دەدات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو موعدە دەستی پێوە بگرین ئەگینا زەررێکی گەورەیە لە خۆمانی دەدەین، خاڵی تر دوو مەرجە بەنسبەت کوردی ئێران یا بەنسبەت کوردی خۆمان کە لەئێرانن، ئەو پێشنیارە بەڕێز کاک فەرەنسۆ کردی، کوردی خۆمان لە ئیرانن ئاوارەن، با لە وەزارەتی ئابووری باسی ئەو بابەتە بکرێ، تاچ رادەیەک ئێمە توانای یارمەتی دانی ئەو هاووڵاتیانەی خۆمانمان هەیە کە لەئێران ئاوارەن؟ دەبێ سەرو شوێن بۆ ئەوەش دابین بکرێ کە کاری بازرگانە گەورەکان سوود لەوانە ئەکەن، بابەتی تر هی یارمەتی خەڵکی ترە ئێمە لەو بڕیارە کە حکومەتی عێراق داویەتی بەنسبەت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلانی ئابووری لە هەموو کەس زیاتر زەرەرمان کردووە خەڵکی دەبێ یارمەتیمان بدەن ئێمەش ئەرکی میللەتەکە دەکەوێتە سەر شانمان، بۆ هەر پرۆژەیەکی وا پێش هەموو شتێک ئێمە حسابی خۆمان ئەبێ بکەین، ئێمە لەو بابەتە ناتوانین یارمەتی خەڵک بدەین، ئەمە روونە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەم کە زۆر جار وابلاوە سنوورەکانمان بەباشی نەگرتووە، پارەیەکی زۆر کە هی خۆمان نییە هاتۆتە ئێرە، ئایا هیچ شتێکی ئەوتۆ کراوە کە ئەوەی هی هەرێمی کوردستانە جیا بکرێتەوە؟ بەتایبەتی لەسنووری ئێرانەوە پارەیەکی زۆر گوایە هێنراوە کە حەقە لێیان وەربگیرێ، دووەمین ئێمە بە داخەوە لە زۆر مەسەلە تا ئێستا لەباری بەرگریداین بەرامبەر بە رژێم. ئێمە رەنگە توانای هەندێ هێرشمان نەبێ، بەڵام دیسانەوە دەبێ کۆمەڵێ اجراءاتمان هەبێ کە هەموو وەختێک ئەو دەست پێش خەر نەبێ بۆ لە مەو دوا. نازانم ئەگەر بیری لێ کرابێتەوە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا. کۆمەڵی اجراء بکەین شتێکی هەست پێکراو نازانم، بەڵام ئێستا سنووری گرتووە، ئەم ئەمرۆ بیکاتەوە ئێمە نەیکەینەوە یانە لێی وردبینەوە بزانین چ قازانجی هەیە بۆ ئێمە دەست پێش خەریمان بە دەستەوە بێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی یەکەمی کاک دکتۆر ئێمە (احتیاط)مان وەرگرتووە، وەزارەتی ناوخۆ لە هەموو شوێنەکان بازگەی داناوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگایەتی، ئەو دوو وزارەتە لە باری ئامادە باشی دابوونە و هەموو بەرپرسەکانیان بەشداریان کردووە لە کونترۆڵ کردن، ئێستا خەڵکی ئەو دیو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە رەوانەیان دەکەنەوە بە پارەکانیانەوە و، هەروەها ئەو ئەنکێتانە بۆ ئەو ماوەکورتە لە سەر ئەو بنەمایە بوو کە ئەو پارەیە لەوێوە نەیێتە ناوەوە، دەربارەی ئەو هەڵمەتی راگەیاندنە شتی بۆ کراوە، کە دەیان وتار لەسەر ئەم مەسەلە لە رۆژنامەکانی ئینگلیزی و ئەمەریکی نوسراوە وخۆشمان رۆژانە بیرخەرەوەمان نوسیووە وڕووداوەکانی ئێرەمان راگوێزاوە بۆ برادەرانی دەرەوە، ئەوانیش پێم وایە ئیش دەکەن لەسەر ئەو بنەمایە، ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی

سیاسیه وئەوه بریاری سیاسی دەویّ ئەو رۆژەی کە گەمارۆ لەسەرمان هەڵگیرا، یان ئیّمەیان جیا کردەوه وەکو حاڵەتیّکی تایبەتی لەگەڵ رژیّم هەموو گرفتەکانمان چارە دەکریّن، دەبیّ ئیّمەش ئیّستا لەسەر ئەو مەسەلەیە ئیش دەکەین، ئەگەر ئەو مەسەلە سەری گرت هەموو کیّشەکانی ترمان چارەسەر دەکریّت ئەوە بونیادی شتەکانی ئیّمەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا یەک پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەم، ئەوەی کەوا بەڕێز مام جەلال لەگەڵ (الیاسۆن) گفتوگۆی کردوە، دەڵێ بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود یادداشتیان دا بە سکرێتری نەتەوەیەکگرتوەکان، لەڕاستیدا وەکو پێنج شەممەی رابردوو بەڕێز وەزیری دارایی وتی هەنگاوی ئاینده (٥-١٠) دیناری لەغو بکرێ ئایا هەر چەندە بێگومان بیرمان لەوە کردۆتەوە، بەڵام باشتر وانییە بیر لە هەنگاوی ئاینده بکەینەوە؟ کە رژێمی بەغدا (١٠-٥) إلغا بکات چ بکەین ئیّمە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیّمە لە کۆبوونەوەکانی خۆمان قسەمان کردووە کە چی بکەین و چی نەکەین، بەڵام ئیّستا (١٠-٥) دیناری لانەبراوە لەغو نەکراوە، ئیّمە ئەو مەترسیەی ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یان ناو میللەتەکەی خۆمان بڵێین کەوا لەغو بکرێتەوە، بەهای ئەو پارەش دابەزی لە بازاڕ وهەتا ئیّستا ئەو مەسەلەیە نەبووە، بەڵام بۆ بیرکردنەوە ئیّمە ئەوەشمان لێک داوەتەوە کەچی بکەین ئەو پێشنیارە کراوە کە مبلغێک پارەی راگیراوی (مجمدی) عیّراق بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چارەسەری هەموو کیشەکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیّمە دەزانین ئەو پارە(٢٥) دینارییەی کە لەغو کراوەتەوە بازاڕی شێواندوە، ئیّرانیەکان هەتا باوەڕیان بە(١٠-٥)دیناری نەماوە، لە بازاڕی ئیّمە ئیّستا شت بەگران دەکرن، لە بەر ئەوە تکامان وایە لەوەزارەتی (پ.م)و وەزارەتی ناوخۆ لەمە زیاتر رێگا نەدەن شمەکمان بچنە دەرێ و، پاشان سنوور بگرن و نەهێڵین دیناری (استنساخ) بێتە بازاڕەوە، کە ئەو دینارە هات بازاڕی ئیّمە بە چاکی دەشێوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضرکویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران باسی ئەوەیان کرد کە ئەنکێتەکە دابەش کراوە، ئەمە شتێکی چاکە، بەڵام پێشنیارم ئەوەیە کە تەنیا بەڕێوەبەری بانک ئیمزای بکات ودووەم لە تۆمارێکی بانکدا تۆمار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەکان دەربارەی ئەنکێتەکانە، خۆتان دەزانن پێشتر چەند جارێک لەبەر دەم ئێوەی بەڕێزدا ئامادەبووین، باسی ئەو مەسەلانەمان بەدورو درێژی کردووە، ئەنکێتەکە پاش لێ کۆڵینەوەیەکی زۆر وامان بەباش زانی سنوور بۆکات وبۆ شوێنە جوگرافیەکەی دانێین، لەبەر هۆی تایبەتی کە کاتی خۆی ئەوانەمان هەموو لێرە بۆ باس کردن، یەکەم ئێمە دەمانویست (حصر)ی ئەو پارانە بکەین کە لەو فئەی(٢٥) دیناری چاپی سویسری لەکوردستاندا چەند هەیە؟ چونکە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بزانین لەو فئەتە چەند لە کوردستاندا ئاڵوگۆری پێ کراوە وپاشەکەوتی خەڵکی خۆمان لە ناو هەرێمی کوردستاندا چەندە. ئێستا ئەمڕۆ دوا ئەنجامی بەسەرکردنەوە(جردەکانمان) نەکردووە، بەڵام لە دانشتنێکی داهاتوودا پێتان دەڵێین کە ژمارەی مبلغی پارەکە گەیشتە چەند لە کوردستاندا، شتێکی خەیالیە، ئاگادار بن ئەوە ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێمە نەمانتوانی بەباشی (حصر)ی ئەوە بکەین پارەکان چۆن دەرژێتە کوردستان وئێستاش پێشنیارەکان وداواکاریەکان هەموو لە قازانجی ئەو مەسەلەیە دان کە ئێمە وابکەین پارەی تر برژێتە کوردستان. دەربارەی درێژ کردنەوەی کاتی وەرگرتنەوەی ئەنکێتەکان ئەوەیە با بەدەستی خۆمان بازاڕی کوردستان غەرق نەکەین، چونکە بەرزبوونەوەی نرخ لە کوردستاندا سنوری بۆ نامێنێ، هەر هەنگاوێک لەو بابەتە وادەکا پارەی زیاتر لەوڵاتانی دەورو پشت برژێتە کوردستان ئەو ئاوارانەی لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن ئەوەش مەسەلەیەکە دەبێ زۆر بە قووڵی لێی بکۆڵدرێتەوە، چونکە ئێمە ئێستا بۆ هاووڵاتیانی دانشتوانی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە وادەیەکمان نەداوە ئێمە چیتان بۆ دەکەین لە پاشە ڕۆژدا ئێستا وەعد بدەین بەو کەسانەی لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستانن، لەراستیدا هیچ جۆرە زامینکردنێک نییە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی ئێستا(٢٠٠) هەزار دیناری لەو فیئەیە هەیە بەپێ ی وەعد بیکا بە(٤٠٠) هەزار بە ملیۆن چونکە ئەوانە کاغەزن لەودیو سنورەکان کاغەزیش بەشێوەیەکی ئاسان دەتواندرێ پەیدا بکرێ و کۆبکرێتەوە، لە بەر ئەوە من پێم وایە ئەو کێشەیە راستە مەسەلەیەکی سیاسییە بەنسبەت ئێمە، بەڵام دەبێ زۆر بە قووڵی دراسەی بکرێ من پرسیاری ئەوەم هەیە ئایا راستە هەموو کەس لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان پارەکەی خۆیان کردووە بە(٢٥) دیناری؟ وبۆ؟ سوپاس.

**بەڕێز حەمەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ قەدەغە کردنی(٢٥) دیناری، هەتا ئێمەش لەگەڵ عێراقدا بەباشی سنورەکانمان دابخەین وبیکەین بەهەرا کە بڵێین بەزۆر ئێمە دادەبری، دووەمیان قەدەغەی پارەی (تزویر) بکەین نەهێڵین هیچ پارەیەکی (تزویر) بێتە کوردستانەوە و، سێ

یەمیـان ئەوەیە هەقـە دەوڵەمـەندەکـان بانگ بکرێن کـە ئەو پارەیان بردۆتە بـانک بێین لە تورکیـا وئێران وشوێنەکانی تر ئازووقەی پێ بکرێن و دابەش بکرێ بەسەر کۆمەڵانی خەڵک ئیجرائاتی توندوتۆل لەلایەن وەزارەتی (پ.م)و وەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێ بۆ ئەو کارە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵـڵا رەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەربارەی ئەو مەسەلە چەند برادەرێکیش باسیان کرد، من پێم وایە حەقە هەموومان ئەو راستییە بزانین ئێمـە حکومـەتێکی دیموکراتین حکومـەتی بەعس حکومـەتێکی دیکتـاتۆری یە، ئێـمـە لە دیموکـراتییـەت ناترسین ئەو ئازادیەی کۆمـەڵانی خـەڵکی کـوردسـتـان ئەگەر ئەوان ئازان بابیـدەنە خـەڵکی عـێـراق، دەولەمـەندەکـانی ئێـمـە پشـتـیـوانی لە حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان دەکـەن بازرگـانەکـانمان دەیانەوێ حکومـەتی کـوردسـتـان سـەربکەوێ، بەڵام بازرگـانەکـانی عـێـراق بەپێچەوانەوە دەیانەوێ حکومەتی عێراق بروخێ، کۆنترۆل کردنی سنورەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم لا پێم وایە دەبێ وامانی لێ بکات کە ئێمە بترسین لە بەعس خەڵکی دێت وخەڵکی دەروات دەچێت یا خەڵکی ئێمە دەچێتەوێ ئەوە حقیقەتە، ئێمە پێمان وایە خەڵکی کوردستان بازرگانە نیشتمان پەروەرەکان وکۆمەلانی خەڵکی کوردستان، حکومەت و پەرلەمانی خۆیان خۆش دەوێ وپشتیوانی لێ دەکەن و، سەلمێندراوە لە کـۆڕەوەکە هەمـوو خـەڵکی کوردسـتـان هەموو سـامـانی خـۆیان بەجێ هێشت لە بەر پێشمەرگە و شۆڕش هاتنە دەرەوە ئێستاکەش پشتیوانی دەکەن کەلوپەلەکانی خۆیان دەروێنن، بەڵام ئەوە پێم وا نییە رای هەموو بازرگانەکان بێ، رای هەموو ئەو کەسانە بێت کـە کـەلوپەلی خـوراکـیـان هەیە یان پارەیان هەیە و، لەم چەند رۆژەش هەمـوویان زۆر بەگـەرمی وپەرۆشـەوە لەگـەڵ حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان لەگـەڵ وزارەتی دارایی لە وتوێژکـردن دان، پێم وایە بەر پەچ دانەوەی سیاسەتی رژێم بەوشێوەیە دە بێ کەواچ رەفتار بکا ئێمەش پێچەوانەی ئەوبین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حــــاجی نامـق مــــەجــــیـــــد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێز سەرۆکی وەزیران باسی ئەوەی کرد کە لە بازاردا نرخ دادەبەزێت لەوکاتەی کەلە ماوەی(١) سـەعـات جـاڕ درا وای کـرد شت بشـاردرێتـەوە لەلایەن هەندێ لەوانەی کـە دەیانەوێ ئەو رەوشـە بقۆزنەوە، من پرسیارم ئەوەیە لە سەر چ بونیـادێک جێگری سەرۆک وەزیران مـەزەندە دەکات کە نرخ دادەبەزێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من بەباشی دەزانم برادەرێک لە کتلەیەکی تر قسەیەکی کرد بە چاوی رەخنەوە سەیری نەکرێ، ئێمە نەگـەڕێین بزانین هاوکـارانی کـتلەی تر، کـتلەکـەیان چی تەواو نیـیـە بۆ ئەوەی پرسـیـارێک یا

رەخنەیەکی لێ بگرین وچاکیشە ئەگەر بەباش گوێ لەقسەی یەکتر بگرین من وتم پاش ئەوەی ماوەکە تەواو دەبێ وئەو مەبلەغە کەوت (ساقط) بوو مەزەندە دەکەین بازاڕ جێگیر ببێ، ئەمە شتێکی راستە چونکە شتێکی خێرا روونادات. ئەگەر زیاد بکات، کەمێ زیاد دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەش زیاتر ئێستاش بازاڕ دابەزیوە دوێنێ دولار بەچەند بوو ئەمڕۆ بەچەندە؟ پێرێ کەلوپەلی خۆراکی بەچەند بوو؟ ئەمڕۆ بەچەندە؟ لەڕاستیدا دابەزیوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە ئایا هەڵویستی رەسمی(Inc) جاڕ دراوە؟ سەبارەت بەو هەڵوێستەی بەعس بەرەسمی هیچ بۆ ئەوە هاتووە؟ ئەمە یەک، دووەم من باسی ئاوارەکانم کرد هەم د. رۆژ هەم وەزیری ئابووری وەڵامی دامەوە، بەڵام پرسیارێکی کرد دەڵێ بۆ چ پارەی خۆیان کردۆتە(٢٥) دیناری؟ ئەو ئاوارانەی کە ئێستا لە ئیرانن دیناریان بە(٧٠) تمن کڕیوە وفرۆشتوە وەختی خۆی دینار کە(٧٠) تمنی دەکرد ئێستا دینار گەیشتە(٦) تمن و(٧) تمن، خێزانی ئاوارەی ئێمە هەیە مانگانە داهاتی(١٠) هەزار ودیناری هەیە(٥-٦) کەس یان هەیە لە کارخەنە ئیش دەکەن، هەر یەکیان لە (٣٠) هەزار تمن زیاتر مانگانە وەردەگرێ، من دەڵێم(٣٠) هەزار، بەڵام هەیە(٥٠) هەزار وەردەگرێ، رۆژانەی کرێکار هەیە دەگاتە(١) هەزار تمن یانی ئەوانەی دەچنە ناو بازاڕ ئیش دەکەن بەلای کەمیەوە وەکو کرێکار مانگانەیان(٣٠) هەزار تمنە، حساب بکەن ئەو(٣٠) هەزار تومەنە بکاتە دیناریش بە(٦) (تمن)ە، دەکاتە چەند ئەوانیش دەزانن رۆژێک لە رۆژان دیناری عێراقی سەردەکەوێ ئەوانیش ئەوەیان کردوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پەیوەندی کردن بە(INC) پەیوەندیان پێوە کردوون وتێبینی و پێشنیاری خۆیان ناردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە کوردستان هەنە ودیسان دەگەرێتەوە، دەبێ لەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک وەربگیرێ بۆ ئەو مەسەلەیە پێشنیارەکانی سەرکردایەتی(INC) یا ئەوانی تر شارەزاییان هەیە ئێمە ناتوانین هیچ ئیجرائاتی دەولی بکەین لە کوردستان. ئەوان خۆیان لەو بارەیەوە ئیش دەکەن بۆ ئەوەی سیاسەتی رژێم پوچەڵ بێتەوە. بەشی دووەمی پرسیارەکە پەیوەندی بەبەڕێز وەزیری دارای یەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- دەربارەی دەرەوە، بەپێی یاسا حکومەتی عێراقی مافی خۆی هەیە سنوور لەگەڵ ئوردون

دابخات، بەڵام مافی ئەوەی نییە لەگەڵ ئێمە ئەوە بکات، ئێمە هەرێمی فیدراڵی ئەوین، ئەو خاڵە زۆر بەهێزە ، لەگەڵ ئێمە دایبخات، وئەمە شتێکی باشە بە دیار بخرێ کە حکومەتی عێراقی سەودای دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ کوردستان دەکات.

٢. هەندێ هەیە کەل وپەلی خۆراکی داکردووە ئەو عەمبار کردنە بەپێی یاسا (احتکارە)، احتکار بەپێی یاسای سزادان دەتوانین تۆ ئەو عەمبار کردنە نەهێڵی، بانگی بکەی ئەو کەل وپەلەخۆراکیانەی بۆ عەمبار کردووە؟ بیهێنی ودابەشی میللەتی بکات بەگوێرەی نرخێکی گونجاو، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پرسیاری یەکەمی مامۆستا حەسەن، لەراستیدا عێراق ئێمەی جیا کردۆتەوە بە خۆمان ئێستا بە بەشێک لە عێراق دەزانین، بەڵام مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێمە وەکو دەوڵەتەکانی ترە ئەم پێشنیارە پێشکەشی برادەران کرایە چ لەسەر ئاستی(INC) چ لەسەر ئاستی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود بەنسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکە ئێمە باسمان کرد لە قسەکانمان چاودێری بازرگانەکانی خۆمان دەکەین کێ ئێستا بەدەنگمانەوە دێن، ئێستا لیژنەی ئابووریمان هەیە لە هەموو پارێزگاکان چاودێری وەزع دەکەن، کێ دەیەوێ (استغلال)ی بازاڕ بکات، کێ شتەکان گران دەکات؟ کێ دەی شارێتەوە؟ لەدوا رۆژ ئێمە پێمان وایە ئاسۆیەکی روناک دەبینین مۆڵەتی هاوردەو، ناردنەدەر (استراد وتصدير) دەکەینەوە ئاسانکاری بۆ بازرگانەکان دەکەین، ئەوانەی دەزانین استغلالی ئەوە دەکەن ئەوانە لەبەرچاو دەگرین کە ئەو رۆژەی قۆزیوەتەوە (استغلال) کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر شتێکی (سلبی) هەر کردەوەیەک حکومەت دەیکات ئێستا لایەنێکی (ایجابی) هەبووە بەنسبەت مەسەلەکەمانەوە ئێمە لە راستیدا زۆر بەو ئیشەی کە حکومەت کردوویەتی بەرامبەر بە ئێمە ئەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین لە رووی سیاسی یەوە هەوڵ بدەین زەرەرکە بکەین بە قازانج و ئەو ئەگەرە زۆر بە هێزە، چونکە پەلامار دراین هاوپەیمانەکان پارێزگاریان کردین، ئابلووقەی ئابووری دانا، هاوپەیمانان ئازوقە ونەوتی داینێ، ئێستا پارەکە قەدەغە دەکات لەوانەیە وڵاتان یارمەتیمان بدەن ئەڵێم لەوانەیە نالێم ئەیکەن، ئەمە هەمووی هەنگاوە بۆ پێشەوە دەچین بەرەو پێش چوونی مەسەلەکەمان لەراستیدا لە بارەی ئەم بەباتە زۆر ئالۆز نەبێ. لە مەسەلەی داخستنی سنوور با وریا بین لێی بکۆڵینەوە وهەوڵ بدەین سوودی گەورەی لێ وەرگرین، لەرووی سیاسییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم شێوەیە وەڵامی پرسیاری ئەو برایانە درایەوە کە ناونووس کرابوون و، گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵە تەواو بوو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی وەڵامەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، من پێشبینی ئەوەم دەکرد کە شتێکی کۆنکرتیتیان کردبێ، لەو ڕووەوە من ئەوەم باس کرد نەک بەو قاڵبەی کە ئەوە فراکسیۆنی زەرد بێ یاکەسک بێت یاخود تانە(طعن) لە قسەی جەنابت بێت، حەز دەکەم ئەو ڕوونکردنەوەیە بکەم، مەبەستم هیچ نەبوە حەزم نەدەکرد بەو شێوەیە بەرپەرچەکە بدەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەڵامم ناوێ دەمەوێ لێی بکۆڵدرێتەوە. ئەو خەڵکە کە پارەی خۆیان کردوەتە(٢٥) دیناری چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە یاسایەکان تەواو بن، زۆربەی زۆریان بگەڕێنەوە. وچاوەڕوانی داخستنی قوتابخانە دەکەن دەگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەک باسم کرد ئێمە لەم بابەتە دەکۆڵینەوە، هەموو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بەشداربن لە پاشە ڕۆژی ئەم مەسەلەیە وچارەکردنی، پرسیاری تر هەیە حەز دەکەم پەلەی لێ بکەین، ئەویش برادەران ئەڵێن ئەو ئەنکێتەی لە بانقەکان دانراون بواری دەسکاری کردنیان هەیە؟ نەخێر دوێنێ دوای سەعات چوار بەپەلە هەمووی هێنراوە، لە بانقی مەرکەزی هەولێر دانراوە هەموو بانقەکانی کوردستان بۆ ئاگاداریتان ژمارەی بۆ دانراوە وپارێزگا جیا کراوەتەوە ئێستا هەر پارێزگایەک دەزانێ چەند ئەنکێتی هێناوە بە شێوەیەکی ڕێک وپێک، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕووی پرسیارم لە وەزیری داراییە، ئایا ئەنجامی ئەو ئەنکێتەی کە کۆبۆتەوە زانراوە چەندە بڕی ئەو پارەی کە کۆبۆتەوە بەبێ ئەو ئەنکێتانە؟ سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من لە قسەکانی پێشوو باسی ئەوەم کرد کە لە دانیشتنێکی تردا پەنا بەخوا ژمارەکانی بۆ دەهێنین، سوپاس.

**بەڕێز حــازم ئەحـــمـــەد مــەحـــمـــود یوســفی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئەم کێشەیە لە ناو کوردستان بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چار ناکرێت، چونکە ئەو مەسەلە ئابووریە پەیوەندی دارە بە بەغداوە وپارەکە عێراقیە، هەر کاتێ بیەوێ بێنێتەوە پارەکە دەمــێنێــتــەوە، هەر کــاتێ بیــەوێ الغــای بکات دەیکات، لە بەر ئەوە دەبێ هەوڵ بدەین پشت بەپارەیەکی تر ببەستین وەکو دۆلار بێجگە لەوە ئێمە ئێستا بازرگانی مامڵەتمان لەگەڵ تورکیا وئێران و سوریا هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کارێکی وابکات بتوانین بەرێگایەک ئەو پارەیە بێتە ناو کوردستان، وەبەتەنیا پشت بە دیناری عێراقی نەبەستین، ناڵێم دیناری عراقی بە یەکجاری مامەڵەی پێ نەکەین بەراستی ئێمە تا ئێستا پارچەیەکێن لە عراق، بۆ ئەمەش دەبێ (سیولە) هەبێ سیولەکەش رێگەی هەیە ئەویش دەولەتە بیانییەکان یارمەتیمان بدەن یا مەسەلە داوا بکەین لە (صندوقی نقدی دەولی) لە نەتەوە یەکگرتوەکان باقەرزمان بدەنێ ئەگەر بواری تیا هەبوو، پێشنیاری ترم هەیە، من لە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکەم لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئەو خەڵکە دڵنیا بکەنەوە، چونکە وا دیارە زۆر هەوڵ دراوە ئەوە لە قسەکانی بەڕێز جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دیارە، هیچ نەماوە نەیان کردبێ ئەوەی لە توانابێ کراوە، بەڵام دیارە خەڵکی کوردستان ئەو شتانە نازانن بۆیە پێویستە ئەوەی کراوە بگەینرێتە خەڵک بزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە چی کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

کاک فرەنسۆ پرسیاری دوو شتی هەبوو وەڵام درایەوە، کە باسی ئەوەی کرد هەندێ خەڵک گیراون (٥-١٠) دیناریان پێ بووە،ویستم رونکردنەوەیەک لەسەر ئەوە بدەم ئەو رێنماییەی لەوەزارەتی ناوخۆ دەرچووە باسی (٥.١٠)دیناری نەبووە بەهیچ شێوەیەک وباسی خەڵکی کوردستانیش نەبووە، پارە وەرگرتن لە خەڵکی کوردستان، ئەگەر شتێکی وابو بێت ئەبوایە خەبەری ئێمەیان بدایە تاکو کرێکان وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

بەم شێوەیە ئەو کاتە تەواو بوو کە دیاری کرابوو بۆ پرسیار کردن دەربارەی ئەو رونکردنەوەیەی کە سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی دەربارەی بارودۆخی ئێستای کوردستان باسیان کرد، بەڵام تکامان هەیە لەمەو دوا برادەران کە پرسیار دەکەن تۆزێک ئاگادارین و جیاوازی بکەن لەنێوان پرسیار وپێشنیاردا، چونکە هەر لە سەرەتاوە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران رەوشەکەی خستەڕوو و، وتمان ئەوەی پرسیاری هەیە دەربارەی ئەو قسانەی کە کردی، بەڵام زۆر لە برادەران پرسیاریان گۆری بە پێشنیار، پێشنیاریش بواری تری هەیە، بۆ ئەوەی سوود لەوەختەکە

وەربگرین ئێستاش پرسیارێکی ترمان هەیە بەراستی چەند جار هاتووە دەربارەی ئەو هێزمۆڵدانەی کە ئێران کردویەتی و، وەکو ئاگادارن پێش ماوەیەک ئێران سنووری بەزاند، چەند جێگایەکیشی بەرتۆپ داو لەم ماوەی دواییەدا چەند جێگایەکیش سنوور بەزێنی کردووە، ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ کە لەم بارەیەوە چی کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەلای هەموتان روون وئاشکرایە کە ماوەیەکی زۆرە حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەرەشەمان لێ دەکات، یان هێز دەنێرتە سەر سنورەکان، یا تۆپ بارانی گوندەکان دەکات، ئەو ماوەیە زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ئەو مەسەلەیە لە شوێنێک هاتۆتە ناوەوە لە ناوچەی (بەمووسەر)، هەروەها لە ناوچەی (شلێر) هەروەها لەناوچەی (قەلاتۆکان) وگوندەکان چۆڵ بونە لە ئەنجامی تۆپ باران، هێزێکی زۆری هێناوەتە سەر سنوری کوردستان هەر لە خانەقین تاوەکو کێلەشین هێزی مۆڵداوە وەکو ئێمە زانیاریمان هەیە گوایە بۆ کۆنترۆل کردنی سنووری خۆیەتی ودەرپەراندنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیە، یادەرپەراندنی (دیموکراتی) کوردی رکابەرە لە کوردستانی ئیران، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە دیارە لە سەر کردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی باسی ئەو مەسەلە بە دورودرێژی کرا لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، باس وقسەکرا کە ئێمە وەفدێک بنێرن بۆلای کۆماری ئیسلامی ئیران، قسەیان لەگەڵدا بکات وبزانین ئەوانە مەبەستیان چییە؟ ئایا هاوئاهەنگی هەیە لەگەڵ حکومەتی عراقی کە هەردوو لایان دەیانەوێ دژی ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی ئێمە بوەستن؟ یان مەبەستیان ئەوەیە وەکو باسی دەکەن رکابەری ئێرانی لەسەر سنورەکان نەمێنێ؟ ترسیان هەیە لە رەوشی ئێستای کوردی ئیران. بۆیە شاندێک (وەفدێک) پێک هاتیە بە سەرۆکایەتی وەزیری داد، کاک قادر جەباری، هەروەها بەڕێز پارێزگاری هەولێر نوێنەرایەتی وەزارەتی ناوەخۆ دەکات، هەروەها بەڕێز مامۆستا بەکر سەرکردەی ناوچەی هەولێر نوێنەرایەتی پێشمەرگە دەکات وبریار بوو دوو نوێنەری پەرلەمان بەشدار بن لەو شاندە (وفدە) لەو رۆژانە لەوانەیە سەفەر بکەن، ئیرانیەکانیش رازینە بەوەی کە پێشوازی وەفدەکە لەو رۆژانە بکەن ،قسەیان لەگەڵ بکەن لەسەر مەسەلەی هێزمۆڵدان لە ئەنجامی ئەوتۆپ بارانە خەڵکی زۆر کە گەرابوونەوە گوندەکانی خۆیان ئاوارە بوونەوە، لە ناوچەی قەلادزی وپێنجوین ئێستا رێکخراوە خێرخوازەکان یارمەتیان دەدەن ئێمەش ئاگاداری قائیمقام و بەرپرسی بەرێوەبردنی ئەو ناوچانەمان کردووە کە هاوکاریان بکەن، بەکورتی وەزعی هێزمۆڵدانی ئێرانی لەسەر سنوری کوردستان ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەڵامی ئەو پرسیارانە بوو دەربارەی ئەو هێز مۆڵدانەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر چ پرسیاری تر هەیە، تەنها پرسیار نەک پێشنیار!.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقــــادر قـــەرەداغی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
ئایا وەزارەتی پ.م چ پلانێکی هەیە دەربارەی ئەو جـێگایانەی کـە گـرتوویانەو زیاتر نەیەنە پێشەوە؟
دووەم/گوایە لەلایەن وەزارەتی(پ.م) وەزارەتی ناوخۆوە لە(٣٠) مانگ بەولاوە چەک هەڵگرتن قەدەغە دەکرێ لە بازار و مەرکەزی شارەکان، حەز دەکەم دەربارەی ئەوە روون کردنەوەیەک هەبێ، سوپاس.
**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
پاراستنی سنوورەکان دوای دروست بوونی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان زۆر پێـویسـتـە، دیارە ئاگـادارن حکومـەت بەرنامـەی هەیە بۆ ئەوەی دەست بگرێ بە سەر سنوورەکاندا بۆ هاتوچۆ کـردن لەوکـاتـەی کـە جوولانەوەی ئێـرانی هەیە هەندێ بزاڤی خـەڵکی گـومـان لێ کـراو هەیە کـە لە ناو لایەنەکـانی ترن و هاتوچۆ دەکـەن ئەمـە دەبێـتـە هۆی نیگەرانی خـەڵکی کـوردسـتـان و نائارامی سنورەکانمان، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بەرنامەیەکی هەیە؟ هەر چەندە ئێمە دەزانین یاسـای حزبەکـان دەرنەچووە ،بەڵام ئایا هیچ بەرنامـەیەک بێ کۆنتـرۆڵ کـردنی ئەو لایەنانەی کـە پابەندی ناکەن بەبڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟ سوپاس.
**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
بەراستی من داوا دەکەم لە وزارەتی ناوخۆ هەروەها لە وزارەتی پێشمەرگە وئەنجوومەنی وەزیران با بزانین چی کـراوە لەگـەڵ هێـزە هاوپەیمانەکـان ونەتەوە یەکگرتوەکـان؟ ئێـمـە سنورمـان وشکۆمەندی(سیادە)ی ولاتمان پێشێل کراوە لەلایەن هێزێکی بیانی، ئەمە تورکیـا کـاتی خۆی کردی تا رادەیەک (ئیجرائات) وەرگیرا، بۆ لەسەر ئێران هیچ هەنگاوی بەکردەوە نییە؟ سوپاس.
**بەڕێز حـــەســـەن حــەمــیـــد رەحـــیم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
ئێستا سوپای کوردستان بوە بەیەک، بەڵام خەڵکی تر هەیە راهێنان وجبەخانەو، تۆپ خانەو بەزم و رەزمی خۆی هەر بەردەوامە، ئایا ئەمە هەر بەردەوام ئەبێ؟ سوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**
پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسـیـارانە بدرێتـەوە با وەزیری دارایی وئابووری ئاگـادار بێ ئێـسـتـا خەڵکێک لە بەر دەرگـای پەرلەمـانن و، پرسـیـاری ئەوە دەکـەن کـە بۆچی ئەنکێـتـیـان لێ قـبـوڵ نەکراوە؟ نارازین لەسەر ئەو ئەنکێتانەی کە باستان کردن. دوێنێ وئەمڕۆ لێتـان وەرنەگرتوون و داواکاریەکانیان لەگەڵ ئەنکێتەکان رەوانەی لای ئێمە کراوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسانەی دەڵێن ئەنکێتمان رەچاو نەکردوون راستە، ئەوە چەند ئەنکێتێک هەیە ئێمە چی بکەین؟ هەموو کەس تەواوبوونی وادەکەی زانیوە ئەمە کاری دوای وادەکەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە هیچمان پێ ناکرێ کۆتایی بەم باسە دێت، دێینەوە سەر ئەو چەند پرسیارەی کە کران، داوا لە وەزیری کاروباری پێشمەرگە دەکەین، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

**بەڕێز جەبار فەرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی هێز مۆڵدانی ئێرانی لەسەر خاکی کوردستان کراوە بەڵێ ئەوە هەیە وەزارەتی کاروباری پ.م بەدرێژی ئاگاداری ئەو مۆڵدانەیە، بەنسبەت چ ئیجرائات کراوە بەرامبەر بەوە؟ بەراستی هەندێ بابەتی سەربازی کە دەکرێ ئەوە هەرگیز ناوترێ، بەڵام دڵنیای هەموو جەماوەری کوردستان دەکەینەوە کەوا پێشمەرگە قارەمانەکانمان وەکو هەمیشەگیانیان بەخشیوە بۆ بەرگری کردن ورزگارکردنی کوردستان، ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین ئەو هێزە وا لێ بکەین بیێتە هێزێکی نیزامی بێتە شورەیەکی پۆلاین بەدەوری کوردستان بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێ ئەویش پاراستنی کوردستانە. دوا چارەسەر چەکە، لە پێش ئەمە چەندین رێگای سیاسی وتووێژ رێگای دبلوماسی هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆستایەتی باشی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێ نەبێ هەندێ کێشە و تێک نەگەیشتن هەیە لە ناو حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئەویش بەرامبەر بە هەبوونی ئۆپۆزۆسیونی ئیرانی لە ناو خاکی کوردستان ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانەی نەهێناوەتە ناوکوردستان، بەڵکو پێشتریش لێرە بوون وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رۆیشتوون بۆ قسەکردن لەو بارەیەوە. بەنسبەت قەدەغە کردنی چەک ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوەخۆ دوو رۆژ پێش ئێستا کۆبونەوەمان هەبوو بۆ ئەوەی هاوکاریەکی باش بکەین لە سەر ئەو مەسەلەیەو ئەوەی لەسەر وەزارەتی کاروباری (پ.م)یە ئەوەیە ناسنامەی(پ.م) چاک بکەین هەروەها هەڵگرتنی چەک بۆ پ.م تەنها بۆ هاتوچۆ چەکیان پێ بێ، هەروەها لەگەڵ لایەنەکانی تر قسە بکەین هەموو هاوکاری بکەن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی کاروباری(پ،م) ئەو دیاردە نەمێنێ. پرسیارمان بۆ هاتووە دەربارەی مووچەی(پ.م) وهەروەها دەرماڵەی خێزان ومنداڵی(پ،م). وداوا دەکەم هەردوو لیژنەی(پ،م) ولیژنەی دارایی لەگەڵ وەزارەتدا پێکەوە دەست بکەینەوە بە دانیشتن بۆ ئەوەی لە سەر ئەو مەسەلانە بریارێ بدەین، هێشتا وەکو یارمەتی مانگانە تەنها (٣٠٠) دینار بۆ(پ.م) دەدرێت ودەرماڵەی خێزان ومنداڵی نییە هەروەها داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەندامان دەکەم ئەو پرۆژانەی لە بەردەم پەرلەماندا هەیە لە بابەت یاسای دادگای سەربازی ویاسای رێزلێنانی(تکریم)ی پێشمەرگە ویاسای رێزلێنانی(شەهید) بە زووترین کات براستێندرێ

(تصديق) بكرێ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین جێبەجێیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

دەربارەی ئەو رونکردنەوەیەی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگە، ئەو برایانە ناونووس دەکەین کە دەیانەوێ قسە بکەن.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێزان لەهاتنە ژورەوەی لەشکری تورکی، پرسیاری کاک عەبدولخالق دەربارەی وەرگرتنی هەندێ ئیجرائات ونەبوونی دەست بەکاربوون (ئیجرائات) بەرانبەر بە ئێران، پێم وایە لەوی بۆ ئێران زۆر لەوە زیاتر کراوەکە بووە مایەی ئەوەی ئێران زیاتر نەیێتە پێشەوە. ئاگاداری هەموو لایەنەکان کراوە چ لەدەرەوە وچ لەو رێکخراوانەی کەلێرەنە وناوەندی هاوئاهەنگی سەربازی ئەو مەسەلە زۆر بایەخی پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز بەکـر حـاجی سـەفـەر غـولام:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لەو رۆژانەی پێشوو من سەردانی پێنجوێنم کرد، یەکێک لەو شوێنانەی کە باس کرا گوایە ئێران پێنجوینی گرتووە سەنگەری لەم دیو سنوورەکان داناوە، دیارە بەو جۆرە نەبوو راستە هاتوونە سنوورەکانیان گرتووە رۆژنامەکانیش هاتوون نێردراوی(BBC) هاتبوون لە ئەلمانیا لەگەڵ قائمقامدا چوو بوون لەوێ گەشتێکی مەیدانیان کردبوو چووبوونە سەر سنورەکان، لەراستیدا کەسێک نەبوو لەو ناوچانە بەرگری بکا، هەلێکی باشە کە ئێستا بەڕێزان وەزیرانی کاروباری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆش لێرەن ناو شاری پێنجوێن ودەورووپشتی ودێهاتەکان وشلێر وئەوانە هیچیان بەراستی هەر پاسەوانی ناوەخۆشی لێ نییە، تاکو ئێستا پۆلیس ناتوانی دەوری خۆی ببینی، چونکە زۆر کەمن لەوێ خەڵکەکە هەستابوون کە خۆیان پاسەوانی خۆیان بکەن، خەڵک زۆر چاوەرێ بوون هێزێک بچێت، چونکە هەم پۆلیس وهەم هێزی پێشمەرگە کەم بوون، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی مووچەی پێشمەرگە لەراستیدا ئەوەی تا ئێستا دراوەتە پێشمەرگە زۆر شتێکی کەمە، ئەگەر بێت و بەراوردی بکەین بەژیانی فەرمانبەران چونکە فەرمانبەران تائێستا هەموو بە بەردەوامی مووچەی خۆیان وەرگرتووە من پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکەم کە مووچەی زۆر لەوە زیاتر بێت، ئەو ئەرکەی بەوان دەسپێردرێ زۆر لەوە زیاترە کە دەیاندرێتی، حەز دەکەم برادەران ئەوە رەچاو بکەن کە پرۆژەکە بکەن وا بکەن بە ژیانێکی ماقوول بژین، بتوانن ئەرکەکە بخەنە سەرشانیان، چونکە زۆر زەحمەتە ئەو ئەرکە بە(٢٠٠-٣٠٠) دینار (تحمل) بکا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم لەسەر قسەی بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە هەیە، یەکەمیان تکا دەکەم بچوونە ناو درێژەپێدانی وردەوە، چەکدار بە لادان (تجاوز) هەبێ باشترە نەک لەوەی هەزاران کەس بە شێوەیەکی یاسایی کارتی بۆ دروست بکرێ، ئەمە تایبەتە بە وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە! دەربارەی یارمەتی پ،م ودەرماڵەی پێشمەرگە ئەو یاسایە لە پەرلەمانەوە تصدیق نەکراوە، ئێمە لە لیژنەی دارایی شتێکمان تصدیق نەکردووە بە یاسای مووچەی پێشمەرگە. ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ودوو (ستفسارمان) هەبووە تکا دەکەم وزارەت رای خۆی لەگەڵ بنێرێ، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک نوسراوێک کرا بۆ ئەوەی وەڵامان بدەنەوە تاکو دەستکاری یەکی ئەو نێردراوەی کە ناردیان بۆ پەرلەمان لە لیژنەی ئابووری دەستکاریەکی بکەن ئەو نێردراوەی کە ناردیان بۆ پەرلەمان لە لیژنەی ئابووری بکرێ، وەلامی نەبوو، بەڵام لەسەر ساڵانەی خزمەتی پێشمەرگە وادیارە پێشمەرگەی خاوەن دە ساڵ خزمەت وەکو پێشمەرگەی تازە تەماشا دەکرێ. ئێمە داوا دەکەین کە بریارێک بدەن کەهاندان (حوافز) بدرێ لە پاڵ مووچەدا بۆ ئەوانەی خزمەتی زۆریان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو یاسایە تا ئێستا لە پەرلەمان نەراستاندراوە، هەر کاتێکیش پرۆژەیەکی وا لە لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری و لیژنەی کاروباری پێشمەرگەوە گەڵاڵە کرا ئەو کاتە باس ئەکرێ.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیستێکم لایە لەوەختی خۆی لەوزارەتی پێشمەرگە بۆمان هاتووە ساڵانی خزمەت ودەرماڵەی منداڵ وخێزانی پێشمەرگەی تیایە، مووچەی پێشمەرگەی تیایە، ئێمە لەوەمان کۆڵیبیەوەو وەڵاممان دایەوە، بەڵام تائێستا وەڵاممان بۆ نەهاتووتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا پرۆژەی ئەو یاسایە نەگەیشتۆتە لیژنەی یاسا تا بریارێکی لەسەر بدا، هەر کاتێکیش گفتوگۆ کراو بوو بەیاسا، داوای هەموارکردنی بکەن.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر پشتگیری هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ

وکاروباری پێشمەرگە بکات، هەروەها وتم هێزێک هەیە لەدەرەوەی بەرەی کوردستانی مەشق دەکەن، بۆیە هەتا ئەوەش چارە نەکرێ ئەو یاسایانەی هەمانە جێبەجێ ناکرین، هەقە چارەی ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم باشە داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە بکرێ، خۆیان پرۆژەیەکی یاسایی ئامادە بکەن وبیدەن بە پەرلەمان ولە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێ وبکرێتە قانونی وەزارەتی پێشمەرگە ئەمەیەک، دووەم دەربارەی ڕێزلێنانی شەهید، وموووچەی پ.م بەراستی بە خوێنی شەهید وبە ئارەقەی پێشمەرگە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە، ئەو ئازادیە ودیموکراتیەی کەئێستا بەخوێن وئارەقەی نیوچەوانی ئەوان پەیدا بووە، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسا دەکەم داوا لەو برایانە دەکەم کە شتێکیان دێتە بەردەست بۆ پێشمەرگەی ڕاستەقینە بە چاوێکی وا تەماشای بکەن کە ئەو هەموو کوێرەوەری وخوێن ڕشتن ونەبوونی وماندووبوونەی کردوویانە لەو ماوەیەدا لەبەرچاو بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هیچیان هەیە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان. بفەرموون.

**بەڕێز جەبار فەرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی موووچەی پێشمەرگە ودەربارەی دەرماڵەی خێزانی دوێنێ نوسراوێک بەرەسمی گەیشتە دەستمان و وەڵامان دایەوە. دەربارەی بوونی هێز لە دەرەوەی بەرەی کوردستانی مەشق دەکەن ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوەخۆ قسەمان کرد بۆ ئەوەی سەردانی هەموولایەنەکان بکەین کەپشتوانی لەو بڕیارە بکەن، ئەوەی لە ناو بەرەی کوردستانی وئەو هێزەی هەیە لەدەرەوەی بەرەی کوردستانی چونکە ئەمڕۆ دەبێ هەوڵ بدەین هەمیشە هاوکاری لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بکەین بۆ ئەوەی یەکێتی ڕیزی میللەتەکامان بپارێزین، وابکەین هەموو ئەوانەی بەشدارن یان لەدەرەوەی پەرلەمانی کوردستانن هەموو لەم دەسکەوتە مەزنە پارێزگاری بکەن. بڕیارەکەش لە(٣١)ی مانگ مۆڵەتی تەواو دەبێ. وکار بە قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چەند پرسیارێکی ترمان هەیە پەیوەندییان بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، یەکێک لەوانە، ئایا چی کراوە بۆ چۆڵ کردنی ئەو خانوانەی کە ئێستا سەر بە وەزارەتی ئابوورین ودانراون بۆ ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەویش ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە؟ پرسیاری دووەمیش دەڵێ، چی کراوە دەربارەی ئەو خانوانەی کە خانووی حکومەتن یا ئەوانەی

کەرتی گشتین و سەر بە فەرمانگەکانن ولەلایەن خەڵکەوە یا لەلایەن لایەنەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، چی کراوە بۆ ئەوەی ئەو خانوانە چۆڵ بکرێن؟! ئەو پرسیارە لەلایەن کاک سالار عەزیز لە کتلەی سەوزەوە کراوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو خانوانە دیارە ماوەیەکی دورو درێژە کێشەی لەسەرە لەسەر چۆڵ کردنی وچۆڵ نەکردنی، پێشەکی من داوا لە هەردوو فراکسیۆن دەکەم یا ئەوان ئەندامانی خۆیان دەربکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە بێ لایەنە لە بۆ حکومەتی بەجێ بهێڵین وەزارەتی ناوخۆ پێیان چۆڵ دەکات. ماوەیەکی زۆرە خەریکە هەندێکیان چۆڵ کراون ئەو خانوانە بەکەڵک ئەوە نایەن کە خەڵک تیایاندا بژین وپارەیەکی زۆری دەوێ بۆ چاک کردنەوە. خانوەکانی تر مەسەلەی هەموومانە تەنیا مەسەلەی حکومەت نییە، پەرلەمان بریار بدات کە حکومەت دەبێ چۆلیان بکات یا چۆڵی نەکا چونکە دەرکردنی ئەو خەڵکە زۆر ئاسان نییە لە کاتێکدا گرفتی نیشتەجێکردن هەیە ولە کاتێکدا خەڵکێک خۆیان بەشایان (مستحق) دەزانن لەو خانوانە بمێنێتەوە چەندین سالە خەباتیان کردووە وپێشمەرگە بوونە خۆیان بەخەڵکی تر شایان (مستحق) تر دەزانن حەز دەکەم ئەمە گفتوگۆی لەسەر بکرێ هەر نەبێتە بریارو بڵێین حکومەت چۆلی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لە برادەران لەسەر ئەو خالە قسەیان هەیە؟ با ناوەکان بنوسین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داخوازی پەرلەمان ئەوە بوو لە بریارەکانی پێشوو کە ئەو خانوانە کە مولکی حکومەتن چۆڵ بکرێن وبدرێتە وەبەو فەرمانگانە وبدرێتە ئەو کەسانەی کە دەبێت لەو خانوانە دابن وئەوە بریارە پێویستە جێبەجێ بکرێ. ئەگەر وانەبێ پەرلەمان ناچارە لەم بارەوە بریاری تر وەربگری پێویستە کۆتایی بێت وئێمە خۆمان بچینە سەر خانوەکان بڵێین چۆلی بکەن بەراستی هیچ چارەی تر نییە ئەگەر حکومەتی ئێمە نەیکا ناچار خۆمان ئەندامانی پەرلەمان کۆببینەوە وبچین ئەو خانوانە چۆڵ بکەین، وبیدەینە ئەو کەسانەی کە شیاون، سوپاس.

**بەڕێز شەوکت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو خانوانە بەراستی من دەمەوێ زیاتر باسی خانوەکانی پەرلەمان بکەم شتەکە لە تام دەرچووە ،کە باسی بکرێ وای لێ هاتووە بەتایبەتی ئەوانەی کە جێگەمان نییە ماوەی یەک ساڵە لەئۆتێلدا دەخەوین ئەم خانوانە ئێستا بەدەستی خەڵکەوەیە. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد کە هی حزبەکانن پێم وایە هی حزبەکان زۆر کەمن هی ئەنجوومەنی وزەیرانن. ئەنجوومەنی

وەزیران خۆیان دەزانن ئەو کارمەندەی کە لەو خانوانەن خەڵکی تێکۆشەر وپاکیان تیایە، بەڵام خەڵکی تر هەیە کە جێگەیان هەیە وحسابێک بکەن بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئیتر لەمە زیاتر لە توانادا نییە قەبووڵ بکرێ. بڕیاری پەرلەمان دەرچووە خراوەتە سەر وەزارەتی دارایی، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری بۆ دەرکردووە ئێستا خۆمان بەچاوی خۆمان دەیابینین کە تالانی دەکەن، تانکی وهەر چی تیایە لایدەبەن بە بەرچاوی حکومەتەوە ،بەبەرچاوی پۆلیسەوە، بەبەر چاوی حزبەکانەوە، بەبەر چاویماڵی لێپرسراوەکان، بەڵام کەس لێیان ناپرسێتەوە. تکامان وایە معاناتی ئەو برادەرانە بزانن کەوا بێ جێگەن، تکامان وایە بزانن کەوا ساڵێک تێپەر بوو لە ئۆتێلدان بە بەردەوامی دەوام بکرێت وخەڵکانی تریش دەبینین کە جێگەو ڕێگەیان بۆ ڕێکخراوە هەر ئەندامی پەرلەمانن، ئێمە لە حالێکی زۆر خراپ داین، هەتا وای لێ هاتووە ئەو خەڵکانەی لە ناو خانووەکانن هیچ حسابێ بۆ ئەندامی پەرلەمان ناکەن، من بەتایبەتی بەنسبەت خانووەکانی پەرلەمانەوە قسە دەکەم وبودجەی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە با ئەو خانووانە چاکسازی بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی خانووەکانی پەرلەمان بڕیاری پەرلەمان تەواو بووە ماوەتەوە دەست بەکاربوون (ئیجرائات) ئێمە لە پەرلەمان زۆر باسمان کردووە. داوا لە پەرلەمان ولە سەرۆکی حکومەت دەکەم کە ئەو کەسەی کە پابەند بە یاسا وبڕیارەکانی ئێمەیە لەگەڵ ئەوانەی تر جیا بکرێنەوە. من لێرە لە بەر چاوی پەرلەمان بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر چی خانوی حکومەت هەیە ئەندامانی مەکتەب سیاسی تیایە پارتی تیایە یەکێتی تیایە لەنێوان فەرمانگەکان بێت، ئەبێ کرێ یان لێ وەربگیرێ بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کودرستان، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی کە لەو خانوانە ناچنە دەرەوە بەتەمای ئەوە نین خانوەکە چۆڵ بکەن، بڕیاری پەرلەمان جێبەجێ بکەن، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەن ئەو یاسایەی ڕژێم داویەتی ئەوەی لە خانووەکە دانیشتوە لە سەری (تاپۆ) بکرێ، بکرێتە هی ئەو، چاوەڕوانی ئەوەن ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان وەزعەکە بگۆڕێ ئەو خانوانە ببێتە هی ئەوان، بۆیە ناچنە دەرەوە خەڵکی تیایە خانویان هەیە لەناو بازاڕیشە لە مەرکەزی شاریشە، بەڵام لەو شوێنە دانشتوە چاوەڕوانی ئەوە دەکا ئەو خانووە ببێتە هی ئەو، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو خانوانەی ئەندامانی پەرلەمان، ماوەیەکی زۆرە باس دەکرێ ئێستاش بەڕێز سەرۆکی

ئەنجــومــەن وتی هەندێکی بەکــەڵکی دانیــشتن نایەن، زۆریش هەبووە کــە بەکــەڵکی دانیــشتن نەهاتووە، بەڵام دراوە بەوانەی کە پێویستە پێیـان بدرێ چاک کـراوەتەوە پێویست وایە ئەوانەی شایانن(مســتحـقن) خـانویـان پێ بدرێ، ئەوەی چۆڵ نەکـراوە هەندێ وادەیان پێ دراوە کــە لەو خانوانە بمێنیننەوە پێویستە ئیجرائات بکرێ وخانووەکانیان پێ چۆڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومــــــــەن:**

یەک تێبینی هەیە بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکە،هەروەها بۆ وەزیری ناوخۆ و جـەنابی پـارێزگـاری هەولێـرکـە تایبـەت پەیوەندیان بە مـەسـەلەی خـانوەکـانەوە هەیە، ئێـسـتـا ئەو(١٠٠) خانوە سەر بە وەزارەتی دارایی وئابوورین و، هیچ شتێک نەماوە لەلایەن پەرلەمانەوە نەیکەین دەربارەی ئەو خانوانەی کە ئێستا هی حکومەتی کوردستانن وئەوە (٦-٧) مانگە ئێمە ئەم باسە لەنیـوان پەرلەمـان وئەنجـوومـەنی وەزیران و وەزیری ناوخـۆو پـارێزگـار، دێنین ودەبەین. ئەندامانی پەرلەمان و وزیرەکانمان وجێگرەکانیان کە سەرپشکیان (افضل)یەتیان پێ دراوە بۆ ئەو خانوانە لە هەموو کەسێکی تر شایان ترن، چونکە ئەو خانوانە خانوی حکومەتە ومـاوەیەکی زۆرە خەڵکی تیایە، بەڵام ئێستاکە بریکاری وزیرێک یا وەزیرێک یا ئەندامێک لە پەرلەمـان، ڕەوانییە لە ئۆتێل بخەوێ، بەشێکمان لەو خانوانەداین و چەند جارێکی تر ئەم باسەمان کردووە وهیـوادارم رادەیەک دابنرێ بۆ ئەم کـێشـەیە کـە مـاقـوول نیـیـە ئەوەندە درێژ بکێشـێت، حکومـەتی ئێـمـە نەتوانێ(٢٠-٣٠) خانـوویەک چۆڵ بکات وبیدات بەوانەی کە شیـاون بەپێ قـانونی ئەو خـانوانە کە خانوی ئەنجوومەنی وەزیرانن، ئەمە ڕەوانییەو، با ئەم کێشەیە ببڕێندرێتەوە.

**بەڕێز عــــەدنان مـــحـــمـــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومــــــــەن.**

دەمەوێ باسی لانی قـانونی بکەم، شتێک هەیە لەیاسا (العقد شریعة المتعاقدين) بەبـڕیـاری پەرلەمـان ئەو عقدانە هەڵوەشاونەوە (الغا) بوون وبەبڕیاری پەرلەمـان ئەو خانوانە بوون بە مـولکی وزارەتی دارایی، حـەقی وایە بەڕێز وزیری دارایی وئابووری وئەنجـوومـەنی وەزیران خـۆی بەرگـری لەوە بکات، بەگوێرەی یاسای (عقوباتە) لەسەر بنەمای عقدی هەڵوەشاوە(ملغى) کرێی ئەو خانوە وەرناگـرێ، ئەمـە وەکـو ملکی دەولەت، وزیری دارایی ئەمـینداری دارایی دەولەتە، حـەق وایە ئەنجوومەنی وزیران بەرگری لە ماڵی دەوڵـەت بکات، چونکە عقدەکە بەڵێنامەیەکی یاسایی نییە بەچ مافێک دەتوانین کرێ وەربگرن؟ یاسای نییە، سوپاس.

**بەڕێز مــەلا مــحــمـــەد ئەمین عــەبدولحــەکــیم:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومــــــــەن.**

مـەسەلەی خـانووەکـان بڕیاری لەسـەر وەرگـیراوە، بەراسـتی من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕیارە جێبـەجێ بکرێ، ناکرێ بڕیاری پەرلەمان دەربچێت وخەڵـک جێبەجێی نەکات دەبێتە دیاردەیەکی خراپ من لەگـەڵم وەکوو خـۆی جێـبـەجێ بکرێ، بەڵام پێـشنیـارێکم هەیە حـەق وایە باری ئەو خـەڵکە لێی

بکۆڵدرێتەوە کە لە ناو خانوەکاندان، چونکە هەندێ کەسی تیایە قانونی نییە، بەڵام جێگەی نییە راستە هەیە تیایەتی شیاو نییە وخانووی هەیە لە ناو شاردا، حەقە خۆی ریزم بۆ خۆی بهێڵێتەوە ودەرچێ، بەڵام حالەتی وای هەیە کە خەڵکێکی هەژاری تیایە توانای ئەوەی نییە کرێی خانوو بدات، حکومەتی کوردستان چاوێکی پیابخشێنێ بۆ ئەوەی یارمەتیەکی ئەو خەڵکانە بدەن ئەگەر پارچە زەویەک یاتوانایەکمان بۆ دابین بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ مامۆستا مەلا هادی ماوەیەکی زۆرە بەراستی خەریکی ئەو خانوانەین، خەڵکەکە هیچ گوێ ناداتە قسەکانی ئێمە. قەناعەتم هەیە کە ئەو خانوانە پێشمەرگەی کەم تیایە، ئەگەر دوو خانوو ئێستاکە وابزانم دوو بەرپرسی تیایە ئەوانیش بەراستی زۆر شیاوترن لەوانەی کە ئێستا لەناو ئەو خانوانەن، هەندێ خەڵک هەیە ئێمە پێمان ووتوە ئەگەر ئەزیەت نەبێ چۆلی بکەن زۆریان دەڵێت ئەوە صدام داویەتی بە ئێمە. زۆر ئەندامی پەرلەمان هەیە چووینە ناو ئەو خانوانە شووشەی پێوە نییە بەتانی بەپەنجەرەکان داداوە، هەندێ خانوش هەیە زۆر چاک چاکسازی(تعمیر) کراون. ئەوە ئێستا نوسراوێکمان لایە بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری هاتووە کە لیژنەیەک دابنرێ بۆ ئەوەی ئەو خانوانە تعمیر بکاتەوە، بەراستی ئەگەر بێتو دەست وبرد نەبێ ناکرێ ئێستا (١٠)خانوو هەیە لەوانەیە بە هەر(١٠) خانوو بە نیو ملیۆن دینار زۆر باش چاکسازی بکرێ ئەگەر بێتو لیژنە بە دەستوبرد بێ لەو قەناعەتەم بەو(١٠) خانووانە دەتوانین تاڕادەیەک ئەو ئەشکەنجە وئازارەی ئەندامانی پەرلەمان جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە ناو خانووەکانن وەکو برادەران باسیان کرد، دوو جۆرن، هەندێکیان زۆر پێویستیان هەیە کە یارمەتیان بدرێ، بەڵام هەندێکیان دەڵێن خانومان هەیە ئەوانیش دەڵێن، خانوەکانی ئێمە چۆڵ بکرێ ئەوجا ئێمە دەردەچین تا ئێستا (١٨) خانوو چۆڵ بووە دوو خانوو لەوانە کاک جەبار فەرمان پاسەوان (حمایە)ی تیا داناوە ئەوەی ماون فەرمانبەرەکان لە وەزارەتەکان لیست دراوەتە ئەنجوومەنی وەزیران کە ئاگاداریان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە دیموکراتیەتە، بەڵام بەو دیموکراتیەتە بەرەڵلایە ناکە رووبەرووی حکومەت رابوەستێ. هی وا هەیە لە خانوەکانی نەک دەرناچێ بەڵکو رووبەڕوو بوونەوەی حکومەت دەکات من لەگەڵ ئەوەنیم کە (غدر) لە خەڵک بکرێ بەڵام مەهێڵێن خەڵک (غدر) لەو حکومەتە ساوایە وپەرلەمانە بکات. وقانون بەم شێوەیە چۆن دەچەسپێ؟ ئەو کەسانە کە دەریشدەچن خانووەکان

پەردەی تیایە ئەیبەن جامی تیایە ئەیبەن، هەتا وایەری کارەبا ئەبەن. هەقە ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێ سنورێک دابنێن ونەهێڵن هیچی تر دەستکاری شتەکانی حکومەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەبار فەرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەیەکێک لەو خانوانە دام، جا نازانم ڕەوایە وزیر لە خانویکدا بێ خۆی وخێزانەکەی لەخانوێکدا بێ؟ ئەگەر ڕەوا نییە من چۆڵی دەکەم ئێستاش وادەتان دەدەمێ خانوی دووەم وێران کراوە نەدەرگا نە پەنجەرە نە شوشەی پێوە نییە، هەڵتەکێنراوە، کاشی هەموو وێرانە، ڕەنگە بە(١٥٠) هەزار دینار نەبێتەوە خانوو، کابینەم هێناوە بۆ حمایەکان لە پێشەوە بە شێوەیەکی کاتی تا کابینەکە چاک دەکەم لەحەوشەکە جێگایان ڕاخستوە هەر ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش وەزیری ناوخۆ بفەرموێ.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی خانووەکان من ئەوەی ڕاستی بێ لە سەرەتادا هەمان گیروگرفت کە ئێستاش باس دەکرێ لە بەردەم حکومەتی ڕابردوودا بوو لە بەر دەمی هەمان لیژنە کە ئەم ئیشەیان دەکرد، گرفتی لایەنە سیاسیەکان کە باس کرا بە تایبەتی ب.د.ک وی.ن.ک هەتا ڕادەیەک ئەودوو لایەنە ئەو بڕیارەیان بۆ ئێمە جێبەجێ کرد. لایەنەکانی تری سیاسی هەندێکیان ماون بڕیاریان دابوو تارادەیەک جاریێ دەرنەچن ئێمە ئەو کاتە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و وەزیری ناوخۆ کاک ڕۆژ زۆر دواین لیژنە پێک هاتن وکۆمەڵە پۆلیسمان نارد زۆرمان هەوڵدا بەڕاستی سەرنەکەوتین تادوای ئێستاش من لەوەزارەتی ناوخۆ بووم من لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری هەولێر قسەم کرد بەڵام لەڕاستیدا دیسان هەر هەمان کۆسپ لە بەر دەمدا هەیە لەگەڵ لایەنە سیاسی یەکان. کۆسپی دووەم ئەو کارمەندانە کەسەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانن دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان کەسێک تکلیف بکات بانگی ئەو برادەرانە بکەن، بچنە دەرێ ئێمە وەکو وەزارەت وەکو پارێزگا بۆ ڕێزگرتن لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران حەزمان نەکرد پۆلیس بنێرینە سەریان پێیان بڵێن دەربچن. ئەمەش کاک عبدالمهیمن پارێزگاری هەولێر کە لێرەیە ئەگەر شتێکی هەبێت پێم باشە لێرەدا بەڕێزتان چ بڕیار دەدەن لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران ئێمە ئەوەی پێمان بکرێ ئامادەین بۆ جێبەجێ کردنی هەر فەرمانێک کە دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی تەنها وەزیر مافی هەیە لە ناو پەرلەماندا ئامادەبێ و وەڵامی پرسیار بداتەوە، یان پرسیار بکات، ئەگەر فەرمانبەرێکی پایە بەرزی شارەزاش لەگەڵ خۆیدا بهێنێ دەتوانێ تەنها ڕاوێژی پێ بکا. بەڵام پێشەکی دەبێ ڕەزامەندیی دەستەی سەرۆکایەتی وەربگرێ بۆ ئەوەی لیژانێک

(خبیر)ێک، یا شارەزایەک لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە ژوورەوە، لەراستیدا کارەکە وایە وبەو شێوەیە لەسەری ئەڕوین.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئامادەبوونی بەڕێز پارێزگاری هەولێر، لەسەر داوای خۆتان بووە کە ئامادە بێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە دەربارەی ئەو خانووانە. لەوکاتەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دامەرزاوە وئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، ئەو مەسەلە قسەی لی دەکرێ. وخەڵکێکی زۆری دەرچووە، ئێمە قسەمان لەگەڵ ئەو برادەرانە کردووە کە لیژنەی چارەسەرکردنی خانووەکان بووە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێزان کاک مەلا هادی، کاک شێخ مظهر وئێمە دراسەتی دەکەین ئەو خەڵکانەی کە شیاو نین یا شیاون(مستحقەن)، هەر دوولایەن دەخەینە بەردەمی بەڕێزتان وئەوانەی کە نامستحقن بێگومان بە زووترین کات دەردەکرێن، ئەو برایانەی کە جێگە ورێگەیان نییە کە باسیان کرد لە سلێمانی ودهۆک وکەرکوک دێن ئەوانیش حەقی خۆیانە، کە ئۆتێل بەراستی لەلانی ئاسایش ودەروونیەوە جێگەی ئەوەی لێ نابێتەوە کە ئەوانە لەوێ بن، بەڵام هەموو شتەکان بەتووندوتیژی چارەسەر ناکرێ، بەڵام دەبێ یاساش جێگیر ببێ، بەڕێزتان دڵنیا دەکەینەوە کە لە ماوەیەکی کورت ئەو خەڵکانەی کە نا مستحقن لە پێشەوە ئەو کەسانە لە خانووەکان دەچنە دەرێ هەروەها لیژنەیەک دادەنێین بۆ مەسەلەی چاک کردنەوەی خانووەکان، بەڵام دەبێ حسابی ئەوە بکرێ کە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یا داهاتەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر سنووردارە، ئەوە نییە کە باسی لێ دەکرێ کە بودجەمان بەو شێوەیە بێ، بەڵام ئەگەر ئابڵووقەمان لەسەر هەستاو خانوەکان چەندی تێ چوو بێگومان یەکەم هەفتە لە بۆتان جێبەجێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولوهەیەن بارزانی/ پارێزگاری هەولێر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو خانوانەی پەرلەمان ماوەیەکی زۆر بە سەریدا تێ پەری بۆ چۆڵ کردنیان لیژنەیەک پێک هێنرا کە من سەرۆکی لیژنەکە بووم بۆ چۆڵ کردنیان، ئەم ماوە گرفتی هەرە گەورەی سەرەکی لایەنەکانی سیاسی بوون بەتایبەتی: پارتی ویەکیەتی ئەوە بڕیاری لەسەردرا. پاشان ئێمە ئەو کەسانەی کە شۆڕشگێرو شەهید بوون ئەوانەمان دەرکردن، ئەوانە ماون پێشتر سوودمەند بوون وئێستاش سوودمەندن وئەو قانونەی کە عقدیان پێ بەستووە لەگەڵ حکومەتی پێشوو ئێستا بە قانون ئەو (عقدە) هەڵوەشاوەتەوە.. نووسراومان بۆ هاتووە ئەوان بە هیچ شێوەیەک مافیان نییە کە تێیاندا بمێنن. ئەمە پێویستی بە پۆلیس وپارێزگار نییە، ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانی ئەو کارمەندانەی کە سەر بەوون (تبليغ)یان بکات ئەو خانوانە بە زووترین کات چۆڵ بکەن وبچنە شوێنی تر، ئەگەر هەڵاوێردنی (استثناءاتی) تیا بێ حەق وابوو بەبۆچوونی من ئەو

شۆڕشگێڕانە و خێزانی شەهیدان دەرنەکەین، چونکە ئەوانیش زۆر شایان (مستحق)ترن لەو کەسانەی تر کە ئێستا تێدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری تر هەیە دەربارەی ئاوی هەولێر، ئەوا بەرەوهاوین دەچین هەولێریش بێ ئاوە، ئایا حکومەت خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئامادە کردووە؟ پرسیاری تریش هەیە دەربارەی کارەبا وئەو خەتەی دەربەندیخان، ئەمە ماوە لەم بەرنامەیە ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران شتێکی دیاری کراوی هەیە بابفەرموێ، ئەگەر نا ئەوە دوای دەخەین بۆ سێ شەممەی ئایندە.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئاوی هەولێر، ئێستا پرۆژەی(افراز ٧٠٪ ئاوی هەولێر دەدات و بەتەواوی ئیش دەکات، لەڕاستیدا (١٥٠) بیر هەیە لە ناو شاری هەولێردا ئەو(١٥٠) بیرە ئیش کردنیان دەگەڕێتەوە بۆ کارەبا، لەو بارەیەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانیەکان قسەمان کرد لە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو بیرانە بکرێ، هەندێ مۆتۆری کارەبایان لە بۆ پەیدا بکرێ وبە بەردەوامی ئیش بکەن، ئەو شوێنانەی کە ئاویان نییە، ئاویان بدرێتی، هەروەها چەند مۆتۆری کارەبا هەبوو لەوەزارەتەکان پێشکەشی وەزارەتی شارەوانیان کرد ئێستا وا چاکی دەکەینەوە خۆمان وا خەریکی ئەمەین کە گرفتی ئاوی هەولێر چارەسەر بکرێت، ئێستاکەش خەڵکی هەولێر هەست بەمە دەکەن، کە ئاوەکە بەرەو چاک بوون دەچێ دەربارەی مەسەلەی کارەبای سلێمانی ودەربەندیخان... بەڕێز دکتۆر رۆژ وەڵامتان دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بکەین کە سوود لە کارەبا بکەین و وەکو ئەم زستانە نەکەین کە سوودمان وەرنەگرت، لە راستیدا پرسیارەکە زۆر رۆشن نەبوو، لەوەتەی رژێم کارەبا نادات بە هەولێر وسلێمانی وبە شوینەکانی تر هەمووی بەکارەبای سلێمانی وهەولێرەوە پشت دەبەستێ بە(بەنداوی دوکان)وبەرهەم هێنانی وزەی کارەبای دوکان پشت بەرادەی ئاوی بەنداوی دوکان دەبەستێ. بیر لەوە کراوەتەوە لەسەر ئاستی وەزارەتی پیشەسازی و ووزە کە سوود لە کاتی زستان بکرێ بەتایبەتی لەوەرزی بەهار، ئاوێکی وا کۆبکرێتەوە لەوەختێکی وادا کە خەڵکەکە پێویستیان بەکارەبا نییە، کارەبا کەبەرهەم بهێندرێ بۆ ئەوەی بتوانین لەماوەی هاویندا وەختی پێویست کارەبا زیاتر بدەین بەهاووڵاتیان، ئەگەر بەردەوام بین لەسەر ئەو سیاسەتە هاوکارییەی کە هەمانە توانای ئەوەمان هەیە لە هاویندا چەند ئێستا کارەبا دەدەین بە هاووڵاتیان لە هاویندا دوو ئەوەندە بدەین، ماوەی کارەبا زیاد بکەین گرفتەکە چار بکەین، بەڵام گرفتی کارەبا هەر ئەوە نییە، گرفتی کارەبا گەورەترە، کوردستان بێجگە لە(بەنداوی دوکان) بەنداوی دەربەندیخانی هەیە بەنداوی دەربەندیخان ئاوەکەی گرفتی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا کارەبا بەرهەم دێنێ، بەڵام ناگاتە

ناو (تۆڕی کوردستان)، چونکه نایەتە سلێمانی تەنها لە دوکانەوە دێت بۆ هەولێر بۆیە باسی ئەمە کرا کەدەربەندیخان بەو تۆڕەوە ببەسترێ ئەمەش پرۆژەیەکی گەورەیە، دراساتی بۆ کراوە وئامادەیی و توانای زۆری دەوێ وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی یەکەمان دەست پێ کردووە وەزارەتی پیشەسازی یەکەم بورجی داناوە، وردە وردە بەپێی توانای خۆمان هەوڵ دەدەین کە (برج) زیاد بکەین ودواوامان لە ڕێکخراوە مرۆییەکان کرد کە یارمەتی کوردستان بدەن، بێجگە لەمانە هەموو گرفتی بنەڕەتی کارەبا گرفتی ئەو تۆڕانەی کە ئێستا هەیە ودابەشی کارەبا توشی گرفتی گەورەتر دەبێ تاکو ئێستا پەرێزایی (صیانە) نەکراوە، لەوەتەی ڕاپەرینەکە بووە کارەبا پەرێزایی (صیانە) نەکراوەو تۆڕەکانمان تووشی زەرەر بوون، کەل وپەلمان کەمە بەشێوەیەکی گشتی ئێشێکی زۆری دەوێ وەکو تۆڕەکانی تری کە ئێستا هەیە، هەروەها داوا دەکەین هاوولاتیان هاوکاریمان بکەن کە کارەبا بەوشێوەیە سەرف نەکەن، کە تۆڕەکان زەرەری زیاتری لێ بکەوێ، ئەمە بەکورتی دەربارەی کارەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی دەکەین بۆ ئەو ڕونکردنەوانە، ئەگەر شتێکی تر نییە لە بارەی ئەم بابەتە پشوویێک دەدەین بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر بەرنامەی خۆمان، بەباشی دەزانین سعات دوو کۆببینەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە گفتوگۆ کردنی یاسای خوێندنی بالا، با لیژنەی یاسا تەشریف بهێنێ، بێنە ئێرە، ئەگەر بەڕێز دکتۆر حمە نجم بێتە ئێرە، وابزانم گەیشتینە مادە(٦) وتەواومان نەکرد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المادة ٦/ يعين مجلس الوزراء امينا عاما للمجلس من ذوي الاختصاص في مجال التعليم العالي- ويكون بدرجة مدير عام يتولى تنظيم جدول اعمال المجلس وتدوين محاضر جلساته وتسجيل قراراته واقتراحاته وتوجيهاته وتقاريره وابلاغه الى الجهات ذات العلاقة خلال اسبوع من صدوره ومتابعة هذه الشؤون لدى المراجع التي رفعت اليه والوقوف على الاجراءات المتخذة بشأنها ورفع تقرير بشانها الى المجلس...)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم ئەنجوومەنە دەبێ بەڕێوەبەرێکی گشتی، یان سکرتێرێکی هەبێ، ئەمە تەنها ئیشی یەک سکرتێرە وپێویست بەم شەرمەش ناکات وەزیفەی سکرتێریش دیارە، کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە(٦).

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ئەوە کۆبونەوەیەکی هاوبەش بوو لەنێوان لیژنەی خوێندنی بالا ولیژنەی یاسا، لەگەڵ ئەو

پسپۆڕانەی لە خوێندنی باڵا ولیژنەی یاسا لەگەڵ ئەو پسپۆڕانەی لێرە بوون بەرای ئەوان ئەوە باشە یەکێک لە ناو ئەو ئەنجوومەنە ببێت بە سکرێتر، چونکە دەبێ خاوەنی پسپۆڕایەتی بێ لەبواری فێرکردنی باڵادا، پێویست بەوە ناکات بچین یەکێک بدۆزینەوە، ئەوە بکرێ بە سکرێتری ئەو ئەنجوومەنە باشە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە نووسیوتانە( صدوریها ) وخۆی( صدورها )یە.. چۆن؟ سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زانکۆ تایبەمەندی خۆی هەیە، وابزانم پێویستیان بەوە هەیە ئەوکەسەی کە دەبێتە ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا پێویستە مامۆستا بێت یا خود بەلای کەمەوە لەو ناوەندە بێت تا بتوانێ مامڵەت لەگەڵ ئەو رەوشەدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دیسان جەخت دەکەم ودەڵێم، ئەو ئەنجوومەنە ئەوەندە وەسفی ناوێ، ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا ئیش وکاری خۆیان ئەکەن، پێویستیان بە سکرتێرێک هەیە کە ئێش وکاری ئەوان رێک بخات، هەموو ئەنجوومەنێکیش سکرتێری دەوێ بۆ ئەوەی ئیشەکان وکۆبونەوەکانیان رێک بخات،(مراسلات) لەگەڵ جێگاکانی تر رێک بخات، بۆیە پێویست ناکا بیکەین بە پێرەوێکی ناوخۆ، یا یاسای بۆ دەرکەین، چونکە هیچ لەو دەسەڵاتانەی نابێ کەوا ئەنجوومەن هەیەتی.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی جەنابت وتت من لەگەڵدا نیم ئەو شتەی کە هەیە ئێمە دروستمان نەکردووە، لە وڵاتی تردا هەیە ولە حکومەتی عراقیدا ئەمە هەبوە وپێش ئەوەی وەزارەتی فێرکردنی باڵا دابنرێ و، من کە گوتم بەپێی پێرەو جەنابت وتت زۆرە ،ئەم شتانە نوسراوە، خۆی پێویستە ئەوە هەبێ و، ئەمەش باسێکی تازە نییە دانراوە ولەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتودا هەیە، لە بەر ئەوە شتەکە بەپێویست دەزانم لەگەڵ ئەو یاسایەدام ورام لەگەڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە رای جەنابتە سەبارەت بەیاساکەو هیچ (احراج )ی تیانییە بۆ هیچ ئەندامێک کە گفتوگۆی مادەیەک نەکات. ئەگەر ئەمینداری گشتی(امین عام)ی هەبێ ئەویش دەبێ بەڕێوەبەری گشتی هەبێ (مدیر عام)ێکی هەبێ، بەڕێوەبەرە گشتییەکەش دەبێ کۆمەڵێ سکرتێری هەبێ، لە کاتێکدا (٦-٧) زانای ئێمە دادەنیشن وهەندێ بریار دەردەکەن کە لەوانەیە دوو مانگ جارێک رووبدات و، پێویستی بەو دەستگا بیروکراتیە نەبێ کە من بە عەمەلی نابینم، پێم وانییە لەهیچ

دامودەزگایەکی زانستی دنیادا بەتایبەتی لە عێراقدا شتی وا بکرێ، بۆیە پێویست ناکا ئێمەش ئەو شتە بکەین؟

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وا دەزانم بەراستی ئێمە حەز بە ناوی گەورە دەکەین، پرسیارەکەی من ئەوەیە باشە ئەوەی دانیشتنەکان دەنووسێتەوە، ئایا ئەوە نییە کە پێشنیار وشتی وا دەکات یەک دێر هاتووە (تدوین محاضر جلساتە) ئینجا (تسجیل). باشە ئەوەی تۆمار دەکات دەکات ئەو شتانە ناکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من پرۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانم لا نییە، بەڵام ئەوەی زانکۆم لایە، ئەو(امین عام)ە من بەش بە حالی خۆم (امین عام) بەشتێکی زۆر گەورە دەزانم ئەو ئەرکەی بۆ ئەم لێ پرسراوە دانراوە یا ئەو بەرپرسە ئەمە ئەرکی ئەمینداری گشتی (امین عام) نییە دەتوانین بەڕێوەبەری گشتی لێ دابنێین یا سکرتێر، بەراستی ئەسلی پرۆژەکە نازانم بە(امین عام) هاتووە پێم باشە بکرێ بە (مدێر عام) نەک (امین عام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکەم بەو شێوەیەیە، (للمجلس سکرتیر یقوم بتدوین محاضرها وجلساتها وتسجیل قراراتها).

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە روونکردنەوەیەک دەربارەی خوێندنی باڵاو وەزیری نییە، ئەو ئەنجوومەنە کۆدەبێتەوە بریار دەردەکا ئەو بریارانە هەر یەک دوای کۆبونەوە دەڕوا ودەکەوێتە کار، یەکێک ئەبێ بەدواداچوونی بکات وەکو سکرتێرە یا هەر ناوێکی تری بۆ دادەنێن، بەڵام دەبێ یەکێ بەدواداچوونی ئەم بریارانە بکات بۆیە ئەوە دانراوە ،ئایا سکرتێر بێ یا (امین عام) بێ یا (مدیر) بێ (مدیر)ی ئەنجومەنەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەدواداچوون، واتا (متابعە) کردن ئیشی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەو بەرپرسی ئەو دەزگایەیەو، جێگری سەرەک وەزیران لەو لیژنەیەو، سەرۆکی حکومەت گەورەترین دەسەڵاتی هەیە کە دەکاتە دەسەڵاتی راپەڕاندن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو ئەرکانەی کە لێرە دەست نیشان کراوە، ئەو کەسەی کە ئەو کارە دەکات خۆی دەبێ بەبڕیاردەر (مقرر) ئینجا کارگێری گشتی شتێکی وا، سوپاس.

**بەڕێز عــەفــان عــوســمــان نەقــشــبــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

(ئەمین عام) لێرە هاتووە ئەم یاسایە لە یاسای خوێندنی باڵای عێراقی وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز کــەمــاڵ ئـیـبــراهیم فــەرەج شــاڵی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ئێمە لیژنە پسپۆڕەکەی خوێندنی باڵا ئەوەمان گەلالە کردوە ئامادە کراوە ئەو شتە شتێکی زانستییە بەراستی پێویست ناکا زۆر قسە لەو شتانە بکرێ، من رخنەیەکم لەسەرۆکایەتیە بەراستی حەقە بەرێوەبردنی دانیشتنەکەمان بکات لەوە دەچی سەرۆکایەتی زۆر دەست لەو شتانە وەردەدات وخۆی دەکا بە لایەنێکی بەرامبەر لەمەسەلەکە بەراستی دەبێ پالپشتی دانیشتنەکە بێ هەموو گفتوگۆیەک ئەگەر سەرۆکایەتی دەیکەین، بەراستی پێویستمان بەدانیشتنەکە نییە، ئەمەرای لیژنەی پسپۆرە دووەم رای لیژنە وکاک دکتۆر (حەمە نەجم)ە لەهەموو کۆبونەوەکان کۆکین ئێستا رای جیاواز دێتە پێشەوە بەتایبەتی لەسەر بابەتی هەڵبژاردن کۆک بووین کەچی لە دەرەوەی رایەکە لێرە رایەکی ترە، بەراستی سەرۆکایەتی حەقەکۆبوونەوەکان بەرێوە ببات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئێمەش لەدەستەی سەرۆکایەتیدا ئەندامی پەرلەمانین و، مافمان هەیە وەکو جەنابت ئەگەر شتێک هاتە پێشەوە باسی بکەین.

**بەڕێـز فــــرەنـســـو تـۆمـــا هـریـری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من خەریک بووم خۆم ئەو پێشنیارە بکەم پێشنیاری بەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد کردی، ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک دکتۆر دەکەین، ئەنجوومەنەکە کارگێڕێکی هەبێ بڕیاردەرەکە بە ئیشەکان هەڵدەستێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

وەکو پێشنیارێک واهاتوە «یکون للمجلس» یا ناوی بنرێ (سکرتێر) یا (مقررا لأدارة اعمال المجلس يعين من قبل مجلس الوزراء او يعين مجلس الوزراء مقررا لادارة اعمالها) ئەمە وەکو پێشنیارێک.

**بەڕێز جـــەلال شــــەفــــیق عـــــەلی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

حەز ناکەم ئەوەندە قسە بکەم، بەڵام شتەکە وایە خۆی ئەوە (امین عام)ە ئەوە (مقرر)ە هەرچی ناوە ئەمە ئالقەیەکی پەیوەندییە لەنێوان زانکۆ وپەیمانگە یا سەرەک وەزیران کە سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیە ولە دوارۆژدا ئەم فەرمانگەیە کە هەیە وچەند لقێکی هەیە لقی پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان، لقی هاوتا کردنی بڕوانامەکان، هەموو لقەکان بەئەنجوومەنی وەزیران نابەسترێنەوە

ئەمانە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە دەبەسترێتەوە بەو (امين عامە) بەو کاتبە کە ئێوە لێرە باسی دەکەن لەبەر ئەوە جارێکی تر تکاتان لێ دەکەم وکە پەشیمان دەبنەوە، لەئەنجامی پیادە کردندا دەردەکەوێ ئەم بۆ چونەمان ڕاست نییە لە بەر ئەوە ناوێکی هەر چی لێدەنێن، بەڵام ئەم کەسێک نییە تەنیا کارگێڕی ئەنجوومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ هەمان مادەکە ئەڵێ(يتولى تنظيم جدول اعمال المجلس وتدوين محاضر جلساتها وتسجيل قراراتها واقتراحاتها وتوجيهاتها وتقاريرها وابلاغها) ئەمە ئەگەر ئیشی بڕیاردەرێک نەبێ، ئەی ئیشی کێ یە؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەدرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت ئێستا دەست نشانت کرد، بێگومان وایە ئەو ئەرکەی کەوا لێرە دیاری کراوە پێویست بەوە ناکات ئێمە بەڕێوەبەرێکی گشتی یا ئەمیندارێکی گشتی (امين عامی) بۆ دانێن ناوی لێ دەنێن سکرتێر یا کارگێڕ (مقرر)، من بەش بە حالی خۆم پەسندی پێشنیارەکانی د. کەمال وکاک فرەنسۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە، ئەڵێ (يكون للمجلس سكرتيراً أو مقرراً) نازانم ئەمە ئەگەر بۆ لیژنەی دارشتن بێنێتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەو شێوەی کە لێرەدا نوسراوە ئەرکەکان پڕ بەپێستی خۆی ئەرکی (مقرر)ە، ئەوەی من لێ بزانم بە کوردی ئەبێ بە کارگێڕو بە عەرەبی دەبێ بە (مقرر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە بەم شێوەیە ئەبێ (يكون للمجلس مقرر لادارة اعمال المجلس يعين من قبل مجلس الوزراء) کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەو چاپەی لای من نەنوسراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة ٧/ للمجلس تشكيل لجان دائمة او مؤقتة من اعضائه او من غيرهم حسب الحاجة لدراسة المواضيع التي تعرض على المجلس واعداد التقارير بشأنها قبل النظر في تلكم المواضيع، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا تێبینیم لە (صیاغە)کە (ها) بۆ ئەنجوومەن(مجلس) بەکار دێنێ .. (ها)بۆ ئەنجوومەن (مجلس) بەکار نایەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لە (صیاغە) چاوی پێدا بخشێننەوە.. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة ٨/ تتكون مؤسسات التعليم العالي والبحث العلمي من :-

١- جامعات الاقليم.

٢- هيئة المعاهد الفنية في الاقليم.

٣- المراكز العلمية ومراكز البحث في الاقليم.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من برگە(٣) لاببردرێ، چونکە ئێستا هیچ بنکەی توێژینەوەی زانستی (بحثی علمی) نییە کە لەو ئاستەدا بێ لەو ئەنجوومەنە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری کاک د. فوئاد ئەوەیەکە خاڵی(٣) نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی(٣) نەمێنێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ خاڵی سێ یەم هەڵگیرا. مادە(٨) بەم شێوە دەبێت:

١- جامعات الاقليم.

٢- هيئة المعاهد الفنية في الاقليم. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٨) پاش ئەو دەستکارییە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ مادە(٨) وەکو خۆی ئەمێنێ پاش ئەو دەستکارییە.

تێبینییەکمان هەیە بۆ برادەران بە گشتی، ئەندامانی پەرلەمان حەقی خۆیان هەیە لە دانیشتندا مافی خۆیەتی رای خۆیان بگۆڕن، ئەمە گفتوگۆیەو شت دێتە پێشەوە، مرۆ بە گفتوگۆ (قناعە)تی بۆ دروست دەبێ، هەموو کەسێکیش رای خۆی بگۆڕی بەرامبەر ئەو بابەتە ئیتر پێش دانیشتن بێ، یا لە کاتی دانیشتندا، گفتوگۆش بۆ ئەوەیە (اجماع)ێک دروست بکەین بۆ دۆزینەوەی باشترین دارشتن (صیغە)کە زۆربە لەسەری پێک بێن، هەق نییە بلێین برادەران لە دەرەوە رایان وابوو یاخود وەختی خۆی رایان وانەبوو، بەرای من لێرە ئازادین تادەگەینە بریاری زۆرینە وبۆچوونەکە دەبێ بەبریار، بۆیە ئێمە ئازادین لەگفتوگۆ کردندا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێک کە گفتوگۆی لەسەر کرا مافی لێدوانی نامێنێ من ئەوە دەسەلمێنم، بەڵام تێبینیم هەیە، چونکە لێرە نەبووم دەبێ بڵێم دەربارەی کارگێڕ (مقرر) واباوە لەنێوان ئەندامەکاندا یەکێکیان دەبێتە (مقرر)، بەڵام لێرە ئەگەر میلاکی تایبەتیە بەکارگێڕ(مقرر) نەبێ، دەبێ ناونیشانی وەزیفەی هەبێ ئەو عنوانەی دەبێ بۆی دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە کە لەنێوان خۆیاندا یەکێک هەڵبژێرن و، بیکەن بە کارگێڕ(مقرر).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الثاني : الجامعات/

المادة ٩ : الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري وفكري وعلمي وتقني في المجتمع يزدهر في رحابها العقل وتعلو فيها قدرة الابداع والابتكار وتقع عليها المسؤولية المباشرة في تحقيق اهداف مجتمع كوردستان في المجال الانساني والعلمي والتربوي وعليها ان تقوم بالدراسات والبحوث المستمرة في شتى مجالات المعرفة الانسانية والدراسات المتصلة بالحالة العلمية وواقع الاحتياجات الجديدة التي تضمن المستويات العلمية الرفيعة التي تناسب العمر وبما يؤدي الى تقليص الفجوة العلمية والتقنية الموجودة بيننا وبين الدول المتقدمة، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای من روون نییە (التی تتناسب العمر) چی یە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نەک لە زمانی یاسا ناچێ بەڵکو پتر هەڵسەنگاندنە، یا فەلسەفەی بوونی زانکۆ(جامعە) وەکو شتێکی ئاشکرایە وەکو مادەیەکی یاسایی پێویست بەو پێناسەیە ناکات دوورە لە زمانی یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من لەگەڵ قسەی هەردووکیان دەگاتەوە یەک ئەگەر هەبا لەیەکەم قانونەکە بالەوێ باسی بکرابا نەک لێرە، چونکە ئەو زیاتر (انشایە) وەڵێ (علیها ان تقوم بالدراسات والبحوث المستمرة) باشە هەموو شتێک (تحصیل حاصل)ە بۆ ئەوە دانراوە، بۆیە ئەوە رەنگە لە شوێنێک هاتبێ کە ئەو کاتەی وزارەتی خوێندنی باڵا نەبووە، لەوانەیە لەوێ باسی زانکۆ بەو شێوەیە کرابێ لێرەش ئەو برادەرانە ئامادەیان کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دواییا دەڵێ(بين الدول المتقدمة) ئایا لە پێڕەوی پەرلەمان بۆمان هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەدا پەیوەندی بکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە رای من ئەم مادەیە زیادە لێرەدا. تکایە هەر برادەرێک قسەی هەیە خۆی ناونوس بکات، بەراستی ناتوانین بوار بدەین هەر کەسێ لەجێگای خۆی قسە بکات.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای برادەرانم کە سروشتی (إنشائی) زیاتر تیایەی بەڵام ئەگەر لابرێ دەبێ برگەکە بنوسرێتەوە ودەستەواژەی (حرم آمن ولها شخصية معنوية)ی تیا بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەتوانین لەگەڵ مادە(١٠)لێکی بدەین.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من لەگەڵ رای (د. عیزەدین)ە، ئەگەر بێ پێناسی زانکۆ بکەین جێگاکەی لە کومەڵدا لێرە (الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري فكري وعلمي وتقني في المجتمع) ئەوە بەس بێت یا زیادی بکەین لەسەر مادەیەکی تردا، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەستەواژەی کە هاتووە دەڵێ (الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري وفكري) لەیاسای خوێندنی باڵای عێراقیەوە ئەوە قسەی (صدام)ە، بەراستی پێویستە گۆرانکاری تیا بکەین و، من پێشنیاری ئەوە دەکەم (للجامعة قدسيتها لكونها مركز حضاري) دەقاودەق ئەوە هاتووە ئاماژەی بۆ کراوە کە ئەمە قسەی صدامە، منیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە لەگەڵ مادە(١٠) لێک بدرێ ئەو شتە ئاماژەی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٩) (اجماعێک)ی لەسەر هەیە کە هەڵوەشێتەوە، کە هاتینە سەر مادە(١٠) یا (حرم آمن) یا (قدسیە) ئارەزووی خۆتانە چ رستەیەک زیاد دەکەن، زیادی دەکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی (حرم آمن) ئەوە تعبیرێکی کۆنە تازە نییە، ئەگەر صدامیش بەکاری هێنا بێ ئەوە دزیوەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

منیش هەمان قسەی د. فوئاد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیــار حــەیدەر عــوســـمــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەو قسە هەر چەندە خۆم باوەڕم پێی هەیە، بەڵام ئەمە پێشنیاری مامۆستایانی زانکۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

تەنها یەک وشە هەیە (مرکز اشعاع حضاری وفکری وتربوی) ووشەی (تربوی)زیاد بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غـەفـور رەمـەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوەی کاک د. حمە نجم خوێندیەوە ئەوە شتێکی باشە، بمێنێتەو بەو شێوەیە وئەوەی د. رزگاریش وتی ئەویش باشە زیاد بکرێ گومان هەیە کە ئەمە قسەی (صدام)ە دەتوانین پاش وپێشی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من لەو بڕگەیە رایەکم هەیە کە لێک نەدرێ ئەویش مادەی(٩)(الجامعة حرم آمن) پێویستە مادەیەکی سەربەخۆ بێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەگەر وابێت بۆ بیکەین بە دوو مادە؟ چونکە مادە(١٠) ئەگەر تەماشای بکەین ترکیزە لەسەر گرنگی زانکۆ، (کەسایەتی معنوی سەربەخۆی)یشی تیادا هاتووە.

**بەڕێز د. مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی مادە(١٠ـ ٩) لەگەڵ یەک دەگونجێن ودەبێتە(الجامعة حرم آمن ومرکز اشعاع حضاري وفکري وعملي وتقني في المجتمع ولها شخصيتها المعنوية) تەنها شتێکی تر دەمێنێ ئەویش مەبەست لە (الاستقلال الاداری والمالی) چی یە؟ ئەمە دەبێ روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

پێشنیارەکە بەم شێوەیە(الجامعة حرم آمن ومرکز اشعاع حضاري وفکري وعلمي وتقني وتربوي في المجتمع ولها الشخصية المعنوية والاستقلال الاداري والمالي والاهلية القانونية اللازمة لتحقيق اهدافها ويدير شؤونها..) ئیتر دەبێ یاساناسەکان دەربارەی (الاهلية القانونية) رونکردنەوەیەک پێشکەش بکەن.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەوتت (الشخصية المعنوية) هەمووی دەگرێتەوە (والاهلية القانونية) پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با دارشتنەکەی یەک بخەین وبگوترێ (الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري وفكري وعلمي وتربوي وتقني في المجتمع ولها الشخصية المعنوية المستقلة) ئەمە پێشنیارێکە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري وفكري وعلمي وتربوي وتقني في المجتمع ولها الشخصية المعنوية المستقلة).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(لها الشخصية المعنوية) ئەوەی کە لەوێ(ها) ویدیرها یا ناوترێ پاشان (تربيه) دوو مانای هەیە، یەکێکیان ئەرکەکەیەتی (مهمە)ی زانکۆ (مهمەی) پەروەردەیی نییە ئەگەر مەبەست لە (تربيه) (کلیەی تربيه)یە یا زانستی پەروەردەیی ئەوە (تربيه) نییە، چونکە (تربيه) دەوری هەیە ئامانجی هەیە، بەڵام لەوێ کە دراسە دەکرێ وەک شتێکی اکادیمی هیچ دەوری (تربيه) نییە، چونکە ئەوەی دەچێتە زانکۆ دەبێ لە(١٨) ساڵ بەسەرەوە تربێ، هەموو فێربوونێک دوای(١٨) ساڵ پێی ناوترێ فێربوونی پەروەردەیی(تعليمی تربوی)، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(یدیر شؤونها مجلس)زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم لە جیاتی (تربوی) حەز دەکەم (خلقی) دابنێین، کە نیشانەی رەوشتی بەرزە وئەمە لێکبدرێ لەگەڵ مادە(١٠) (الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري وفكري وخلقي وعلمي وتقني في المجتمع يزدهر في رحابها العقل وتعلو فيها قدرة الابداع والابتكار)، سوپاس.

**بەڕێز حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی وشەی (تربوی) بەرای من ئیشی بنەڕەتی زانکۆ فیکری زانستییە، (تربوی) هەندێکە لە ئیشەکەی چونکە ئێستا لە کۆلیجەکان هەر حەفتەیەک سەرپەرشتیارێکی پەروەردە هەیە وسەرپەرشتی دەکاتە سەر معاناتی، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لانی پەروەردەیی هەیە، بەڵام ئیشێکی بنەڕەتی نییە هەموو پۆلێک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییە جێگای خۆی نییە، لە زانکۆدا ئەگەر کرا بێ ئەوە راست نییە ئەمە یەک، ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەد امین کە وتی(خلقی)ی زیاد بکەین، ئەوەش دەدەینە وەزارەتی (اوقاف )ئیشی زانکۆ وەعز دان ورێنمایی کردن نییە زانکۆ هەیە(٣-٤) کۆلێجی تێدایە هەمووی زانستییە، زانکۆی دهۆک(٢) کۆلیجی زانستی تیایە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە با مادەکە قورس نەکەین بە وشەی زیاد لە پێویستی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی قسەکانم کران، بەڵام لەرووی داڕشتنەوە دەبێ لە پاشان نەختێک دەستکاری بکەین (مرکز اشعاع حضاری فکری) ،ئەنجا (تقنی) بە شێوەیەکی وا راستە مەسەلەی (تربوی) جێگای نامێنیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٩/ الجامعة حرم آمن ومركز اشعاع حضاري وفكري وعلمي وتقني في المجتمع ولها شخصيتها المعنوية ويدير شؤونها مجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دوا پێشنیارە.. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە کاک ئەیاد خوێندیەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. بۆیە مادە(١٠) هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/(١٠) اللغة الرسمية في جامعات الاقليم هي اللغة الكردية ولمجالس الكليات ان تقرر تدريس بعض المواد بلغات اخرى ..)

**بەڕێز د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە ناگونجێ، چونکە هەندێ کۆلیج هەنە هیچ کتابێکی بە زمانی کوردی نییە، بۆیە هەموو بابەتەکان بە زمانی تر ئەخوێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەم هەر مادەکە یەکجاری فت(حذف) بکرێ، چونکە بەراستی شتێک دەسەپێنین کە بۆمان ناکرێ وئێمە لە هەندێ لەبریارەکانی ترمان هەیە کە زمانی رەسمی لەوێ ـ کوردییە ئەو (عامە) هەموو شتێک دەگرێتەوە، زانکۆش دەگرێتەوە، بەڵام مادەیەکی زانستی ئەو وەرگێرانەمان

نییه که بتوانین وەرگێڕان بکەین، زانکۆ خۆی بڕیار دەدات بەکوردی یا بەعەرەبی یا بە E یـان بـه زمانێکی تر وانە بوترێتەوە، خۆمان نەخەینە ناو ئەو بابەتەوە کە ناتوانین جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کـــــەمـــــال جـــــەلال غـــــەریب:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەربارەی ئەم بەندەوە منیش لە پێشداوام بە خەیاڵدا دەهات کە ئەڵێ(اللغة الرسمية في جامعات الاقليم هـي اللغـة الكردية) ،وای بۆ دەچووم (مـراسلات) بکرێ لەنێوان زانکۆکاندا واتا نووسراوێک لەزانکۆیەک ئەچێ بۆ زانکۆیەکی تر بەکوردی بێ ئەگینا ئەگەر مەبەستی خوێندنی بابەتەکان بێت تا ئێستا لەهەندێ قوتابخانەی دواناوەندی خوێندن هەر بە عەرەبی یە وەکو خانەی مامۆستایان و، پیشەسازییەکان و، کشتوکاڵی، بازرگانی، پێویستە بڵێین، ئەگەر توانامان زۆر بوو وەختی خۆی داوامان کردووە بکرێ بە کوردی وابزانم لە بەر بابەتی (مـادی) هێشتا ئەو کتێبانە نەکراون بەکوردی، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەلال شـــــەفـــــیق عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کەوا خوێندنی زانکۆکان بکرێ بە کوردی، چونکە گەورەترین گرفت کە تووشی قوتابییانی کۆلێژ بوو لە زانکۆکانی عێراقی خەڵکی لە قوتابخانە کوردیەکان تا(٦)ی ئامادەیی بە کوردی خوێندویانە، یەکسەر دەچنە زانکۆ بەعەرەبی دەخوێنن، لەبەر ئەمە دەردەکەوێ ڕێژەی دەرنەچوونی قوتابی کورد زۆرتر بوو، لە بەر ئەوەی یەکسەر لە کوردی یەوە بوو بۆ عەرەبی من لەگەڵ ئەوەم دەست بکرێ بەخوێندنی کوردی، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها نەک وەک لێرەدا هاتووە.. کولێژی پزیشکی ـ کولێژی دانسازی ـ کولێژی دەمانسازی ـ بواری بدرێتی زیاتر بەزمانی انگلیزی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە دروست بوونی زانکۆی عێراقی زمانی ڕەسمی زمانی انگلیزی بوو، کاتێ حزبی بەعس بڕیاری دا کە زمانی عەرەبی ببێتە زمانی ڕەسمی ڕادەی زانستی هاتە خوارێ، لەبەر ئەوە دەبینم زیاتر زمان لەکۆلێجەکان ئینگلیزی بێت، لەبەر ئەوە ڕام وەکو ڕای د. فوئاد ود. (سەلیم)ە کە وەکو بوار بدرێ زمانەکانی تر یان ئەو مادەیە هەر نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

حەز دەکەم ئەمە بڵێم کە (اللغة الرسمية) جیاوازە لەگەڵ زمانی (تدريس)، دوو شتی جیاوازن جا ئێمە لە یاساکانی تردا ئەوەمان هەیە کە زمانی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی یە، ئیتر لێرە دووبارە کردنەوەی بە پێویست نازانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەڕستەی دووەم (المجالس الكليات ان تقرر تدريس بعض المواد بلغات اخرى) لێرە ئەو( لغە رەسمیە ) تدريس دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئینجا لێرە هەموو لابرێ باشترە كە دەڵێین زمانی رەسمی لە هەرێمدا كوردیە، بەڵام زمانی خوێندن با بەجێ بهێڵێن ئەویش سەرۆكایەتی زانكۆ یا كۆلیجەكان خۆیان بڕیار دەدەن ئەگەر بەكوردی بێ باشترە ئەگەر نەبوو بە یەكێك لەو زمانانەی كە گونجاون، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ بۆ چوونی د.كەمال فوئادم، ئەگەر ئەوبۆ چوونە جێبەجێ بكرێ داواكەی د.جەلالیش كەس ڕێگا لەوە ناگرێ كە دەست پێ بكەین بە تدريس مادام وترا زمانی كوردی زمانی رەسمی یە وهەر كۆلێژێك دەتوانی بكاتە ئەو قۆناغە كە (تدريس) بكاتە كوردی كەس ڕێگای لێ ناگرێ منیش پێم وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رایەكەی بەڕێز د. جەلالم، هەروەها رای كاك فرەنسۆ پەسندە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە مافێكی رەوای میللەتی كوردە كە خوێندن لەهەموو پلەیەكدا ئەگەر بگونجێ بیكا بەكوردی، ئێمە وەك دەڵێ مارانگازین ئەمە بۆ ئەوەی(لیطمئن قلبی) هەر هەندێ شت بنووسرێ باشە ئێمە تاقیكردنەوەیەكمان هەیە ببورە بیگێرمەوە، پێرار نا بەسەر پێرار ئەم سەرۆكی ئێستای زانكۆی سەلاحەدین داوای كرد كە وانەی كوردی نەمێنێ لە كۆلێژەكان كە تەنیا دەرسێك هەیە كە بەكوردی یە لە طب لە هندسە لە علوم یەك ساڵ بۆ قوتابیان، كە قوتابیانی عەرەبیش نەبوو بخوێنن رای ئەو وابوو كە هیچ شتێكی یاسایی نییە كە زمانی كوردی رەسمی بێت لێرە لەبەر ئەوەی پێویست ناكات قوتابی عەرەب كوردی بخوێنێ دوایی مادەیەكمان بۆ دۆزییەوە، لە قانونی حوكمی زاتی(١٩٧٢) نووسراوە (كوردي الى جانب اللغة العربية) زمانی رەسمیە، ئێمە لە بەر ئەوە دەمانەوێ شتێكی چەسپاو هەبێ. بەڵام زۆر ئاشكرایە تاكادری نەبێت كتێب نەبێت رەنگە نەكرێ بەكوردی. جاری وا هەیە مامۆستاكان لە یاسا لە شتە مرۆییەكان لەئاداب جاروبار دەرس بەكوردی راڤە دەكەن بەتایبەتی ئەمساڵ زیاتر لە (٩٩٪)ی قوتابیەكانمان كوردن خەڵكی كوردستانن قوتابیە عەرەبەكانیان كێشایەوە، جاران تارادەیەك (٧٠٪)ی قوتابی زانكۆی سەلاحەدین عارەب بوون، كوردیان دەبردە موصل وبەغدا لە بەر ئەمە ئەگەر دەقێكیش هەبێ وابزانم هیچ زیانێكی نییە كارەكەی بەدەست خۆمانە بەدەست مامۆستایانی زانستگایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بە پەسەند دەزانم جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە زمانی زانکۆکان کوردی بێت، بەڵام بەپێی توانا وبەپێی پێویستی پیادە دەکرێ، بەچەند ساڵ پیادە کرا ئەوە جێ ی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە لێرە بە بۆچوونی من پێویستە بمێنێتەوە مادەکە وەکو خۆی زەرەری نییە بەپێچەوانەوە ئەو برگە(٢) ڕوونکردنەوەیەکە بابەتەکانی تری (طب وهندسە)، ئەوانە بەو زمانانە بوترێ کە چۆن پێویستێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە چۆن ئێمە لە پەروەردە خوێندنی کوردیمان پابەند کردووە، ئەمساڵ زمانی کوردی چۆتە بکالوریاوە، لەبەر ئەوە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی خوێندن لە کوردستان بە کوردی بکرێ ماقووڵ نییە زانکۆکان هەمان شت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی خوێندنی باڵا ئەوەیە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێمە وەکو مامۆستایانی سالانی پێشوو وانەمان لەزانکۆ وتووەتەوە زۆر مامۆستایان تاوانبار کردووە کە ماوەیەکی بەکوردی راڤە کردووە، یان قسەی بەکوردی کردووە، راپۆرت لەسەر زۆر مامۆستا لە کۆلێجی پزیشکی نووسراوە لەبەر ئەوەی بە کوردی قسەی کردووە، بەرای من ئەو مادە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو دەقە ئەگەر بمێنێتەوە دەقێکی زۆر لاوازە ،چونکە دەڵێ (اللغة الرسمية في جامعات الاقليم هى اللغة الكردية ولمجالس الكليات ان تقرر تدريس بعض المواد) یانی زۆرینە دەبێ بە کوردی بێت کەواتە لێرە کە دەڵێ بعض المواد دەبێ تەماشای رێژە بکەین بەلای کەمەوە دەبێ (٥١ ٪) بەزمانی کوردی بێت، چونکە ئەگەر بەراوردی دەقەکە بکەی (بعض المواد لها) یانی بونیادەکە دەبێ هەمووی بە کوردی بێت ئایا ئەوە دەبێ، نابێ؟ جا بۆیە ئێمە خۆمان پابەند نەکەین بە هەندێ شت کە بۆمان جێبەجێ ناکرێ ئینجا خەریکی ئەوە بین چۆن (استثناء) بکەین چۆن داوای هەموار کردن بکەین؟. چونکە وەرگێران بە کوردی زانکۆ بەتەنیا ناتوانێ جێبەجێی بکات، ئەوە بودجەی دەوێ دەزگای تایبەتی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەگەر لەتواناداا بێ برادەران رازی بن (اللغة الرسمية في جامعات الاقليم هى اللغة الكردية) دەتوانین ئەمە بۆ ئەوە بهێڵینەوە کە نووسراو گۆڕینەوە (مراسلات) لە نێوان زانکۆکان

وراگرەکان وپەیمانگەکان بە کوردی بێت، هەروەهابڵـێین(ویعمل علی جعل تدریس المواد) تـۆزێ ڕۆشنتـــری دەکـــاتەوە (باللغـة الکردیة فی المستـقبل عند توفر الامکانیات العلمـیـة المادیة)، سوپاس.

**بەڕێـز جـــــەلال شـــــەفـــــیق عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ڕوون کـردنەوە لەسـەر ئەوەی کاک د. فـوئاد وتی (لمجالس الکلیات ان تقرر تدریس بعض المواد باللغـات الاخـری) ئەم پرۆژە لەیاسـای خـوێندنی باڵای بەغـداوە نوسـراوە (اللغـة الرسـمـیـة فی الجامعات اللغة العربیة) ئێمە کردمان بە کوردی، بەڵام لە هەندێ کۆلیجەکان مافیان هەبوو کە خوێندن بکەن بە ئینگلیزی بۆ ئەوەی ڕادەی قوتابیان بەرز تر بێت، ئینجا کە لێرە ئەوەی نوسراوە خـــۆی پەیوەندی بەوە هەیە کـەوا وانەیەک لەزانکـۆکــان بکرێ بە ئینگلیـــزی بۆ ئەوەی ڕادەی بەرزکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو وشەی کە کاک د. فوئاد باسی کرد، پێم باشە لابدرێ بڵێین (التدریس) خۆی تدریس هەمووی دەگرێتەوە کەم بێ یا زۆر، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێستا دوو بۆچون هەیە یەکێکان ئەوەیە ئەم مادەیە لەبنەڕەتەوە نەمێنێ، چونکە وەکو یاساناسەکان دەڵێن (تحصیل حاصل)ە، بۆچونەکەی تریش ئەوەیە ئەم مـادەیە بمێنێ. زۆر لەسەر ئەم بابەتەش و دواین چیتر زێدە ناکەین، ماوەتەوە بڕیاری لەسەر بدرێ کە بمێنێ یا نەمێنێ.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوە پێشنیـارێکیـان ڕوون وئاشکرایە کە ئەو مـادەیە هەر نەمـێنێ پێشنیـارەکەی تر جێگرەوەکەی چی یە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەراستی لاوازە، بەڵام لەوانەیە ئەگەر گۆڕانی بخرێتە سەر بگونجێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

دوو سێ پێـشنیـار هاتووە دەربارەی ئەمـە، یەکیـان دەڵێ (یکون التـدریس فی الجامـعات باللغة الکردیة ولمجالس الکلیات ان تقرر التدریس بلغات اخری) ئەوەی تر هەر وەکو ئەوە وایە و زۆر جیـاوازی لەگـەڵ ئەویتـر نییـە(لغة التـدریس فی جامـعات الاقلیم هی اللغة الکردیـة ولمجالس الکلیات ان تقرر تدریس بعض المواد بلغات اخری). ئەم دوو پێشنیارە ئەگەر وەکو یەکیش نەبن زۆر نزیکی یەکن پێـشنیـارێکی تر هاتـووە ئەڵێ (یحق للـمـجلس ان یقـرر تدریس بـعض المواد بلغات اخری بالاضافة الی اللغة الرسمیة) ئەویش پێشنیارێکی ترە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم (بلغات اخری) نابێ (بلغە اخری) دەیگرێتەوە. حەزم کرد هەڵەیەکیش ڕاست بکەمەوە لە زۆر شوێن خوێندنی پزیشکی یا ئەندازیاری بە زمانی ئینگلیزی نییە لە هەموو شوێنەکانی جیهان بەزمانی نەتەوەیی خۆیان دەخوێنن ئەگەر مەبەست زاراوەکان بێ ئەو زاراوانەش هەمووی لاتینی یە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بەکار دێ، بەڵام ئەگەر بێتو بووترێ(بلغة اخری) (اذا تعذر التدریس باللغة الکردیة) ئەگەر لەتوانادا بوو بە کوردی بوترێتەوە، بەڵام هەندێ مادە هەیە وەکو یاسا بە زمانی عەرەبی وتراوە ،لەبەر ئەوەی هەندێ زاراوەی یاسایی هەیە تائێستا نەمانتوانیوە بە کوردی دایبرێژین، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەم مادەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە بڕگەی یەکەم (مجالس الکلیات) دێ ئەو بڕگەیە پێویستە بمێنێ،چونکە تەنها (تدریس) ناگەیەنێ ئەمە (مراسلات) هەموو شتێک دەگەیەنێ پێویست ناکات، هەموار بکرێ. بڕگەی دووەم ئەگەر پێویستی بەهەموار کردن هەیە من بەش بە حالی خۆم بەشتێکی خراپی نازانم، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(اللغة الرسمیة) لەسەری کۆکین، چونکە بڕیارێکی ئەنجوومەن هەیە کە زمانی کوردی زمانی ڕەسمی ئەم هەرێمەیە و، ئەگەر باسی (مراسلات) بکەین ئەوە بڕیارمان لەسەر داوەو پێویست ناکات لەم یاسەیەشدا دووبارەی بکەینەوە، ئەگەر مەسەلەی(تدریس)یشە بەزمانی کوردی، ئەوە دەبێ دیاری بکرێ.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەدەڵێ (اللغة الرسمیة) مانای (تدریس) دەگرێتەوە، بەڵام بڕگەی(٢) بەش بەحالی خۆم شتێکی وانابێنم کە پێویستی بەدەستکاری هەبێت ئەگەر دابڕێژرێتەوە مادەکە بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

ارجو ان یکون الهدف واضح في کلامي؟ وهو المصلحة العامة فی الوقت الذي عمل بنظام التدریس في زمن الدکتاتوریة وحتی العرب المخلصین کانوا ضد القرار مع کل الاحترام للغة الکردیة فیفضل ان نتعمق للبحث في کل المصادرالتي تکون بلغات اخری وخاصة اللغات العالمیة، الانکلیزیة مثلا شيء اخر بالنسبة للدراسة اللغة الکردیة مسألة التدرج یجب ان تراعي ، لاشك الطموح هو حق شرعي لکنه یجب ان تتوفر امکانیات تحقیق لذلك اری ان ننظر للمسألة نظرة علمیة بعیدا عن عواطفنا، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە دەقێکمان هەیە، هەر وەکو پاشکۆی ئەم یاسایە هاتووە (ینفذ اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) باشە ئەو دەقە ئەگەر ماوە بۆ راپەڕاندن دەشێ لەلانی (عملی)، ئایا جێبەجێ دەکرێ؟ بێگومان ئەمە جێبەجێ ناکرێ، لانی دووەم ئەمە بەپێرەو چارە دەکرێ، بۆیە ئەگەر دەقەکە هەڵبگیرێ ئەو دەقە دەتوانێ بڕیار بدات پێرەوەکە چۆن دەبێ بەگوێرەی توانا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەم بابەتەوە قسە زۆر کرا. دوو پێشنیار هەیە پێشنیارێک هەیە ئەو دەقە نەمێنێ بیخەینە دەنگدانەوە و، ئەگەر مایشەوە ئەوا دێینەوە سەری وهەمواری دەکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەمەیە ئەم دەقە نەمێنێ؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. بەتێکڕای دەنگ لابرا(الغا )کرا، بۆیە ئەو مادەیە فت(حذف) کرا.. مادە(١٠) نامێنێ برادەرێک وتی ئەمە لە دەقی یاسای بەغدا وەرمان گرتووە. راستە (اللغة الرسمية في الجامعات هي اللغة العربية) ئەمە روونە ودەبێ لە کوردستانیشدا کوردی بێت.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێستا زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە لە زانکۆکانی ئێمەدا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مەرج نییە، نەخێر من لەگەڵ ئەوەدا نیم.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوە بەهیچ شێوەیەک وانییە کەزمانی رسمی لە زانستگاکانی هەرێم بە عەرەبی یە، چونکە ئێمە چەند دەقێکی ترمان هەیە کە زمانی رەسمی لە هەرێم کوردی یە، پێشنیارم هەیە ئەگەر زۆر بە پێویست بزانرێ نەتوانین وای لێ بکەین (لغة التدريس في جامعات الاقليم هى اللغة الكردية ولمجالس الكليات ان تقرر التدريس بلغة اخرى اذا تعذر ذلك)، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەمە دەنگمان لەسەردا، با ئەنجومەنی باڵای خوێندن خۆی رێنمایی دەربکاو، وەکو برادەران باسیان کرد ئەوا دەرس وتنەوە بەچ شێوەیەک ئەبێ، ئەوە تایبەتە بەئەنجوومەنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المادة ١٠/ «تتألف الجامعة من الكليات ومراكز للبحوث واية تشكيلات اخرى حسبما تدعو الحاجة اليها في نواحي المعرفة النظرية والتطبيقية وتشكل بنظام خاص» لێرە (مراکز)ی (بحوث) دەبێ لابچێ، چونکە لە مادەی پێشتر دەنگمان لەسەردا ئەوەی تر دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زانکۆ دەتوانێ ناوەندەکانی خۆی دابنێ ئێمە لەوێ هەڵمان گرت کە دەبوو بە ئەندام لەوێ، بەڵام لێرە دەمێنێ شتێکی سروشتییە پێویستە زانکۆ ناوەندەکانی تۆژینەوەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەند دکتۆر فوئاد روونی کردەوە کە پێویستە بمێنێ بۆ نموونە ناوەندی (حاسبەی ئەلکترۆنی) لەزانکۆی سەلاحەدین هەیە شتێکی سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەراستی کارێکی وا بکەین کە مەسەلەی کورد جێگیر بکەین، با ئەم یاسایە نەخەینە بەردەم حکومەتی ناوەندیەوە چی لێرە بڕیاری لەسەر ئەدرێ ئەوە چەسپ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ زیاتر دڵنیابوون ئەو ئەنجوومەنی خوێندنی باڵایە دەسەڵاتی پێ دراوەو، دەبێ بەپێی ئەم یاسایە رێنمایی دەربکا بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم بۆ لیژنەی یاسا ئەوەیە، پێکهاتەکان روون بکەنەوە(تشکیلات توضیح) بکەن مەبەستیان چی یە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا روونکردنەوەیەک دەربارەی (تشكيلات اخرى حسبما تدعو اليه الحاجة) هەیە؟

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە سبەینێ هەندێ پەیمانگەی جیهانی (عالمی) دابنرێ. سبەی خوێندنی باڵا ئامۆژگایەکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە نەک لە کۆلێج کە خۆی بەشی خوێندنی باڵا هەیە، ئاشکرایە واتە زانکۆ ئەو بوارەی هەیە کە بتوانێ پێکهاتەی تر دروست بکات، هەندێک زانکۆ لەهەندێ شوێن ئامۆژگای خوێندنی باڵای هەیە هەندێ ئامۆژگای بەرز هەیە کە دەکەوێتە سەر ئەو زانکۆیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رای دکتۆر فوئادم، بەڵام خاڵی تر هەیە زانکۆ دەتوانێ نووسینگەی راوێژکاری دروست بکا کە فەرمانگەکە فێرکردنی نییە، بەڵام بەستراوە بە زانکۆوە ئەوە بەشێکە لە پێکهاتەی خوێندنی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وابزانم نە ئێستا نە لەداهاتوو ئەو تشکیلاتەی کە لێرە هاتووە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.حـەمـە نەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

رای لیژنە ئەوەیە ئەو دەقە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

خۆ یاسا بۆ ئەمڕۆ دانانێین، یاسا بەردەوام بۆ زانکۆ دادەنرێ، خوێندنی باڵا هەیە دکتۆرا هەیە رەنگە پەیمانگا بگرێتەوە. ئەم پێکهاتە (تشکیلات)ە دەیانگرێتەوە. ئەگەر نەیانگرێتەوە زەرەر نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆی.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة ١١ : اولاً/ مجلس الجامعة هو الهيئة العلمية والادارية العليا في الجامعة ويتألف من :-

أ- رئيس الجامعة رئيسا .

ب- العمداء اعضاء .

ج- مساعد رئيس الجامعة عضوا .

ء- عضوين من الهيئة التدريسية للجامعة وينتخبان من قبلهما لمدة سنتين قابلة للتجديد .

ثانياً/ لمجلس الجامعة ان يختار عضوين من خارج الجامعة من ذوي الخبرة والاختصاص ويضمها الى المجلس لمدة سنتين قابلة للتجديد .

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاتی خۆی لە مادە (١)دا باسی هەندێ شتمان کرد لە بارەی ئەنجوومەنەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە برگە(ج) پێشنیار ئەکەم یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ (مساعد رئيس جامعه) بکرێ بە دووان (مساعد الرئيس للشؤون العلمية ومساعد الرئيس للشؤون الادارية )، هەروەها پێشنیار دەکەم نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ببێتە ئەندام لە ئەنجوومەنی زانکۆدا (مجلس الجامعة).

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاسای خوێندنی بالاّ وەکو دکتۆر فازڵ فەرمووی، نوێنەری یەکێتی مامۆستایان ئەندامە ئێمە لەسەر داوای زۆربەی مامۆستایان، بەتایبەتی مامۆستایانی زانکۆی وایان بەباش زانی کە نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی تیا بێت سالّی(١٩٧٢) لەسەر پشتگیری سانديکای ناوەندی عێراقی بەنسبەت سەرانسەری عێراقەوە ئەو بڕیارە جێگیر بوو، نوێنەری سەندیکای مامۆستایان لەزانکۆی بەغدا بوو بە ئەندام نوێنەری یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لە زانکۆی سلێمانی لەوکاتە د.کەمال خۆشناو بوو بە ئەندامی زانکۆ ئێستاش پێشنیارەکەی ئێمە ئەوەیە نوێنەری مامۆستایان لە دەستەی وانەبێژانی زانکۆ هەبێ وابزانم یەکێتی مامۆستایان شایەنی ئەوەن وتێکۆشانیان کردووە وبەشداریان لەگەلّێ شەڕدا کردووە سالّی(٦٢) یەکەم شەهیدیان داوە وبەگشتی لەسنووری(٣١٧) شەهیدیان داوە(٤٢) مامۆستای ئەنفالیان هەیە(٢٧) مامۆستای کیمیا لێدراویان هەیە. بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ رەخنەمان لێ نەگیرێ بلّێین لەکاتێکدا ئێوە دەستان هەبوو نەتانتوانی ئەوە جێگیر بکەن. ئینجا تکام وایە ئەوە لەپێش چاو بگیرێ، دووبارە پێدابێینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تکام وایە برایان بەشێوەیەکی بابەتیانە گوێمان لێ بگرن، لێرە ئەنجوومەنی زانکۆ دروست کراوە تا ئێستا زۆربەی هەر ئەوانەی کە ڕۆژانی بەعس راگری کۆلێج بوون لە ئەنجوومەنی زانکۆدا بوون و بەشێکی زۆریان هەر ئەندامی حزبی بەعس بوون، مانای نییە بەڕێوەبردنی زانکۆ بەدەست ئەوانەوە بێت وئەندام بن لە ناو ئەنجوومەنی زانکۆدا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر برادەرانی تر هەبن، ئەوان با قسە بکەن جارێ، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم یاسایە کە دادەنرێ هەموو کاروباری خوێندنی بالاّ رێک دەخات بۆ ئەنجوومەنی زانکۆ، ئێستا هەیە دانەنراوە ئەمە وتراوە ، بەپێی ئەو یاسایە دەسکاری ئەوان دەکرێ، ئەگەر ئێمە وابزانین ئەو قانونە دادەنێین ئیشێک دەکەین ئەوان دەسکاری ناکرێن وبە ئارەزووی خۆیان دەیکەن پێویست ناکات گفتوگۆی یاسا بکەین ،بەلاّم ئێستاکە گفتوگۆی یاسا دەکرێ بێگومان ئەنجوومەنی خوێندنی بالاّ دادەنرێت لەو خەلّکانە کە شایستەی ئەو شوێنە بن، من لەگەلّ ئەوە نیم نوێنەری یەکێتی مامۆستایان لەوێ بەشدار بێ، چونکە ئەو مامۆستایانەی زانکۆ خۆیان ئەندامن لەو یەکێتی یە، ئەگەر مەبەست بێ دەستەیەک دابنرێ بەراستی ئەوە دەبێتە وصایە ئەو کات کەسانێ پەیوەندیان بە

زانکۆوە نییە ودەست لەکاروباری زانکۆ دەدەن ئەو مامۆستایانە هەمووی ئەندامن تێیاندا هەیە پیاوی خراپ وپیاوی چاکە ئەمە بابەتێکی ترە ئەو یاسایە بۆ ئەوەیە کە حکومەت پیابچێتەوە وسەر لەنوێ هەمووی دارژێتەوە ئەوکات نابێ خەڵکی خراپ بێنە ناو ئەنجوومەن ودەستەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە برگە(د) (عضوين من الهيئة التدريسية للجامعة) بمێنێ پێویستی بەهەڵبژاردن هەیە، بەڵام دەبێ پلەی زانستیان بۆ دەستنیشان بکرێ(لايقل مرتبته العلمية من مرتبة استاذ) وبرگەی دوایی لادرێ (الغا) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی مامۆستا (عەفان)م و، هەروەها د.فاضل ئەو برادەرانەی کە دەڵێن نوێنەری یەکێتی مامۆستایان لە مجلس بێ زۆر باشە نە لە بەر ئەوەی یەکێتی مامۆستایان مێژوێکی شەرەفمەندانەی هەیە، لە بەر ئەوەیە ئەوان دەورێکی گەورەیان هەیە بۆ ئاراستە کردنی مامۆستاکان لە زانکۆدا یا لە شوێنی تر لەپەیانگاکاندا وداوا دەکەم ئەو دوو نوێنەرەی کە هەڵدەبژێردرێن لە مامۆستایان دەبێ هەڵبژاردنێکی راستەقینە بێ وبەگوێرەی (مواصفات) بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە سەر ئەمە زۆر پێشنیار کرا بەراستی ئەوەی کە من دەبینم بەنسبەت یاریدەدەرێک کەمە زانکۆ پێویستی بە دوو یاریدەدەر هەیە یەکیان(اداری) بێت ئەوەی تریان هونەری(فنی)، ئینجا بەنسبەت ئەوەی دوو ئەندام لەدەستەی وانەبێژان بێت ئەگەر پلە زانستییەکەی دیاری بکرێ خراپ نییە (استاذ) یا (استاذ مساعد)، بەنسبەت یەکێتی مامۆستایان نوێنەری هەبێ لە ناو ئەنجوومەنەکە بەش بە حالی خۆم بەشتێکی پێویستی نازانم برگە(٢) بەشتێکی زیادی دەزانم پێویست ناکات ئەنجوومەنی زانکۆ ومامۆستایان دووکەس لە دەرەوەی زانکۆ هەڵبژێرێ برگەی(أ - ب ـج ـء) بمێنێتەوە بەڵام(ج) بکرێتە دوو یاریدەدەر (مساعد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوانەی ناویان نوسیوە تەواو، تەنیا کاک فەرنسۆ مابوو قسە بکا.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان شێوەیەکی (نقابی) هەیە، شێوەیەکی سیاسی نییە، جێی سەندیکای مامۆستایان دەگرێتەوە، ئەو برادەرانەی کە لێرە پارێزەرن برادەرانی لیژنەی یاسا ئەندامی نقابە نەبن ناتوانن پارێزەری بکەن ئەو مافەیان نییە، ئەوەی مهندسە ئەندامی نقابەی

مهندسین نەبێ مافی مهندسی نییە یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان ئێستا یەکگرتووە جێی نقابە کۆنەکەی گرتۆتەوە ئەوە، نقابەی کۆن ناماوە لێرە لە کوردستان کەواتە سیفەتێکی نقابی یە نەک سیفەتی سیاسی بۆیە بەشێوەی نقابی شتێکی پابەندییە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــــۆ تـۆمـــــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کەزۆر دەستکاری ئەنجوومەنی زانکۆ نەکرێ وەکو خۆی چۆن بووە اختیار بکرێ، من لەگەڵ ئەوەنیم کە نوێنەری مامۆستایان یان نوێنەری قوتابیان بچنە ناو دەستەکەوە هەموو مامۆستایان ئەندامی یەکێتی مامۆستایانن ئەتوانن لەدەرەوەی ئەنجوومەنەکە ڕێنمایی بدەن لەدەرەوە کۆڕیان بۆ بگێڕێ تەنها دەبێ وابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حـــــمـــە نەجم حـــمـــە فـــەرەج جـــاف:**

**بەڕێز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

رای خوێندنی بالا وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەنسبەتی نقابەی مامۆستایان ئێستا یاسای سانديكا وکۆمەڵەکان دانەنراوە بەوری سانديكاکانی دوا رۆژ چۆن دەبێ؟ ئایا وەکو جاران دەبێت یان دیاری دەکرێ،؟ ئیش وکاریان شتێکە دەسەلات ومافی بۆ دانەنراوە ئێستا داخلی بکەین وابزانم زیادە ولە هەمان کاتدا دوو ئەندامی دەستەی (تدريسي) کە هەڵبژێردراون ولەکۆلیجەکان هەمان هەڵبژاردنی ئەندامی دەستەی (تدريسي) هەیە لە بەر ئەوە لە هەموو قۆناغێکدا ئەندامی دەستەی راپەڕاندن هەڵبژاردراوە داوای مافەکانیان دەکا پێویست ناکا لە دەرەوەی دەستەی فێرکردنی بخەینە ناو ئەنجوومەنی زانکۆوە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســــوم:**

**بەڕێز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

دەربارەی مەسەلەی هەڵبژاردن ئەو دوو کەسە لێرە (التباسێک) هەیە وا نیشان دەدرێ کە دەڵێ (ينتخبان من قبلهم) واتا سەرۆکی زانکۆ وراگر ویاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ، بەلام هەندێ تەماشای بکەین من (قبلهم) مەبەستی دەستەی جێ بەجێ کردنە، چونکە قاعدە هەیە لە (ينتخبان من قبلهم) با رزگارمان بێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن:**

پێشنیاری تر هەبوو لە برگە(٢) دا کە دەڵێ (يختار عضوين من خارج الجامعة) ئەوە بۆ چییە؟

**بەڕێز د.کـەمـــال عـەبدولـکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

پێشنیاری تر کرا کە یاریدەدەرەکان دوان بن، یەکێک نەبێ بە بیروڕاو بۆچونی منیش دوان بن هەندێکی بۆ کۆلێجە مرۆییەکان ئەوانی تر بۆ کۆلێجە زانستیەکان، کەوا بۆ کاروباری بەڕێوەبردنە ئەگەر ببێت بە دوان باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحــــمـــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

وابزانم لە قانونەکە مادەیەک دێ دوای ئەوە دەبێ سەرۆکی زانکۆ یاریدەدەری پرۆفیسۆر بێ دەبێ، لێرە چارەی بکرێ بڵێ هەردوو یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ (مساعدین رئیس الجامعة) دەبێ ئەوە هەموار بکەین، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

(عـمـداء) وەکـو خۆی دەمـێنێـتـەوە ، بڕگـە(د)دەڵێ (عضوين من الهيئة التدريسية للجامعة وينتخبان من قبلها) ئەوەی کاک دکتۆر پێشنیاری کرد (لمدة سنتين قابلة للتجديد) دەمێنێتەوە بۆ پێڕەوێکی تایبەتی. (للمجلس ان يختار عضوين من خارج الجامعة).

**بەڕێــز عـــوســـــمـــان حـــەســـــەن دزەیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

من لەگـەڵ پێـشنیـاری کـاک (عـەفـان)م ،دیسـان دەگـەڕێمـەوە بابەتی ئەوەی نوێنەری یەکـێـتی مـامۆسـتـایان بەڕێزان د. فوئاد ود. ناسح وکاک فرەنسۆ بەو شێوەیە سەیری یەکێتی مـامۆسـتـایان نەکەن، لە بەرچی یەکێتی مـامۆستایان زۆر شت راست نەکاتەوە؟ نازانم بابەتەکە بەو (تشنج)ە، بۆ بەو شێوەیە باسی یەکێتی مـامۆستایان بکرێ؟ بەش بە حالی خۆم دەمەوێ ئەو بابەتە سەرپێی نەبێت نوێنەری یەکـێـتی مـامـۆسـتـایـان نەک هەر لەئەنجـوومـەنەکـە هەبێ، بەڵکو لە ئەنجـوومـەنی سـەرکـردایـەتیش هەبێ هەر چەندە دەنگدانی لەسەر کـرایە، بەڵام بگـەڕێتـەوە سـەر ئەوە یادداشت پێشکەش بکرێ دووبارە ئەو قانونە دەستکاری بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێــز بـەخـــتــــیـــار حـــەیدەر عـــوســـــمـــان:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

دەربارەی ئەو زنجـیرەیەی (تسلسلە) کە جەنابت باست کرد، پاش سـەرۆکی زانکۆ راگـرەکـان دێن نەک یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ، راستە خۆیان یاریدەدەرن، بەڵام پلەی زانستی لەراگر نزمتر بێ پێویستە بە تسلسلی خۆی بمێنێ ئەوەی دوایی پێشنیـار دەکەم هەڵوەشێـتـەوە (الغـاء) بکرێ.

بڕگە(٢) دوو کەس لە دەرەوی دەستە (خارج هیئە) هیچ پێویست ناکات، لەوانەیە بەشێوەیەکی تایبەتی بێ گرفت بۆ ئەنجوومەن پەیدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز کــەمـــال ئـیـبــراهیم فــەرەج شــاڵی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

پشتگیری لەقسەکانی کاک عثمان دەکەم یەکێتی مـامۆسـتـایان گلەیی زۆریان هەیە ئەوان داواکاریان ئەوە بوو دوو ئەندام لە ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی زانستی (مجلس البحث العلمي) یان پێ بدرێ وەکو کاک عوسمان وتی پێویستە هەموارێک بکرێ مامۆستایان دەوری سەرەکیان هەبووە پێویستە ئەندام بن چۆن وزیری پەروەردە وئەندامەکانی تر ئەندامن لە ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی زانستی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

ئێستا دوو ئەندام لە دەستەی وانەبێژان دەبن.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبوبەكـر حـەسـەن بامـەڕنی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەم كە نوێنەری یەكێتی مامۆستایان بەشدار نەبێت چەند هۆیەک هەیە ئەویش ئێمە كە یەكێک دادەنێین لە جێگایەک پێویستە ئیشێكی هەبێ بەشدارییەک بكات، حەز دەكەم بزانم ئەو برادەرانەی بەرگری دەكەن كە یەكێتی مامۆستایان هەبێ، مەبەستیان چی یە؟ سوپاس.

**بەڕێز عـوسـمـان حـەسـەن دزەیی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

بەداخەوە مامۆستایان لێرە ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان بەو شێوەیە سەیری مامۆستا دەكەن، هەموویان مامۆستا گەیاندوینە ئەو رۆژە جارێ پێش هەموان مامۆستای سەرەتایی كە لەپۆلی یەكی سەرەتای وانە دەڵێتەوە ئەو لە هەموویان زیرەكترو رێكوپێك ترە ،كە مامۆستا ئەحمەد بامەرنی دەڵێ مامۆستای سەرەتایی چی دەكات؟ مامۆستای سەرەتایی هەویرەكە دروست دەكات ئەو بۆچونەی كاك ئەحمەد دەمێنێتەوە، ئەوەی لە لیژنەكە بەشداری دەكا مەرج نییە مامۆستایەكی سەرەتایی بێت مامۆستای زانكۆ ودواناوەندی وسەرەتایی وناوەندی لە بەر چی مامۆستایەكی سەرەتایی لەو لیژنە بەشداری دەكات؟ لەبەر چی مامۆستایەكی لێ وەشاوەی زانكۆ نایەت لەم لیژنە بەشداری بكات؟ لە بەر چی بەوكەمی یە سەیری بابەتەكە دەكەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

بەراستی چاوەڕوان نەبووم كەرای بەڕێز كاک عوسمان وشەی (تشتنج) بەكار بهێنێ، چونكە مەسەلەكەگرژبوون (تشنج) نییە، بەڵام گەر لێم ببوری هەندێ وشە بەكار دێنم تێكەڵاو بوون(مخالطات) هەیە، دەگوترێ مامۆستایان فیداكاریان كردیە ئەوەندە شەهیدیان دایە كام مامۆستا تصنیف دەكەی مامۆستای شۆڕشگێر؟ ئەگەر ئەو ریزدانانە (تصنیفە) دەكەی پەسەندە، بەڵام لە لایەک بەناوی هەموو مامۆستایەک قسە دەكرێ كە ئەوەندە هەزارەیە لە لایەكی ترەوە دێن كە هەندێ سیفەتی تر دادەنێن كێ دێ ئەو نوێنەرە هەڵ دەبژێرێ؟ دیسان دەگەڕێتەوە دەستەی بەڕێوەبردن بەراستی دەمێنێتەوە حزبایەتی ئەمە دادەنێن پارتی یە، یەكێتی قبوول نییە، ئەمە یەكێتییە، پارتی قبولی نییە، دەكەوێتە سەر حزبایەتیەكە، چونكە ئەوانەی لە نقابەن لەسەر بنەمای حزبایەتی لەوێنە، هەتا بێ لایەنەكەش دابەش بووە لەگەڵ رێزم بۆی ئێمە نابێ هەندێ شت هەیە بگەڕێتەوە سەر ئوسلوبی وڵاتەكانی كە جاران پێیان دەوترا (اشتراكی) یا ئەوەی بەعس، بەعسی ثقەی بە هیچ شتێک نییە دەیەوێ هەمیشە درێژبوونەوەی (امتداداتی) لە هەموو شوێنێک دابێ ئێمە دەمانەوێ لەوە دوور بكەوینەوە بۆ زانكۆ بڵێین (مركز اشعاع حضاري حرم آمن) دوایی دەمانەوێ هەندێ شتی باوێینە

سەر، ئەم مەرکەزیەی نەمێنێ تسلیمی کۆمەڵێک خەڵکی ئەکادیمی دەکەین حکومەتی ئێمە بڕوای بەخۆی هەیە، پێویستە خەڵکی وادابنێ کە توانای زانستی یان هەبێ مرۆی دڵسۆز بن، بەڵام ئەگەر ئەو جۆرانە دادەنێن بەهی مامۆستایان زانکۆ بەڕێوە ناچێ ضمان پەیدا نابێت بۆ ئەوەی لانەدات ئەگەر هاتوو یەکێتی مامۆستایان لەکۆلێجی هندسە بێ دەبێ ساندیکای ئەندازیاران بەشدار بن لە کۆلێجی ماف دەبێ ماف پەروەران هەیان بێ لە کۆلێجی پزیشکی دەبێ هی پزیشکان هەبێ بۆ مامۆستا ئەوانیش نقابەیان هەیە، بۆیە شتەکە دووری بخەینەوە بەڕاستی هەر لە وڵاتی ئێمەدا ئەو نقابانە دروست بوونە ئەوە (امتدادی) حکومەتی عێراقە کە دروستی کردووە، نقابە پێویستە بەرگری لە مافی مامۆستا بکات ئەگەر زانی حکومەت مافی مامۆستاکە دەخوا، ئنجا لەگەڵ حکومەت شتەکانیان زۆر جیاوازە ئەوانە (جماهیر)ین هی حکومەت نینە بەو حسابە دەبێ لەگەڵ وزارەتەکان بەشدادربن لە ئەنجوومەنی وەزیراندا. ئەمە چۆن دەبێ لەوێش دەبێ نوێنەری وان هەبێ بەلانی کەمەوە فراکسیۆن هەبێ لەنێوان نقابەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران هەبێ، چونکە کەسی تری تیا نییە بۆیە تکا دەکەم ئێمە بەو چاوە تەماشای نەکەین وانییە، ئەگەر لەئەنجوومەنی زانکۆ یا لە فێرکردنی باڵا کەسێکی مامۆستا نوێنەری نقابە نەبێ، مانای وایە مافیان خوراوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەم ویست هەمان شت بڵێم کە بەڕێز د.فوئاد وتی، یەک خاڵ زیاد دەکەم کە لەبونیادەوە دانانی نوێنەری نقابە هەندێ جێگەی ئیداری حکومی بۆ کەم کردنەوەی دەوری ساندیکاکان، ئەوە بوو کە رژێمە دکتاتوریەکان لە جیهاندا دەیانویست ساندیکاکان دەوریان نەبێت. کە نوێنەری نقابی لە دایرەیەک بوو لەوێ لە بڕیاردا بەشدار بوو، ئیتر حەقی نەبوو لەدەرەوە بەرگری لەبەرژەوەندی ئەندامانی ئەو نقابەیە بکات، لە بەر ئەوە بەشدار بوونی ساندیکاکان لەفەرمانگەکاندا کەم کردنەوەیە لەدەوری سەندیکاکان بەپێچەوانەوە دەبێ وەکو کاک فوئاد وتی (نقابات) لەشوێنی خۆی بمێنێ بتوانن لەشوێنێک بەرگری بکەن ئەگەر نوێنەری یەکێتی مامۆستایان بۆ نموونە لەو ئەنجوومەنە دانرا ئەو ئەنجوومەنە بڕیاری دا بەپێی راوێژی مامۆستاکان نەبوو، باشە نقابەکە چۆن بەرگری دەکات لە بەرژەوەندی ئەندامەکە؟. کاتی خۆی هەر ئەوە بوو زۆربەی ئەندامانی نقابەکان خرانە ئەنجومەنە حکومەتیەکانەوە بۆ ئەوەی دەوریان نەبێ و، جگە لەوە ئێستا دەوری ساندیکاکان شێوەی تری وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابەتەکە هەمان خاڵە، ئێوە وەکو مامۆستایان وەکو ئەندامان زۆر لە سەر ئەم بابەتە قسەکرا، وا باشە کە بیبڕێنینەوە، ئێستا ئەم مادەیە بەم شێوەیەی لێ هات، (سەرۆکی زانکۆ) وەکو خۆی بمێنێتەوە ودوو یاریدەدەری هەبێت ،پێشنیارەکەش وایە کە راگرەکان(عمداء) وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا (عضوین من الهیئة التدریسیة للجامعة وینتخبان من قبلهما لمدة سنتین قابلة للتجدید)، دووەم هەڵوەشێندرێتەوە (الغاء) بکرێت تاکو برگە(د). پاش هەموار کردن کێ

لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ بەو هەموار کردنانەوە پەسەند کرا.
دەمێنێتەوە خاڵی(٢) (لمجلس الجامعة)... رایەک هەیە کە ئەمەش نەمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە نەمێنێ؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ لابرا (الغا)کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٢:

١- يحدد مجلس الجامعة جدول اجتماعاته الاعتيادية ولرئيس الجامعة ان يدعو الى اجتماع استثنائي عند الضرورة او بناء على طلب خطي من ثلثي عدد اعضائه ويتم نصاب المجلس بحضور اغلبية اعضاءه ويتخذ القرارات والاقتراحات والتوصيات باغلبية عدد الحاضرين وعند التساوي في الاصوات يرجح جانب الرئيس.

٢- عند غياب الرئيس يحل محله عميد يكون درجته العلمية فيما يتعلق بهذة الفترة.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس الوطني.**

اعتقد هذه المادة ممكن ان يكون في النظام الداخلي، شكرا.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم ئەو زانیارییە هەبێ کە یاریدەدەری سەرۆک یان یاریدەدەری راگر لە راگر بچوکترە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە مادەی(١٦- ١٥) ئەوە لە کرۆکی یاساکە نەبێ لەپێڕەو بێ، بەڵام بێگومان پلەی راگر لە زانکۆ بەرزترە پلەی زانستیان هەر بەرزترە بۆیە سەرۆکی زانکۆ وەکو خۆی هاتوە ئەوە دوو مادەی ترلە دوویەک هاتوونبەراستی هەتا دەگاتە هی پسپۆریەتی (اختصاصات) ئەوە لەپێڕەودا زۆر بەدرێژیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(١٢و١٣) پێشنیار هاتووە کە ئەم مادانە بکرێتە پێڕەو ولێرە نەمێنن کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ مادە(١٢و١٣) لە یاساکەدا نامێنن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٢/ يمارس مجلس الجامعة الاختصاصات التالية:-

١- الاختصاصات العلمية:-

أ- اقرار خطط القبول للدراسات الاولية في الكليات.

ب ـ اقرار خطط البحث العلمي للكليات والمراكز العلمية التابعة لها.
جـ ـ اقرار خطط لتوفير مستلزمات التعليم.
ء ـ اقرار خطة لفتح الاقسام العلمية والفروع والمراكز العلمية.
ه ـ اقرار المواضيع الدراسية وتوزيعها على السنوات الدراسية للكليات.
و. اقرار خطة لتأمين اعضاء الهيئة التدريسية.
ز. منح المرتبات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسية.
حـ ـ اقرار تنفيذ خطة القبول في الدراسات العليا.
ط ـ متابعة مناهج تقويم عضو الهيئة التدريسية.
ي ـ اقرار المناهج الدراسية واحداث التغير فيها لترصين الحالة العلمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(١٢) تاکو بڕگە(ی) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟...
بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢/ الاختصاصات الادارية :-
أ ـ اقرار خطط العلاقات الثقافية والثنائية مع الجامعات والمؤسسات العلمية المتواجدة خارج الاقليم وتنفيذها.
ب ـ التعاقد مع اعضاء الهيئة التدريسية والفنيين الاجانب.
جـ ـ تعين التدرسيين من محلة شهادة الدكتوراه والماجستير أو مايعادلها.
ء ـ الموافقة على الايفادات والاعارات والاجازات الدراسية داخل وخارج الاقليم.
ه ـ اقرار تنفيذ خطة لتأهيل وتدريب الكوادر العليمة والادارية.
و ـ الموافقة على منح الاجازات الدراسية داخل الاقليم.
ز ـ اقرار وتنفيذ الملاك العلمي والاداري للكليات والمراكز العلمية.

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من بڕگە (ء ـ و) هەر دوو بکرێتە یەک خاڵی(ز) بکرێتە (اقرار وتنفيذ خطة تهيئة) پاشی (تنفيذ) بێ واتە (اقرار وتنفيذ خطة تهيئة الملاك العلمي والاداري)، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

- خاڵێکی تریش (اقرار الاتفاقية والتعاون والثقة العلمية مع الجهات والجامعات والمؤسسات)، ئەمە زیادەیە، لێرە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لەوێ باسی کراوە، پەیوەندی رۆشنبیرییە (علاقاتی ثقافیە)، لەگەڵ دەزگاکان، لەگەڵ زانکۆکان، بەڵام لێرە خەڵک، شخصی پێک هاتنی لەگەڵ دەکرێ ئەوە شتێکە زۆر جاری واهەیە لەرێگەی زانکۆوە مامۆستا دێ جاری واهەیە جارِ دەدرێ بەرێگەی شخصی دوو شتی جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەوا بوو پێشنیارەکە ئەوەیە کە برگەکانی (د ـ و) لابدرێ دوایی دابرێژرێتەوە ولابدرێ و لەبرگە(د) چارەی (و) بکرێ، هەروەها لەبرگە(ز)دا (اقرار وتنفیذ خطة تهیئة الملاك العلمي) ئەو دوو وشەیەی بۆ زیاد بکرێ وەکو پێشنیارێک، کێ لەگەڵ پەسەند کردنی برگەی(د)ە پاش ئەو هەموار کردنە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا پاش ئەو دوو هەموار کردنە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣-/ الاختصاصات المالیة:

أ- اقرار تنفیذ خطة الموازنة السنویة والمناهج الاستیرادیة والخطة الاستثماریة مباشرة بالتنسیق مع الجهات المختصة في الاقلیم.

ب- المصادقة على قرارات اللجان الخاصة بالشطب والتثمین والایجار وبیع أموال الدولة المنقولة وغیر المنقولة.

ج- اقرار الحسابات الختامیة.

٤-/ للمجلس تخویل بعض صلاحیاته الى رئیس الجامعة.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بووترێ (في اموال الدولة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە برگە(ب) دا لە جیاتی (دولـة )دەبێ بە (جامعة)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکرای دەنگ خاڵەکانی(٣و٤) پەسەند کران.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة١٣/ یشترط فیمن یعین رئیسا للجامعة ان یکون حاصلا على شهادة الدکتوراه وبمرتبة استاذ او استاذ مساعد لا تقل خدمته عن عشر سنوات بعد انتخابه من قبل اعضاء الهیئة التدریسیة في الجامعة ممن هم بمرتبة استاذ مساعد فما فوق ویعین بقرار من الجهة المختصة وحسب القوانین المرعیة للمدة اربع سنوات، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من پێشنیارەکە وابێ (يشترط في من يعين رئيسا للجامعة ان يكون حاصلا على شهادة دكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل) كە ووتمان (مساعد على الاقل )مانای استاذی لەگەڵە (لاتقل خدمته الجامعية عن(١٠) سنوات ويعين بقرار من الجهة المختصة حسب القوانين المرعية لمدة(٤) سنوات)، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەی کە بەو شێوەیە کرا کە د.سەلیم پێشکەشی کرد رازیم، بەڵام مەسەلەی هەڵبژاردنەکەی لێ فرێ دایە دەرێ، نازانم بۆچی؟ چونکە سەرۆکی زانستگا پێویستە لەلایەن دەستەی وانەبێژانەوە هەڵبژێردرێ. مەرج نییە یاریدەدەری مامۆستا (استاذ مساعد) بن ئەوی لە(مدرس) بەرەوژوور لە کۆبونەوەکان هەڵی دەبژێرن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە هەر ئەو دەقەی کە هاتبوو نازانم بەڕێز د. سليم (هەڵبژاردنی) لابرد؟ یان بەنسبەت مامۆستای یاریدەدەر (استاذ مساعد) وەکو خۆی بمێنێ هەمان شتە هیچ گۆڕان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا وتراوە ،(بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية في الجامعة ممن هم بمرتبة مدرس فما فوق ويعين بقرار من الجهة المختصة وحسب القوانين المرعية لمدة اربع سنوات) و، بەو شێوەیە دیاری کراوە.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ روونکردنەوە ووتمان ئەگەر سەرۆکی زانکۆ هەڵبژێردرێ کە ئەو ئەندامانەی هەڵی دەبژێرن لە زانکۆ، کە پلەی مامۆستا ومامۆستای یاریدەدەری هەبێ، چونکە شتەکە ئەگەر بکەین بە (مدرس) بەرەوژوور گەورە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مانای وایە ئەو کاتە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا پەیوەندی بەسەرۆکی زانکۆوە نامێنێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکی زانکۆ، چونکە پلەی تایبەتییەو، بۆیە دەبێ گەورەترین دەسەڵات دابمەزرێنێ، واتا بریاری دامەزراندنەکەی پاش ئەوەی کە هەڵدەبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دێینە سەر مادە كە وەكو خۆی ،كێ لەگەڵ ئەو مادە ١٣یە وەكو خۆی بمێنێ؟... كێ لەگەڵ نییە؟..
بەتێكڕای دەنگ وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة ١٤/ يمارس رئيس الجامعة الصلاحيات التالية :-

أ - رئاسة مجلس الجامعة ودعوته الى الاجتماعات الاعتيادية والاستثنائية وتنفيذ قراراته ويمثل الجامعة امام الجهات كافة.

ب - ادارة شؤون الجامعة العلمية والادارية والمالية وفق احكام القانون والنظام وقرارات مجلس التعليم العالي والبحث العلمي ومجلس الجامعة.

ج - ادارة الاموال المنقولة وغير المنقولة وفقا للقوانين والانظمة والتعليمات النافذة.

ء - توزيع ارباح المكتب والعيادات الاستشارية وتخصيص ٢٠٪ منها للجامعة توضع في صندوق خاص تصرف في تطوير انشطتها العلمية والخدمية وكذلك توزيع نسبة(٨٠٪) منها على العاملين فيها.

ه - لرئيس الجامعة تخويل بعض صلاحياته للعمداء والمساعدين او لمن يراه مناسبا.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگەی(ه) (لرئيس جامعة تخويل بعض صلاحياته للعمداء أو المساعدين)، ئایا هاوكاری (تعاون) نییە؟ ئەگەر سەرۆك دیار نەبێ (غائب) بێ بێگومان راگر جێگەی دەگرێتەوە لەئەنجوومەنی زانكۆدا (تضارب) نابێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی(عقد الاجتماعات) ئەمە مادەیەكی سروشتی شیاوە، بەڵام بەرای من (توزيع ارباح المكتب والعيادات الاستشارية) برگەیەكی زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە یاسادا (اداره ) شتێكە و(صرف) شتێكی ترە دوو بابەتی جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرسیارەكەی بەڕێز د.حەمە نەجم (لرئيس الجامعة تخويل بعض صلاحياته للعمداء ولمساعديه) باوەڕ ناكەم كار لەوە بكاك ە كێ بێتە جێگەی ئەو ئەگەر غائب بێ ئەوە تەنها بۆ بارێكی تایبەتیە كە ئەو لێرە نەبێ، واتا ئەو دەسەڵاتەی هەر دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.عــــیــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ڕایەک هەبوو لە برایانی لیژنەی خوێندنی باڵاوە، کە ئەو ڕێژەیە بگۆڕی ڕێژەی(٨٠) بکرێ (٤٠) بە(٦٠) یا(٣٠-٧٠)، بەڵێ هەیە چونکە شتی (انتاج)ی دەبێ، بۆ نموونە زانستگای سلێمانی ئێستا کێلگەیەک بدەن بە پرۆژە قازانجی زۆری هەبێ عیادەی ڕاوێژکاری(استشاری) بکەینەوە چاپخانە هەیە لە زانکۆی سەلاحەدین و شتی تر، ئەگەر بکەوێتە دەستمان لەبەر ئەوە ئەگەر ڕێژەکە زیاد بکرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ئێستا مادە (١٤) پاش ئەو هەموار کردنە کە دەکەوێتە سەر برگە ـ د ـ، پێشنیارێک هەیە کە بکرێ بە(٤٠) بە(٦٠)،کێ لەگەڵ مادە (١٤)یە پاش هەموار کردنی؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا پاش ئەو هەموار کردنە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

المادة ١٥/

١ـ مجلس الكلية: هو الهيئة العلمية والادارية والمالية في الكلية ويتألف من :-

| | |
|---|---|
| أ ـ عميد الكلية | رئيسا |
| ب ـ رؤساء الاقسام العلمية أو رؤساء الفروع العلمية في الكليات التي لا توجد فيها اقسام علمية. | اعضاء |
| جـ ـ معاون العميد | عضوا |
| د ـ ممثل عن الطلبة يدعى من قبل المجلس عند مناقشة المواضيع التي تخص الطلبة. | عضوا |
| ه ـ اثنين من التدريسين البارزين في الكلية تنتخبهم الهيئة التدريسية. | اعضاء |
| و ـ مدراء مراكز البحوث المرتبطة بالكلية. | اعضاء |

٢ ـ لمجلس الكلية اختيار شخص واحد من ذوي الخبرة والاختصاص من خارج الكلية لمدة سنتين قابلة للتجديد .

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دەربارەی برگە ـدـ ، لەو مادەیە ڕای لیژنەی خوێندنی باڵا ئەوە بوو کە نوێنەری قوتابیان (ممثل الطلبة) لابچێ. هەر گرفتێک دروست بێ پەیوەندی بەقوتابییەوە دەبێ، ئەوکات دەتوانین نوێنەری قوتابی لە ئەنجوومەنی کۆلیج بانگ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە مانای وایە کە بڕگە (د) نەمێنێ کە پێشنیاری خۆتانە، هی هەردوو لیژنە.

**بەڕێز د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بۆ (مجلس الكلية) خاڵێکی تر زیاد بکەین (المسجل) ناوەخۆ ودەرکردنی قوتابی، هەموو شتێک لە ژێر دەستی بێ، کۆلێج زۆر پێویستی پێ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوللا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (معاون) (نائب رئيس) بێت شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەوەی کە باری زانکۆ نازانم ئێستا گۆڕیویانە، چونکە دەڵێ (رؤساء الاقسام العلميه) باشە ئەبێ لە (اقسامی غير علمی) ئەویش بەشی هەیە یا پێی ئەووترێ (فرع)؟ باشە (رؤوساءُ الاقسام) نەک (علميه) (رؤوساء الاقسام ورؤساء الفروع) هەندێ کلیە هەیە بەشی نییە، پسپۆری بەش تەواو نەبووە میلاکی تەواو نییە، یاخود مادەی بنەڕەتی نییە، لقیان هەیە وەکوو کۆلێجی ئەدەبیات هیچ بەشی زانستی نییە، هەمووی وێژەیی ومرۆییە، بۆیە (الاقسام والفروع) باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە وایە کە بکرێتە (رؤساء الاقسام والفروع).

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مەبەستی زانستی و وێژەیی (علمی وادبی) نییە وەکو کاک د.فوئاد ئەڵێ بەشە زانستیە کۆلیجی ئەدەبیات وکۆلێجەکانی هەندەسەو مرۆییەکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان رام وەک کاک د.جەلال شەفیق وتی(اقسام) هەمووی زانستییە بەشە زانستەکان ئیتر ئەوە گوێ نادرێتە کۆلێجەکانی مرۆیی بۆ ئەوەی ئێستا لێکۆڵینەوە بنوسین لە بارەی زمانی کوردی یا لە بارەی ئەدەبیاتی کوردی لێکۆڵینەوەکە دەڵێ دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بابەتیانە بێت، لێرە مەبەست لە زانستی تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشە زانستییەکان بەشی دەرسدانە، ئێمە دەنوسین بەشی بەدواداچوون، بەشی ژمێریاری، بەشی

تۆمار، لێرە بۆ ئەو جیاوازیە مەبەست بەشە زانستییەکانی دەرسدانە، بۆیە وشەی زانستی دەنووسرێ ئەوەی کاک د. سلیم دەڵێ وابزانم لە جێ ی خۆیەتی ئەندامی ئەنجوومەنی کۆلیج نەبێت. پێشنیار دەکەین لیژنەی بالا کە ئەویش بکرێ بە دوو یاریدەدەری راگر بۆ یەکێکیان ئیشی ئیداری وئەوەکەی تریان ئیشی عملی دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی دیسان دەگەڕێمەوە بۆ کۆلێجی زانستی (کلیەی علمی) لێرە زیادەیە، چونکە دەبێ زانکۆ کۆلیژەکانی هەموو زانستی وئەکادیمی بن (الاقسام العلمیة) ـ مەسەلە ناوترێ (القسم العلمی للتاریخ، القسم العلمی الجوگافیا)، وامان تێبینی کردووە دیسان کە دێین بەراوردی دەکەین (او رؤساء الفروع العلمیة في الکلیات التي لا توجد فیها الاقسام العلمیة) هەمووی زیاتر بەر ئەوە دەکەون ئەمە مەبەست بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار کە بەم شێوەیەیە. أ ـ وەکو خۆی دەمێنێتەوەو، ـ ب ـ تەنها (رؤساء الاقسام اوالفروع)لابرێ،. ج: لێرەش پێشنیاری زیاد کردنی (معاون العمید) هەیە کە وابزانم گرفت پەیدا دەکا.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر ئەسلەکە تێبینیم هەیە ،لێرە ئەو پێشنیارەی د. فوئاد (علمیە)کە لابدەین ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو مادەی پێشوو کە برگە(د) (اقرار خطط الاقسام العلمیة والفروع والمراکز العلمیة) لێرەش دەبێ جێگیر بێ چونکە لەمادەی پێشوودا جێگیر بوو بەنسبەت برگە ـد ـ لەم مادە نوێنەری قوتابی مەبەستی یەکیەتی قوتابیان نییە، بەڵکو مەبەستی قوتابیانی ئەو کۆلیجەیە، وابزانم شتێکی پێویستە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ لە پێشەوە کەوا بگۆڕێ ئەمە پێشنیاری یەکەمە، لە پاشان ئەگەر بێتو (مسجل) بخەینە ناو ئەنجوومەنی کۆلێجەوە (مسجلی عام) هەیە، نازانم لە ئەنجوومەنی زانکۆ ئەوەی تێدا نەبوو بەنسبەت یاریدەدەر یەک یاریدەدەر بەسە، بەبڕوای من لەبەر ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو هەموار کردنەی دەخەینە سەر(رووساء الاقسام او الفروع) لەبڕگە (أ) لادارەوە، پاش ئەو روونکردنەوانە مادە (١٥)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە پاش ئەو گۆڕانەی کە کرا؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة ١٦/ يمارس مجلس الكلية الاختصاصات الاتية :-

١- الاختصاصات العلمية :-

أ- وضع خطة القبـول للدراسـات الاوليـة والعليـا حـسب القـسم او الفـرع العلمي والشـروط الخاصة بها ومتابعة تنفيذها.

ب- وضع الخطط الخـاصة بالبحث العلمي والتـأليف والترجمـة والنشـر وتوفـير مسـتلزمات التعليم وتأمين اعضاء الهيئة التدريسية.

جـ- وضع الخطط لفتح الاقسام والفروع العلمية والمراكز واقتراح استحداث او دمج او الغاء الاقسام او الفروع العلمية وتوزيع المناهج على السنوات الدراسية.

د- اقرار خطط الاقسام العلمية بشأن دعوة الاساتذة الزائرين.

هـ- اقرار عناوين الرسائل الجامعية وتسـمـية لجان الامتحان الـشامل والمشرف والمشارك ونتائج المناقشة واضافة او حذف مواضيع دراسية للدراسات العليا والموافقة على تسمية الممتحنين الخارجيين بناءاً على اقتراح القسم او الفرع العلمي.

و- التوصية باستحداث الدراسات العليا ومناهجها وخططها السنوية والخمسية وغيرها من الامور التي لم يرد ذكرها في الفقرة (هـ) من هذه المادة.

ز- اقرار تنفيذ التدريب التطبيقي العلمي الصيفي للكلية.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادە ١٦، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بێنینەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا وەکو خۆی.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

الفقرة ٢/ الاختصاصات الادارية

أ- الاشراف على شؤون الكلية والاهتمام بمختلف اوجه نشاطاتها العلميـة والثقافية والتربوية والرياضية.

ب- اعداد ملاك الكلية من اعضاء الهيئة التدريسية لكلية قبل نهاية السنة الدراسية وعلى ضوء ما يقدمه العميد ومجالس الاقسام او الفروع من اقتراحات.

جـ- اقتراح الاجازات الدراسية داخل الاقليم لمنتسبي الكلية بناء على اقتراح القسم او الفرع العلمي المختص.

ء- اقتراح اعادة خدمات اعضاء الهيئة التدريسية او منحهم الاجازات والزمالات والبعثات خارج الاقليم بناء على اقتراح القسم او الفرع العلمي المختص.

ه- الموافقة على تفرغ عضو الهيئة التدريسية داخل وخارج الاقليم وفق الضوابط المرعية.

و- فرض العقوبات الانضباطية على الطلبة حسب الانظمة والتعليمات النافذة.

ز- النظر في جميع الشؤون الاخرى في الكلية التي يحيلها اليه العميد.

ح- الاشراف على تنفيذ الانظمة والتعليمات فيما يتعلق بالامور العلمية في الكلية.

ط- التوصية بانتداب اعضاء الهيئة التدريسية والمحاضرين للدراسات العليا حسب العدد والحاجة التي تحددها الاقسام والفروع.

ي- اقتراح خطة التأهيل للكوادر العلمية والادارية.

ل- اقتراح خطة للعلاقات الثقافية الثنائية.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دوو جار (تربوی) هاتووه کە دەڵێ (مرکز اشعاع حضاری وتربوی) کە وتی پێویست نییە لێرە دوو جار هاتووه (اشراف نشاطاته العلمية والتربوية)، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولـکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وابزانم لێرە لە جێگەی خۆیەتی (اشرافی تربوی) هەیە وەکو لەسەرەوە نوسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

کاتی گفتوگۆی وشەی (تربیە) هات وتی (تربیە) جێگەی ئێرە نییە، هەتاکو وتیان هەر پۆلێک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەیە کەووتیان ئەمەش پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.مـحـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەرکی زانکۆ ئەرکە ئەکادیمیەکەیە، بەڵام لەتەک ئەو ئەرکە جموجۆڵی تری هەیە، وەرزش وەکو چالاکی پەروەردەیی و رۆشنبیری هەیە، ئەو کە ئەکادیمیەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیە دایە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بڕگە/٣:

٢- للمجلس تشكيل لجان تساعده على اداء مهامه العلمية والادارية والمالية والتربوية.

٣- الاختصاصات المالية:

أ- اقتراح خطط الموازنة السنوية والمنهاج الاستيرادي السنوي والخطة الاستثمارية السنوية.

ب- التوصية باقرار الحسابات الختامية للكلية.

جـ- الموافقة على اهداء الاموال المنقولة وغير المنقولة بحدود(٥٠٪) من صلاحية رئيس الجامعة حسب القوانين والتعليمات النافذة.

د- الموافقة على اعداد التصاميم والخرائط وجدول الكميات للاعمال والمشاريع الخاصة بها والوارد في الموازنة الاعتيادية او الاستثمارية واحالتها والتعاقد على تنفيذها وفقا لاحكام القانون والنظام والشروط الخاصة بها.

هـ- للمجلس تخويل بعض صلاحياته الى عميد الكلية.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی چ (اموال منقولة والغير منقولة) بەشتێکی زیادی دەزانم.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی (موالی غیر منقوله )پێویست نییە دەتوانی لەویش گەورەتر وازی لێ بێنی، بەڵام (الموافقة على اهداء الاموال المنقولة وغير المنقولة بحدود ٥٠٪ من صلاحية رئيس الجامعة) روون نییە تێکەڵاوە ئێمە باسی دەسەڵاتەکانی ئەو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرای برادەران باشە (اموال غير المنقولة) مەسەلەی بنایاتی زانکۆیش دەگرێتەوە، وانییە؟

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم چۆن هاتۆە لێرە خۆیان(٥٠ ٪) حەقیان هەیە (٥٠ ٪)ی تر دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆیە بە هەفتەیەک هەرچی بینا هەیە دەیبەخشن بەم لاوبەولادا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەگەر تێبینی نییە، سەرنجێک دەربارەی برگە(جـ) هەیە، کە پێشنیار کراوە بیێتە (موازنە) ئێمە لە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵادا برگەیەکمان دانابوو لە مادە(٥) دەڵێ (اقتراح مشاريع الموازنة العامة من قبل الجامعات وهيئات المعاهد الفنية).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەختی خۆی داوامان لە لیژنەی یاسا کرد کە ئەمە (اموال المنقوله) بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ(د.عیزەدین)م ئەوە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبرگە(جـ)وابزانم دەسەلاتی سەرۆکی زانکۆ ئەوە نییە کەماڵی زانکۆ هەمووی ببەخشێ، دەسەلاتێکی دیاری کراوی هەیە هەندێکی ببەخشێ نیوی ئەو دەسەلاتە لە(٥٠٪)ی دراوەتە راگری کۆلیژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گفتوگۆی برگە(جـ) دەکەین، کە نوسراوە (الموافقة على اهداء الاموال المنقولة وغير المنقولة بحدود(٥٠٪) من صلاحيات رئيس الجامعة حسب القوانين والتعليمات النافذة) لێرە وەکو بەڕێز د. فوئاد فەرمووی دەقەکە روون نییە کەوا سەرۆکی زانکۆ دەسەلاتی لە(٥٠٪)ی (اموالی منقولە)ی هەیە کە بیکاتە (هدیە)، نەک بیفرۆشێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر دەسەلاتی راگری کۆلێج (٥٠٪)ی دەسەلاتی سەرۆکی زانکۆی هەیە و دەسەلاتی سەرۆکی زانکۆ دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا برگە(جـ) ،کێ لەگەڵ ئەوەیە نەمێنێ؟.... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە نەمێنێ، ئێستا پاش لادانی برگە (جـ)، کێ لەگەڵ خاڵی (٣)یەمدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە پاش ئەو هەموار کردنە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ١٧/ يتولى مجلس الكلية جدول اجتماعاته وينعقد بدعوة من رئيسه ويكتمل النصاب بحضور اغلبية الاعضاء وتتخذ القرارات والاقتراحات والتوصيات باغلبية الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح جانب العميد .. ئەوەش هەر وەکو مادەی پێشتر دوومان، فت(حذف) کرد کە بخرێتە ناو پێڕەوی تایبەتی ئەنجوومەنی فێرکردنی بالا، ئەگەر وابێ ئەوەش هەر لە هەمان رادەی ئەو دوو مادەیە وهەمان مەرجی ئەوانی تیایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا دەبێ ئەوەش بگوێزرێتەوە بۆ پێڕەو کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ بڕیار درا کە بگوێزرێتەوە بۆ پێڕەو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/١٧ : يرأس كل كلية عميد يشترط فيه ان يكون حاصلا على شهادة الدكتوراة، وبمرتبة استاذ أو استاذ مساعد، لاتقل خدمته عن سبع سنوات على الاقل وذلك بعد انتخابه من قبل

اعضاء الهيئة التدريسية في الكلية ممن هم بمرتبة مدرس فما فوق ويعين بقرار من مجلس الوزراء بناء على توصية المجلس ولمدة اربع سنوات ويتولى الاختصاصات التالية :-

١- الاختصاصات العلمية :

أ- الاتفاق على نقل وتنصيب الافراد العاملين من اعضاء الهيئة التدريسية والفنيين والاداريين ضمن كليات ودوائر الجامعة بعد التنسيق بين طرفي المناقلة على ان يفترض ذلك بموافقة رئاسة الجامعة.

ب- متابعة سير الدراسات الاولية والعليا وترصين المستمر للحالة الفكرية والتربوية والعلمية.

جـ- المصادقة على توصيات مجالس الاقسام والفروع.

ء- الموافقة على توزيع المواد الدراسية والوحدات الفصلية على اعضاء هيئة التدريس والمحاضرين وتشكيل لجان مناقشة الرسائل وتحديد مواعيدها.

هـ- تطبيق جميع التعليمات والانظمة الصادرة بشأن تنظيم الشؤون العلمية والتربوية والقرارات الصادرة من مجلس الكلية.

و- الموافقة على تغيير عناوين الفنيين والاداريين ضمن ملاك الكلية المصدقة طبقا لاحكام والقوانين والانظمة والتعليمات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە پسپۆڕییە زانستییەکاندا (اختصاصاتی علمی) دوو پسپۆڕی بەڕێوەبردن لێک دراون (اختصاصی ئیداری): أ- (الاتفاق على نقل وتنسيب)، لێرە پسپۆڕیەکی (ئیداری) تەواوە پسپۆڕی زانستی لێ دەرکە، بمێنێتەوە سەر پسپۆڕایەتی ئیداری دارایی (اختصاصاتی ئیداری مالی)، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە من لەگەڵ هەڵبژاردن نیمە، بەڵام بۆ تەنها «المدرس» مافی هەیە هەڵبژاردن بکات، یاریدەدەری مودەریس و(معید )وبەرپرسی خۆیەتی بۆی نییە، مادام هەر دیموکراتیەتە با دیموکراتیەتێکی تەواو بێ نەک تەنها مدرس بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەمەی کاک جەمیل وتی دەکەم... بگوێزرێتەوە لە (علمیە) وبۆ (ئیداری)، بەڵام بۆ وەڵام دانەوەی دوکتۆر سلیم وەختی خۆی ئێمە دانیشتین پێکەوە خۆیشی یەکێک بوو لەو ئەندامانەی کە پشتگیری ئەو شتەمان کردووە وامان بەشکردووە بۆ سەرۆکی زانکۆ، (استاذ استاذ مساعد)و بۆ راگر مدرس، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

که وتت «اعضاء الهیئة التدریسیة» ئیتر پێویست بەو درێژه پێدانه ناکات. ئەمه (استاذه) (استاذ مساعده)، (مدرس)ه، چونکه (اعضاء هیئة التدریسیة) ئاشکرایه چی یه.. ئەندامانی دەستەی دەرس بێژان لەمودەریس بەرەو هەوراز، ئیتر نازانم ئەو شتانه بۆ بەو شێوەیه بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو جاره کاک د. کەمال ئەوە دەڵێ، لێره لەم یاسایه(مدرس مساعد)یان به ئەندامی دەستەی وانەبێژان داناوه لەو دوایيه دێت لەمەو دوا ئەگەر لەغو دەکرێ وایه، بەڵام گەر لەغو نەکرێ نابێ، ئەویش دەگەڕێتەوه که لێرەدا قانونەکه (مدرس مساعد)یشی داناوه بەئەندامی وانەبێژان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده(١٧)، جگه لەو دوو تێبینیەی که(أ - و) بگوێزرێنەوه بۆ پسپۆڕایەتی دارایی (اختصاصاتی مالی) کێ لەگەڵه وەکو خۆی بێ؟.. جگه لەو هەموار کردنه کێ لەگەڵ نییه؟ به زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا که بڕگەکانی(أ - و) بگوێزرێنەوه بۆ پسپۆڕایەتی دارایی وبەڕێوەبردن (اختصاصاتی مالی وئیداری).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢- الاختصاصات الادارية والمالية:-

أ- تطبيق القوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة بجميع الشؤون الادارية والمالية.

ب- الموافقة على توصيات اللجان المشكلة في الكلية.

جـ- الموافقة على تسجيل الطلبة للدراسات الاولية والعليا.

ء- الموافقة على شراء واستيراد الوسائل المختبرية والمستلزمات الاخرى والمجلات والكتب.

هـ- الموافقة على صرف مكافأة لمن هم من خارج الجامعة عن التدريب والتدريس داخل الكلية والاشراف على الرسائل والاشتراك في لجان الامتحان الشامل ولجان المناقشة حسب التشريعات النافذة.

و- الموافقة على تغيير عناوين الفنيين والأداريين ضمن ملاك الكلية المصدقة طبقاً لاحكام والقوانين والأنظمة والتعليمات.

ز- الاتفاق على نقل وتنسيب الأفراد العاملين من اعضاء الهيئة التدريسية والفنيين والأداريين ضمن كليات و دوائر الجامعة بعد التنسيق بين طرفي المناقلة على ان يقترن ذلك بموافقة رئاسة الجامعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵه؟.. کێ لەگەڵ نییه؟... بەتێکڕای دەنگ بڕگه (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەوکالەتی خۆم وکاک د. فوئاد بادوای بخەین بۆ سبەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرمان نەماوە، تەواوی دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی ١٨/ القسم العلمي هو الوحدة العلمية الاساسي في التعليم العالي ويدير مجلس القسم رئيسة الذي يعين بقرار رئيس الجامعة بعد انتخابه من بين اعضاء الهيئة التدريسية للقسم ويتولى مجلس الاختصاصات الاتية:-

١- مناقشة المناهج الدراسية ومفرداتها والكتب الدراسية واقتراح تعديلها او تبديلها على ضوء توصيات اعضاء الهيئة التدريسية.

٢- اقتراح حاجات القسم من اعضاء الهيئة التدريسية والفنيين والتوصية بدعوة الاساتذة الزائرين.

٣- اقرار مشاريع البحوث العلمية المقدمة من اعضاء القسم واقتراح السبل الكفيلة لانجازها والتوصية بتعضيد البحوث والعلمية والكتب والمؤلفة والمترجمة والاهتمام ببحوث الطلبة وتوفير مستلزمات تنفيذها.

٤- تنفيذ قرارات مجالس الكلية.

٥- تشكيل اللجان التربوية والعلمية وفقا لحاجات القسم.

٦- الاشراف على سير التدريسات واساليب التدريس وتطويرها وعلى قيام اعضاء الهيئة التدريسية ومنتسبي القسم الاخرين بواجباتهم وعلى الشؤون العلمية للطلبة في مختلف السنوات الدراسية عن طريق الاشراف العلمي المستمر عليهم.

٧- متابعة التطورات العلمية للمعرفة والعلوم وتوجيه اعضاء الهيئة التدريسية لتحديث المناهج ومواد الدراسية بما يجعلها منسجمة مع هذه التطورات العلمية والتكنولوجية.

٨- تخويل بعض صلاحياته الى رئيس القسم.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا لیژنەی خوێندنی بالآرای هەیە، بۆ لێپرسراوی بەشی پلە زانستییەکەی نیشان بکرێ کێ مافی هەیە لێپرسراوی بەش بێ دیسانەوە (لا يقل درجته عن استاذ مساعد)؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە، لە لیژنەی پسپۆڕەوە کە دەڵێ (على ان لا يقل درجته العلميه عن استاذ مساعد).

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (استاذ مساعد)مان دەست نیشان کرد، ئەگەر هاتوو بەشی زانستی پلەی مامۆستای یاریدەدەری تیا نەبوو، لەو حاڵەتە کێ بێ؟ بەرای من مدرس بێ باشە.. ئێستا کولیژی ئەندازیاری بەشی کاروباری مامۆستای یاریدەدەری تێدا نییە... گەورەترین پلە(مدرس)ە لێرە کێ اختیار دەکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ووتمان لێپرسراوی بەش لەو حاڵانە ئەو کەسە بەبریکار (وکالە) دەبێ، مدرسێک بەوەکالە دەبێ تا مامۆستای یاریدەدەر پەیدا دەبێ، بەڵام لە هەڵبژاردنەکە کە ناو نرا لێپرسراوی بەش کە هەڵبژاردن کرا ،بەڵام بەوەکالە دەبێ ئێستا زۆر شوێنەکان بەوەکالەتن، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مامۆستای یاریدەدەر (استاذ مساعد) بێ باشە، بەڵام وەزعی ئێستای زانکۆی ئێمە سێ زانکۆمان هەیە، لە هەندێ جێگا مدرسیش نییە، هەندێ بەش هەیە مدرسی بەتەواوی نییە، بۆیە ئەمە بەکراوەیی بهێڵنەوە باشترە، لەمەی تعیینی بکەین، ئەگەر تعیینی بکەین، پابەند دەبین بەو شتە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رای لیژنەی خوێندنی باڵا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە دەڵێ(لا يقل درجته عن استاذ مساعد) پاش ئەو پێشنیارە، مادە(١٨) کێ لەگەڵە پاش هەموارکردنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ؟.. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی ١٩/

المادة/١٩ : يتألف مجلس القسم او الفرع من رئيس وعدد من اعضاء الهيئة التدريسية لا يزيد عددهم عن(١٢) ولا يقل عن(٧) على ان يكونوا بمرتبة مدرس فما فوق وعند عدم توفر العدد المطلوب من المراتب العلمية المذكورة يجوز ان يكون البعض منهم برتبة مدرس مساعد وحسب الاقدمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە پێشنیارێک لەلایەن سکرتێری ئەنجومەنەوە هەیە، کە ئەو وشەی (بعض) نەمێنێ، (البعض) مانای چییە؟.

**بەڕێز د.عیززەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دامان نا کە بەشێکی زانستی تایبەتی دروست بکرێ، کە دەبێ خەڵکێ هەبێ لە(٧) تا (١٢) کە پلەی زانستیان هەبێ زۆربەیان مدرس، یان بەرەو ژوور بن گەر نەمان بوو لێرەدا (بعض) راستە، هەندێکیان نەتوانن یاریدەدەری مدرس بن، بەڵام نووسراوە (عند التوفر) ئەگەر (توفر) بێ نابێ یاریدەدەری مدرس هەبێ، لە یاریدەدەری مودەریسەکان کێ زووتر تعیین بوون ئەوانە پێش ئەوان دەکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٩)، کێ لەگەڵ ئەمەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٢٠) تتألف الهيئة التدريسية في الجامعات والمعاهد من :

١- الاستاذة.

٢- الاستاذة المساعدون.

٣- المدرسون.

٤- المدرسون المساعدون.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المدرسون المساعدون) لابیرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەی دوای ئەمە ئەگەر سەیری بکەن دیاری کردووە.. مدرسی یاریدەدەر کێیە، (يشترط فيمن يعين او يمنح لقب مدرس مساعد ان يكون حائزا على شهادة الماجستير او ما يعادلها) واتا دیاریکراوە بڕوانامەی چی یە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەگەر بمێنێ چ پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی یاریدەدەری مودەریس (مدرس مساعد) راستە ئەبێ پلەی ماجستری بێ، لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر پێ داناگرم لەسەر رایەکەم هەروا بە قاعدەیەکی زانستی دەزانم کە دەستەی وانەبێژان(هیئەی

تدريسي) پێویسته بەلای کەمەوە ئەندامەکانی مدرس بن، ئەگەر لەدوا رۆژ توانیمان بەسەر ئەو کێشانە زال بین دەتوانین ئەو مەسەلەیە بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەویاسایە دەربارەی پەیمانگە هونەرییەکان (معاهدی فنی) شوێنی تایبەتی خۆی هەیە (هیئە المعاهد) زیادە لێرە ئێمە باسی زانکۆ دەکەین (تتألف الهيئة التدريسية في الجامعات من) ئەوانە. لێرە (هيئة المعاهد) نەکراوە بۆ ئێستا نوسراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیر پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینی یەی د. فوئاد زۆر لە جێی خۆیەتی هەتا ئێستا باسی (هیئەی تدریسی) زانکۆمان کردووە، مادام ئەو برگەیە لابدەین دەتوانین ئەوەی د. کەمال فوئاد جێبەجێ بکەین (مدرسون مساعدون) لاببەین، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە لێرە هاتووە راست نییە هی زانکۆ بەتەنیا هی پەیمانگەکان بەتەنیا وەکو (نەهلە خان) وتی، کاتی خۆی کە پەیمانگەیان (معاهد)یان دانا شتێکی (ارتجالی) بوو کوادر نەبوو هەر کێ دەهات دەیانکرد بە مدرس، ئێستا بەنسبەت ئێمە چ لە زانکۆکان چ لە پەیمانگەکان بێ، دەبێ بنەمای تازە دابنێین لە بەر ئەوە (مدرس مساعد) لەزانکۆ هەیە لەهەمان کات دەبێ بڕوانامەی ماجستیری هەبێ وەک لە پەیمانگەکان دەبێ هەبێ چ پلەیەکی زانستی لەزانکۆ هەیە دەبێ لە پەیمانگەکانیش هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ لانی تەکنیکی بۆ ئەم مادەیە (هیئە المعاهد) لێرە لاببردرێ وماوەیەکی تایبەتی دابنرێ بۆ راڤە کردنی ئەو مادەیە ببێتە برگەیەک، بلێین (تدریس فی الجامعات) دووەم (تدریس فی المعاهد) ئەم دوو چارەیە هەیە با معهد هەڵبگرین ومادەیەکی تری تایبەتی بۆ (هیئە المعاهد) بتوانرێ راڤە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا بەپەلە چوومە سەر مادەکانی تر، بەشی پەیمانگە هونەرییەکان ئەگەر لێرە لابدرێت ئیشەکەمان لێ تێک دەچێ چونکە لە سێ چوار مادەی تر هەر باسی هەردوو لایەنە لە پەیمانگەی هونەری (معهد فنی) باسی (مدرس فنی) و(مدرس مساعد) ناکات ئیشەکە تێک دەچێ! سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گرفتمان ئەوەیە بە پێرەوی عێراقی بەڕێوە دەچین، جارێ لەزانکۆش دەبێ تاماوەیەکی زۆر ئەو پەیڕەوە بکەین لێرە دەبێ ئاگادار بین لە هەندێ وڵات پلەی ئامۆژگا (معهد) گەورەترە، پلەکەی پێنج ساڵ دوای ئامادەییە شەش ساڵ دەخوێنێ وشەی پەیمانگە (معهد) تەنها شتی خوار کۆلێج نییە، ئێمە تا ئێستا (معهد)ی وامان نییە کە پلەی لەسەرووی کۆلیجەوە بێت ئەمە شتێکی راستە لێرە بۆ زانکۆ وابێنێتەوە با مادەیەکی بچووک دروست بکەین و(هیئەی معاهد) جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکۆلێجی پزیشکی گرفتێکمان هەیە کەتایبەتمەندی خۆی هەیە، لە بەر ئەوەی دبلومیان هەیە و(اعتبار) ناکرێن بە ئەندامی دەستەی وانەبێژان، لە هەمان کات (اعتبار) دەکرێن بە هونەرکار(فنی) وەکو (معید)ی بەش، دەمانەوێ لەم دوو قانونە ئەوانە دەربکرێن لەخوێندنی باڵا تا جێگەیان بۆ بدۆزرێتەوە بەجۆرە (امتیازێک) بۆ ئەوانەی چەند ساڵ ئەو کۆلێجە دەبەن بەڕێوە دەبێ معاملەیەکی وەزعێکی تایبەتیان بۆ بدۆزرێتەوە دبلۆم لە پەیمانگەدا (معهد) هەیە دبلۆم لە کۆلێجی پزیشکی هەیە ئەمە چۆن معاملە دەکرێ ئایا لەلانی داراییەوە دەتوانین ماملەیان لەگەڵ بکەین وەک مودەریسی یاریدەدەر، یا ئەمە پلەی زانستییە یا دەربکرێ لە خوێندنی باڵا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پرسیارمان لەپێشە، ئایا (هیئەی معاهد) هەبێ؟ یان نەبێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ لیژنەی یاسا شتێکمان بۆ ئامادە بکەن بۆ سبەی پێش دانیشتن. پرسیارەکە بۆ مادە(٢٠)ە، کە تەنها بۆ (جامعة) بێ یا (هیئة)ی (معاهد)ی لەگەڵدا بێ؟ ئەگەر (هیئةالمعاهد)یش لادرێ لەو مادەیە، ئەوا دەبێ مادەیەکی تر زیاد بکرێ تایبەت بە(هیئة المعاهد).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لێرە وشەی (هیئة المعاهد )ی کەوتۆتە ناو رەنگە هەر هەڵەی چاپ بێ، چونکە کە باسی بەش (قسم) کرا باسی ئەنجوومەنەکان کرا لەوێ هیچ ئاماژە نەدرا بە (معاهد) تەنها لێرە نەبێ کە هاتووە دوو بەشی لێک جیاوازن، ئێستا سەرۆکی بەش نییە ووتومانە (استاذ) بێ یا (استاذ مساعد)، ئەگەر نەبوو مدرس، سەرۆکی بەش مدرس بێ بەوەکالەت، بەڵام سەرۆک بەشەکانی پەیمانگەی هونەری ماجستیر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئەگەر (هیئة المعاهد) هەڵبگرین هیچ گرفتێک نابێ؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە دکتۆر فوئاد فەرمووی لەسەر سەرۆکی بەشی ئامۆژگا هەموو (مواصفاتی) هەیە لە ئامۆژگاکان زۆر جیاوازە لەگەڵ زانکۆ، بەڵام ئەمە وصفی زانستییە بۆ دەستەی وانەبێژان (هیئە تدریسین)، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لێرە (هیئە المعاهد) بهێلینەوە بەو شێوەی کەهەیە لێرە ناتوانین باسی بکەین، ناتوانین لەوێ دەستکاری بکەین چونکە لێرە چەسپمان کردوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە وایە کە (هیئة المعاهد) هەڵبگرین و، چارەسەری مەسەلەی(معاهد) بە جیا بکرێ، کە لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین و، لیژنەی یاسا سبەی لەگەڵ لیژنەی خوێندنی باڵادا ئەوەمان بۆ دیاری دەکەن.

دانیشتنی ئەمڕۆشمان لێرەدا کۆتایی پێ دێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (٣٧)

## چوارشەممە ریکەوتى ١٢/٥/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۳۷)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٥/١٢، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنرا، ئەوسا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- تەواو کردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاری ئەمڕۆمان تەواوکردنی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵایە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا چی کراوە بۆ ساڵڕۆژی دامەزراندنی پەرلەمان؟ سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ نەبێت یا هیچ شتێک باس نەکرێت تا لەم پرۆژەیە ئەبینەوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا وەڵامی پرسیارەکەی کاک فرەنسۆ، کە یەکێکە لەو لیژنەیەی پێک هاتووە بۆ ئامادەکردنی بیرەوەریی ساڵڕۆژی پەرلەمان. ئەو لیژنەیەی کە خۆشمی تێدام هێشتا کۆبوونەوەیەکی نەکردووەو، بە نیازین سبەینێ ئەم کۆبوونەوەیە بکرێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٦/٤ کە ساڵڕۆژی کردنەوەی پەرلەمانی کوردستانە، پێویستە بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێک بگێڕین، بەڵام وەک پێشنیارێک ئاهەنگەکە با قەبەو زل نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا بفەرموون، ئەو پێشنیازەی بەڕێز د.کەمال کە ئەڵێت هیچ شتێکی تازە بابەت باس نەکرێت، بەڵام خاڵێک هەبوو لە سەرۆکایەتییەوە کە بە پێویست زانرا بخرێتە بەرچاوی ئەندامانەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامان سوورن لەسەر ئەوەی پێشنیاری هەندێ بریار بکەن کە هێزی یاساییان هەبێت و، بخرێتە بەرچاوی بەڕێزتان، تکایە ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێت پرۆژە پێشکەش بکەن با کەمێ خۆیان ماندوو بکەن و بیخوێننەوە و لەگەڵ لیژنەی یاسادا وتووێژی لەسەر بکەن بۆ ئەوەی ئەو هیلاکییەیان بە سوود بێت، تۆزێکیش وەختی برادەرانی سەرۆکایەتی ڕەچاو بکەن، ئەو کاتە پرۆژەکە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بکەن تا بخرێتە بەرچاوی ئەندامان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی فێرکردنی باڵا دانیشتین گەیشتینە ئەو رایەی کەئەم خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەمانەوێت هەروەکو خۆی بمێنێتەوە. لای ئێمە نازناوی زانستیان نەدرێتێ، بەڵام ئەگەر بە ئامۆژگاری ، بە ڕێنمایی، هەندێک (امتیازاتیان) بدرێتێ کە ئەدرێ بە یاریدەدەری مودەریسەکان لە رووی پشووی هاوینەوە، لەرووی مووچە ودەرماڵەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من کارێکی وا بکرێت کە ئەوانەی خاوەن بەکالیۆریۆس بوون و، لە زانکۆ و پەیمانگەکان ئیش دەکەن (امتیاز)ی یاریدەدەری مودەریسی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا ئەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە زۆر شتدا هەق نین و، هەق نییە پابەستی ئەو بریارانە بین بەتایبەتی کە لە عێراقدا دەرچوون، چونکە بەدەر بوونە (استثنائی)ن، بەدەر بوونیش نابێتە بنەما لە رووی یاساییەوە، با ئێمە سەیری شوێنانی تر بکەین کە ئەم جۆرە بەدەر بوونەی تیادا نەبووەو نییەو، لەو وڵاتانەدا چۆن ئەڕوات، نەک لە وڵاتی ئێمە چۆن رۆییوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

من لەگەڵ د.عیزەدین دام کە ئەو مادەیە دەسکاری نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە مـــحـــەمـــەد ســـەعـــدوڵلا:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

من جەخت لەسەر قسەکەی د.جەلال شەفیق دەکەم، بەندێک، هەبێت دەرچووی بە کالۆریۆس لە زانکۆکان؟ (امتیازات)یان بۆ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کـــەمـــال ئیـــبـــراهیم فـــەرەج شـــاڵی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

من پشـتـیـگیـری قسـەکەی د.جەلال ئەکەم، بەرای من نەک هەر (امـتـیـاز)یان بدەینێ، بەڵکو عنوانەکانیان بگۆڕدرێت بۆ یاریدەدەری مودەریس، سوپاس.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــەمـــەد نەوروڵی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

ئەم برادەرانە بە حەق خوراو دەزانم و داوا دەکەم وەکو برادەرەکانی تریان ئەو (امـتـیـازەیان) پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.حـــەمـــە نەجم حـــەمـــە فـــەرەج جـــاف:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

دەبارەی ئەو خاوەن دبلۆمانەی کەوا لە (کۆلیجەکاندا) وانە ئەڵێنەوە لەگەڵ ئەوانەی کە خاوەن بەکالۆریۆسن یا دیبلۆمیان هەیە لە پەیمانگەکاندا وانە ئەڵێنەوە، ئەگەر بێتوو لە رووی زانستیەوە (اعتباریان) بۆ بکەین گرفتێکمان بۆ دروست ئەکات، بەرای من ئەوانە (امتیازاتی مالییان) پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

د. حەمە نەجم رایەکەی لەگەڵ ئێمەیە، د.جلالیش رایەکەی هەر لەگەڵ ئێمەیە، کۆمەڵێک خەڵکمان هەنە لە رووی مادیەوە مەغدورن، لەرووی دارایی و، پشودانەوە کۆمەڵێک (امتیازاتیان) بدرێتی کە مافی خۆیانە بەپێی پێرەوی، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

ئەم بابەتە دوو لایە، (امـتـیـازاتی دارایی) و پلەی زانستی تیادایە، لایەنە مادییەکە قانوونی خزمەتگوزاری زانکۆی هەیە، وەک باوە لەوێ چارەسەر دەکرێت، لەبارەی پلەی زاستییەوە ئەوا ئەنجوومەنی فیرکردنی بالا دەتوانێت پرۆژەیەکی زانستی و ماقوول پێشکەش بکات بۆ ئەوەی بکرێت بە قانوونێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی خوێندنی باڵا و یاسا دەڵێت ئەم مددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٢١)ی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕامان وایە کە ئەو بڕگەیە لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ باری ئێستای زانستگا لەوانەیە پێویست بکات بڕیارێکی تایبەتی وەربگیرێت لەو بارەیەوە، لەم ماوەی (٤) ساڵ تا (٦) ساڵە پێویستە باسێکی زانستی پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا پێشنیارێک هەیە کە ئەم بڕگەیە لاببرێت، ڕەنگە لابردنەکەی کارێکی وا بکات کە بە پێویست نەزانرێ وانە بێژ لێکۆڵینەوە پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ببێت بە یاریدەدەری مامۆستا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕای (د. عیزەدین)م، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕایەکە ئەوەیە، پاش (٦) ساڵ نەتوانێت لێکۆڵینەوەیەک پێشکەش بکات، ئایا بۆی هەیە بە مامۆستای یاریدەدەر بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مامۆستایەی (٦) ساڵ تاقی کردنەوەی هەبێت و نەتوانێت شتێک پێشکەش بکات، باوەڕ ناکەم نەتوانێت، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من یاسا ئەبێت لەگەڵ واقعی ئەم میللەتەی ئێمە دابنرێت، ئێستا ئێمە بارێکی دەروونیمان لە پەیمانگەکان دروست کردووە. یا ئەوەتا ئەوانیش بهێننە خوارەوە، یا با ئەوانیش بچنە ڕیزی ئەوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ پرسیارێک ڕووبەرووی د.عیزەدین بکەم،ئایا چ جۆرە پەیوەندیەک هەیە لەنێوان ماجستێرو یاریدەدەری مودەریس وەکو مەرتەبەیەکی زانستی؟ سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نەمان وتووە کە دکتۆرای بدرێتێ، لە زانکۆ پلە هەیە، ئەمە مەرجە بۆ بەرزبوونەوە لە مەرتەبەیەکەوە بۆ مەرتەبەیەکی تر. زۆرمان هەنە ئەوانەی ماجستێر وەرئەگرن لەوێ ئەمێنێتەوە، دەرسیش باش نالێنەوە، هیچیش نانووسن لەو (٦) ساڵەدا گەنجی تازە دێت توانایان زیاترە، با ئەوان جێگایان بێتەوە نەک ئەمان، ئێمە داوا ئەکەین بە کاتی نەمێنێ (الغا) بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە لێکۆڵینەوە(بحث) زۆر پێویستە، بۆ ئێمە لێرە مەرجە لەسەر یاریدەدەری مودەریس دەبێت شتێک پێشکەش بکات، ئێ بۆ ئێمە مەرجی وا لەسەر (مدرس) دانەنێین کە برانامەی دکتۆرای هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە خاڵی دووەم بمێنێ، بۆ ئەوەی نەختێ گرنگی بدرێ بە لایەنە زانستیەکەیی و ڕێزیی زانکۆکانمان بمێنێتەوە.

پێشنیارێکیشم هەیە بۆ ئەوە کە برگەی (٢) ڕەچاو بکرێ، یاریدەدەری مودەریس بەراستی ئەبێت مستوایەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مادەیە پشتگیریی د.عیزەدین دەکەم، بەرای من ئەو برگەیە نەمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە( اذا لم يرقى مدرس مساعد الى مرتبة اعلى خلال ٦ سنوات من تأريخ تعيينه الى خارج التعليم العالي على ان يقترن نقله بتوجيه مجلس الجامعة والكلية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا لەگەڵ ئەوەن کە ئەو مادەیە بمێنێتەوە؟ کە ئەگەر بەرز نەکرێتەوە (ترقیە) نەکرێ، ئەوا لە جێگای خۆی نەمێنێتەوە؟.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی شتی ئایدیالەوە زۆر راستە، بەڵام لە واقیعی زانکۆدا ئێستا لێکۆڵینەوەی زانستی هەر بەو ساناییە نییە، ئێستا لەم قۆناغەی کوردستاندا ئەتوانین ئەو خاڵە دوا بخەین، ئەگەر ئێستا ئەمە پیادە بکەین زۆر بەش بە بەتاڵی ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەبوو (اذا لم یرقی المدرس المساعد الی المرتبة الاعلی خلال ٤ سنوات من تأریخ نفاذ هذا القانون) واتا ئەو کاتەی ئەم قانوونە دەچەسپێت کە لەوانەیە پاش مانگێکی تربێ، واتا تا (٤) ساڵ ئەنجا ئەبێت بیری لێ بکەیتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو برگەیە پێویستی بە روون کردنەوە هەیە.

لە هەموو زانستگایەک لیژنەیەک هەیە بۆ بەرزکردنەوەی زانستی ئەوان پێوانەی خۆیان هەیە، ئەوان ئەو پلە زانستیانە ئەگۆڕن، لە مەسەلەی ئەوەی (من تأریخ تعیینه)، وەکو لێرە نووسراوە باشە، روونکردنەوەیەک لە پاشدا بنووسرێت، ئەم قانوونە کاتێک جێبەجێ ئەکرێت کە جێگیر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک پێشنیارەکەی کاک ئەیاد، ٦ ساڵەکە جێی خۆیەتی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوە پێشکەش کردن نەمێنێ مانای ئەوەیە (ابتکاری) زانستی دەکوژین.

کەواتە راسپاردە لە ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا بێت، کە پێویست بە راسپاردە ناکات و دەمێنێتەوە، واتا پێوەندێک بۆ راپەراندنی ئەوە دادەنێی کە کاتێک پێویست بە ئیشی ئەو بەڕێزە هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا دوو را هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە بمێنێتەوە.

بەپێی ئەم مادەیە مانای ئەوەیە کە ئێمە خزمەتگوزاری ئەوانمان لە کیس ئەچێت، لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بەوان هەیە، بۆچوونێکی تر هەیە کە ئەمە هەر لایەرین، مانای ئەوەیە کە رادەی زانستی رەچاو ناکرێت بۆ یاریدەدەری مامۆستاکان.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەک کاک ئەیاد کە ئەڵێت (مقرون بتوصیة من مجلس الکلیة او الجامعة)، ئەمە ئەو گرفتە هەر دووکی چارە دەکات.

ئەمەی تر (تأريخ نفاذ هذا القانون) بە بۆچوونی من ئەمە هیچ عەمەلی نییە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵە هەندێک حەساسە، دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێت (٦) ساڵی تێدا بێت، چونکە یاسا هەموو رۆژێ هەموار ناکرێت، ئێستا با ئێمە (٦) ساڵی تقدیر بکەین وەکو هیوایێکی تر بەڵام ئەم ساڵ ٤ ساڵیان زیاد بدەینێ (٦سنوات او خلال ٤ سنوات من تأريخ نفاذ هذا القانوون).
دەتوانین (٦) ساڵەکەشیان بۆ دیاری بکەین (بناء على توصية مجلس الكلية و مصادقة ملجس الجامعة)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من دەقەکە وا لێ بکەین (اذا لم يرقى المدرس المساعد الى مرتبة اعلى خلال أربعة سنوات من تأريخ نفاذ هذا القانون من العاملين حالياً في حقل التدريس من تأريخ التعيين لمن يعيين بعد نفاذه ينقل الى خارج التعليم العالي) پاش (نفاذ القانون)ەکە کە تعیین دەبن چوار ساڵ بێت، بۆ ئەوانەی ئێستاش تەعیین دەکرێن (٤) ساڵ لە بەردەوامی (نفاذی) قانوونەکە بێت هەردووکیان چانسیان (٤) ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەم رادەی زانستی بەرز بێتەوە لە کوردستاندا، بەڵام ئێمە کە سەیری بارودۆخی ئێستای خۆمان بکەین زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوە بەرای من دەستنیشان کردنی وەخت وابزانم لە جێگای خۆی نییە، بە بۆچوونی من ئەوەیە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەم (٦) ساڵە بکەین بە (٨) ساڵ، ئەو کاتە ئێمە کە کەوتینە بارێکی ئاساییەوە، ئەو کاتە ئەتوانین ئەو ماوەیە کەم بکەینەوە.
بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەڵێن لە (نفاذی) (٤) ساڵ بکرێت بە (٨) ساڵ، هەموو شتێ تەواو ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتوو ئەم مادەیە بەم شێوەیەی لێ بکەین (اذا لم يرقى المدرس المساعد الى المرتبة الاعلى خلال ٤ سنوات قابل للتمديد سنتين من تأريخ التعيين «بعد نفاذ هذا القانون» ينقل الى خارج التعليم العالي).
یاساکە ئەوانەش کە (موجودن) و ئەوانەش کە ئێستا تعیین ئەبن ئەگرێتەوە، ئەنجا ئەگەر ئێستا نەتوانین پیادەی بکەین، پێڕەوێک، پاشکۆیەک دەرئەکەین ئەوە راست ئەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم پێشنیارانە لەیەک ئەچن. یەکێکیان ئەڵێت (ولم يرقى المدرس المساعد الى المرتبة الاعلى خلال مدة اربع سنوات من تاريخ نفاذ هذا القانون للعاملين حالياً في حقل التدريس من تأريخ التعيين لمن يعيين بعد نفاذه ينقل الى خارج التعليم العالي). ئەمەش لەگەڵ پێشنیارەکەی تردا تەنها جیاوازیەکەی (دوو) ساڵەکەیە کە بواری دیاری کردنی دەدا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە ئەگەر بۆ یاسای خزمەتگوزاری زانکۆ بەجێ بهێڵین زۆر باشە، یا بە پێڕەوێک ئەنجوومەن خۆی ئەو بەرزەفتی کردنانە (ضوابطە) دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە یاسایێک دابنێین کە هەردەم کاریگەری هەبێت. ئەگەر ویستمان هەڵی بوەشێنینەوە (الغاى) بکەین، ئەو کاتە پێویستە بە قانوونێکی تر (الغاى) بکەین، یان هەمواری بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بابەتی راسپاردە لە ئەنجومەنی کۆلێجەوە گرفتی زۆر لێ پەیدا ببێت، خۆی ماوە لەبنەڕەتەوە دیاری کراو بێت باشترە، شتێکی زانستیە، بەڵام ئەوەی کاک ایاد فەرمووی قانوونەکە رادەگیرێت (تجميد) دەبێت، هیچ راناگیرێت، (٤) ساڵی بۆ حیساب دەکرێت لە مێژووی دامەزرانەوە (تعيين)، ئەوەی ئێستاش هەر (٤) ساڵی بۆ حیساب دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو دەقەی کە دەڵێ:(اذا لم يرقى المدرس المساعد الى مرتبة اعلى خلال اربع سنوات قابلة للتمديد سنتين من تأريخ تعيينه بعد نفاذ هذا القانون ينقل الى خارج التعليم). پێشنیارێکم هەیە، لە کاتی پشوودا لیژنەی یاساو لیژنەی خوێندنی باڵا با بەیەکەوە دابنیشن و (صيغه) یەکمان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە کە دانیشتین بەیانی، ئەم دەقەش هەر وارد بوو، برادەرانی لیژنەی باڵاشمان لەگەڵدا بوون، ئەو پێشنیارە یکاک ئەیاد بەنیسبەت ئێمەوە شتێکی باش بوو لیژنەی خوێندنی باڵا لەگەڵیاندا کۆک بوون، ئێمە هەردووکیان کۆ ئەکەینەوە، هەم سوور بوون لەسەر پلە زانستییەکەیە، هەم ئەو مەرجە دائەنێین، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لێرە نووسرا بوو رای لیژنەی خوێندی باڵا ئەوەیە، ئەوە رای لیژنەی یاساو خوێندی باڵا بوو رای تایبەتی خۆم کە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا بڕوات، ئەگەر وەختێکی تریش هەموارکردنێک پێویست بوو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٣) پێشنیار هەیە، هەر سێکیش یەک بیرۆکەی تێدایە، یەکەم هی کاک ئەیادە، واتا هی لیژنەی یاسایە، دووەمیان هی بەڕێز کاکەرەشە، سێیەمیان پێشنیارەکەی بەڕێز د.کەمالە، کە بەم شێوەیەی ئێستایان هیچ جیاوازییەکی جەوهەری نییە لە نێوانیاندا تەنها لە داڕشتندا نەبێ کەجیاوازیان هەیە، ئەنجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەی (٢) وەلانەنرێت و بمێنێتەوە ودوایی دەسکاری بکرێ؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بە زۆربەی دەنگ مایەوە..

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بەڕێز(د.عیزەدین) باسی کرد کە هەندێ (امتیازات) دراوە بە هەندێ مدرس، ئەگەر ببێتە راگر یان سەرۆکی بەش، کراون بە مەرج کە نابێت، بەڵام ئەوان مادام بووینە هەر دەمێنن و لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سێ بڕگانە ئەدرێنە لیژنەی یاسا، تکایە لە ماوەی پشوودا شێوەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٢٢)ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک پرسیار هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەم مادەیە ئەگەر لەم یاسایەدا هەبێت (یشترط في من يعين او يمنح مرتبة مدرس توافر احد الشرطين الآتيين)، ئەمە لە مێژووی (نفاذ)یەوەیە، یا ئەوانەی تەعین دەبن بەم مەرجە تەعین دەبن، یا ئایا ئەوانەی پێشتریش دامەزراون هەر بەم مەرجە بووە؟.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیەی کە لەئەنجومەنی خوێندنی باڵاوە بۆمان هاتووە، بێگومان ئەوانیش پرۆژەی عێراقیان وەرگرتووە، ئەو مەرجانە (نافذن) تا ئێستا شتێکی نوێ نیە بۆ مدرس، واتە (نافذ)ە. ئەوەی بووبێ بە مدرس بەم مەرجانەوە بووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢٣) ی خوێندەوە..

**بەرێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(احد الشرطين ) مانای چییە؟ بەلای منەوە وا باشترە ئەو مەرجانە دووبارە بکرێنەوەو، نەڵێ ئاماژە بە فلان مادە، سوپاس.

**بەرێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی یاریدەدەری مامۆستا، لێکۆڵینەوە(بحوث) چەند (بحث) لە مدرسەوە پێشکەش بکرێ کە تەرقیە دەکرێت بۆ یاریدەدەری مامۆستا؟ لێکۆڵینەوەکان (بحثە)کان ئەبێ دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەرێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت و (عملا في التدريس) وەک ئێستا باوە لەماوەی چوار ساڵدا (مدرس) ئەبێت بە یاریدەدەری مامۆستا ئەوە مەرجێکی بنەڕەتییە، بەنیسبەت ئەوەی د.جلال فەرمووی چەند (بحثە)؟ ڕێنمایی وبەرزکردنەوەی مەرجەکانیەتی ماوەی خزمەتەکە، چەند لێکۆڵینەوەیە(بحثە)، (بحثەکان) چەند پتەو بن، چەند ر ەسەن بن، ئەوە بە بەرێنومایی ئەچێت بەڕێوە، سوپاس.

**بەرێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی خوێندنی باڵا رایان وا بووە ئەو ماوەیە کە لە زانکۆکانی تردا (مدرس) بووە بۆی دیاری بکرێت، حیساب بکرێت یان نا، یا پێڕەوی زانکۆییەکەی جیایە لەگەڵ ئیمەدا ئەو ماوەیە دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان وایە ئەو مەرجانەی کە بۆ دیاری کردنی ماوەی (دیراسە) و ئەوانە لە هەر دوو برگەکانی مادە (٢٢) دا هەیە کاری پێکراوە، زانستییە کە زەمەن دەوری خۆی تێدا دەبینێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا چییە سەبارەت بەو رایەی بەرێز د.کەمال؟.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پاش ئەوەی مادەکەتان گۆڕی، ئەوەی کە واقیـعـە ئەبێت (٤) ساڵ لە یەکێک لە زانستگاکاندا دەرسی وتبێتـەوە و بەلایەنی کەمـەوە (٣)سێ لێکۆڵینەوەی پێشکەش کردبێت، ئەگەر ئەو دوو وشەی بخەینە سەر پێم باشترە و نەخرێتە بەرزکردنەوەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەید حـسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە مادەکەدا هاتووە دەڵێت: (ان يتوافر فيه احد الشرطين المحددين)، دیاریی نەکردووە کێهەیانە؟ هەر چەند مەرجی یەکەمە بە (تحديد)، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وادیارە دێنەوە سەر رایەکەی بەڕێز د.کەمـال کە ئەڵێت (مـەرجی مـادەی ئەوەندە) ئەبێت روون بکرێتەوە.

**بەڕێـز ئەیـاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە دەقەکەدا هەیە (احد الشرطين)، تۆ بە دوو مەرج وەریدەگری یا بە (شهادە) یا بە (ممارسەی عملي) بەرزدەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز د.جـەلال شـەفـیـق عـەلی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مادە/ ٢٣

(يشترط في من يعين بمرتبة استاذ مساعد، يشترط ان يشتغل بمرتبة مدرس في احدى الجامعات او هيئة المعاهد الفنية و نشر لە ٣ بحوث علمية قيمة)، ئیـتـر پێـویست بەو برگـانە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو دووبارە کـردنەوەیە پێـویست نیـیـە، لابـرێ باشـتـرە، لە زانکـۆش هەر وایە ، ئەوەی ببێ بە مـدرس ئەبێت (٤) سـاڵ یاریدەدەری مـودەریس بوو بێت و (٣) لێکۆڵـینەوەی زانسـتـیـشی پێشکەش کرد بێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیار وایەکە ئەم مادەیە وای لێ بێت (يشترط في من يعين او يمنح مرتبة استاذ مساعد ان يكون قد شغل مرتبة مدرس في احدى الجامعات او هيئة المعاهد الفنية في التدريس لمدة لا تقل عن اربع سنوات و نشر مالايقل عن ثلاثة بحوث علمية قيمة).

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە بەم دەقە وەربگیرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادە (٢٤)ی خوێندەوە...

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە وای لێ دێت (یشترط فیمن یعین او یمنح مرتبة استاذ ان یکون اشتغل استاذ مساعد مدة لا تقل عن (٦) سنوات وقام خلالها بجهود علمیة متمیزة في التدریس ونشر له ثلاثة بحوث اصلیة علی الاقل).

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ببێتە مامۆستا (استاذ) دەبێت بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت، ئەگەر بەو دەقە بڕۆین لە مامۆستای یاریدەدەرەوە ببێتە مامۆستا (استاذ) مانای ئەوەیە مودەریسی یاریدەدەر کە ماجستێری هەیە بە بەرزکردنەوەی زانستی ئەبێتە مامۆستای یاریدەدەر لەوێشەوە دەبێتە مامۆستا لەوێ سەرپەرشتی خوێندنی دکتۆرا ئەکات کە دکتۆرای نییە. لەبەر ئەوە ئەو شتە خەڵەلی تیادایە، ئەبێت بڵێی مەرجی برگە (١) لە مادە (٢٢) چونکە مودەریسی یاریدەدەر نابێت ببێتە مامۆستا (استاذ)، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەرجەکانی (مدرس)دا دیاری کراوە کە ئەبێت بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت، کەواتە ئەوەی دکتۆرای نەبێت، نابێت بە (مدرس)، ناشبێت بە یاریدەدەری مامۆستاو، نابێت بە مامۆستاش. لەلایەکی تریشەوە (٣) لێکۆڵینەوە زۆر کەمە بۆ پلەی مامۆستایەتی(استاذ) ئەگەر (٦) بێت یان (٥) بێت باشترە، دەستەواژەیەکی تریش بخرێتە سەری، چونکە مەسەلەی (قیم) و (اصیل) و (مبتکر) هەیە لە زانکۆکانی عێراقدا، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.عیزە دین فەرمووی (مدرس) ئەبێت دکتۆرای هەبێت، مەرج نییە ماجستێر ئەبێت بە (مدرس) خۆی ئەم سێ لێکۆڵینەوە (بحوث) ەرەسەنە جاری وا هەیە (٢٠) لێکۆڵینەوە پێشکەش ئەکات، لەوانەیە دووانی یا سیانی (اصیل) بێت ئەو جار هەقی هەیە ببێت بە پرۆفیسۆر، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبارەی یاریدەدەری مودەریس ئەتوانێت ببێتە (مدرس) کە ماجستێری هەیە، دوو مەرج هەیە بۆ

ئەو کەسەی لە دەستەی وانەبێژان بێتە مدرس.
١- ان يكون حائزا على الدكتوراه او ما يعادلها.
٢- ان يكون عمل مدرساً مساعداً مده لا تقل..
دوای ئەوە لێکۆڵینەوە پشکەش بکات،دەبێتە (مدرس)، بەڵام لە یاریدەدەری مامۆستا (استاذ مساعد)ەوە بکرێتە مامۆستا (استاذ) ئەبێت دکتۆرای هەبێت.
بەنیسبەت لێکۆڵینەوە (بحوث)ەوە (٦ بحوث بضمنها ٣ بحوث اصيلة) یاسای بەرزکردنەوەی عێراقی بەو جۆرەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوەی نووسراوە (٦) ساڵ و (٣) باسی رەسەن بۆ ئەوەی ببێ بە پرۆفیسۆر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەڵێت (يشترط فيمن يعين او يمنح مرتبة استاذ ان تتوافر فيه شروط المادة ٢٢).
کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەی (٢٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەو هەموارکردنەدا؟ کێ لەگەڵدا نییە؟
بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە/ ٢٥ خوێندەوە..
ئێمە مادەکانی (٢٢، ٢٣، ٢٧) دوایی لە داڕشتندا چاکی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە یەک خاڵ هەیە (ان يتوفر بعد حصوله على احد الشهادتين) وابزانم هەڵەیە، (احد الشرطين، شهادتين) نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕووی صیاغەوە، وابزانم هەموو بڕگەکان پێویستە نەختێک دەسکاری بکرێن، وای بە باش دەزانم کە بڕگە (٣) لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.کمال باسی بڕگە(٣)ی کرد بڕگە(٢)ش هەمان شتە، ئەگەر سەیری بکەین ئەویش زیادە، لەبەر ئەوە هەمووی ببێتە یەک بڕگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا ناکۆکی لەسەر مادەکە نییە، لەسەر صیاغەکە هەیە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە (اصحاب المواهب العلمیة المتمیزة)، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەوە لاببرێت؟.. کێ لەگەڵدا نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برایانی لیژنەکە شتێکیان نووسیوە لێرە رەنگە لەگەڵیانا نەبم، (علی ان یخضع لشروط الترقیة العلمیة في الجامعة التي ینتقل الیها) وابزانم پێویست نییە، رای لیژنەکەیە.

دووەم ئەوەی د.کەمال فەرمووی حالەتی زۆر شازمان هەیە، من لەگەڵ لابردنەکەم، ئەگەر زانای گەورەمان هەبوو و ویستیان بێنەوە لە زانکۆ ئیشیان نەکرد بوو، پلەی زانستیان نەبوو، ئەو کاتە ئەنجوومەنی کۆلێج کە خۆی ئەتوانێت پێشنیار بکات یەکسەر پلەی پرۆفیسۆری(استاذی) ئەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری دارشتنەکەی کاک حازم بەم شێوەیە (استثناء من احکام المواد السابقة یجوز تعیین حامل الدکتوراه المعترف بها او ما یعادله علمیاً في الجامعة بمرتبة استاذ مساعد وتوصیة من مجلس الجامعة اذا کان قد مارس التدریس مدداً مماثلة في جامعات خارج الاقلیم وکان مشهوداً له بالتفوق في التدریس وصدرت له بحوث علمیة قیمة مبتکرة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک حازم کە کاک حسێن خوێندییەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الباب الثالث/ هیئة المعاهد الفنیة/ المادة – ٢٦.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ٢٧ی خوێندەوە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادە/ ٢٨ی خوێندەوە..

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بەنیسبەت برگە یەک، رایەکی لیژنەی خوێندنی باڵا هەیە کە ئەویش بەم جۆرەیە (ان تتألف هذه الجهه من الرئيس والعمداء عن طريق الانتخابات وممثل من...) سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەوە شتێکی باشە بە تعیین نەبێت بەڵکو بە هەڵبژاردن بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

سەرۆکی پەیمانگا رەنگە بە هەڵبژاردن تۆزێک زەحمەت بێت، ئەگەر بمانەوێت بەو صفەتە بێت دەبێت یەکێک بێت لە زانکۆوە بۆی دابنرێت، ئەوەش رەنگە زیاتر لەگەڵ تەعیندا بگونجێت نەک لەگەڵ هەڵبژاردندا، سوپاس.

**بەڕێز د.جـەلال شـەفـیق عـەلی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

دوێنێ ئەمە دەنگدانی لەسەر کرا بۆ زانکۆ کەسایەتی(مـعنوي) هەیە زۆر دوورو درێژ بوو کوژاندمانەوە، ئەنجا بۆ ئەوەی هەردووکی لەیەک وەسفدا بێت لیژنەی یاسا کارێکی وا بکەن ئەوە لەوی تر بچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.عـیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بە رای ئێمە بە هەڵبژاردن بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

دوێنێ کە بڕیارمان لەسەردا لە رێگای هەڵبژاردنەوە بێت، بەڵام بڕیاری دامەزراندن(تعيين) لەلایەنە بەرزەکانەوە دەربچێت، ئەنجا ئەو لایەنە بەرزانە، یا ئەنجوومەنی وەزیرانە، یا سەرۆکایەتی وەزیرانە یا رابەرە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وتوومانە بە هەڵبژاردن بێت، هەموارکردنەکەی د.فؤاد ئەڵێت راگرەکان بە هەڵبژاردن بێت و، لایەنە باڵاکە بڕیاری دامەزراندنی بۆ دەرئەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم مادەی دواییدا چەند مەرجێکی تێدا هاتووە، لێرە تەنیا پێکهاتەی دەستەکە هێمای بۆ کراوە. تەنها ئەو (اضافە)یە بکرێت هیچ گرفتێکی تری تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئاشکرا نییە، لەوانەیە پەیمانگە هونەریەکان پێویستی بە ئاوەدان کردنەوە هەبێت، پێویستی بە پیشەسازی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە لێرە پێکهێنانی ئەنجوومەنە لە دوای ئەوە لە خاڵەکانی ترا دێت، ئایا ئەو راگرانە دەبێت بە هەڵبژاردن بن یا نا؟ بەڵام بۆ پێکهێنانی دەستە(هیئە) بە پێویستی ئەزانم کە نوێنەری چەند وەزارەتێک بەشدار بن لەو پێکهاتەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی فەلسەفەی ئەو پەیمانگانە(معاهدانە) ئەوەیە کە کادیری ناوەنجی پێ بگەیەنن بۆ ئەوەی بەشدار بن لەپێگەیاندندا، لێرەدا دەبێ تەماشا بکرێت پێویست بەکامیان زیاترە و کامیان هەرساڵێک زیاتر گرنگی پێ بدرێت، ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیان هەیە بەو بەشانەی لەو پەیمانگانەدا هەن، یاخود ئەو لایەنەی کە سەرپەرشتی دەکات لەسەر لایەنێک لەو پرۆژانەی کە لە وڵاتدا زیاتر هەیە تێدا بەشدار دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور وەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتەکان دیاری بکرێن باشترە. یان بەلایەنی کەمەوە هێمایەکی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێوەیەک پێشنیار کراوە (تتولى ادارة المجلس برئاسة رئيسها وعمداء المعاهد ومنتخب من قبل اعضاء الهيئة التدريسية لكل معهد وممثلين عن الوزارات ذات العلاقة).. (تتولى ادارة المجلس برئاسة رئيسها وعمداء المعاهد وممثل ذات العلاقة بمن في مستوى المدير العام على الاقل

ويراعى في اختيارهم الخبرة والاختصاص ويتم اقرار عضويتهم من قبل رئيس مجلس الوزراء لمدة سنتين قابلة للتجديد وممثل منتخب من قبل اعضاء الهيئة التدريسية لكل معهد ولمدة سنتين).

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بەڕێوەبەرە گشتی یەکان دەست نیشان نەکەین، لەسەر ئاستی پسپۆڕ ولێزان، بۆ ئەو کارانە دانەندراوەن دەبێت کەسێکی لێزان ببێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من سەرۆکی پەیمانگە وراگری هەموو پەیمانگەکان ئەندامن لەو ئەنجومەنەی کە نوێنەری هەموو وەزارەتە پەیوەندارەکانی تێدایە، بەو شێوەیە گەورە کردن، پێم وایە ئیشەکەیان بۆ ناکرێت، بەرای من سەرۆکی پەیمانگا لەگەڵ راگرەکانی پەیمانگەو نوێنەری وەزارەت بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رایەی کاک فرانسۆ فەرمووی راستە، ئەبێ بێتە(من ذوی الخبرة والاختصاص)کە، ئەوەی کاکەڕەش ئەفەرمووێت بوونی مامۆستا لەو ئەنجوومەنە زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە مادەکە وای لێهات:(تتولى ادارة هيئة المجلس برئاسة رئيسها وعمداء المعاهد وممثل منتخب من قبل اعضاء الهيئة التدريسية لكل معهد وممثل عن الوزارات ذات العلاقة ويراعى في إختيارهم الخبرة والاختصاص ويتم اقرار عضويتهم من قبل رئيس مجلس الوزراء لمدة سنتين قابلة للتجديد وممثل منتخب من قبل اعضاء الهيئة التدريسية لمدة سنتين).

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی کۆکردنەوەی بەو شێوە دوروودرێژە لەیەک مادەدا تۆزێک زەحمەتە، ئەوەی لێرە باس دەکرێ، باسی (مجلس)ـە کە پێک دێت لە سەرۆک و راگرەکان و، نوێنەری (هیئەی تدریسی) هەر معهدێک و (ممثل عن كل وزارة ذات علاقة بأختصاصات الاقسام). ئاوای دیاری بکەین.
کاتێ دێینە سەر سەرۆک (رئيس)، راگرەکان (عمداء) هەر یەکە شێوەی هەڵبژاردنەکەی لە جێگای خۆی باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی ئەگەر بوترێت (تتولى ادارة المجلس برئاسة رئيسها وعمداء المعاهد وممثلي الوزارات ذات

العلاقة ويراعى في اختيارهم الخبرة والاختصاص ويتم اقرار عضويتهم من قبل اعضاء مجلس الوزراء لمدة سنتين)، (وممثل منتخب من قبل اعضاء الهيئة التدريسية لكل معهد ولمدة سنتين)؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفور وەمەزان/ وەزیری پەرەوەدە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی بەڕێوەبەری گشتی، بەش بە حاڵی خۆم بەشتێکی خراپی نابینم، بە تایبەتی کە نووسراوە (یراعی فی اختیارە الخبرة والاختصاص)، ئەگەر تێیدا بێت زەرەری نییە، و حەزیش دەکەم روون بێت لەسەر بنەمای سیاسی دانەنراون، بەڕێوەبەرە گشتیەکان رەچاوی بڕوانامەکانیان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو شێوە دارشتنە ئەخوێنینەوە، (تتولی ادارة هیئة مجلس یتألف من رئیسها وعمداء الکلیة ممثلین عن الوزارات ذات العلاقة ممن هم في مستوى مدیر عام على الاقل ویراعى في اختیارهم الخبرة والاختصاص ویتم اقرار عضویتهم من قبل رئیس مجلس الوزراء لمدة سنتین قابلة للتجدید وممثل منتخب من قبل اعضاء الهیئة التدریسیة لکل معهد ولمدة سنتین)، کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە/ ٢-٣ ی مادە (٢٨)ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/ ٢٨ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە/ ٢٩ خوێندەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی هەڵبژادرن، ئەگەر بوترێت (من قبل اعضاء الهیئة التدریسیة في الهیئة من منهم بمرتبة مدرس و رؤساء الاقسام) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری پێشنیاری د. فؤاد ئەکەم، کە سەرۆکی بەشەکان (رئیس اقسام) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ بابەتی ئەوەی بەشداری ئەکات لە هەڵبژاردن ئێمە دەڵێین لە (مدرس)ەوە بەرەوژوور، کەچی (مدرس مساعد) یاریدەدەری مودەریس هەیە ئێمە دامان ناوە بۆ هەڵبژاردنی ڕاگرەکان (عمیدەکان)، ئەم یاسایەش تەنها بۆ ئەمڕۆ نییە، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو دەقەی لیژنەی باڵا هێناویەتی بە باشی نازانم، بەرای من ئاوا بخوێندرێتەوە: (يشترط فيمن يعين رئيساً للهيئة ان يكون من مواطني اقليم كوردستان ويحمل شهادة الدكتوراه ولا تقل مرتبته العلمية عن الاستاذ المساعد، من ذوي الخبرة والاختصاص بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية، من هم بدرجة المدرس المساعد فما فوق)، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من بۆ پەیمانگاکان (المعاهد) زۆر زەحمەتە، بەلاّم من تەنیا پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا دەربارەی (مواطنی اقلیم) نازانم ئەوانە کێن و لیژنەی یاسا رایان چییە؟ سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(مواطنی اقلیم) واتە (الذين يجعلون من كوردستان العراق وطنا لهم) لێی دادەنیشن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسو تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پشتگیری بۆچوونەکەی د.عیزەدین دەکەم، سوپاس.
**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
راستە ئەوەی تێدا بێت باشترە، بەلاّم مەسەلەی پلەی تایبەتی (الدرجة الخاصة) کە لێرە زیاد بکرێت یا نەکرێت، پلەی تایبەت(دەرەجە خاصە) پلەیەکی زانستییە، سوپاس.
**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر جاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من (برگە/ ٢) بە زیاد ئەزانم، چونکە هێمای بۆ کراوە، بڕوانامەی پسپۆڕی چی هەبێت لە (بڕگە/١)، هێما بۆ (مواطنی اقلیم) نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە پرۆژەکە لە لیژنەی یاساوە دەرچووە، پێم وایە ئەو برادەرانەی ئەو (نسخەیەیان) نووسیوە هەڵەیەکی تێدا کراوە لە زنجیرە و شتی وادا، یەکەمیان ئەوەیە (یعین مدرس بدرجة خاصة) برگە (١) برگە(/٢ یشترط فیمن یعین) ئەوە رای لیژنەی خوێندنی باڵایە لەسەر برگەی دووەم کە لێرەدا هاتووە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا، ئەوە تەنیا لە نووسیندا پاش و پێش کراوە، کە ئەوەی بە هەڵبژاردن هاتووە، مەسەلە پرۆتۆکۆلیەکە رەچاو کراوە، بۆ مەسەلەی دامەزراندن ئیتر وای لێ دێت: (١- یعین رئیساً للهیئة بدرجة خاصة).

(٢- یشترط فیمن یعین). پێشنیازی لیژنەی خوێندنی باڵایە لەسەر برگەی/٢ کە هاوڵاتی هەرێمی تێدایە ئەوەی تر برگەی/٣، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی خوێندنی باڵا لەگەڵ لیژنەی یاسا پێویست ناکات پلەی تایبەتی هەبێت، دەبێتە (یشترط فیمن یعین رئیساً للهیئة ان یکون حاصلاً علی شهادة الدکتوراه)، بۆ کۆلیج نەیان هێڵا، نازانم بۆ پەیمانگاکان (معاهد) هەر ماوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێ دەڵێین (یعین بدرجة خاصة) وەکو سەرۆکی زانکۆ ئەمە (رئیس هیئەیە)، واتا پلەی تایبەتی پێ ئەدرێت، بە خراپی نازانم کە ئەم خاڵە بهێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە، دەڵێ بوترێ:

١- (یشترط فیمن یعین رئیساً للهیئة ان یکون من حملة شهادة الدکتوراه ولا تقل مرتبته العلمیة عن استاذ مساعد ومن ذوي الخبرة والاختصاص بعد انتخابهم من قبل اعضاء الهیئة التدریسیة ممن هم بدرجة المدرس المساعد فما فوق).

٢- یمارس رئیس المؤسسة صلاحیات رئیس الجامعة فیما یتعلق بشؤون الهیئة وله تخویل بعض الصلاحیات الی عمداء المعاهد او من یراه مناسباً.

کێ تێبینی هەیە بابفەرموێ؟..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە خزمەتگوزاری زانکۆیی نییە، ئەو پەیمانگایە، لێرە کابرایەک دەهێنێ کە هەڵگری دکتورایە، پلە زانستیەکەی یاریدەدەری مامۆستایە، بەڵام خزمەتگوزاری زانکۆیی لەلایەنێکی

تردا ئیشی کردووه، لێکۆڵینەوەی خۆی پێشکەش کردووه لە ڕێگای باسەکانەوە پلەی خۆی وەرگرتووە. بەڵام خزمەتی زانکۆی نەبووە، باشە ئەوەی لە پەیمانگا ئیش بکات بە خزمەتی زانکۆ حسێب دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

که وتت پلەی (استاذ مساعد) مانای وایە خزمەتی هەیە، خزمەتی نەبێت نابێت بە یاریدەدەری مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دەقەی ئەیخوێنینیەوە وەکو خۆی وەربگیرێت:

١-يشترط فيمن يعين رئيس للهيئة ان يكون من حملة شهادة الدكتوراه ولا تقل مرتبته العلمية عن استاذ مساعد ومن ذوي الخبرة والاختصاص بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية ممن هم بدرجة مدرس مساعد فما فوق.

٢- يمارس رئيس الهيئة صلاحيات رئيس الجامعة فيما يتعلق بشؤون الهئية وله تخويل بعض الصلاحيات الى عمداء المعاهد او من يراه مناسباً.

کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە.. کێ لەگەڵدا نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــــاجی نـامـق مـــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مادە/ ٣٠ ی خوێندەوە.

**بەڕێـز د.ناسح غـەفـور رەمـەزان/ وەزیر پەروەردە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ببووره دەرباز بوو، بەڵام دیسان دەگەڕێینەوە، سەرۆکی دەستە،کە لەم خاڵەدا بەچی پلەیەک دادەمەزرێ؟.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی وەربگیرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــــاجی نـامـق مـــــەجـــیـــــد:**

مادە/ ٣١ی خوێندەوە.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە لاپەڕەی دواییدا دوو تێبینی لیژنەی یاساو لیژنەی خوێندنی باڵا هەیە، تێبینی لیژنەی یاسا دوای داڕشتنە، بەڵام مەسەلەی هەڵبژاردن و دامەزراندنمان بۆ ڕای پەرلەمان و پسپۆڕەکان بەجێ هێشتووە.

**بەڕێز د.عـــیــــزەدین مـــــســـــتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ڕایەکـە وەکـو وترا ئەوان تەنیـا مـدرسـیــان نووسی بوو، برادەران لێـرەدا کـردیان بە یاریدەدەری مامۆستا، بەڵام مادام بۆ سەرۆکی پەیمانگایش ساڵمان دانەنا، با بۆ ئەمیش ساڵی تیا نەبێت کە مامۆستای یاریدەدەر بەلای کەمەوە (٥) ساڵی خزمەت هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـــمــــەد فـــوئاد مـــەعـــســــوم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

دەربارەی پەیمانگا، هیچ مامۆستایەک، یاریدەدەری مامۆستایەک باوەڕ ناکەم بێتە پەیمانگا ببێتە (ڕاگر) بەو مەرجانەی کە تێیدایە، چونکە زانکۆ خۆی پێویستی پێیەتی، زۆر لە ڕاگرەکانی زانکۆکان ئەو پلەیەیان نییە ،پێیان بووترێت(( (مدرس)، ئەگەر بکرێت دکتۆرا کە ناوی (مدرس) بێت زۆر باشە، لە کاتێکدا کە نەبوو بێگومان ڕاگر دانانرێت، ڕاگر بە وەکالەت دادەنرێت، ئێستا ڕاگرەکان ماجستێریان هەیە، ئەویش دڵنیا نیم هەموویان ماجستێریان هەیە یان ناو ڕاگریشە؟ ئەوجا بۆیە ئەو مەرجانەی کە هەیە ڕەنگە زەحمەت بێت، نەپێشێلی بکەین نەحیسابیش بۆ پاشەڕۆژ نەکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئەو داڕشتنەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە چی ئەڵێت؟

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی ئـامـق مـــــەجـــیــــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

(یعین العـمیـد بدرجة مدیر عام ویشـتـرط فیـه ان یکون من مـواطني الاقلیم ومن ذوي الخبرة والاختصاص ولا تقل مرتبته العلمیة عن المدرس)، سوپاس.

**بەڕێز کـاکــەڕەش مـحـــمـــەد نەقــشـــبـەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بە بۆچوونی من ناونیشـانی بەڕێوەبەری گشتی لابچێت، لەسەرەتاوە هیچ ناونیشـانمان بۆ کەس دانەناوە، باشە بۆ بۆ ئەوەی دابنێین؟ مـلاکـات هەیە، یاسای (خدمـە) هەیە و یاسـای خـزمـەتی زانکۆ (خدمەی جامعی) هەیە تمدیدی ئەو ملاکاتانە دەکات، ئێمە مامۆستای یاریدەدەرمان داناوە بۆ سەرۆکی دەستە، لەجێی خۆی نییە، هەمان ناونیشان دابنێین بۆ ڕاگرەکە، لەبەر ئەوە مدرس باشە بۆ ڕاگری پەیمانگا و دەقەکەی وەزارەت بەرای من بەجێیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

دەقەکەی وەزارەت ئەوەیە کە (بەڕێوەبەرە گشتییەکە) لا ببرێت و، (فی الاقلیم)یش لا ببرێت، ئەوی تر ئەمێنێتەوە، ئایا هیچ تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقەی وەزارەت کە جەنابت خوێندتەوە ،دەبێ ئەوەش زیاد بکرێت بڵێین: ( بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية) ، لەگەڵ ئەو رایەدام کە ئێمە مەرجی سەرۆکی دەستە مامۆستای یاریدەدەرمان داناوە دەستیشمان ناکەوێت، لەگەڵ ئەو رایەدام کە مدرس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەم دەقە هاتووە کە لە هی وەزارەت دەچێ: (يشترط فيمن يعين عيمداً للمعهد ان يكون بمرتبة المدرس فما فوق ومن ذوي الاختصاص بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية) ، باشە ئایا ئەمە (تحصيل حاصل) نییە ، کە کارمەند بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێت؟ ، ئەگەر وایە ئەی بۆچی لە یاسادا بڵێین ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران دای بنێت؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی راگری کۆلیژ نووسرا بوو دامەزراندنەکەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانە ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راسپاردەی ناوێت، چونکە لە مادە/ ١١ دا بڕیارمان داوە ئەنجوومەن ئەو ئیشە دەکات، بێگومان ئەنجوومەن خۆی راسپادەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەکات لەسەرەتاوە وتوومانە دەسەڵات بۆ ئەنجوومەنە ، بۆ دووبارەی بکەینەوە؟ بەڵام ئەمە بۆ مەرجی دامەزراندنە پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم دەقە دەخەینە دەنگدانەوە (يشترط فيمن يعين عميداً للمعهد ان يكون بمرتبة مدرس فما فوق بعد انتخابه من قبل اعضاء الهيئة التدريسية في المعهد وبقرار من مجلس الوزراء بناءاً على توصية المجلس ولمدة اربع سنوات) ، کێ لەگەڵ ئەمەدایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە/ ٢ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم داڕشتنەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

احكام عامة وختامية:

مادە/ ٣٢ی خوێندەوە.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ڕای لیـژنـەی خـوێندی باڵا وایە (أو انتـخابه عـضواً في المجلس الوطني) مامۆستا کە بچێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ماوەکەی بە خزمەت بۆ حیساب بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

بەڕاستی ئەندامیـەتی پەرلەمـان ناکرێ دایبنێین بە خـزمـەتی زانکۆیی، چونکە ئیش کـردن لە پەرلەمـاندا هەروەکو ئەندامێتی پەرلەمـان ناکرێ بۆ ئیـشی تریش، واتا ئەگـەر وابێت، دەبێ بۆ ئەندامێتی پەرلەمان لە هەموو شوێنێک جۆرە ئەندامیەتێکی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نـامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

مادە/٣٣ی خوێندەوە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

کـەس تێـبینی هەیە؟ کێ لەگـەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی وەربگیـرێ؟ کێ لەگـەڵ نیـیـە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نـامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

مادە (٣٤) خوێندەوە.

**بەڕێز د. مـــحـــمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بۆ حورمەتی دادگا بۆ ئەگەر لە جێی (تمنع المحاکم) بوترێت ( لا تنظر المحاکم) یا شێوەیەکی تر، ئەو شتانەی لێرە باس دەکرێت لە پسپۆڕێتی ئەو جێگایانەیە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

(تمنع المحاکم) ئەوە زمانی یاسایە و هیچ کەمی بۆ دادگا تێدا نییە، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوە نیم، ڕاستە هەندێ مەسەلەی زانستی، بۆ زەفت کردن (انضباط)ی کە دەسەپێندرێ لەسەر قوتابی چ زیان هەیە شکات بکات لە دادگادا؟ من دەڵێم داڕشتنەکە تەواو نییە (تمنع المحاکم من النظر فی دعاوی) بە بۆچوونی من دەبێت مافی قوتابی هەبێت بچێت لە دادگاکاندا شکایەت لە دەستەی زانکۆکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قوتابییەکمان هەیە نمرەی هەیە وەرنەگیراوە، بۆ هەقی نەبێت دادگا بەسەر بکاتەوە بڵێت (معدلی) من زیاترە لە فلانە کەس، من وەرنەگیراوم، ئەو وەرگیراوە؟ باوەڕ ناکەم چ ناشیرینیەکی تێدا بێت، ئەگەر لە یاسا لادان هەبوو لە ڕێگای دادگاوە چارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە بونیادەوە مادەکەم پێ باش نییە و زۆر بە خراپیشی دەزانم، چونکە زۆر لێکردنە لە مافێکی ڕەوای هەموو مرۆڤێک کە مافی لێ پێچانەوەی هەیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر زیادە ڕۆیی کرایە سەر مافی، ئەم ساڵ قوتابییەک چۆوە ماڵێ بۆ کەرکووک و گیراو فریای ئەوە نەکەوت بێت بۆ تاقی کردنەوەی (اکمالی)، دوای سێ چوار ڕۆژ بەرەڵڵا بوو، ئەمە چ گوناهێکی هەیە؟ بۆ مافی ئەوەی نەبێت داوا تۆمار بکات و بڵێت من دوور لەویستی خۆم گیراوم، نەمتوانی بێم بەشداری لە تاقی کردنەوەدا بکەم؟ دادگا زانکۆ وریا بکاتەوە کە تاقی کردنەوەی بکەنەوە، ئەمە مادەیەکی زۆر هەڵاوێردراوە (استثائیە)، ڕاستە هەندێ پیرۆزی (قودسیەتی) زانکۆ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پێشنیازەی ئەو برایانە کردیان شتێکی نا دروستە، هەموو زانستگایەک حورمەتی خۆی هەیە، هیچ کەسێک ناتوانێت بێجگە لە سەرۆک کۆمار هەتا چ فەرمانبەرێک ئەڵێی لەو دەوڵەتە ناتوانێت هیچ دەسکاری لە هیچ کاروبارێکی زانستگا بکات، چونکە خۆی پرۆگرامی خۆی هەیە لەسەری ئەڕوات، ئەو بۆچوونە هەر بۆچوونێکی زۆر ترسناکە، مەترسی لێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم ئەم مادەیە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتاوە لە پێناسی زانستگادا وتمان (حرم آمن)، (آمن) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، نابێ هیچ کەسانێک لە دەرەوە، دەست لەکاری زانستگا وەردەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دووشت هەیە لێکی جیا بکەینەوە، (حرمُ آمن) نەکەوێتە ژێر پۆستاڵ و شەقی دەزگا داپڵۆسێنەرەکان، مانای ئەوەش نییە تاوانبارێتوانێت خۆی بە زانستگادا هەڵواسێت و ببێت بە

(كعبه)، ئەوە مەبەست نییە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێز بدەینە زانستگا و، دەسەڵات و، هەیبەتی خۆی هەبێت پێم باشە ئەو دەقە بمێنێ.

چونکە ئەگەر لابرا زیاتر (اجتهاد) دەهێڵێتەوە، ئەو کاتە دەچن شکات دەکەن، چونکە هیچ دەقێک نییە لایەنگیری بێت، بۆیە بە ڕای من ئەو دەقە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا مادەی وا نەبووە و هیچ قوتابیەک نەچووە لە دادگا شکات بکات بڵێ دەریان نەچواندووم. کۆمەڵێ شت هەیە پسپۆری زانکۆیە، کابرا ئەچێت داوا تۆمار دەکات ئەڵێت (راسبیان) کردووم تا ئێستا هیچ دادگایێک گوێی لێ ناگرێت، چونکە هیچ مادەیەکی یاسایی نییە تۆژینەوە لەگەڵ مامۆستایاندا بکات، لەسەر ئەو بنەڕەتەوە داواکەی ڕەفز دەکرێت، جا بوون و نەبوونەکە وابزانم وەکو یەکە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی د.عزالدین نیم کە ئەڵێت نەبووە و کەس شکاتی نەکردووە، بەڵام هەر لە عێراقدا هەبووە و کەس شکاتی نەکردووە، ئێستا سەیری قانوونی عێراقی بکە هەر هەبووەو (تمتنع المحاكم عن النظر في كل ما يتعلق بالجامعات)، لەگەڵ بۆچوونی د.فؤادم، چونکە مەبدەئێکی دەستووری هەیە کە ئەڵێت دادگا (ویلایەتی) هەیە لەسەر هەموو فەرمانگەیەک (بما فيها المجلس الوزراء)، لێرە یەک جیاوازی دەمێنێ، ئێمە لاریمان نییە لەسەر بابەتە زانستییەکان، هەموارکردنی بڕوانامەکان، هاوتاکردنی بڕوانامەی ڕاستکردنەوەی بابەتە زانستییەکان، بەڵام ئەگەر ناخۆشییەک پەیدا بوو لە نێوان مامۆستایەک و قوتابییەک ئەو ناخۆشیە پەرەی سەند و مامۆستاکە توانی کار لەسەر ئەنجوومەنی بەش بکات و ئەو قوتابییە دەرکرا، باشە ڕوو لەکوێ بکات تا مافی نەخورێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەدە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی دەقەکە بمێنێتەوە و نەمێنێتەوە وەک یەکە، بەڕای من نەمانەکەی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باوەڕ ناکەم کە ئەگەر ئەم مادەیە نەبێت ئەوە مانای ئەوەیە ئەتوانن شکات بکەن، (حرم آمن) ئەوەیە کە پۆلیس ناتوانێت بچێتە ناوی و خەڵک بگرن، بەڵام کە قوتابییەک دەرنەچووە، ئەتوانێت شکات بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕایەکم هەیە (العام يقيد الخاص) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری(سلطەی قضائی)دا مادەیەک

هەیە دەڵێت (للمحاكم الولاية على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية) و کاتی خۆی بڕگەیەک هەبوو (الا ما استثني بنص خاص)، (الا ما استثني)مان لادا، پەرلەمان بڕیاری لەسەر نەدا بە رەهایی مایەوە، رای تایبەتی خۆم ئەوەیە کە ئەو دوو بڕگەیە هەڵوەشێنەوە (الغا) ببێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لە قانووندا شتێک هەیە (لا جريمة ولا عقوبة الا بنص)، بەڵام لە هەمان کاتدا قوتابییەک (راسب) بووە هیچ خاڵێک لێرە نییە ئیشارەی پێ بدا. دەچێتە دادگا داوا تۆمار دەکات دەڵێت منی راسب کرد لە ئەنجامی راسب بوونەکە ساڵێکی تر خوێندنە ئەوەندە هەزار دینارە زەرەر دەکەم، داوای ئەو ئەوەندە قەرەبوو لەو مامۆستایە دەکەم. لێرە دادگا ناتوانێت رەفزی ئەم داوایە بکات. ئەو جار بۆیە بۆ ئەوەی مامۆستای زانکۆ هەیبەتی خۆی هەبێت کە ئەو دەقە هەبوو قوتابی دەزانێت کە چارەسەرکەی تەنیا لە زانکۆوەیە، نەک لەدادگاکان، بۆیە مانەوەی خزمەتی زانکۆ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا سێ را هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە بمێنێتەوە، لەبەر ئەو هۆیانەی کە باس کران، دووەم بڕگەی (٢) بمێنێتەوە، بەڵام بڕگە (١) لابرێت، چونکە پەیوەندی بە سزادانی بەرزەفتکردن (انضباط)ی ودەرکردنەوە هەیە، رای سێیەمیش ئەڵێت هەر بەیەکجاری لابرێت.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیازەکەی خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو را هەیە:

١- وەکو خۆی بمێنێتەوە. ٢- بڕگە (یەک) فت (حذف) بکرێت و بڕگە (دوو) بمێنێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە/ (٣٥)ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

ماده/ ٣٦ی خوێندەوە.

**بەڕێز د. کەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

بەڕاستی پێویست نییە مەسەلەی دانانی جێگری یاریدەدەری سەرۆک، وا پێشنیاز ئەکەم کە ئەو مادەیە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

رای ئێمە ئەوەیە (بناءً علی اقتراح مجلس الجامعة) نەک (رئیس الجامعة)، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفــا رەســول:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

د.کمال ڕاست ئەفەرمووێ کارێکی ناوخۆی زانکۆیە، بەڵام دیسـان کێ دایدەمەزرێنێ؟ سەرۆک خۆی ئەیکات، یا سەرۆک زانستگا؟ ئەبێ شوێنێک دەستنیشیان بکا، سوپاس.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد فـــوئاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ ئەندامە لە ئەنجوومەنی زانکۆ، هەموو ئەندامەکان داندراون چۆن دەبنە ئەندام لەو ئەنجوومەنە، دوو کەس کە دەوریان گرنگە دەبێ بزانرێت بە چ ڕێگایەک دەبنە ئەندام، بە دامەزراندنە یا ئەویش بە هەڵبژاردنە؟ دەبێت دەستنیشـان بکرێ لەبەر ئەوە دەبێ یان هەڵبژاردن، یان دەسـەڵات بدرێتـە سـەرۆکی زانکۆ، ئەو دەسـەڵاتە لە ڕووی زانستـیـەوە ڕەنگە شـتێکی باش نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

لەگەڵ بۆچوونی د.فوئاد دام، سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیژ بە هەڵبژاردنە، بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانمان داناوە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ بە بڕیاری سـەرۆکی زانکۆ نەبێت؟ ئەوە ئەندامە لە ئەنجوومەنی زانکۆدا دەبێت، ئەمەش بڕیاری سەرۆک وەزیرانی پێوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

«یعین مساعد رئیس الجامعة بقرار من مجلس الوزراء بناءً علی اقتراح مجلس الجامعة وتحدد مهامه بتعلیمات ویکون بمرتبة استاذ مساعد علی الاقل» کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ .. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ٣٧ی خوێندەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆچی لەو لادا ئەنجوومەنە و، لێرە راگرە؟ دەبێت لێرەش هەر ئەنجوومەن بێت، خۆ پەیمانگاش ئەنجوومەنی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەجیاتی (سەرۆکی زانکۆ) بیێت بە (ئەنجوومەنی پەیمانگا) وەک ئەوانی تر، کێ لەگەڵ مادە (٣٧)یە لەگەڵ ئەو هەمووارکردنە.. کێ لەگەڵ نییە؟.... بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ٣٨ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ٣٩ی خوێندەوە...

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پسپۆرایەتی ئەنجوومەن نووسراوە زانیاری دەردەکات وەختی خۆی، وتم بڵێین زانیاری دەرکردن لەوێ فریا نەکەوتم و لەسەر زانیاریەکە رۆیشت، مادام رێنمایی هەیە ئەبێت پرۆگرامەکە بگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە بەو هەموارکردنەوە؟... کێ لەگەڵدا نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ٤٠ی خوێندەوە.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(علی الوزراء المختصین) وەنەبێت پەیوەندی بە چەند وەزارەتێکەوە هەبێت (علی مجلس الوزراء) یا (رئاسە مجلس والوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیەدایە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ٤١ی خوێندەوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیەدایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا یاسای (التعلیم العالی والبحث العلمی لأقلیم کوردستان العراق).

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو یاسا بەگشتی وپێکەوە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ .. بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

بەم شێوەیەش دێینە کۆتایی ئەم دانیشتنەمان.. زۆر سوپاس، ڕۆژی یەک شەممە دانیشتنی داهاتوومان دەست پێ دەکات..

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- کوردستان: کوردستانی عێراق.

٢- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- ئەنجوومەنی نیشتمانیی: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٤- ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی هەرێم.

٦- دەزگا: دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانی هەرێم.

**دەروازەی یەکەم**
**دامەزراندن وئامانجەکان**

**ماددەی دووەم:**

ئەنجوومەنێکی بەپێی ئەم یاسایە بۆ خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی پێکدێ کە بەپێی ماددە(١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ بەسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێنەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەنجوومەن سیاسەتی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا دادەڕێژەێ ونەخشەی تایبەتی بۆ زانکۆکان ودەزگای پەیمانگا هونەرییەکان دەکێشی و لەیەک نەخشەدا بۆ هەموو هەرێمی ڕێکدەخا و سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بەباشی دەکا و کۆنگرە دەبەستی و کاروباری نێردراوان و هاتووان(المبعوثین والوافدین) وپەیوەندیی ڕۆشنبیری بەڕێوە دەبا.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجوومەن بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامەتیی ئەمانە پێکدێ.

١- جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جێگری سەرۆک .

٢- وەزیری پەروەردە.

٣ـ سەرۆکەکانی زانکۆکانی هەرێم.
٤- سەرۆکی دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانی هەرێم.
٥- حەوت لە ئەندامانی دەستەکانی دەرس ووتنەوە(الهیئات التدریسیە) لەوانەی بەپلەی پرۆفیسۆر(استاذ) یا پرۆفیسۆری یاریدەدەر(استاذ مساعد) لەکاتی پێویستیدا لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بوارەکانی پسپوریدا.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجوومەن ئەم ئەرک و تایبەتکاری یانە بەجێ دینی:
١- بریار لەسەردانی نەخشە پێویستەکانی پەرەپێدانی بەرنامەکان وهاندانی بزوتنەوەی دانان و لێکۆڵینەوەی زانستی و وەرگێران لە زانکۆکان وپەیمانگا هونەرییەکاندا.
٢- دانانی نەخشەی پێویست بۆ هاندانی زانستی و ئاکادیمیی زمان و رۆشنبیریی ئاشووری و تورکمانی لە کوردستاندا.
٣- پێشکەشکردنی پرۆژەی بووجەی گشتیی زانکۆکان و پەیمانگا هونەرییەکان.
٤- داننان بەدەزگا زانکۆیی و زانستییە بیانییەکاندا و بریار لەسەر دانی بنچینەکانی هاوتایی(تعادل) پلەو باوەڕنامە زانستی یەکان.
٥- دیاریکردنی بنچینە گشتییەکانی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکاندا.
٦- پێشنیاز کردنی دامەزراندنی زانکۆی تر یا هەڵوەشاندنەوە یا لە یەکدان یا گواستنەوەی هەندێکیان لە هەرێمدا.
٧- بریار لەسەردانی کردنەوەی کۆلیج و پەیمانگای نوێ لە هەرێمدا.
٨- پێشنیازکردنی دامەزراندنی سەرۆکەکانی زانکۆکان و سەرۆکی دەزگاو عەمیدەکانی کۆلیجەکان وپەیمانگا هونەرییەکان لە هەرێمدا.
٩- بریار لەسەردانی رێکەوتنامەی هاوکاریی رۆشنبیری وزانستی لەگەڵ لایەنەکان و زانکۆکان و دەزگاکانی تر لەدەرەوەی هەرێمدا.
١٠- ئامادە کردنی راپۆرتی سالانە سەبارەت بە باری خوێندنی بالا لە هەرێمدا و پێشکەشکردنی بە ئەنجوومەنی وەزیران.
١١-سەلماندنی رێکەوتنامە دووقۆلییەکانی نێوان زانکۆکان و دەزگا و دەزگا زانستی و رۆشنبیرییەکان لە دەرەوەی هەرێمدا.
١٢- پێشنیاز کردنی دامەزراندنی کارگەرانی پەیوەندی رۆشنبیری لە دەرەوەی هەرێمدا لە کاتی پێویستی دا.
١٣- دەرکردنی رێنمایی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە.

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەن مقرریکی دەبێ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ئەنجوومەن کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لە پسپۆرانی بواری خوێندنی بالا دادەمەزرێ و ئەرگی رێکخستنی بەرنامەی کاری ئەنجوومەن و نووسینی مەحزەری کۆبوونەوەکانی و تۆمارکردنی بریارو ئامۆژگاری و راپۆرتەکانی بەجێ دینی و

راگەیاندنیان بە لایەن پەیوەندیدارەکان لەماوەی هەفتەیەکدا لە دەرچوونیانەوەو بەدواداچوونی ئەم کاروبارانە لای ئەولایەنانەی پێیانڕا گەیەنراوە زانینی ئەو هەنگاوانەی بۆیان نراوەو بەرزکردنەوەی راپۆرت لەبارەیانەوە بۆ ئەنجوومەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجوومەن بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی لە ئەندامانی یا لەکەسانی تر بەپێی پێویست پێک بێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو باسانەی دەخرێنە بەردەم ئەنجوومەن و ئامادەکردنی راپۆرت لەبارەیانەوە پێش سەیرکردنی ئەو باسانە.

**ماددەی هەشتەم:**

دەزگاکانی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی لەمانە پێکدین.

١- زانکۆکانی هەرێم.

٢- دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان لە هەرێمدا.

## دەروازەی دووەم
## زانکۆکان

**ماددەی نۆیەم:**

زانکۆ شوێنی ئارامییە(حرم آمن) و مەڵبەندی تیشکدانەوەی شارستانی وفیکری و زانستی وتەکنیکییە لە کۆمەڵداو خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەوی سەربەخۆیەو ئەنجوومەنێک کاروباری بەرێوە دەبا.

**ماددەی دەیەم:**

زانکۆ لە کۆلیجەکان و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەو هەر داموەزگایەکی پێویستی تر لە بوارەکانی زانستیی تیۆری و پراکتیکی پێکدێ کە بەپێی پەیرەوێکی تایبەتی دادەمەزرێنرێن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەنجوومەنی زانکۆ دەستەی زانستی و بەرێوەبەرێتی باڵایە لە زانکۆدا ولەم کەسانە پێکدێ:

١- سەرۆکی زانکۆ — سەرۆک

٢- عەمیدەکان — ئەندام

٣- هەردوو یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ — ئەندام

٤- دوو ئەندام لەدەستەی دەرس وتنەوەی زانکۆ کە لەلایەن دەستەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدبژێردرین و دەشێ نوێ بکرێتەوە.

**ماددەی دووازدەیەم:**

ئەنجوومەنی زانکۆ ئەم تایبەتکاری یانە بەجێ دێنی:

**١- تایبەتکارییە زانستییەکان:**

أ - بڕیار لەسەردانی نەخشەی وەرگرتن بۆ خوێندنی سەرەتایی لە کۆلیجەکاندا.

ب- بڕیار لەسەردانی نەخشەی لێکۆڵینەوەی زانستیی کۆلیجەکان و ئەو مەڵبەندە زانستییانەی پێ یانەوە بەندن.

ج - بڕیار لەسەردانی نەخشەی دابینکردنی پێویستییەکانی خوێندن.

د - بڕیار لەسەردانی نەخشەی کردنەوەی بەش و لق ومەڵبەندە زانستییەکان.

هـ- بڕیار لەسەردانی باسەکانی خوێندن و دابەشکردنیان بەسەر ساڵەکانی خوێندن لە کۆلیجەکاندا.

و - بڕیار لەسەردانی نەخشەی دابینکردنی ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە.

ز - بەخشینی پلەی زانستی بەئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە.

ح - بڕیار لەسەردانی جێبەجێ کردنی نەخشەی وەرگرتن بۆ خوێندنی باڵا.

ط- بەدواداچوونی بەرنامەکانی هەڵسەنگاندنی ئەندامی دەستەی دەرس ووتنەوە.

ی- بڕیار لەسەردانی بەرنامەکانی خوێندن و دەسکاریکردنیان بەمەبەستی چەسپاندنی باری زانستی.

**٢- تایبەتکاری یە ئیدارییەکان**

أ - بڕیار لەسەردانی نەخشەی بەیوەندی یە دوو قۆڵییەکانی ڕۆشنبیری لەگەڵ زانکۆو دەزگا زانستییەکانی دەرەوەی هەرێمدا و جێبەجێ کردنیان،

ب- بەڵێنی بەستن لەگەڵ ئەندامە بیانییەکانی دەستەی دەرس ووتنەوەو هونەرکاراندا.

ج- دامەزراندنی ئەوانەی دەرس دەڵێنەوە لە خاوەنانی باوەڕنامەی دوکتۆرا وماجستێرو هاوتاکانیان.

د - پەسندکردنی(ئیفادو ئیعارە) ومۆڵەتی خوێندن لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

هـ- بڕیار لەسەردان و جێبەجێ کردنی نەخشەی ڕاهێنان و مەشق پێکردنی کارگێرانی زانستی و بەڕێوەبردن.

و- بڕیار لەسەردان وجێبەجێ کردنی نەخشەی(میلاک)ی زانستی و بەڕێوەبەرێتی کۆلیج و مەڵبەندە زانستییەکان.

**٣- تایبەتکارییە داراییەکان**

أ - بڕیار لەسەردانی جێبەجێ کردنی نەخشەی بودجەی ساڵانەو بەرنامەی (استیراد) ونەخشەی(استثمار) ڕاستەوخۆ بەرێکخستن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمدا.

ب- سەڵماندنی بڕیارەکانی لیژنە تایبەتییەکان سەبارەت بە کوژاندنەوە(شطب)و نرخاندن و بەکرێدان و فرۆشتنی ماڵ و مولکی گوازراوەو نەگوازراوەی زانکۆ.

ج- بڕیار لەسەردانی دوا حساب(الحساب الختامي).

**٤- ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندی لە دەستەڵاتەکانی خۆی بەسەرۆکی زانکۆ بسپێرێ.**

**ماددەی سیازدەیەم:**

دەبێ ئەوەی بەسەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ باوەڕنامەی دکتۆرای هەبێ و لەپلەی پرۆفیسۆر یا یاریدەدەری پرۆفیسۆر دابی و خزمەتی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ ئەمە دوای هەلبژاردنی لەلایەن ئەو

ئەندامانەی دەستەی دەرس ووتنەوە لەزانکۆدا کەلە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەرو بەرەوژوودان و دامەزراندنیشی بەبڕیاری لایەنی پەیوەندیدار و بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان و بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی زانکۆ ئەم دەسەلاتانەی هەن.

أ - سەرۆکایەتی کردنی ئەنجوومەنی زانکۆو بانگ کردنی بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاساییەکان و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی و نوێنەرایەتی کردنی زانکۆ لە بەردەم گشت لایەنەکان دا.

ب- بەڕێوبردنی کاروباری زانستی و ئیداری و دارایی زانکۆ بەپێی حوکمەکانی یاساو پەیرەوو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی خوێندنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەنجوومەنی زانکۆ.

ج- بەڕێوەبردنی ماڵ ومولکی گوازراوە ونەگوزراوە بەپێی یاسا و پەیرەوو ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

د - دابەشکردنی قازانجی کتێب(عیادە) کانی راوێژکاری و تەرخانکردنی ٤٠٪ بۆ زانکۆ کە دەخرێتە سنووقیکی تایبەتیەوەو بۆ پەرەپێدانی چالاکییە زانستی و خزمەتگوزاری یەکانی تەرخان دەکرێ هەروەها دابەشکردنی ٦٠٪ بەسەر کارگەرانیدا.

هـ- سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە هەندی لەدەسەلاتەکانی بەعەمیدەکان و دوو یاریدەدەرەکەی خۆی وهەرکەسیک بەپەسندی بزانی بسپێرێ.

**ماددەی پازدەیەم:**

ئەنجوومەنی کۆلیج دەستەی زانستی و ئیداری و دارایی کۆلیجەو لەمانە پێکدێ:

| | |
|---|---|
| أ - عەمیدی کۆلیج | سەرۆک |
| ب- سەرۆکەکانی بەشە زانستییەکان و سەرۆکەکانی لقە زانستییەکانی ئەو کۆلیجانەی بەشی زانستییان تێدانییە. | ئەندام |
| ج- یاریدەدەری عەمید | ئەندام |
| د- دوولە وانە بێژە دیارەکانی کۆلیج کە دەستەی دەرس ووتنەوە هەڵیاندەبژێرێ. | ئەندام |
| هـ- بەڕێوەبەرەکانی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی سەربە کۆلیج. | ئەندام |

**ماددەی شازدەیەم:**

ئەنجوومەنی کۆلیج ئەم تایبەتکارییانە بەجێ دینێ:

**١- تایبەتکارییە زانستییەکان:**

أ - دانانی نەخشەی وەرگرتن بۆ خوێندنی سەرەتایی و بالا بەپێی بەش یا لقی زانستی و مەرجەتایبەتییەکانیان وبەدوادا چوونی جێبەجێ کردنیان.

ب- دانانی نەخشەی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ودانان و وەرگیران و بلاوکردنەوەو دابینکردنی پێویستەیەکانی خوێندن و ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە.

ج- دانانی نەخشەی کردنەوەی بەش و لقە زانستییەکان و مەڵبەندەکان و پێشنیازکردنی بەش و لقی زانستیی نوێ یالێکدانیان یا هەڵوەشاندنەوەیان ودابەشکردنی بەرنامەکان بەسەر ساڵەکانی خوێندندا.

د - بریار لەسەر دانی نەخشەکانی بەشە زانستییەکان لە بارەی داوەتکردنی پرۆفیسۆرە میوانەکانەوە (الاساتذە الزائرین).

هـ- بریار لەسەردانی ناونیشانی نامە زانکۆییەکان ودیاریکردنی لیژنەکانی تاقیکردنەوەی گشتی و سەر پەرشتکارو بەشدارو ئەنجامەکانی لێدوان لێ زیادکردن و لێ بەلاوەنان لە باسەکانی خوێندنی بالاو پەسندکردنی ناوی ئەوانەی تاقیکردنەوەی دەرەکی (امتحان خارجی) دەدەن بەش یا لقە زانستییەکە پێشنیازی کردوون.

و- پێشنیاز کردنی خوێندنی بالای نوێ و بەرنامەو نەخشەکانی سالانەیان و هەر کاروبارێکی تر کە لە برگە(هـ)ی ئەم مادەیەدا نەووتراوە.

ز- بریار لەسەردانی جێبەجێ کردنی مەشقی پراکتیکیی هاوینان بۆ قوتابییان.

**٢- تایبەتکارییە ئیداریەکان:**

أ - سەرپەرشتی کردنی کاروباری کۆلیج وبایەخدان بە چالاکییە زانستی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و وەرزشییە جوراو جورەکان.

ب- ئامادەکردنی (ملاک)ی کۆلیج لە ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوەی کۆلیج پێش کۆتایی ساڵی خوێندن لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیازانەی کە عەمیدو ئەنجوومەنەکانی بەش و لقەکان پێشکەشی دەکەن.

ج- پێشنیاز کردنی ئیجازەی خوێندن لەناوەوەی هەرێمدا بۆ کارگەرانی کۆلیج لەسەر پێشنیاز کردنی بەش یا لقی زانستیی پەیوەندیدار.

د - پێشنیاز کردنی گەرانەوەی ئەندامی دەستەی دەرس ووتنەوە بۆ سەرکار لەسەر پێشنیازی بەش یا لقی پەیوەندیدار (ئیجازە و زەمالەو بعثە) بدری بەئەندامانی.

هـ- پەسندکردنی خوتەرخانکردنی (تفرغ) ئەندامی دەستەی دەرس ووتنەوە لەناوەوەو دەردوەی هەرێمدا بەپێی پیوانە رەچاوکراوەکان.

و- سەپاندنی سزای (انضباطی) بەسەر قوتابییاندا بەپێی پەیرەوو رێنماییە رەچاوکراوەکان.

ز - سەیرکردنی هەموو ئەو کاروبارانەی تر کە عەمید بۆیان دەنێرێ.

ح- سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پەیرەوو رێنماییەکان سەبارەت بەکاروباری زانستیی کۆلیج.

ط- راسپاردن بە (انتداب) کردنی ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوەو (محاضرەکان) بۆ خوێندنی بالا بەپێی ژمارەو پێویستی کەبەش و لقەکان دیاری دەکەن.

ی- پێشنیاز کردنی نەخشە پێگەیاندن (تأهیل)ی کارگێری زانستی وئیداری.

ل - پێشنیاز کردنی نەخشەی پەیوەندیی رۆشنبیری دوو قوولی.

م - ئەنجوومەن بۆی هەیە لیژنەی یاریدەدەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە زانستی و ئیداری و دارایی و پەروەردەییەکانی پێکبێنێ.

**٣-تایبەتکارییە داراییەکان:**

أ - پێشنیاز کردنی نەخشەی بودجەی ساڵانەو بەرنامەی کەل و پەل هێنان(استیراد)ی ساڵانەو نەخشەی بەگەڕخستن(استثمار)ی ساڵانە.

ب- ڕاسپاردن بەبڕیار لەسەردانی دوا حساب( الحساب الختامی).

ج- پەسندکردنی سێکچ و نەخشەو خشتەی(کمیات)ی کارو پرۆژە تایبەتییەکانی کە لە بووجەی ئاسایی و بەگەڕخستندا هەن و حەواڵە کردن وبەڵێن بەستن بۆ جێبەجێ کردنیان بەپێی حوکمەکانی یاساو پەیڕەوو مەرجە تایبەتییەکانی.

د - ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندی لەدەسەڵاتەکانی بەعەمید بسپێرێ.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

هەر کۆلێجێک عەمیدیک سەرۆکایەتیی دەکا کە دەبێ باوەڕنامەی دوکتۆرای هەبێ و لە پلەی پرۆفیسۆری یا پرۆفیسۆری یاریدەدەر دابێ و خزمەتی زانکۆیی بەلایەنی کەمەوە حەوت ساڵ بێ، ئەمە دوای هەڵبژاردنی لەلایەن ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە لە کۆلیجدا لەوانەی لەپلەی مامۆستا(مدرس) و بەرەو ژووردان و دامەزراندنیشی بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران و لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەن و بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێ و ئەم تایبەتکارییانە بەجێ دێنێ:

١- تایبەتکارییە زانستییەکان

أ - چاودێریکردنی ڕەوتی خوێندنی سەرەتایی وباڵاو چەسپاندنی بەردەوامی باری فیکری و پەروەردەیی و زانستی.

ب- سەڵماندنی پێشنیازەکانی بەش و لقەکان.

ج- پەسندکردنی دابەشکردنی باسەکانی خوێندن ویەکە وەرزییەکان(الوحدات الفصلیە) بەسەر ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە و موحازیرەکاندا و پێکهێنانی لیژنەکانی لێدوانی نامەکان و دیاری کردنی کاتەکانیان.

د- بەجێهێنانی گشت ئەو ڕێنمایی و پەیڕەوانەی سەبارەت بەڕێکخستنی کاروباری زانستی و پەروەردە دەرچوون و ئەو بڕیارانەش کە لە ئەنجوومەنی کۆلیجەوە دەرکراون.

**٢- تایبەتکارییە ئیداری و داراییەکان:**

أ - بەجێهێنانی ئەو یاساو پەیڕەوو ڕێنماییانەی پەیوەندییان بەکاروباری ئیداری و داراییەوە هەیە.

ب- پەسند کردنی پێشنیازەکانی ئەو لیژنانەی لەکۆلیجدا پێکهاتوون.

ج- پەسندکردنی ناونووسی قوتابییان بۆ خوێندنی سەرەتایی وباڵا.

د - پەسندکردنی کڕین وهێنان(استیراد)ی کەلو پەلی تاقیگەیی و پێویستییەکانی ترو گۆڤارو کتێب.

هـ- پەسند کردنی بەخشینی خەڵات بەکەسانی دەرەوەی زانکۆ لەسەر ڕاهێنان دەرس ووتنەوە لە کۆلیجدا و سەرپەرشتی کردنی نامەکان و بەشداربوون لە لیژنەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی

لیژنەکانی لێدوان بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان.

و- پەسند کردنی کۆڕینی ناونیشانی هونەری و ئیداری لەچوارچێوە(میلاک)ی سەلمێنراوی کۆلێجداو بەپێی حوکمی یاساو پەیرەوو ڕێنماییەکان.

ز- ڕێکەوتن لەسەر گوازتنەوە و تەنسیب کردنی کارگەران لە ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە و هونەری وئیدارییەکان لە سنووری کۆلێج و فەرمانگەکانی زانکۆدا دوای سازکاری (تنسیق) لەنێوان هەردوو لای گوزاتنەوەکەدا بەمەرجێ لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە پەسند بکرێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

بەشی زانستییەکە(وحدە)ی زانستی بنچینەییی خوێندنی بالاّیەو ئەنجوومەنی بەش لەلایەن سەرۆکەکەیەوە بەڕێوە دەبرێ کە دوای هەڵبژاردنی لەلایەن ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوەی بەشەوە بەبڕیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ بەمەرجێ پلەی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێ و ئەنجوومەن ئەم تایبەتکارییانە بەجێ دێنێ:

١- لێدوانی بەرنامەکانی خوێندن و (مفردات)ە کانی و کتێبەکانی خوێندن و پێشنیاز کردنی گۆڕین و بەلاوەنانیان لەبەر تیشکی ئامۆژگارییەکانی دەستەی دەرس ووتنەوە دا.

٢- پێشنیاز کردنی پێویستییەکانی بەش لە ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە و هونەرکاران و پێشنیاز کردنی داوەتکردنی پرۆفیسۆری مێوان.

٣- بڕیار لەسەردانی پرۆژەی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی لەلایەن ئەندامانی بەشەوە پێشکەشکراون و پێشنیازکردنی ڕێوشوێنی مسۆگەر کردنی تەواوکردنیان و ئەمۆژگاریکردنی یاریدەدانی چاپکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و کتێبی دانراوو وەرگێردرا،و بایەخدان بەلێکۆڵینەوەکانی قوتابییان و دابینکردنی پێویستییەکانی جێبەجێ کردنیان.

٤- جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆلێج.

٥- پێکهێنانی لیژنەی پەروەردەیی وزانستی بەپێی پێویستی بەش.

٦- سەرپەرشتی کردنی ڕەوتی دەرس ووتنەوە وشێوازەکانی و پەرەپێدانیان و ئەرکەکانی ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە وکارگەرانی تری بەش و کاروباری زانستی قوتابییان لە ساڵە جیا جیاکانی خوێندندا لە ڕێگەی سەرپەرشتی کردنی زانستییانەی بەردەوامیانەوە.

٧- بەدوادا چوونی پێشکەوتنە زانستییەکان لە بواری زانیاری و زانستیداو ڕێنمایی کردنی ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە بۆ نوێکردنەوەی بەرنامەو باسەکانی خوێندن بەشێوەیەک کە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلوجییەدا بگونجێ

٨- سپاردنی هەندی لە دەسەلاّتەکانی بە سەرۆکی بەش.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

• ئەنجوومەنی بەش یا لق لە سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە پێکدێ کەلە(١٢) زیاترو لە(٧) کەمتر نەبن بەمەرجێ پلەیان مامۆستا(مدرس) و بەرەوژوور بێ و ئەگەر ئەو ژمارەیە لەو پلە زانستییە دا دابین نەبوو دەکرێ هەندێکیان بەپلەی مامۆستای یاریدەدەر(مدرس مساعد) بن و بەپێی لە پێشترینەیییان.

**ماددەی بیستەم:**

دەستەی دەرس ووتنەوە لە زانکۆکان و دەزگادا لەمانە پێکدێ.

١- پرۆفیسۆرەکان.

٢- پرۆفیسۆرە یاریدەدەرەکان.

٣- مامۆستاکان.

٤- مامۆستا یاریدەدەرەکان.

**ماددەی بیست و یەکەم :**

١- دەبێ ئەوەی بە مامۆستای یاریدەدەر دادەمەزرێ یا ئەو لەقەبەی پێدەبەخشرێ باوەڕنامەی ماجستێر یا هاوتاکەی هەبێ.

٢- ئەگەر مامۆستای یاریدەدەر لەماوەی چوار ساڵدا لەرۆژی دامەزراندنییەوە ئەخرایە پلەیەکی بەرزترەوە دەبێ بگۆیزرێتەوە بۆ دەرەوەی خوێندنی باڵا بەمەرجێ گوازتنەوەکەی رەزامەندیی ئەنجوومەنی کۆلیج و ئەنجوومەنی زانکۆی لەسەربێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

دەبێ ئەوەی بە مامۆستا دادەمەزرێ یا ئەو پلەیەی پێدەبەخشرێ یەکێ لەم دوومەرجەی تێدابێ:

١- باوەڕنامەی دوکتۆرای دانپێدانراو یا هاوتاکەی لەرووی زانستییەوە هەبێ یا باوەڕنامەیەکی زانستی یا هونەری یا تەکنیکی یا پێشەیی لەو تایبەتکارییانەدا هەبێ کە باوەڕنامەی دوکتۆرای تێدا نادرێ یا باوەڕنامەیەکی هاوتای لەرووی زانستییەوە بەمەرجێ ماوەی خوێندن بۆ وەرکرتنی ئەم باوەڕنامەیە لەسێ ساڵی دوای وەرگرتنی باوەڕنامەی سەرەتایی کەمتر نەبێ.

٢- مامۆستای یاریدەدەر بێ لەیەکێ لە زانکۆکان یا دەزگای پەیمانگا هونەرییەکاندا بۆ ماوەیەک کە لەسێ ساڵ کەمتر نەبێ و لەوماوەیەدا بەلایەنی کەمەوە دوو لێکۆڵینەوەی بایەخداری بڵاوکردبێتەوە کۆششێکی باشی لەدەرس ووتنەوەدا کردبێ.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

دەبێ ئەوەی بەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دادەمەزرێ یا ئەو پلەیەی پێدەبەخشرێ لەدەرس ووتنەوەدا لەپلەی مامۆستادا بووبێ لە یەکێ لە زانکۆکان یا دەزگای پەیمانگا هونەریەکاندا بۆ ماوەیەکی کە لە چوار ساڵ کەمتر نەبێ وبەلایەنی کەمەوە سێ لێکۆڵینەوەی بایەخداری بڵاوکردبێتەوە.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

دەبێ ئەوەی بەپلەی پرۆفیسۆر دادەمەزرێ یا ئەو پلەیەی پێدەبەخشرێ مەرجەکانی برگەی(١)ی ماددەی(٢٢)ی تێدا بن و بەلایەنی کەمەوە شەش ساڵی لەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەردا بەسەر بردبێ و لەو ماوەیەدا کۆششێکی دیاری لە دەرس ووتنەوەدا کردبێ بەلایەنی کەمەوە سێ لێکۆڵینەوەی رەسەن و داهێنراوی بڵاوکردبێتەوە.

**ماددەی بیست وپێنچەم:**

بەدەر لەحوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەکرێ خاوەنی باوەڕنامەی دوکتۆرای دانپێدانراو یا هاوتاکەی لەرووی زانستییەوە لەزانکۆدا بەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی زانکۆ دابمەزرێ، ئەگەر هەمان ماوەی دەرس ووتنەوەی لەزانکۆکانی دەرەوەی هەرێمدا هەبووبێ و بەسەرکەوتوو لە دەرس ووتنەوەدا ناسرابێ و لێکۆڵینەوەی زانستیی بایەخدارو داهێنراوی بڵاوکردبێتەوە.

## دەروازەی سێیەم
## دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان

**ماددەی بیست وشەشەم:**

دەزگایەک بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێنرێ پێی دەووترێ(دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان لە هەرێمدا)و مەڵبەندەکەی لەشاری هەولێر دەبێ.

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

دەزگاکە لەو پەیمانگایانە پێکدێ کە لەبوارەکانی خوێندنی هونەریی دوای خوێندنی ئامادەیی و هاوتاکانیدا پسپۆرن و کەسایەتییەکی مەعنەویی هەیەو بۆی هەیە ئامۆژگاریی کردنەوەی پەیمانگای نوێ یا هەڵوەشاندنەوە یا لەیەکدانیان بکا لە هەرکاتدا بەپێویست زانرا.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

١- ئەنجوومەنێک دەزگا بەڕێوە دەبا کە پێکدێ لەسەرۆکەکەی و عەمیدەکانی پەیمانگاکان و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندارەکان لەوانەی بەلایەنی کەمەوە لەرادەی بەڕێوەبەری گشتی دان و لە دیاریکردنیاندا کارمەندی و پسپۆری لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێ و دەشێ نوێ بکرێتەوە، هەروەها نوێنەرێکی هەڵبژێردراو لەلایەن دەستەی دەرس ووتنەوەی هەر پەیمانگایەک بۆ ماوەی دوو ساڵ.

٢- ئەنجوومەنی دەزگا ئەو تایبەتکاری و دەسەڵاتانە بەجێ دێنی کەبە ئەنجوومەنی زانکۆ سپێردراون بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی دەزگا بگونجێ و بۆیشی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەسەرۆکی دەزگا بسپێرێ.

٣- تایبەتکاری چۆنێتیی بڕیارەکانی بەپێی ماددە(١٣و١٤)ی ئەم یاسایە دەبێ.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

١- ئەوەی بەسەرۆکی دەزگا دادەمەزری دەبێ باوەڕنامەی دوکتۆرای هەبێ و پلەی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێ ولەکارمەندان و پسپۆران بێ و لەلایەن ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوەوە لەوانەی لەپلەی مامۆستای یاریدەدەرو بەرەوژوورن هەڵبژێردرا بێ.

٢- سەرۆکی دەزگا هێندەی ئیش پەیوەندیی بە کاروباری دەزگاوە هەبێ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی زانکۆ بەجێ دێنێ و بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەعەمیدەکانی پەیمانگاکان یا هەر

کەسێ بەپەسندی بزانێ بسپێرێ.

**ماددەی سێیەم:**

پەیمانگا لەلایەن ئەنجوومەنی پەیمانگاوە بەڕێوەدەبرێ و دەبێتە دەسەڵاتی باڵای و لە عەمیدی پەیمانگاو سەرۆکی بەش و لقەکان پێکدێ کەهەمان تایبەتکاری و دەسەڵاتەکانی کۆلێجی زانکۆکانی دەبێ بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی پەیمانگادا بگونجێ و بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەعەمید بسپێرێ و تایبەتکارییەکانی و چۆنیەتی بڕیاردانی بەو شێوەیە دەبێ کە لەماددە(١٦)ی ئەم یاسادایە.

**ماددەی سی ویەکەم:**

١- دەبێ ئەوەی بەعەمیدی پەیمانگا دادەمەزرێ لەپلەی مامۆستاو بەرەوژووردا بێ دوای هەڵبژاردنی لەلایەن دەستەی دەرس ووتنەوەی پەیمانگاوەو بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردنی ئەنجوومەن و بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێ.

٢- عەمیدی پەیمانگا ئەو دەسەڵات و تایبەتکاری یانەی عەمیدی کۆلێجی دەبێ کەلەم یاسایەدا دیاریکراون و بەشێوەیەک کە لەگەڵ ئامانجەکانی پەیمانگادا بگونجێ.

## دەروازەی چوارەم
## چەند حوکمێکی گشتی و کۆتایی

**ماددەی سی ودووەم:**

أ - ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە پلە زانستییەکانیان و هەموو ئەو مافەنایان دەمێنێ کەلەم یاسایەدا یاساکانی ترو پەیڕەوو ڕێنماییەکانیاندا هەن جگە لەسەر مووچە(مخصصات)ی خۆتەرخان کردن لەحاڵەتی(تەنسیب) یا تەرخانکردنیاندا بۆ فەرمانیک لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی یا مەڵبەندەکانی زانکۆکان و دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان و وەزارەتی پەروەردەو ئەو ماوەیەشیان بەخزمەتی زانکۆیی بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانەو پلە بەرزی و خانەنشینی بۆ حساب دەکرێ.

ب- ئەندامانی دەستەی دەرس ووتنەوە لە حاڵەتی دامەزراندنیان یا گواستنەوەیاندا بۆ فەرمانێک لە دەرەوەی دەزگاکانی خوێندنی باڵادا مافی پایەبەرزیی زانستی( الترقیە العلمیە) یان دەمینێ ئەگەر مەرجە پێویستەکانیان تێدابێ جگە لە مەرجی دەرس ووتنەوە.

**ماددەی سی و سێیەم:**

١- ئەم کاروبارانە بەپەیرەو دیاری دەکرێن.

أ - مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوی زانستی لە زانکۆکان و کۆلیجەکان و دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان و تایبەتکاری و کاروبارە زانستی و ئیدارییەکانیان.

ب- بەشەکانی فەرمانگەکانی خوێندنی باڵاو تایبەتکارییەکانیان و بەشەکانی مەڵبەندەکانی زانکۆکان و دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان.

ج- کاروباری پەیوەندیدار بەوەرگرتنی قوتابییان و گواستنەوەیان.

٢- بەرێنمـاییـیـەک کـە ئەنجـوومـەنی خـوێندنی باڵاو لێکـۆڵینەوەی زانسـتی دەریدەکـا ئەو کاروبارانە دیاری دەکرێن کە پەیوەندییان بەئامۆژگاریکردن ورێ نیشاندانەوە هەیە لەرووی زانسـتی وپەروەردەیی و کـۆمـەڵایەتی و فـیکرییـەوە و یاریدە دانیـان لەرووی مـادی و مـەعنەوییـەوەو رێکخسـتنی چالاکـیی نابەرنامـەیی و تاقـیکردنەوەکـانیـان و ئەرکـیی سـەرشـانیـان و رێکوپێکـییـان و ناردنیـان بۆ(بعـثـه و زمـاله)و هەرشـتـیک کـەپەیوەندیی بەکـاروبارەکـانی تری زانسـتی و پەروەردەییـیـەوە هەبێ و رێکخـسـتنی مـۆڵەتی خـوێندن( الاجازه الدراسیه).

**ماددەی سی وچوارەم:**

١- دادگاکان نابێ ئەم جۆرە داوایانە(دعوی) ببینن کە دژ بەزانکۆو دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان یا کۆلیج و پەیمانگاکانیان دەکرێن وپەیوەندییان بەوەرگرتن و گوازتنەوەو تاقیکردنەوە یا ئەو سزایانەوە هەیە کەلەسەر دەرنەچوون و شتی تر دەرهەق قوتابییان دەدرێن تەنیا زانکۆو دەزگای پەیمانگا هونەرییـەکـان مـافی یەکـالاکـردنەوەی ئەو شکاتانەیان هەیە کـەلەم کـاروبارانە دەوەشـینەوەو بەرێنمـاییـیـەک دیاری دەکـرێن کـە ئەنجـوومـەنی خـوێندنی باڵاو لێکـۆڵینەوەی زانستی دەریدەکا.

٢- دادگـاکان نابێ داواکـانی هەڵسـەنگاندنی باوەڕنامـەو پلەی زانسـتی عێـراقی و بیـانی دوای پلەی خوێندنی یاسایی و داواکانی بەخشینی لەقەب و باوەڕنامەی زانستیی شانازی ببینن.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

زانکۆکان و دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان بۆیان هەیە لەتاقیکردنەوە زانستییـەکان و پراکتیکە زانسـتی و تاقیگەییکانیـان و ڕاهێنانی قوتابییـانیـاندا سوود لە هەمـوو دامودەزگـا پسپۆرەکانی فـەرمـانگەکـانی هەرێم ببێنن و لەسـەر ئەم فـەرمـانگەیانەش پێـویسـتـە کە کـاریان ئاسـان بکەن و یاریدەیان بدەن.

**ماددەی سی وشەشەم:**

هەردوو یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران و لەسەر پێشنیـازی ئەنجوومەنی زانکۆ دادەمـەزرین و ئەرکەکـانیـان بەپێی رێنمـاییـیـەک دیاری دەکـرێن و دەبێ بەلایەنی کـەمـەوە لەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەردا بن.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

١- بۆ هەر کـۆلیـجـێک یاریدەدەریکی عـەمـیـد بەبڕیاری سـەرۆکی زانکۆو لەسـەر ئامـۆژگـاریی ئەنجوومەنی کۆلیج دادەمەزرێ.

٢- بۆ هەر پەیمانگایەک یاریدەدەریک بەبڕیاری سەرۆکی دەزگـاو لەسەر ئامـۆژگاری ئەنجوومـەنی پەیمانگاکە دادەمەزرێ.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

زانکۆکان و دەزگای پەیمانگا هونەریی یەکان دەبەخشرێن لە رەسمی گومرگی هەمـوو ئەو شمـەک و

کەل و پەل و جیهازانەو پارچەکانیان و شمەکی یەدەگ و تاقیگەیی و ئامێری روون کردنەوەو فیلم و بڵاوکراوەو کتێب و چاپەمەنی هێنراو لە دەرەوەو لە چوارچێوەی پرۆژەو تایبەتکاریەکانی خوێندن دا کە خزمەتی بەستەکانی دەبخشرێن.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

١- ئەنجوومەن بۆی هەیە پەیرەوی پێویست بۆ ئاسانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێشنیاز بکا.

٢- کاربەهیچ دەقێک ناکرێ کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی چلەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی چل ویەکەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**